# سفرەی فەقیران

ناوی کتێب: سفرەی فەقیران

نووسینی: حەمە کەریم عارف

بابەت: وتار و لێکۆڵینەوە

هەڵەچنی: نیشتیمان محەمەد

پێداچوونەوەی زمانەوانی: نەورۆز حاجی سەیدگوڵ

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٧٠٠٠ دینار

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢

کوردستان _ سلێمانی

www.serdam.org

بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:

kteb@serdam.org

لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١١٥٤) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

**(مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە)**

# سفرەی فەقیران

حەمە کەریم عارف

سلێمانی ٢٠١٢

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ژمارە (٦١٤)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

# پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| ١ | خوێندنی تەلقینکاری و گەوجاندنی قوتابی | ٩ |
| ٢ | قوتابخانە ئاوێنەی ئایینەدەی میللەتە | ٤٣ |
| ٣ | کۆمەڵگە و زەبر و زەنگ | ٤٩ |
| ٤ | وتار و قەڵەمڕانی | ٦٠ |
| ٥ | ئینشابازی...حەقیقەتدۆزی | ٦٥ |
| ٦ | ڕاوە ڕۆشنبیر | ٦٨ |
| ٧ | ڕاگەیاندن دەبێت... | ٧١ |
| ٨ | هونەری گەوجاندن | ٧٤ |
| ٩ | خۆیبوونی ڕۆشنبیری | ٨١ |
| ١٠ | یەکبوونخوازی | ٩٠ |
| ١١ | مافی دیاریکردنی چارەنووس= دامەزراندنی دەوڵەت | ٩٥ |
| ١٢ | دەوڵەتی نەتەوەیی | ١٠٠ |
| ١٣ | دەوڵەت، دەوڵەت، دەوڵەت | ١٠٦ |
| ١٤ | ترسان لە ئازادی | ١١٠ |
| ١٥ | سیاسەتی قەڵب سەری ساحێبی | ١١٤ |
| ١٦ | سیاسەت و دەسەڵات | ١١٧ |
| ١٧ | دەسەڵات و دۆگماتیزەکردنی ئایدۆلۆجیا | ١٣٣ |
| ١٨ | دەسەڵاتبازی | ١٣٧ |
| ١٩ | ڕۆشنبیری و دەسەڵات | ١٤٤ |
| ٢٠ | بەڵای پیرۆزی و پیرۆزاندن | ١٥٣ |
| ٢١ | ڕابردووپەرستی= مەرگ | ١٥٩ |
| ٢٢ | شۆکی مۆدێرنیزم | ١٦٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ | نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن نیشانەی دکتاتۆرییەتە | ١٧٠ |
| ٢٤ | ناسنامەی نەتەوەیی | ١٨٢ |
| ٢٥ | سایکۆلۆجیای دەسەلاّت و جەماوەر | ١٩٨ |
| ٢٦ | مشتێك لە خەرواری مێژووی ئیسلامی سیاسی | ٢١٧ |
| ٢٧ | خێڵ، حیزب، براگەورە! | ٣٣٤ |
| ٢٨ | هەڵبژاردن، خەڵك، حیزب، حكومەت | ٢٤٤ |
| ٢٩ | داستانی گەلگامیش | ٢٥٦ |
| ٣٠ | پێشەكییەك دەربارەی ئیلیادە | ٢٧٠ |
| ٣١ | پێشەكییەك دەربارەی ئۆدیسە | ٣٠٤ |
| ٣٢ | نووسین لەسەر نووسین | ٣١٥ |
| ٣٣ | خوێندنەوەی خوێندنەوە | ٣٢٤ |
| ٣٤ | سانسۆر و خودسانسۆر | ٣٤٠ |
| ٣٥ | هونەراندن= لەزەتی ئستاتیكی | ٣٤٢ |
| ٣٦ | خەیاڵ | ٣٤٦ |
| ٣٧ | گۆگۆل، ژیان و بەرهەمی | ٣٥٠ |
| ٣٨ | چەردەیەك لەمەڕ دۆستۆفسكی | ٣٨٥ |
| ٣٩ | مارك توین | ٤٠٢ |
| ٤٠ | تاوێك دەگەڵ بزورگی عەلەوی | ٤١١ |
| ٤١ | یەكانگیری پەیڤ و شاعیر | ٤٣٥ |
| ٤٢ | جەلال زەنگابادی و جیلوەی شیعر | ٤٤٤ |
| ٤٣ | لە یادی سابیریدا | ٤٥١ |
| ٤٤ | نووسەران پارێزەری دیموكراتییەتن | ٤٥٤ |
| ٤٥ | ژیاننامەی نووسەر | ٤٥٧ |

# وتەیەك

خوێنەری هێژا، ئەم نووسینانەی لێرەدا دەیانبینی، بە دەم هەڵپەی ژیان و پەیداکردنی بژێوییەوەو لە کاتی جیا جیادا نووسراون و هەرهەموویان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا بلاۆبوونەتەوە، بەداخەوە ڕۆژو ژمارەی ئەو بلاۆکراوانەم لە بەردەستدا نییە تا لە پاینی هەر بابەتێکدا دایبنێمەوەو ببێ بە جۆرە ئاسانکاری و زەمینە خۆشکردنێك، بۆ ئەو باسکارەی دەیەوێ بایەخی مێژووییان-ئەگەر هەیانبێ- دیاری بکات.. هەڵبەتە بۆ کەسێك ئەمەی مەبەست بێ، دەتوانێت لە ئەرشیفخانە گشتی و شەخسییەکاندا پەیدای بکات..

ئەوی ڕاستی بێت ماوەیەکی زۆر دوو دڵ بووم لەوەی کە لە یەك بەرگدا کۆیان بکەمەوە یان نا، بەلاّم کە بیرم کردەوە سەیرم کرد بەشێکن لە بۆچوونی ڕەخنە ئامێزی بەندە بۆ ئەو دۆزە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و نیمچە سیاسییانەی کە لەو ڕۆژو ڕۆژگارانەدا بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە مامەڵەم لە تەکدا کردوون و هەوڵی چارەسەرم داون. ئەمە جگە لەوەی کە بەشێکی گرنگن لە چالاکی و مێژووی چەلەنگی نووسینی بەندە، بەشێکیش لە مێژووی قۆناغێکی ڕۆژنامەوانی کوردی پێکدێنن و خەمخۆرانی بواری ڕۆژنامەوانی دکارن وەکو هێڵێکی بەیانی، بۆ زانینی ئاستی ڕۆژنامەوانی وەخت و ڕۆژگاری خۆی، و ڕادەی ئازادیی ڕۆژنامەڤانی کوردی، سوودی لێ وەربگرن. ئەمە جگە لەوەی وەکو نموونەی پەخشان و زمانی کوردی و مێژووی پەرەسەندنی زمانی کوردی ئەو ڕۆژگارە، بۆ باسکارانی ئەو مەیدانەش لە سوودو کەڵك بەدەر نین..

به هەرحاڵ، ئەم نووسینانە بەشێکن لە چالاکی و ئەزموونی نووسینی بەندە، ڕاستگۆیانە گوزارشت لە بیرو بۆچوونی قۆناغێکی تەجرەبەی بەندە دەکەن، هەستم کرد ئەوە دێنن کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا کۆیان بکەمەوە.. هێڤیدارم خوێنەران ئەم (سفرەی فەقیران)*ـەیان لێ خۆشبێت و هەمان ڕاستگۆیی و دڵسۆزی ڕەخنە ئامێزی خودی نووسینەکان بکەن بە مەحەك و پێوانەی ڕەفزو قبوڵ..

**حەمە کەریم عارف**

*- سفرەی فەقیران: هەشت ئەستێرەن لە نێوان برجی دوپشك و تەرازوودا*

# ١- خوێندنی تەلقینكارییانە و گەوجاندنی قوتابی و...

"١"

هەڵبەتە نەخوێندەواری و ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری لە وڵاتانی پاشكەوتوودا، یەكێكە لە هۆیەكانی بەردەوامبوونی هزرینی نا زانستی و زەینییەتی خورافە ئامێز.. واتە ڕەوتی پەرەسەندنی هزرینی هەر كۆمەڵگەیەك بە شێوەیەكی گشتی پەیوەندی بە ئاستی پڕۆسەی فێركردن و فێركارییەوە هەیە، هەڵبەتە چ گومانێك لەم جۆرە بۆچوونە نییە و بەڵگەو سەلماندنی ناوێ.. بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە و هەڵوەستەو ڕامانی دەوێ، ئەوەیە لە هەندێ وڵاتانی پاشكەوتوودا، وێڕای بڵاوبوونەوەی پڕۆسەی فێركردن و خوێندن، ئەقڵییەتی پاشكەوتووانە هەر بەردەوامە..

خەڵكی خوێندەوار زۆرە، خودانی كارنامە و شەهادەی بەرزیش زۆرن، كەچی لە ڕووی هزرینەوە، هەر هزرینی پاشكەوتوو- و ئەقڵییەتی خورافە ئامێز زاڵە، دیارە هۆی ئەمەش ئەوەیە كە ئەقڵییەتی پاشكەوتوو. تەقلیدی، خورافە ئامێز لە ناخی ئەندامانی ئەو كۆمەڵەدا ڕیشەكێش نەكراوە و هەر بەو جیهانبینی و ئەقڵییەتەوە دەڕواننە كاروبارە چارەنووس سازەكان و مامەڵەی لە تەكدا دەكەن.. دیارە ئەم دیاردەیە، شتێكی ڕێكەوتەكی خۆڕسك نییە، بەڵكو بەرەنجامی كۆمەڵێك فاكتەر و هۆكاری سەرەكی و لاوەكییە، كە یەكێكیان چۆنییەتی پڕۆسەی فێركردن و كاریگەری پڕۆسەی فێركردنە لەسەر گۆڕینی ئەقڵییەت و هزرین..

هەڵبەتە ئەم دیاردەیە زۆر بە زەقی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی کوردەواریدا، لە زۆربەی هەرە زۆری مەڵبەندە زانستییەکاندا، بە تایبەتی زانکۆکان، بەدی دەکرێت. جا وا دیارە فێرکردن لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا، تەنیا ڕواڵەتە، هەروەها جبەیەکە لە هەندێ بۆنەی وەك خوێندنەوەی کتێبێکدا یان گوتنەوەی دەرسێکدا، یان تاقیگەیەکدا، لەبەر دەکرێت و کەمێك ئەقڵییەتە پاشکەوتووە خورافە ئامێزەکە دەشارێتەوەو، پاشان دادەکەنرێ و هەمان تاس و حەمامەکەی جاران دێتەوە گۆڕێ.. کەواتە جۆرە دووفاقییەك لە کەسایەتی مرۆڤی پاشکەوتوودا هەیە، دووفاقی لە نێوان دەوری فێرکردن و دەوری مرۆڤ لە مومارەسەی ژیانی ڕۆژانەدا، واتە هەر هەمان مرۆڤ کە دێتە سەر مومارەسەی فێرکردن و خوێندن کەسایەتییەکی هەیە، کە دێتە سەر مومارەسەی ژیانی ڕۆژانە کەسایەتییەکی دیکەی هەیە.. لە ژیانی ڕۆژانەدا بە شێوەیەکی زۆر پاشکەوتووانە دەڕوانرێتە بوون و بە جۆرێکی تەقلیدی و کۆنە پارێزانە مامەڵە دەگەڵ نەك هەر دیاردەو ڕووداوە ئاساییەکان، بەڵکو دەگەڵ کاروبارە چارەنووس سازەکانیشدا دەکرێت.. کەچی هەر هەمان کەسایەتی، لە بۆنە زانستییەکاندا، هەندێ جار لە شەقەی باڵی خەیاڵ دەدات و لە تاقی ئاسمان لەنگەر دەگرێت، بەڵام بۆ دەمێکی زۆر کورت و پاشان با دەداتەوە سەر بای بەرە بۆر.

ئەم دیاردەیە هۆکاری زۆری هەیە، یەکێك لەوانە ئەوەیە، منداڵ لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا، زۆربەی کات لە باوەشی دایکێکی نەزان و نەخوێندەوار گەورە دەبێت، جا ئەم دایکە داماوە بە حوکمی پێگە کۆمەڵایەتییە نزمەکەی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر دەکەوێتە ژێر کاریگەری هزرینی خورافی و غەیبانییەوە، بیروباوەڕێن نازانستییانەی وەکو: جنۆکە و شەیتان و ئەوانگەل و لەمە چێتران و چارەنووس و.. بەسەر هزر و هزرینیدا زاڵ دەبێت.. جا مەترسی ئەمە لەوەدایە، ئەو بیرو باوەڕانە بۆ منداڵەکەی دەگوازێتەوە، ئیدی ئەو منداڵە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی خورافی و نازانستی دەڕوانێتە دنیا و مامەڵە لە تەك دیاردە و ڕووداوە چارەنووس سازەکانی خۆیدا دەکات..

جا هەر دایکەکە بە تەنێ ئەم ئەقڵییەتە پاشکەوتووە لە ناخی منداڵەکەدا ڕیشاژۆ ناکات، هەروەها ژینگە گشتییەکەش، بە هەمان ئەقڵییەت و زەینییەتی پاشکەوتوو- و خورافە ئامێز گۆشی دەکات.. جا ئەم ژینگەیە زۆر ئەستەمە، بتوانێ وەڵامی پرسیارەکانی منداڵ، بە تایبەتی پاش تەمەنی ٤-٥ساڵان، دەربارەی بوون و یاسا و ڕێسای دیاردە هەمەجۆرەکانی بوون و گەردوون، بە شێوەیەکی زانستییانەی قەناعەت بەخش بداتەوە.. ئیدی ئەو منداڵە داماوە، ئەو پیاوەی ئایندە، دەخرێتە بەینی بەرداشی درۆ و ترساندنەوە. لە وەڵامدانەوەدا درۆی لەگەڵدا دەکەن، کەس نایەت خۆی ماندوو بکات و وەڵامی دروستی زانستانەی بۆ بدۆزێتەوە، یان بۆ شاردنەوەی نەزانییەکەی خۆیان ناچار دەبن درۆی لەگەڵدا بکەن، یان بە دێو و درنج و خێو و جنۆکان دەیترسێنن، تا لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە..

یان زۆرجار بە ئاگری دۆزەخ و ماری حەوت سەر و پردی لە موو باریکترو لە ئەڵماس تیژتر دێتە ترساندن و بێدەنگ کردن و قەدەغە کردنی لە هەندێ کار و کردەوە، دیارە منداڵ ئەم بۆچوونە غەیبانی و خورافی و نازانستییانە لەگەڵ خۆیدا بۆ قوتابخانە دەبات.. ئیدی قوڕەکە لەوێ خەستتر دەبێت، چونکە قوتابخانە بەم بەرنامانەی ئێستایانەوە و بەو زمانە کوردییە شێواو و نامەفهومەیەوە، دەرەقەتی ئەو بیرو بۆچوونە غەیبانی و خورافی و پاشکەوتووانە نایەت و ناتوانێت ڕیشەکێشیان بکات. مامۆستا و فێرکار لە سایەی ئەم بەرنامە باوەی ئەمڕۆی قوتابخانەکاندا، تەنیا دەوری تەڵقین خوێن دەگێڕێ، بە زەبری هەڕەشە و دەرچوواندن و دەرنەچوواندن لە تاقیکردنەوەدا، هەندێ زانیاری سەرڤە سەرڤە دەخاتە مێشکی قوتابییەوە و مێشکی قوتابی دەکات بە عەماری ئەو زانیارییە سەرڤە سەرڤانە و هیچ دەرفەتێکی ئازادی و ئازادی دیالۆگ بۆ قوتابی ناهێڵرێتەوە، بۆیە ئەگەر لە قوتابخانەدا شتێك فێر بێ، هەر کە بێتە ناو ژیانەوەو ڕووبەڕووی قەیرانەکانی ژیان بێتەوە، ئەوا هەرچی فێر بووە، لەبەردەم ئەزموونە خورافی و زەینییەتە غەیبانی و ئەقڵییەتە پاشکەوتووەکەدا، کە ڕەگ و ڕیشەی لە ناخی خەڵکی ئەو جۆرە ژینگەیەدا داکوتاوە، هەرەس دێنێ و دادەڕوخێت.

"٢"

فێرکردن، لە زۆربەی وڵاتانی پاشکەوتوودا، کە کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانە، چ وەکو میتۆد و شێواز، چ وەکو ناوەڕۆك و بابەت زۆر سەرقە سەرقە و کاڵ و کرچ و نا واقیعییە. شێوازی فێرکردن تاکو ئەمڕۆکەش تەلقینییە، ئاسۆییە و بە یەك ڕاستە ئاڕاستەدا دەڕوات، لە مامۆستای هەموو شت زان و عەماری زانست و زانیارییەوە بۆ قوتابی نەزان و هیچ نەزان، هەموو شتێکی بە سەرا دەسەپێنرێ، بێ ئەوەی ڕێگە بدرێ گەنگەشە و موناقەشە بکات، دیالۆگی لەگەڵدا بکرێت، یان مێشکی بخرێتە کار.. هەندێ مامۆستا بە خۆیشی هەر کەچە سیواتێکی هەیەو بۆ ئەوەی دەستەکەی نەکەوێتە ڕوو، هەڕەشەی ئەوە لە قوتابی دەکات، کە ئەگەر لە تاقیکردنەوەدا کتومت وەکو کتێبەکە نەنووسێت دەری ناچێنێ.. واتە لێرەدا ئەوەی حیساب بێ بۆ ئەقڵ و هزرینی قوتابی ناکرێت، مەشقێکی ناکامی زاکیرەی پێ دەکرێت، کە خۆی لە خۆیدا دژایەتی کردنی ئەقڵگەراییە!..

هەڵبەتە ئەم جۆرە میتۆد و شێوازە هەرگیز زەمینە بۆ هزرینی ڕەخنەگرانەی جەدەلی خۆش ناکات، نۆڕینی زانستییانە بۆ کاروبارو دیاردە و ڕووداوەکانی دنیا و ژیان ناچەسپێنێ.. قوتابی لە باشترین حاڵەتدا زانستەکە لەبەر دەکات بێ ئەوەی لێی تێبگات، بابەتەکە بۆ تاقیکردنەوە لەبەر دەکات، بەبێ ئەوەی کەسایەتی قوتابییەکە زانستییانە ئامادە بکات. بۆیە، قوتابی ئێمە، زیرەکەکانیش، دوای تاقیکردنەوەکە بە سێ چوار سەعات لە هەمان دەرس و بابەت تاقی بکرێتەوە، بە دڵنیاییەوە دەرناچێت!.. لە زانکۆکانی کوردستاندا، مامۆستای وا هەیە پازدە ساڵە بە دیار مەلزەمەیەکی پەڕپوتی، بە پەلە ئامادەکراوی خۆیەوە کڕکەوتووە و خوێندکارانی کردووە بە مەخسەرەی خۆی و مەلزەمە حەیاتەکەی خۆی، کوێر بێ وەتەن بە عیلم و فەن!.. پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بیر لەوە بکەنەوە، هەموو مامۆستایان لە سەرەتاییەوە تا زانکۆ، بۆ تەرفیع و عەلاوەکانیان بخرێنە ژێر تاقیکردنەوەی جددییەوە و هەر کەسێکیان دەرنەچوون، تەرفیع و عەلاوەی نەدرێتێ و دوابخرێ بۆ تاقیکردنەوەیەکی دیکە..

به هەرحاڵ پڕۆسەی تەلقین و تەلقینکاری کە لای ئێمە زۆر زاڵە، ڕەگێکی لە دکتاتۆرییەتدایە، هاوکێشەیەکە لایەکی مامۆستایە و لایەکەی تری قوتابییە. مامۆستا و دەسەڵاتی مامۆستا کە لە دەرێی هەر گومان و موناقەشەیەکدایە، تەنانەت هەڵەکانیشی قابیلی موناقەشە و ڕاستکردنەوە نین و ناکرێت لەبەرچاوی قوتابی ئیعترافی پێ بکرێ، لە پایەی مامۆستا کەم دەبێتەوە! لایەکی تری قوتابییە؟، کە تەنیا بەڵێ و سەرلەقان و گوێڕایەڵی لەسەرە.. دیارە ئەم پەیوەندییە نا ئەقلانییە هیچی لێ شین نابێ، تەنیا سەرلێشێوان و گومڕایی و چەواشە بوون، چونکە بە هیچ جۆرێ ڕێ بە قوتابی نادات، خۆی جڵەو داری کاروباری خۆی و چارەنووسی خۆی بێت..

ئەمەش هۆیەکە بۆ بەردەوامی و بەردەوامبوونی زەینییەت و ئەقڵییەتی پاشکەوتوو...

خۆ وەکو بابەتیش، ئەو بابەتانەی لە قوتابخانەکانی ئێمەدا دەخوێنرێن، بە شێوەیەکی گشتی، بابەتی غەریب و نامۆن و دوورن لە ژیانی پراکتیکی قوتابییەوە، واتە قوتابی لە ژیانی ئاساییدا سوودێکیان لێ نابینێ.. بە شێوەیەکی گشتی هەندێ بابەتی لە دەرێی ژینگە و کۆمەڵگەی خۆیەوە بۆ هێنراوە (کۆمەڵێك تیۆری و زانستی ڕۆژئاوایی، کە لە ژینگە و کۆمەڵگەی ئەوێندەرەوە هەڵێنجراون و پراکتیزە کراون، ئێمە بێ ئەوەی چ دەسکارییەکی بکەین لەگەڵ واقیع و قۆناغی ژینگە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی خۆماندا. بیگونجێنین، وەرمان گرتووەو توتی ئاسا دەیڵێینەوە، ئەز بەری دەکەین، بەڵام تێی ناگەین) ئەمە لە قۆناغی بەرزی خوێندندا، واتە لە زانکۆ ئەمە دەکەین، بۆیە زۆربەی دەرچووانی زانکۆکانی ئێمە، کۆمەڵە تووتییەکی دەنگ ناسازن و هیچی تر.. یان لە قۆناغەکانی خوارەوەی خوێندن، سەرەتایی و ناوەندیدا، بابەتی وەها دەخوێنرێ کە هیچ پەیوەندییەکیان بە واقیعی قوتابییەوە نییە...

زۆربەی پڕۆگرامەکانی خوێندن، لە باری پڕاکتیکی و واقیعییەوە دوورن لە ژیانی ڕۆژانەی جەماوەری خەڵك. قوتابی بە بەها باڵاکانی چینی دەسەڵاتدار گۆش دەکەن، کە بە هیچ جۆرێ ناتوانێ لە ژیانی ڕۆژانەی ئاسایی خۆیدا پڕاکتیزەی بکات.. کەواتە ز انست و

پرۆسەی فێرکردن لێرەدا مەسەلەی نۆرینە، نۆرینێکە نە چارەسەری واقیعی قوتابی لە ژینگە پاشکەوتووەکەدا دەکات و نە دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێ بیر لەم واقیعە بکاتەوە و لێی ڕامێنێ، نە بەرەنگاری ببێتەوە و بە شێوەیەکی زانستانە تاوتوێی بکات. ئیدی قوتابی لە نێوان قوتابخانەو دۆزەکانی ژیاندا دووچاری نامۆیی و لە خۆبێگانەبوون دەبێت.. ئیدی ئەوەندەی لە قوتابخانە بێ، جلکی زانست لەبەر دەکات و بە شێوەیەکی سەرڤە سەرڤەی ڕواڵەتی ڕووت مامەڵە دەگەڵ زانست و یاساکانی زانست و فێربووندا دەکات، بەڵام کە لە قوتابخانە دێتە دەرێ، دەچێتەوە دۆخەکەی خۆی، بە شێوەیەکی سۆزداری ئەقڵییەتی خورافە ئامێز مامەڵە لەگەڵ ژینگە و واقیعەکەیدا دەکات..

یەکێك لە گرفتە هەرە گەورەکانی پرۆسەی فێرکردن لە وڵاتی ئێمەدا، مەسەلەی زمانە، ڕاستە ئێمە هاتووین، بابەتەکانمان کردووە بە زمانی کوردی، بەڵام بەداخەوە زۆربەی بابەتەکان بە زمانێکی سەقەت و نامەفهوم و دوور لە تەبیعەتی زمانی کوردی داڕێژراون و زۆرجار خودی زانستەکە بە غەڵەتی خراوەتە ڕوو.. واتە ئەو زمانە دوورە لە جیهان و واقیعی قوتابییەوە، قوتابی تووشی جۆرە غوربەتێکی زمانەوانی دەکات، لە زمانی عیلمییەتێکی ئەوتۆی نزیك ناخاتەوە کە زمانە سۆزداری و غەیبانی و خورافی و نازانستییەکەی ژیانی ڕۆژانە، وەلاوە بنێ و بکەوێتە سەر ڕاستە ڕێگای بیرکردنەوە.

بۆیە تا زووتر، سەرانسەری کتێبی قوتابخانەکان، بە هەموو قۆناغەکانەوە، جارێکی دی، بە زمانێکی کوردی، زانستانە، بکرێتەوە بە کوردی درەنگە، چونکە ئێمە تەنیا بە زەبری زمانێکی کوردی مەفهووم و زانستییانە، دەتوانین یاسا و ڕێسا و قاڵبە زانستییەکان بێنینەوە ناو زمانەکەمان و کار لە زەینییەت و ئەقڵییەتی قوتابی بکەین و بە ئاڕاستە زانستییەکەیدا بەرین و لە ئەقڵییەت و زمانی پاشکەوتن و خورافە ئامێز و غەیبانی دووری بخەینەوە و ئامادەیان بکەین بەبێ ترس ئاڵای دواڕۆژی ئەم میللەتەیان بدرێتە دەست.. چونکە زمان ئەقڵییەت پێك دێنێ و بەرجەستەی دەکات، ئاڕاستەی نۆرین بۆ دنیا و گەردوون و ژیان دیاری دەکات، چونکە هیچ شتێك لە دەرێی زماندا نییە.. ئەگەر

ئەمە نەکەین، ڕۆژی سەدان قوتابخانەش بکەینەوە، هەر ڕەنج بە خەسار دەبین، کارێکی وەها دەکەین زیاتر پاشکەوتنی ئەقڵی و هزرینی خورافی لای خەڵکانێکی زۆری ئەم وڵاتە ڕیشاژۆ بکەین..

بێگومان پەیوەندییەکی یەجگار پتەو لە نێوان زمان و ئەقڵییەت و جۆری نۆڕین بۆ بوون هەیە.. واتە جۆری هزرین و هەڵوێست گیری مامەڵە کردن دەگەڵ مەسەلە ستراتیژییەکان و دیاردە و ڕووداوە چارەنووس سازەکاندا، پەیوەندییەکی پتەوی بە زمانی زگماکی خەڵکەکەوە هەیە. واتە جەدەلییەتێکی تەواو لە نێوان زمان و واقیع، زمان و هزردا هەیە.. بەم پێیە دارشتن و ڕێختمانی زمانەوانی بە جۆرێك لە جۆرەکان کاردەکاتە سەر زەین و ڕێکخستنی هزر، واتە ئەو بونیادە زمانەوانییەی لە ژینگەکەی خۆیەوە وەری دەگرێت، ڕاستەوخۆ جۆری نۆرینی ئەو تاکە بۆ دنیا دیاری دەکات.. جا ئەگەر زمانی زگماك، بە سۆز و نۆرینی نا زانستییانە بۆ واقیع، ئاوس بێ، بەو ئیحتوبارەی ڕەنگدانەوەی بوون و واقیعێکی پاشکەوتووی خورافە ئامێزە، بێگومان دەبێتە مایەی چەسپاندنی ئەو سۆزداری و نۆرینە نازانستانەیە بۆ بوون و دنیا..

بۆیە یەجگار پێویستە کتێبە دەرسییەکان زۆر بە وردی، بە زمانێکی زانستانەی ڕەوان، ڕوون بکرێنەوە بە کوردییەکی کوردی، واتە بیرکردنەوەی وەرگێڕەکە کوردی بێ، نەك بێ بە عەرەبی بیربکاتەوە و بە کوردی دایڕێژێتەوە و لە هەموو دینێکی بکات. چونکە وەرگێڕانی دروستی زانستانە، ڕێختمان و دارشتنی زانستانە دێنێتە ناو زمانە زگماکەکەوە و پەرەی پێ دەدات و بەرە بەرە شەقڵی زانستانە بەسەر هزرینی خەڵکی سەر بەو زمانە زاڵ دەبێت و زمانەکە دەبێت بە زمانی بەخشش و بەرهەمهێنانی زانستی، ئیدی بەو جۆرە چەند زیاتر دارشتن و ڕێختمانی زانستانە پتر بێتە ناو زمانەکەمانەوەو لە کۆمەڵگەدا بڵاوببێتەوە، پتر دکارین کار لە ئەقڵییەت و هزرینی بکەین و بە جۆرێ ئاڕاستەی بکەین کە زانستانە هەڵس و کەوت لەگەڵ واقیعدا بکات، هەر نۆرین و هزرینێکی غەیبانی و خورافی و نازاستی لە مێشکی خۆی بتەکێنێ..

"٣"

جا وەرگێڕانی زانست لە زمانی گەلێکەوە بۆ زمانی زگماکی گەلێکی دی، خۆی لە خۆیدا فاکتەری گەشەپێدانی ئەو گەلە و ژیانی ئەو گەلە و زمانی ئەو گەلەیە.. واتە پرۆسەیەکی یەجگار هەستیارە و کاری هەر کەسێك نییە، چونکە ئەگەر کەسی کارامە و پێگەیشتوو- و تێگەیشتوو ئەو کارە ئەنجام نەدات، ئەوا لە ڕێگەی زمانێکی سەقەتی نامەفهوومەوە زمانەکەمان نەك پەرە ناسێنێ و نابێ بە زمانێکی زانستانە، بەڵکو لەبەر چاوی ڕۆڵەکانی گەلیش دەکەوێ.. کە ئەم حاڵەتە لە قوتابخانەکانەوە تەشەنەی کردووە و پەلی بۆ ناو دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی هاویشتووەو هەرکەسێك کەچە سیواتێکی هەبێ بە باشی هەستی پێ دەکات.. کە ئەمە بۆشاییەکی خراپ دەخاتە نێوان خەڵك و ئەهلی قەڵەم، وەکو هەڵگری ئاڵای ئەقڵییەتی زانستی و بەرە بەرە هەڵگرانی ئەو گوتارە، دادەبڕێن و وەرگریان نامێنێ، گوتارەکەیان بستێك لە خۆیان دوور ناکەوێتەوە، خاوەن گوتار کە وەرگری نەبێ، سەری خۆی هەڵدەگرێ و لە شوێنی دیکەدا بۆ موخاتەب دەگەڕێت، کە ئەمە یەکێکە لە هۆیەکانی هیجرەت و بارکردنی توانا ئەقڵییەکان.. بۆیە وەرنەگێڕانی بابەتە زانستییەکان بە دروستی و بە زمانێکی ڕوون و ڕەوان و مەفهوم، دەکاتە کارێ کە زمانی زگماك هەر بە دەقی خۆیەوە وەمێنێ و لە گوتاری سۆزداری و غەیبانی و خورافە ئامێز پتری پێ بەرهەم نایەت، زمانێك تەنیا سۆزی پێ دەدوێنرێ و هەنگێ لە هەنبەر واقیعی کۆمەڵایەتی و دەروونی کۆمەڵگەدا دەسەوستان دەبین، نە دکارین هەڵی سەنگێنین و نە دەتوانین ڕاستی بکەینەوە و هەرچییەك بکەین، هەر لە جێی خۆمان گێرە دەکەین و دەبینە کۆسپ لەبەردەم گەشەکردنی کۆمەڵەکەماندا..

جا لەم بابەتە کۆمەڵگە پاشکەوتووەدا، چینی دەسەڵاتدار کە هەوڵ دەدات هەموو کایەکانی ژیان بۆ خۆی قۆرخ بکات، بە زۆری منداڵی خۆیان بۆ خوێندن و فێربوون دەنێرنە هەندەران تا لە ڕێگەی زمانی بێگانەوە، ئەقڵییەتی زانستانە بەدەست بێنێ و ئاگای لە دوا پەرەسەندنە زانستییەکان هەبێ، بتوانێ جڵەوی کۆمەڵگە بگرێتە دەست و بە قازانجی خۆی

و چینەکەی خۆی ئاراستەی بکات.. خۆ ئەگەر کەسانێکی سەر بە چینی میللی و بێ دەسەڵات، توانییان بگەنە ئاستێکی زانستی باڵاو بوون بە خودانی هزرین و ئەقڵییەتێکی زانستانە و زمانی زانست فێربوو، ئەوا بە زۆری دەکرێتە ئالەتی دەستی چینی دەسەڵاتدار، ناچار دەبێت لە پێناوی نان و ژیاندا، زانستەکەی بخاتە خزمەتی چینی دەسەڵاتدار، بەمەش لە وابەستەگییە میللییەکەی خۆی دادەبڕێت، و دووچاری جۆرە غوربەت و لەخۆبێگانەبوونێك دەبێت، ناچار یا سەری خۆی هەڵدەگرێ و کۆچ دەکات، یان دەبێت لە پەیامی خۆی لابدات و پشت بکاتە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی گەل، کە بریتییە لە گوێزانەوەی کۆمەڵ لە قۆناغی هزرینی غەیبانی و خورافە ئامێز و نازانستییەوە بۆ قۆناغی ئەقڵییەت و هزرینی زانستانە.

پێویستە لێرەدا ئاماژەیەك بۆ ئەوەش بکرێ، چینی دەسەڵاتدار، قەت بە جددی کار بۆ بڵاوبوونەوەی هزرین و ئەقڵییەتی زانستی و پراکتیزەکردنی ئەو چەشنە ئەقڵییەتە لە مەیدانی ژیانی پراکتیکیدا، ناکات. خۆ ئەگەر هەندێ جار، بە شێوەیەکی نیوەو نیوەچڵ هانی ئەو جۆرە ئەقڵییەتە بدات، زیاتر بۆ ئەوەیە بیخاتە خزمەتی ئامانج و مەبەستەکانی خۆیەوە و بۆ پتەو و پترکردنی پایە و دەسەڵاتی خۆیەتی.. دیارە یەکێك لە خەسڵەتەکانی هزرینی زانستی، هەوڵی گۆڕین و گۆڕانکارییە، واتە ئەقڵییەتی زانستی، بە سروشتی خۆی شۆڕشگێڕانەیە، گۆڕانخوازە، واتە فاکتەرێکی گرنگی گۆڕینە، کە بە لای دەسەڵاتدارەوە یەجگار خەتەرە، چونکە هەڕەشەیە بۆ سەر دەسکەوتە زۆر و زەبەندەکانی، کودەتایە بەسەر سیستەمی ئارامی ژیانیدا، بۆیە ئەم چینە، چینی دەسەڵاتدار، کە هەموو کایەکانی ژیان بۆ خۆی قۆرخ دەکات، بە هەموو شێوەیەك، چ بە ترساندن و چ بە دەم چەورکردن و تەماح خستنە بەر، گوشار دەخاتە سەر خەڵکانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر، ئەوانەی خەون بە گۆڕان و گۆڕینەوە دەبینن.

هەروەها پشتیوانی لە بڵاوبوونەوەی نۆرین و بۆچونی تەقلیدی و پاشکەوتوو بۆ بوون دەکات، ئەمەش بۆیە دەکات، تا ڕایەکی گشتی ئەوتۆ گەڵاڵە بکات، هەمیشە ئامادە بێ

دژی گۆڕانخوازان و لایەنگرانی پەرەسەندن بوەستێ. ئیدی خەڵکانی خوێندەوار لە جیهانی پاشکەوتوودا، گیرۆدەو گرفتاری بەردەوام بوونی زەینییەتی نازانستی دەبن، چونکە هەر لە منداڵیڕا بە هزرو بیری خورافییانە و ژیانی نیمچە غەیبانی گۆش دەکرێ، پرۆگرام و بەرنامەی خوێندن و فێربوون گەلەك سەرقە سەرقە و کاڵوکرچ و نیوەچڵە، زۆر دوورە لە ژیان و پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئەو، بە هیچ جۆرێ ناتوانێ بە گژ واقیعی باودا بچێتەوە و بە خەونیش بیر لە گۆڕینی و گۆڕان بکاتەوە، چونکە لە کۆمەڵگەیەکی سەرکوتکاری ئەوتۆدا دەژی، نە زەمانەتی ئازادی فیکری تێدایە و نە ئاییندەی تاکی تێدا دەپارێزرێ، بۆیە دەبێ ئاگای لە نانەکەی بێ و قوماری پێ نەکات.. بەو جۆرە زۆربەی ڕێگاکان لەبەردەم بەزاندنی پاشکەوتنی هزرین و ئەقڵییەتی پاشکەوتوودا دادەخرێ و بە ئاسانی ناچێتە قۆناغی ئەقڵییەتی زانستانە و تاك و کۆمەڵ بکەونە سەر ڕاستە ڕێگەی بیرکردنەوە و بە ئاسانی دەستەمۆ نەبن و لە مێگەلایەتی دەرچن و ئینسانیانە بژین، هەڵبەتە ژیان ئاسانە، بەڵام ئینسانیانە ژیان زۆر قورسە!..

(٤)

بێگومان فێرکردن و پەروەردە، ڕۆڵێکی یەکجار گرینگ لە کرانەوەی هزرو بیری ڕۆڵەکانی هەر میللەتێکدا دەبینێ، بۆیە دەشێت لە ڕێگەی ناوەڕۆکی کتێبی قوتابخانەوە ئاییندەی هەر میللەت و وڵاتێك پێشبینی بکرێت، یان ئاڕاستە گشتییەکەی ببینرێت. بۆ وێنە بابەتی خوێندن لە قوتابخانەکانی کوردستاندا، هەرگیز دڵخۆشکەرە نییە، چونکە ئەو شێوازو میتۆدەی ئێمە لە فێرکردندا بەکاری دەهێنین و پەیڕەوی دەکەین، بریتییە لە کۆنترۆڵ کردنی ئەقڵ و ئەقڵییەتی قوتابیان و مێشکی قوتابییمان کردووە بە عەمارێك و پەیتا پەیتا کەلوپەلە مەعریفییەکانی خۆمانی تێ دەهاوین و قوتابی پێ دەستەمۆ دەکەین و گیانی پرسیارو پرسیارکردن و ڕەخنەی لەلا دەکوژین و دەیکەین بە گوێگرێکی کڕ و بێدەنگ و گیانی قەبوڵکردنی چەوسانەوەی لەلا دروست دەکەین و پرۆسەی فێرکردن لە

ناوەڕۆکە شۆڕشگێڕییەکەی بەتاڵ دەکەینەوە و قوتابی لە شێوازی (فێرکردنی دیالۆگی) دوور دەخەینەوە و هیچمان لێی ناوێ تەنیا ئەشەدو نەبێ، واتە دەیکەین بە جەماعەتی ئەشەدو، دیارە فێرکردنی دیالۆگی، ئەو گفتوگۆ نەزۆکانە نییە کە زۆر جاران دەکرێت، بەڵکو جۆرێکە لە هەست کردن بە واقیعی مرۆڤانی، پەی بردن و هوشیارییە بە واقیعی مرۆڤانی، چونکە مرۆڤ کە واقیعی خۆی ناسی، ئەقڵی پێدا شکا، پەی پێ برد، بیەوێ و نەیەوێ دەستپێکی خۆناسینی لا دروست دەبێ و بەمەش پێویستی بە پەیوەندییەکی دیالۆگی دەبێ، ئیدی دیالۆگ لەگەڵ خۆیدا، لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵگەی خۆیدا، لەگەڵ ئەو دنیایەدا کە تیایدا و لەگەڵیدا دەژی. جا هەر کاتێ ئەم پەیوەندییە دیالۆگییە دروست بوو، خزمەتی هوشیاری و بێدار بوونەوەی خەڵکی دەکات، ڕێگەی هەموو ئازادییەکیش لە بێدارییەوە دەست پێ دەکات و ڕێگەی هەموو گۆڕانێکیش لە ئازادییەوە دەست پێ دەکات، واتە سێ کوچکەی بێداری و ئازادی و گۆڕان تەنیا بە دیالۆگ مەیسەر دەبێت.

بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین-دا، دیالۆگ کاتییە، کاتێکت زانی کۆمەڵێك، تاقم و دەستەیەك بە تۆبزی و زەبری چەك، دەسەڵات دەگرنە دەست و لە سەرەتاوە بۆ قایم کردنی جێ پێی خۆیان لیستێکی دوورودرێژی پرەنسیپ و پرۆژەی گەورە گەورەو تەماح بزوێن ڕادەگەیەنن و مژدەی پێشکەوتن و دیموکراتییەت و ئازادی و مافی مرۆڤ و... هتد بە خەڵکی دەدەن و ساڵان دێن و دەڕۆن بێ ئەوەی هیچ یەکێك لەو پرەنسیپ و پرۆژەو موژدانە هاتبنە دی، یان بێنە دی، دەسەڵاتیش کە جێ پێی قایم بووە و بە خەیاڵی خۆی ڕیشاژۆ بووەو لە زۆر شتان بێ منەت بووەو فێری گەلێك فڕوفێڵ و چاوبەستەکی و چاوو ڕاو بووە، هەر کە جەماوەر دەنگی ناڕەزایی هەڵبڕێ، بەهێز وەڵام دەدرێتەوە، یان دەخرێتە بازنەی گفتوگۆ و دیالۆگێکەوە کە لە ئەلفییەوە تا یای، لە لایەن دەسەڵاتەوەو بە قازانجی دەسەڵات دیاریکراوەو داڕێژراوەو بەرەنجام و ئاکامی ئەم دیالۆگانەش هەر بە قازانجی دەسەڵات دەشکێتەوەو دەکرێت بە پاساوێکی یاسایی تا دەسەڵات بەردەوام بێت لەسەر پرۆسەی سەرکوتکاری خۆی.

## (٥)

گوتمان فێرکردن و پەروەردە، لە بنج و بناوانەوە پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕییە، هەر پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕی بەندە بە بێداری و کردەوەوە، دیارە ئەم پرۆسە شۆڕشگێڕییە بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و باری پێشکەوتنی هەمەلایەنەی ژیانەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك و لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێك دەگۆڕێ، ئەمە جگە لەوەی گۆڕان بۆخۆی هەوێنی هەموو شۆڕشێکە، مرۆڤایەتی ئەمڕۆکە لێکدی بە خەبەرەو هەموو لە سایەی یەك شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا دەژی، بەڵام هەر میللەت و نەتەوەو کۆمەڵێك لە چوارچێوەی ئەو شارستانییەتە بەربڵاوەدا، بە شێوازی تایبەتی خۆی مومارەسەی مەدەنییەتی خۆی دەکات و هەر مەدەنییەتەش کەلتوورو کەلەپووری خۆی بەرهەم دێنێ و ئەم بەرهەمهێنانە هەمە جۆرانە جوانییەك بە دنیاو بە ژیان دەبەخشێت و جیاوازییەکان لە دوا ئەنجامدا دەڕژێنە دەریای حەزارەتی مرۆڤانییەوەو دیالۆگی شارستانییەکان (حضارات) دەوڵەمەند دەکات. و دیالۆگی ڕاستگۆیانە ئاسوودەیی و تەبایی لێ دەکەوێتەوە. بە هەرحاڵ دیالۆگ، لە کەش و هەوایەکدا دروست نابێ، تاقمێك بێت بە ناوی شۆڕش و شۆڕشگێڕییەوە خۆی بەسەر جەماوەری بێ دەسەڵاتی خەڵکیدا بسەپێنێ و ئەوجا بێ خەڵکانی بێ توانا لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و بەرگری و ڕۆشنبیریی و زانستیدا بکات بە خاوەن دەسەڵات و پلەوپایە و لە ماوەیەکی کورتدا ببن بە مۆتەکە بەسەر خەڵکییەوەو ڕێگە لە هەموو دیالۆگ و بێداری و پێشکەوتن و گۆڕانێك بگرن و بەرە بەرە ببن بە خۆرە و تەنانەت بدەنە گیانی خودی دەسەڵاتیش. ئەمانە دژی هەر گۆڕانێك دەوەستنەوە و لە کاتێکا هەرچی دەستکەوتی تیرەی بەشەرو حەزاراتی بەشەری هەیە، زادەی ئازادییە کە خۆی لە خۆیدا داینەمۆی گۆڕینی ژیانە.

(٦)

دیاره خوێندەواری بە ڕۆشنبیری و بیرەوە، ڕێگە بۆ ئاییندە دەکاتەوەو کۆسپ و تەگەرە و لەمپەرەکان لا دەبات تا ڕێگە بۆ ئاییندە بکاتەوە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە وەکو چۆن ڕابردوو-و ئێستا بەرەنجامی کارو کردەوە بوون، ئاییندەش بە کردەوەو لە سەر بناغەی کردەوان ڕۆدەنرێ. هەڵبەتە بایەخی کردەوە مرۆڤانییەکان لەوەدایە چەند دەتوانێ دنیا بگۆڕێت و هەر ئەم توانایەشە کە ژیان لە هەردوو ئاستی تاك و کۆمەڵدا دەخەملێنێ و دەوڵەمەندی دەکات. دنیا و جیهان شتێکی داخراو، یان ڕاوەستاو نییە، بەڵکو کۆمەڵێك ئاستەنگ و تەنگژە و گیروگرفتە، دەبێ چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، بەم پێیە دنیا کەرەستەیەکە مرۆڤ بۆ دروستکردنی مێژوو بەکاری دەهێنێ، دروستکردنی مێژوو بە چەمك و مانا شۆڕشگێڕییەکەی دەکاتە بەزاندنی واقیعی نا مرۆڤانە بەرەو خوڵقاندن و دامەزراندنی ژیان و ژیارێکی تازە.

جا هەر دروستکردن و تازە کردنەوەیەك دیالۆگ دەخوازێ و هەر کەسێك بیەوێ لە حەقیقەتی ئەو دنیایەی کە تیای دەژی بگات و حاڵی ببێ، پێویستی بە پەیوەندی دیالۆگی لەگەڵ خۆی و خەڵکانی دیکەدا هەیە و بە دیالۆگیش ئەو پەیوەندییە باوك سالارییەی نێوان قوتابی و مامۆستا هەرەس دێنێ و دادەڕوخێت و پەیوەندی دیالۆگی جێی دەگرێتەوە و هەردوو لایەنی پەیوەندییەکە هەم یەکدی فێردەکەن و هەم لێکدی فێردەبن و ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەوێنی بەردەوام بوون و تازە بوونەوەیە و لەم کەش و هەوایەدا مرۆڤ خۆی دەدۆزێتەوەو تواناو بەهرەکانی خۆی دەناسێت و قسەی خۆی دەکات و هەستی ڕەخنەیی لەلا بێدار دەبێتەوەو دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ شتێك لە سەرووی ڕەخنەوە نییە، ڕەخنە کۆمەڵ لە خڵت و خاشەی پاشکەوتوویی و کۆنەپارێزی دەپاڵێوێ و بەردەوامی پێ دەبەخشێت و تازەی دەکاتەوە. و هۆش وەبەر کۆمەڵ دێنێ و هانی دەدات کە کار بۆ وەدیهێنانی مرۆڤانی خۆی بکات و تێ بگات، گیانی ڕەخنەگرانەی لەلا دەخولقێنی، و هەر کە گیانی ڕەخنەگری لەلا خولقا ئیدی بەو ئاسانییە ڕانایەت و دەستەمۆ نابێ و بەرە

بەرە منی زاڵ ئاوێتەی کۆمەڵ دەبێ و جۆرێك هاوکوفی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و لایەنەکانی دیالۆگدا چێدەبێت و ئەقڵی لە کارخراو وەگەڕ دەکەوێتەوەو هیچ جۆرەماڵی کردن و کەوی کردنێك نامێنێ و ئازادی ڕاستەقینە لە دایك دەبێت و کۆمەڵ دەشێت واقیعی ئێستای بە ئاڕاستەی ئاییندەیەکی مرۆڤانی گەش بخوێنێتەوە و بە کورتی ئاییندەی خۆی بخولقێنێ و دای بهێنێ، نەك بە ئاییندەیەکی حەتمی قاییل بێ کە هیچ حەساوێك بۆ دەوری مرۆڤ لە دروستکردنیدا نەکرابێ، یان نەکرێت، دیارە ئەمەش پڕۆسەیەکی هەروا سادەو ئاسان نییە و بە کەفلەکونێ نایەتە دی، بەڵکو لە چوارچێوەی کاری مێژوویی درێژخایەندا گەڵاڵە دەبێت و دەخەملێ و..

(٧)

سەرکوتکاری زۆرجاران لە مێژوودا وەکو دەیاردەیەکی مێژوویی پەیڕەو کراوە، ئەگەرچی سەرکوتکاری خۆی لە خۆیدا مەحرومکردنی مرۆڤە لە مومارەسە کردنی مرۆڤانی خۆی، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە سەرکوت قەدەرە و لە چارەی خەڵکانێك نووسراوەو لە چارەی خەڵکانێکی دی نەنووسراوە، یان جەبرییەتی مێژووە و کەس ناتوانێ لێی لابدات، هەر بۆیەش بە درێژایی مێژوو خەبات کراوە لە پێناوی وەدی هێنانی مرۆڤانی مرۆڤ و ڕەفز کردنەوەی هەر جۆرە سەرکوت و سەرکوتکارییەك، هەڵبەتە ئەم خەباتە وەختێ بایەخی خۆی پەیدا دەکات، ئەوە دەرك بکرێ کە مامەڵەی نا مرۆڤانی دیاردەیەکی کاتی، یان دەستکردەو زادەی ئەو زوڵم و زۆرەیە کە دەسەڵاتدار و ستەمکار لە خەڵکی بێدەسەڵات و سەرکوێرکراوی دەکات.

جا مادامێکی ئەم ڕەفتارە خەڵکی سەرکوتکراو لە مرۆڤانی خۆی مەحروم دەکات، بۆیە سەرکوتکراوان، درەنگ یان زوو هەستی تۆڵە سەندنەوەی مرۆڤانی پێشێلکراویان دەبزوێ و بۆ ڕێگەیەك دەگەڕێن کە بیانگەیەنێ بە مومارەسەی بوونی مرۆڤانی خۆیان، بەڵام ئەم خەباتە، یان ئەم ڕێگەیە، نابێ بۆ ئەوە بێ لە ئەنجامدا لاسایی سەرکوتکارانی

خۆیان بکەنەوەو بوونی مرۆڤانی سەرکوتکارانیان یان خەڵکانی دی پێشێل بکەن، بەڵکو دەبێ بۆ بەرگریکردن بێ لە مرۆڤانی خۆیان و تەنانەت مرۆڤانی چەوسێنەرەکانیانیش. چونکە چەوسێنەر کە بە زەبری هێزو دەسەلات خەڵکی بێ دەسەلات دەچەوسێننەوەو زەلیلیان دەکەن، ناتوانن لە سایەی نەشئەی هەستی دەسەلاتداریتیدا فریای ئازاد کردنی خۆیان، یان ژێردەستەکانیان بکەون. مەگەر تەنیا خەباتی چەوساوان ڕزگاریان بکات و ئازادییان وەبیر بخاتەوە.

بۆیە سەیر دەکەین زۆرجار دەسەلاتدار لە ژێر گوشاری خەڵکی چەوساوەدا، خۆی و دەسەلاتەکەی وەبیر دەکەوێتەوەو هەم وەکو درێژەدان بە زوڵمی خۆی و هەم وەکو جۆرە خێر و سەدەقەیەك بە چەوساوان پەنا وەبەر هەندێ ڕیفۆرمی سەرڤە سەرڤە و ڕەوتەنی دەبات، ئەم دیاردەی خێرو سەدەقەیە تەنیا لە سیستەمی کۆمەلایەتی نا عادیلانەدا دەبخوات و بۆ ماوەیەك دەچێتە سەر، واتە ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی بێدادی کۆمەلایەتی تەژی مەرگ و نا ئومێدی و هەژارییە. ڕیفۆرمی ڕاستەقینە و کەرەمی ڕاستی ئەوەیە کە هۆکارە بنەڕەتییەکانی چەوساندنەوەو سەرکوتکاری نەهێڵرێت و خەڵکی بهێنرێنە ناو کۆڕی کاری مرۆڤانییەوە تا ژیان بە ئاڕاستەی وەدیهێنانی مرۆڤانی مرۆڤ دا بگۆڕن و کەس لە خەڵکی چەوساوە و سەرکوتکراو شایستەتر نییە بۆ ئەم کارە، چونکە کەس وەکو ئەوان کۆمەڵگەی چەوسانەوەی تاقی نەکردۆتەوە و کەس لەوان پتر تامەزرۆی ئازادی نییە، دیارە ئازادی لە خۆڕاو خۆبەخۆ نایەتە دی، بەڵکو خەباتی هوشیارانەی دەوێ، خەباتێك بزانێ چۆن بەرجەستەی بکات، خەباتێك کە ئاوێتەی خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی بێ و جێگەی کەربوکین و ڕق و توندوتیژی و زەبر و زەنگی تێدا نەبێتەوە.

دیارە کاریگەریی چەوسانەوە، بە تایبەتی ئەگەر چەوسانەوەیەکی درێژخایەن بێ، لە نەست و دڵ و دەروونی خەڵکانی چەوساوەدا دەمێنێ و بگرە زۆرجار چەوساوە وێنەی چەوسێنەرەکەی خۆی لە ناخی خۆیدا هەڵدەگرێ و لە کاتی گونجاودا، یان کە دەرفەتی بۆ بڕەخسێ، جلەو بۆ چەوسێنەرەکەی ناخی شۆڕ دەکات و کوت و مت لە مەیدانی

پڕاکتیکیدا لاسایی ئەو دەکاتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە تاڵەیە کە لە سایەیدا ژیاوە، ئەمانە خەونیان بەو ڕۆژەوە دیتووە کە ببنە مرۆڤ، بەڵام وێنەی مرۆڤ لە خەیاڵی ئەواندا وێنەی چەوسێنەرەکەیان بووە. جا ئەم لاسایی کردنەوەیە، خۆی لە خۆیدا لە باری دەروونییەوە دەکاتە قەرەبوو کردنەوەی مرۆڤانی لەدەست چوویان، زۆرجار شۆڕش، ئەو شۆڕشەی کە بۆ ئازادی چەوساوان دەخەبتێ، دەکەوێتە هەمان گێژاوەوە بە تایبەتی وەختێ کە شۆڕشگێڕان وا تەماشای شۆڕش دەکەن کە دەستکەوتێکی تایبەت بە وانە، یان دەیانەوێ قۆرخی بکەن.

دیارە خاوەنانی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە هەمیشە تاپۆی چەوسێنەرانی خۆیان بە سەریاندا زاڵە و درەنگ یان زوو دەکەونە لاسایی کردنەوەیان و لە بنەڕەتدا لە ئازادی دەترسن و دەچنە پێستی چەوسێنەرەکەی خۆیان و بە هەمان شێوازی ئەوان ئازادی کەلەپچە دەکەن و زندە بە چاڵی دەکەن. واتا تا کەسی چەوساوە ترسی چەوسێنەرەکەی لە دڵدا بێ و سیمای ئەوی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتبێ، لە ئازادی دەترسێت و ناتوانێ بگاتە ئازادی ڕاستەقینەو بۆیە کەسی چەوساوە دەبێ ترسی چەوسێنەر لە دڵی خۆیدا بڕەوێنێتەوەو وێنەی ئەو لە دیتنی خۆیدا بسڕێتەوەو بەوپەڕی متمانەوە خودی خۆی لە بواری ئازادیداو لە ناو ئازادیدا و بە ئازادی بجەرێنێ، چونکە ئازادی شتێك نییە لە دەرێی مرۆڤدا بێ، یان بیرێکی ئەفسانەیی نییە، بەڵکو زەرورەتێکە بۆ کامڵبوون و خەملاندنی مرۆڤ و وەدیهێنانی بوونی مرۆڤانی مرۆڤ.

بەمجۆرە مرۆڤ دەبێ بگەڕێ فاکتەرو هۆکارەکانی سەرکوتکاری و چەوسانەوە بدۆزێتەوە، تا هەڵوێستێکی تازەی لەمەڕ بنوێنێ و بە چاوێکی تازەوە بیخوێنێتەوەو بەرەو وەدیهاتنی مرۆڤانی مرۆڤ هەنگاو بنێ. هەرچەندە زروفی سەرکوتکاری و چەوسانەوە واقیعێکی نا مرۆڤانی بەسەر چەوساوەو چەوسێنەردا سەپاندووە، بەڵام خەڵکی چەوساوە لە سەرێتی لە پێناوی وەدەست هێنانەوەی مرۆڤانی لەدەست چووی خۆی بخەبتێ و ئەمەشی لە باردایە، بەڵام چەوسێنەران بە شێوەیەکی گشتی ئەمەیان لەدەست نایەت و خۆیان بە چەوسانەوەی خەڵکانی دی لەوتاندووەو ئالودە کردووە.

خەڵکی چەوساوەش جۆرێك لە دووفاقی و دوالیزمی هەیە.

هەرچەند لەوە دڵنیان کە بەبێ ئازادی ناتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن، کەچی لە هەمان کاتدا جۆرە ترسێکیان لە ئازادی هەیە، تیا ماون لە نێوان ئەوەی کە خۆیان بن، یان پاشکۆی چەوسێنەرەکانیان بن، تەمەشاڤان بن یان ئەکتەری شانۆ، قسە لە ڕووبن یان بێدەنگ بن و توانای داهێنان و داهێنانەوەی دنیای تازەی خۆیان کۆت و زنجیر بکەن، ئەمە یەکێکە لە گرفتە کارەساتاوییەکانی خەڵکی چەوساوە، بۆیە دەبێ لە بواری فێرکردندا بایەخی پێ بدرێ و بخرێتە بەر پرسیارو دایەلۆگی لەسەر بکرێت.

(٨)

کاتێ کە خەڵکی چەوساوە ئەو حەقیقەتەی بۆ دەرکەوت کە بارمتەی دەستی چەوسێنەرە، ئیدی بەرە بەرە ژانی ئازادی دەیگرێ. کە خەڵکی چەوساوە فێر دەبێت، فێربوونی وەکو ئامرازێکی ڕەخنەیی دەبێت بە ڕێ پیشاندەری و لەم ڕێگەیەوە هەم حەقیقەتی خۆی و هەم حەقیقەتی چەوسێنەری وەکو دوو قوربانی کەڵکەڵە مرۆڤانییەکان بۆ دەردەکەوێت و ئیدی لە ناو ژانی کەڵکەڵەی ئازادیدا لەدایك دەبێتەوەو هاوکێشەی پەیوەندی ناکۆکانەی نێوان چەوسێنەرو چەوساوەی بە تەواوی بۆ ڕوون دەبێتەوەو بە تەواوەتی دەرکی دەکات، دیارە ئەم دەرك کردنە بە تەنیاو بۆ خۆی ئامانجێك نییە، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی پراتیکی ڕوو بکاتە واقیع و مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکات، ئەم مامەڵە کردنەش دەیگەیەنێتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە چەوسانەوە تەنیا کۆسپێکەو دەکرێ ببڕێ و ببەزێنرێ. کە ئەمە چێ بوو، هەنگێ سەرەتای کردەی خەباتگیری دەست پێ دەکات و دەردەکەوێ و ئەم دەرکە بۆ خۆی دەبێ بە هێزێکی کردەوەیی و پرۆسەی خەبات دەجولێنێ.

جا واقیعی کۆمەڵایەتی سەرکوتئامێز، ئەنجامی بێ چەندوچوونی ناکۆکییەکانی نێوان چەوسێنەرو چەوساوەیە، دیارە سەرکوت و چەوساندنەوە، کار بۆ دەستەمۆ بوونی توێژێ،

تاقمیّ، دەستەیە یان چینێك دەكات، جا بۆ ئەوەی مرۆڤ نەبیّ بە نێچیری سەركوت، دەبیّ خۆی لیّ ڕزگار بكات و لێی هەڵگەڕێتەوە، ئەمەش تەنیا بە خەبات و ڕۆشنبینی و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە كە كار بۆ گۆڕینی جیهان دەكات دێتە دی. جا چەوساوەو سەركوتكراو بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجی خۆی دەبیّ بە گیانی ڕەخنەییەوە ڕوو بەڕووی حەقیقەتەكان ببێتەوەو بابەتیانە بەرجەستەی بكات، چونكە تەنیا هەستكردن بە واقیع بەس نییە، بەڵكو هەستكردن بە واقیع دەبیّ توانای ڕەخنەیی بەگەڵ بكەوێت، ئەوجا دەبێتە مایەی گۆڕان، دەنا تەنیا هەستكردن بە واقیع گۆڕانی پێویستی بە دوادا نایەت و لە جێی خۆی دەپوكێتەوە، بۆیە پێویستە ئەوە دوپات بكەینەوە كە ئامانجی ڕوون لە بەرچاو نەگیرێت، هیچ دەستكەوتێكی مرۆڤانی نایەتە دی و كاری مرۆڤانی وەختیّ بەردەدات كە مرۆڤ توانی ئاستی خۆی بەرز بكاتەوە بۆ دیتنی حەقیقەتەكان و تێگەیشتنیان و ئەوجا كاركردن بۆ گۆڕینی.

*

دیارە زەبروزەنگ و سەركوت پیشەی چەوسێنەرانە، چونكە ئەوان ناتوانن لە دەرێی خۆیاندا حەقیقەتە مرۆڤانییەكان بدینن و زۆرجاریش خەڵكی چەوساوە بە دڵڕەش و توندوتیژ و كێوی و بەربەری دەزانن، بە تایبەتی وەختیّ كە بە گژیاندا دەچنەوە. كە دەسەڵاتدار، خەڵكی دەچەوسێنێتەوە، هەر ئەم كردەی چەوساندنەوەیە، لە مرۆڤایەتییان دەخات و خۆ دەدەنە دەم شەپۆلی چەوسانەوە و پتر تیایدا غەرق دەبن، بەمەش ڕۆژ بەڕۆژ لە ئینسانییەتی خۆیان دوور دەكەونەوە. بەڵام چەوساوە كە لە پێناوی وەدەست هێنانەوەی مرۆڤانی خۆیدا دەخەبتیّ، بەمە چەكی چەوساندنەوە لە دەستی چەوسێنەر دەردێنیّ و توانای چەوساندنەوەی ناهێڵیّ، بەمەش ئەو مرۆڤایەتییەی بۆ دەگێڕێتەوە كە بە زەبری زوڵم و ستەم لە دەستی دا بوو. بەم پێیە چەوساوە كە بۆ ئازادی خۆی دەخەبتیّ، لە هەمان كاتدا خەباتە بۆ وەدیهاتنی ئازادی چەوسێنەرەكەش، بەمجۆرە مرۆڤێكی تازە لەدایك دەبیّ كە هەم مومارەسەی ئازادی خۆی دەكات و هەم زەمینە بۆ مومارەسەی ئازادی ئەویش

خۆش دەكات. واتە دنیایەك بونیات دەنیٚ كە هیچ كۆسپیٚك نەخاتە بەردەم هیچ كەسیٚك بۆ مومارەسە كردنی ئینسانیانەی تەواوی خۆی.

*

هەموو چەوسیٚنەریٚك، كەڵكەڵەی موڵكداری لەسەردایەو وەچە دوای وەچە ئەو قەناعەتەیان لەلا دەچەسپیٚ كە دەتوانن هەموو بوونەوەریٚكی ئەم دنیایە بە زەبری پارە بكڕن و بیخەنە ژیٚر ڕكیٚفی توانای كڕینی خۆیانەوە، پارەیان بەلاوە كۆڵەكەی هەموو شتیٚكەو ئامانجی مرۆڤ لە ژیاندا تەنیا وەدەستهیٚنانی قازانجە و هیچی دی، بۆیە هەمیشە لە خەمی وەدەستهیٚنانی قازانجی پتردان. ئەم كەڵكەڵەی موڵكدارییە بەرەو سادییەتیان دەبات و لەزەت لە زاڵ بوون بەسەر خەڵكیدا دەبینیٚ و بەرە بەرە لە ئینسانییەت دەشۆریٚتەوەو دەبیٚ بە شت و تا زیاتر دەسەلاٚت بەسەر خەڵكی تردا پەیدا بكات، بە تەواوەتی لە ئینسانییەت دەشۆرریٚتەوەو بەهادارترین موڵكی لەدەست دەدات كە ئەویش ئازادییە. بەمجۆرە وای لیٚ دیٚت ڕقی لە ژیان دەبیٚتەوەو توانا داهیٚنەرەكانی ناو ژیان ویٚران دەكات. و دەبیٚ بەو قارەمانەی بەشداری لە ویٚرانكردنی ژیاندا دەكات و كەم و زۆر متمانەی بە خەڵكی و بە ژیان نامیٚنیٚ.

*

یەكیٚك لە خەسڵەتەكانی كەسایەتی سەركوتكراو ئەوەیە بە سوكی سەیری خۆی دەكات، دیارە ئەمە لە خۆوە نەهاتووە، بەڵكو لە نەست و لە ناخیاندا پەروەردە كراوە، بە زۆری گوێیان لە چەوسیٚنەرەكانیان بووە كە ئەمانە بە كەڵكی هیچ نایەن، هیچ نازانن، فیٚری هیچ نابن.. هیٚندەیان لەم بەیت و باڵۆرانە بە گویٚدا دراوە تا لیٚیان بووە بە ڕاستی و متمانەیان بە خۆیان نەماوە و لە بری ئەمە متمانەیان بە چەوسیٚنەرەكانیان زیاد بووەو پیٚیان وایە هەر ئەوان سەرچاوەی زانیارین و هەر ئەوان لیٚوەشاوەن و دەتوانن كاروبار بەڕیٚوە بەرن و هەموو شتیٚك هەر لەوان دیٚت و بەس. بەمەش جۆرە قەدەریەتیٚك لەلای چەوساوە پەیدا دەبیٚت و تووشی نائومیٚدی و ڕەشبینی دەبیٚتەوە، هەڵبەتە تا چەوساوە متمانە بە

خۆی پەیدا نەکات و هۆکار و فاکتەری کوێرەوەرییەکانی خۆی نەدۆزێتەوە، بە قەدەریەتی واقیعی خۆی قایل دەبێ و ئەمەش لە قازانجی چەوسێنەردایە.

بە هەرحاڵ چەوساوە هەر کاتێك هەستی بە خۆی کرد، ئیدی دەست بە داماڵینی وێنەی چەوسێنەرەکەی لەناو ناخی خۆیدا دەکات، دەکەوێتە سەر ڕاستە ڕێگەی خەبات لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادی خۆیدا، هەڵبەتە ئەم خەباتە نابێ تەنیا لە چوارچێوەی هەست و ئەقڵدا بوەستێ، بەڵکو دەبێ لایەنی کردەیی خۆیشی وەربگرێ و سنوری حەماس و سۆزداریی ڕووت ببەزێنێ و خۆی بە کردەوە بسپێرێت، دیارە قۆناغەکانی کاری تیکۆشان لە پێناو ئازادیدا بە پێی قۆناغە مێژووییەکان و بە گوێرەی ئاستی چەوساوان لە دیتنی واقیعدا دەگۆڕێت. بۆیە چەوساوان دەبێ لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا ئەوەیان لە بەرچاو بێ کە بەشداری پڕۆسەیەکی مێژوویی کە پیاوەتی و مرۆڤایەتییان بەو پڕۆسەیەوە بەندە و لە چوارچێوەی ئەو پڕۆسەیەدا دێتەدی. \

دەبێ ئەوەیان لە بەرچاو بێت کە هەرکەسێك نەتوانێ خۆی خۆی ڕزگار بکات، کەس ناتوانێ ڕزگاری بکات. ڕزگاری یان ئازادی وەکو دیاردەیەکی مرۆڤانی بە بۆرە پیاوان نایەتە دی، بەڵکو پیاوو مرۆڤی ڕاستەقینەی دەوێ، مرۆڤێك بە نیو نەخت دەستبەرداری مرۆڤانی خۆی نەبێ و سازشی لە سەر نەکات، بۆیە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر سەرکردایەتی شۆڕشگێر لە پرۆسەی ڕزگاری و ئازادیدا پشت بە دروشمان ببەستێ و مێشکی چەوساوان تژی دروشمان بکات و بیەوێ بە زەبری دروشمی بریقەدار لایەنگران بۆ خۆی پەیدا بکات. ڕێگەی هەرە دروست بۆ قایل کردنی چەوساوان، ڕێگەی دیالۆگە، چونکە قایل بوونی چەوساوە بە خەبات لە پێناوی ئازادی خۆیدا، بەخششێك نییە کە سەرکردایەتی شۆڕشگێڕ پێ ببەخشێ، بەڵکو ئەنجامی دیالۆگێکی ناوەوەی خۆیەتی و ئەم قەناعەتە لە ڕێگەی بێداربوونەوەو کردەوەوە دەخەملێ و بەرجەستە دەبێ و بەرەبەرە توانای ڕەخنە گرتنی لە واقیع و ژینگەی خۆی پەیدا دەبێ و دروشمان بە تەنێ بەس نین، بەڵکو قەناعەتیش زەرورییە.

چەوساوە بگاتە ئەو قەناعەتەی کەس ناتوانێ ئەو دەورە بگێڕێ کە لە سەرشانی ئەوە.
بۆیە سەرکردایەتی شۆڕشگێڕ دەبێ جۆرە فێرکردنێك بەکار بێنێ کە جەماوەر و سەرکردایەتی بەشداری تەواوی تێدا بکەن و هەر بەوەندە دەستبەردار نەبێ کە واقیعەکەیان بۆ بخاتە ڕوو، ئەم ئاوێتە بوون و بەشدارییە بە کۆمەڵە فاکتەری هەرە کارایە بۆ ڕەخنە گرتن لە واقیع تا بە شێوەیەکی تازەو دادوەرانە و کاریگەرانە بنیات بنرێتەوە، خەڵکی چەوساوە تەنیا بەم ڕێگەیە دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرو واقیعی، خۆیان بخوێننەوەو بە جۆرێك بونیادی بنێنەوە کە ئازادی و کەرامەتی مرۆڤانیان دابین بکات.

(٩)

ئەوەی لە پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابیدا لە ناو قوتابخانەکاندا، هەر لە سەرەتاییەوە تا دەگاتە زانکۆ، بەدی دەکرێت، پتر شێوازی حیکایەتخوان و گوێگرە، دیارە ئەمجۆرە پەیوەندییە یەکجار وشکەو زۆرجار مردووە، ئەمە خۆی لەخۆیدا قەیرانی هەرە گەورەی پرۆسەی فێرکردنە. مامۆستا بە جۆرێك لە واقیع دەدوێ و باسی دەکات وەکو ئەوەی شتێکی بێ گیان و مردوو بێ، یان لە جێی خۆیدا وەستابێ و هیچ دەورێکی لە گۆڕان و گۆڕیندا نەبێ و بەمەش قوتابی لە بری بەرەوپیری بابەتەکە بچێ و کارلێکی لەگەڵدا پەیدا بکات، لێی نامۆ دەبێ، جا کە مامۆستا ناوەڕۆکی بابەتەکەی خستە مێشکی قوتابییەوە، هەڵبەتە زۆر بە کورتی و پچڕ پچڕ، بە جۆرێك مێشکی نەوروژاندوون کە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەڵکو لە بابەتەکە هەڵدێن، جا ئەم پرۆسەی تەلقین دادانە، و گۆڕینی مێشکی قوتابی بە عەماری هەڵگرتنی زانیاریانی زۆرجار زۆر دوور لە ژیانی واقیعی قوتابییەوە و هەنگێ دەوری قوتابی دەبێ بە لەبەر کردن و وەبیر هێنانەوە و کاوێژکردنەوە و دووبارە کردنەوەی ئەو ڕستەو وشانەی گوێیان لێی بووە بەبێ ئەوەی لێی قووڵ ببێتەوە.

دیاره ئەم فێرکردنی تەلقینییە، قوتابی لەسەر شێوازی وەبیرهێنانەوەی میکانیکی نیوەڕۆکی دەرسەکان ڕادێنێ و هیچی دیکە. تا مامۆستا باشتر ئەم ئەرکە، واتە تەلقین دادانە بەجێ بێنێ و عەماری مێشکی قوتابی زیاتر بگرێ، ئەوە بەڵگەی بە توانایی مامۆستاو زیرەکی قوتابییە! ئا بەجۆرە مێشکی قوتابی دەکرێ بە عەمار و مامۆستا زانیارییەکانی خۆی تێدا هەڵدەگرێ کە پێویستە قوتابی لە کاتی خۆیدا، واتە لە تاقیکردنەوەدا وەکو خۆی بیداتەوە دەستی مامۆستا. دیارە لەم شێوازە فێرکردنەدا مامۆستا ناکاتە هۆیەك لە هۆیەکانی فێرکردن، بەڵکو دەیکاتە سەرچاوەی کۆمەڵێك زانیاری، زۆرجار سواو و دوور لە ئێستا و تەنانەت داهاتووی ژیانی قوتابی، و قوتابی وەکو بێگارێك وەری دەگرێ تا لە کاتی پێویستدا خۆی، یان مێشکی کاوێژ بکاتەوەو ئەو زانیارییانە تا دەکرێ وەکو خۆیان بداتەوە بە مامۆستا. دیارە ئەم شێوازە پتر مامەڵە لەگەڵ زاکیرەدا دەکات و ئەقڵ وەلاوە دەنێ و دەرفەتی داهێنان و پەرەپێدانی بۆ نایەڵێتەوە، مرۆڤ چۆن بەبێ پرسیارو دیالۆگ دەژی، چۆن مومارەسەی بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەکات بەبێ ئەوەی کار بکات؟!

دیارە ناکرێ، چونکە زانیاری ڕاستەقینە لە داهێنانەوە هەڵدەقوڵێت و هەموو داهێنانێك زادەو بەرەنجامی نیگەرانییە و هەموو نیگەرانییەك ڕەگی لە هەستکردن بە مەسئولییەتدایە. جا مرۆڤ کە بۆخۆی بوونەوەرێکی پرسیار ئامێزەو بەبێ پرسیار هەڵناکات، تەنیا لە ناو کاردا و لە چوارچێوە و مامەڵە کردنی لەگەڵ جیهانداو بە بەشداری خەڵکی دیکە دەتوانێ وەڵامی پرسیارە زۆرو زەبەندەکانی خۆی بداتەوە. خوێندن و فێرکردن کە لە بنەڕەتدا پرۆسەی گەڕانی بەردەوامە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی، لەم شێوازەدا دەبێتە تەوق و لە گەردنی قوتابیان دەکرێ، مامۆستا لەم شێوازەدا وەکو وێنەیەکی دژی قوتابیان دەردەکەوێ و بە زانیاری خۆی دەنازێ و بوونی خۆی لە نەزانی قوتابییەکاندا بەرجەستە دەکات، واتە دیوارێك دەکەوێتە نێوان مامۆستا و قوتابییەوە، بەڵام لە فێرکردنی

ڕاستەقینەدا تەبان و مامۆستاو قوتابی لە ڕێگەی دیالۆگەوە هەم یەكتر فێردەكەن و هەم لە یەكترەوە فێردەبن.

بەڵام لە شێوازی تەلقینیدا، مامۆستا لە هەموو بوارەكاندا بكەرەو قوتابی بەر كار و كار لێكراوەو مامۆستا كۆڵەكەی پڕۆسەی فێركردنەو قوتابی بەرەنجامەكەیەتی، دیارە تا پتر ئەوە دووپات بكرێتەوەو جەختی لەسەر بكرێ كە قوتابی تەنیا عەماری هەڵگرتنی زانیارییە، پتر ئەقڵیان بەو دنیایەدا دەشكێ كە پێویستە بیگۆڕن. جا قایل بوونیان بەم دەورە سەلبییەی كە بە سەریاندا سەپێنراوە، ڕاهێنانیانە لەگەڵ واقیعێكدا، ڕاهاتنیش خۆی لە خۆیدا كەم كردنەوەو بگرە سڕینەوەی توانای داهێنانە لە لای قوتابی، كە بێگومان ئەمەش لە خزمەتی مەبەست و ئامانجی چەوسێنەردایە كە حەزناكەن ئەوانە چاویان بكرێتەوەو بیر لە گۆڕینی واقیعی ژیانیان بكەنەوە، چونكە چەوسێنەر بە سروشت دژی هەر جۆرە شێوازێكی فێركردنە كە ببێتە مایەی نەشونما و پەرەسەندنی بەهرەی ڕەخنەیی. بۆیە بە لای ئەوانەوە خەڵكی پەسەند و باش، هەرگیز خاوەنی هەڵوێستان نین، بەڵكو ئەوانەن كە بە ئاسانی دەستەمۆ دەبن و لەگەڵ زروفی چەوسانەوەو سەركوتكاریدا ڕادێن و مل دەدەنە خەت و نەك هەر هەڕەشە لە دەسەڵاتی ئەوان ناكەن، بەڵكو درێژەشی پێ دەدەن.

جا ئەم دەستكەوتەی چەوسێنەران زۆر بە جوانی بەهۆی شێوازی فێركردنی تەلقینییەوە زامن دەكرێت. دیارە ئەم شێوازەش ڕێگە لە جەماوەری خەڵك دەگرێت بێدار ببنەوەو خۆیان بناسن و مومارەسەی مرۆڤانی خۆیان بكەن. هەڵبەتە ئەوانەی پشتیوانی لە فێركردنی تەلقینی دەكەن و مێشكی قوتابی بە عەماری هەڵگرتنی مەبەستەكانی خۆیان دەزانن، تەماحی دەسەڵات وایان لێ دەكات بە ئاسانی ئەو زانیارییە ناكۆكانە نەبینن كە مێشكی قوتابی پێ دەئاخنن، چونكە هەر ئەو ناكۆكیانە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەتەقنەوەو كارێكی وا دەكەن قوتابی لەو شێوازە فێركردنە كە تەنیا مەبەستیماڵێكردن و دەستەمۆ كردنیان بووە، هەڵبگەڕێنەوەو یاخی ببن، چونكە قوتابی لە ناو واقیعدا فێردەبێ، یان واقیع چاوی دەكاتەوەو فێری دەكات كە واقیع پڕۆسەیەكی بەردەوامە و گۆڕینی بەردەوامی پێیە،

هەنگێ دەرك بەوە دەكەن كە ئەوەی فێری بوون و فێر كراون، تەنیا سەرگەرم كردن و دوور خستنەوەیان بووە لە خەبات لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادی خۆیاندا. دەتوانین بێژین لە ڕوانگەی سیستەمی فێر كردنی تەلقینییەوە مرۆڤ لە ناو عالەمدایە نەك لەگەڵیدا.

هەروەها لە ناو خەڵكیدایە نەك لەگەڵیاندا و بۆیە لە ڕوانگەی ئەمانەوە مرۆڤ تەنیا تەمەشاڤانێكی بێ دەسەڵاتەو ناتوانێ دەوری خۆی دابێنێ، بەم پێیەش مرۆڤ نابێ بە ویژدانێكی هەستەوەر، هەست بەم جیهانە بكات، بەڵكو ئەقڵێكی بۆش و بەتاڵە و ئامادەیە هەرچییەكی تێ بئاخنرێ، ئیدی دەوری فێركار دەبێ بەوەی مێشكی قوتابی بەو زانیارییانە بئاخنێ كە خۆی بە زانیارییان دەزانێ و لە كاتی پێویست و تاقیكردنەوەدا وەكو خۆیان لە قوتابی دەوێتەوە، ئەمەش پتر ڕاهێنانی قوتابییە بەو واقیعەی بۆی دروست كراوە و ماڵیكردن و دەستەمۆكردنییەتی، هەروەها دوور خستنەوەیەتی لە هەر بێداربوونەوەیەكی ویژدانی و ئەقڵی، ئەمەش تەنیا لە پێناوی ڕاگرتنی واقیعەكەو درێژەدان بە تەمەنی پڕ چەوساندنەوەی دەسەڵات، بەمەش قوتابی ئارەزووی ژیانی لەلا دەتۆرێت، چونكە هەر گۆڕان و گۆڕینێ، ئارەزووی ژیان دەگەشێنێتەوەو دەبوژێنێتەوە.

هەڵبەتە سیستەمی فێركردنی تەلقینی، مرۆڤ فێری ئەوە دەكات بە زاكیرە بیر بكاتەوە نەك بە تەجرەبە، بە موڵكداری بیر بكاتەوە نەك بە بوون، بەمجۆرە ناتوانێ جگە لە خۆی بیر لە هیچ شتێك بكاتەوە ئەگەر هی خۆی نەبێ، بۆیە ڕۆحی موڵكداری لا دروست دەبێ و بەبێ موڵكداری پەیوەندی لەگەڵ جیهان و واقیعدا دەبڕێت، هەڵبەتە مەبەست ئەو جیهان و واقیعەیە كە تیایدا دەژی، بێگومان ئەمجۆرە مرۆڤە بەرە بەرە فێری حوكمكردنی خەڵكی دەبێت و بەمەش خۆی دەكوژێت و لە ئینسانییەت دەكەوێت، كەواتە چەوساندنەوە و دەسەڵاتداری ڕێگەیان دەچێتەوە سەر كوشتن، چونكە ڕەگیان لە ئاشقبوونی مەرگدایە نەك ئاشقبوونی ژیان، هەر بۆیە سیستەمی فێركردنی تەلقینی زەمینە بۆ مەرگ خۆش دەكات، چونكە مرۆڤ لەگەڵ زرووفی چەوساندنەوەدا ڕادێنێ و توانای داهێنەرانەی لە كار دەخات و دیارە كە مرۆڤ هەستی كرد هەر چوار دەوری لێ تەنراوە و توانای هیچ جوڵەیەكی نییە،

هەرچەند زۆر نارەحەت و نیگەران دەبێ، بەڵام هەر ئەو گەمارۆیە بەرەو یاخی بوون و کودەتای دەبات. جا بەم پێیە فێرکردنی تەلقینی ئامانجی ئەوەیە قوتابی دەستەمۆ بکات و لەگەڵ دنیای چەوسانەوەدا ڕای بێنێ.

بۆیە گەورەترین هەڵە ئەوەیە کۆمەڵگەی شۆڕشگێڕ بکەوێتە لاسایی کردنەوەی کۆمەڵگەی چەوسێنەرو هەر کۆمەڵگەیەکی شۆڕشگێڕ، ئەمە بکات یان دووچاری گومڕایی بووە، یان باوەڕی بە جەماوەری خۆی نەماوە، جا لە هەردوو حاڵەکەدا دەکەوێتە بەر هەڕەشەی یاخی بوون و کودەتا. جا بۆیە پێویستە بە زووترین کات سیستەمی فێرکردنی تەلقینی وەلاوە بنرێ و فێرکردن بکرێ بە ئامرازێك بۆ تیشك خستنە سەر ئەو گیرو گرفتانەی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا گیرۆدەی بووە، واتە فێرکردنێك کە پرسە مرۆڤانییە فیعلییەکان وەربگرێ، شێوازی بەیانات وەلاوە دەنێ و پەنا وەبەر شێوازی دیالۆگ دەبات. بەم پێیە هەر شێوازێکی فێرکردن ئازادی مەبەست بێ زیاتر پێ لەسەر تێگەیشتن و دەرك کردن دادەگرێ، نەك گواستنەوەی زانیاری و لەبەر کردنی.

لەم حاڵەتەشدا بابەتی فێرکردنەکە دەکەوێتە نێوان قوتابی و مامۆستاوە و بەمەش ناکۆکی و جیایی نێوان قوتابی و مامۆستا نامێنێ و پەیوەندییەکی دیالۆگی لە بەینیاندا چێ دەبێت و بابەتی فێر بوونەکە بە هۆشیارییەوە دەرك دەکرێ. لە سایەی ئەم شێوازەدا دەسەڵات، دەسەڵاتی ئازادییە، چونکە لەم شێوازەدا زانیاری لە نێوان مامۆستاو قوتابیدا بە شێوەی دیالۆگ، دەگۆڕرێتەوە نەك وەکو لە چەمکی فێرکردنی تەلقینیدا باوە کە تەنیا مامۆستا سەرچاوەی زانیاری بێ. چونکە لە شێوازی فێرکردنی تەلقینیدا، لە دوا ئەنجامدا دەرسەکە دەبێ بە موڵکی مامۆستا، نەك بە کەرەستەیەك بۆ وروژاندنی هەستی ڕەخنەیی لە نێوان قوتابی و مامۆستادا، بەجۆرە کاتێ بەخۆ دەزانین بە ناوی پاراستنی کەلتوورو زانیارییەوە گیرۆدەی سیستەمێك کراوین لە ڕاستیدا حاشا لە کەلتوورو زانیاری دەکات. بەڵام لە شێوازی دیالۆگ و خستنە ڕووی گیروگرفتاندا، دەرسەکە نابێ بە موڵکی مامۆستا، بەڵکو دەبێ بە کەرەستە و چرای بیرکردنەوە بۆ هەموان و دەوری قوتابی تەنیا

گوێگرتن نابێ، بەڵکو بە جۆرێکی ڕەخنەیی و دیالۆگی و ئیجابی بەشداری مامۆستا دەکەن و لەم ڕێگەیەوە توانای داهێنان، چ لە لای قوتابی و چ لە لای مامۆستا دەتەقێتەوەو واقیع لە بەردەمیاندا دەکرێتەوەو کەشف دەبێت و ئیدی لێرەوە تێکەڵ بە واقیعی ژیانی خۆیان دەبن و گیانی ڕووبەڕووبوونەوەو گۆڕینیان لەلا دەخوڵقێ و پەرە دەستێنێ و هەست بە بوونی خۆ و بە بوونی واقیع و ژینگە و جیهان دەکات.

ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەوێنی خۆشەویستکردنی ژیانە لە لای مرۆڤ. سەرچاوەی بوژاندنەوەی بەهرەی ڕەخنەگرییە، سەرەتای دیتنی جیهانە وەکو بوونێکی بزۆزی لە حاڵی پەرەسەندن و گۆڕاندا، نەك وەکو بوونێکی وەستاوی لە جێی خۆ چەقیوی نەگۆڕ، بەمجۆرە فێرکردنی دیالۆگی، کە لە سەر بناغەی ورووژاندن و خستنە ڕووی گرفتەکان ڕۆدەنرێ، مرۆڤ بە بوونەوەرێك دادەنێ کە لە قۆناغی سەیرورەدایەو بوونێکی مێژوویی تەواو نەبوو مومارەسە دەکات و هەر ئەم دەرك کردنەی مرۆڤ بە ناکاملی خۆی، ناچاری دەکات کار بۆ پەرەپێدانی خۆی بکات، کەواتە فێرکردنی (دیالۆگی) کارکردنە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ لە کەینونەوە بۆ سەیرورە. بەمجۆرە ئەم سیستەمە فێرکردنە دان بە ئێستای پرشنگدارا نانێ و باوەڕ بە ئاییندەی پێشوەختە دیاریکراویش ناکات، بەڵکو سەرقاڵی پرۆسەیەکی دینامیکییە کە ڕەگی لە ئێستادایە و لق و پۆپ بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەرەو ئاییندە دەهاوێ. کە ئاوڕیش لە ڕابردوو دەداتەوەو دەیخوێنێتەوە، بۆ ئەوەیە بزانێ چۆن ئاییندە بە شێوەیەکی ئاقڵانە بنیات بنێ و بەمجۆرە خەڵکی بێدار دەبنەوەو لە ئامانجەکانی خۆیان تێ دەگەن و دەبن بە خودانی جیهانبینییەکی واقیعی و کار بۆ وەدیهاتنی ئینسانییەتی خۆیان و خەڵکی دیکە دەکەن.

## (١٠)

کە باسی دیالۆگ دەکرێت، بەو مانایەیە کە دیالۆگ وشەیە، وشەش یان بایەخی وشە لەوە زیاترە کە تەنیا ئامرازی دیالۆگ بێ، چونکە هەر وشەیەك بگری، بە تایبەتی وشەی

ڕاستگۆ لە جوت مەودای جیهانبینی و کردەوە بەدەر نییە، هیچ وشەیەکی ڕاستگۆو ڕاستەقینەش نییە لە ناو واقیعی ژیاندا نەیەتە جێبەجێ کردن و ئەنجامدان، هەر ئەنجامدان و جێبەجێ کردنێك گۆڕانێکی پێوەیەو دەتوانێ دنیا بگۆڕێت. بەڵام ئەگەر وشە لە جووت مەودای جیهانبینی و کردەوە دابماڵرێ، ئەوا دەبێ بە چەنە بازییەکی بێهودەو ناوەڕۆك پوچەڵ، کەواتە بایەخی وشەی کردەوەیی لەوەدایە چەند جیهانبینی گرتۆتە خۆی، چونکە کردەوەی بێ جیهانبینی، حەقیقەت و پەیامی دیالۆگ پوچەڵ دەکاتەوەو هیچی پێ ئەنجام نادرێ.

بەم پێیە بوونی مرۆڤانی نەدەتوانێ بێدەنگ بێ و نە بە وشەی بێهودەو بۆش و بەتاڵ بژی، بۆیە مرۆڤ پێویستی بە وشەی ڕاستگۆ و ئاوس بە ڕاستگۆییە تا بیژییەنێ، یان پێی بژی و واقیعی بۆ بگۆڕێ. بەم پێیە ژیان وەکو مرۆڤ، یان مرۆڤانە ژیان، دەکاتە ناسین و زانینی واقیع و کارکردن بۆ گۆڕینی. خۆ مرۆڤ هەر کە واقیع یان جیهانی ناسی ڕاستییەکانی بۆ دەردەکەوێ و بیر لە گۆڕینی دەکاتەوە. جا مادامێکی وشە هەوێنی کردەوە بێ و کردەوە هەوێن و سەرچاوەی گۆڕین بێ، ئەوا بێگومان وشە دەبێ موڵکی هەموو کەس بێ و هەرکەسە و وشەی خۆی بڵێ، نەك وشە ببێ بە موڵکی دەستەو تاقمێك و خەڵکانێکی دی لێ بێبەش بکرێت، واتە وشە دابەش نابێ بەسەر قسەکەرو گوێگردا. چونکە لەو دابەشکردنەدا دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات، چەوسێنەرو چەوساوە دروست دەبێت و دیالۆگ دەبێ بە هۆیەکی چەوساندنەوە.

لە کاتێکدا بنەمای دیالۆگ خۆشەویستییە، یان دەشێت بڵێین خودی خۆشەویستییە، بەڵام چەوساندنەوە ئافاتی خۆشەویستییە، چونکە لە لایەکەوە ڕەگی لە سادییەتدایە سەبارەت بە چەوسێنەرو لە لایەکی ترەوە ڕەگی لە ماسوشییەتدایە سەبارەت بە چەوساوە، بۆیە خۆشەویستی کە خۆی لە خۆیدا هەڵوێستێکی بوێرانەیە، هیچ ترسێك ناناسێت و بەوپەڕی بێباکی ئیعتراف بە بەرانبەر دەکات و مافی ژیانی پێ ڕەوا دەبینێ کە ئەم مافەش بە وەدیهاتنی ئازادی دەستەبەر دەبێ. کە خۆشەویستی هەڵوێستی بوێرانە بێ، ناشێت

لەسەر بنەمای چەوساندنەوە ڕۆبنرێ، بەڵکو دەبێ ئارەزووی وەدەستهێنانی ئازادی لە لای خەڵکی بخولقێنێ، دیارە خۆشەویستی ڕاستەقینە بەو ئامانجەوە بەندە و ئەو ئامانجەش دەکاتە وەدەستهێنانی ئازادی و نەهێشتنی چەوسانەوە کە خۆی لە خۆیدا دژی خۆشەویستییە.

مرۆڤ کە نەیتوانی دنیاو ژیان و خەڵکی خۆش بوێ، ناتوانێ هیچ جۆرە دیالۆگێکیان لەگەڵدا دروست بکات. کەواتە خۆشەویستی و بێ فێزی سەرچاوەی هەرە ڕەسەنی دیالۆگە یان دەستپێکی دیالۆگە. چونکە چۆن دیالۆگ لەگەڵ ئەوەی دیدا دەکرێ کە خۆت لەو بە زیاتر و شایستەتر بزانی، چونکە دیالۆگ دەبێ هاوکوفانە بێ لە نێوان لایەنانی دیالۆگدا و هەوڵدان بێ بۆ ئەوەی بە جۆرێکی هاوبەش واقیعی خۆیان بناسن و بزانن، نەك فێڵ لێکردن بێ و لە پرۆسەیەکی مەلا بەزێنانەی بێهودە بەولاوە هیچی دیکە نەبێ، ئەمە بە هیچ پێوەرێك ناکاتە دیالۆگ و زیاتر شەڕە قسەو سڕینەوەی متمانەو قووڵ کردنەوەی گومانە و بێ باوەڕییە لە لای یەکدی، ئەمە زۆر بە زەقی لە کوردەواریدا و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دیارەو پەیڕەو دەکرێ. هەڵبەتە متمانە پێویستە بۆ هەر دیالۆگێکی سەرکەوتوو، چونکە بەبێ متمانەی هاوبەش لە نێوان لایەنانی دیالۆگدا، ئیدی دیالۆگ دەبێ بە جۆرە کۆمیدیایەك کە جۆرێك لە چەوسانەوەی باوکانە، یان برا گەورانە دەگرێتە خۆ.

بێگومان متمانە لە هەموو بارو دۆخ و زروفێکدا ڕادەی ئەو ڕاستگۆییەیە کە دیالۆگکاران دەری دەبڕن و پەیڕەوی دەکەن و بەبێ متمانە قسەو کردەوە زۆر لێکدی دوور دەبن و دیالۆگیش بەبێ هیواو ئاوات نابێ، چونکە ئاوات و هیوا ڕەگیان لە نوقستانی مرۆڤدایە و مرۆڤ هاندەدا بۆ پڕکردنەوەی نوقستانییەکانی خۆی و چوون بەرەو کەماڵ و بەرەو باشتر، دیارە ئەمە دەبێتە باعیسی بیر کردنەوە و کارکردن و ڕەخنە گرتن لە واقیع و گۆڕینی بە قازانجی وەدیهاتنی مرۆڤانی مرۆڤ و گەیشتنی بە ئازادی.

کەواتە دیالۆگ تاقە ڕێگەیە بۆ بیر کردنەوەی ڕەخنەگرانە کە بیرکردنەوەی داهێنەرانەی بە دوادا دێت، بەبێ دیالۆگ پەیوەندی دروست نابێ و بەبێ پەیوەندی فێربوون نابێ،

فێرکردنی ڕاستەقینە و دروست ئەوەیە بتوانێ ناکۆکییەکانی نێوان پەیوەندی مامۆستاو قوتابی لا ببات و وەکو دوو هاوبەش لە یەك پڕۆسەدا کار بکەن و واتە لێرەدا مامۆستا لە سەرێڕا، بێ ڕەچاو کردنی حەزی زانین و فێربوونی قوتابی، بابەتەکانی خۆی ناسەپێنێ، چونکە ئەو بۆ ئەوە کار ناکات کە قوتابی بۆ قازانجی دەسەڵاتی مامۆستایانەی خۆی لە دەور خۆی خڕ بکاتەوە، چونکە دەوری مامۆستای ڕاستەقینە بریتییە لە فێرکردن و فێربوون کە سەرچاوەی ئازادییە، هەم بۆ مامۆستا و هەم بۆ قوتابی.

کەواتە مامۆستا وەکو پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕ ڕای خۆی لە مەڕ جیهان و واقیع، یان ئەوەی خۆی بە دروستی دەزانێ، ناسەپێنێ، بەڵکو پەیوەندییەکی دیالۆگیان لەگەڵدا دروست دەکات کە تەوەرەکەی ڕاوبۆچوونی ئەوانە لەمەڕ واقیع و جیهان. هەڵبەتە ئەوانە وەکو مرۆڤ کە ڕوو بەڕووی دنیا دەبنەوە، تەنیا مانا بە ژیان بە دنیا نابەخشن، تەنیا کاڵای مەتریالی بەرهەم ناهێنن، بەڵکو بیرو بۆچوون و چەمك و سیستەمان، بەرهەم دێنن، دنیا دەگۆڕن بۆ یەك دنیا لە مێژوو- و کەلتوور. جا هەر ئەم خەسڵەتە مرۆڤانییە وا لە مرۆڤ دەکات کە ڕوو بەڕووی هەڵوێستێك دەبێتەوە، هەوڵی ئەوە بدات ڕەمز و ڕازەکانی بکاتەوەو دەرکی بکات و تێی بگات و لە هەموو ڕوویەکەوە تیشکی بخاتە سەرو هەڵوێستی لەمەڕ وەربگرێت، چونکە هەڵوێست وەرگرتن خەسڵەتێکی مرۆڤانییەو هەر کەس و گروپێك گوزارشت لە هەڵوێستی خۆی نەکات، دەبێ بێدەنگی هەڵبژێرێ و بێدەنگ بوونیش لەمجۆرە حاڵەتانەدا هاوتای مەرگە.

(١١)

هەڵبەتە پڕۆسەی فێرکردنی دیالۆگی، خۆی لە خۆیدا پڕۆسەیەکی شۆڕشگێڕییە، هەڵبەتە پێوەری شۆڕشگێڕی هەر ئەوە نییە پەیڕەوی سەرکردە بکەی و گوێڕایەڵی قسەو کرداری بی، چونکە شۆڕشگێڕێتی ڕاستەقینە جۆرێکە لە بەشداری و خەڵکی شۆڕشگێڕ ناکرێن بە موڵکی سەرکردەکان، چونکە تەنیا دروشم و مێشك شۆردنەوەو میلیشیات،

شۆڕشی ڕاستەقینە بەرجەستە ناکات، چونکە ئەم دیاردەیە زیاتر دیاردەی کۆیلاندنە تا دیاردەی ئازادکردن و ڕزگاری بێ. هەرکەسێك ئارەزووی باڵادەستی و دەسەڵاتی بەسەر خەڵکیدا هەبێ، دەبێ مافی کار و قسەو ئازادی هزر لە خەڵکی بسەنێتەوە یان بە لای کەمەوە ئەو مافانەی پێ ڕەوا نەبینێ. جا ئەو سەرکردە شۆڕشگێڕانەی نایانەوێ دیالۆگ لەگەڵ خەڵکیدا بکەن، ئەوا یان چوونەتە پێستی چەوسێنەرەوە، یا گومڕابوون و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆیان لێ شێواوە، دیارە لە هەردوو حاڵەتەکەدا لە شۆڕشگێڕی دوورکەوتوونەوە و فریان پێوە نەماوە، ئەمەش ئەو حەقیقەتە دووپات دەکاتەوە کە گەیشتنی شۆڕشگێڕان بە دەسەڵات دوا قۆناغ نییە، هەر کەسێك بگاتە دەسەڵات و ڕەفزی دیالۆگ لەگەڵ خەڵکیدا بکات، جاڕی پاشگەز بوونەوە لە شۆڕشگێڕێتی خۆی دەدات و ئەوە دەسەلمێنێ کە توانای جێبەجێکردنی ئامانجەکانی شۆڕشی نییە.

بەم پێیە بە دیار دەکەوێت کە دیالۆگ لەگەڵ جەماوەردا مەرجێکی پێویستە بۆ هەر شۆڕشێکی ڕاستەقینە، هەر ئەمەشە کە شۆڕش لە کودەتا جیا دەکاتەوە، چونکە کودەتاچی دەیەوێ بە هەر شێوەو شێوازێك بووە، شەرعییەت بۆخۆی وەدەست بێنێ، بەڵام شۆڕشگێڕ بیەوێ و نەیەوێ بە حوکمی واقیعی شۆڕشگێڕانەی خۆی دەبێ جۆرە دیالۆگێکی بوێرانە لەگەڵ جەماوەری خەڵکدا بکاتەوە، چونکە ڕەگی شەرعییەتی شۆڕشگێڕ لەو دیالۆگەدایە و هەر لەوێندەرەوە لق و پۆپ دەهاوێ و بەر دەگرێت، بۆیە شۆڕشگێڕ لە ڕای خەڵکی ناترسێت، لە بەشداری خەڵکی لە دەسەڵاتدا، ناترسێت، لەوە شەرم ناکات بە ڕاشکاوی باسی دەستکەوت و سەرکەوتنەکانی، یان هەڵەو ناکامییەکانی خۆی بکات، و تا خێراتر و زووتر ئەو دیالۆگە لەگەڵ خەڵکیدا دەست پێ بکات، شۆڕش پتر ڕەگ لە ڕەسەنایەتی و شەرعییەتی خۆیدا دادەکوتێ، جا دیالۆگ چەند بۆ شۆڕش پێویستە، ئەوەندەش بۆ خودی مرۆڤ پێویستە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی دیالۆگبازەو بەبێ دیالۆگ، کە خۆی لە خۆیدا پەیوەندییەکی ڕەسەنە، ناتوانێ بوونی مرۆڤانی خۆی وەدی بێنێ.

لە دیالۆگدا متمانەی هاوبەش لە نێوان سەرکردەو خەڵکیدا چێ دەبێت، هەر شۆڕشێك ئەم متمانەیەی نەبێ یان نەمێنێ، ئەوا ئەو شۆڕشە ناگاتە ئاکام و ئامانجی خۆی کە بریتییە لە ئازادی. هەڵبەتە دەبێ ئەو حەقیقەتەش فەرامۆش نەکرێ کە شۆڕش ، نە سەرکردایەتی لەبەر خاتری جەماوەر دەیکات و نە جەماوەر لەبەر خاتری سەرکردایەتی دەیکات، بەڵکو هەردوو لایەن لە چوارچێوەی یەکەیەکی یەکپارچەی یەکگرتوودا ئەنجامی دەدەن، ئەم یەکیەتییەش نایەتە دی تا سەرکردایەتی بە گیانێکی خاکیانەی بوێرانەی پڕ خۆشەویستییەوە ڕوو بەڕووی جەماوەر نەبێتەوەو پێشوازی نەکات، دیارە ئەم بوێرییەش لە لای هەموو کەسێك نییە، هەر کەسێکیش ئەم بوێرییەی نەبێ بە جۆرێ مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا دەکات وەکو هەر شتێکی دی، بەمەش ڕەوتی بوژانەوەو ژیان سست دەبێت و دەمرێت.

شۆڕشی ڕاستەقینە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی ئەو واقیعەی کەرامەتی مرۆڤی تێدا پێشێل دەکرێت، دیارە خەڵکانی سودمەند لەو واقیعە شۆڕش ناکەن، بەڵکو خەڵکانی چەوساوە لەگەڵ سەرکردەکانیاندا شان دەدەنە بەر شۆڕش. دیارە لە شۆڕشدا دەبێ بایەخێکی گەورە بە هەستی خەڵکی و کاریگەریی ئەو هەستە لە کاری شۆڕشگێڕیدا بدرێ، دیارە ئەم پرۆسەی شۆڕش و شۆڕشگێڕاندنە لە مێژوو بەدەر نییەو لە ناو چوارچێوەو ڕەوتی مێژوودا بەرجەستە دەبێ، هەر حەقیقەتێکی مێژوویش بگری لە هەمان کاتدا حەقیقەتێکی مرۆڤانییە، نە مێژوو بەبێ مرۆڤ دەبێ، نە مرۆڤ بەبێ مێژوو دەبێ، مێژوو، مرۆڤ دروستی دەکات، و مێژووش مرۆڤ دروست دەکات، کاتێ مرۆڤ لە مافی بەرهەمهێنانی مێژوو مەحروم بکرێ دەکەوێتە ژێر باری دەسەڵات و دەسەڵاتداران، ناچار دەبێ بۆ بەزاندنی ئەو واقیعی ژێر دەستەییە، بە هوشیارییەوە بەشداری کاری شۆڕشگێڕی بکات، نەك وەکو هەر کەلوپەلێکی دی ژێر دەستەیی قەبوڵ بکات.

شۆڕش بەشێوەیەکی گشتی ڕەفزی کۆمەڵگەی سەرکوتکاری دەکات، تا کۆمەڵگەیەك لە جێی دامەزرێنێ، خەڵکی لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادی خۆیاندا ژیان بجەڕێنن و گەشە

به تەبیعەتی دیالۆگی شۆڕش بدەن، کە هەر ئەو تەبیعەت و سروشتە دیالۆگییە شۆڕش دەکات بە کارێکی کەلتووری پەسند، هەر ئەم تەبیعەتە دیالۆگییەیە کە سەلامەتی ڕەوتی شۆڕش دەپارێزێ و لەوەی دوور دەخاتەوە کە ببێ بە دام و دەزگا و ڕێکخراوی بیروکراتی بۆش و ناوەڕۆك پووچەڵ، ئەوانەی شۆڕش بەو ئاڕاستەیەدا دەبەن، زیاتر ئەو کۆنە شۆڕشگێڕانەن کە بوون بە دیاردەی کۆنە پەرستانە و پێیان وایە خەڵکی بەبێ ئەزموون دەتوانن بگەنە دەسەڵات و بەبێ دیالۆگ مومارەسەی بکەن.

بەم پێیە دیالۆگ فاکتەرێکی هەرە گرینگە بۆ وەدەستهێنانەوەی مرۆڤانییەتی مرۆڤ و بۆ ئەوەی بخرێتە سەر ڕاستە ڕێگەی کاری ئازاد، کاری ئازادیش ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێ لە ڕێگەیەوە واقیع و خۆی بگۆڕێ و گرینگترین پێداویستی ئازادی ئەوەیە کە مرۆڤ بەو کۆت و زنجیرانە بحەسێت کە توانا مرۆڤانییەکانی پێوەند و کەلەپچە دەکات، هەروەها توانا و بەهرە داهێنەرە مرۆڤانییەکانی خۆی بناسێت، چونکە خەبات لە پێناوی کۆمەڵگەی ئازاددا، هەرگیز نایەتە دی تا مرۆڤ ئەوپەڕی ئازادی بۆ خۆی فەراهەم نەکات.

جا لێرەدا دەبێ ئەوە دووپات بکەینەوە کە چەوسانەوەو سەرکوت، بە دوورە پەرێزی لە دیالۆگ مەیسەر دەبێت، هەڵگرانی ئەم بۆچوونە کە کەمینەی دەسەڵاتدار پێکدێنن بۆ ئەوەی درێژە بە دەسەڵاتی خۆ بدەن، هەمیشە هەوڵ دەدەن چەند بەرەکی بخەنە ناو چەوساوانەوەو نەیەڵن قسەیان یەك بگرێ و هەست بەوە بکەن کە پێویستیان بە یەکگرتنە، بۆیە ئەو دەسەڵاتدارانە بە هەموو شێوەیەك چەمکی یەکێتی و ڕێکخستن و خەبات و هەر وتەو کارێك کە بۆنی شۆڕشگێڕی لێ بێ دەخەنە لیستی یاساغانەوە، چونکە خەتەرن و هەر کە چەوساوە دەرکی کردن ئیدی ئارەزوو- و کەڵکەڵەی ئازادی لەلا دروست دەبێت و ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەرەتایە بۆ دیالۆگ کە کەڵکەڵەی ڕەخنەو ڕەخنەگری لێ دەکەوێتەوەو بە شۆڕش کۆتایی دێت.

بۆیە چینی دەسەڵاتدار، زۆرجار کە خۆی لەبەردەم هەڕەشەی جددی شۆڕشی چەوساوان دەبینێتەوە، بە پەلەپڕۆزێ دەکەوێتە هەندێ ڕیفۆرمی سەرڤە سەرڤە، وەك ئەوەی بڵێ زەرەر

له نیوەش بگەڕێتەوە هەر قازانجە، تا ئەوان شۆڕشیان دەست پێ نەکردووە و هەموو شتێکیان ڕانەماڵیوە، ئێمە فریای خۆمان بکەوین و هەندێ ڕیفۆرمان بکەین، بەڵام ئەم کارە هەرگیز ناکۆکییە بابەتی و ناوخۆییەکان، کە چەخماخەی شۆڕشن، چارەسەر ناکات. ئەو کاری ڕیفۆرم و ڕیفۆرمکارییەش زۆر دوورە لە شۆڕشگێڕییەوە، بەڵکو چەواشەکارییەکە کە دەسەڵاتدارانی چەوسێنەر بۆ چاوبەستەکێ لە خەڵکی پەیڕەوی دەکەن، بەمەش هێندەی دی متمانەی جەماوەر لەدەست دەدەن، کە متمانە هەموو کاتێك بناغەی دیالۆگە. دیالۆگیش لە پێناوی ئازادیدا، ئەوە ناگەیەنێ جەماوەر لە واقیعێك ئازاد بکرێ تا بە واقیعێکی دی لە قالبی بدەیت، بەڵکو بێدار بوونەوەی جەماوەرە کە ملکەچی هیچ بارودۆخێکی نا دادپەروەرانە نەبێ.

بەڵام ئەمەش بە مانای بەرەڵایی نییە، چونکە ئازادی بەبێ مەسئولییەت، یان بەبێ دەسەڵاتی یاسایی نییە و نابێ، بەڵام دەشێت دەسەڵات بەبێ ئازادی هەبێ. بە هەرحاڵ بە شێوەیەکی گشتی نە ئازادی بەبێ دەسەڵات دەبێ و نە دەسەڵات بەبێ ئازادی دەبێ، هەموو ئازادییەك لەوەیە لە هەندێ زروفدا ببێ بە دەسەڵات، جا لێرەدا ئازادی و دەسەڵات لێکدی جیا نین، و بەڵکو پەیوەندییەکی بەردەوامیان لە نێواندایە. دەسەڵاتی ڕاستەقینە دژی ئازادی ناوەستێ، چونکە خۆی لە ئەسڵدا ئازادییە و بووە بە دەسەڵات، هەروەها دەسەڵاتی ڕاستەقینە بەبێ ئازادی هەڵناکات، بۆیە لە کاری دیالۆگیدا دەسەڵات و ئازادی دوو ڕووی یەك پارچە دراون لە ڕێکخستنی ژیاندا، دەسەڵات بۆ بەرەنگار بوونەوەی تەسەلوت، ئازادی بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئاژاوە.

## ژێدەران:

١- التخلف الاجتماعي/ سيكولوجية الانسان المقهور — د. مصطفيَ حجازي ط٦.

٢- ثورة الامل/ نحو انسنة التقنية/ ت: ذوقان قرقوط/ اريك فروم بيروت ١٩٧٣.

٣- علم النفس والتاريخ د. ريكان ابراهيم/ بغداد ١٩٨٧.

٤- فن الحب/ اريك فروم/ ت: مجاهد عبدالمنعم مجاهد بيروت/ ط٢/ ١٩٨١/٢/١٤.

٥- گريز از آزادي، اريك فروم/ ت: عزت الله فولادوند

چاپ ششم ١٣٧٠ (١٩٩١).

٦- الخوف من الحرية/ ت: مجاهد عبدالمنعم مجاهد ط١ ١٩٧٢ بيروت.

٧- تعليم المقهورين باولو فرايري، ترجمة الدكتور يوسف نورعوض ط١ ١٩٨٠ دار القلم بيروت.

## ٢- قوتابخانە ئاوێنەی ئاییندەی میللەتە

" ١"

ڕەنگە ئەگەر بگوترێ ئاییندەی هەر میللەت و وڵاتێك لە قوتابخانەکانییەوە دەخوێنرێتەوە، یان بە لای کەمەوە هێڵە گشتییەکانی ئاییندەی هەر وڵات و میللەتێك تا ڕادەیەکی زۆر لە قوتابخانەکانەوە دەبینرێت و دیاری دەکرێت، ئەمە نەکاتە زێدەڕۆیی. چونکە ئاستی فێرکردن و پەروەردە، ئاستی پێشکەوتن، یان پاشکەوتن دیاری دەکات. هەڵبەتە هەموومان ئەوە دەزانین کە پرۆسەی فێرکردن وپەروەردە پرۆسەیەکی هەندێك درێژخایەنە و ئاکامە باشەکانی هەروا زوو بە دیار ناکەوێت، بەڵکو پشوودرێژی و بەردەوامییەکی تەواوی دەوێت و دەبێت لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا ئاستی فێرکردن لە بەرچاوبگیرێت، چونکە پێشکەوتنی ئاییندەی وڵات بەندە بە بەرزی ئاستی فێرکردنەوەو قوتابیانی ئەمڕۆ دەبن بە کادیری هەموو بوارەکانی سبەینێی ژیانی وڵات و میللەت. بۆیە پێویستە بەرنامەکانی خوێندن بە جۆرێك بێتە دارشتن کە قوتابی لە ژیانی عەمەلی خۆشیدا سوودی لێ ببینێت و وەکو کادیری ئاییندەش پتر لە ڕێگەی پسپۆڕییەوە خزمەت بە گەل و نیشتمانی خۆی بکات و بەگەڵ کاروانی شارستانییەتی تیرەی بەشەر بکەوێ و بەشداری لە بەرهەمهێنانی مێژووی بەشەریدا بکات. دیارە خوێندن بەر لە هەموو شتێك دەبێت لە پێناوی وەدەستهێنانی مەعریفەت و زانستدا بێت، مەعریفەت دەربارەی ئەم گەردوونەی کە بەشەرییەتی تێدا دەژی، مەعریفەت دەربارەی خودی مرۆڤ، تا ببێت بە فاکتەرێك بۆ ڕیشاژۆکردنی مرۆڤانی مرۆڤ، هەر بۆیە دەبینین کە حکومەتانی وڵاتانی پێشکەوتوو بودجەیەکی زۆر بۆ فێرکردن و پەروەردە تەرخان دەکەن و پسپۆڕانی هەمەجۆر، لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا پێدەگەیەنن..

مخابن لای ئێمه خوێندن به زۆری بۆ ئەوه بووه که قوتابی ببێت به فەرمانبەرێك و موچه خۆرێك وحکومەت دایبمەزرێنێ و له ڕۆژی دامەزراندنەوه تەمەڵ و تەوەزەل به دەوری خۆیدا بخولێتەوەو سی ساڵ تەواوبکات و خانەنشین بکرێت و بڕۆو بەخێرهاتی!!! واته قوتابخانه پتر بەرهەمهێنانی خوێندەواری موچه خۆری له ئەستۆ گرتووه تا پێگەیاندنی کادیری کاراو لێهاتوو وپسپۆڕ و ڕۆشنبیر و زانا و دانا، که هەڵبەته هەر کەسێك بگاته ئەو ئاسته، ئیدی خۆبەخۆ دەگەڕێت و بوار بۆ مومارەسەی پسپۆڕی و بەهرەکانی خۆی بدۆزێتەوه و جگه له دابینکردنی ژیان و بژێوی، بەهرەو توانای خۆشی بنوێنێت..

"٢"

جاریَ ئەو کتێبه دەرسیانەی که ئەمڕۆ له قوتابخانەکانی کوردستاندا دەخوێنرێن، زۆر کۆنن و بێگومان ئەگەر له بنەڕەتیشەوه نەگۆڕرێن، ئەوا پێویسته دەسکارییەکی چاك بکرێن و لەگەڵ قۆناغی ئەمڕۆی کوردستاندا بسازێن، ئەمه جگه له زەرورەتی ڕێکخستنی دەوام له قوتابخانەکان و کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابی له هەر پۆلێکدا. بۆ نموونه بەردی بناغەی ئاییندەی زانستی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بریتییه له قوتابی سەرەتایی که به داخەوه زۆربەی هەره زۆری قوتابخانەکان سێ دەوامییه و پۆلەکانیش هێنده قەرەباڵغن که ڕەونەقی پۆلیان به تەواوەتی لەدەست داوەو زیاتر له هەڕاجه بازاڕ دەچن!!

زمانی کتێبەکان، که زۆربەی کتێبەکان له عەرەبییەوه کراون به کوردی، زۆر به گرێ و گۆڵ و نارەوان و نامەفهومن، به تایبەتی وانه زانستییەکان، ئەم حاڵەته به ڕادەیەك زاڵه که قوتابی تا زمانەکه کۆنترۆڵ دەکات، زانستەکەی له دەست دەچێت، تا زانستەکه بەرهەق دەکات، زمانەکەی له دەست دەچێت، بۆیه داڕشتنەوەی زمانی ئەو کتێبانه دەبێت به هاوکاری و بەشداری ڕاستەوخۆی شارەزایانی زمانی کوردی ئەنجام بدرێت، نەك به خاترانه به قۆنتەرات بدرێ به خەڵکانێکی نامۆ به زمانی کوردی.. چونکه ئەگەر ئەو زمانه وەکو ئێستا بمێنێتەوه، ئەوا قوتابی بۆ ئەوەی دەربچێت و له بۆڵه بۆڵی مامۆستا!!

بخەلەسێت، ناچار پەنا دەباتە بەر دەرخیات و بیرکردنەوە بە زاکیرە، لە کاتێکدا قوتابی دەبێت پتر پشت بە تێگەیشتن و بیرکردنەوە بە ئەقڵ و تەحلیل ببەستێت، کە ئەمەیانی بەدەست هێنا ئیدی ئەگەر هەندێك جار پێویستی بە دەرخیات بوو، زۆر ئاسانتر دەرەقەتی دێت.. دیارە خەوشێکی دەرخیات، بە تایبەتی لای ئێمە، ئەوەیە کە تا دەرچوون لە تاقیکردنەوە، بڕەکات، وپاشان بیر دەچێتەوە..

بەشێکی زانستە ئینسانییەکان ڕاستەوخۆ دەربارەی عەرەبەو لە هەندێك بواردا عەرەبچیاتی زەقی پێوە دیارە، چونکە ئەو کتێبانە لە بنەڕەتدا لە لایەن پسپۆڕانی عەرەبەوە بۆ قوتابی عەرەب دانراون و قوتابی کوردیش لە عێراقدا هەر بە بەشێك لە عەرەب دانراوە، بۆیە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەچێتە خانەی عەرەباندنی بیر و بیرکردنەوەی قوتابی کوردەوە، بە زمانێکی شێواوی بە ناو کوردی..- ئەدی ناپرسی بۆچی لە دام ودەزگا ڕاگەیاندنەوانییەکانی کوردستاندا ئەم حەملە ترسناکەی ئەنفالی زمانی کوردی بەڕێوەیە-؟!!.. کە پێموایە مرۆڤ تا خۆی نەناسێت، لەزەت لە ناسینی خەڵکی دی نابینێت، بۆیە ئەو بابەتە دەرسانە پێویستە کوردی بن و بە مەلزەمەی پەڕپووتی چەند پەڕەیی پەڕاگەندە چارەسەر ناکرێت، نابێت ئەوەش لە بیربکەین کە زمانی کوردی لە لایەن داگیرکەرانی کوردەوە مامەڵەیەکی شۆڤینییانەی سیاسی دەگەڵدا کراوە...

"٣"

بایەخدان بە وانەی وێنەو وەرزش و مۆسیقا، ئەمانە وانەی زۆر گرینگن لە ڕووی دەروونی و مشت وماڵکردنی سەلیقەو پەروەردەی زەوقی مرۆڤەوەو لە ڕۆحی مرۆڤەوە نزیکن و هەرگیز نابێت ئەو دەرسانە بکرێن بە قوربانی هەندێ دەرسی دیکەو لە بەرچاوی قوتابی سووك بکرێن و لە بایەخی پەروەردەیی و کاریگەریی دەروونییان کەم بکرێتەوە، چونکە ماکی ئەو سێ دەرسە تەنانەت لە زانستە ڕووتەکانیشدا هەن و بەشێکن لە تانوپۆی ئەم گەردوونەی کە ئێمە تێیدا دەژین و فەرامۆشکردنیان خەتایەکی گەورەیە.

"٤"

دیارە پێگەیاندنی مامۆستا لە پەروەردەکردنی قوتابی فەرزترە، هەڵبەتە بنکەکانی پێگەیاندنی مامۆستا تا دیقەت لە هەڵبژاردنی کەسانی لەبار بۆ مامۆستایەتی بکەن هێشتا هەر کەمە. چونکە ئایيندەی میللەتێك بەندە بە تواناو بەهرەو دڵسۆزی مامۆستاوە، زۆرکەس هەن بە ناچاری دەچنە خانەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان و وەکو حەز هیچ حەزێکیان لە مامۆستایەتی نییە، ئەو کەسەی بۆ مامۆستایەتی وەردەگیرێت پێویستە حەزی تەواوی لەو کارە هەبێت، ئامادەبێت بە دڵ و بە گیان ئەو کارە بکات و لە ڕوانگەیەکی مرۆڤدۆستی و نیشتمانپەروەری تەواوەوە لەو بوارەدا تەئکیدی زاتی خۆی بکات و ڕۆژێك بەبێ قوتابی هەڵنەکات، زۆر بە ڕێزو مەحەبەتەوە مامەڵە دەگەڵ قوتابیدا بکات، چونکە ئەگەر قوتابی نەبێت ئەو لە کوێ مامۆستایەتی خۆی مومارەسە بکات و بەهرەو توانای خۆی بنوێنێت، دەبێت مامۆستا شارەزاییەکی تەواوی لە زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا هەبێت.

هەر مامۆستایەك لەو دوو بوارەدا شارەزا نەبێت، ناتوانێت بە نەفەسێکی دیموکراتییانەی سەرکەوتوو ڕابەرایەتی پۆل بکات، چ لە ڕووی زانستییەوەو چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. هەروەها مامۆستا دەبێت خوێنەرێکی زۆر جددی و بەردەوام بێت.. مامۆستا کە دێتە سەر دەرس دەبێت وەکو شارەزایەك لە دەرس گوتنەوەدا بێلایەن بێت و تەنیا پابەندی بەکارهێنانی میتۆدی زانستی بێت لە بیرکردنەوەو ڕەفتاریدا و، هەقی ئەوەی نییە پۆل بکات بە کەناڵێك بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیای تایبەتی خۆی، نەخاسما ئەو ئایدۆلۆژیا سەقەت و عەمارەپۆیانەی لای ئێمە!!.. مامۆستا لەسەرێتی قوتابی فێری چۆنییەتی تێگەیشتن بکات، نەك بەرنامەی کار بۆ قوتابی دابنێت، یان ڕێگەی پێ نیشان بدات، چونکە قوتابی کە گەیشتە حاڵی فێربوون و نهێنییەکانی فێربوونی زانی، ئیدی خۆی بەرنامەی کار بۆ خۆی دادەنێت و ڕێگەی خۆی هەڵدەبژێرێت.

دیاره له پاڵ ئەمانەشدا مامۆستا دەبێت ژیانی مسۆگەر بێت و مووچەیەکی وەهای بۆ تەرخان بکرێت کە سەختی ژیان لە عەشقی مامۆستایەتی دووری نەخاتەوە، دیارە هەرپارەیەك بۆ بواری فێرکردن و پەروەردەیەکی زانستییانەی بەرنامەداری هاوچەرخ خەرج بکرێت بەخەسار ناچێت، چونکە جەماوەری هوشیاری لێ دەکەوێتەوەو جەماوەری هوشیاریش دەزانێت چۆن دیموکراتییانە و مرۆڤانە شانبەشانی کاروانی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بڕوات و هەڵوێستی دروستی لەمەڕ دیاردەو ڕووداوەکانی دنیا هەبێت و بەشداری چالاکانە لە بەرهەمهێنانی مێژووی بەشەردا بکات..

بۆیە ئەوانەی گەرەکیانە بن بە مامۆستا، دەبێت بە گەورەترین نمرەوە لە خانەو پەیمانگەو زانکۆکاندا وەربگیرێن و دەبێ گەورەترین مووچەی وڵات بە مامۆستا بدرێت.... بۆ نموونە ئەندام پەرلەمانێك لە لای ئێمە لە جادەوە دەهێنرێت و گەورەترین مانگانەی دەدرێتێ و چوار حیمایەشی لێ مارە دەکرێت.. مامۆستایەکیش نانی بە دۆی ناگات، خودایا!! ئەمە دەبێ چ حیکمەتێکی تیا بێت!!!

## "٥"

ئەوجا مەسەلەی گوشاری دایك و باوك و کەسوکار لەسەر قوتابی، ئەمەش لە لای ئێمە کاردانەوەیەکی نێگەتیفی لای قوتابی دروستکردووە.. دایك و باوك وا سەیری قوتابی، یان منداڵ دەکەن کە دەبێت بە حەزی ئەوان بن، غافڵن لەوەی کە منداڵ دەنگ و ڕەنگی سەردەمێکی جیاوازتر لە هی ئەوانن و ژیان و ڕۆژگاریشیان لە هی ئەوان جیاوازە، جا ئەمە کردوویەتییە کارێك کە داك و باب و کەسوکار بە تایبەتی لە ڕۆژانی تاقیکردنەوەدا، گوشارێکی وا بخەنە سەر قوتابی و چاوەڕوانی ئەنجامێکی وەها بەرزیان لێ بکەن کە دەروونی قوتابییەکە بئاڵۆزێنن، هەموو ئەمەش بۆ ئەوە دەکەن کە خۆیان بە ئەنجامی تاقیکردنەوەی منداڵەکانیانەوە بابدەن و بڵێن ئەمە نیشانەی سەرکەوتنی منداڵپەروەری ئەوانە!!.. بۆیە زۆرجار بەڵێنی دیاری بە منداڵەکانیان دەدەن کە ئەگەر

سەربکەون. بە پێچەوانەوە هەڕەشەی سەرزەنشتیان لێ دەکەن ئەگەر سەر نەکەون. دیارە سۆزو خۆشەویستی دایك و باوك بۆ منداڵ منەتی تێدا نییە و بە هیچ مەرجێکەوە بەند نییە.

بۆیە نابێت دایك و باوك بەو ئاوایە سەیری سۆزو خۆشەویستی بکەن کە چەکێکی دوو دەمە لە حاڵی سەرکەوتندا دەبەخشرێت و لە حاڵی سەرنەکەوتندا وەردەگیرێتەوە.

دایك و باوك لەسەریانە بەهرە نهێنییەکانی منداڵەکانیان بناسن و کەشف بکەن و لەو بوارەدا هاوکاری مامۆستاو قوتابخانەش بکەن بۆ پەروەردە کردن و پێگەیاندنی ئەو بەهرەو توانایانە کە لە ئاییندەدا و لە بواری خۆیدا هەر دەردەکەوێت، چونکە بەهرە کە پەروەردە بوو، شەرم لە کەس ناکات و هەر دەرفەتێکی بۆ بڕەخسێت خۆی دەنوێنێت. کەچی بە داخەوە زۆر کەس لای ئێمە هەن بۆ نموونە دکتۆری حەزی دایکیانن، نەك حەزی خۆیان!! یان ئەوقاتی ئارەزووی بابیانن نەك هی خۆیان، تۆ بڵێی ئەوانە خێر لە خۆیان بدینن، یان خێر بۆ کۆمەڵ بدەنەوە!.. خۆ حیزب حیزبێنە ئەوا هەر باسی مەکە.. پەنا بەخوا لە حیزبایەتی... بە تایبەتی لە بواری فێرکردن و پەروەردەدا. هەڵبەتە فێرکردن و پەروەردە ڕاستە نەك پەروەردەو فێرکردن... چونکە مرۆڤ کە کەوتە سەر ڕاستە ڕێگای فێربوون، پەروەردەش دەبێت، چونکە هەموو فێربوونێك بە تەبیعەتی خۆی جۆرە پەروەردەیەکی بەگەڵ دەکەوێت..

## ٣- کۆمەڵگەو زەبرو زەنگ

(١)

بێگومان کۆمەڵگەی بەشەر، بە ڕۆژو دوو ڕۆژ نەگەییوەتە ئەم ئاستەی ئێستای، بەڵکو بە درێژایی مێژوو بەدەم ململانێوە هاتووەو قۆناغەکانی بڕیوە، شارستانییەتی ڕۆناوە، ئاشتی سازداوەو شەڕو شۆڕی خوێناوی بەرپاکردووە، بڕیاری داوە، پەشیمان بووەتەوە، شارستانییەتانی ڕووخاندووە، ئاییناانی دامەزراندووە، واتە هەنگاو هەنگاو، بەرە بەرە هاتووەو دروستکردنی ژیان بووە بە چارەنووسی و هەرگیز لە خۆی ڕازی نەبووەو بەو قۆناغە قاییل نەبووە کە تیایدایەو هەر ئەوەندەش ئاوڕی لە ڕابردوو داوەتەوە کە ڕێگەی چوونە پێشەوەی بۆ ڕوون بکاتەوە، واتە کۆمەڵگە کە بووە بە کۆمەڵگە، تەنیا ڕێگەی چوونە پێشی هەبووەو هەرگیز لە توانایدا نەبووە بۆ دواوە بگەڕێتەوە.

ئەم کردەی پێشڤەچوونەش بە درێژایی مێژووی تیرەی بەشەر هەورازو نشێوانی بڕیوە، مرۆڤ لە بۆتەی کرداری خۆیدا قاڵ بووەتەوەو هەوڵی داوە خۆی کەوی بکات و شەڕو شەڕخوازی لە خۆی بتەکێنێ و بوونی مرۆڤانی خۆی وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا بجەرپێنێ و بگاتە کەماڵ، دیارە کەماڵخوازی لە هەموو ڕوویەکەوە، کەڵکەڵەی هەرە گەورەی مرۆڤە، هەڵبەتە ڕێگەی کەماڵخوازی، بە گوڵ ڕانەخراوە، بەڵکو ڕێگەی نادیارە، پڕە لە کەندولەندو هەورازو نشێو، واتە موغامەرەیەکە ژیانخوازی بەسەر مرۆڤیدا دەسەپێنێ، هەموو موغامەرەیەکیش بریتییە لە جەڕباندنی شتی تازەو هەموو تازەو تازەخوازییەك جۆرێك لە نیگەرانی دەگرێتە خۆو نەبادا دووچاری هەڵەیەکی وەها ببێ کە مرۆڤانی مرۆڤ بلەوتێنێ و زەدەداری بکات.

به هەرحاڵ مرۆڤ وێڕای ئەوەی ناتوانێ دەستبەرداری کەڵکەڵەی کەماڵخوازی ببێ و، سەرەڕای ئەوەی کە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو بەبێ کۆمەڵگە هەڵناکات و ناتوانێ لە دەرێی کۆمەڵگەدا بوونی مرۆڤانی خۆی مومارەسە بکات و بیسەلمێنێ، لەگەڵ هەموو هەولێکیدا بۆ کەویکردنی خودی خۆی. ئەوجاش وەکو پێویست هەر ڕام نەبووەو لەو ڕۆژەوە کە ئەقڵی بەوەدا شکا هەندێ چەکی سەرەتایی بۆ بەرەڤانی لە خۆی دروست بکات. هەر کاتێك غەریزەی وێرانخوازی و مەرگخوازی لەبەر هەر هۆیەك سەری کردبێ، هەمان چەکی بۆ لە نێو بردن و قەلاچۆکردنی هاوڕەگەزانی خۆی بەکار هێناوە، هەر بۆیە مێژووی تیرەی بەشەر لە پاڵ لایەنە پرشنگدارەکانیا، پڕە لە کێشمانەکێش و ململانێ و جەنگ و خوێنڕشتن و ڕووبەڕووبوونەوەو بەگژاچوونی یەکدی و بەکارهێنانی توندو تیژی، کە دەشێت بڵێین لە سەدەی بیستەمدا شەقڵێکی تازەترو مەترسیدارتری گرتۆتە خۆو گەییوەتە لوتکە، چونکە لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیادا، ئامێری پیادەکردنی توندوتیژی زۆرو هەمە جۆرو ئاسانتر بووە، دیارە ئەمەش لە قۆناغی مێژوویی خۆیدا لە هۆکارێن بێدادی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سایکۆلۆژی بەدەر نییە.

(٢)

دیاردەی توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانی و ناوچەییشەو، لە ڕۆژئاواو لە ڕۆژهەلات و لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کەم و زۆر هەیە، بۆیە، هیچ سەیر نییە گەر پریشکی ئەو دیاردەیە ڕاستەوخۆ، یان نا ڕاستەوخۆ کوردستانی ئێمەش بگرێتەوە. بە تایبەتی کە دەوڵەتێکی کوردی یاسایی ئیعتراف پێ کراومان نییە کە جوانترو مرۆڤانی ترو بە گوێرەی ئەزموون و تەجرەبەی خۆمان، مومارەسەی ژیانی خۆمانی تیا بکەین و جددی تر بەشداری بەرهەمهێنانی مێژووی سەر لەبەری مرۆڤایەتی بکەین.. ئەوەی مایەی دڵخۆشییەو بە ئەندازەی سەرە دەرزییەك گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە توندوتیژی لە کوردستاندا هەرگیز

نەبووە بە ئایدولۆژیاو نە پیرۆزێنراوە، بەڵكو بە پێچەوانەوە هەمیشە دیاردەیەكی قێزەون و بێزراو بووەو كورد لە تەنگانەترین ڕۆژگاری خۆیدا پەنای بۆ نەبردووە.

بەڵكو هەمیشە میللەتێكی ژیان دۆست بووین و هەر ئەوەش وایكردووە تەحەمولی ئەو هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشە بكەین، وێڕای هەموو هەوڵ و تەقەلایەكی دوژمنان و داگیركەرانی كوردو كوردستان بۆ ئەوەی شۆڕشەكانمان بگۆڕن بۆ جەنگ، كە هەموو جەنگێك چ وەكو كار، چ وەكو كاردانەوە، ڕەگێكی لە زەبرو زەنگدایەو كۆسپێكی گەورەیە لەبەردەم پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی و مرۆڤی كوردی پێ مەسخ بكەن و ئاڕاستەیەكی توندوتیژی تیرۆریستانە بە ڕاپەڕین و شۆڕشمان بدەن، ئەوجاش هەر بەرگریمان كردووەو نەمان هێشتووە ئەو ئاواتانەی دوژمن بێنەدی، چونكە وەكو گەلێكی ژیاندۆست، هەستمان بەوە كردووە كە ژیاندۆستی تەنیا بە میكانیزمی مرۆڤانی دێتە دی و كەنگێ ژیاندۆستی بوو بە بەشێك لە بیرو بیركردنەوەو پێكهاتەی سایكۆلۆژی مرۆڤ، ژیان بە بەرانبەری خۆی ڕەوا دەبینێ، كە ژیان و مان بە هەموو كەسێك ڕەوا بینرا، ئیدی سەرگەرمی ژیان و قووڵكردنەوەی ئینسانییەتی ئینسان دێتە گۆڕێ و مرۆڤ هەر لەبەر خاتری خۆی و ئینسانییەتی خۆی و مومارەسەی ئینسانییەتی خۆی كە مەحاڵە لە دەرێی كۆمەڵگەدا بێتەدی، ناچار دەبێ كۆمەڵگەشی خۆش بوێ و بەرگری لە بەها مرۆڤانی و شارستانییەكانی بكات.

ڕیشاژۆكردنی گیانی ژیاندۆستی لە لای خەڵكی، یەكێكە لەو فاكتەرانەی كە مرۆڤ لە توندوتیژی، كە خۆی لە خۆیدا گەڕانەوەیە بۆ حاڵەتە سەرەتاییەكان، دوور دەخاتەوە، ئەمەش بەوە دێتەدی كە دامودەزگا كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان، بەرژەوەندییەكانی تاك دابین بكەن و ڕاوبۆچوونەكانی بە هەند بگرن، زەمینەی بۆ خۆش بكەن كە گوزارشت لە خودی خۆی و بیروبۆچوونەكانی بكات، لە چوارچێوەیەكی مرۆڤانی یاساییدا ڕێز لە ئامانج و تەماكانی بگیرێت و تا هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی بكات و هیچ هەڕەشەو ترس و نیگەرانییەك ڕۆحی كرمێ نەكات و تەژی كینەو كەرب و تۆڵە و تۆڵەكاریی نەكات، بەم

پێیە مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی بە تەبیعەت کۆمەڵایەتی، وەکو بەرهەمهێنەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵ، بە زەبری بیرو ئاوەزوو بیرکردنەوە، بە زەبری زمان و گوزارشت کردن لە ویست و خواستەکانی، بە زەبری دەستی کارکردن و پەیدا کردنی ڕزق و ڕۆزی، دەتوانێ غەریزەکانی ڕام بکات و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مشت و ماڵ بدات و شارستانییەتی خۆی بونیات بنێ و تواناو بەهرەکانی بە ئاڕاستەیەکدا بەرێ کە سوودو خزمەتی تاکو کۆمەڵی تێدا بێ.

هەڵبەتە بێدادی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و هەلومەرجی ژینگەیی و دەوروبەر، ڕۆڵی یەکجار گەورەیان هەیە لە ڕاهێنانی تاك لەسەر پەنا بردنە بەر توندوتیژی بە شێوەیەکی دوور لە ئاوەزو ئەقلانییەت، کە خۆی لە خۆیدا کۆسپ و تەگەرەیەکی یەجگار گەورەیە لەبەردەم ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و شارستانیدا. هەر لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ئاماژە بە بایەخی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن و دەورو ڕۆڵی لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی تاکو پەرەسەندنی مەیل و کەسایەتی تاکدا چ بە باری میانڕەوی مرۆڤدۆستیداو چ بە باری توندڕەوی دژمنکاریدا، بدرێت، ئەگەر پەروەردە کردنی کۆمەڵایەتی و سیستەمی فێرکردن لە کۆمەڵگەیەکدا، بە ئاڕاستەی مرۆڤدۆستی و هاوکاری بێ، ئەوا هەڵسوکەوتی تاك، هەڵسوکەوتێکی مرۆڤدۆستانەی دوور لە خۆپەرستی دەبێ و بەرە بەرە زەمینە بۆ کەلەپورێکی ڕۆشنبیری مرۆڤپەروەرانەی ئەوتۆ دەڕەخسێت کە هەموو دەزگا حیزبی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان ناچار دەکات دژایەتی توندوتیژی بکەن، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە.

لە کۆمەڵگەی بابسالاری و ژینگەی خێڵبازی و ناوچەگەرێتی و ڕەگەزپەرستی و تایفەچێتیدا، هەموو زمانێك دەچێتە کلیلەو زمانی هەرە باو دەبێ بە زمانی توندوتیژی و ئیدی کۆمەڵ بە تەڕو وشکەوە دەبێ بە سووتەمەنی شەڕو شەڕی دەسەڵات، کە ئەم شەڕو توندوتیژییە لە سنوورێکی دیاریکراودا ناوەستێت و پریشك بۆ هەموو دنیا دەهاوێژێ.. جا لێرەدا بایەخی پەروەردەو فێرکردن دەردەکەوێت کە چ ڕۆڵێکی گرینگ لە کرانەوەی

هزروبیری ڕۆڵەکانی هەر میللەتێکدا دەبینێ، بۆیە دەشێت لە ڕێگەی ناوەڕۆکی کتێبی قوتابخانانەوە ئاییندەی هەر میللەت و وڵاتێك پێشبینی بکرێ.

یان ئاڕاستە گشتییەکەی ببینرێت. بۆ وێنە بابەتی خوێندن لە قوتابخانەکاندا هەرگیز دڵخۆشکەرە نییە، چونکە ئەو شێوازو میتۆدەی ئێمە لە فێرکردندا بەکاری دەهێنین و پەیڕەوی دەکەین، بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئەقڵ و ئەقڵییەتی قوتابیان، مێشکی قوتابیمان کردووە بە عەمارێك و پەیتا پەیتا کەلوپەلە مەعریفییەکانی خۆمانی تێ دەهاوین و قوتابی پێ دەستەمۆ دەکەین و گیانی پرسیارو پرسیار کردن و ڕەخنەی لەلا دەکوژین و دەیکەین بە گوێگرێکی کڕو کپ و بێدەنگ و گیانی قبوولکردنی چەوساندنەوەی لەلا دروست دەکەین و پرۆسەی فێرکردن لە ناوەڕۆکە شۆڕشگێڕییەکەی بەتاڵ دەکەینەوەو قوتابی لە شێوازی (فێرکردنی دیالۆگی) دوور دەخەینەوەو هیچمان لێی ناوێت تەنیا ئەشەدو نەبێ.

واتە دەیکەین بە جەماعەتی ئەشەدو.. دیارە فێرکردنی دیالۆگی ئەو گفتوگۆ نەزۆکانە نییە کە زۆر جاران دەکرێت. بەڵکو جۆرێکە لە هەستکردن بە واقیعی مرۆڤانی، پەی بردن و هۆشیارییە بە واقیعی مرۆڤانی، چونکە مرۆڤ کە واقیعی خۆی ناسی، ئەقڵی پێدا شکا، پەی پێ برد، بیەوێ و نەیەوێ دەستپێکی خۆ ناسینی لا دروست دەبێ و بەمەش پێویستی بە پەیوەندییەکی دیالۆگی دەبێت. ئیدی دیالۆگ لەگەڵ خۆیدا، لەگەڵ دەوروبەرو کۆمەڵگەی خۆیدا، لەگەڵ ئەو دونیایەدا کە تیایدایەو لەگەڵیدا دەژی... جا هەر کاتێ ئەم پەیوەندییە دیالۆگییە دروست بوو، خزمەتی هوشیاری و بێداربوونەوەی خەڵکی دەکات. ڕێگەی هەموو ئازادییەکیش لە بێدارییەوە دەست پێ دەکات و ڕێگەی هەموو گۆڕانێکیش لە ئازادییەوە دەست پێ دەکات.

واتە سێکوچکەی بێداری و ئازادی و گۆڕان، تەنیا بە دیالۆگ مەیسەر دەبێت.. بەڵام لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، دیالۆگ قاتییە. کاتێکت زانی کۆمەڵێك، تاقم و دەستەیەك بە تۆبزی و بە زەبری چەك و لە ڕێگەی توندوتیژییەوە دەسەڵات دەگرنە دەست و

لە سەرەتاوەو بۆ قایم کردنی جێ پێی خۆیان، لیستێکی دوورو درێژی پرەنسیپ و پرۆژەی گەورە گەورەو تەماح بزوێن ڕادەگەیەنن و مژدەی پێشکەوتن و دیموکراتییەت و ئازادی و مافی مرۆڤ و- هتد، بە خەڵکی دەدەن و ساڵان دێن و دەڕۆن بێ ئەوەی هیچ یەکێك لەو پرەنسیپ و پرۆژەو مژدانە هاتبێتنەدی یان بێنەدی. دەسەڵاتیش کە جێ پێی قایم بووەو بە خەیاڵی خۆی ڕیشاژۆ بووەو لە زۆر شتان بێ منەت بووەو فێری گەلێك فێڵ و فەندو چاوبەستەکێ و چاوڕاو بووە، هەر کە جەماوەر دەنگی ناڕەزایی هەڵبڕی، بەهێز وەڵام دەدرێتەوە، یان دەخرێتە بازنەی گفتوگۆو دیالۆگێکەوە کە لە سیری تا پیازی لە لایەن دەسەڵاتەوەو بە قازانجی دەسەڵات دیاری کراوەو داڕێژراوەو بەرەنجام و ئاکامی ئەم دیالۆگانەش هەر بە قازانجی دەسەڵات دەشکێتەوەو دەکرێت بە پاساوێکی یاسایی تا دەسەڵات بەردەوام بێ لەسەر پرۆسەی سەرکوتکاری خۆی. هەڵبەتە سەرکوتکاری لە جەوهەردا مەحرومکردنی خەڵکانێکە لە مومارەسەکردنی مرۆڤانی خۆیان و ئەمەش تەنیاو تەنیا توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە تا زووتر پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکانمان بگۆڕین زووتر لە مەترسییەکانی توندوتیژی دوور دەکەوینەوەو...

## (٣)

گوتمان تاك بەبێ کۆمەڵ هەڵناکات و لە دەرێی کۆمەڵدا ناگات بە ئینسانییەتی خۆی. واتە مرۆڤ لە باری بایولۆجییەوە هیچ جیاوازییەکیان نییەو وەکو یەکن، بەڵام لە ناو کۆمەڵگەدا دەبێ بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و لە کاریگەریی کۆمەڵگە ناخەلەسێت. بۆیە دەبێ کار بۆ کۆمەڵگەیەکی ساغلەم بکرێ تا تاکی ساغلەم و مرۆڤدۆست و میانڕەو بڕسکێ و پەروەردە ببێ و وەکو هاوولاتییەکی ئازادو بە گوێرەی تواناو بەهرەی خۆی بەشێوەیەکی یاسایی و دوور لە هەر وابەستەگییەك، جگە لە وابەستەگی هاوولاتییەت، ئەرکەکانی دیاری بکرێ و مافەکانی بپارێزرێت. بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وابەستەگی هاوولاتییەت بەو چەمکەی سەرێ زۆر لاوازەو لە دوای هەر هەموو

وابەستەگییەکانی دیکەی وەکو وابەستەگی ماڵباتی و ناوچەیی و خێڵەکی و تایفەیی و ئایدۆلۆژییەوە دێت کە هەر هەموویان بە ترس و توندوتیژی ئاوسن، هەر یەکێك لەو وابەستەگیانە هەوڵ دەدات سنووری سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی خۆی بپارێزێ و لە وابەستەگییەکانی دیکەی جیابکاتەوە.

دیارە پاراستنی ئەم سنوورە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە کارێکی زۆر زەحمەتەو لەگەڵ بچووکترین بەدحاڵی بووندا دەتەقێتەوەو، ئەوپەڕی توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە، بۆ وێنە یەکێك لە هۆکارەکانی شەڕی براکوژی، کە ئەوپەڕی توندوتیژی تێدا بەکار هات و لە هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەوە زەرەرێکی زۆرمان لێی کرد، دەگەڕێتەوە بۆ توندڕەویمان لە وابەستەگی سیاسی و ئایدۆلۆژی، واتە دەگەڕێتەوە بۆ حیزبایەتی تەسك، چونکە هەر وابەستەگییەکی ئایدۆلۆژی داخراو دەبێتە مایەی گومڕایی و بەرەو توندوتیژی و پێشێلکاری دەڕوات، چونکە ئەوەی بۆ خۆی بە حەڵاڵی دەزانێ بۆ خەڵکی دی بە حەرامی دەزانێ، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەگەر حیزبایەتی نەبێتە مایەی قووڵکردنەوەی پەیوەندییە نەتەوەییە مرۆڤانییەکان و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی یەکدی قبووڵکردن، ئەوە دەبێ بخرێتە بەرپرسیار.

هەڵبەتە خەڵکی عێراق بە هەموو تیرەو تایفەو نەژادو نەتەوەیەکەوە بە چاوی خۆیان کارەساتەکانی ئایدۆلۆژیای داخراویان دیتووەو ڕاستەوخۆو نا ڕاستەوخۆ باجی مەعنەوی و مادی ئەو جۆرە ئایدۆلۆژیایەیان داوەو دەسەڵاتی تاك حیزبی و حیزبی سەرکردە، کە بە ناهەق هەرچی خێروبێری وڵاتە، هەرچی ئیمتیازاتە بەسەر بەرپرسان و لایەنگرو دۆستان و هاوکارانی خۆیاندا بەخشی بوویەوەو، خەڵکیان لە کەمترین مافی ژیان مەحروم کردبوو، ئەمە یەکێکە لە هۆیە هەرە زەقەکانی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی، چونکە کە ژیان لە بەرچاوی خەڵکی خرا، بەرانبەر نەك هەر قبووڵ نەکرێ، بەڵکو هەوڵی سڕینەوەشی بدرێ، ئیدی تروسکەی خۆشەویستی لە هزرو ڕۆحیدا دەکوژێتەوە، کە خۆشەویستی لە ئەقڵ و ڕۆح و ویژداندا کوژایەوە.

ئیدی هەموو نارەوایەك ڕەوایەو ڕێگە بۆ توندو تیژی خۆش دەبێت، هەڵبەتە لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو دەرهاویشتە سایکۆلۆژییە بکرێت، کە دەڵێت خەڵکی بندەست کە دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێت و لە بندەستی قوتار دەبن، بەزۆری لاسایی چەوسێنەرو داگیرکەرەکانیان دەکەنەوە، بۆیە پێویستە خەڵکی بندەست لە یەکەم هەنگاوی ڕزگاریداو بۆ ئەوەی گیرۆدەی هەمان توندوتیژی داگیرکەرەکەی نەبێتەوە، خۆی لە لاسایی کردنەوەی دوژمنەکەی دوور بگرێت، وێنەی ئەو لە مێشك و ویژدانی خۆیدا بسڕێتەوەو نەیەڵێت کەم و زۆر ئەو لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتیدا ڕەنگ بداتەوە...

(٤)

بێگومان دیاردەی توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانی ئاڵۆزو زۆر کۆنەو لەگەڵ پەیدا بوونی مرۆڤدا پەیدا بووەو تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەردەوامەو بەپێی قۆناغ و سەردەم و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابووری و ڕۆشنبیری شێوازی جیاوازی وەرگرتووە. جا ئەگەر چەمکی توندوتیژی هەندێ هولامی بنوێنێ و هەر کەس و گروپ و لایەن و وڵاتێك لە ڕوانگەی مەبەست و ئامانجی خۆیەوە شرۆڤەی بکات.

ئەوا هەر هەمووان لەسەر مەترسییە گەورەو شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵ، لەسەر ژیارو ژیان، لەسەر هەموو دنیا بە وڵات و گەل و تاکەوە، کۆکن، بۆیە پێویستە هۆکارە دوورو نزیکەکانی دیاردەی توندوتیژی بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەو هەموو هەوڵ و تەقەلاکان یەك بخرێن بۆ ڕیشەکێش کردنی دیاردەکانی. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە دامودەزگای هەر کۆمەڵگەیەك زۆر بە جددی و بەوپەڕی ڕۆشنبینییەوە بکەوێتە کارو پاراستنی ژیانی مرۆڤانی بگرێتە ئەستۆو وەکو باڵاترین بەها مامەڵەی لەتەکدا بکات و لە هەر هەڕەشەیەکی بپارێزێت. یەکێك لەو دەزگایانە، دەزگای ڕاگەیاندنە بە هەموو کەناڵەکانییەوە، کە پێویستە بایەخی زۆر جددی و زانستییانە بە پرەنسیپەکانی لێبوردەیی بدەن و توندوتیژی بە هەموو شێوەیەك لە بەرچاوی خەڵکی بخەن و خەڵکی بە مافە

مرۆڤانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی خۆیان ئاشنا بکەن و فێری ئەوە بکرێن کە چۆن لە ڕێگەی یاساوەو بەپێی یاسا بەرگری لە خۆ بکەن و دەستبەرداری ژیان و خۆشەویستی ژیان نەبن و لە هەموو کاروبارو گیروگرفتێکدا پەنا بۆ دیالۆگ بەرن.

واتا دیالۆگ بکرێ بە دیاردەی هەرە باوو پەسند، بکرێت بە بەشێك لە پێکهاتەی دەروونی هەر تاکێك. چونکە دیالۆگ بۆ ئەوەیە بزانیت کە بەرانبەرەکەت چۆن بیردەکاتەوە، واتە دەبێ هەوڵ بدەی لە ڕێگەی دیالۆگەوە بیرکردنەوەی بەرانبەرەکەت بخوێنییەوە، وەکو چۆن ئەویش هەمان شت لەگەڵ تۆدا دەکات، بێگومان یەکتر خوێندنەوە، زەمینە بۆ لێکدی حاڵی بوون دەسازێنێ، کە ئەم زەمینەیە خۆش بوو، ئیدی بەڕێوەبردنی ناکۆکی و ململانێیەکان بە ئەقڵ دەسپێررێ و هەنگێ ئەگەری پەنابردنە بەر زەبرو زەنگ یان نامێنێ یان زۆر کەم دەبێتەوە، هەروەها برەو پێدانی گیانی ڕەخنەو ڕەخنەگرتن کە ئەقڵ و ئاوەز دەژێنێتەوەو ڕۆح ئاوەدان دەکاتەوەو ڕەخنەو ڕەخنەگرتن ڕێگە بۆ مرۆڤ خۆش دەکات کە شارستانییانە گوزارشت لە خۆی بکات و هەر کەسێك دەرفەتی درایێ گوزارشت لە خۆی بکات، لە ڕق و کینە بەتاڵ دەبێتەوەو هەرگیز پەنا وەبەر توندوتیژی نابات.

ئەمە جگە لەوەی پێویستە تەئکید لەسەر وابەستەگی هاوولاتییەتی بکرێ و بخرێتە سەرووی هەر وابەستەگییەکی دیکەوەو ڕێز لە تواناو بەهرەو هونەری هەر هاوولاتییەك بگیرێ و بەپێی پرەنسیپی ماف و ئەرکی یاسایی مامەڵەی لە تەکدا بکرێت. بەمەش دەبێت بە خاوەن ڕۆحێکی پاراوو دەروونێکی ئاوەدانی ئەوتۆ کە هیچ جۆرە وێرانی و وێرانکردنێك قەبووڵ ناکات، واتە ڕاگەیاندن ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی و دروست و مرۆڤپەروەرانەو دوور لە دەست تێوەردانی دەسەڵات و حیزباندن ئاڕاستە بکرێت، ئەوا دەورێکی زۆر گرینگ لە کەمکردنەوەی توندوتیژی دەبینێ، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە، کە بەداخەوە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، حیزبی دەسەڵاتدارو حوکمڕان ڕاگەیاندنی بۆ خۆی کۆنترۆڵ کردووەو کردوویەتی بە چەکێك بۆ چاوبەستەکێ لە جەماوەری خەڵك و ڕاستییەکان بە تایبەتی ئەوەی لە بەرژەوەندی خۆیان نەبێ، هەرگیز بە خەڵکی

نالێن و بە شێواوی و نوقستانی بڵاوی دەکەنەوەو دەزگای ڕاگەیاندن دەکەن بە دەزگایەکی بانگەشەیی حیزبی.

دیارە بەمەش سەرلەبەری دەزگای بیرکردنەوەی خەڵکی دەشێوێت و وێران دەبێت و بەرەبەرە مرۆڤانی خۆ لە دەست دەدەن و دەبن بە مێگەلی گوێڕایەڵ و دیکتاتۆرساز، ئیدی بەرەبەرە لەبری ئەوەی ڕاگەیاندن ببێ بە سانسۆر بەسەر دەسەڵاتەکانی دیبیەوەو هەڵەکانیان ڕاست بکاتەوەو لە لادانیان بگێڕێتەوە، بەپێچەوانەوە دەسەڵات دەبێ بە سانسۆر بەسەر ڕاگەیاندنەوەو لە پەلوپۆی دەخات، ئەمە خۆی لە خۆیدا دوورخستنەوەی جەماوەری خەڵکە لەوەی ببێ بە شەریکی دروستکردنی قەرار... ئیدی زۆرجار حیزب، مادامێکی خاوەنی دەزگای ڕاگەیاندنە، بەپێی یاسا دەست دەخاتە کاروبارەکانی دەزگاوەو بەپێی بەرژەوەندییە حیزبییەکان ئاڕاستەی دەکات.

زیندووترین نموونەی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە، ڕاگەیاندنی ڕژێمی بەعسیان بوو کە دەمانبینی چۆن دەستی لە کاروباری ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی وەردەداو هەموو شتێکی بە ئاڕاستەی توندوتیژیدا دەحیزباندو کار گەیبووە ئەوەی کە وابەستەگی ئایدۆلۆژی و حیزبی مەحەك و پێوەری هەڵسەنگاندنی هزرڤان و شاعیرو ئەدیب و هونەرمەند بێت، بێ تواناو بێ بەهران سەر دەخران و داهێنەرانی ڕاستەقینە فەرامۆش دەکران، دیارە ئەمجۆرە هەڵوێستە تەنیاو تەنیا توندوتیژی لێ دەکەوێتەوەو کاوێژ کردنەوەیەکی سواوی جیدانۆفییەتە کە یەکێك بوو لە فاکتەرەکانی هەرەسهێنان و داڕوخانی یەکێتیی سۆڤیەت... دەبێ ئەوە فەرامۆش نەکەین کە هزرڤان و فەیلەسوف و ڕۆشنبیرو نووسەرو منەوەران لە وڵاتانی دیموکراتی و پەرلەمانی ئەمڕۆی جیهاندا، دەوری سەرەکییان هەبووە لە چەسپاندنی چەمکی لێبوردەیی و هاووڵاتییەت و دەسەڵات و سەروەری یاسا.

## سەرچاوەكان:


١- المجتمع والعنف، ترجمة الاب الياس زحلاوي، دمشق ١٩٧٥.

٢- عن جذور العنف السياسي العراقي. د. عزيز الحاج.

٣- آراء وافكار حول العنف واللاعنف. حوار: مجلة النبأ.

٤- جدل العنف ومظاهره في حياة الانسان، بقلم: د. محمد وقيدي البيان ١٩٩٩/٩/١٢.

٥- كيف نشأ العنف في التأريخ الانساني. د. خالص جلبي.

٦- شرق و غرب" عنف الاسلام الكولونيالي. عباس برضون السفير ٢٠٠١/١٢/٢٩.

٧- في سوسيوليوجيا العنف والارهاب، الدكتور ابراهيم الحيدري. شرق الاوسط ٨٤١٤.

٨- النهج، ع: ٢٠، خريف ١٩٩٩.

# ٤- وتار و قەڵەمڕانی...

وتار بە هەموو جۆرەکانییەوە، یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ڕۆژنامەوانی، مێژووی پەیدابوون و سەرهەڵدانی وتار دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەدەی شازدەیەم. بابەتی وتاریش لە کۆنەوە ژیان ودیاردەکانی ژیان ومرۆڤ وخەون وخۆزیا وخەم و ژان و کول و کۆڤانی ئینسانی بووە، ڕامان بووە لە ماناوچەمك ودۆزینەوەو کەشف کردنی دیاردەکانی ژیان. ئەمەش خولیایەکی دەروونییەو لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤدا هەبووە، ئیدی لە بەرەبەیانی مێژووەوە بە شێوازی جۆراوجۆری وەکو: سیحرو ڕەسمی سەر دیواری شکەفتان و کۆڕو مەجلیس ودەمە تەقێیانی هەمەجۆرو پەندو قسەی نەستەق و... گوزارشتی لێکراوە. بۆیە دەشێت بگوترێ کە وتار زنجیرە بیرۆکەیەکی جوان داڕێژراوە کە بە دەوری یەك بابەتدا دەخولێتەوەو یەکێتی بابەت تەوەریەتی.

دیارە هەندێ خەسڵەتی وتار، لە شێوازی نووسینی کۆمەڵێك فەیلەسوف و کەڵە نووسەرانی میناکی سوکرات و ئەفلاتون و ئەرستۆ و هۆراس و شیشرۆن وجلیوس-دا دەبینرێت و بوون بە سەرچاوەو ئیلهامبەخشی وتارنووسانی سەدەکانی شازدەو هەڤدە... هەروەها نووسەرانی پەیامداری وەکو نیزامی گەنجەوی (سەدەی ١٢)و سەعدی شیرازی (سەدەی ١٣) لە گوڵستاندا، لە بەرهەمەکانیاندا هەندێ خەسڵەتی وتاری وەسفی و وتاری چیرۆکڤانی بەدی دەکرێت..چەکەرەو ماکی وتار لە ئەدەبیاتی عەرەبیشدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی وئەو ماکە لە بەرهەمی زۆر کەسدا دەبینرێت وەك:حەسەن ئەلبەسری، ئیبنول موقەفەع ودواتر ئەبو حەیانی تەوحیدی و دواتریش جاحز. لە ئەوروپاشدا وتاری مۆدرێن و هاوچەرخ لەسەر دەستی میشێل دی مونتێن و فرانسیس بیکۆن (سەدەی ١٦).

ئیدی بەرەبەرە بە گوێرەی ڕۆژگارو لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی تازەدا وتاریش گۆڕانی بەسەردا هاتووەو نێوەڕۆك و قاڵبی تازەی وەرگرتووەو ڕێبەران و پێشەنگانێك بە دیارکەوتوون و جڵەوداریان کردووەو وتار بەرەو ئەوە چووە دیاردەکانی ژیانی هاوچەرخ شیبکاتەوەو بیخاتە بەر وردەبینی ڕەخنەی بابەتیانە.. هەڵبەتە بڵاوبوونەوەو زۆربوونی ژمارەی ڕۆژنامە و هەفتەنامەو گۆڤارو پەخشە کەناڵی دیکە هۆکاربوون بۆ ڕەواج و برەوی وتارو هونەرکاری لە وتاران و جۆری وتاراندا، وتار لە لای کوردیش دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی کوردی.. فاکتەرێکی دیکەی ڕەواجی وتار، کردنەوەی کافەو یانەو شوێنانی گشتی بوو لە سەدەی هەژدەیەمدا، کە خەڵکانی زۆر لەو شوێنانەدا کۆدەبوونەوەو باس و موناقەشەی لایەنە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و کەلتووری و سیاسی و ئابورییان دەکرد و زۆرجار نێوەڕۆکی ئەو گێنگەشەو موناقەشانە لە قاڵبی وتاران دەدران و بڵاودەکرانەوەو ئیدی وتاریش بە گوێرەی بابەت لە دنیای نووسیندا خانەی خۆی وەرگرت، وەك: وتاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕەخنەیی، چیرۆکڤانی، گوزارشتی و خەبەری، نامەوانی، زانستی، فیکری و فەلسەفی..

دیارە وتار ئیدی لە سەدەی نۆزدەو بیستەوە ڕەونەقێکی زیاتری پەیداکردو بوو بە سەرچاوەیەکی کارا بۆ گەیاندنی زانیاری بە خوێنەران و وروژاندنی بیرو سۆزیان.. بە هەرحاڵ لە ڕۆژهەڵاتیشدا وتار زیاتر دەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانی و لە باوەشی ڕۆژنامەوانییەوە چەکەرەی کردو سەری هەڵدا، هەڵبەتە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەو وتارانەی بۆ ڕۆژنامە دەنووسرێن، دەگەڵ ئەوانەدا بۆ گۆڤار دەنووسرێن هەیە. بە تایبەتی ڕۆژنامەی ڕۆژانە پتر بایەخ بە هەواڵ و کاروباری سیاسی دەدات. بەڵام گۆڤار بە حوکمی قەوارەو تەبیعەتی خۆی، زیاتر جدییەت لەخۆ دەگرێت و بایەخ بە ڕۆشنبیری و ئەدەبیات دەدات و وتاری درێژتر لە خۆ دەگرێت. واتا لە گۆڤاردا بایەخ بە دروستی و سەلامەتی زمان وسیقالکردنەوەو مشتومالڵدانی شێوازی نووسین دەدرێت و دەکرێت بە پردێك بۆ گوێزانەوەی هزرێن تازەو سەردەمیانە..

بە حوکمی زۆری لاپەڕەکانی، هەموو جۆرە وتارێکی زاتی و بابەتی لەخۆ دەگرێت و تەماحێکی فرە دەخاتە بەردەم هەندێ نووسەر کە هزرو بۆچوونەکانی خۆیان لە قالبی وتاری چڕو سفتدا بخەنە ڕوو- و وتارنووسی بکەن بە پیشەی خۆ، خەڵکانی بە توانای ئەوتۆ هەڵکەوتوون کە توانیویانە هاوسەنگی هەردوو لایەنی بابەتی زانستییانە و زاتی هونەرییانە لە وتارەکانیاندا بپارێزن و هەم لایەنی ئەقڵی و هەم لایەنی زەوق و سەلیقەی خوێنەر پاراو بکەن و نەیەڵن بێزارو تەوەللا ببێت. کە تەها حسەینی عارەب و ئەحمەد ئەمین و زەکی نەجیب مەحموود لەو وتارنووسە دیارو بە توانایانەن. ئیدی وتار لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە بووە هۆیەك بۆ دەربڕینی ڕامانە خودی و هزرە بابەتییەکانی نووسەران لە قالبێکی جوان و سەرنجڕاکێش و دوور لە هەر ئالۆزی و تەمومژو چەواشە کارییەك.

واتە هاندەرو ئەنگێزەی نووسەر ئارەزوو- و خولیایەکی پڕجۆشی گوزارشتە لە شتێك، ئیدی دەشێت ئەو شتە ڕامان و وردبوونەوە شەخسییەکانی خۆی بێت سەبارەت بە ژیان و بە خەڵکی، هەروەها وتارێکی زاتی لێ دەکەوێتەوە، یان دەشێت ئەو شتە بابەتێك بێت و وتارێکی بابەتی لێ بکەوێتەوە، بەلاّم لە هەردوو حاڵەتەکەدا نووسەر بۆ ئەوەی بتوانێت بە ڕوونی و ڕەوانی گوزارشت لە مەبەست و مەرامی خۆی بکات، پەنا وەبەر گونجاوترین شێواز دەبات.. دیارە ئەو مەیدان و بابەتانەی دەشێت وتارنووس قەڵەمڕانی تیا بکات و بەرخوردو مامەڵەی لە تەکدا بکات، یەجگار بەرین و هەمە جۆرن و هەر هەموو ئەزموونە جۆراو جۆرە مرۆڤانییەکان دەگرێتەوەو بەپێی کەسایەتی هەر وتارنووسێك دەگۆڕێت و هەر وتارنووسێکیش کەسایەتی و شەقڵ و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە ئەگەر وتار لە هێڵە گشتییەکانیشدا یەك بگرێتەوە، ئەوا لە شێوازدا، لە هونەرکاریدا، لە وردەکاریدا، کە ڕەنگدانەوەی خودی نووسەری پێوە دیارە جیا دەبنەوە، بۆیە ئەگەر بگوترێ بە ئەندازەی ژمارەی وتارنووسان، شێوازی وتارنووسی هەیە، ڕەنگە نەبێت بە زێدەڕۆیی..

هەڵبەتە سەرباری ئەمەش، وتارنووس لە هەر مەیدانێکی وتارنووسیدا کاربکات دەبێت نۆڕین و جیهانبینییەکی ڕەخنەوانی ساتیرئامێزی هەبێت. وەکو هاودەمێك خوێنەری خۆی بدوێنێت، یانی خوێنەر وا هەست بکات دەگەڵ هاوڕێیەکی ڕاستگۆی خۆیدا دانیشتووەو گوێی لێ دەگرێت کە ڕاستگۆیانەو واقیعییانە ئەزموونی خۆی و ڕاوبۆچوونی خۆی بە دەم و زارێکی شیرین و خۆش بە دوور لە هەر ئاموچیاری و سەپاندنێك بۆ دەگێڕێتەوە و باس دەکات.. دیارە وتارنووس بۆ ئەوەی ئەم پەیوەندییە دروست بکات پێتڤییە لە سەرنجدا ورد، لە وەسفدا سفت و لە شیکردنەوەدا بە تواناو لە حوکم و داوەریدا هاوسەنگ و لە ڕامانا قووڵ و جددی، هەروەها لە ساتیر و کۆمیکدا داهێنەر بێت، دەنا وتارەکەی نەك پوشکەیەکیش لە جێی خۆی ناجوڵێنێت، بەڵکو لەگەڵ هەوەڵ ساتی بڵاوبوونەوەیدا مردار دەبێتەوەو زەوق و ئیشتیای خوێندنەوە دەلەوتێنێت و دەکوژێت، کە مەخابن ئەمە زۆر بە زەقی لە ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت و وەکو چۆن ئەگەر لە ڕۆژێکدا دە دانە حیزبۆکە مرداربێتەوە هیچ بۆشاییەك دروست نابێت و ئەگەر دە دانە بە ناو بزووتنەوەو ڕەوت و ڕێبازی سیاسەتبازی دروست بکرێت!! پوشکەیەك ناجوڵێنێت، بەو ئاوایەش دە دانە ڕۆژنامە لە ڕۆژێکدا داىخرێت، بۆشاییەك دروست نابێت، هەروەها دە دانەش دابمەزرێنرێت پوشکەیەك ناجوڵێت.

بە هەرحاڵ بابەتی سەرەکی وتار ژیان و گیرگرفتەکانی ژیان و دنیاو سایکۆلۆجیاو سۆسیۆلۆجیای مرۆڤە، ئەو بابەتانە لە ڕوانگەو گۆشەنیگاو شرۆڤەو ڕاڤەی تایبەتی نووسەرەوە تاوتوێ دەکرێن و بەرخوردومامەڵەیان لە تەکدا دەکرێت، هەڵبەتە نووسەر خۆی بە میتۆدی فەلسەفەو سیستەمی لۆژیکی فەلسەفەوە نابەستێتەوە. چونکە دێت چڕە ئەزموونێکی ئەقڵی ویژدانی بە شێوازێکی تایبەتی دەخاتە ڕوو، هەروەها شێوازیش لێرەدا چۆنییەتی هزرین و هەڵبژاردن و داڕشتنی ڕستەو ڕیتمی دەربڕین و نێوەڕۆك لەخۆ دەگرێت.

دیارە زۆربەی زۆری وتاران، بە بیرۆکەیەکی گشتی دەست پێ دەکەن و نووسەر بابەتەکەی خۆی لەسەر بناغەی ئەو بیرۆکەیە ڕۆدەنێت، ئەوسا بە گوێرەی مەودای وتارەکە

تاوتوێی دەکات و ئەنجامگیرییەکی پوخت و قەناعەتبەخش بەپێی هزرین و ئەزموونی خۆی دەرهەق بە دیاردەو ڕووداوەکان، بەدەستەوە دەدات.. دیارە دەستپێك لە وتاردا بۆ خوێنەر یەجگار گرینگە، چونکە وتار بە بێ خوێنەر هیچ دەنگدانەوەیەکی نابێت و بە خوێنەرەوە ناسنامەی خۆی پەیدا دەکات. بۆیە پێویستە وتار بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و دڵگیرو شێوازێکی ڕوون و ڕەوان و دیالۆگئامێزی، نێوەڕۆك دەوڵەمەندی پڕشنگدار، خوێنەر گیرۆدەی خوێندنەوەی خۆی بکات و هەم لەزەتی پێ ببەخشێت و هەم ئاستی هزرینی شیکارییانەی بەرز بکاتەوە، چونکە بایەخی وتار تا ڕادەیەکی زۆر بەو بیرۆکانەوەیە کە نووسەر گوزارشتیان لێ دەکات. دەنا لە جێی خۆی دەچەقێت و نە ڕای گشتی دروست دەکات و نە هیچ بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی دروست دەکات، وەکو ئەمە بە زەقی لە ڕۆژنامەوانی کوردیی هەرێمی کوردستاندا دیارە...

لە کۆتاییدا پێتڤییە ئەوە بگوترێتەوە کە وتار لە هەر بوارێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هزری، ئەدەبی، فەلسەفیدا بێت، پێویستە بە شێوەیەکی بابەتیانە بخرێتە ڕوو، پشت بە ئامارو بەڵگەو بەراوردکاری، بە شیکردنەوەو لێکدانەوەو.. ببەستێت و هەندێجار پێشبینیش بکات، یانی خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی قەناعەت بەخش بێت بۆ ئەو بابەتەی مامەڵەو بەرخوردی دەگەڵ دەکات و دەبێت بە شێوازێکی زۆر ڕوون و ڕەوان و وردو دوور لە هەر درێژدادڕی و چەنەبازی و پێچە بە دەورەیەك پێشکەش بکرێت..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:


*-فن المقالە/د.محمد یوسف نجم/دار بیروت (١٩٦٠).

*-فن المقالە وفرنسیس بیکون/عباس محمود العقاد.

*-تاریخ الصحافە العراقیە/عبدالرزاق الحسنی/صیدا (١٩٧١).

*- ڕاگەیاندن لە نێوان حەقیقەتبێژی و عەوام خەڵەتێنیدا/چ١/ (٢٠٠٥)حەمەکەریم عارف.

# ٥- ئینشابازی.. حەقیقەتدۆزی

"١"

بابەتی سۆسیۆلۆجیا، بریتییە لە ڕووداو و دیاردە کۆمەلآیەتییەکان، بۆیە خۆی لە هەرشتێك هەڵدەقورتێنێ کە پەیوەندی بەو دیاردانەوە هەبێ... سۆسیۆلۆجیا لایەنی کۆمەلآیەتی، مێژوویی و هزری و هونەری و فەلسەفی و ڕامیاری و ئابوری و ئایینی و ڕۆحی هەر کۆمەڵگەیەك بە مەیدانی حەلآڵی خۆی دەزانێ. هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە کە سۆسیۆلۆجیا، پاژ یان پاشکۆی زانستەکانی دیکەیە، بەڵکو بە پێچەانەوە ئەوە دەگەیەنێ کە بوارو مەیدانی کارکردنی سۆسیۆلۆجیا زۆر بەربلآو و پڕ لق و پۆیە.. یەکێك لەو مەیدانە فرانە لایەنی کۆمەلآیەتی ئەدەبیاتە، هەموو دەزانین ئەدەب مامەڵە لە تەك تەبع و تەبیعەتی بەشەردا دەکات، لێکۆڵینەوەش لە تەبع و تەبیعەتی بەشەرو کۆمەڵگەی بەشەری، لە بابەتە هەرە سەرەکییەکانی سۆسیۆلۆجیایە.

"٢"

جا لە میانی هەڤبەندی ئەدەبیات و زمانەوە، پێویستە ئەوە بگوترێ کە زمان تا ناسك و ڕوون و ڕەوان و سوار و لە ڕووی گوزارشتەوە بە بڕشت بێ و لە تێگەیشتنی زۆربەی خەڵکییەوە نزیك بێ، سەرکەوتنی پتر بۆ نووسین مسۆگەر دەکات. هەموو دەزانین زمانی کوردی دیالێکتی زۆرە، کە بۆ دەوڵەمەند کردنی زمان ئەگەر زانستانە رەعەمەل بهێنرێ و مامەڵەی لە تەکدا بکرێ نیعمەتە.. هەر دەڤەرێك دیالێکت و تەنانەت وردە دیالێکتانی خۆی هەیە و نەبوونی دەسەلآت و دەوڵەتی کوردیش یەکێك بووە لە کۆسپەکانی بەردەم نزیك خستنەوەو یەکخستنی ئەو دیالێکتانە و دروستبوونی زمانی ستانداردی نووسین و

خوێندن، که بۆ گەلێکی بندەستی بێ دەوڵەتی میناکی کورد هاوتای دەوڵەتە، بە تایبەتی لە ڕووی مەعنەوییەوە. چونکە هیچ شتێك لە دەربڕی زماندا نییەو زمان مەرجێکە لە مەرجەکانی نەتەوە، وەکو قەوارەو بوونی کۆمەڵایەتی. یەکێك لەو هەودایانەی کورد لە هەموو شوێنێك پێکەوە دەبەستێ و وایان لێ دەکات هەست بەوە بکەن کە یەك نەتەوەن، دیارە زۆر زەحمەتە میللەتێك تەنیا بە سۆزوبیر یەك بگرن، تا زمانێکی ڕوون و ڕەوان و نزیك لە تێگەیشتنی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکییەوە لە نێوانیاندا بلاو نەبێتەوەو بتوانن لە ڕێگەیەوە لێکدی حاڵی بن...

"٣"

پێموایە ڕەنگە نەبێتە بێ ئینسافی گەر بگوترێ گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی تا نهو بە خۆی لاوازو کەمبورد بووەو نەبوونی زمانی یەکگرتووی نووسین و خوێندنیش هێندەی دی بازاڕی نووسەرو نووسینی کوردی کەسادو کەساس و تەنگ کردووەو گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی لە قەفەز ناوەو ئەمەش لە ڕووی سایکۆلۆجییەوە واقیعی تەقسیمی بە ناهەقی کوردستان ڕیشاژۆ دەکات.. بۆیە زۆر پێویستە ئەهلی قەڵەم لەمپەرە زمانەوانییەکان ببەزێنن وخۆ لە زمانی ناوچەیی ببوێرن و سوودێکی زۆر لە کەناڵە ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوانییەکان بۆ ئەم مەبەستە وەربگرن. بە زمانێکی ڕوونی ڕەوانی وردی ئامانج ئەنگێوی ئەوتۆ گوزارشت لە پێداویستییە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆحییەکانی جەماوەری خەڵکی کورد بکەن، کە گوێگر یان خوێنەر بە هاسانی و ڕوونی لێی حاڵی ببێ، چونکە زمان لەم حاڵەدا هۆیەکە لە هۆیەکانی گوزارشت کردن نەك ئامانجێکی سەربەخۆ، زمان زادەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەیە، بە گوێرەی هەلومەرج و بارودۆخی ژینگەو دەوروبەر نەشونما دەکات..

واتە بە زمانێك گوزارشت بکات کە ڕەگ و ڕیشەی لەو گیانە زانسییەدا داکوتابێ کە بەسەر جیهانی تازەدا زاڵە، نەك بە نەفەسی زمانە کۆنەکانەوە کە تا ڕادەیەکی فرە لە ژێر

کاریگەریی سۆزو سۆزداریدا بێ و هەر وشەیەکی چەندین چەمك و مەبەستی هەمەجۆرو دوور لە یەکتری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێ و خوێنەر چەواشە بکات.. چونکە ئەم حاڵەتە لە باری سەرنجی کۆمەڵایەتییەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئەو زمانە زۆر کەم هاتووەتە ناو پڕۆسەی نووسینەوەو خەڵکانێکی سۆزدارو پڕسۆز بەکاری دێنن، واتە زمانەکە ڕەگی لە سۆزو سۆزداریدایە نەك لە زانست و میتۆدی زانستیدا. چونکە سۆزو گودازو جۆش و خرۆش، مرۆڤ هاندەدات گەمە بە زمان و سیستەمی زمانەکەی بکات، جا ئەم گەمە کردن و وشە بازییە زۆر جار لەسەر حیسابی ناوەڕۆك دەبێت و نووسین لە ناوەڕۆك بەتاڵ دەکاتەوە..

ئەمە بەزۆری لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا بەدی دەکرێت. بۆ نموونە هەواڵێك، یا لێکدانەوەی هەواڵێك، یا شیکردنەوەی بابەتێکی سیاسی، تەنیا ئەوەندەی لێ دەخوازرێ بە دروستترین و ڕاستگۆیانەترین و کەمترین و ڕەوانترین وشەو زمان بگەیەنرێتە وەرگر، هەروەها پێویست ناکات شاخ و باڵی زندە خەون و بەرزە خەیاڵی لێ بنرێ و خوێنەر لە ئینشابازییەکی بە تەمتوماندا گومڕا بکرێ و حەقیقەتەکەی لێ بزر بێ.. چونکە لەم بارەدا دەبێ بە شێوەیەکی لۆژیکی نەك سۆزداری خوێنەر بدوێنرێ. دیارە لۆژیك زمانێك دەخوازێ کە بۆ ڕێکخستنی هزروبیران دەست بدات نەك بۆ جۆشدانی سۆزو خولیایان.. دەبێ وشە پڕ بە پێستی خۆی بەکار بێ و تاسەی خوێنەر بشکێنێ.. ئەمەش یەکێکە لە مەرجەکانی ڕۆژنامەوانی سەرکەوتوو، چونکە ڕۆژنامەوان گەرەکییەتی گوتاری خۆی بگەیەنێتە زۆرترین ژمارەی خوێنەران، ئیدی بەلایەوە گرینگ نییە شێوازەکەی بە ڕیتم و ئاهەنگ و وەزندارو پڕ لە هونەرکاری ڕەوانبێژی بێ، ئەمە جگە لە فاکتەری زەمەن کە دەبێ حیسابی تەواوی بۆ بکرێ، چونکە کات بۆ خەڵکی ئەم سەردەمە خێراو جەنجاڵە زۆر گرینگە.

وەرگر دەیەوێ بە کەمترین وەخت دروستترین و زۆرترین زانیاری و ئاگاداری و هەواڵان لەمەڕ ئەو دنیایەی کە تیایا دەژی بەدەست بێنێ و تاقەت و وەختی ئەوەی نییە خۆی بداتە دەم گێژەنگ و گێژاوی زمانبازی بە پێچ و دەورەی نووسەرێکەوە کە ئەوەندەی نواندن و نمایشی ئینشابازی خۆی مەبەستە، نیو ئەوەندە بەخشینی هەقیقەتی بە وەرگر مەبەست نییە.

## ٦- ڕاوە ڕۆشنبیر

"١"

بێگومان نەتەوەی کورد یەکێکە لە نەتەوە هەرە گەورەکان کە تا نهوژی خودان سەروەرییەکی ڕامیاری ئیعتراف پێکراو نییە.. کەچی وێڕای ئەم حاڵەش زۆرجاران دەبینین هەوڵ و کۆششی حیزبە کوردییەکان ئەوەندەی بۆ دابینکردن و مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە تەسکە حیزبییەکان تەرخان دەکرێت، ئەوەندە بۆ دامەزراندن و پێکهێنانی سەرکردایەتی و سەروەرییەکی یەکپارچەی یەکگرتووی نەتەوەیی ئەوتۆ تەرخان ناکرێت کە ببێ بە نمایندەو نوێنەری یاسایی قەوارە و بوونی کۆمەڵایەتیمان. دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا هێندەی دی ئەرکی سەرشانی ڕۆشنبیر قورس دەکات، کە لەسەرێتی لە پێگەی کەلتووری خۆیەوە کاری جددی بۆ دامەزراندنی سەرکردایەتی و سەروەرییەکی یەکگرتووی ئەوتۆ بکات کە بە گیانێکی نەتەوەیی مرۆڤدۆستانە هەموو ڕۆڵەیەکی نەتەوەی کورد بدوێنێ.

"٢"

لە کەس شاراوە نییە کە میدیاو کەناڵی ڕاگەیاندن دەتوانێ ڕۆڵی فرە گرینگ و هەستیار لە نزیك خستنەوەی ڕەوت و ڕێبازو ئایدیا جیاوازەکانی ڕۆڵەکانی گەل و کۆمەڵگەدا بگێڕێ، ئەگەر بە شێوەیەك ئاڕاستە بکرێ کە ببێتەی مایەی بەردەوامانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە خۆی لە خۆیدا فاکتەرێکی زۆر کارای چێبوونی قەوارەو بوونی نەتەوەیی پێك دێنێ.. مەخابن زۆرجار لە کەناڵە ڕاگەیاندنەوانییەکاندا، بە بینراو و بیستراو و نووسراوەوە، ڕێك پێچەوانەی ئەم ڕەوت و ئاڕاستەیە دەبینین.

"٣"

یەکێك لە ئەرکە هەرە گرینگەکانی ئەستۆی ڕۆشنبیر، ئەوەیە ژیانی کۆمەڵگەی خۆی وەکو چۆن ئەو دەیبینێ و دەیخوێنێتەوە نەك وەکو چۆن کۆمەڵگە لێی دەوێ، تۆمار بکات و نیشان بدات. چونکە هەر ئەوە کە کەسایەتی و باری دەروونی کەسایەتی میللەتی خۆی وێنە دەگرێت و بۆ ناو ناخی شۆڕدەبێتەوەو خەون و خۆزیاو کەڵکەڵە مرۆڤانییەکانی بەرجەستە دەکات.. واتە ڕۆشنبیر هاندەرو ئاڵا هەڵگرو نوێنەری ڕاستەقینەی میللەتی خۆیەتی و بەو حوکمەی ڕۆشنبینییەکی ڕەخنەوانی ئەوتۆی هەیە کە بتوانێ هەرتك لایەنی ئەرێنی و نەرێنی کۆمەڵگە کەشف بکات و کار بۆ چەسپاندن و ڕیشاژۆکردنی دیاردە ئەرێنییەکان لە دڵ و دەروونی ئەندامانی گەلدا بکات و دیاردە نەرێنییەکان ببەزێنێ.. ڕێنوێنی گەل بکات، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرە ڕێبەرایەتی کردنێکە، ئیدی لێرەوە جۆرە نەبانی و دڕدۆنگی و هەڤدژییەك دەکەوێتە نێوان ڕۆشنبیرو سیاسەتوان وەکو نوێنەری دەسەڵات.

"٤"

هەرکە ئەم نەبانی و ناکۆکییە دەستی پێکرد، ئیدی سیاسەتوان بەو حوکمەی کە نوێنەرو پارێزەری دەسەڵاتە، هەموو هەوڵێکی دەخاتە گەڕ بۆ ڕاوکردنی ڕۆشنبیرو بێدەنگ کردنی و دوورخستنەوەی لە گەل و دۆزەکانی گەل و داکۆکی کردن لە گەل. پاشان ناچارکردنی کە واز لە ڕابەریکردنی کۆمەڵگە بێنێ بۆ سیاسەتوان. دیارە ئەمە هەوڵێکی ترسناکە بۆ جیاکردنەوەی کاری ڕۆشنبیری لە کاری سیاسی، کە هەرکاتێ ڕۆشنبیر ملی بۆ ئەمە دا، یانی دەستبەرداری پەیامی خۆی دەبێت، هەروەها لە باری ڕۆشنبیرییەوە جاڕی مەرگی خۆی دەدات.

"٥"

ڕۆشنبیر لەسەرێتی هەر هەموو ئەو کۆسپ و لەمپەرو ڕێگرانەی مرۆڤ لە ئازادی مەحروم دەکەن لابەرێت. چونکە ئازادی هەوێنی بوونە و تەنانەت پێش ڕزگاریشە. هەر کاتێك نەتەوەیەك لە مافی مومارەسەی ئازادی بێبەش کرا، بەرە بەرە مافی ئینسانی بوونی خۆی لەدەست دەدات، کە ئەمە دەگەڵ پەیام و گوتارو دۆزی ڕۆشنبیردا کە مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە تێك ناکاتەوە.. جا ڕۆشنبیر بەو ئیحتوبارەی شایەدو چاودێرێکی ئەمین و باوەڕپێکراوی سەردەمی خۆیەتی، لەسەرێتی بە هەر نرخێ بووە خۆی لە حەقیقەتبێژی نەدزێتەوەو بە قازانجی جەماوەری خەڵکی چەوساوە، کە بە درێژایی مێژوو لە هەر ئازادییەك بێبەش کراوە و بوونی مرۆڤانی لێ زەوت کراوە ڕۆشنبیرانە گەواهی بدات، دەنا ڕۆڵی خۆی وەکو ڕۆشنبیر دەدۆڕێنێ و جاڕی مەرگی خۆی دەدات، چونکە دەستبەرداری ئەرکی خۆی بووە کە نەك لە ئەرکی سیاسەتوان کەمتر نییە، بەڵکو زۆر زیاترو مرۆڤانی تریشە.

جا لەم پێودانگەوە ڕۆشنبیری کورد لەسەرێتی بە جددییەتێکی زیاترەوە بەشداری لە دروستکردنی هەر هەموو ئەو بڕیارە ستراتیژییانەدا بکات کە پەیوەندییان بە دۆزو پرسە چارەنووسسازەکانی ئەم نەتەوەیەوە هەیە.. و بە شێوازی تایبەتی خۆی و لە میدیاو کەناڵە ڕاگەیاندنەوانییە جیاوازەکانەوە لە ڕای گوتارێکی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی ئەوتۆدا بخەبتێ کە کەش و هەوایەکی لەبار بۆ سەرهەڵدان و نەشونمای سیاسەت و سەروەرییەکی نەتەوەیی یەکگرتوو بڕەخسێنێ و ژیانێکی ئازادی ئابڕومەندانە بۆ هەموو ڕۆڵەکانی گەل دابین بکات..

## ٧- ڕاگەیاندن دەبێ زامنی دیموكراتیەت بێت

"١"

گومانی تێدا نییە كە ڕاگەیاندن بە هەموو كەناڵە جۆراوجۆرەكانییەوە، ڕۆڵێكی مەزن لە چەسپاندنو ڕیشاژۆكردنی دیموكراتییەت لە هەر سوچو نكالێكی ئەم دنیایەدا دەبینێ. ڕۆڵەكەی هێندە هەستیارو گرینگە كە دەشێت بێ دوودڵی بگوترێ ڕاگەیاندن زامنو پارێزەری یەكەمی دیموكراتییەتە. چونكە ڕاگەیاندن خۆی لە هەموو وردودرشتێكی هەڤبەند بە ژیانی ڕۆڵەكانی گەل دەكات بە خاوەن، ڕەخنە لە هەموو ئەو لایەنە نەرێتییانە دەگرێت كە میناكی خۆرە دەدەنە گیانی ژیانی ئابووریو ڕامیاریو كۆمەلأیەتی...و لە ڕێگەی لە كاركردنی ئەركە ڕاستەقینەكانی خۆیەوە دەبێت بە پەیڤدارێكی نافەرمی زۆربەی هەرە زۆری جەماوەرە بێدەنگەكەی خەڵك. دیارە كە ئەمە پەیامی ڕاگەیاندن بێ، هەڵبەتە كادیرانی ئەو مەیدانە بە جیاوازی بیروبۆچوونو ئایدۆلۆژییانەوە لە سەریانە بەوپەڕی بوێریو ڕاستگۆییو ئەمانەتدارییەوە ڕاستییەكان بە بەڵگەو ئامارەوە بگەیەننە جەماوەری خەڵكی، تا زەمینەی بۆ خۆشبكەن كە بەشداری كاراو چالاكانە لە هەموو ئەو بڕیارانەدا بكات كە پەیوەندییان بە ئاستە جۆراوجۆرەكانی ژیانی ئەوەوە هەیە، هەروەها هەڵوێستگیری دروستی دەربارە بكات..

"٢"

ئەگەر تەماشای ڕۆژنامەوانی كوردی، وەكو كەناڵێكی ڕاگەیاندن بكەین، دەبینین لە كۆنەوەو تا ئەمڕۆكەش شەقڵی سیاسی – ڕۆشنبیری بەسەردا زاڵ بووەو زاڵە. زیاتر ڕۆژنامەوانی بەرگریو بەرخۆدان، بەرەڤانی لە بوونی بەشەرییو كۆمەلأیەتی گەلەكەمان

بووه. واته به مانا ڕاستەقینەکەی دەسەڵات (دەسەڵاتی چوارەم) نەبووە کە چاودێری دەسەڵاتەکانی دی (یاسا دانانو جێبەجێکردنو دادڤانی) لە ڕێگەی مومارەسە ڕەخنەیەکی ئەرێتی بوێرانەوە بکاتو لەو هەڵەو کەچڕەویانەیان بگێڕێتەوە کە بە دەم کارکردنەوە تووشی دەبن. ڕەنگە یەکێك لەو هۆیانەی کە نەیهێڵاوە وەکو پێویست ببێ بە دەسەڵاتی چوارەم ئەوە بووبێ کە کورد تا ئەم ساڵانەی دواییش نە خۆی دەسەڵاتەکانی دیکەی بە تەواوەتی هەبووەو نە ئەو وڵاتانەی کە بە تۆبزیو بە ناهەق کوردیان پێوە لکێنراوە وڵاتانی دیموکراتی ڕەخنە پەزێر بوون.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵێکی گەورەی لەوەدا بینیوە کە نەیەڵێ ڕۆڵەکانی کورد بە ئاسانی بچنە سەنگەری دوژمنەوە..

"٣"

کەواتە ڕۆژنامەوانی لە هەموو وەزعو حاڵو بارێکدا کە بوێرو ڕاستگۆو هەقبێژو دروست هەڵوێست بێ، دەکاتە جۆرە دەسەڵاتێك، با دەسەڵاتێکی ناڕاستەوخۆو کەم دەسەڵاتیش بێ. جا لەم پێوەدانگەوە لەسەرێتی زەمینە بۆ زۆرترین ژمارەی جەماوەری گەل خۆش بکات تا بەشداری ئەو بڕیارە چارەنووسسازانە بکات کە پەیوەندی بە ژیانی خۆیو ڕۆڵەکانییەوە هەس.. چونکە تەنیا بەم بەشدارییە هەستیارە پرۆسەی دیموکراتیزە کردن بەردەوام دەبێت، ڕیشە دادەکوتێو گەشە دەکاتو دەبێ بە زامنی پەرەسەندنو گەشەکردنی لایەنەکانی دیکەی ژیان..

"٤"

هەڵبەتە پەیوەندییەکی پتەوو ڕاستەوخۆ لە نێوان دیموکراتییەتی ڕاگەیاندنو دیموکراتییەتی کۆمەڵگەدا هەیە، کۆسپی گەورە لە سەر ڕێگەی کاروانی دیموکراتییەتی ڕاگەیاندن، چۆنییەتی بونیادی خودی دەزگاکانی ڕاگەیاندنە. ئەگەر ڕاگەیاندن لە سەرێڕا بۆ خوارێ ئاڕاستە بکرێ ئەوا جۆرە سەنگەلاییەك دەکەوێتە نێوان دوو تاکی تەرازووی

هەڤبەندی دیموکراتییەتی ڕاگەیاندنو دیموکراتییەتی کۆمەڵگەوە. کار دەگاتە ئەوەی کە کەمینە بە ناهەق خۆی بکات بە پەیڤداری زۆرینەو لە جیاتی زۆرینە بڕیار بداتو قەرار دروست بکات.. ئەمە لە حاڵێکدایە کە چاك دەزانن ڕاگەیاندن لەسەرێتی هاووڵاتیان بکات بە ئەندامی چالاكو چەلەنگو کاراو کاریگەری کۆمەڵو هەر گوێگری چاك نەبن، بەڵکو گەنکەشەکاری ئەقڵانی چاکیش بن و لایەنێکی کاریگەری چەلەنگی دیالۆگەکان پێك بهێنن..

"٥"

دیارە دەزگاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەرگیز لە سەرووی دەسەڵاتەکانی دیکەوە نین.. بەڵکو کەناڵن بۆ گەیاندنی ڕاوبۆچوونی گەلو نوێنەرانی گەل بە دەسەڵاتەکانی دی، هەر ئەمەش وا دەخوازێ کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو لقو پۆپەکانیانەوە سوور بن لەسەر ئەوەی کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەشداری بڕیارە سیاسییەکان بکەن، بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە چارەنووسی وڵاتو نەتەوەوە هەیە، چونکە پاراستنی تەناییو ئاسایشی نەتەوەیی لە هەموو بوارە ڕامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکانەوە، ئەرکی دامودەزگای ڕاگەیاندنیشە.

بۆ ئەمەش دەبێ ڕای لۆژیکیو دروستی گشتی بکات بە چەکی دەستی بۆ گوشارخستنە سەر دەسەڵاتەکانی دی و پێگەی خۆی لە ناو دەسەڵاتەکانی دیدا بپارێزێتو بە ئەمانەتەوە ڕەخنە بگرێو ڕێزی ڕاو ڕای پێچەوانە بگرێ... تا بۆی دەکرێت لە کۆنترۆڵو سانسۆری دەسەڵاتو حکومەت دوور بێو سازش لەسەر ئازادی خۆیو کۆمەڵ نەکات. چونکە ئازادی ڕاگەیاندن خۆی لە خۆیدا پێوەرە بۆ گشت ئازادییەکانی دی.. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە بەرژەوەندی تایبەتیو بازرگانی زاڵ بێ بەسەر ڕاگەیاندنداو بە قازانجی خۆی ئاڕاستەی بکات.. ئازادییش بە بێ مەسئولییەت دەکاتە پاشاگەردانی..

## ٨- هونەری گەوجاندن

ئازادی، یەکێکە لەو ئامانجە گەورانەی کە مرۆڤ لە دەرێی ئەودا، لە دەرێی ئازادیدا، بوونی مرۆڤانی خۆی دەدۆڕێنێ، پەیوەندییە مرۆڤانییە هاوسەنگ و هاوتاکانی لەدەست دەدات. بۆیە ئازادی و ڕزگاری دەکاتە ئەوەی کە تاك خۆی لە هەر کۆتێکی ڕابردوو- و دابونەریتی ڕابردوو دووربگرێت.. ڕابردوو- و ڕابردووپەرستی مرۆڤ لە ناوەوە کۆیلە دەکات، بۆیە ئازادی مرۆڤ وەختێ بەدی دێت کە مرۆڤ بگاتە ئاستێکی هۆشمەندی و پەیوەندییەکی مرۆڤانی ئەوتۆ کە پڕ بە مانای وشە خۆی بێت و خۆییبوونی خۆی لە هەموو شتێك خۆشتر بووێت و تەنیا بە خۆشەویستی بەگژ مەرگا بچێت و بەرگری لە ژیان بکات. هەموو سوڵتەویەتێکی تەقلیدی و سیاسی، داخلی و دەرەکی ڕەفز بکات. واتە مرۆڤ نابێت دەسبەرداری تەبیعەت و سروشتە شۆڕشگێڕییەکەی خۆی بێت، کە دەکاتە ئەوەی بەخۆی خودانی خۆی بێت و چارەنووسی خۆی دیاری بکات، خۆ خودانی دەکاتە ئەوەی کە بەر لەوەی پشت بە هەرکەسێك ببەستێ، پشت بە خۆی ببەستێت، واتە کۆمەڵگە وەکو ڕەمزێکی دەسەڵات، ئەوەندە بە پێویست بزانێت کە خوداندارى خۆی تیادا موممارەسە بکات.

بە کورتی مرۆڤ کە بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە، نابێت بە نیونەختیش دەستبەرداری بیرکردنەوە بێت، هەروەها بیرکردنەوە تاقە چەکە کە لە هەر کۆیلایەتییەکی ڕزگار دەکات و کە کەوتە سەر ڕاستە ڕێی بیرکردنەوە، ئیدی خۆی بە قەزاوقەدەر و ڕێکەوتە غەیبانی و واقیعییەکان ناسپێرێت.. واتە لە خۆشۆڕشگێڕاندنی بەردەوامدا دەبێت بە ئاڕاستەی ئاییندەدا.. ئیدی ڕۆحی دوێنێ تەواو دەبێت، دەنگی دوێنێ، مەگەر وەکو دەنگدانەوەی کاڵ بمێنێت و هێز نییە بتوانێت ڕەوڕەوەی زەمەن و ڕۆژگار بۆ دواوە بگێڕێتەوە..

هەڵبەتە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە گۆڕینی ئەوزارێن هزرین هەیە، پێویستی بە گۆڕینی ڕوانگە و نۆڕین بۆ ژیان، بۆ بەها مرۆڤانییەکان هەیەو بە کەرەستەو ئەوزاری دوێنێ، وەلاّمی پرسیاری ئەمڕۆ نادرێتەوە.. چونکە هەر قۆناغ و سەردەمێك پرسیارو وەلاّمی خۆی بەرهەم دێنێ. دیارە بانگەوازی گۆڕینی مرۆڤ و ژیان پێویستی بە گۆڕینی ئەوزارو شێوازی دەربڕین هەیە. هەڵبەتە ئەم پرۆسەی گۆڕینە لە واقیعی ئابووری و کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری وەخت دابڕاو نییە، لێ ئەمە بەو مانایە نییە لەو واقیعەدا بچەقێت و قەتیس بمێنێت. بەڵکو بە مانای پێشڤەچوونە بە ئاڕاستەی ژیانێکی بێ سنوورو کەوشەن، بێ کۆتایی، ملنانە بە نادیارەوە بە ڕادەیەك ژیان و پەیامی ژیان دەبێت بە خولیاو کەڵکەڵە و پێشڤەچوون بەرەو ئەبەدییەت، بەرەو کەشف کردنی واقیعی بالاّ، واتا ئەو واقیعەی کە لە واقیعی ڕاستەوخۆ دەوڵەمەندترو جوانترە..

ئیدی لێرەوە داهێنان دەبێت بە هەوێنی ژیان و زیندوویەتی هەر کۆمەڵگەیەك بە ئەندازەی توانا ئەفراندنەوانییە حەیاتییەکانی پێوانە دەکرێت، بەوە پێوانە دەکرێت تا چ ئەندازەیەك مومارەسەی کردەی ئیبداعی دەکات.. هەر کۆمەڵگەیەك بەو ئەشقەوە مومارەسەی ژیان نەکات، لە زۆنگاوی سەلەفییەت دەچەقێت و لە جیاتی لە ئێستادا و بە ئاڕاستەی ئایندە بژی و پێنگاڤ باوێت، لە ئێستادا و بە ئاڕاستەی ڕابردوو، لە نێو یادگارو بیرەوەرییەکاندا دەژی، کە خۆی لە خۆیدا سڕینەوەی ئێستایە، مومارەسەی مەرگە..

***

هەڵبەتە چەلەنگی و کاریگەریی سیاسی بەندە بە چەلەنگی و کاریگەریی ڕۆشنبیرییەوە و لێکدی نایەنە دابڕان، بۆیە فاکتەرێن جوگرافی و زمانەوانی بەتەنیا بەس نین بۆ سەربەخۆیی میللەت، وەختێ ئەم دوو فاکتەرە زۆر گرینگن و دەبن بە فاکتەری بنجبڕ، ئەگەر بووبن بە بێشکە و کانگەی کەلتوورو کەلەپوورێکی داهێنەرانەی تایبەتی ڕەسەن و بەشدارییان لە بەرهەمهێنانی شارستانییەت و ژیاری تیرەی بەشەردا زۆر دیارو کاریگەر بێت، بەشدارییەکی ئەستوونی قووڵ بێت، نەك بەشدارییەکی ئاسۆیی سەرڤە

سەرڤە، بۆیە هەڵکشان و بوژانەوەی سیاسی تا ڕادەیەکی یەجگار زۆر بەندە بە هەڵکشان و بوژانەوەی ڕۆشنبیری و کەلتووری، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە.

بۆیە یەکێك لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی قۆناغێن مێژووی هەر میللەتێك ئەوەیە تا چەند بەشداری لە داهێنان و بەرهەمهێنانی کەلتووری- شارستانیدا کردووە. بۆیە نەبوونی بزاڤ و چالاکی و چەلەنگییەکی ڕۆشنبیریی ڕەسەن و داهێنەرانە، لە هەر قۆناغێکی مێژوودا نیشانەی نەبوون و غیابی بزووتنەوەیەکی سیاسی ڕەسەن بووە. هەر میللەتێك ئامادەبوون و حوزوری ڕۆشنبیری ڕەسەنی لە سەر شانۆی ژیان نەبێت، حوزور و ئامادەبوونی سیاسی ڕەسەن و داهێنەرانەشی نابێت، سیاسەتی گەش و گەورە بەبێ ڕۆشنبیریی گەش و گەورە نابێت.

ئەمە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکییە لە نێوان سیاسەت و ڕۆشنبیریدا، هەر کاتێك ئەم پەیوەندییە دایە کزی و نەما، کۆمەڵگە نەك هەر ناتوانێت بەشدارییەکی کارا لە بونیادنانی شارستانیدا بکات، بەڵکو بەرەبەرە لە ناوەوە دادەوەشێت و هەرەس دێنێت و ئەوپەڕی وەکو پاشکۆیەك، وەکو مشەخۆرێك، بە هەناسە بڕکێ دووی کاروانی مێژوو دەکەوێت و دەبێت بە بار بەسەر ژیانەوە.. بۆیە هەمیشە کێشماکێش و هەڤڕکی لە نێوان کەلتووری سەرڤە سەرڤەی ئاسۆیی و کەلتووری ئەستوونی قووڵ، لە نێوان کەلتووری ئیستیهلاکی و کەلتووری ئیبداعی (فلیڤانی)، لە نێوان کەلتووری بازرگانی و کەلتووری ڕیسککاریدا هەبووە..

کەلتووری ئیبداعی فلیڤانی دەڕوانێتە ئاییندەو ڕوو لە ئاییندەیە، دەیەوێ ئەو دیوی شتەکان بخوێنێتەوە، قالبەکان بشکێنێ و قالبی تایبەت بە خۆی بەرهەم بێنێ. لە پرۆسەی خۆتازەکردنەوەی بەردەوامدایە، بەڵام کەلتووری تەقلیدی سەرڤە سەرڤە کەلتوورێکی قالب پەزێر و ئاسۆییە و لە حاڵی خۆکاوێژ کردنەوەو خۆ دووبارە کردنەوەدایە.. کەلتووری ڕیسك و ڕیسککاری پەیوەستە بە چین و توێژە چەوساوەو غەدرلێکراوەکان، لە ڕوانگەیەکی تازەوەو بە نەفەسێکی تازە دەڕوانێتە جیهان و ژیان و مامەڵیان لە تەکدا دەکات. بە دیدو

بۆچوونی ئیستیهلاکی قاییل نابێت، دووره له هەر کاوێژکردنەوەو خۆ دووباره کردنەوەیەك.
به کورتییەکەی به شێوەیەکی ئەستوونی دەڕوانێتە جیهان و ڕووبەڕووی کەلتووری باوی چینە دەسەڵاتدارەکان، کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی دەڕوانێتە ژیان و جیهان، دەوەستێتەوە.

کەلتووری قاڵب پەزێر پەیوەستە بە چینی دەسەڵاتدارو دامودەزگاکانی دەسەڵاتەوە، کەلتووری قەبوڵکردن و گونجان و سازانە، یانی کەلتوورێکی سازشکارانەی گەوجکارییە.. بۆ نموونە لە کوردستاندا زۆربەی دامودەزگا ئایدۆلۆجییەکان کە ڕاگەیاندن یەکێکە لەو دەزگایانە و لە هەموویان پتر دیارو لە بەرچاوە، کەلتوورێکی ئیستیهلاکی سەرقە سەرقە بەرهەم دێنیٚ و بۆ هەندێك فشە دەسکەوتی هەنووکەیی نانیشتمانی و نانەتەوەیی، لە ڕادەبەدەر بانگەشەی بۆ دەکات و بڵاوی دەکاتەوە..

جا پڕۆسەی بەرهەمهێنان تەنیا سەروەت و سامان بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو دەبێت بازاڕیشی بۆ بدۆزرێتەوەو کڕیاریشی بۆ پەیدا بکات. بۆیە ئەم دەزگایانە گەرەکیانە لە ژێر پەردەی ئایدۆلۆژیی جیاوازی پواو و سواوی سەلەفی کۆنەپەرستانەی تەلقینکاریدا، ڕەواج و برەو بە کەلتوورێکی سەرقە سەرقەی ئیستهلاکی بدەن و بۆ بڕێك مەبەستی ئایدۆلۆژی! بە نرخی کەلتووری ڕەسەنی ئیبداعی بە خەڵکی بفرۆشنەوەو گەوجیان بکەن و بە بیٚ ئەوەی بەخۆ بزانن بکرێن بە کۆمەڵگەیەکی ئیستیهلاکی مشەخۆری نانخۆری جێگری لە مرۆڤایەتی کەوتووی بێدەنگی گوێڕایەڵ..

دیارە گشتاندنی ئەم کەلتوورە ئیستیهلاکییە، دەکاتە هونەری گەوجاندن و بێدەنگ کردن لە سەردەمی ئەقڵگەرایی و هاتنە دەنگدا.. کە ئەمەش بۆ کەس ناچێتە سەر، بۆیە گۆڕان و گۆڕینی سیاسی بە تەنیٚ بەس نییە، بەڵکو دەبیٚ گۆڕان و گۆڕینی کەلتووری بەگەڵ بکەویٚ. ئەو شتەی بە ناوی کەلتوورەوە لە میدیاکانی ئەمڕۆی کوردستاندا پێشکەش دەکرێت، بە شێوەیەکی گشتی کەلتوورێکی سەرقە سەرقەی فێرکاریانەی تەلقینکارییە، کەلتووری وەڵامی کلێشەیی حازرو ئامادەیە، هیچ نیگەرانی و پرسیارێك لە نك جەماوەر چێناکات، چونکە ئەقڵ ناجولێنیٚ، بەڵکو بە پێچەوانەوە جۆرە ئاسوودەیی و دڵنیاییەك لە

دەف وەرگر چێدەكات، یانی بە كوردی و بەكورتی جۆرە بەنجكردنێكە..هەوڵدانە بۆ ملكەچ كردنی وەرگر  بۆ ئەو كەلتوورە ئیستیهلاكییە سەرڤە سەرڤەیەی كە میدیاكان دروستی دەكەن، بۆیە ئەوەندەی چەندییەتی وەرگریان بەلاوە گرینگە، چۆنییەتی وەرگریان بەلاوە مەبەست نییە.

بەمەش جەماوەر و مرۆڤ لە بوونەوەرێكی پرسیاركەرەوە دەگۆڕێ بۆ جەماوەرێكی تەمەڵی تەوەزەلی ملكەچی گوێڕایەڵی بێ پرسیار، كە مرۆڤ پرسیاری لا نەما، سیفەتە جیاكەرەوەكەی خۆی كە پرسیارە لەدەست دەدات و لە مرۆڤایەتی دەكەوێت.. بۆیە یەكێك لە نیشانە هەرە دیارەكانی كەلتووری ڕەسەن و ڕاستەقینە ئەوەیە چەند توانای پرسیار لای وەرگر دروست بكات. پرسیار بوروژێنێت، نەك كەوی و دەسەمۆی بكات و بێ چەند و چوون مل بۆ وەلامە كلێشەیی و ئامادەكان بدات. بۆیە كەلتووری سەرڤە سەرڤە ئەگەر هەندێجار بە حوكمی ئەوەی قسەی دڵی خەڵكانێك دەكات، جۆرە یەكێتییەكی خەیاڵی لە ناو جەماورێكدا دروستیش بكات، خەتەرەكەی لەوەدایە مێشكیان لە قاڵبێكی دیاریكراو دەدات و لە یەك قایدە ڕایدەگرێت.

ئەم حاڵەتە ئەگەر بۆ ماوەیەكیش بە ڕەونەق بێتە بەرچاو، ئەوا لە دوا ئەنجامدا دەبێتە مایەی لەخۆ بێگانەبوونی جەماوەری خەڵك. یانی نە مرۆڤ بینا دەكات، نە هوشیاری و هۆشمەندی دەوڵەمەند دەكات و نە هیچ ئاسۆیەك لەبەردەم جەماوەری خەڵكدا دەكاتەوە. ئەمە جگە لەوەی كە كەش و هەوایەكی گومانئامێزی ئەوتۆ دەخولقێنێ كە گومان لە كەلتووری ڕەسەنی خولقێنەر بكرێ و تەنگی پێ هەڵچنرێ. ئەمە جگە لەوەی كە بزووتنەوەی كەلتووری سەرڤە سەرڤە هەمیشە لە خزمەتی چینی دەسەلاتداردایە.. هەڵبەتە لێرەدا پێویستە ئاماژەیەكیش بۆ ئەوە بكرێ كە ئەوزاری ڕۆشنبیراندنی جەماوەر، گۆڕاوە، تەكنۆلۆژیا و بەرهەمە تەكنۆلۆژییەكان تەنگیان بە وشە وەكو یەكەمین وزەو سەرچاوەی ئەفراندنی ڕۆشنبیریی و كەلتووری هەڵچنیوەو ئەوزاری دیكەی میناكی وێنەو دەنگ و...خەریكە جێی پێ لەق دەكات. دیارە كەلتووری حازر بە دەستی سەرڤە سەرڤە

مێژوو ساز نابێت، بەڵکو زیاتر دوای بزووتنەوەی مێژوو دەکەوێ. یانی بە کورتی خودی گەیاندن وەکو ئەوزارێك گرینگ نییە، بەڵکو گرینگ ئەوەیە چی دەگەیەنێت و چۆنی دەگەیەنێت.

ئەوەی مایەی سەرنجە، ئێمەی کورد خودانی کەلەپوورو باکگراوندێکی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە و کارا و پێشکەوتوو- و دەوڵەمەند نین، تا خۆی لەبەردەم لێشاوی کەلتووری بیستراو و بینراودا ڕابگرێت.. ئەمجۆرە کەلتوورە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، زادەو بەرەنجامی گەشەکردن و پەرەسەندنی بارودۆخێکە کە لە کتێب و لە ڕۆشنبیریی وشە تێربوون.. بۆیە تێرکردنی گوێ و چاو لەلای ئەوان دەڕژێتە ڕووباری هزرەوە، دەوڵەمەندی دەکات. بەڵام لەلای ئێمە کە باکگراوند و پاشخانێکی کەلتووری وشەمان نییە، یانی کتێب و کتێبخانەیەکی زۆر هەژارمان هەیە، ڕۆشنبیر و هزرڤانمان یەجگار کەمە. ئەوەی هەشە کۆمەڵێك هەڵگری شادەتنامەیە و زۆربەیان تووتی ئاسا زانیاری و مەحفووزاتان کاوێژ دەکەنەوەو بە نرخی کەلتووری ئەقلانی بە خەڵکی دەفرۆشن.

ئەمجۆرە کەلتوورە بینراو و بیستراوە، بۆ کۆمەڵگەی پاشکەوتوو هێندەی دیکە خەڵکی لە کەلتووری ڕەسەن و ئیبداعی (فلیڤانی) دووردەخاتەوە و خەڵکی لەسەر کەلتوورێکی بێ نموودی جەڵەبی و سەرڤە سەرڤە ڕادێنێ و لە گرنگترین سیفەتی مرۆڤانی دادەبڕێت کە پرسیارکردنە. هەڵبەتە کە مرۆڤ پرسیاری نەما، لە پرسیارکردن کەوت، لە مرۆڤایەتیش دەکەوێ، نە ڕابردوو دادی دەدات و فریای دەکەوێ، نە ئاییندەش جێی دەکاتەوە. چونکە ڕابردووپەرستی، خۆی لە خۆیدا دەکاتە ڕەفزکردنی نادیار، دەکاتە ڕەفزکردنی هەر ناباوێك، دەکاتە ترسان و هەڵاتن لە نادیاران، کە لە دوا ئەنجامدا دەکاتە ڕەفزکردنی ئاییندە.. کەواتە ئینسانییەتی مرۆڤ لە میانەی پرسیاردا دێتە دی.

***

کەواتە جەوهەری مرۆڤ لەوەدایە بوونەوەرێکی داهێنەری خولقێنەری گۆڕانکارە و بەم پێیە کرۆك و جەوهەری ڕۆشنبیریی و کەلتووری ڕەسەنیش لە داهێنانە گۆڕان

ئامێزەکەیدایە.. بۆیە هیچ ڕۆشنبیرییەکی ئیستیهلاکی ناتوانێ ببێ بە توخم و ڕەگەزو فاکتەری گۆڕین، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەمجۆرە کەلتوورو ڕۆشنبیرییە پشت بە بەها چەسپاوە بۆ ماوەییەکان دەبەستێت و بەمەش دەبێت بە فاکتەر و ڕەگەزی چەسپاندن و ڕیشاژۆکردنی ئەو بەها کۆنانەی کە دەبێت بێنە ڕوخاندن، یانی کەلتووری ئیستیهلاکی، بەشداری لە چەسپاندنی سەرکوتکاری و کۆیلایەتی و چەوسانەوەدا دەکات، هەر بۆیەش سیستەم و ڕژێمە سەرکوتکار و ستەمکارەکان پشتیوانی لە کەلتوور و ڕۆشنبیریی ئیستیهلاکی دەکەن و وا لە خەڵکی دەگەیەنن گوایە پڕ بە پێستی پێویستییە حەقیقییەکانی جەماوەری خەڵکە و بەرە بەرە بە گشتاندن و ڕەواجدانی ئەو جۆرە کەلتوورە، زەمینە بۆ پراکتیزە کردنی ئایدۆلۆژی سەرکوتکارییانەی خۆی خۆش دەکات، هەروەها بواری پرسیاران، کە نیشانە و ڕەمزی پێشڤەچوونە بەرەو ئاییندە، کەم دەکاتەوە و نایهێڵێت.. لە کاتێکا جەوهەری کەلتووری ڕەسەن و ئیبداعی، بریتییە لە جەڕباندن و ڕیسك و کردنەوەی ڕێگای جیاواز، جەوهەری هەر داهێنانێك جیاوزی و دابڕانە، بزووتنەوەیەکی بەردەوامە بەرەو پوختە بوونی بەردەوام، چونکە کەلتووری ڕەسەن دووبارەکردنەوەو کاویژکردنەوەو بەرهەمهێنانەوەی ڕابردوو- و شتە دیارەکان نییە، بەڵکو داهێنان و ئەفراندن و کەشفکاری و پرسیار لە نێو پرسیارە بە ئاڕاستەی نادیار و ئاییندە..


بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- مرگ گدشته/جان هرولد پلام/مترجم: عباس امانت/چاپ اول:١٣٨٦.

*- علی رضا قلی/جامعه شناسی نخبه کشی/چاپ بیست وسوم:١٣٨٣.

*- نخبگان وجامعه/تی.بی، باتامور/ترجمه وتحقیق: علیرضا طیب/١٣٧٧.

*- التغییر/سالم القمودی/ بیروت- لبنان/٢٠٠٤.

## ٩- خۆیبوونی ڕۆشنبیری

"١"

ئاشکرایە ئێمەی کورد، لە ئاستی نەتەوەییدا تا ئێستا خاوەنی سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی سیاسی وئابووری ئیعتراف پێکراو نین، نە لە ئاستی جیهانی و نە لە ئاستی ناوخۆی نەتەوەییشدا، دیارە نەبوونی ئەو جۆرە سەرکردایەتییە، ئەرکی ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان، کە لەسەریانە بیر لە پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بکەنەوە، قورس و قورستر دەکات. بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە کورد بیر لەوە بکاتەوەو هەوڵ بدات سەرکردایەتییەکی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی یەکگرتووی ئەوتۆ بۆ خۆی پێك بهێنێ کە بە لای کەمەوە ئیعترافی ڕۆڵەکانی میللەتی کورد بەدەست بێنێ و دان بە هیچ سنوورێکی دەستکردی ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی کورددا نەنێت و هیچ جۆرە ناوچە گەرێتییەکی سیاسی و حیزبی لە لایەنە سیاسییەکانی کورد قەبوڵ نەکات و هەر هەنگاوێك کە ببێتە مایەی دابڕانی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان، کە لە پێوەندییە حیزبییەکان مەزنتر و زیندووترن، بە جورئەتەوە ڕەت بکاتەوە..

"٢"

بێگومان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، دامودەزگا و کەناڵی گەیاندن و ڕاگەیاندنی وەکو ڕۆژنامەو ڕادیۆ و سەتەلایت و ئینتەرنێت و فەیسبوك و... ئەگەر بە ئاڕاستەیەکی نەتەوەییانەی زانستیدا ڕەعەمەل بهێنرێن، ئەوا دەوری گەلەك گرینگ و کاریگەر لە یەکخستنی نەتەوەدا دەبینن و... زەمینە بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەکی یەکگرتووی

نەتەوەیی خۆش دەکەن، کە خۆی لە خۆیدا فاکتەرێکی هەرە گرینگە بۆ یەکخستنی نەتەوە.

هەڵبەتە کورد بە درێژایی مێژووی خۆی بە ئەندازەی ئەم ساڵانەی دوای ۱۹۹۱، ئیمکاناتی ڕاگەیاندن و هۆ و ئەوزار و کەناڵی گەیاندنی لەبەردەستدا نەبووە. لێ مخابن وەکو پێویست و بە مەسئولییەتەوە بەکار نەهێنراون و بە ئاڕاستەیەکی نەتەوەیی یەکبوونخوازیدا وەگەڕ نەخراون.

حیزبەکان، (بە ڕێژەی جیاواز) بە تەواوەتی دەستیان بەسەردا گرتوون و بۆ خۆیان قۆرخکردوون و ئەوەندەی بۆ مەبەستی حیزبایەتی و بۆ مەبەستی چەسپاندنی ناوچەگەرێتی تەرخانیان کردوون، ئەوەندە بۆ یەکخستنی ڕیزەکانی گەل و خولقاندنی ویژدانێکی نەتەوەیی هاوبەش و سایکۆلۆژیایەکی یەکگرتوو تەرخانیان نەکردوون. هەڵبەتە ئەمەش مەسئولییەتێکی مێژوویییە و ئەو لایەن و حیزبانەی کە لە مەیدانەکەدان، هەڵبەتە بە ڕێژەی جیاواز، هەروا بە ئاسانی لێی دەرباز نابن...

"٣"

گەر تۆزێ بە شێنەیی بڕوانینە دنیای ڕۆژنامەگەری کوردی دوای ڕاپەڕین و تاکو ئەمڕۆکەش ئەوا دەبینین ڕۆژنامەیەکی سیاسی نەتەوەیی سەربەخۆی ئەوتۆ کە نووسەرانی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەشداری تێدابکەن و زۆربەی هەرە زۆری خوێنەرانی کورد لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بدوێنێ، نەك هەر نییە، بەڵکو لەسەر حیسابی ئەوە بایەخێکی یەجگار زۆر بە ڕۆژنامەگەری حیزبی دەدرێ! کە نووسەرانێکی دیاریکراو بەشداری تێدا دەکەن و خوێنەرانێکی دیاریکراو دەدوێنێت..

هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاۆکراوەیەك نابینرێ کە لە لایەن خەڵکانی سەربەخۆوە، یان لە لایەن دامودەزگایەکی ڕۆشنبیریی سەربەخۆوە دەربکرێت و بەڕێوە ببرێت، بەڵکو ڕوانینی تەسکی حیزبایەتی وای لە حیزبەکانی باشووری کوردستان کردووە —کە ئەمڕۆ زیاتر

شەقڵی کۆمپانیای بازرگانییان وەرگرتووە!!- کە تەنانەت گۆڤارە فیکری و ئەدەبییەکانیش بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو سەرپەرشتی چاپ و دەرکردن و بڵاوکردنەوەو ئاڕاستە کردنی بکەن.. یان خەڵکانێك پەیدا دەکەن کە بە وەکالەت بۆیان بەڕێوە ببات، ئیدی بە شەریکی بێت یان بە قۆنتەرات و قازانج بە شەریکی. بە خەیاڵی خاوی خۆیان بە بەردێك دوو چۆلەکان دەکوژن، لە لایەکەوە بەرنامەکەی خۆیان بە شێنەیی و بەبێ ئەوەی هیچ گلەییەکیان بێتە سەر پیادە دەکەن! هەروەها لە لایەکی ترەوە گوایە دەیسەلمێنن کە ڕۆژنامەو بلاڤۆکانی سەربەخۆ هەن کە ئەمەش لە دوا ئەنجامدا نیشانەی دیموکراتییەتی ئەوانە!!

عال کولێوە شێلم!!! دیارە ئەو بلاڤۆکانە بەمە سەربەخۆیی دارایی خۆیان لەدەست دەدەن و ئەمەش هەڕەشەیەکی گەورەیە لە ڕۆشنبیریی نەتەوەیی.. زۆربەی حیزبەکانی کوردستان کە دەسەڵات نین، بەڵکو لاسایی کەرەوەی دەسەڵاتن، بە کردەوە ئەم پرۆسەیە جێبەجێ دەکەن و بە بەرنامە هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن کە ڕۆشنبیران و ئەهلی قەڵەم و ئەدەب و هونەر بکەن بە پاشکۆ و تەنانەت کلکایەتی خۆیانیان پێ بکەن و کار بگەیەنرێتە ڕادەیەك کە ڕازی نەبن ئەم نووسەر یان ئەو نووسەر لە بڵاوکراوەو چاپەمەنییەکانی هەڤڕکەکەی ئەودا بەرهەم بڵاو بکاتەوە و بە خیانەتی نەتەوەیی لە قەڵەم بدات، لە کاتێکدا جوانی و زیندوویەتی نووسین لەوەدایە کە پرۆسەیەکی تا سەرمۆخ سەربەخۆ و نەتەوەییە.

ئەمە لە کاتێکدا بە خۆی عەینەکێکی حیزبی وەهای لە چاوکردووە کە نە لە دوور و نە لە نزیك نەتەوەو نەتەوە پەروەری نابینێت، هەندێجار پشتیوانی بڵاوکراوەیەك دەکەن و بەمەش خۆیبوونی بڵاوکراوکە دەکرن!..دیارە بڵاوکراوەیەك لە سەربەخۆیی دارایی مەحرووم بێت، مەودای چالاکییەکەی زۆر سنووردار دەبێت.. بۆیە بە ڕاشکاوی دەڵێین ئەگەر ئەمڕۆکە لە کوردستاندا هەر کەسێك بڵاوکراوەی خۆی هەبێت، ئەوا نەتەوەی کورد بڵاوکراوەی سەربەخۆی نەتەوەیی نییە.

"٣"

ڕاسته ناوبەناو هەندێ کتێب و بڵاوکراوە لێرەو لەوێ دێنە چاپکردن و بڵاوبوونەوە، بەڵام هێندە بە تیراژی کەم بڵاو دەکرێنەوە، دەتوانین بڵێین مەگەر تەنیا بایەخی مێژوویيان هەبێت، دەنا کاریگەرییەکی ڕۆشنبیریی ئەوتۆی نابێت کە گۆڕان دروست بکات و تەوژم و گوڕێکی دیار بە کاروانی ڕۆشنبیریی و هزری و ئەدەبی نەتەوەییمان بدات. خۆ هەر یەکێك لەو بڵاوکراوانە هەر بە ئاستەمێك لە خەتی ئەو گروپ و لایەنە دەربچێت کە پشتیوانی دارایی دەکات، ئەوا پارەکەی دەبڕن و لە جێی خۆی خەفە و مرداری دەکەنەوە. ماوەیەك چاپەمەنی لە نێوان ئەم شارو ئەو شاردا قەدەغە بوو!!..

ئەمە خۆی لە خۆیدا مەنع کردنی ڕۆڵەکانی میللەت بوو لەوەی کە لە باری ڕۆشنبیرییەوە تەفاعول بکەن.. ئیدی باش بوو لە سایەی بەرەکەتی عالەمچیاتی و ئینتەرنێت و فەیسبووکەوە ئەو خەیاڵ پڵاوەشیان کەڕووی هەڵهێنا.. دیارە میللەتێك لە کارلێك و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیریی مەحرووم بکرێت، خۆبەخۆ لە ئاییندەو چارەنووسی ڕوون مەحرووم دەبێ..

"٥"

دیارە ئەمجۆرە مەنع کردن و هەڵوێستە نا مەسئوولانانە، بە هیچ شێوەیەك خزمەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان ناکات، بەڵکو دەبێتە مایەی پەرت کردن و پارچە پارچە کردنی کورد و کوردستان لەبەر خاتری پاراوکردنی هەندێ کەڵکەڵەی حیزبی، لە کاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکان تاکو ئەمڕۆش لە کۆڕو ئەنجوومەنە سیاسییە ناوچەیی و جیهانییەکان تەنیا وەکو نوێنەری حیزبەکانیان مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێت، بە زۆرییش مامەڵەی هەواڵگری نەك مامەڵەی سیاسی. یانی بە دەگمەن وەکو نوێنەری کورد مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێت، کەچی هیچیش بەلایانەوە خەم نییە کە بیرێك لە یەکخستنی گوتاری سیاسی

کورد، ئەگەر گوتاری سیاسییان پێبێت، بکەنەوەو هەوڵێك بۆ سیاسەتاندنی دۆزی کورد بدەن، نەخێر تا حیزبە حەیاتەکە وەستابێت ئەوەیان گرینگ نییە!..

دیارە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دژایەتی کردنی یەکێتیی گوتاری ڕۆشنبیریی نەتەوەیی کوردە، کە بێگومان بنەمایەکی هەرە گرینگی بوونی نەتەوەیی کورد پێك دێنێت. بێگومان ڕۆڵی سانسۆری حیزبی، لە هەموو خەتەرێك خەتەرترە.. ئەمە بەرەو ئەوەمان دەبات کە لە بری بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەکی نەتەوەیی، هەر کۆمەڵە و لە ناوچەی خۆیدا بێهودە سەرگەرمی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیرییەکی حیزبی ببێت و هەموو ئەمەش لە ژێر پەردەی بنکەو مەڵبەندی بە ناو ڕۆشنبیری و لە ئەسڵدا حیزبی دەکرێت.. دیارە ئەمەش خەتەرێکی دیکەی ناوچەگەرێتییە و هەڕەشەیە لە پڕۆسەی یەکخستنی نەتەوەیی.. چونکە ئەو جۆرە بنکەو مەڵبەندانە جگە لەوەی دەبنە سەرچاوەی گەندەڵی دارایی و ڕۆشنبیری، دەبێ لە قاڵبی حیزب بدرێن و کار لەسەر ڕۆشنبیرییەك بکەن کە بەپێی خواستی حیزبەکانی پشتییانەوە بێ، واتە ڕۆشنبیرییەکی کەوی و دەستەمۆ بێت، کە واش بوو، گوتاری ڕۆشنبیریی ڕەسەن بەرهەم ناهێنێت و بزووتنەوەو گۆڕانی ڕۆشنبیریی دروست ناکات..

هەڵبەتە لە کەش و هەوای ئاوهادا، ڕۆشنبیرییەك قەبوڵ ناکرێت کە لە خەتی حیزب دەربچێت. بێگومان حیزب لەم حاڵەتەدا دەبێت بە زیندانی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی.. بۆیە ڕۆشنبیر لە هەر سەنگەرێکدا بێت، لەسەرێتی داکۆکی ڕاستگۆیانە لە خۆییبوونی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بکات و هەموو سانسۆرێکی حیزبی لەو مەیدانەدا بە جورئەتەوە ڕەفز بکات.

"٦"

بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە، حیزبەکانی باشووری کوردستان بە پەلە کەوتنە لاسایی کردنەوەی تەجرەبە تاڵەکانی وڵاتی لوبنان و هەر حیزبە و بۆ خۆی کەوتە دامەزراندنی تۆڕێکی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی حیزبی و مەملەکەتێکی عەنتیکەی بۆ خۆی قوتکردەوەو ناوی خوای لێهێناو باژۆ دەشتە.. تا وای لێهات بە ئاسانی کورد و

کوردستان بە قوربانی بەرژەوەندییە حیزبییەکانی خۆی بکات.. بۆیە بە پڕکێشییەوە دەتوانرێ بگوترێ کە لەم بەشەی کوردستاندا، نە ڕۆژنامە، نە گۆڤار ، نە ڕادیۆ، نە تەلەفزیۆن و نە هیچ دەزگایەکی نەتەوەیی نییە، هەروەها ئەو دەزگا ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنە حیزبییانەی هەن، بە ڕێژەی جیاواز، لە بری ئەوەی ڕۆڵی یەکخستنی نەتەوەیی بگێڕن، زیاتر ڕۆڵی چەسپاندن و قوولکردنەوەی ناوچەگەرێتی و حیزبچیاتی دەبینن!.. کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دژایەتی کردنی ناسنامەی نەتەوەییە، لە پێناوی حیزبێنی تەسکدا..

"٧"

ڕادیۆ، کە ڕەنگە لە ولاّتی ئێمەدا دەوری کاریگەرترو ڕاستەوخۆتری لە ڕاگەیاندنی خوێنراو هەبوویێت، بە ئاڕاستەیەکی حیزبی ناوچەگەرییانەی زۆر نابەجێدا دەبرا، سەردەمانێك خەڵکانێك لەسەر گوێگرتن لەم ڕادیۆ، یان ئەو ڕادیۆ، لێپێچینەوەیان دەگەڵ دەکراو تەشویش و هانی هانی دەخرایە سەر ڕادیۆکان! ئەم ڕادیۆیانە حیزبین و تا ئیمڕۆش کە دێنە سەر پەخش کردنی هەواڵەکان لە سەرەتاوە و لە پێشی پێشەوە لە چالاکی حیزبی خۆیانەوە، لە پێش حیزبەوە لە چالاکی مەسئوولی یەکەمی حیزبەوە دەست پێ دەکەن، ئیدی با ئەو چالاکییانە گرنگیش نەبن!.. دەبێ ئەم بابەتە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنانە چ خێرێ بۆ کورد بدەنەوە!.. ئەمڕۆ دژی شتێکە و سبەینێ بە شان و باڵی هەمان شتدا هەڵدەڵێت!.. بە هەمان حەماس و تۆنی دەنگەوە ستایشنامەو جنێونامە دەخوێننەوە!.. شوکر لە سایەی بەرەکەتی سەتەلایتەوە ئەو خەیاڵ پلاّوەشیان کەڕووی هەڵهێنا..

جا با تاوێك لای گۆرانی و مۆسیقاش بوەستین. ئاشکرایە مۆسیقاو گۆرانی دەوری گرینگ لە خەملاّندنی ویژدان و سایکۆلۆژیای هاوبەش دەبینێت. کەچی ئەم لایەنە لەو پەخشە کەناڵە حیزبییانەوە بە ڕادەیەك فەرامۆش کراوە، ڕەنگە کوردێکی بابەلباب کورد کە میزاجی کوردەواریی تێکدراوە، ئەوەندەی گوێ لە گۆرانیبێژێکی فارس، تورك، عارەب

دەگرێت، ئامادە نەبێت بە هیچ جۆرێ گوێ لە کاوس ئاغا، مریەم خان، عایشەشان، عەلی مەردان، حەسەن زیرەك ، محەمەد عارفی جزیری و عوسمان کێمنەیی ... بگرێت!

چ کارەساتێکە ئەمە! ئایا ئەمە دریغییەکی زەقی کەناڵە حیزبییەکان نییە؟! یان کە گۆرانی کوردی لێ دەدرێ، دێن کام گۆرانیبێژەی کە دەنگ و بەهرەکەی هێندە بچووکە و بە بست لە خۆی دوور ناکەوێتەوە، بە سایزەرێکی کۆککراوەوە دەخەنە سەر و لە خەڵکی نەفام وایە کە ئەمە نوێنەری گۆرانی کوردییە!.. دیارە ئەمە نەك هەر زەوقی گوێگرتن لای خەڵکی پەروەردە ناکات، بەڵکو لە گۆرانی کوردی تەوەلای دەکات و وای لێ دەکات لەسەر حیسابی گۆرانی کوردی پەنا بۆ گۆرانی بیانی ببات و حیزبەکانیش خۆش خۆش گۆرانی بیانی بخەنە سەر و گوێگری پێ ڕاو بکەن و پێیان وابێ ئەمە نیشانەی سەرکەوتنی کەناڵەکە و بەرنامەکەیانە. هەڵبەتە هونەر، هەر هونەرە بە هەر زمانێك بێت، بەڵام کەناڵێك کە گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی میللەتەکەی خۆی نەناسێت، تۆ بڵێی گۆرانی ڕەسەنی بیانی بناسێت؟! ئەمە جگە لەوەی نابێ گۆرانی و مۆسیقای بیانی لەسەر حیسابی گۆرانی و مۆسیقای ڕەسەنی کوردی بێت، چونکە گۆرانی و مۆسیقای خۆماڵی ڕەسەن دەورێکی یەجگار گرینگ لە خەملاندنی ویژدان و سایکۆلۆژیای هاوبەشی نەتەوەیی دەبینێت..

لێرەدا پێویستە ئاورێك لەو زمانەش بدرێتەوە کە لەو کەناڵە ڕاگەیاندنە حیزبییانەدا بەکار دەبرێت.. بێگومان زمانەکەش نەك هەر ناوچەییە، بەڵکو هەوڵی ئەوە دراوە بکرێ بە زمانێکی حیزبی و بە ئاڕاستەی حیزباندندا ببرێت... ماوەیەك بوو هەموو ڕادیۆکان بێ ئەوەی ناسنامەی حیزبی خۆ بڵێن، خەڵکی زۆر بە ئاسانی بە زمانەکانیاندا دەیانناسییەوە!.. لە کاتێکدا ئەمە دەکراو تا ئێستاش دەکرێت کە زمان بۆ ئێمەی کوردی بێ دەوڵەت دەورێکی گرینگ دەبینێ لە یەکخستنی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریماندا، بەڵام وەگەڕ نەخستنی بە ئاڕاستەیەکی نەتەوەییدا، ئەو دەورە گرینگەی کەم دەکاتەوە، بۆیە هیچ عەنتیکە نییە بەم قۆناغەی کوردەواری بگوترێ قۆناغی پەتای حیزبیاتی تەسك!..

چونکە بە بەرچاوی هەموانەوە هەوڵ دراوەو هەوڵ دەدرێ هەموو بوارەکانی ژیانی کوردەواری حیزباوی بکرێت و ئەمەش لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەو نەتەوە پەروەری دێتە ئەنجامدان و لە سایەی بەرەکەتی حیزباوی کردندا، دیارە هەموو شتێك بە کەلتوور و ڕۆشنبیریشەوە شەقڵی ناوچەگەرێتی وەردەگرێت و... دیارە ڕۆشنبیر و نووسەری کورد ئەو حەقیقەتە دەزانن کە ڕۆشنبیریی بێ ڕۆشنبیران نابێت، کەواتە ڕۆشنبیریی حیزبیش بێ ڕۆشنبیر نابێت، بۆیە لەسەریانە بە نەفەسێکی هۆشمەندانەی نەتەوەییەوە لە دامودەزگا حیزبییەکاندا کاربکەن و هەر پەیوەندییەکی حیزبی نەبێتە مایەی ڕێکخستن و ڕیشاژۆکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و مرۆڤانییەکان، گومانی لێ بکەن و بیخەنە بەر پرسیار!..

بێگومان ئەو دەزگایانە تواناو هێزی ماددی و سیاسی و دارایی و کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە، بۆ مەبەستی بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن. بەڵام ڕۆشنبیران دەبێت لەوە وریاتر بن بە ئاسانی ڕەدوویان بکەون، دەبێت هەمیشە سەربەخۆیی فیکری و ئەدەبی و هونەری خۆیان بپارێزن و دەستبەرداری نۆرین و ڕۆشنبینی ڕەخنەیی خۆیان نەبن، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانیان پێ گەورەتر و زیندووتر بێت لەو پەیوەندییە حیزبییە نابووتانەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستاندا باویەتی.. داوای لابردنی هەر سانسۆرێکی ناوچەگەرێتی بکەن. لە سنووری تواناداا، دەزگا هاوشێوەکانی ڕاگەیاندن یەك بخرێت و ئاڕاستەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بکرێ، هەموو کورد بدوێنێ.

چاپەمەنی و بلاوکراوەکان بەپێی توانا نەك هەر لە شارێکی یەك بەشی کوردستاندا بلاو ببنەوە، بەڵکو بە هەر شێوەیەك بووە بگەیەنرێتە هەموو بەشەکانی کوردستان کە ئەمڕۆکە لە سایەی بەرەکەتی ئینتەرنێت و عالەمچیاتیدا ئەمە کارێکی زۆر ئاسانە، بەڵام گرینگ ناوەڕۆکی ئەو بلاوکراوانەیە، چەند هەڵگری پەیامی نەتەوەیی و یەکبوونخوازی بن... ڕۆشنبیران پەیوەندی بە هیچ ڕێکخراو و یەکێتییەکی پیشەیی ناوچەییەوە نەکەن، بەڵکو دەبێ ئەو ڕێکخراوانە بەر لە هەر شتێك نەتەوەیی بن.. بە هەرحاڵ ڕۆشنبیران لەسەریانە لە

هەرکەسێکی دی زووتر مەترسییەکانی حیزباوی کردنی خەڵك بە مەبەستی چەسپاندنی ناوچەگەریێتی، کە وەکو شێرپەنجە دەتەنێتەوەو هەموو بوارە ئابووری و فیکری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییەکانیش دەگرێتەوە، دەرك بکەن و هەموو لەمپەرێکی ناوچە گەریێتی ببەزێنن و کەش و هەوای ڕۆشنبیرییەکی هاوبەش خۆش بکەن و بە ئاڕاستەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوودا وەگەڕی بخەن و پشتیوانی لە هەموو هەنگاوێکی وەحدەویانەی نەتەوەیی بکەن، چونکە دۆزی سیاسی کورد لە بنج و بناواندا دۆزی یەکگرتنەوەیە..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- الدولة القطرية والنظرية القومية/دار الطليعة/١٩٨٢/ جورج طرابيشي.

*-پەلکە ڕەنگینە/حەمەکەریم عارف/چاپی یەکەم٢٠٠٤/بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر.

# ١٠- یەکبوونخوازی

"١"

بێگومان مێژوو ڕۆڵێکی گەلەك مەزن لە پێکهاتەی نەتەوەدا دەبینێت. دەتوانین بڵێین ئەو قاڵب و چوارچێوەیەیە کە سەرانسەری بنەماکانی دروستبوونی نەتەوەی تێدا دەخەملێت و بەرجەستە دەبێت، تەنانەت خودی مێژووش لە ناوجەرگەی مێژوودا پێك دێت.

هەڵبەتە مێژوو تەنیا ڕابردوو نییە، بەڵکو ئێستاو داهاتووشە، هەموو ئەو زەمەنانە بە جۆرێك تێکەڵ بە یەکدی بوون و کار لە یەکتری دەکەن، ڕەنگە جیاکردنەوەو لێك دابڕانیان ئەگەر مەحاڵ نەبێت، ئەوا زۆر ئەستەمە! چونکە مێژوو بازنەیەکی داخراوی وەستاو نییە، بەڵکو پڕۆسەیەکی بەردەوامە و لە گەشەکردن و گۆڕانی بەردەوامدایە.. واتە زەمەنێکی وشکی مردوو نییە، بەڵکو زەمەنێکی مرۆڤانی زیندووەو خوێندنەوەو کەشفی هەمەجۆر دەخوازێ بەپێی پێداویستییەکانی ئەمڕۆ..

ئێمەی کورد هەر لە کۆنەوە نەهێڵراوە چاو بکەینەوە. سەرکوت و چاو ترسێن کراوین، غەدری زۆر گەورەو خیانەتی نامرۆڤانەمان لێکراوە، چ لە لایەن گەلانی دراوسێ و داگیرکەران و چ لە لایەن ئیستعماری دنیاوە بە هەردوو بلۆکی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتەوە. ئەو غەدرو خیانەتەی لەمە کراوەو دەکرێت، ئەو تراژیدیاو کارەساتانەی بەسەر کوردا هێنراون، مایەی شەرمەزاری سەرلەبەری مێژووی مرۆڤایەتییە.

ئێمە لە هەموو ئارامیی و ئاسوودەییەك مەحرووم کراوین، کە ئارامیی و ئاسودەیی فاکتەرێکی هەرە گرینگی بەرهەمهێنانی شارستانیەتە و سەرەتای کارلێکە دەگەڵ مێژوودا. بۆیە نەتەوەیەکی چەوساوەی هەڕەشە لێکراوی وەکو کورد، لەسەرێتی لە

ڕابردووی خۆی بگەڕێت و بە ئێستاوەی گرێ بدات و بەپێی پێویستییەکانی ئێستای بیخوێنێتەوە.. ڕاستە مێژوو گەلان دروست دەکات و گەلان لە ناوجەرگەی بونیادە مێژووییەکانەوە چێدەبن، بەڵام گەلانیش وەکو بوونی کۆمەڵایەتی زیندوو، دەتوانن لە نوێ مێژوو دروست بکەنەوەو بە شێوەیەکی مرۆڤانە ئاڕاستەی بکەن. پێویستە مێژوو بە هەردوو باری ئاسۆیی و ئەستوونیدا بخوێنینەوە و بیکەین بە فاکتەری هەرەکاری یەکخستنی نەتەوەکەمان.

لەسەرمانە هەوڵی یەکخستنی مێژووی نەتەوەییمان بدەین و بیکەین بە زامنی یەکبوونی نەتەوەییمان و ڕێگە لە پارچە پارچە کردنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری نەتەوەکەمان بگرین کە ناحەزان و دوژمنانی کورد، بە بەرنامە دەیانەوێ ئەو پارچە پارچە کردنانە قووڵ بکەنەوە و لە کوردی بکەن بە ئەمری واقیع و لە گۆڕان نەهاتوو. بۆیە دەبێت هزرو زەینێکی مێژوویی لای ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دروست بکرێت و ڕەنگە باشترین دەست پێشخەرییش لەم وارەدا، ئەوە بێت کە لە قوتابخانەکانەوە دەست پێ بکرێ و بەپێی قۆناغەکانی خوێندن، مێژووی کورد بخوێنرێ.

دیارە ئەمە دەورێکی گەلەك گرنگی دەبێت لە قووڵکردنەوەو ڕیشاژۆکردنی لە هزرو بیری خەڵکیدا و بۆ خۆی هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو یەکخستنی مێژوومان. ئەم پرۆسەیە بۆ خۆی دەبێت بە بوشێك لە زانیاری ڕۆشنبیریی هەزاران قوتابی.. ئەم پرۆسەیە ئەگەر بۆ خەڵکان و گەلانی دیکە زۆر پێویست نەبێت، ئەوا بۆ گەلی کورد کە لە قۆناغی دروست بوونی نەتەوەییدایە، گەلەك پێویستە. ئەوەی مایەی دڵخۆشییە، ئەوەیە کە جەماوەری خەڵکی کوردستان، واتە زۆربەی ڕەش و ڕووتانی وڵاتی کوردەواری، خەڵکانێکی یەکبوونخوازن نەك تەقسیم خواز.

واتە خەونی زۆربەی خەڵك بە دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستانەوەیە نەك بە ناوچە گەرێتییەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەگەر بە شێوەیەکی ئیجابی نەتەوەییانە ئاڕاستە بکرێت و بقۆزرێتەوە، دەکاتە هێزو نیرووییەکی مەعنەوی مەزن. هەڵبەتە ئەرکی هەرە

گرینگ و بنەڕەتی لەم ڕووەوە دەکەوێتە ئەستۆی خەڵکە منەوەرو ڕۆشنبیرەکانی کورد کە دەتوانن بە زەبری هۆشمەندی و بەرزی ئاستی هوشیارییان، هەمووهەولێکی چەسپاندن و بە واقیعیکردنی ناوچەگەریتی، بە هەر هەنجەت و بیانوویەك بێت، پووچەڵ بکەنەوەو ئەوە ساغ بکەنەوە کە وابەستەیی نەتەوەیی بۆ ئێمەی کورد لە هەر وابەستەییەکی دی بالآترەو تەنیا لە سایەی ئەم وابەستەییەدایە کە هەر کارو کردەوەیەکی هەر میللەت و گەلێك تاریخییەت وەردەگرێت و دەڕژێتە نێو ڕووباری مێژووی مرۆڤایەتییەوەو بەمەش ڕاستەوخۆ بەشداری لە پڕۆسەی بەردەوامی مێژوودا دەکات. بەشداری لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی شارستانییەتدا دەکات.

"٢"

ئاشکراشە ئێمەی کورد، کەمتر پەرژاوینەتە سەر ئەوەی سەربووررو واریقات و ڕووداو و قەوماو و هەورازو نشێوەکانی خەبتی ڕەوای خۆمان بخەینە سەر کاغەز و ببێت بە تۆمارێك بۆ خۆمان و نەوەکانی ئاییندەمان و ڕابردوومان، ببیّ بە چرای ڕێگەی ئێستامان بە ئاڕاستەی ئاییندەماندا. بۆیە لە زۆر قۆناغی مێژووی کورددا، کە هەر قۆناغێکی بۆ خۆی کارەساتنامەیەکی دڵتەزێنە، بێگانان هاتوون ئەم کارەساتنامەیەیان تۆمار کردووە. هەڵبەتە بێگانەی وا هەن دڵسۆزن و واقیعانەو دۆستانە و بیّ غەرەز و بیّ ڕییا تۆماریان کردووە، هەشن بە پێچەوانەوە، وێڕای ئەو هەموو غەدرەی لە ناوجەرگەی واقیعدا لێمان کراوە، لە تۆمارکردنی کارەساتنامەکەشدا، غەدرێکی دیکەیان لێکردووین و بۆ مەبەستی خۆیان حەقیقەتەکانیان شێواندووە. بە هەرحاڵ بێگانە بێگانەیە و مەبەست و مەرام و غەرەزی خۆی فەرامۆش ناکات و کەم و زۆر، ڕاستەو خۆ و ناڕاستەو خۆ لە نووسینیدا دەنگ دەداتەوە. بۆیە تەنیا خۆمان بەرپرسین لە تاقیب و سۆراخ و ساغ کردنەوەی مێژووی خۆمان و پێویستە چیتر بەوە قایل نەبین بکرێین بە قارەمانی ناو غەدرنامەکانی جیهان..

"٣"

کورد یەکێکە لە نەتەوە کۆن و دێرینەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و هەموو بنەمایەکی دیرۆکی و شارستانی خۆیان هەیە و ڕەنگە ئەمە یەکێك بێ لەو فاکتەرانەی کە وایکردووە تا ئیستا بەرگەی چەپۆکی ڕۆژگار بگرن و وێڕای ئەوەی بەسەر چەندین دەوڵەتدا بە جۆرێك دابەشکراون کە لە هەر هەموویاندا کەمینە بن، بەرگری و بەرەڤانی لە مافی خۆ بکەن و ناسنامەی نەتەوەیی خۆمان بپارێزین..

بێگومان هاوسەنگی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تا ڕادەیەکی زۆر بەندە بە دۆزی سیاسی کوردەوەو کوردو کوردستان کلیلی ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتە و تا داگیرکەرانی کورد و کوردستان بەو چاوەوە سەیری کوردستان بکەن کە کۆڵنی ئەوانەو لە ترسی ئەوەی نەبادا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ژێر ڕکێفی ئەوان بێتە دەرێ، هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەن ئەم وڵاتە بە خاك و خەڵك و سەروەت و سامانەکەیەوە تا دوا چۆڕ دابدۆشن و بیر لە تواندنەوەی ماددی و مەعنەوی بکەنەوە، ئەوا ئەم ناوچەیە ئارامیی و ئاشتی بە خۆیەوە نابینێت و هاوسەنگی سیاسی ڕاستەقینە، کە تەنیا بە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی چێدەبێت، لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بەدی نایەت.

کوردستان لە ئەنجامی زنجیرە تەقسیم بەندییەکی سیاسییەوە پارچە پارچە کراوەو وەکو کوردستان بە ناهەق پارچە پارچە کراوە، وڵاتانی دیکەش بە ناهەق و لەسەر حیسابی کوردان دامەزراوە، هەر بۆیەش بە گۆڕینی ئەو تەقسیم بەندییە سیاسییانە، کورد لە ڕووی جوگرافی و نەتەوەییەوە دەگەڕێتەوە بارودۆخی ئاسایی خۆی و ئاشتی لە ناوچەکەدا بەرقەرار دەبێت و بەرژەوەندی هەموو لایەك دەپارێزرێ و دەڤەرەکە لە هەموو ڕوویەکەوە دەبوژێتەوە. بۆیە دەبێ کوردو داگیرکەرانی کوردیش ئەو حەقیقەتە دەرك بکەن کە کوردستان و خەباتی نەتەوەیی کورد فاکتەری سەرەکی هاوکێشەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی دەڤەرەکە پێکدێنێ و غافڵ بوون لەم کێشەیە، غافڵ بوونە لە پاراستنی بەرژەوەندی سەرلەبەری ناوچەکە.

هەڵبەتە داگیرکەرانی کورد، هەمیشە لەوە ترساون کە نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی ئێستا وەکو چۆن لە ئەنجامی تەقسیم بەندی سیاسییەوە دروستبووە، بە هەمان شێوە بێتە گۆڕین و کوردستانی بە کۆلۆنی کراویان لەدەست بچێت.. دیارە تا ئەم ترسە بمێنێت، پرۆسەی تواندنەوەی ماددی و مەعنەوی کورد بەردەوام دەبێت، هەڵبەتە تەنێ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و بە واقیعی بوونی دەوڵەتی کوردی، ئەو ترسە لە دڵی داگیرکەرانی دەردێنێت. دیارە تا ئەو ترسە لە دڵی داگیرکەرانی کورد بمێنێت، ئەوا مامەڵەیەکی ئیتیهامی ناشارستانییانە دەگەڵ دۆزی سیاسی کورددا دەکەن. ئەمجۆرە مامەڵە کردنەش هەمیشە وەك تاوانبار سەیری بەرانبەرەکەی دەکات. تاوانباریش بۆ ئەوەی بژی و بمێنێت لەسەرێتی بێتاوانی خۆی بسەلمێنێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاوکێشەی چەوسێنەر و چەوساوە برەو پێ دەدات و ئەنجامیش ئاژاوەو خوێن ڕشتن و نائارامیی دەبێت.. بۆیە بەرژەوەندی سەرلەبەری ناوچەکە لەوەدایە کە کورد ئازاد بێت لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا و دیاریکردنی چارەنووسیش جگە لە دامەزراندنی دەوڵەت، هیچ ماناو شرۆڤەیەکی دی هەڵناگرێت..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:


*- کردها و کردستان/درك کینان/ ترجمە : ابراهیم یونسی.

*- ڕۆژنامەی یەکبوون/ ژ(٦) ١٩٩٩/٢/٢٥|.

*- الدولة القطریة و النظریة القومیة /جورج طرابیشی /١٩٨٢.

*- احفاد صلاح الدین الایوبی/د .طونتر دشنر/ ترجمة : عبدالسلام مصطفی صدي.

## ١١- مافی دیاریکردنی چارەنووس= دامەزراندنی دەوڵەت

"١"

بیری نەتەوەیی و جۆشدانی هەست و سۆزی نەتەوەیی، لە کات و ڕۆژگارو سەردەمی خۆیدا، کارێکی پێشکەوتووخوازانەیە، دەکاتە دەرکی واقیع لە قۆناغی مێژوویی خۆیدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی خەملینی وەعی و هوشیارییە. هەڵبەتە سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی و چەکەرە کردنی بۆرژوازییەت وەکو چینێکی شۆڕشگێڕی تازە کورەی فرە تەماح و فرە کەڵکەڵە وخۆزیاو هیوا، تەواوکەری یەکترن و دەبن بە چەکێکی کارای کاریگەری خەبتین و تێکۆشین دژ بە فیودالی و سیستەمی بەرەبابی و هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتووی بەهێزی ئەوتۆ دەدات کە گەشەسەندن و نەشونمای پەیوەندی بەرهەمهێنانی نوێ دەستەبەر بکات.

هەروەها هەموو لەمپەرێکی پارچە پارچەیی لە ناو بۆتەی نەتەوەییدا بتوێنێتەوە.. بەڵگە نەویستە بورژوازییەت لە قۆناغەکانی هەوەڵی سەرهەڵدان و گەشەکردنیدا، چینێکی شۆڕشگێڕە، پاشان بەرە بەرە قۆناغەکانی دی دەبڕێت و پیر دەبێت و دەوری کۆمەلآیەتی دەگۆڕێت.. بەم پێیە بۆرژوازییەت لە هەموو کەس پتر پێویستی بە دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەیە: تا بازاڕی (نەتەوەیی) بۆ بەرهەمی کارخانەکانی خۆی دابین بکات..

ئەم ڕاستییە تا ئێستا لە کوردستاندا نەخولقاوەو داگیرکەرانی کورد بە جددی هەوڵ دەدەن ڕێی لێ بگرن و بە شێوەی پاشکۆیەتی بمێنێتەوە.. هەڵبەتە لە نێو ئەو نەتەوانەدا کە گەشەسەندنی ئاسایی دەکەن و بە شێوەیەکی ئاسایی قۆناغە مێژووییەکانیان دەپێچنەوە، فیودالیزم دەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەم بابەتە گەشەسەندنەدا.. تا وای لێ دێت، ئەگەر بە تۆبزیش لانەبرێت و لە دەسەلآت ڕووت نەکرێتەوە، ئەوا بە شێوەیەکی خاوتر پەکی

دەکەوێت و ڕۆڵی کۆمەلآیەتی بەسەر دەچێت. ئەگەر بۆ ماوەیەکیش وەکو بیر لە لای خەڵکانێك بمێنێ، ئەوا وەکو واقیعی کۆمەلآیەتی دەوری بەسەر دەچێت.

"٢"

بزاڤی نەتەوەیی کورد، لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەداو لە سەرانسەری سەدەی بیستەمدا هەرگیز لەگەڵ بزاڤی شۆڕشگێڕانەی پڕۆلیتاریای ئەو وڵاتانەدا ناکۆك نەبووە کە کوردیان پێوە لکێنراون. چونکە چینی کرێکاری ئەو وڵاتانە، نە وەك پێویست خەملیون، نە بوون بە دەسەڵات.. ئەوەی بزاڤی نەتەوەیی کورد ئیفلیج دەکات، ئەوەیە کە لە ڕووی ئابوورییەوە پاشکۆی ئەو وڵاتانەیە و سەربەخۆیی خۆی نەبووە. بۆیە بیرکردنەوە لەم حاڵەتەو دەربازبوون لەو ئاستەنگە، ڕەنگە بزاڤی نەتەوەیی بخاتە قۆناغێکی گەشە کردووترەوە.

"٣"

کورد هەر کە سەری لە هێلکە دەجوقێ، بەوە گۆش دەکرێت کە ئاگای لە سەلامەتی و یەکپارچەیی خاکی ئەو وڵاتە بێت کە بە تۆبزی ئەمی لێ مارە کراوە! واتە یەکپارچەیی جوگرافی و کۆمەلآیەتی ئەو وڵاتە هەم دەبێت بە وەسیلەو هەم دەبێت بە ئامانج، لە کاتێکدا ڕژێمانی ئەو وڵاتانە بە خۆیان و بە کردەوە خوازیاری پارچە پارچە بوونی وڵاتەکانی خۆیانن، بە ئاشکرا مومارەسەی چەوساندنەوەی نەتەوەیی دەکەن، لە کاتێکدا چەوساندنەوەی نەتەوەیی مەترسییەکی هەرە گەورەیەو کاردانەوەی خۆی دەبێت. ئەمە جگە لەوەی کە چەوساندنەوەو زەبرو زەنگ نەك میللەتان لە ناو نابات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەمەزەردیان دەکاتەوە و لەسەر داوا ڕەواکەیان کە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییە سورتریان دەکات..

داگیرکەرانی کورد کەم و زۆر سڵ لە چەوساندنەوەی نەتەوەیی ناکەنەوە، بۆیە هەندێجار کە هەست بە جۆرە هەڵچوونێکی کوردو تورەبوونی دەکرێت، خێرا پینەو پەرۆیەك دەکرێت و کەمۆکەیەك مافی رۆشنبیری دەدرێتێ و بەمە وەکو منداڵێك گرۆی گرتبێت، ژێری دەکەنەوەو پاشان بەرەبەرە پاشگەز دەبنەوە، ئیدی ئەم گەمەی ماروپەیژەیە لەگەڵ هەموو نەتەوەی کوردا لە هەموو ولاّتەکاندا بەدی دەکرێت و دیارە ئەمە لە کاتێکدا دەکرێت کە ئەگەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی بۆ هەندێك شوێن و میللەت و ولاّتان لێکۆڵێنەوەو شرۆڤەی جۆراوجۆر هەڵبگرێت و دوودڵی و گومان و لەسەر وەستانی بوێت، ئەوا بۆ کورد هیچ یەکێك لەمانە هەڵناگرێت و رێك دەکاتە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و دەبێت بیرکردنەوەی کورد بەو ئاراستەیەدا ببرێت، کە تەنیا دەوڵەت، زامنی نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوەییە لەسەر کورد، کە بە بەرچاوی هەموو مافپەروەرانی دنیاوە، لە رووی نەتەوەییەوە دەچەوسێنرێتەوە.

"٤"

پێویستە جیاوازی لە نێوان نەتەوەی زۆرلێکراو و زۆردارا بکرێت، چونکە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی زۆرلێکراو خۆبەخۆ گەلەك رەگەزی دیموکراتییانەی تێدایە کە لە هی نەتەوەی زۆردارا نییە، چونکە لینین گوتەنی: "هەموو نەزعەیەکی نەتەوەیی نەتەوەی زۆرلێکراو، ناوەرۆکێکی دیموکراتی گشتی هەیە، دژی چەوسانەوەیەو دەبێت بێ سێ و دوو پشتیوانی لێ بکرێت. "هەر چەوساندنەوەیەکی نەتەوەیی، خۆبەخۆ کۆمەڵێك رەگەزی دیموکراتی و پێشکەوتنخواز لە ناو بزاڤی نەتەوەیی نەتەوەی زۆرلێکراودا دەروێنێ، هەڵبەتە بە بزاڤی رۆشنبیریشەوە، بۆیە رۆشنبیریی نەتەوەیی نەتەوەی زۆرلێکراو، فاکتەرێکی گرینگە بۆ یەکخستنی ئەو نەتەوەیە لە خەباتیا دژی داگیرکەرانی..

"٥"

بوونی نەتەوەیی کورد، حەقیقەتێکی واقیعییەو ئیدی دەبێت تیۆرییەکی مرۆڤانی ڕابەری بکات و تیۆریزە بکرێت. کورد هەموو بنەمایەکی نەتەوەیی تێدایە، تەنیا دەوڵەت نەبێت کە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ زۆر گرینگە و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە لەسەر خاکی خۆی و لەسەر حیسابی خۆی کارێکی پێویستە و هەر لەو چوارچێوە سیاسییەدا کە پێی دەوترێت دەوڵەت گەشە دەکات و بنەما نەتەوەییەکانی تری ڕیشاژۆ دەبن و بوونی مرۆڤانی خۆی لە کاروانی مرۆڤایەتیدا جوانتر دەسەلمێنێت. هەر لەوێوە دەتوانن ئاساییتر تێکەڵ بە کۆمەڵگەی هاوچەرخی دنیا ببن و دوور لە هەموو گرێیەکی خۆ بە کەمزانی و گوشارێکی چەوسانەوە، بەشداری لە بەرهەمهێنانی ژیانی هاوبەشی کۆمەڵگەی دنیا بکەن و لە هەموو بیرکردنەوەیەکی کۆنەپەرستانە دوور بکەونەوە. کە بوونی نەتەوەیی کورد حەقیقەتێکی واقیعی بێت، ئیدی دەبێت مامەڵەیەکی مەنتیقی و مرۆڤانی لەگەڵ ئەو حەقیقەتە واقیعییەدا، لە چوارچێوەی قۆناغی مێژوویی خۆیدا بکرێت و بە ئاڕاستەیەکی زانستانەی مرۆڤانیدا ببرێت.

"٦"

هزرینی نەتەوەییانەی مرۆڤی کورد، دەقاودەق هاوتای پێشکەوتنخوازییە، بە مانای خەباتە لە پێناوی وەرگرتنەوەو بەدەستهێنانەوەو هەستاندنەوەی ئینسانییەتی داگیرکراو و پێشێلکراو و بەچۆکا هێنراوی. بە مانای لابردنی هەموو دیاردەیەکی جیاوازی ڕەگەزپەرستییە کە دژی کراوە. هەر بە گەیشتن بەو ئامانجە هەموو تایبەتمەندییەکی کۆنەپەرستانە لادەچێت و ئەگەر هەندێ نەفەسی نەتەوەییانەی توند لە ئەنجامی بەدڕەفتاری داگیرکەرانەوە لای هەندێ تاکی کورد بەشێوەیەکی پەڕاگەندە دروست ببێت، ئەوا ئەو

دەمەی کە دەوڵەت دروست بکات خۆبەخۆ لادەچێت و باوی نامێنێت. چونکە هۆیەکانی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە نامێنێت و نەزعەی ڕەگەزپەرستی بۆ خۆی دەپوکێتەوە..

"٧"

داوای دەوڵەت ئەگەر بۆ هەر نەتەوەیەکی دی موناقەشەو گەنگەشەو مشتومڕ هەڵبگرێت، ئەوا بۆ کورد هیچ چەندوچوونێك هەڵناگرێت و لەبارترین و باشترین چارەسەری دۆزی گەورەترین نەتەوەی بێ ئالآی ئەم ڕۆژگارەیە.. جیابوونەوەی کورد (دەوڵەتی کوردی)ئاشتی نەتەوەیی و یەکسانی مافی نەتەوەکانی ئەم دەڤەرەی ڕۆژهەلآت، دابین دەکات و ئەوەی کە دەبێت کورد سوورتر بکات لەسەر جیابوونەوە لە داگیرکەرانی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی دیموکراتی خۆی، ئەوەیە کە بە ناهەق و بە تۆبزی و بەبێ ویستی خۆی لکێنراوە بە کۆمەڵێك ولآتانی پاشکۆی ئیمپریالیستییەوە...

کورد هەقە هەوڵی ئەوە بدات لە چوارچێوەی دەوڵەتی سیاسی خۆیدا کۆببێتەوە. مافی دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆی بە کردەوە بسپێرێت. لە سایەی دیکتاتۆرییەتی داگیرکەرانی کورددا، کە تەنیا پەیوەندی چەوسێنەرو چەوەساوە بە یەکەوەیان دەبەستێت، دەبێت بێ چەندوچوون مومارەسەی دیاریکردنی چارەنووس(دەوڵەت) بکرێت و دامودەزگای چەوساندنەوە هەڵتەکێنرێت و پارچە پارچە بکرێت، چونکە ئەم پارچە پارچە کردنە لە ناوەڕۆکدا لەسەر حیسابی نەتەوەیەکی دی نییە، بەڵکو وەدەستهێنانەوەو گێڕانەوەی هەقە بۆ خاوەنی سروشتی خۆی، بۆیە جیابوونەوەی کورد لە داگیرکەرانی کارێکی شۆڕشگێڕانەو پێشکەوتنخوازی بەڵگە نەویست و موناقەشە هەڵنەگرە..

## ١٢- دەوڵەتی نەتەوەیی..

"١"

بێگومان قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەیی کورد کەوتووەتە سەردەمێکی فرە جەنجاڵەوە. تەکنۆلۆژیا بەسەر هەموو شتێکدا زاڵە، یاسای هاوردەو هەنارده گشت بوارێکی تەنیوە. هەڵبەتە دۆزی کوردیش لە کاریگەریی ئەم هەموو ئاڵۆزییە ناخەلەسێت و ئەم دیاردەیەش هێندەی دی ئەرکی سەرشانی خەمخۆرانی کورد قورس دەکات.. دیارە پرۆسەی (هاوردەو هەنارده) وەکو هەر دیاردەیەکی دی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆی هەیە. بۆ نموونە قەدبڕی ڕێگایان، یەکێکە لە لایەنە ئەرێنییەکانی هاوردە کردن.

ڕەنگە ئەو پێشکەوتنە شارستانییەی میللەتێك لە میللەتان بە دەیان ساڵ پێی گەیشتبێ، ئەمڕۆکە میللەتێکی پاشکەتوو، ئەگەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێت و خۆی بیەوێ، لە سایەی بەرەکەتی هاوردەکردندا، بە چەند ساڵێکی زۆر کەم بیگاتێ. کەواتە مەودای زەمەنی، مەودای هەوڵ وکۆشش و مەودای مەسرەف و تێچوونیش بە هەمان شێوە قەدبڕ و کورت دەکرێنەوە. خۆ لە پاڵ ئەمانەشدا هاوردەکردن لایەنی نەرێتی خۆیشی هەیە.. بۆ نموونە دەبێتە مایەی تەمەڵی و پشت بەستن بە بێگانە، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم خۆراکە چەورەو ئەم ڕێگە نزیکە دەبێتە مایەی ئینتەلا کردن و بەد هەرسی.. با تەمەڵییەکەش لەولاوە بوەستێ، خۆ ئەگەر حەزو ئاواتی میللەتێك لەو ئاستەدا پاراو ببێت کە پاشکۆیەکی میللەتانی دی بێت، ئەوا هەرگیز جێی خۆی لە نێو میللەتانی پێشکەوتوودا ناکاتەوە، چونکە پێشکەوتنیش وەکو هەر زاراوەیەکی دی، پێویستە لە زەمینەیەکی خۆماڵییەوە هەڵبقولێت.

ئەگەر میللەتێك بۆ خۆی ماك و هەوێنی پێشكەوتنی تێدا نەبێت، هەرگیز بە هاوردەكردنی كەرەستەكانی پێشكەوتن، وەكو پێویست پێش ناكەوێ. هەڵبەتە ئەم حاڵەتە هەردوو پێشكەوتنی شارستانی و ئایدۆلۆجیش دەگرێتەوە، كە ئێمە لێرەدا پتر ئایدۆلۆجیامان مەبەستە. هەر ئایدۆلۆجیایەكی ڕەسەن بگریت دەبێتە هەوێن و فاكتەری كاریگەریی گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكان، جا كە ئەمە ڕۆڵی هەرە گرینگی ئایدۆلۆجیا بێت، هەڵبەتە پێویستە لە زەمینەیەكی خۆماڵی ڕەسەندا ڕەگ و ڕیشەی داكوتابێ و نەشونمایەكی خودی و خۆماڵییانە بكات، دەنا هەرگیز نابێت بە هێزێكی مادی جەماوەری.

هاوردەكردنی هەر شتێك ئاساییە و هیچ میللەتێك لێی بەدەر نییە، بەڵام هاوردەكردنی بەرهەمە ڕۆحییەكانی شارستانییەت كە ئایدۆلۆجیا یەكێكیانە، كارێكی هەندێ قورسە و قبووڵكردنی زەحمەتە. بۆیە پێویستە هاوردەكردنی ئایدۆلۆجیا لە چوارچێوەی مەرجی تایبەتیدا بێت. دەبێت بەر لە هەرشتێك بە شێوەیەكی هەڵبژاردەو دوور لە مۆدپەروەری هاوردە بكرێت، هەروەها ڕەچاوی ئەوە بكرێت كە چەند دەگەڵ پێداویستییەكانی كۆمەڵدا دەگونجێت، چەند خێرایی بە گەشەكردنی ڕەسەنانەی ئەو قۆناغە مێژووییە دەدات كە ئەو كۆمەڵگەیەی پێدا دەڕوات. كەواتە ئایدۆلۆجیا نابێ دەقاو دەق وەكو چۆن هەیە وەربگیرێت، چونكە ئایدۆلۆجیا ئاوێنەی ڕۆحی كۆمەڵگەیەكی تایبەتییەو ناشبێت وەكو خۆی و بێ دەسكاری بگوازرێتەوە بۆ نەتەوەیەكی دی و هەمان كاریگەریی و ڕەونەقی هەبێت كە لە لای نەتەوەی یەكەم هەیبووە. بۆیە دەبێت دەسكاری تەواو بكرێت و دەگەڵ قۆناغ و باری كۆمەڵایەتی و مێژوویی ئەو نەتەوەیەدا بگونجێت كە وەریدەگرێت و بەرە بەرە شەقڵی خۆماڵییانە وەربگرێت.

"٢"

سیاسەت لای ئێمەی كورد تا ئەمڕۆكەش جۆرە كاردانەوەیەكە دژ بە ڕەفتاری نامرۆڤانەی داگیركەرانی خاك و خەڵكی كورد. هەڵبەتە ئەمە مایەی نائومێدییە.. تا

ئێستاش لە کوردەواریدا سیاسەتوانێکی وەها هەڵنەکەوتووە کە زاراوەو چەمکە سیاسییەکان بە دروستی و بە شێوەیەکی کاریگەر بەکاربێنێ و دیاردەو ڕووداوە خەتەرو هەستیار و گرینگەکان لە باری سەرنجێکی فەلسەفییەوە تاوتوێ بکات و ئاوەڕۆی ڕووداوەکان بە ئاڕاستەی ئایدۆلۆجیایەکی نەتەوەیی ڕوون و دیاردا بەرێت. جا بەدبەختییەکە لەوەدایە کە وەك لە ئاستی ناوخۆدا ئەمەین، لە ئاستی پڕۆسەی (هاوردەو هەناردە کردن)یشدا هەر وێرانین.

یەکێك لە کەموکوڕییە گەورەکانمان ئەوەیە کە توێکڵی هەندێ ئایدۆلۆجیا و نیمچە ڕێبازی سیاسی و دروشمی بریقەداری وەك: ئازادی، دیموکراتی، مافی مرۆڤ و هەندێ چەمکی ئایدۆلۆژی تری نیوداشت و دەستی دووەممان بە کاڵ و کرچی وەرگرتووەو لە بەکارهێناندا وامان بە پەندکردوون کە بوون بە دەعەجانی و پیاو قێز لە بیستنیان دەکاتەوە.

جا کورد چونکە خاوەنی قەوارەی سیاسی خۆی نەبووە، نەیتوانیوە بە شێوەیەکی جددی و ڕاستەوخۆ و کاریگەرانە بەشداری پڕۆسەی (هاوردە و هەناردە) بکات، بۆیە ئەگەر پەلە قاژەی وەرگرتنی ئایدۆلۆجیاشی کردبێت، ئەوا زیاتر ئەو شتانەی وەرگرتووە کە چەند دەستێکیان کردووە و پاشان بە سواوی و ستۆکی گەییونەتە کورد و ئیدی کۆلکە کادیر و سیاسەتباز و حیزبچی بە پێخاوسی بە ناو کەوتوون و چەمك و زاراوەی وەك: کۆنەپەرست، پێشکەوتووخواز، شۆڕش، شۆڕشی چەواشە، شۆڕشگێڕ، چەپ، ڕاست، گەلی بندەست، گەلی سەردەست و هیتر و.. بە نرخی زۆر گرانیش بە جەماوەری داماوی بەر دوکانە سیاسییەکانیان فرۆشتووە.

ئیدی کادیر و جەماوەر بێئەوەی بەخۆ بزانن، کە زۆربەی ئەو چەمك و زاراوە ئایدۆلۆجیا ئامێزانە هەڵقولاو و زادەی سەردەمی بۆرژوازییەتی ئەوروپان.. ئەوجا بێن بەراوردێك لە نێوان بۆرژوازی ئەوروپا و کورددا بکەن تا بزانن دێگەڵە چەندماڵە!!.. بێئەوەی گوێ بەوە بدەن کە ئەو چەمك و زاراوانە دەستکەوتی سەردەمی بۆرژوازی

ئەوروپان و گەر بە باریش هاوردە بکرێت، مۆرکی خۆماڵیانەی پێ نەدرێ و بە گوێرەی واقیعی قۆناغە کۆمەلأیەتی و سیاسی و مێژووییەکان ڕەعەمەل نەهێنرێت، ئەوا زیانی گەلەك لە قازانجی پترە و کورد گوتەنی قازانج سەری مایە دەخوات..

بۆیە سەیر دەکەین زۆربەی ئەو چەمك و زاراوەو ڕێبازە نیوەچڵ و نیوداشتە هاوردە کراوانە، لە مەناخی خۆیان هەڵبڕدراون و کارێکی وا نەکراوە، لەگەڵ مەناخی نامۆی ئێرەدا ڕابێن، هەروەها بن بەو درەختە ئایدۆلۆجیا پڕ سێبەرەی نەتەوە لە سایەیدا بحەسێتەوە.. بۆ نموونە کورد لە باشووردا حیزبی هەبووە بە ناوی سوسیالیست، بێ ئەوەی ئەو حیزبە بە هەموو تەمەنی حیزبایەتی خۆی، بۆ تاقە سەعاتێك خەباتی چینایەتی کردبێت. لە کاتێکدا هەموو دەزانین کە ئەو زاراوەیە هەڵقولأوی واقیعی کێشماکێشی چینایەتییە و هەرکە لەو زەمینەیە دوور خرایەوە، مردار دەبێتەوەو هیچ کاریگەرییەکی نامێنێت.. واتا ناوی زل و دێی وێران بووە.. تۆ بڵێی ئەم بابەتە دوکانانە خێر بۆ کوردی خێر لە خۆنەدیوی داماوی قڕەی کاروانی شارستانییەت بدەنەوە!!..

ئەم زاراوەو چەمکە لە دەرەوە هێنراوانە هەر وا بە ئاسانی لەگەڵ کەشو هەوای کوردەواریدا ناگونجێت. گەر زەمینەی بۆ خۆش نەکرێت و کەش و هەوایەکی وەهای بۆ ساز نەکرێت کە زوو لەگەڵ مەناخی کوردەواریدا ڕابێت و بتوانێت ئاوێتەی واقیعی کوردەواری ببێت و ئەوجا بکرێت بە هێزێکی مەعنەوی و مادی ئەوتۆ کە گوڕ و تین و تاو بە ڕەوتی کاروانی کوردێنی بدات، ئەوا زیانی گەلێك لە قازانجی زیاتر دەبێت، بریق و باقی ئەو چەمکە هاوردەکراوانە، تەنانەت بیرکردنەوەی خۆماڵیانەی هەڵقولأوی واقیعی خۆیشمان، با بچووکیش بێت، لێ تێك دەدەن و لە هەموو دینێ دەبین. هەر ئەم حاڵەتەیە کە کارێکی وای کردووە نە ستراتیژییەتی ڕوون و نە تاکتیکی ڕووغان هەبێت.

زۆرجاریش دەستمان داوەتە باڵی کەسان و حیزبانی وەها هەرکە گەییونەتە ئامانج، لێمان هەڵگەڕاونەتەوەو لەبری دوژمنی سەرەکی قەتڵ و عامیان کردووین. ئەتا تورك یەکێکە لەوانە.. کورد فێرە کاسبی بۆ خەڵکی تر بکات!!.. بە هەرحاڵ ئایدۆلۆجیای

نەتەوەیی پێویستە پتر لە هەر ئایدۆلۆجیایەکی دی خۆڕسکتر و خۆماڵی تر بێت و بە چەمك و زاراوەو ئایدۆلۆجیای دی- بە مەرجێ خێرایی بە گەشەکردنی ئایدۆلۆجیای خۆماڵی ببەخشێت- موتوربە بکرێت.. کرانستۆن دەڵێت: " نەتەوە پەروەری ئایدۆلۆجیایە، بەلاّم بە پێچەوانەی ئایدۆلۆجیاکانی دییەوە، دەنگێکی دوو لایەنەی هەیە، یەکێکیان باسی یەکبوون دەکات و دووەمیان باسی جیابوونەوەو خۆییبوون دەکات.."

هەڵبەتە ئەمجۆرە بیرکردنەوەو هزرینە بۆ نەتەوەیەکی گەورەی بێ ئالاّی بە ناهەق پارچە پارچە کراو، بیرکردنەوەیەکی دروست و پڕ بە پێستی واقیعەکەی کوردەوارییە و دەبێت ڕێڕەوی خەبتینی کورد بەم سەمتەدا ئاڕاستە بکرێن و هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونەدا هەست بە خەتەری گەورەی ناوچەگەرێتی بکەین و لە سنووری هەرێمی باشووریشدا نەوەستین و هەوڵ بدەین دەسەلاّتی سیاسی، بوونی نەتەوەییمان وەکو قەوارەیەکی کۆمەلاّیەتی لە ئامێز بگرێت و کالاّ بەقەد بالاّ بێت. واتە دەوڵەت وەکو دەزگایەکی سیاسی لەگەڵ قەوارەی کۆمەلاّیەتی نەتەوەدا بگونجێت، گەر وا نەبێت هیچ هاوسەنگییەك نامێنێت و بۆ ماوەیەکی گەلێك دوورو درێژ بە هەمان دەردی ئێستامانەوە دەتلێینەوە. هەر نەتەوەیەك بۆی هەیە دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت، ئەو دەوڵەتەش وەکو دەزگایەکی سیاسی پێویستە بوونی قەوارەی کۆمەلاّیەتی نەتەوەیی ڕێکبخات.. دیارە ئێمە ئەمڕۆکە دەوڵەتمان نییە ئەم ئەرکە ببینێ، بۆیە حیزبە خۆڕسك و مێژووکردەکان لە سەریانە دڵسۆزانە ڕۆڵی دەوڵەت ببینن لە ڕێکخستنی قەوارەی کۆمەلاّیەتی نەتەوەییماندا.. خۆ ئەگەر ڕێباز و ڕێچکەکانیشمان بۆ یەك نەخرێت ئەوا دەبێت ئامانج و ئاواتە سیاسییەکانمان یەك بخەین و بە ئاڕاستەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا بیبەین کە مافی هەرە ڕەوای نەتەوەی کوردە.. ئیدی وەختی ئەوە هاتووە گەلی کورد چاوێك بە واقیعی خۆیدا بخشێنێتەوە و خۆی لەم کوێرە کۆلاّنانە ڕزگار بکات کە تووشی کراوە!..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه:

*- الدولة القطرية والنظرية القومية/ دار الطليعة/١٩٨٢/ جورج طرابيشى.

*- الاثنية والدولة/ الاكراد فى العراق وايران وتركيا/ ترجمة: عبدالالة النعيمى/معهد الدراسات الاستراتيجية /ط ١/٢٠٠٦/ بغداد- بيروت.

*- پەلکە ڕەنگینە/ حەمەکەریم عارف/چاپی یەکەم ٢٠٠٤.

## ١٣- دەوڵەت، دەوڵەت، دەوڵەت

لە ڕاپەڕینەوە تا نهو هەر هەوڵێك درابێت، واقیعی كوردستان پێمان دەڵێت بۆ خزمەتی یەكخستنی كوردستان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی و یەكخستنی نەتەوەی كورد وەكو بوونێكی كۆمەڵایەتی نەبووە. ساڵ بە ساڵ پتر حیزبایەتی تەسك كراوە بە ئەڵتەرناتیفی خەباتی یەكبوونخوازی نەتەوەیی. چوارساڵە كورد چەواشە دەكرێت، وەكو قەرەقۆز چەكی لە شان دەكرێت و بەگژ یەكدیدا دەكرێت. حیزبەكانمان ئەركی دوژمنانی نەتەوەی كورد ئەنجام دەدەن و دوژمنان بسكەی سمێڵیان دێت و بێ ئەوەی عانەیەك یان قەترە خوێنێكی خۆیان لەو پێناوەدا خەرج بكەن و بە ڕشتن بدەن، ئاوات و ئامانجەكانیان بۆ بەدی دەهێنین و حیزبەكانی كوردستان تازە بە تازە كەوتوونەتە گەوجاندنی میللەت و گەمە دێرینەكەی ململانێی سەفەویان و عوسمانیان، كە عەجەم و ڕۆم بە خۆیان دەستیان لێ شۆردبوو، زیندوو دەكەنەوە!.. تەڵفیزی بە هەوڵ و تەقەللا و خەبات و تێكۆشانی فیكری و سیاسی و یەكبوونخوازی ڕۆڵەكانی كورد دەكەن.

مێژووی یەكگرتوو، دابونەریتی هاوبەش، خو و خدە، یەكێتیی زمان و یەكێتیی ئاوات و ئامانج و ئارەزووی سیاسی نەتەوەی كورد، پارچە پارچە دەكەن، هەر بۆ ئەوەی حیزبەكانیان سەلامەت بن!.. كار گەییوەتە ئەوەی هەموو ڕێگەیەك بۆ دەستەبەندی نەتەوەی كورد و بەگژ یەكترکردنیا گیراوەتە بەر و بە ئانقەست هەوڵی خولقاندنی ڕووداوی بێمەعنا بە مەبەستی پشتیوانیكردن لەو دەستەبەندی و پارچە پارچە كردنە دەدرێت، ئەمە جگە لەوەی دەیانەوێت پەردەی مێژووشی بەسەردا بدرێت!.. هەڵبەتە بە تەواوەتی ئەمە ئاشكرا بووە كە حیزبەكان جەماوەری خەڵكیان بۆ خزمەتی خۆیان دەوێت نەك بە پێچەوانەوە. خۆ دروشمەكانیان بە ئاشكرا ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنێت. ئەمساڵ سەری پێنج

ساڵه هەستی نەتەوەیی لە هەردوو ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسییەوە لەبەرچاوی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد دەخرێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاونانە لە بری داگیرکەرانی کورد.. بە هەرحاڵ لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو حەقیقەتە چەسپیوە کە بوونی دەوڵەت فاکتەرێکی گەلەك گرینگە بۆ یەکخستنی نەتەوە وەکو بوونێکی کۆمەڵایەتی.. ئێستا کورد هەموو بنەماکانی نەتەوەی تێدایە.

بەڵام کورد نابێت بەوەندە ڕازی بێت، چونکە ئەم بوونە نەتەوەییە هەڕەشەی فرەی لەسەرە، یەکێك لەو هەڕەشانە نەبوونی دەوڵەتێکی کوردییە کە ئەم نەتەوەیە وەکو بوونێکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی خۆیدا گردبکاتەوەو لە مێژوودا ڕیشاژۆی بکات. بۆیە کورد دەبێت لەسەر ئەو داوا ڕەوایەی خۆی سوور بێت و هیچ سازشێکی لەسەر نەکات. هەرچەندە ڕەوتی مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد بۆنی بەرەو یەکبوون و یەکچوونی لێ دێت، بەڵام ئەمە مانای وا نییە بێخەم بین و کۆسپە ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانییەکان بە هەند نەگرین. هەزارو یەك حیساب و وردە حیسابی بۆ نەکەین..

دیارە هەوڵی پارچە پارچە کردنی کوردستان، ڤیان و ویست و ئاواتی داگیرکەرانی کوردەو خۆشبەختانە تا ئەم ساتە وەختە لە ناوەوە و لە ناوجەرگەی جەماوەری نەتەوەی کورددا پشتیوانی لێ ناکرێت. چونکە جەماوەری زەحمەتکێشی کورد هەر بە بۆن پەی بەوە بردووە کە یەکبوونی قەوارەی سیاسی، واتە دەوڵەت یارمەتی گەشەکردنی یەکێتی نەتەوەیی دەدات، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. ڕەنگە گەلێك لە زانا و دانایان لەوەدا یەکبگرنەوە کە: دەوڵەت تەرجەمەی یاسایی نەتەوەیە، کە دەوڵەت دەکاتە نەتەوەی خاوەن سەروەری، کە دەوڵەت پەرژینی نەتەوەیە، کە نەتەوەش پەرژینی هەبوو، لە باری سیاسییەوە ڕێك دەخرێت، کەواتە دەوڵەت یەکێکە لەو خاڵە گرینگانەی دەبێ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد، نەخازما زاناو داناو ڕۆشنبیر و هونەرمەند و ئەهلی قەڵەم، زۆر لە سەری مکوڕ و ڕژد بن و هەندێك خۆمان لە پەتای ئەم حیزب حیزبێنە باوەی ئەمڕۆی باشووری کوردستان بپارێزین و نەیەڵین بمانکەن بە قەرەقۆز و کەوا سووری بەر لەشکر..

بەلاَم ئایا واقیعی هونەری و فیکر ی و ئەدەبیمان لەو ئاستەدایە کە لە عۆیەی ئەم کارە بێت؟!.. بە داخەوە بەرهەمی فیکری و هونەری و ئەدەبی کوردی لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت جێگای بۆش و بەتاڵی واقیعی هەژارو فشەڵی سیاسی کوردیمان بۆ پڕ بکاتەوە. ئێمە تا ئەم ساتە وەختە لەو بارەیەشەوە هەر قڕەی نەتەوەکانی دنیاین و لە قات و قڕییەکی ڕۆشنبیریی مەترسیداردا دەژین، هەروەها ڕێژەی بالآی نەخوێندەواری جەماوەری زەحمەتکێشی نەتەوەی کوردیشی بێتە سەر، کە ئەمەش کۆڵەی ڕۆشنبیرانی کوردی وەکو توێژێکی ڕێبەر کوتاوەو بە ئاسانی دەنگیان ناگاتە جەماوەری زەحمەتکێش. خۆ ئەگەر، ئەگەری بەکارهێنانی هەندێك دەزگای تەلەفزیۆن و ڕادیۆش بەپێی بەرنامەیەکی ئامانجدار و بە زمانی سادەو نزیك لە تێگەیشتنی ڕەمەکی مەردوم هەبێت و دڵنیابین لەوەی کە دەوری گەورە دەبینێ لە یەکخستنی هەستی نەتەوەیی لە لای جەماوەری زەحمەتکێش، ئەوا مخابن ئەو دەزگایانەش لە ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە و بە هەڵوێست و شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر دوورن و بۆ قازانجی حیزبایەتی تەسك بەکارهێنراوە و زۆرجار لەو بڵند گۆیانەوە پێ زانرابێت یان نەزانرابێت هونەر، ڕۆشنبیری، مێژوو، بوونی کۆمەڵآیەتی نەتەوەی کورد شێوێنراوە.

ئەمە جگە لە دەستەوەستانی و بێباشاری ڕۆشنبیران خۆیان یان قەیرانی ڕۆشنبیری و ئیفلیجی ڕۆشنبیری ڕاستەقینە، وەکو توێژێکی منەوەر و ڕێبەر... بۆیە بە زەقی دیارە کە ڕۆشنبیران کەوتوونەتە یان بەرەی پارەو دەم چەورکردنەوە، یان بەرەی هەڕەشە لێکردن و چاو لێ سوورکردنەوەو زار لێ کلیلدانەوە و کراون بە فەرمانبەری گوێڕایەڵ لە دامودەزگای ڕاگەیاندن و بە ناو ڕۆشنبیریی حیزبیدا، هەروەها ئەرك و پەیامی نەتەوەییان فەرامۆش کردووەو وەکو توێژێکی منەوەر (ئەنتلجنسیا) لە بری پێشڕەوایەتی نەتەوە بکات کە ئەرکی سەرشانییەتی بە تایبەتی لە سەردەمی ڕاپەڕینی نەتەوەییدا، دەستبەرداری ڕۆڵی ڕێبەرانەی خۆی بووەو تواناو بەهرەی خۆی خستووەتە خزمەتی حیزبەکانەوە کە مخابن بە نەفەسێکی وەحدەویانەی نەتەوەییەوە حیزبایەتی ناکەن.

خەڵكی لە نەتەوەو گەلی نەبوو قەوارەی سیاسی بۆ خۆیان دروست دەكەن، مێژوو بۆ خۆیان دروست دەكەن، بە بەرنامە هەستی نەتەوەیی هاوبەش دەخولقێنن، ئێمە هەموو بنەماكانی نەتەوەییمان هەیە كەچی لەبەرخاتری بەرژەوەندی تەسكی شەخسی و حیزبی لە بن پێیانی دەنێین و خۆمانی لێ بە خودان ناكەین.. ڕۆبرت ئەمرسۆن دەڵێت: "ئەو نەتەوانەی لە ئەمریكای باكوور و باشووردا پەیدابوون، بە شێوەیەكی تایبەتی قەرزارباری هێزە سیاسییەكانن. ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیانەی كە هاتنە ئاراوە، تەنیا كاریان بۆ بەهێزكردنی هەستی فەردانییەت و زاتییەتی نەتەوەیی نەكردووە، بەڵكو كاریان بۆ خولقاندنیشی كردووە." بەم پێیە دەتوانین بڵێین كە دەوڵەت ئەو قاڵبەیە كە نەتەوەی وەكو بوونێكی كۆمەڵایەتی تێدا دەمەیێ، بۆیە دەبێت هەموو هەوڵ و كۆششێك بۆ دامەزراندنی دەوڵەت تەرخان بكەین و هەر دەوڵەتە كە نەتەوە لە پەرتەوازەیی و پەراگەندەیی و ئەگەری پارچە پاچە بوون دەپارێزێت.

ئەمڕۆكە لە سەردەمێكدا دەژین كە بوونی نەتەوە بەندە بە بوونی دەوڵەتەوە و ئەگەر دەوڵەتێك دەوڵەت بێ لە هیچی نەبوو نەتەوە دەخولقێنێت، هەر ئەم خاڵەشە، واتە نەبوونی دەوڵەت، كە كۆڵەی نەتەوەی كوردی كوتاوەو هەڕەشەی نەمان و پارچە پارچە بوونمان لێ دەكات. هەر ڕێچكە و خەباتێكیش بەرەو دەوڵەتی كوردیمان نەبات خەباتێكی بێهوودەیە و بە فیڕۆدانی هەوڵ و كۆششی مرۆڤی كوردە، شێواندنی بیرو بیركردنەوەی مرۆڤی كوردە..

١٩٩٦/٣/٣

تێبینی:

بڕوانە پەلكە ڕەنگینە/ حەمەكەریم عارف/ چاپی یەكەم/ ٢٠٠٤.

# ١٤- ترسان له ئازادی

((١))

هیچ گومانی تێدا نییه که سەرکوتکاری هەرچییەك بێو هەرچۆنێك بێ، بەرنامەدار بێ یا بێ بەرنامە بێ، کاریگەریی یەجگار نەرێتی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر بە درێژاو درێژخایەن بێ... ئیدی ئەو کاریگەرییە نەرێتیانە لە قولایی ناخ‌ودەروونی خەڵکانی سەرکوتکراوو چەوساوەدا مت دەبێو خۆی مەڵاس دەدات‌وچاوەڕوانی دەرفەت‌ودەلیڤەی گونجاوو لەبار دەکات تا لە حەشارگەکەی بێتە دەرو گوزارشت لە خۆی بکات.. خاوەنەکەی هان دەدات کە چاو لە بابای سەرکوتکارو چەوسێنەری بکات‌و شوێن پێی ئەو هەڵگرێ. ئەمەش کتومت ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەو واقیعە تاڵەیە کە تیایدا ژیاوە..

هەڵبەتە ئەمانە خەو بەوەوە دەبینن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بن بە بەشەرو بەشەرانە بژین، وەکو مرۆڤ مامەڵەیان لە تەکدا بکرێ.. بەڵام نموونەو وێنەی بەشەر لە خەیاڵدانی ئەواندا تەنیاو تەنیا وێنەی چەوسێنەرەکەیانە. بۆیە لاسایی دەکەنەوە، کە لاسایی چەوسێنەرەکانی خۆ دەکەنەوە، ئەمە لە باری سایکۆلۆجییەوە هەوڵدانێکە بۆ کڕینەوەی ئینسانییەتی بەفیڕۆدراویان، بۆ هەڵگرتنەوەی ئابڕوی تکێنراویان... جا ئەم گێژاوە زۆرجار ئەو شۆڕش‌و شۆڕشگێڕانەشی تێ دەکەوێ کە لە بنەڕەتدا لە ڕای ڕزگاری خەڵکی چەوساوەدا شۆڕشیان بەرپا کردووەو بە قەناعەتی تەواوەوە ئامادەی گیان بەختکردن بوون، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە شۆڕشگێڕان بەو چاوەوە بڕوانن شۆڕش کە موڵك‌و دەسکەوتی ئەوانەو کەسی دی مافی تیای نییە.

هەڵبەتە ئەوەی بەو ئاوایە بیربکاتەوە، سێبەرو تاپۆی چەوسێنەرەکەی بەسەر هزرو هزرینیدا زاڵ دەبێت، درەنگ یا زوو دەکەوێتە لاسایی کردنەوەی. جا ئەوانە لە بنەڕەتدا لە

ئازادی دەترسن و خۆی لێ دەبوێرن، بۆیە دەبینی دەچنە قیافەتی چەوسێنەرەکانیانەوەو دەست بە کۆتو زنجیرو سنووردارکردنی ئازادی دەکەن و بە شێوازی تایبەتی خۆیان زیندە بە چاڵی دەکەن. جا بنیادەمی چەوساوەو سەرکوتکراو تا لە دڵی خۆیدا، لە ناخو هەستو نەستی خۆیدا، سەرکوتکارەکەی بە تەواوەتی نەسڕێتەوە، هەر لە ئازادی دەترسێتو یەجگار زەحمەتو ئەستەمە بگاتە ئازادی ڕاستەقینە.

بەمجۆرە دەبینین ترس لە ئازادی یەکێکە لەو گرفتو کێشە سەرەکیانەی کە ئادەمیزادی سەرکوتکراو تووشی دەبێت، بۆیە لە سەرێتی ئەم ترسە لە دڵی خۆی دەربکاتو وێنەی چەوسێنەرەکەی لە ناخیا بسڕێتەوەو بەو پەڕی متمانەوە ژیان لە ئازادیداو بە ئازادی و بۆ ئازادی بجەربێنێ، دەبێ چاك بزانێ نە ئازادی بە بێ ئینسان دەبێتو نە ئینسان بە بێ ئازادی ئینسانانە دەژی. ئازادی مافێکی حەڵاڵو ڕەوای هەموو کەسێکە، هەرکەسێك سازشی لەسەر بکاتو دەسبەرداری بێ، قومارێکی پێشوەختە دۆڕاو بە ئینسانییەتی خۆی دەکات، بیەوێو نەیەوێ بەشداری لە دەعەجاندنی خۆیدا دەکاتو ئینسانییەتی خۆی هەڕاجو هەرزانفرۆش دەکات. چونکە ئینسانییەتی مرۆڤ تەنیا لە ناو پرۆسەی ئازادیدا نەشونماو گەشە دەکات و دەخەملێ و تەنیا بە ئازادی دێتە دی.

((٢))

بەمجۆرە مرۆڤ لە سەرێتی هەڵوەستە لەسەر چەوسانەوە بکات، لە فاکتەرەکانی پشتەوەی ڕامێنێ، وردی بکاتەوە، بچێتە بنجوبناوانی، تا بتوانێ هەڵوێستگیری لەمەڕ بکات و خوێندنەوەی تازەی، بە ئاڕاستەی وەدیهاتنی ئینسانییەتی مرۆڤدا، بۆ بکات.. هەرچەندە زروفی چەوساندنەوەو سەرکوتکاری واقیعێکی نامرۆڤانە بەسەر هەردوو لای هاوکێشەی چەوسانەوەدا دەسەپێنێ، بەڵام لایە چەوساوەکە، بیەوێو نەیەوێ مەحکومە بەوەی کە لە پێناوی وەدەست هێنانەوەی ئینسانییەتی لەدەست چوویدا بخەبتێ و کەس لەو

لەبارتر نییە بۆ ئەم کارەو کەس لە جیاتی ئەو ئەم کارە ناکات، بە تایبەتی چەوسێنەر کە سەراپای بە چەوسانەوەی خەڵکی لەوتاوە.

پێویستە لێرەدا ئاماژەیەك بۆ ئەوەش بکرێ کە خەڵکی چەوساوەش جۆرە دووفاقییەکی تێدایە، هەرچەندە سوور دەزانێ کە بەبێ ئازادی ناتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێ، کەچی جۆرە ترسێکی لە خودی ئازادی هەیە، دوودڵۆ نیگەرانە لە نێوان ئەوەدا کە خۆی ئاغاو گەورەی خۆی بێ یان پاشکۆ و پەیڕەوی چەوسێنەرەکەی بێ، لەم شانۆگەرییەدا تەمەشاڤان بێ یان ئەکتەر بێ. بە دەنگی بەرزو ڕاستەوخۆ بیربکاتەوەو گوزارشت لە خۆی بکات، یان مەلولو سەرکز قوڕو قەپی لێ بکات، هەموو تواناکانی خۆی لغاوو جڵەو بکاتو چاوپۆشی لە بونیادنانەوەی دنیا تازەکەی بکات.. کەواتە دووفاقی یەکێکە لە گرفت و کێشە گەورەکانی مرۆڤی چەوساوەو سەرکوتکراو. بۆیە پێویستە لە بواری فێرکردنو پەروەردەدا بایەخی جددی بدرێتیو بخرێتە بەر باسو لێکۆڵینەوەو دیالۆگو گەنگەشەی جددی لەسەر بکرێ.

((٣))

هەرکاتێ چەوساوە پەی بەوە برد کە پەیوەندییە چەوساندنەوانییەکان، زادەو بەرەنجامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نایەکسان و سەنگەلاکانە، بە ناچاری بیر لە ئازادی و ڕزگاری دەکاتەوەو کار لە پێناوی وەدیهاتنیدا دەکات.. هەڵبەتە پەیبردن و دەرککردن خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، بەڵکو دەبێ ئاڕاستەی واقیع بکرێ تا تەفاعولی دەگەڵدا بکات و بۆ هەموو خەڵکی دەربکەوێ کە چەوسانەوە کۆسپێکە لە ڕێگەی ئازادیو ڕزگاریدا دەشێت بە زەبری خەباتو لە ڕێگەی تێکۆشانەوە لابېرێ.

کەواتە واقیعی کۆمەڵایەتی چەوسانەوانی، بەرەنجامی پەیوەندییە هەڤدژەکانی نێوان لایەکانی هاوکێشەی خودی پەیوەندییەکەیە. چەوساندنەوە بریتییە لە ئیستیغلالی توێژێك یا جەماعەتێك یا چینێکی کۆمەڵایەتیو دەستەمۆکردنی بە قازانجی چینی چەوسێنەر. جا

مرۆڤ بۆ ئەوەی نەبێت بە نێچیری چەوسانەوە، لە سەرێتی خۆی لێ ڕزگار بکاتو لێی یاخی بێت. ئەم ئامانجەش تەنیا بە خەباتو ڕۆشنبینیو هەڵوێسگیرییەکی شۆڕشگێڕانەی ئەوتۆ کە ببێ بە فاکتەری گۆڕین، دێتە دی. جا بۆ ئەوەی چەوساوە بگات بە ئامانجەکانی، دەبێ بە گیانێکی ڕەخنەگرییەوە ڕووبە ڕووی حەقیقەتەکان ببێتەوەو بە شێوەیەکی بابەتیانە بەرجەستەیان بکات.

چونکە تەنیا هەستکردن بە واقیع هیچی لێ شین نابێ، بەڵکو دەبێ توانا و ئیمکاناتی ڕەخنەیی گەورەی بەگەڵ بکەوێ، تا ببێ بە فاکتەری گۆڕ

## ١٥- سیاسەتی قەڵب سەری ساحێبی

((١))

بێگومان سیاسەت پرۆسەیەکی دەستەجەمییە، چ وەکو شێوەو چ میناکی نێوەرۆك، واتە بەبێ بوونی گەلێك یان تاقمێك یان چینێکی کۆمەلایەتی پراکتیزە ناکرێتو نایەتە مومارەسە کردن. واتە هەر کارێکی رامیاری بەندە بە بوونێکی کۆمەلایەتییەوە. یانی لە دەرێی کۆمەلگەدا هیچ مومارەسەیەکی سیاسی نابێت، خۆ ئەگەر هەولێکی واهی بدرێتو گریمانەیەکی لەو بابەتە بهێنرێتە پێشێ، هەنگێ سیاسەت لە رەوتی خۆی لادەداتو دەگۆرێت بۆ مومارەسەیەکی رۆمانسییانەی تاکەکەسی دۆنکێشۆتانە. کەواتە سیاسەت بەو ئیحتوبارەی پرۆسەیەکی دەستە جەمعییە، هەقی خۆیەتی هەموو هەوڵو تواناو شێوازێکی خۆی بخاتە گەرو بوارە جیاوازو هەمە رەنگەکانی ژیان کۆنترۆڵ بکاتو بۆ خزمەتی ئامانجە هەنووکەییو ستراتیژییەکانی خۆی بەکاری بێنێ.

((٢))

بوارە ئەدەبیو رۆشنبیرییەکان لە کۆنەوەو تا رۆژگاری ئەمرۆش یەکێك بووە لەو ئامانجە ستراتیژیانەی کە لە ئاستێکی بەرفرەداو زیاتر لە بوارەکانی دی جێگەی تەماحی سیاسەت بووەو هەولی کۆنترۆلکردنو دەسەمۆکردنی داوە.. هەڵبەتە یەکێك لە تایبەتمەندیو خەسڵەتە ئەرێتییەکانی هەر چالاکیو چەلەنگییەکی کەلتووریو ئەدەبی رەسەن ئەوەیە کە وەکو گوتار، قەفەزو کۆتو زنجیر، قەبوڵ ناکاتو لە حالێ "هەمیشە شۆرش" دایەو مل بۆ هەرەشەو تەماحنانە بەری سیاسەت ناداو هەڵبەتە مێژوو پرە لە نموونەی زیندوو دەربارەی ئەو قوتابخانەو رێچکەو رێبازە ئەدەبیو رۆشنبیرییانەی کە

ملکەچی سیاسەت نەبوون‌و بە زەقی‌و بێشەرمانە سەرکوتکراون.. ئەمەش وا دەگەیەنێ کە ئەدەبیات‌و چالاکییە ڕۆشنبیرییە ڕەسەنەکان لە گشت سەردەم‌و قۆناغە مێژووییەکاندا، بە شێوەیەك لە شێوەکان هەڕەشەیان لێکراوەو لە لایەن دەسەلاّت‌و سیاسەتەوە بە شێوازی جۆرا و جۆر ڕاوکراون‌و ڕاودەکرێن..

((٣))

هەڵبەتە بایەخی شۆڕشگێڕانەی ئەدەبیات‌و چەلەنگییە ڕۆشنبیری‌و کەلتوورییەکان لە نێوەڕۆکە ڕاستگۆو ڕەسەنەکانیاندایە، لە کەشف کردنی ئەمینانەی کەین‌و بەین‌و پرۆسە پیلان گێڕییەکانی پشت پەردانداپە.. جا ئەدەب‌و ڕۆشنبیری لێرەوە ڕۆڵی مێژوویی خۆ وەردەگرن و هیچ نابێ بە زێدەڕۆیی گەر بگوترێ مێژووی ڕاستەقینە و ناسنامەی هەر گەل‌و میللەتێك ئەدەب‌و کەلتوورەکەیەتی.

((٤))

ئێمە لە ڕۆژگارێکدا دەژین سیاسەت تێکەڵ بە هەموو کون‌و کەلەبەرێکی ژیانمان بووە، ئاشکراشە سیاسەت چەندیش لاف‌و گەزافی دیموکراتییەت‌و لیبرالّییەت‌و ڕادیکالّییەت لێ بدات و حەقیقەتی خۆی لە پەنایاندا وەشێرێ، هەر ڕەگێکی دەسەلاّتبازی‌و دیکتاتۆرییەتی تێدایە. کەواتە سیاسەت لە هەر کوێیەك بێ، نە دەیەوێ‌و نە دەتوانێ دەسبەرداری تاك بێ کە لە هەموو ڕوویەکەوە ئازادو سەربەخۆ بێت... سیاسەت نەك هەر ئازادی گوزارشت کۆت‌و زنجیر دەکات، بەڵکو کۆمەڵێك مەرج‌و چوارچێوەی پێشوەختە بۆ خەون‌و خەیاڵ‌و هزرینی جەماوەری خەڵکیش دادەنێ..

هەر کە لە بەرژەوەندییەکانی درا، ئیدی پەت دەپچڕێ‌و خۆی لە هەموو وردو درشتێك هەڵدەقورتێنێ‌و ژیان بە گوێرەی پێوەرو پێوانەکانی خۆی‌و بە ئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا تەلبەند دەکات، جا ئەگەر ئەمە خووی هەر سیاسەتێکی سەرکوتکاری بێ، ئاخۆ

دەچێتە ئەقڵەوە ئەدەبو هونەرو کەلتوورو ڕۆشنبیریی لە کەشو هەوایەکی سیاسی دکتاتۆرییەت زەدەی وا ناسازگارا ببوژێتەوە؟! هەڵبەتە هەر کاتێ سیستەمی دکتاتۆرییەت چەسپیو ڕووی لەوە بوو هەموو کایەو بوارەکانی ژیان بگرێتەوەو قۆرخ بکات، هەنگێ دەبێ فاتیحای ئەدەبو هونەر بخوێنرێ!

((٥))

هەڵبەتە ئەدەبیاتو هونەر ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هەستی دەروونو ناخەوە، لە ناوەوەو دوور لە هەر سانسۆرێك ئازادانە گوزارشت لە خۆی دەکاتو بەرجەستە دەبێت، بۆیە مەحاڵە لە دەرەوە لغاو بکرێ، چونکە کارێن هونەریو ئەدەبی هەر کاتێك هەستت بە دروستیو هەقانییەتی هەستەکانت کرد، خۆبەخۆ سەردەکاتو گوزارشت لە خۆی دەکات و ئەمەش ڕێك پێچەوانەی دەسەڵاتە بە گشتیو پێچەوانەی دکتاتۆرییەتە بە تایبەتی، کە هەموو کاتێ لە هەوڵی ئەوەدایە هەموو مەیدانەکان کۆنترۆڵ بکاتو دەسەڵاتی خۆی بە سەردا بسەپێنێ...

هەر کاتێ ئەمەی بۆ چووە سەرو دەسەڵاتی خۆی سەپاندو پەلو پۆی بۆ ئەوە هاویشت هەموو جیهان بتەنێ، هەنگێ ئەدەبیاتو هونەرو ڕۆشنبیری پاشەکشە دەکاتو دەداتەوە کەندێو ئەدیبو هونەرمەند پایەی پێشەنگایەتی خۆی دەدۆڕێنێو ملکەچی یاساو ڕێسای پەراوێزاندن دەبێ کە ئەمە سووکایەتییە بۆ کەسایەتیو پایەی کۆمەڵایەتیو هونەریی ئەدیب.. سروشتو تەبیعەتی ئەدەبیاتو هونەر بەو پێودانگەی کە دەکاتە مێژووی ڕاستەقینەو بەڵگەنامەی هەستە مرۆڤانییەکان، وا دەخوازێ کە سیاسەت تەنیا بە شێوازێن ڕۆشنبیریی_ شارستانیانە موومارەسە بکرێ.. دەنا درەنگ یا زوو، سەری ساحێبی دەخوات..

## ١٦- سیاسەت و دەسەلات

"١"

*داڕوخانی سیاسەت = هەرەسی ڕژێم*

هەر دەسەلاتێك بگریت وەستاوەتە سەر شەرعییەتی خودی دەسەلاتەکە و ئیمکاناتی مەتریالیستی و ئەبستمۆلۆجی خۆی. وەستاوەتە سەر قەوارەو ڕادەی ئەو سەلاحیەتەی هەیەتی. وەستاوەتە سەر ڕادەی قبولکردنی ئەو دەسەلاتە لە لایەن بەرانبەرەوە. بەرانبەر، چ هەلوێستێکی دەربارەی هەیە، چەند لە مومارەسە جۆراوجۆرەکانی دەسەلات ڕازییە. سەرچاوەی شەرعییەتی دەسەلات یان دەبێ دەستوورێکی ئیعتراف پێکراو، یان زەرورەتێکی شۆڕشگێڕی کۆمەلایەتی بێت.. دەسەلات بە یەکێك لەو سەرچاوانە شەرعییەت وەردەگرێت ودەسەلاتڕانان دەکارن مومارەسەی بکەن و ماف و کەرامەتی بەرانبەر چ وەکو تاك و چ وەکو کۆمەلّ بپارێزن. واتا دەسەلات بۆی نییە لە سنووری شەرعییەتی خۆی دەربچێت، یان سەلاحییەتی خۆی بەدەر لە دەستوور زیاد بکات و بە ناوی دەسەلات و سەلاحیاتەوە ماف و کەرامەتی بەرانبەر خەلکی پێشێل بکات و لە قالبی بەرژەوەندییە تەسکەکانی خۆی بدات..

هەلبەتە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان دەسەلات وەکو حەقیقەتێکی کۆمەلایەتی واقیعی، یان وەکو مافێکی کۆمەلایەتی پشت بەستوو بە پێکهاتەی کۆمەلایەتی سیاسی مرۆڤانی و لە نێوان دەسەلات وەکو واقیعێکی کۆمەلایەتی سیاسی پشت بەستوو بە هێزو زۆرداری و خۆسەپاندن و کەم کردنەوەو لە قالبدان و تەنانەت سڕینەوەو پێشێلکردنی ماف و کەرامەتی بەرانبەر، چ وەکو تاك و چ وەکو کۆمەلّ. هەلبەتە لە سایەی ئەمجۆرە دەسەلاتەدا، شتێك نامێنێت بە ناوی هاووەلاتی و دەستوورێك نابێت ئەرك و مافی

هاووڵاتی، بەدەر لە هەر وابەستەگی و ئیحتوبارێکی نا یاسایی دیکە، دیاری بکات و بپارێزێت و هاوسەنگی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و سەرانی دەسەڵات و جەماوەری خەڵك ڕابگرێت، هەروەها هاوکێشە سیاسییەکە سەنگەلا دەبێت و بارە سیاسییەکە خوار دەبێت و باری خواریش بە سەلامەتی و بە شێوەیەکی سروشتی و ئاسایی ناگاتە جێ.

خۆ ئەگەر تۆزێ بە وردی لە واقیعی مرۆڤانی ژیانی گەلانی دنیا وردببینەوە، دەبینین هەندێ دەسەڵات هەیە کە هیچ سەرچاوەیەکی شەرعی نییەو جۆرە کەڵەگاییەکەو لە لایەن دەستەوتاقم و توێژێکی تایبەتییەوە بەسەر جەماوەری خەڵکدا دەسەپێنرێ و جەماوەری خەڵك بە مێگەل دەزانێ و هەر بەو چەمك و مەفهوومەشەوە مامەڵەی لە تەکدا دەکات. هەندێ دەسەڵات هەیە شەرعییەتی خۆی لە زەرورەتی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی سەردەم و قۆناغی خۆیەوە وەرگرتووە، لێ دەسەڵاتڕان ئەو شەرعییەتە بە قازانجی خۆی بەکاردێنێت و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاترو زیاتر پەنا وەبەر حیلە قانون و حیلە شەرعییەت دەبات و چاو و ڕاو لە جەماوەری خەڵك دەکات و کلاوێیان لەسەر دەنێت و خۆی بە سەریاندا دەسەپێنێت. دیارە ئەمجۆرە دەسەڵاتانە، هەردووکیان دەسەڵاتی سەلبین و هیچ خێرێك بۆ جەماوەری خەڵك نادەنەوە. لێ جۆرە دەسەڵاتێکی دیکەش هەیە کە موماڕەسەی دەسەڵات بە بێ هیچ جۆرە خۆسەپاندن و خورتییەك دەکات و ڕێزی شەرعییەتی خۆی دەگرێت و بە یەك چاو سەیری ئەندامانی کۆمەڵ دەکات و پێوەرو پێوانەی مامەڵەکردنی دەگەڵ بەرانبەردا، چ وەکو تاك و چ وەکو کۆمەڵ تەنیا هاووڵاتی بوونی ئەندامی کۆمەڵگەیە، وەکو ئەرك و مافی یاسایی ئەو هاووڵاتیبیە.

شەرعییەت بریتییە لە شێوازو چۆنییەتی دەسەڵاتڕانی، جاری وایە شێوازی سەرکوتکاری و کەڵەگایی و خورتی بەکار دێت، جاری وایە شێوازی قەناعەت پێکردن و سازان و نەرمکێشی بەکار دێت. جاری وایە شێوازی پارە بەخشینەوەو دیاری و سەوقاتی و پێشکەشی و تەنانەت پلەو پایەی نارەواش بەکار دێت.. هەندێجار دەسەڵات بە گوێرەی قۆناغ و بەپێی بەرژەوەندی خۆی تێکەڵەیەك لە هەر هەموو ئەو شێوازانە بەکار دێنێت.

زۆرجار کێشەوکێشماکێشی نێوان تاك و دەسەلآت، لەسەر شێوازو چۆنییەتی حوکمڕانی دەسەلآتە، کە لە ڕێگەی حوکمڕانی خۆیەوە دەیەوێ خۆی بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێت و شێوازێك دەگرێتە بەر کە زۆرترین سەلآحییەتی بداتێ و لەو ڕێگەیەوە درێژە بە تەمەنی دەسەلآتڕانی خۆی وەکو دەسەلآت بدات.

هەڵبەتە ئەگەر بە وردی سەرنجی هاوکێشەی پەیوەندی نێوان تاك و دەسەلآت بدەین، دەبینین کێشەی نێوانیان لە خودی دەسەلآتەکەدایە، لە شێوەی دەسەلآتەکەو لە ناوی دەسەلآتەکەدا نییە کە دەکرێ هەر شێوەو ناوێك لە خۆی بگرێت، هەروەها کێشەکە لە شەخسی حوکمڕاندا، چ تاك بێت، چ حیزب و چ گەل، نییە. بەڵکو کێشە ڕاستەقینەکە لە شەرعییەتی ئەو کەسەدایە کە حوکم دەکات، لە چۆنییەتی حوکم کردنەکەیدایە، لەو خەڵکەدایە کە حوکمیان دەکات. هەروەها لە ڕادەی ئەو سەلآحییەتەدایە کە دەدرێ بە دەسەلآت، یان دەسەلآت بۆ خۆی زەوتی دەکات و لە مامەڵە کردنی ڕۆژانەدا بەسەر جەماوەری خەڵکیدا دەسەپێنێت، یان دەسەلآت دەیدات بە هەندێ لە پیاوانی خۆی، یان هەندێ دامودەزگای ئەمنی و سانسۆر و ئایدۆلۆجی.. کە ئەمە زۆر بە زەقی لە هەرێمی کوردستاندا دەبینرێت و من بەش بە حاڵی خۆم بە دیاردەیەکی ترسناکی نا نەتەوەیی و بە یەکێك لە فاکتەرەکانی هەرەسی دەسەلآتی کوردی دەزانم، کە بێگومان درەنگ یان زوو ڕوودەدات.

هەروەها کێشەی نێوان تاك و دەسەلآت، لە شێوازو چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو سەلآحییەتە زۆرەیە کە دەسەلآت و دامودەزگا زۆرو زەوەندەکانی هەیانە، ئیدی یان پێیان دراوە یان زەوتیان کردووە. دەسەلآت ئەو فشە سەلآحییەتانە پاچڤەی واقیع دەکات و دەیکات بە میکانیزمی جێبەجێکردنی یاساو ڕێساو بڕیارو تەعلیماتەکانی خۆی و لەو ڕێگەیەوە زەمینە بۆ جێبەجێکردنی نەخشەو بەرنامەو پڕۆسە سیاسی وئابوری و کۆمەلآیەتی و ئەمنی و عەسکەرتارییەکانی خۆی خۆش دەکات.

ڕەنگە بتوانرێت شێوازە سەرەکییەکانی مومارەسەی دەسەڵات لە سێ جۆرە شێوازدا چڕبکرێنەوەو هەر دەسەڵاتێك بگری یەکێك لەو شێوازانە، یان هەندێ شەقڵ و لایەنی ئەو شێوازانەی تیادا بەدی بکرێت. یەکێك لەو شێوازانە، شێوازی زۆرەکی و خورتییە: لەمجۆرە شێوازەدا، دەسەڵات بۆ خۆسەپاندن و ملکەچکردنی جەماوەر پەنا دەباتە بەر زەبرو زەنگ و ناچارکردن و هەڕەشە و تۆقاندن. دووەم شێواز بریتییە لەوەی کە دەسەڵات لە ڕێگەی سەروەت و سامان و پارەوپول و بەخشش و دیاری و تەنانەت پلەو پایەی نایاسایی و خەیاڵییەوە خەڵکی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. ئەمە لە هەرێمی کوردستاندا زۆر زەق و دیارە، دانی دیوەخانانە بە ئاغاو کوێخاو کردنەوەی دوکان و دوکانچەی بە ناو ڕۆشنبیری بە نێوی ئەم خێڵ و ئەو تیرەو تایفەوە، بە ناوی کەسوکارو دۆست و بناژۆ و خزمی خەزووری سەپانی شێخی ئەم مەنسول و ئەو مەنسولەوە، یان خانەنشین کردنی دەیان و سەدان کەسی نا شایستە بە دەرەجەی بەڕێوەبەری گشتی و وەزیرو وەکیل وەزیرەوە.. باشترین نموونەن.

جۆری سێیەم دەکرێت نێو بنرێت دەسەڵاتی سازگاری، کە ئەو دەسەڵاتەیە پشت بە دیالۆگ و گۆڕینەوەی بیروڕایان دەبەستێت و هەوڵ دەدات لەگەڵ بەرانبەردا بسازێت و ڕێزی بگرێت و مافی ڕادەربڕینی بداتێ و وەکو هاووەڵاتییەك ڕێزی بگرێت و نەیچەوسێنێتەوەو دەنگی خەفە نەکات و پێوەری سەرەکی بۆ هەر جۆرە مامەڵەیەك دەگەڵ بەرانبەردا تەنیا هاووەڵاتی بوون بێت و بەس، کە بەداخەوە لە هەرێمی کوردستاندا هەستی هاووەڵاتی بوون لە لای تاکی کورد نەك ڕیشاژۆ ناکرێت، بەڵکو بە زەقی و بە پراکتیکی ڕیشەکێش دەکرێت..

"٢"

## دۆخە گۆڕکێی دەسەڵات

هەر دەسەڵاتێك بگریت جۆرە مەیلێکی زۆرەکی و خورتی و خۆسەپاندنی تێدایەو ڕەگێکی دەچێتەوە سەر خۆپەرستی و ئەنانییەت و دکتاتۆرییەت. ئەمەش وای کردووە کە

دەسەڵات نەتوانێت بە ئاسانی دەگەڵ واقیعدا بسازێت و دۆخە گۆڕکێ بکات و لە دەسەڵاتی ڕووتەوە بگۆڕێت بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەی دەسەڵات. چونکە ئەم پرۆسەیە دەگەڵ کرۆك و جەوهەرو تەبیعەتی خۆپەرستانەی جڵەوناپەزێردا تێك ناکاتەوەو ئەگەر مل بۆ ئەم نەشتەرگەرییە سیاسییە قورس و بە ئازارە بدات و لە دەسەڵاتەوە بگۆڕێت بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەی دەسەڵات، مانای وایە خۆی پەڕوباڵ دەکات و خۆی لە قاڵبی دەقە دەستووری و یاساییەکان دەدات کە سەڵاحییەتەکانی کەم دەکاتەوە، دەستی دەبەستێتەوەو سنووری بۆ دادەنێت و دەوری مێژوویی تاك لە نێو دەسەڵاتدا زۆر کەم و کاڵ دەکاتەوەو دەیسڕێتەوە.

بە ڕادەیەك کەمی دەکاتەوەو دەیسڕێتەوە کە ئەگەر ئەو تاکە یان کاراکتەرە نەشمێنێت و یەکێکی دیکە بێتە جێی، هیچ گۆڕانێك لە واقیعی دەوڵەت و جۆری حوکم و شێوازو سیستەمی ڕژێم ناگۆڕێت، هەروەها هەموو کایە سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و خزمەتگوزارییەکان بە دەقی خۆیانەوە دەمێنن و بە جۆرێ بەڕێوە دەچن وەك ئەوەی هیچ شتێك نەگۆڕابێت و ڕووی نەدابێت. وەك ئەوەی سەرۆك لانە چووبێت، نەگۆڕابێت و کەسێکی دیکە نەهاتبێتە جێگای.. وەك ئەوەی پێشەوا نەڕۆیی بێت و کەسێکی دی نەهاتبێتە شوێنی. دەوڵەت لە ڕووی سیاسەتی گشتی و دامودەزگاو دامەزراوە دەستووری و مەدەنی و خزمەتگوزارییەکانەوە ناگۆڕێت.. چونکە دەوڵەت بریتی نییە لە دەسەڵاتی حوکمڕان تا بە ڕووخان یان گۆڕانی دەسەڵاتەکە بڕوخێت یان بگۆڕێت. بەڵکو دەوڵەت گشتە و دەسەڵات پاژێکە لەو گشتە، دەوڵەت بریتییە لە دەستوور، لە یاسا، لە ئیدارە.. دەسەڵات لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بە نێوی دەوڵەتەوە کاروبار بەڕێوە دەبات، بە ناوی دەستوورەوە، بە ناوی ئیدارەوە حکومەتایەتی دەکات و شەرعییەتی خۆی لە دەوڵەت و دەستوورو ئیدارەوە وەردەگرێت، نەك لە خۆسەپاندن و توندوتیژی و زەبروزەنگ و ناچارکردنی بەرانبەرەوە چ وەك تاك و چ وەك کۆمەڵگە.

جا بە هەموو پێوەرو پێوانەیەکی سۆسیۆلۆجی نە دەوڵەت دەکاتە دەسەڵات و حکومەت، نە دەسەڵات دەکاتە دەوڵەت. دەوڵەت وەك پێکهاتەو قەوارەیەکی مێژووکرد،

زادەو بەرەنجامی کەڵەکەبوونی بە درێژایی هوشیاری کۆمەڵایەتییە، کە هەموو چالاکی و چەلەنگییە ڕۆشنبیری و ڕامیاری و ئابورییەکان دەگرێتەوەو لە میانەی گەلێك یان نەتەوەیەکەوەو لە سنووری ئاقارو خاکێکی دیاریکراودا چێدەبێت و پێکدێت و لە چوارچێوەیەکی دەستووری دامەزراوەییدا بەرجەستە دەبێت و لە هەردوو ئاستی ناوخۆو دەرەکیدا مومارەسەی سەروەری خۆی دەکات کە لە ئاستی ناوخۆدا لە پەیوەندییەکانی دەوڵەت بە دەسەڵاتەوەو لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات (حکومەت) بە هاووڵاتییەوە خۆی دەنوێنێ و لە ئاستی دەرەکیشدا لە پەیوەندییەکانی دەوڵەت دەگەڵ دەوڵەتانی دیدا خۆی دەنوێنێت.

بەڵام دەسەڵات(حکومەت) قەوارەو پێکهاتەیەکی سیاسی ڕەوتەنییە و شەرعییەتی خۆی لە قەوارە مێژووکردەکەوە کە دەوڵەتە وەردەگرێت. واتا دەوڵەت خودانی سەروەرییە و خودانی ئەو شەرعییەتەیە کە هەموو ئەندامان و توێژوچینەکانی کۆمەڵ، بەو حکومەت و دەسەڵاتەشەوە کە حوکمی کۆمەڵگە دەکات و بەڕێوەی دەبات، دەبێ گوێڕایەڵ و پابەندی بن. ئیدی لێرەوە دەسەڵات دەبێت بە پاژێك لە گشتی دەوڵەت و دەبێ گوێڕایەڵ و پابەندو وەفاداری گشت پرەنسیپ، حوکم، بەهاو پێوانە سیاسی، کەلتووری و ئەخلاقییەکانی دەوڵەت بێت. واتە دەوڵەت گشتە.. و پێویستە پابەندی دامودەزگاو دامەزراوە دەوڵەتییەکان بەو گشتەوە (دەوڵەت) زۆر زیاتر بێت لە پابەندییان بە پاژەوە (دەسەڵات و حکومەت) کە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا هەم ئەو دەزگایانە بەڕێوە دەبات و هەم پەیوەندی هاووڵاتیان بەو دامودەزگاو دامەزراوانەو بە کۆمەڵگەوە بە جۆرێ ڕێك دەخات کە گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵات، ماناو چەمکی گوێڕایەڵی بۆ دەوڵەت بگەیەنێت، نەك بۆ خودی دەسەڵات وەکو دەسەڵات.

هەرچەندە چەمکی دەوڵەت بوونێکی مەتریالیستی واقیعی زەقی نییە کە زەقاوزەق بڵێ من دەوڵەتم، وەکو چۆن دەسەڵات بوونی پراکتیکی خۆی هەیە و لە سەرۆك یان لە پاشا یان لە میردا خۆی دەنوێنێت.. بۆیە زۆرجار چەمکی دەوڵەت وچەمکی

دەسەڵات(حکومەت) تێکەڵ دەکرێت و دەوڵەت بە دەسەڵات و دەسەڵات بە دەوڵەت دەزانرێ، لە کاتێکدا دەوڵەت گشتەو، دەسەڵات(حکومەت)پاژە لەو گشتەدا.

دیارە تێکەڵکردنی چەمکی دەوڵەت دەگەڵ دەسەڵاتدا و چەسپاندنی ئەو بۆچوونە لە واقیع و لە زەین و هزرو وەعی و ڕۆشنبیریی خەڵکیدا، زەمینە بۆ دەسەڵات خۆش دەکات کە بەرەو دکتاتۆرییەت و شمولییەت بڕوات... و خۆی بخاتە سەرووی دەسەڵاتی دەوڵەتەوەو دەوڵەت بخاتە پشت پەردەی دەسەڵاتەوە.. هەر لێرەشەوە جۆرە تێکەڵکردنێك لە نێوان ئەرکی هاووڵاتی لە هەنبەر دەوڵەت و ئەرکی لە هەنبەر ئەو دەسەڵاتەی کە حوکمی دەکات و بەڕێوەی دەبات، دروست دەبێت. هەروەها لە نێوان ئەرکی کاربەدەست و بەرپرسانی دەسەڵات لە هەنبەر ئەو دەسەڵاتەی کە خۆی نوێنەرایەتی دەکات و دەگەڵ ئەرکی بەرانبەر بەو دەوڵەتەی کە لە سایەو سێبەریدا وەکو هاووڵاتییەکی ئەو دەوڵەتە دەژی نەك وەکو مەنسول لە دەسەڵاتەکەدا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت چەمك و زاراوەیەکی مجەڕەدو خەیاڵی نییە، بەڵکو بوونێکی لۆژیکی و شەرعی خۆی هەیەو هەموو ڕۆڵەکانی ئەو گەل یان گەلانەی کە لە ئاقاریا دەژین لە خۆی و لە یەکتر کۆدەکاتەوەو مێژووی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان ڕیشاژۆ دەکا، واتە حوزوری دەوڵەت لە نێو کۆمەڵگەدا لە ڕووی مەعنەوییەوە حوزورێکی مێژوویی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی دەبێت و لە ڕووی واقیعی و لۆژیکییەوە حوزورێکی دەستووری یاسایی ئیداری دەبێت. دیارە ئەم دوولایەنە لە لایەکەوە لە پەیوەندییەکانی حکومەت و دەسەڵات بە دامودەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەتەوەو لە لایەکی ترەوە لە پەیوەندییەکانی حکومەت بە دامودەزگاو دامەزراوە تەنفیزییە ئیدارییەکانی دەسەڵاتەوە بەرجەستە دەبێت و هەروەها لە پەیوەندی هاووڵاتی دەگەڵ دەوڵەت و پەیوەندی حکومەت دەگەڵ هاووڵاتیدا خۆی دەنوێنێ و بەرجەستە دەبێت.

ئیدی لە میانەی ئەو دیاردەو پەیوەندی و کارلێکانەوە، ئەو یاساو ڕێساو بنەماو پرەنسیپانە چێدەبن کە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵکی و خەڵکی و دەسەڵات دیاری

دەکەن. هەر لە چوارچێوەو لە ناوجەرگەی ئەو هاوکێشە سیاسییانەوە سنوورو سەلاحییەتی دەسەلاَت و شەرعییەتی مومارەسەی دەسەلاَت و بوارو مەیدانەکانی ئازادی و دادپەروەری و بەهای هاوولاَتی بوون و هەستکردن بە بوون و سەروەری و هەیبەت و شکۆی دەوڵەت دەردەکەوێ.. بۆیە ئەرکی دەسەلاَتی بێ دەوڵەت یەجگار قورسەو نابێ تەنیا بە دەسەلاَتڕانی قاییل بێ، بەڵکو دەبێت زیرەکانە میکانیزمێکی واقیعی و مۆدێرن و هاوچەرخ بدۆزێتەوە کە پڕۆسەی دەسەلاَتڕانی، ئەگەر بە شێوەیەکی مەعنەویش بووە بگۆڕێت بۆ پڕۆسەی دەوڵەتڕانی و گشت ئەو بۆشاییە مێژوویی و ڕۆشنبیری و کۆمەلاَیەتی و دەستووری و قانوونی و ئیدارییانە پڕبکاتەوە کە لە غیابی دەوڵەتدا دروست بووەو دروست دەبێت...

" ٣ "

## دەسەلاَتی بێ دەوڵەت

ئەرکی دەسەلاَتی بێ دەوڵەت یەجگار قورسە و نابێت تەنیا بە دەسەلاَتڕانی ڕووت قاییل بێت، بەڵکو دەبێت زیرەکانە میکانیزمێکی واقیعی و مۆدێرن و هاوچەرخ بدۆزێتەوە کە پڕۆسەی دسەلاَتڕانی، ئەگەر بە شێوەیەکی مەعنەویش بووە بگۆڕێت بۆ پڕۆسەی دەوڵەتڕانی و هەموو ئەو بۆشاییە مێژوویی و کەلتووری و کۆمەلاَیەتی و دەستووری و قانوونی و ئیدارییانە پڕبکاتەوە کە لە غیابی دەوڵەتدا دروست بووەو دروست دەبێت.. بەلاَم ئەمە بەو مانایە نییە کە دەسەلاَت بکرێت بە ئەڵتەرناتیفی دەوڵەت، و وا لە جەماوەری خەڵك بگەیەنرێ کە دەوڵەت دەکاتە دەسەلاَت، هەروەها دەسەلاَت دەکاتە دەوڵەت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ دەسەلاَت بکرێ بە پرد بۆ گواستنەوە بەرەو دەوڵەت کە بۆ میللەت دەکاتە کەناری ئەمان و ئارامی و لە سایەی دەوڵەتدا بە ئەزموونی خۆی

مومارەسەی ژیان دەکات و بە کەماڵی دڵنیایی بەشداری لە بەرهەمهێنانی مێژووی تیرەی بەشەردا دەکات.

دیارە بێ دەوڵەتی، گەورەترین خاڵی لاوازی هەر دەسەڵاتێکە چەند تۆکمەو پتەو و بەهێزیش بێت، دەسەڵاتی بێ دەوڵەت وەکو پیاوێکی یەك لاق وایە، بە ئاسانی هاوسەنگی خۆی پێ ڕاناگیرێت، لەگەڵ بچووکترین گۆڕانی هەلومەرجی بابەتی و خودیدا، دەلەرزێ، دەلەقێ و درەنگ یان زوو هەرەس دێنێت و زەرەرمەندی گەورەش میللەت و کۆمەڵگە دەبێت "..تۆپینی خۆی و زەرەری خاوەنی" ئەمە جگە لەوەی دەسەڵاتی بێ دەوڵەت، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە گرێی کێماسی هەیە و هەمیشە چاوی لە پشتیوانی دەرەکی و بێگانەیە. هەڵبەتە هیچ کۆمەك و پشتیوانییەکی ڕامیاری لە ڕای خودادا پێشکەش نەکراوەو ناکرێت. ئیدی لێرەوە مینجاڕی سیاسەت دەست پێ دەکات و کورم دەوێ بە سەلامەتی لێی ڕزگار بێت.

بەلام وێڕای ئەمەش هەموو دەزانین هەر دەسەڵاتێك بگری جۆرە مەیلێکی زۆرەکی و خورتیایەتی و خۆسەپاندنی تێدایەو ڕەگێکی دەچێتەوە سەر خۆپەرستی و ئەنانییەت و دکتاتۆرییەت، بۆیە کاتێ کە هەست دەکات دەوڵەت گەمارۆی دەدات، سنوور بۆ دەسەلات و جموجوڵ و چالاکی و دەسەڵاتەکانی دادەنێت و ڕێگەی پێشێلکاری و قانون بەزێنی و زێدەگاڤی نادات، کار بۆ ئەوە دەکات، بەرە بەرە ئامادەگی دەوڵەت کەم و کاڵ بکاتەوەو خۆی ببێت بە ئەڵتەرناتیفی دەوڵەت و وا لە خەڵکی بگەیەنێت کە دەوڵەت دەکاتە دەسەلات، هەروەها دەسەلات دەکاتە دەوڵەت. ئیدی لە ڕێگەی ئەم حیلە سیاسەتەوە شەرعییەت بە دزی و زەوتکردنی سەروەری مەعنەوی و لۆژیکی دەوڵەت دەدات و لەسەر حیسابی بێ دەوڵەتی، پتر خۆی بەسەر کۆمەڵگەو جەماوەری خەڵکیدا دەسەپێنێت و ئیدی لێرەوە پەیوەندی نێوان دەوڵەت و دەسەلات (حکومەت) سەنگەلا دەبێت. چونکە ڕادەی سەروەری دەوڵەت، کە دەبێ هەموو کاتێ لەم هاوکێشە سیاسییەدا،

دەوڵەت گشت و دەسەلاَت پاژ بێت، شێوەو سروشتی پەیوەندی دەوڵەت بە دەسەلاَتەوە، کە دەوڵەت بەڕێوەی دەبات، دیاری دەکات.

دیارە پەیوەندی نێوان هاوولاَتیان و حکومەتیش ڕەنگدانەوەو بەرەنجامی لۆژیکی و واقیعی هەمان پەیوەندی نێوان دەوڵەت و دەسەلاَتە(حکومەت)، کە ئەو پەیوەندییە سەنگەلا بوو، هەموو پەیوەندییەکانی دیکەش لاسەنگ دەبێت. هەرکاتێك دەسەلاَتی حکومەت کەوتە سەرووی دەسەلاَتی مەعنەوی و لۆژیکی دەوڵەتەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا دەکاتە دزین و داگیرکردن و زەوتکردنی مافی سەروەری دەوڵەت، کە دەبێت لە سەرووی هەموو سەروەرییەکەوە بێت. چونکە سەروەری دەوڵەت دەکاتە سەروەری گەل و سەروەری گەلیش بۆ تێکڕای گەلە وەکو کۆمەڵگە نەك وەکو تاك. یانی سەروەری گشت بەسەر پاژەکانیدا، ئیدی ئەو پاژانەی حکومەت یان حیزب یان چین یان تاقم و گروپ یان تاك بن، دەبێ ملکەچی سەروەری گشت بن. جا خەڵکی کە پابەندو وەفاداری حکومەت دەبن لەبەر خاتری سەروەرییە گشتەکەیە نەك لەبەر خاتری خودی حکومەتەکە، بۆیە هەرکاتێك حکومەت و دەسەلاَت نەیتوانی هاوسەنگی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و دەسەلاَت بپارێزێت، گومان و پرسیاران دروست دەبن کە ماکی گۆڕان و گۆڕینن.

جا لەم پێودانگەوە ئەوەمان بۆ بە دیاردەکەوێ کە ئەرکی مێژوویی هەر گەل و حکومەتێك ئەوەیە کە بونیاتنانی دەوڵەت پێش بونیاتنانی دەسەلاَت بخات. چونکە دەسەلاَت بێ دەوڵەت پایەدار نابێت، بۆ نموونە زۆر دوور نەڕۆین، میرنشینەکانی کورد چییان لێهات؟ هەڵبەتە مەبەست لە بونیاتنانی دەوڵەت ئەوە نییە بێی دامودەزگا بۆ دەسەلاَت دامەزرێنی و بە گوێرەی مەیل و ئارەزووە سایکۆلۆژی و پێداویستی و کەڵکەڵە سەقەت و نا ئەقلاَنی و نەفەسە قاچاغچییەکانی دەسەلاَت و حکومەت دای بڕێژیت و لە قاڵبی بدەی.

بۆ نموونە فاشیزم لە ئیتاڵیاو نازیزم لە ئەڵمانیا تەنیا دەسەلاَت بوون، دەوڵەت نەبوون، چونکە ئەوەی لە سایەی ئەو دوو دەسەلاَتەدا بونیات دەنرا، بونیاتنانی دەسەلاَت بوو نەك

بونیاتنانی دەوڵەت و هەموو دامودەزگاکانیش هی دەسەلاّت بوون و لە خزمەتی دەسەلاّتدا بوون، واتا دامودەزگای دەوڵەتی نەبوون، بەڵکو دامودەزگای سوڵتەوی بوون و دەسەلاّت بۆ خۆی و لە پێناوی خزمەتی خۆیدا دایمەزراندبوون، گومانیش لەوەدا نییە کە دامودەزگای سوڵتەوی زادەی هۆشمەندی و وەعی دەسەلاّت یان تاکەکانی ناو دەسەلاّتە، ئاشکراشە دەسەلاّت بە لای حکومەت و دەسەلاّتدا دایدەکێشێت، ئەوەندەی خۆی وەکو دەسەلاّت بەلاوە گرینگ و مەبەستە، ئەوەندە دەوڵەتی بەلاوە گرینگ و مەبەست نییە، بگرە زۆرجاریش دەوڵەت بە کۆسپ و تەگەرەی بەردەم خۆی دەزانێت، کە سنوورو چوارچێوەی بۆ دادەنێت و سەلاّحییەتەکانی لە قاڵبی قانوون دەدات. خۆ وەعی تاکیش ڕەنگە زۆرجار خۆپەرستانە بێت و زادەی بەرژەوەندی تاك بێت، یان بۆ خزمەتی بەرژەوەندی و قازانجی حیزبێك یان چینێك یان تایفەیەك و خێڵێك پیادە بکرێت.

لەوەیە دەسەلاّت هەبێت کار بۆ بونیاتنانی دەوڵەت بکات و هەوڵی بەهێزکردنی دەسەلاّت و سەروەری دەوڵەت بدات و هەموو دامودەزگاکانی دەسەلاّتی(حکومەت) بخاتە ژێر ڕکێف، یان بە پێچەوانەوە هەوڵ بدات هەیبەت و شەوکەتی دەوڵەت بشکێنێت و بڕست لە دامودەزگاکانی دەوڵەت ببڕیّ کە بریتین لە دامودەزگا دەستوورییەکان، دەزگا پەرلەمانییەکان، دامودەزگای پیشەیی و مەدەنی جەماوەری، دامودەزگای دادڤانی ودامودەزگای چاودێری. نەك هەر ئەوەندە بەڵکو هەندێجار کار بۆ ڕوخاندنی دەوڵەت دەکات. بۆ نموونە کە یەکێتیی سۆڤییەت هەرەسی هێنا، لە پێشا دەوڵەت ڕووخا نەك دەسەلاّت و حکومەت، بگرە دەسەلاّت دەوڵەتی بەرەو ئەو هەرەسە ترسناکە برد کە ئێستاش ڕووسیا بە دەوڵەت و بە دەسەلاّتەوە پێوەی دەناڵێنیّ و نەهاتووەتەوە تایی خۆی. دیارە بەزۆری هەرەسی دەوڵەت، هەرەسی حکومەت و دەسەلاّتی بە دوادا دێت، چونکە گشت ڕووخا پاژ بە ئاسانی خۆی ڕاناگرێت.

بەلاّم هەرەسی دەسەلاّت، ناکاتە هەرەسی دەوڵەت. بە تایبەتی ئەگەر دەوڵەتەکە دەوڵەتێکی دامەزراوەیی بەهێز بێت و بتوانیّ خۆی و دەسکەوتە دەستووری و

دامەزراوەییەکانی بپارێزێت، ڕەنگە زوو بە زوو دەسەڵات و حکومەتێکی دی بەرهەم بێنێتەوەو نەکەوێتە گێژاوی بۆشاییەکی ترسناکەوە، ئەگەر ئەو حکومەت و دەسەڵاتە بوێریێ سەروەری دەوڵەت بخاتە سەرووی هەموو سەروەرییەکانی ترەوەو سەروەری دەوڵەت بە سەرچاوەی شەرعییەتی دەسەڵاتی خۆی بزانێت. دیارە ئەمە زۆر زەحمەتە، بە تایبەتی لە وڵاتانی پاشکەوتوودا. بۆیە بێ دەوڵەتی سەرچاوەی چەوسانەوەو پەرتەوازەیی نەتەوەیە، ئیدی ئەو چەوساندنەوەو پەرتەوازەکردنە لە لایەن حکومەت و دەسەڵاتەکەی خۆیەوە بێت یان لە لایەن ئەو هێزە نائاساییانەوە بێت کە لە هاماجی بێ دەوڵەتیدا سەرهەڵدەدەن. بۆیە کە دەسەڵات لە سایەی بێ دەوڵەتیدا وەکو هێزێکی مادی سیاسی، ئابوری، فیکری، ئەمنی خاوەن دەزگای ئیداری بە زەبروزەنگ سەرهەڵدەدات، هەوڵ دەدات زەرورەتی سەروەری دەوڵەت لە مێشك و ویژدانی هاووڵاتی بسڕێتەوەو زیاتر دەسەڵات بەرجەستە بکات، تا حکومەت و دەسەڵات شوێنی دەوڵەت بگرێتەوەو پەیوەندی هاووڵاتی دەگەڵ دەسەڵاتدا بێت نەك دەگەڵ دەوڵەتدا، هاووڵاتی ملکەچ و گوێڕایەڵ و وەفاداری دەسەڵات بێ نەك دەوڵەت، کە ئەمە بێ چەندوچوون دکتاتۆرییەتی دەسەڵاتی لێ دەکەوێتەوە.

بۆیە تەنیا ئەو حکومەت و دەسەڵاتە دەتوانێ دەوڵەت بونیات بنێت کە خۆی لە دەسەڵاتەوە بگۆڕێت بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات، واتا قابیل بێت بەوەی لە سایەی دەوڵەتدا کە دەکاتە سیستەمێکی سیاسی و دەستووری و کارگێڕی جێگیر ئیش بۆ ئیدارەی دەسەڵات بکات نەك بۆ دەسەڵات..

"٤"

## دەسەڵات لە پێناوی دەسەڵاتدا!!

هەر دەسەڵاتێك بگریت یان لە دەسەڵاتی ڕووتەوە دەگۆڕێت بۆ ئیدارەیەك کە دامودەزگاودامەزراوەکانی کۆمەڵگە لە سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، واتا لە سایەی دەستوورو یاساو ئیدارەدا، بەڕێوە ببات.. واتە بەم چەمکە دەسەڵات دەکاتە زانست و

هونەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا. لەم حاڵەدا سیستەمێکی جێگیرو سەقامگیری سیاسی، دەستووری کارگێڕی دێتە ئاراوە و جێگیری و ئارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی چێدەبێت، کە سەرچاوەو ئیلهامبەخشی گۆڕانی ڕیشەیی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و داهێنانی کەلتووری و بەرهەمهێنانی شارستانی و ژیارییە... یان وەکو دەسەڵاتی ڕووت، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر ڕەگ دادەکوتێ و دەبێتە دەسەڵات لە پێناوی دەسەڵاتدا!! و بە خورتی خۆی دەسەپێنێ و دەچێتە خانەی سیستەمە سیاسییە ناجێگیرو ناسەقامگیرەکان و خۆی دەکات بە ئەڵتەرناتیفی دەوڵەت و سەرچاوەی شەرعییەتی خۆی و هەموو مومارەسە ناشەرعییەکانی خۆی.

هەڵبەتە دەسەڵات لە سایەی سیستەمی ناجێگیردا هەمیشە نیگەرانە، لە دڵە ڕاوکێدایە، لە خەمی مان و بەردەوامبوونی خۆیدایە، بۆیە زوو زوو گۆڕانی سەرڤە سەرڤەو ڕواڵەتی بە مەبەستی درێژەدان بە تەمەنی خۆی وەکو دەسەڵات لە خۆیدا دەکات، بە بێ ئەوەی هیچ زەمینەسازییەکی سیاسی ئابووری کەلتووری و کارگێڕی لۆژیکی بۆ ئەو سووکە گۆڕانە سەرڤە سەرڤەو ڕواڵەتیانە بکات.. غافڵە لەوەی هەر گۆڕانکارییەك، حیسابی ورد بۆ واقیع نەکات، مەرجە بابەتییەکانی واقیع و تایبەتمەندییە شارستانی و ژیاری و کەلتوورییەکان بە هەند وەرنەگرێت و فەرامۆشی بکات، دەکەوێتە بەرەی سیستەمی ناجێگیرو سیاسەتی هەنووکەییەوە، نەك هیچ گۆڕانێکی ڕیشەیی سیاسی و ئابوری و کەلتووری و کارگێڕی پێ دروست ناکرێ، بەڵکو کۆمەڵگە دەخاتە گێژاوێکی ترسناکی ئەنارشیزمییەوەو بە جۆرێ چەواشەو گەوجی دەکات کە گۆڕینی دەموچاوەکان بە گۆڕان بزانێت!! و بیر لە گۆڕینی سیستەم و بەرنامەی کار نەکاتەوە، کە کلیلی کردنەوەی دەرگای گۆڕانە، کە زەمینە سازییە بۆ سیستەمی سیاسی سەقامگیرو جێگیر.

سیستەمی سەقامگیر، ئەو سیستەمەیە کە هەموو دامودەزگاو دامەزراوە ڕامیاری و ئابوری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سوپاییەکانیشی پشتیوانەو پاشخانێکی سیاسی و دەستوری و یاسایی و کارگێڕی جێگیرو ئارامی ئەوتۆی هەبێت کە بتوانێت لە

سایەی هەر گۆڕانێکی سیاسیدا، هاوسەنگی خۆی بپارێزێت و درێژە بە شەرعییەتی بوونی خۆی بدات.. دیارە جێگیرو سەقامگیر لێرەدا بەو مانایە نییە کە دەسەڵات هەتا هەتایە هەر لەسەر حوکم بێ یان سەرۆك و سەرانی دەسەڵات بە درێژایی تەمەنی خۆیان هەر حوکمڕانی بکەن. یان دەسەڵات بارودۆخی کۆمەڵایەتی بە دەقی خۆیەوە ڕابگرێت، ڕێگەی هیچ گۆڕان و گەشە کردن و پێشکەوتنێك نەدات. بەڵکو سیستەمی جێگیرو سەقامگیر، بەو سیستەمانە دەگوترێت کە ڕاستەوخۆ پەیوەست نییە بە هیچ کەس و کەسایەتییەکەوە، ئیدی ئەو کەس و کەسایەتییە هەرکێیەك دەبێت، چەند خاوەنی خزمەت بێ و چەند لە ڕووی خەباتی سیاسی یان عەسکەرییەوە خاوەن مێژووی پڕ شکۆ بێت، تا بە نەمان یان گۆڕانی ئەو کەس و کەسایەتییانە نەمێنێ و بگۆڕێت و هەڵبوەشێتەوە.

واتە ئەو جۆرە سیستەمە، قۆرخ و پاوان و قەدەغەی ڕاستەوخۆی هیچ کەس و کەسایەتی و گروپ و حیزبێك نییە.. بە ڕۆیشتنی تاقمێك و هاتنی تاقمێکی دی چالاکی و تواناو سەقامگیری و هاوسەنگی و بەردەوامبوونی خۆی لەدەست نادات. ئەو جۆرە سیستەمە لە سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، هی میللەتە و بە شێوەیەکی دەستووری و یاسایی زۆر بە ئاسانی و ئاسایی دەستاودەست دەکات.. چونکە سەقامگیری و جێگیریی ڕاستەقینە ڕاستەوخۆ بەندە بە مەوزوعیەتیی دامودەزگا و دامەزراوە دەوڵەتییەکانەوە، نەك بە خودی دەسەڵاتەوە، تا ڕاستەوخۆ ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵات بێ و بە فەرمان و دەستووری دەسەڵات ئاڕاستە بکرێ، چونکە ئەگەر ڕاستەوخۆ لەژێر ڕکێف و کۆنترۆڵ و فەرمانی دەسەڵاتدا بێت، هەنگێ لە کۆمەڵگەو جەماوەری خەڵك دادەبڕێت و بۆشاییەکی ترسناك دروست دەبێت، ئیدی ئەو سیستەمە جێگیرو سەقامگیرە دەلەقێ، مەوزوعییەتی خۆی لەدەست دەدات. لە دەزگاو دامەزراوەیەکی نیشتمانییەوە دەگۆڕێت بۆ دامەزراوەیەکی سوڵتەوی دکتاتۆری قێزەون.

بە هەرحاڵ لە سیستەمی جێگیرو سەقامگیردا تەنانەت دامودەزگاو دامەزراوە خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنەکانیش ڕاستەوخۆ پەیوەست نین بە دەسەڵاتەوە، بە تایبەتی

دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر بێ لایەنن و سیستەمی جێگیرو سەقامگیر ڕێگە نادات، دەسەڵات ئەو دامودەزگایانە بۆ خۆ و بە قازانجی خۆی ئاڕاستە بکات و بیکات بە مەیدانی گەمە سیاسییەکانی خۆی. چونکە ئەگەر ڕێگەی ئەوەیدا، سەقامگیریی خۆی لەدەست دەدات و زەمینە بۆ سیستەمی ناجێگیر و سیاسەتی هەنووکەیی و کودەتایی خۆش دەبێت.

هەڵبەتە یەکێك لە مەرجەکانی جێگیری و سەقامگیری ئەوەیە کە دەسەڵات، تەنیا خەریکی حوکمڕانی خۆی بێت، حوکمڕانی بە مانای بەڕێوەبردنی دامودەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، نەك بێت خۆی لە ژیان و گوزەران و کاروباری خەڵکی هەڵقورتێنێ، دەرفەت و دەلیڤەی کاریان لێ تەنگ بکات و سنوور بۆ تەماو هیواو ئاواتیان دابنێت و ڕێگەی بەرهەمهێنانیان لێ بگرێت، هەروەها لە هەموو شتێکدا خۆی بکات بە هەڤڕکی جەماوەری خەڵك.. چونکە خەڵکی دەسەڵاتیان بۆ ئەوە ناوێت کە نانیان بۆ دروست بکات، فەلاحەتیان بۆ بکات، یان لە جیاتی ئەوان بازرگانی بکات، سەواو مامەڵە بکات و بازاڕو هەموو کایە هەستیارەکانی ژیان بۆ خۆی و خزم و کەسوکارو خێڵ و تیرەو تایفەی خۆی قۆرخ و قەدەغە بکات.. خەڵکی دەسەڵاتیان تەنیا بۆ ئەوە دەوێت، کە نوێنەری دادپەروەری میللەت بێ، کایەکانی ژیانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەی یەکسان بۆ دابین بکات و ئاسۆی پێشکەوتن و گەشەکردن و داهێنانیان لە بەردەمدا بکاتەوە. واتە دەسەڵاتێك، دەتوانێت بچێتە خانەی سیستەمی جێگیرو سەقامگیری سیاسییەوە کە بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو لە سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا،خۆی تەنیا بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوە هەمە جۆرەکانی کۆمەڵگە تەرخان بکات..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

* *السلطة و الفرد... برتراند رسل/منشورات الجمل ط١ ٢٠٠٥ ،ترجمة وتقديم دكتور نوري جعفر.*

* *سالم القمودى,العدل والحرية،الدارالجماهيرية للنشر والتوزيع والاعلان/١٩٨٧ .*

* *العدل والحرية/الدارالجماهيرية للنشر والتوزيع والاعلان-١٩٩٧/سالم القمودى.*

* *بارزان نیوز،ژمارە:١٩٨/٢٠١١/١/٣٠،ل٧، دۆخەگۆڕکێی دەسەڵات، حەمەکەریم عارف.*

* *سيكولوجية السلطة،سالم القمودى/مكتبة مدبولى،ط ١٩٩٩ .*

## ١٧- دەسەلآت و دۆگماتیزەکردنی ئایدۆلۆژیا

ڕەنگە ئەگەر بڵێین چ شتێك لە دەرێی مێژوودا نییە نەبێت بە زێدەڕۆیی، بەڵکو ئاماژەش بێت بۆ ڕۆڵی هەرە مەزنی مێژوو لە پێکهاتەی کۆمەڵگەدا. مێژووش تەنیا ڕابردوو نییە، بەڵکو ئێستاو داهاتووشە، ئەو زەمەنانە بە جۆرێ ئاوێتەی یەکدی دەبن و دەکەونە حاڵی کارلێك و تەماسەوە ئەگەر هاوێرکردنیان مەحاڵ نەبێت ئەوا گەلەك ئەستەمە. چونکە مێژوو پرۆسەیەکی بەردەوامە و لە گەشەکردن و گۆڕانی بەردەوامدایە و زندوویەتی خۆی لە ڕووداو و دیاردە زیندووەکانی شوێنکاتەوە وەردەگرێت و تاریخییەتیان پێ دەبەخشێت. هەڵبەتە مرۆڤ قارەمانی سەرەکی و کاریگەری ناو داستانی چرۆچوغوردی مێژووە. ئەم قارەمانەش بە تەبیعەت و سروشتی خۆی بوونەوەرێکی گۆڕان پەزیرو گۆڕان خوازە. چونکە خودان هزروبیرە، هەمیشە عەودالی زانین و مەعریفەتە و کەڵکەڵەیەکی هەمیشەیی کەشفکاری و داهێنانی هەیەو سەوداسەری ئەوەیە هەموو شتێ، گشت دیاردەو ڕووداوێك لە بنج و بناوان بکات و تاقی بکاتەوە..

واتە بە جۆرێك ئاوێتەی پرۆسەی گۆڕان و گۆڕانکاری دەبێت کە بە خۆیشی دەبێت بە بەشێك لەو پرۆسەیە و بە ئاسانی هیچ قاڵب و سیستەم و ئایدۆلۆژیایەك، جگە لە گۆڕان قەبووڵ ناکات. واتە مرۆڤ بە تەبیعەت بوونەوەرێکی قاڵب پەزێر نییەو بەشێکە لە واقیعی گۆڕان و لە سەرووی پرۆسەی گۆڕانەوە نابێت. کەچی زۆرجار دەسەلآت بە مەبەستی کۆنترۆلکردنی کۆمەڵگە بە قازانجی خۆی، دەیەوێ بە تۆبزی لە هەردوو باری تیۆری و پراکتیکییەوە کۆمەڵگە لە قاڵبی ئایدۆلۆژیایەکی نەگۆڕو جێگیرو دیاریکراو بدات و هەموو کایە هزری و سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی و کەلتوورییەکانی بەو سەمتەدا ئاراستە بکات و وابنوێنێ هەموو ڕێگا کەلتووری و کۆمەلآیەتی و سیاسی و ئابورییەکانی

کۆمەڵگە دەچنەوە سەر هەمان ئایدۆلۆژیاو لەوێندەرەوە درێژە بە ڕەوتی ئاسایی خۆ دەدەن. جا لەم حاڵەتەدا واقیعی کۆمەڵایەتی کە بە گۆڕان ئاوسەو لە زاوزێی بەردەوامدایە، لە خۆ تازەکردنەوەو کاژ فڕێداندایە، لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی چەمك و وێناو دۆزو پرەنسیپانی تازەوە خۆی وەکو واقیعێکی کۆمەڵایەتی تازە بەرهەم دێنێتەوە، سنووری ئەم لۆژیکە ئایدۆلۆژییە سیستەماتیکە نەگۆڕو جێگیرە دەبەزێنێ و قالبشکێنی و ئۆپۆزیسیۆنکاری دەست پێ دەکات..

دەسەلات لەم بارودۆخەدا هیچ جۆرە گلەیی و گازاندەو ڕەخنەیەکی بابەتی و زانستیش قەبوڵ ناکات و دەکەوێتە پینەوپەڕۆی هەڵەو پەڵەکانی خۆی، پڕۆژە کاڵوکرچ و نیوەچڵ و هەندێجار وەهمییەکانی خوی بە ڕووی خەڵکیدا دەداتەوەو لە قەوارەی خۆیان گەورەتریان نیشان دەدات و بە وردە دەسکەوتانی پەڕاگەندە، داوای دەسکەوتی ستراتیژی و گەورە لە بیر خەڵکی دەباتەوە، وایان قەرزاربار دەکات دەبێ منەتبارو شوکرانە بژێریشی بن. هەڵبەتە هەر بەوەندەوە ناوەستێ و بە گوێرەی ڕادەی بارگرژییەکە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەو گوڕەشەو سەرکوتکردن و دوورخستنەوەو تەنانەت پاکتاوکردنی جەستەیی موخالیفان و نەیارانی ڕژێمەکەی. دیارە کە ئایدۆلۆژیا نەیتوانی بەگەڵ پرۆسەی گۆڕان بکەوێ و کرا بە شتێکی پیرۆزی ئایین ئاساو خرایە سەرووی ڕەخنەوەو ویسترا واقیع و کۆمەڵگە کە لە حاڵی گۆڕانی هەمیشەییدایە، لە قاڵبی ئەو بدرێ، نەك ئەو بەگەڵ کاروانی گۆڕان بخرێ کە هەوێن و ماکی ژیانە، زەرەرێکی گەلەك فرە لە ئیمکاناتە فلیڤانییەکانی ئینسان دەدات و ڕەوتی گەشەکردن و پەرەسەندنی واقیع و کۆمەڵگە بەرەو باشتر لە گرێژەنە دەبات و دەبێت بە سەرچاوەی هەموو ستەم و زوڵم و زۆرو دکتاتۆرییەتێك و ئیدی دەکەوێتە پاشەکشەو هەرەس دێنێ.

هەڵبەتە هەندێجار خودی دەسەلات دەبێتە هۆی پاشەکشەو هەرەسی ئایدۆلۆژیا، دێت لەبەر هەندێ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، ئیدی چ بەرژەوەندی سیاسی بێ یان ئابوری یان بانگەشەیی و پڕوپاگەندەیی، بە شێوەیەکی زۆر کاڵوکرچ و نابابەتی ئەو ئایدۆلۆژیایە لە

مەیدانی پڕاکتیکیدا پیادە دەکات و دووچاری شکست و ناکامی دەبێت، ئیدی ئایدۆلۆژیاکە چەند لە ڕووی تیۆری و نێوەڕۆکەوە وەکو فیکر دروستیش بێت، لەبەرچاوی جەماوەری خەڵك دەکەوێت، چونکە خەڵکی ئەوەندەی لایەنی عەمەلی ئایدۆلۆژیا، یان فیکرێك دەبینن و لایان گرینگە، دروستی لایەنە تیۆرییەکەی ئەو فیکرە یان ئایدۆلۆژیایەیان لا گرینگ نییە، هەموو ناکامی یا سەرکەوتنێکی عەمەلی ئایدۆلۆژیاکەش دەگێڕنەوە بۆ لایەنە تیۆرییەکەی. واتە ئایدۆلۆژیا لە ناو واقیعدا چەند خۆشدەست بێ و واقیعیانەتر بە دەنگ پێداویستییەکانی ژیانیانەوە بێت، ئەوەندە پەسندترە، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەر فیکرو ئایدۆلۆژیایەك لایەنی تێوری وپڕاکتیکی خۆی هەیە.

پێویستە ئەم دوو لایەنە لە کارلێکی تەواودا بن. فیکر لە میانەی پڕاکتیکەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێ، پڕاکتیك بە پشتیوانی فیکرەوە دروستی خۆی دەسەلمێنێ. ئەگەر ئەم دوو لایەنە لە یەکدی دابڕان ئەوا ئایدۆلۆژیا دەبێ بە فیکرێکی ئایدیالی خالیسەی دوور لە واقیع و ڕووداوەکانی ناو واقیع و دەبێت بە کاوێژکردنەوەو وشکەجایەکی بێهوودەو پڕاکتیکیش سەرچاوەی هێزی خۆی لەدەست دەدات و دەبێت بە ئامێرێکی ڕووت. کەواتە ئایدۆلۆژیا وەکو دیاردەیەکی هزری، وەکو جۆرێك لە هزرینی کۆمەڵایەتی لە ناو بونیادی کۆمەڵگەدا کار دەکات و لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و قۆناغ و سەردەمی مێژوویی نایەتە دابڕان و لە سەرووی گۆڕان و پرۆسەی گۆڕانەوە نییە، بە مانا تەجریبییەکەی زانستیش زانست نییە، بە دڵنیاییشەوە بنکەیەکی ئەبستمۆلۆجی ڕووتیش نییە کار بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و مەعریفەت بکات، بەڵکو لە کرۆك و جەوهەردا هزرێکی پڕاکتیکی بەسیجکارییە، خەڵکانێك ئامادەو ساز دەکات بۆ ئەوەی بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا واقیعێکی کۆمەڵایەتی بپارێزن یا بگۆڕن..

بۆیە ئایدۆلۆژیاش وەکو هەر تیۆرییەکی مرۆڤانی سیاسی، ئابوری یان کۆمەڵایەتی بە گۆڕان و گۆڕانکاری ئاوس و بارگاوییە و ژیان و مانی بەندە بەوەوە چەند دەتوانێ بە

گوێرەی قۆناغ و دەسکەوت و کەشفکارییە زانستی و مەعنەوی و واقیعی و پێداویستییە مرۆڤانییەکانی کۆمەڵگە، خۆی تازە بکاتەوە. چونکە ئایدۆلۆژیا خۆی لە خۆیدا چالاکی و چەلەنگی مرۆڤ، کۆمەڵ، کۆمەڵە، گەل، نەتەوە و ژیارو شارستانییەت بەرجەستە دەکات و هەموو ئەمانەش لە حاڵی گۆڕانی هەمیشەییدان، بۆیە ئایدۆلۆژیاش دەبێ بگۆڕێت. هەڵبەتە تیرەی بەشەریش هەرگیز لە ئاستێکی نەزۆکی فیکری وەهادا نییە کە ناچاربێ بە حەپسی ئایدۆلۆژی قاییل بێ، بەڵکو ئەقڵێکی سروشتی و شارستانی ئەوتۆی هەیە کە بتوانێ سنوورو بازنەی ئایدۆلۆژی ببەزێنێ و بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە بە تەواوەتی خۆی بناسێت و لە خۆی بگات. بۆیە پابەندی بە حەرفییەتی ئایدۆلۆژیاوە خۆی لە خۆیدا بە دۆگماکردنییەتی، دابڕاندنییەتی لە واقیعی ئاوس و بارگاوی بە گۆڕان و ڕەنگە هەندێجار ببێتە مایەی داڕووخان و هەرەسهێنانی تەواوەتی ئەو ئایدۆلۆژیایە. بۆیە هەر دەسەلاتێك بیەوێ لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیداو بە تۆبزی لە هەردوو باری تیۆری و پراکتیکییەوە کۆمەڵگە لە قاڵبی ئایدۆلۆژیایەکی نەگۆڕ بدات، ئەوا ئاو لە دنگا دەکوتێ و بیەوێ و نەیەوێ جاڕی مەرگی خۆی دەدات.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*-جوستاف لوبون/سیکولوجیه الجماهیر/ت: هاشم سالح/بیروت ١٩٩١.

*-بارزان/ژ: ١٦١/٢٥/٤/٢٠١٠،حەمە کەریم عارف.

## ١٨- دەسەلاّتبازی...

((١))

هەر شۆڕشێك كە دەگاتە قۆناغی سەركەوتن و جڵەوی دەسەلاّت دەگرێتە دەست و دەكەوێتە حوكمڕانی، لە هەوەڵەوە كە هێشتا بە پرەنسیپە شۆڕشگێڕییەكان بارگاوییە و گەرم و گوڕی شۆڕشی تیاماوە و پتر لە حكومەتێكی شۆڕشگێڕ دەچێت تا حكومەتێكی ئاسایی، هەوڵ دەدات پشت بە بەشدارانی شۆڕش ببەستێ، چونكە لە باری دەروونییەوە پێی وایە ئەگەر ڕێ بە خەڵكانی دی بدات، ئەوا نەیاران و ناحەزانی شۆڕش دزە دەكەنە ناو ڕیزەكانی حكومەتەوەو لە ڕێگەی ڕاستەقینەی دەردەكەن و بەرەو هەڵدێری دەبەن.. هەڵبەتە ئەمە بۆ خۆی دیاردەیەكی كۆمەلاّیەتییەو لە هەموو شۆڕشە دیموكراتییەكاندا كەم و زۆر بەدی دەكرێت. واتە جۆرە مەركەزییەتێكی حوكمڕانی پیادە دەكرێت. چونكە ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی گشتیش هەلومەرجی خۆی گەرەكە، لەوانە: گەشەكردنی هوشیاریی دیموكراتی لە نێو جەماوەری خەڵكیدا، سەرهەڵدانی پارت و گروپێن سیاسی جیاواز، پەرەسەندن و بلاّوبوونەوەو كارابوون و ئازادبوونی ڕۆژنامەوانی...

دیارە ئەم قۆناغی هەوەڵی حوكمڕانییە، دەبێ قۆناغێكی ڕەوتەنی بێ و زوو ببڕێتەوە، دەنا دكتاتۆرییەت و گەندەڵییەكی ئەوتۆی لێ دەكەوێتەوە كە شۆڕشگێڕە خۆشەویستەكەی دوێنێ، بە دەم حوكمڕانییەوە بلەوتێ و لەبەرچاوی خەڵكی بكەوێ. چونكە ئەم قۆناغە كە درێژەی كێشا ئیدی كەسانی حوكمڕان و دەسەلاّتدار ڕابردووی شۆڕشگێڕانەی خۆ لە بیر دەكەن و وا هەست دەكەن هەر ئەوان لەسەر هەقن.. كەسێكیش لەسەر هەق بوو، ئیدی پێویستی بە هەڵبژاردن نییە، ئەوە لە بیر دەكات كە كاربەدەستی ڕاستەقینە، دڵسۆز بۆ خۆی، بۆ نیشتمان، بۆ نەتەوە كەسێكە كە پەیامێكی بەرنامەداری پێ بێ و لە ڕێگەی

کارەکەی و لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا، ئیش بۆ وەدیهێنانی پەیامەکەی بکات کە بریتییە لە خزمەتی گەل و وڵات.. نەك کەسێکە کە بۆ پارەو دەسەڵات کاربکات، پارەو دەسەڵات بکات بە ئامانج و گەل و وڵات بکات بە ئەوزارو داردەستی خۆی، پایەیەکی ئابوری پتەو بۆ خۆی دامەزرێنێ و پلەیەکی سیاسی ئەوتۆی هەبێ کە خەڵکی نەك هەر لە خۆی بگرە لە دەست و پێوەندو زێڕەڤانەکانیشی بسڵەمنەوەو لە ئاستیاندا فزە نەکەن..

هەر میللەتێك کە ڕزگار دەبێ تا ماوەیەك لاسایی کۆنە داگیرکەرەکەی دەکاتەوە. نابێ ڕێگە بەم دیاردەیە بدرێ درێژە بکێشێت و ببێ بە بەشێك لە ڕەفتارو پێکهاتەی سایکۆلۆجی دەسەڵاتدار.. چونکە ئەمە خۆی لە خۆیدا زەمینە خۆشکردنە بۆ ڕیشاژۆکردنی دکتاتۆرییەت و لەباربردنی دیموکراتییەت.. بۆیە دەبێ کەسێك کاربەدەست بێ باوەڕی تەواوی بە نیشتمانپەروەری و نەتەوەپەروەری هەبێ و پەیامێکی بەرنامەداری هەبێ و لە ڕێگەی پۆستەکەیەوە ئیش بۆ وەدیهێنانی، بە ئاڕاستەی خزمەتی زۆربەی جەماوەری خەڵك، بکات. واتە پۆست و پلەوپایە ئەوزارو ئامراز بێ بۆ ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکان.. لێ مەخابن لای ئێمە کوڕ ئەو کوڕەیە زوو بە زوو ڕێگە قەدبڕەکان بدۆزێتەوەو بگاتە کوێستانی دەسەڵات و ئەوجا بە کاوەخۆ بکەوێتە قسەی خۆش، چونکە دەزانێ و واقیعەکە وای پێ دەڵێت کە بەرپرسی چاك ئەوەیە چەند لە سەرچاوەی قەرارەوە نزیکە، چەند خودان قەرار لە خۆی ڕازی دەکات، دڵی ڕادەگرێت، گونی هەڵسەنگێنێ، ماستاوی بۆ سارد دەکاتەوە، بۆی پان دەکاتەوە، خۆشکێنی لەبەردەمدا دەکات، ڕاپۆرتنووسی و شۆفاری بۆ دەکات، ئیدی خوای دەکرد بۆنی گەندەڵی سەرداری بێسەر دەکرد، ئەو خۆی و کوڕەکەی سەید بن بە قوونی بابی گەرمیانی دەسەڵاتەوە.

((٢))

ململانێ و کێشمەکێش ماك و هەوێنی فەلسەفەی دیموکراتییەتە. ئۆپۆزیسیۆن دەرهاویشتەیەکی زیندوو- و سروشتی ئەو کێشمە کێش و ململانێیەیە. هەر شۆڕش و

ڕاپەڕین و هزرێکی ڕەسەن وەرچەرخان دروست دەکات، دابڕانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی چێدەکات، محافەزەکاری و معارەزەکاری لێ دەکەوێتەوە کە هەوێنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی پێك دێنێ و ساغڵەمی ڕەوتی دیموکراتییەت دەسەلمێنێ.

واتە دابڕان و دابەشبوونی جەماوەری گەل، لە سایەی دیموکراتییەتدا دیاردەیەکی ئاسایی و ساغڵەمەو هیچ جێگەی مەترسی نییە. بۆیە هەرکەسێك باوەڕی بە دیموکراتییەت بێ و خودانی پەیام و بەرنامەی ڕیفۆرمیستی بێ، نابێ گوێ بە دابەشبوونی کۆمەڵگە بدات، چونکە بیەوێ و نەیەوێ بە خۆی کار بۆ ئەو دابەشبوونە کۆمەڵایەتییە دەکات، تا سەرلەنوێ بە شێوەیەکی نوێتر کۆیان بکاتەوەو بیان سازێنێ.. جا هەر بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بگری، بە درێژایی مێژوو، لە لایەکەوە ڕوخێنەر بووە، لە لایەکی ترەوە بونیاتنەر بووە. ئەم جووتە ڕەگەزە هەڤدژە لە ناو یەك پرۆسەدا لە کارلێکی بەردەوامدا بوون و ڕەنگە بە ئاسانی لێکدی جیا نەکرێنەوە.. یانی کەسێك نەڕوخێنێ ناتوانێ بینا بکات..

شۆڕش یاساو ڕێساو سیستەمە کۆنەکان دەڕوخێنێ و هی نوێ و پڕ بە پێستی سەردەم بەرهەم دێنێ. واتە وەکو چۆن مار سالانە کاژ فڕێ دەدات و کاژێکی تازە دێنێتەوە تا دەگەڵ گەشەکردنی بەدەنیا بگونجێت و پڕ بە بەری بێت و لە کاژە کۆنەکەدا نەگەنێ و نەمرێ، کۆمەڵگەش دەبێ خۆی تازە بکاتەوەو بەگەڵ ڕەوتی پێداویستییەکانی سەردەم بکەوێ، کێشماکێشی کۆمەڵایەتی ماکی پرۆسەی خۆ تازەکردنەوەی کۆمەڵگەیە. دیارە دەبێ ئەو کێشماکێشە بە ئاڕاستەیەکی مونەزەم و ڕێك و پێکدا ببرێ و بە قازانجی میللەت بشکێتەوە..

هەڵبەتە کە ئەم بۆچوونە بە دڵی دکتاتۆران نابێت و هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدان لە ژێر پەردەی زەرورەتی بەرقەراری ئەمن و ئاسایش و پاراستنی یەکێتیی ڕیزەکانی گەل و پابەندی بە دابونەریت و کەلەپووری بابوباپیران، دکتاتۆرییەت و دەسەڵاتبازی خۆیان وەشێرن، هەروەها غافڵن لەوەی کە لۆژیکی تازە ئەو کۆنەپاریزی و محافەزەکارییە بەگەن

ناكات و پێی وایە هەر باشێك تا ماوەیەكی دیاریكراو بڕ دەكات و بەكەڵكی قۆناغ و سەردەمێكی تایبەتی دێ و دەرهاویشتەی سەردەمی خۆیەتی و مەحاڵە بۆ هەموو سەردەمەكان دەست بدات. چونكە مەحەك و پێوانەو پێوەری چاكەو خراپە بە گوێرەی گۆڕانی باری كۆمەلأیەتی دەگۆڕێ.

بۆیە دەبێ هەر كۆمەڵگەیەكی زیندوو ناوبەناو فەرمانڕەوایانی خۆی بگۆڕێ و لە نزیكەوە چاودێری وەزیرو بریكارو گزیرو پەڕلەمانتارو بەرپرسانی خۆی بكات و بە شێوازی شارستانییانەو لە ڕێگەی هەڵبژاردن و دەنگدانەوە بیانگۆڕێت.. هەڵبەتە دیموكراتییەت بەم چەمك و شێوەیەی ئێستای زادەی ڕۆژو دوو ڕۆژ، یان بەرەنجامی ڕێكەوتێكی ڕەوتەنی نییە، بەڵكو خەباتی زۆری لە پێناودا كراوە، قوربانی فرەی لە ڕادا دراوە، ئێستاش لە زۆر شوێنی دنیادا بەربەرەكانی دەكرێت و دەرگای لێ ناكرێتەوە، یان دكتاتۆرییەتی زۆردارانی پێ پەردەپۆش دەكرێت، دەشێوێنرێ و دەكرێت بە دێوجامەی ڕاوە جەماوەر.. وەكو چەمك و سیستەمێكی عالەمگیر نەچەسپیوە، بەلأم بووە بە دەستەچیلەی هەڵگیرسانی شۆڕشێكی كۆمەلأیەتی سەرتاسەری و شۆڕشێكی هزری مەزن. ئاقڵ ئەو كەسەیە دەرگای لێ بكاتەوەو لە ڕووی نەوەستێ. دەنا ئەمە شەپۆلێكەو هاتووەو خۆی و كورسییەكەی ڕادەماڵێ، هیچ بیانوویەكی میناكی زەرورەتی بەرقەراری ئەمن و ئاسایش، پاراستنی یەكێتیی ڕیزەكانی گەل، پابەندی بە دابونەریت و كەلەپووری پێشینان دادی نادات و شەفاعەتی بۆ ناكات. چونكە هیچ شتێك هێندەی زوڵم و زۆر، ناهەقی و گەندەڵی بە هەموو لق و پۆپە ئابوری و سیاسی و ڕۆشنبیری و كۆمەلأیەتی و ئەخلاقیەكانییەوە، میللەت و یەكێتیی میللەت لاوازو پارچە پارچە ناكات..

بە پێچەوانەوە كێشماكێش و گەنگەشەو ململانێ و ڕكابەری و هەڤڕكی، گەر ڕێی بدرێ گوزارشت لە خۆی بكات و قاڵبی ئاسایی خۆی وەربگرێت، زۆر لە زۆرداری پتر ڕیزەكانی گەل یەك دەخات، ڤیانی خەڵك بۆ وڵات و وڵاتپارێزی جۆش دەدات.. هەر نەتەوەیەك فرە مینبەر بێ، پارت و گروپەكانی لە ململانێ و هەڤڕكی ئاساییدا بێ،

ئەگەری مانی زیاترە لەو میللەتەی کە فەرمانڕەواکانی زاڵم بن و بە خۆی کڕ و کپ و بێدەنگ بێ. ئەو تەرزە یەکێتییەی لە سایەی فەرمانڕەوای دکتاتۆردا دەبینرێ، یەکێتییەکی ڕواڵەتییە، بە زەبری کوتەك چێبووە، هەر کە کوتەك و خاوەن کوتەك نەمان، ئیدی خۆ بەخۆ هەرەس دێنێ و پارچە پارچە دەبێت.

((٣))

بە هەرحاڵ هەرکەسێك لە خۆی ڕاببینێ بۆ سەرۆکایەتی هەوڵ بدات ئازادەو هەقی خۆیەتی، جێگەی گلەیی و گازاندە نییە، ئەو دەمە گلەیی لێ دەکرێت کە جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، بە قازانجی خۆی و بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی، بۆ بەرژەوەندی دەستەو بەستەی خۆی و کوڕو زاوای خۆی بەکاری بێنێ. بە چەند ساڵێکی کەم ببێ بە ملیاردێری نێودەوڵەتی.. بۆیە سیستەمی دیموکراتی، کە لەسەر بناغەی هەڤڕکی ژمارەیەك کاندید ڕۆدەنرێ، بۆ ئەم سەردەمە باشترین زامنە بۆ ئەوەی زۆرینەی جەماوەری گەل لە دکتاتۆران و دەسەڵاتبازان پاس بکات.. جا باشترین کەس بۆ سەرۆکایەتی و ڕابەرایەتی هەر میللەتێك ئەو کەسەیە، دەسەڵاتی بۆ خودی خۆی نەوێ، دەسەڵاتی لەلا ئامانج نەبێ، بەڵکو ئەوزارێك بێ بۆ ئەوەی بەرنامەکانی خۆی بە ئاڕاستەی خزمەتی زۆربەی خەڵکیدا، پێ جێبەجێ بکات و بە گوێرەی توانا، عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرپا بکات. عەدالەتی کۆمەڵایەتی پێویستی بە پاراستنە، کە لە ڕێگەی یاساو هەندێجار سووکە زەبرو زەنگەوە دێتە پاراستن و ئەنجامدان..

جا لێرەدا تەنیا خودی عەدالەتەکە گرینگ نییە، بەڵکو گرینگ هەستی جەماوەری خەڵکە، خەڵکی هەست بە جۆرە عەدالەتێك بکەن. واتە تا دەکرێ نابێ ڕێگە بدرێ کە بۆشایی و کەلێنێکی سایکۆلۆجی لە نێوان دەسەڵات و جەماوەری خەڵك دروست بێ. چونکە متمانەو سازانی سایکۆلۆجی لە نێوان دەسەڵاتداران و جەماوەری گەلدا، زەرورییە بۆ چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی. ئەگەر ئەو کەلێنە دەروونییانە بکەوێتە نێوان،

هەرچی پێوەرو پێوانە هەیە ئاوەژوو دەبنەوە، هەرچی بەهرەو توانا هەیە بە فیڕۆ دەڕوات و سوودی نابێت. جا ئێستا لەلای ئێمە بێ متمانەییەکی زۆر لە نێوان دەسەڵات و خەڵکیدا هەیە. خەڵکی بە گومانەوە دەڕواننە دەسەڵات و هەڵوێست و ڕەفتاری دەسەڵات و بە گومانەوە سەیری هەر بەر پرسێك، چەندیش بە تواناو خزمەتگوزار بێ، دەکەن و دەڵێن ئەگەر دەریا بلەوتێ بە یەك دوو ئاورۆشنکەرەوە پاك نابێتەوە.

جا لەم حاڵەتەدا باشترین هەڵوێست ئەوەیە دەسەڵاتدار بە خوایشتی خۆی وازبێنێ و بە قەدری خۆیەوە دانیشێت.. جەماوەری خەڵك گوشار بخەنە سەر پەرلەمان، ئەگەر ئەویش دەستنێژو دەسەندەخۆری دەسەڵات نییە، با متمانە لە دەسەڵات وەربگرێتەوەو ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنی گشتی بکرێ.. چونکە هەر شۆڕشێکی دنیا بگری، دەبینی لە سووکە کەلێنێکی نێوان دەسەڵاتدارو خەڵکەوە دەستی پێکردووە. ئەو کەلێنە بەرەبەرە زیادی کردووەو کار گەییوەتە ئەوەی کە دەسەڵاتدارو ڕەعییەت بن بە دوو بەرەی دژ بە یەکترو.. هەرچی شۆڕشی دنیا هەیە بەوجۆرە هەڵگیرساوە. خەڵکی هەر ئەوەندەیان زەحمەتە هەست بە زوڵم بکەن، ئیدی ئەستەمە بحەوێنەوەو بهێورێن، چونکە هەستکردن بە زوڵم لە خودی زوڵم کاریگەرترە بۆ هاڕوژاندنی جەماوەری خەڵك. بە تایبەتی خەڵکی ئێستا چاویان کراوەتەوە، لە گوێی گادا نەنووستوون، ئەوەی کەناڵە ڕاگەیاندنەوانییە خۆماڵی و ناوچەییەکان لێیان دەشارنەوە، یان بە نیوەچڵی و شێواوی پێشکەشیان دەکەن، لە کەناڵە بیانییەکانەوە دەستیان دەکەوێ و لەو ڕێگەیەوە زۆر پرەنسیپ و چەمکی کۆمەڵایەتی تازە فێر دەبن، بەمەش هێندەی دی متمانەی نێوان دەسەڵات و جەماوەر دەچێتە قاتی، زمانی جەماوەر دەپژێ، توانای ڕەخنەیان لا دەڕسکێ و دەخەملێ.. زەرورەتەکانی ژیان فێری دەکەن کە چۆن بەرگری لە خۆو داکۆکی لە مافی خۆ بکەن و هیچ جۆرە کۆیلاندن و چەوسانەوەیەك قبوڵ نەکەن و ئازادی بە مەرجی هەرە سەرەکی ئینسانبوون دابنێن و دەسبەرداری نەبن..

((٤))

جا ئەم دەسەڵاتەی لەمەڕخۆمان، حاڵی حازر لە مۆڵەقدایەو بۆشاییی و کەلێنی نێوان دەسەڵات و جەماوەری خەڵك ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادییەو یەکێك لەو فاکتەرانەی تا ئێستا شەفاعەتی بۆ دەکات و لە نەستی جەماوەرێکی زۆردا هەرماوە، زوڵم و زۆری دەسەڵاتی پێشووترە، کە ئەم هاوکێشەیە نە تاسەر گرەوی لەسەر دەکرێ و نە بەردەوام دەبێت، بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ و لەگەڵ سەرهەڵدانی پێداویستییە تازەکانی هەر قۆناغێکدا کاڵ دەبێتەوەو هەر لە ئێستاوە خەڵکانێك هەن کە خۆزیا بە دەسەڵاتی ڕابردوو دەخوازن!.. کە ئەمە پێویستی بە هەڵوەستەو شیکردنەوە هەیە.

باسی ئەوەمان کرد کە ململانێ و کێشماکێش ماکی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییە، هەڵبەتە مەبەست لە کێشماکێشی مەبدەئییە، کە لەسەر بنەمای پرەنسیپانی کۆمەڵایەتی ڕۆدەنرێت.. نەك لەسەر بنەمای ڕکابەری و ململانێی شەخسی، چونکە ململانێی شەخسی کۆمەڵ بۆ دواوە دەبات و ئێمەی کورد لەو بوارەدا پڕ ئەزموونین و باجی زۆر قورسمان داوەو تا ئەمڕۆش پێوەی دەناڵێنین.

دەسەڵات و وەرگرتنی دەسەڵات، دەبێ ئەوزارو ئامێر بێ نەك ئامانج و مەبەست، بەم پێودانگە مەرجی سەرەکی بۆ فەرمانڕەوا پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە، عەدالەتی ڕێژەیی نەك عەدالەتی ڕەها، ئیدی گرینگ نییە ئەو فەرمانڕەوایە کێی کوڕی کێ دەبێ.. هەڵبەتە لە دنیادا هیچ سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبووەو نییە و ناشبێ بە دڵی هەمووان بێ.. زۆر کەس لە ڕوویەك لە ڕووەکانەوە هەست بە مەزڵومییەتی خۆ دەکەن، ئەمە جێی مەترسی نییە، مەترسی لەوەدایە کە زۆربەی خەڵك هەست بە مەزڵومییەت بکەن، هەر ئەو هەستەشە کە ڕژێمێك لە ڕژێمێکی دی جیا دەکاتەوە..

# ١٩- ڕۆشنبیر و دەسەڵات

((١))

وەعز و قسەی ڕووت بە تەنێ گۆڕانی پێ چێناکرێ و ئەگەر هەر لە چوارچێوەی تیۆریدا بمێنێتەوە، ئەوا بەرە بەرە شەقڵێکی ڕۆتینی وەردەگرێت و چەشنە چەنەبازییەکی بێهودەیی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر مرۆڤ لێ ببڕێ بەسەر شتێکدا زاڵ بێ و کۆنترۆڵی بکات، ئەوا دەبێ ماك و هەوێن و ڕیشەو خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی بخاتە بەر باس و وردبینی لێکۆڵینەوە.

بێگومان مرۆڤیش بەشێکە لە ژینگەو دەوروبەری خۆی و لێی جیا نابێتەوە، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ گۆڕینی تەبیعەتی مرۆڤ بەدەر لە ژینگەو دەوروبەر، بێهودەیە و هیچ ئاکامێکی پڕاکتیکی نابێت و مرۆڤەکە بە دەقی خۆیەوە دەمێنێتەوە، بەڵگەش ئەو هەموو پەند و ئامۆژگاری و وەعزدادان و وەعزخوانییەیە کە سەدان ساڵە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەزار بارە دەکرێنەوە.

مرۆڤ خەڵقەندەیەکی ئاوەزدارە و پێویستی بەوەیە گوزارشت لە خۆی بکات و ڕێگەی دروستی لێ نەگیرێت، چونکە کە ڕێگەی لێ گیرا دووچاری کەچڕەوی و لادان دەبێت و مەحاڵە بە وەعزدادان بێتەوە سەر ڕاستە ڕێگەو ببێ بە کەسایەتییەکی سروشتی دوور لە هەر گرێیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی. کەواتە بۆ ئەوەی ڕۆڤی ساغڵەم بەرهەم بێ، دەبێ هەر لە منداڵییەوە ڕێگە بدرێ لە سنووری بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵەدا کە تیای دەژی ئازادانە مافەکانی خۆی بەکار بێنێ و ئەرکەکانی ئەنجام بدات و پێویستە تەبیعەتی مرۆڤانی بەشەر لە هەموو شتێکدا ڕەچاو بکرێت و مرۆڤ لەسەر ڕووناکی ڕابهێنرێ تا پەنا وەبەر تاریکی نەبات.

((٢))

وەعزدادەرانی لای ئێمە، چونکە دەسەندەخۆری دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران بوون و نانیان لەسەر ئەوان بووە، هەمیشە ڕەزامەندی ئەوانیان بە لاوە مەبەست بووەو مدارایان کردوون و چاوپۆشییان لە هەموو زوڵم و زۆر و ڕابواردنێکی ناڕەوایان کردووەو بە قازانجی ئەوان قسەیان کردووەو چاوبەستەکێیان لە جەماوەری خەڵك کردووەو داوای مەحاڵییان لێ کردوون و بوون بە پشتیوانی زۆردارو دەسەڵاتداران و مەسئولییەتی زوڵم و زۆری کۆمەڵایەتی و ڕامیارییان لە ئەستۆی زۆرداران و دەسەڵاتداران لاداوەو خستویانەتە گەردنی خودی زوڵم لێکراوان، کە گوایە خەتایان کردووەو خوا غەزەبی لێ گرتوون و ڕۆژی گیاندوونەتە ئەم ڕۆژە ڕەشە. هەرچی دزی و فزی و بەد ئەخلاقی دەسەڵاتدارە، حەڵاڵی دەکەن و پاکانە تەنانەت بۆ ماڵ و منداڵ و کەسوکارو دەستو پێوەندو خزمی خەزووری سەپانی شێخیشی دەکەن، بە هەق و ناهەق لایەنی دەسەڵاتدار و حوکمڕان دەکەن و کە کارو کردەوەیان هەڵدەسەنگێنن ئاماژە بۆ تەبیعەتی نوقستانی بەشەر دەکەن و کاتێك دێنە سەر زوڵم و زۆردارییەکانی دەڵێن: نیازی پاك بوو، ویستی خزمەت بکات، بەلاّم هەڵەی کرد، لە پێناوی خزمەتی جەماوەری خەڵکدا تووشی ئەو هەڵەیە بووە، دەنا ئەگەر لە ماڵی خۆیدا دانیشتبووایە دووچاری ئەو هەڵەیە نەدەبوو. مەگەر هەر یەزدانی مەزن لە سەرووی هەڵەوە بێ و لە هەڵە بەدەربێ.

دیارە ئەمجۆرە وەعزانە گەر درێژە بکێشێت و زۆرترین کەناڵ بۆ گشتاندنی بەکاربرێ، ئەوا بیرکردنەوەیەکی زۆر سەقەت و نامرۆڤانەی لێ دەکەوێتەوەو بە قازانجی دەسەڵاتدارو بە زیانی بێ دەسەڵات دەشکێتەوە و کۆمەڵگە دووچاری سەنگەلایی دەبێ و هەرچی هاوسەنگییەك هەیە لە دەستی دەداو بە جۆرێ دەشێوێ و ژیانی لەبەرچاو دەکەوێ، بەو بێ دنیا لە خۆی و لە خەڵکانی دی بکات بە دۆزەخی ڕەش.

له کاتێکدا تانوپۆی ژیان تەنیاو تەنیا خۆشەویستی و مرۆڤ پەروەرییە.. هەر لە ناو پرۆسەی خۆشەویستیدا مرۆڤ گەشە دەکات و بوونی مرۆڤانی خۆی دەسەلمێنێ و رۆحی پاراو دەبێ و خێر هەم بۆ خۆی و هەم بۆ خەڵکی دەداتەوە.

بەڵام مەخابن مرۆڤ و مرۆڤ پەروەری لە وڵاتانی ئێمەدا تەنیا قسەی رووتەو پتر بۆ جوانکاری گوتارو رەفتاری دزێو و ناشیرین و نامرۆڤانەی دەسەڵاتدارانە، هەر دەسەڵاتدارانیش سەرچاوەی هەموو جۆرە زەبر ز زەنگ و تیرۆرێکن لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا.. هەڵبەتە کاتی ئەوە هاتووە خەڵکی رەش و رووت و هەژارو بێ نەوا کە زۆربەی هەرە زۆری رێژەی کۆمەڵگە بەشەرییەکان پێك دەهێنن، جورئەت پەیدا بکەن و بتوانن بەرگری لە بوونی مرۆڤانی خۆیان بکەن و میکانیزمێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی زەمینە خۆش ببێ کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هاوتا بن و کۆمەڵگە لەوە پتر هاوسەنگی خۆی لەدەست نەدات و مل بە نادیارەوە نەنێ و مرۆڤی دەڤەری مە، لەوە مەسختر نەبێ.

((٣))

هەر کۆمەڵێك کە پێ دەنێتە قۆناغێکی شارستانی تازەوە دووچاری جۆرە ئەنارشیزمێك دەبێت، ئەنارشیزم زادەی قۆناغی ئاوس بە گۆڕانە. جا دووفاقی کەسایەتی لەم چەشنە قۆناغەدا زۆر بە زەقی بەرجەستە دەبێ و خۆی دەنوێنێ. بۆ نموونە عارەب لە قۆناغی پەرەسەندنی شارستانییانەی خۆیدا کەوتە ژێر کاریگەری دوو دژە فاکتەرەوە: بەدەوییەت و ئیسلام. عارەب لە سەرەتادا لە بیابانەکاندا دەژیا و کۆمەڵێك بەهای وەکو رۆحزلی و زەعامەت سالاری و باب سالاری هەبوو، ئەوجا ئیسلام هات و کۆمەڵێك بەهای پێچەوانەی لەگەڵ خۆیدا هێنا وەکو: خواناسی و دادپەروەری و سازان و سازگاری.. هەڵبەتە هەر قۆناغێکی کۆمەڵایەتی یا شارستانی کە بەسەردەچێت، تا ماوەیەکی زۆر کارو کاریگەرییەکەی دەمێنێ و وەکو میراتییەکی دابونەریتی کۆمەڵایەتی لە ناخی خەڵکانێکی زۆردا دەپارێزرێ.

هەر ئەمەش ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە مرۆڤ خودانی دوو ئەقڵ و ئەقڵییەتە، ئەقڵییەتی دیارو ئەقڵییەتی پەنهان. ئەقڵییەتی دیار بە ئاسانی گێڕدەگۆڕێ و لەگەڵ دیاردەو ڕووداوەکاندا دەسازێ . ئەقڵییەتی پەنهان چونکە ڕیشەی لە کەلەپووری دابونەریتی دوورو درێژی کۆمەڵایەتیدایە، نە بە ئاسانی دەگۆڕێ و نە بە ئاسانی لەناودەچێت یا دەسازێ. هەر بۆیەش عارەبی سەرەتاکانی ئیسلام لە ئەقڵی دیاریاندا موسوڵمان بوون و لە ئەقڵی پەنهانیاندا بەدەوی بوون و ئەمەش کەسایەتییەکی دووفاقی و ناکۆکی بۆ دروست کردن کە ڕەنگە تا ئێستاش بە پەنهانی و بە زەقی ماکی لە کۆمەڵگەی عارەبدا مابێ. بێگومان دیاردەی دووفاقی کەسایەتی تا لە لادێ دوور بکەویتەوە و بەرەو قولاّیی شار بچێ کەمتر دەبێ...

جا ئەم دووفاقی کەسایەتییە هەرگیز بە شێوازی ڕۆمانسییانە چارەسەر ناکرێ. چونکە هەڵقولاّوی واقیعی ژیان و مێژووە، بۆیە تەنیا بە شێوازی واقیعی و نزیك لە ژیانی خەڵکییەوە دێتە چارەسەرو کەمبوونەوە. دەنا بۆشاییەکی زۆر گەورەو بێهودە دەکەوێتە نێوان واقیعییەتی ژیان و ئایدیالیزمی بیر و بیرکردنەوە... بۆشاییەکی کوشندە دەکەوێتە نێوان دەسەلاّت و جەماوەری خەڵکەوە، کە ئەمە بێگومان ئاژاوە و شۆڕشی لێ دەکەوێتەوە.

((٤))

هەرچەندە مرۆڤ بە سروشت و تەبیعەتی خۆی تازە خوازە، بەلاّم هەر تازەیەکی کاریگەر بگری هەم کۆسپی دەخرێتە ڕێ و هەم تاوانباردەکرێ بەوەی کە دەستی بێگانەی لەپشتە، بە تایبەتی خەڵکانی دەوڵەمەندو زەنگین و دەسەلاّتدارو خۆشگوزەران هەموو ڕێیەك بۆ دوژمنایەتی کردنی هەر دیاردەو ڕووداوێکی تازەی کاریگەر و شۆڕشگێڕ دەگرنەبەر.. دەوڵەمەند لە کانگەی دڵەوە حەزدەکات خەڵکی، محافەزەکاربن و پابەندی میراتی بابوباپیرانی خۆبن لە هەموو ڕوویەکەوە، خۆ ئەگەر کەسێکیان تیا هەڵبکەوێ و ڕێچکەیەکی نوێ بگرێتەبەر و ڕای تازەو بۆچوونی نوێی هەبێ، خێرا بە نۆکەرو دەستنێژو

دەسەندەخۆری بێگانەی لە قەڵەم دەدەن. هەڵبەتە خەڵکی عەوام و نەفام زوو باوەڕ بەو تۆمەتانە دەکەن و ئیدی ئەو تۆمەتە دەلکێ بە خەڵکی نوێخوازو تازە خوازەوە، جا ئەو تازە خوازە ئەگەر سەرکەوت و دەسەڵاتی گرتە دەست ئەوا تۆمەتەکەی لەسەر لادەچێت، خۆ ئەگەر فەشەلی هێناو سەرنەکەوت، ئەوا نەوە لە دووی نەوە بە تاوانباری دەمێنێتەوە.

جا هەر بۆچوون و ڕایەکی تازە بگری، چونکە خەڵکی هێشتا پێی ڕانەهاتوون، غەریب و نامۆو بێگانەیە و ناو و ناتۆرەو تۆمەتی سەیرو سەمەرەی دەخرێتە پاڵ و دژایەتی دەکرێت.. ڕەنگە ئەم هاوکێشەیە هەوێنی پەرەسەندن بێ لە هەموو ڕوویەکەوە.. مێژوو وەکو مرۆڤ لەسەر لاقان دەوەستێ، لاقێکی ڕادەگرێ و یەکێکی دەهاوێ و بەمەش هەنگاوی پێشڤەچوون دروست دەبێت. جا لە هەموو هەنگاو و قۆناغێکی مێژوودا خەڵکانێك هەن محافەزەکار یان کۆنەپەرستن، و خەڵکانێك هەن تازە خوازو شۆڕشگێڕو گۆڕانخوازن و بگرە فاکتەری گۆڕانیشن. جا ململانێی ئەم دوو جەماعەتە هەر دەمێنێ و چەرخی ڕۆژگار و کۆمەڵگە بەو ململانێیە دەسوڕێ.

هەر یەکێك لەو دوو جەماعەتە ئەویدی قەرزاربارو تاوانبار دەکات و ناو و ناتۆرەی دوا دەخات ، تازەخوازان لە ڕوانگەی محافەزە کارانەوە کەچڕە و نۆکەر و داردەستی بێگانەن، محافەزە کارانیش لە ڕوانگەی تازە خوازانەوە زۆردارو بێ ئینساف و مێمڵ و حەرامخۆرن. جا ئەوەی سەیرە وەکو چۆن هەموو کۆنەیەك ڕۆژێ لە ڕۆژان تازە بووە، هەموو تازەیەکیش ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێ بە کۆن و هەر تازە خوازێك هەر کە سەرکەوتنی بەدەستهێنا دەبێ بە محافەزەکار، واتە لە ڕابردووی خۆی هەڵدەگەڕێتەوەو خیانەتی لێ دەکات، هەنگێ تازە خوازێکی دی پەیدا دەبێ و لێی یاخی دەبێ. ئیدی بەمجۆرە ڕەوڕەوەی مێژوو هەر دەڕوات و بەردەوام دەبێت.

سەرکەوتن، دکتۆر عەلی گوتەنی گۆڕی شۆڕشە. تازەخوازی شۆڕشگێڕ هەر کە دەگاتە ئامانج و مەبەستەکانی دێتە دی و ماندوویەتی دەحەسێتەوە، ئیدی ئاهەنگ بە بۆنەی سەرکەوتنەوە دەگێڕێت و شادی و شایی دەکات، ئەم شادییە خاوی دەکاتەوە، بەرە بەرە

تەمەڵ دەبێ و دەخوازێ بە ئاسوودەیی بەری هەوڵ و کۆشش و خەباتی خۆی بخوات و بەو بێ مێژوو لەبەر خاتری ئەو بوەستێ و لە جێی خۆی جوڵە نەکات !.. لێ ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ، مێژوو هەمیشە ڕەوە، نە لادەدات، نە هێواش دەبێتەوە و نە خاو. لاقەکانی لە جوڵەی بەردەوامدان. ئەو لاقەی ئەمڕۆ لەپێشەوەیە سبەی دەکەوێتە دوواوەو ئەمە حوکمە، حوکمی پێشڤەچوونە و بە هیچ کەس و دەست و دەسەلاتێك ناوەستێنرێ و ناگۆڕرێ... بۆیە دەسەلاتداران و حوکمڕانان لەسەریانە ئەو هەقیقەتە دەرك بکەن و ڕێگە بەهێزێن نوێخواز بدەن بە شێوەیەکی ئاشتییانە و هێمن گوزارشت لە خۆی بکات و ڕۆڵی مێژوویی خۆی لە بواری پەرەسەندنی کۆمەلایەتی و دادوەری کۆمەلایەتیدا بدینێ و.. .

لە ئەوروپادا هەڵبژاردن بۆ ئەم پرسە دۆزراوەتەوە کە جێگەی شۆڕش و توندوتیژی گرتووەتەوە. واتە هەڵبژاردن لبمان گوتەنی شۆڕشێکی دەمامکدارە، لە بری تفەنگ کارتی دەنگدانی تێدا بەکاردێ. دیارە هەر کۆمەڵگەیەك نەهێڵرێ و نەتوانێ لە ڕێگەی دەنگدان و هەڵبژاردنەوە دەسەلاتدارانی خۆی بگۆڕێ و خۆی تازە بکاتەوە، ئەوا هەرکە دەرفەتی بۆ بلوێ پەنا وەبەر توندوتیژی و شۆڕش دەبات و ئیدی گێژاوی ئاژاوەو هەراو هەنگامەو بێدادی کۆمەلایەتی لوولی دەدات و لە کاروانی شارستانییەت دوادەکەوێ و دەرفەتی خۆ تازەکردنەوەو گەشەکردنی مرۆڤانی و پێشکەوتنی شارستانی لەدەست دەدات.

هەر پێشکەوتنێك بگری نرخی خۆی هەیە. واتە پێشکەوتن بیرۆکەیەکی ڕووت نییە بە مێشکی زانایاندا بێ و ئیدی پیادە بکرێ، بەڵکو زادەو بەرەنجامی کارلێك و پێکدادانی سەخت و دژواری نێوان هێزی محافەزە کارو تازە خوازە. گەر هەموو خەڵکی محافەزە کاربووایەن و دەستیان بە کلاوی خۆوە بگرتبایە، ئەوا کۆمەڵگە لەجێی خۆی دەچەقی و وەکو مێروستان و هەنگستان ملیۆنان ساڵی بەسەردا دەڕۆیی و وەکو خۆی لە جێی خۆی دەمایەوەو پێش نەدەکەوت.

((٥))

بەشەر بوونەوەرێکی گەلەك سەرسەختە، خۆپەرستەو هەرچی دیاردەو ڕووداو و هەقیقەت هەیە، بە گوێرەی گرێ دەروونییەکانی خۆی، بەپێی بەها کۆمەڵایەتییەکانی خۆی و لە گۆر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی خۆی، شەرح و شرۆڤە دەکات و مامەڵەیان لەتەکدا دەکات، واتە مرۆڤ زۆر بە زەحمەت دەتوانێ بێلایەنانە بیربکاتەوە یا مامەڵە بکات یا بژی. هەر بۆیەش لەوەتای سەری مرۆڤ لە هێلکە جوقاوە، هەر لە هەوڵی ئەوەدا بووە بگاتە هەقیقەتی تەواو، یا لێی نزیك ببێتەوە، هەر نەیتوانیوە. جا لە ئاییندەدا دەیگاتێ یا نایگاتێ ئەمە شتێکی دیکەیە و ڕێگەش لە هیچ هەوڵێك نایەتە گرتن، لێ دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە تەنیا ئەو کەسە دەتوانێ لە هەقیقەت نزیك ببێتەوە کە هەمیشە بە گومانەو بێلایەنانە دەڕوانێتە هەر ڕاو بۆچوونێك. گومان ڕێگەی باسی ئەکادیمییە.

((٦))

پێشینان پێیان وابووە کە دادوەری کۆمەڵایەتی لە بیرێك، یان بیرۆکەیەکەوە سەرهەڵدەدات و ئیدی حوکمڕان دەیگرێتە بەر و درەنگ یا زوو دادوەری کۆمەڵایەتی دێتە دی. هەڵبەتە ئەمە تەنیا قسەی ڕووتە و لۆجیك پەسندی ناکات و بیری ڕووت ناتوانێ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مرۆڤ ئاڕاستە بکات. چونکە مرۆڤ هەرگیز لە بارودۆخ و زروفی دەروونی و کۆمەڵایەتی و شارستانی بەدەر نییەو بیر بەتەنیا و لە دەرێی ئەو زروفانەدا مەگەر زۆر بە ئاستەم و لە سنوورێکی دیاری کراودا کار لە ئاکار و ڕەفتاری مرۆڤ بکات... دادپەروەری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لە پێداویستییە کۆمەڵایەتی و مرۆڤانی و شارستانییەکانەوە هەڵدەقوڵێت و شەرعییەتی خۆی وەردەگرێت و هیچ حوکمڕانێك بە بێ گوشاری کۆمەڵ ناچێتە ژێر باری ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییە قورسە، وەکو دەڵێن جەوهەری مرۆڤ یا لە دەوڵەمەنیدا یا لە دەسەڵاتدارییدا دەردەکەوێت.

هەر حوکمڕانێك بگریت، دەستو پێوەندێك دەوریان داوە و لە جەماوەری خەڵکیان دابڕیوە، نایەڵن حەقیقەتەکانی پێ بگات، ڕاستییەکانی لێ دەشارنەوە و ڕەشی لێ دەکەن بە سپی و بە پێچەوانەوە... ئیدی نەك هەر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بگرە لە ڕووی مرۆڤایەتیشەوە بە تەواوەتی لە کۆمەڵی دادەبڕن و بۆشاییەك دروست دەبێ کە درەنگ یا زوو قووتی دەداو بەرەو زبڵدانی مێژووی دەنێرێت.

سەرهەڵدانی دەوڵەت و حوکمڕان لە مێژوودا دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی شارستانییەت و دروستبوونی شار، واتە سەرهەڵدانی شار، سەرهەڵدانی حوکمڕانی بە دوودا هات و شارو شارستانییەت وێڕای ئەو دەسکەوتە زۆر و زەبەندانەی لەگەڵ خۆیدا هێنای، لە هەمان کاتدا زوڵم و زۆر و چەوسانەوەشی هێنا. واتە شارستانییەتە کۆنەکان لەسەر شانی جەماوەری ڕەش و ڕووتی خەڵك ڕۆنراوە، ئەگەر لە ڕووی مادییەوە پێشکەوتن بێ ئەوا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پاشکەوتن بووە.. ئیدی لە مێژوودا دوو ڕێچکەی هزری پەیدا بوو: یەکێکیان داوای شکۆو ڕابواردن و ولاتگیری دەکردو یەکێکیان داوای دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەکرد. واتە خەڵکی بوون بە دوو بەشەوە: لایەنگرانی دەوڵەت و لایەنگرانی شۆڕش.

مێژووی شارستانییەت تۆمارێکی دوورو درێژی کێشمانەکێشی نێوان ئەم دوو ڕێچکەو هزرینانەیە.. بەم پێیە، کۆمەڵگەی شارستانی ناتوانێ دەستبەرداری کەڵکەڵەی شۆڕشگێڕانەی خۆی بێ، شۆڕشیش لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێك دەگۆڕێ و خۆی تازە دەکاتەوە و شێوازی تازە وەردەگرێت. بۆ نموونە ئەو دیموکراتییەتەی لە هەندێ شوێنی دنیادا دەیبینرێ، زادەی قەرار یا کۆمەڵە قەرارێکی چەند کەسێك نییە، بەڵکو زادەو بەرەنجامی شەڕ و ململانێی سەخت و دژواری ڕەش و ڕووتی خەڵکە لەگەڵ حوکمڕانانی زۆردارو ملهوڕدا، بۆیە دیموکراتییەت شێوازێکی شۆڕشەو شێوازێکی چاکیشە. بۆ نموونە سیستەمی دەنگدان کە بەردی بناغەی دیموکراتییەتە لە ڕاستیدا شۆڕشە. جاران خەڵکی دەستیان دەدایە چەك و دەچوونە مەیدانی شەڕ. ئێستا خەڵکی دەست دەدەنە کارتی

هەڵبژاردن و دەچنە بەردەم سندوقی هەڵبژاردن و بە بەرچاوی هەموو دنیاوە حوکمڕانە ملهوڕو زۆردارو گەندەڵکارەکانی خۆیان دەگۆڕن و بە تۆبزی لایەنی کەمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دەسەپێنن و بەرگری لە بوونی بەشەری خۆیان دەکەن و لەم شەڕەدا لە بری گوللەو تفەنگ، کارتی دەنگدان بەکاردەهێنن.

بۆیە هەر حکومەتێك بگری و بەرژەوەندی وڵاتی بویّ، دەبیّ خەڵکی وڵاتی خۆی لەسەر شۆڕش ڕابهێنیّ، واتە لەسەر دیموکراتییەت کە بەردی بناغەکەی هەڵبژاردنە، دەنا درەنگ یان زوو ڕوو بەڕووی شۆڕشی خوێناوی و بە زەبر و زەنگ دەبێتەوەو بەرەو زبڵدانی مێژوو ڕەوانە دەکرێت... هەڵبەتە مێژووی شارستانییەت دەکاتە تۆماری ململانێی نێوان کۆن و تازەو ئەمەش بۆ خۆی هەوێنی هەر تازە بوونەوەیەکەو لە ئاکامدا هەر نوێخوازی و نوێخوازان سەردەکەون. چونکە نویّ و نوێخوازی زادەی پێداویستییەکانی سەردەم و قۆناغی خۆیەتی و لە واقیعەوە شەرعییەتی خۆی وەردەگرێت، هەر ئەم حاڵەتە زامنی سەرکەوتنی دەبێت...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١-وعاظ السلاطين. الدكتور علي الوردي.

٢-سنت و مدرنيته. دكتور صادق زيبا كلام.

# ٢٠- بەڵای پیرۆزی و پیرۆزاندن

((١))

بێگومان تایبەتمەندی هەر کەلتوورێك لە سەردەم و قۆناغ و پێکهاتەی تایبەتی مێژوویی-کۆمەڵایەتی خۆی دانابڕێت و دەبێ لەو قۆناغ و سەردەمەدا بۆی بگەڕێی و هەڵی بسەنگێنی. واتە ناشێت هیچ ڕەوت و ڕێبازێك بە سەنگ و تەرازووی سەردەمێکی دەرێی سەردەمی خۆی کێشانە بکرێت. ناسین و زانینی هەر دیاردەیەك بەندە بە دەرك کردنی پێکهاتەو سیستەمی خودی ئەو دیاردەیەوە. وەکو چۆن دادوەری و قەزاوەت لەمەڕ خراپە و چاکەی پێشینان تەنیا لە ناو دەقی مێژوویی خۆیدا مەیسەر و لە گوینە.

((٢))

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی پاشکەوتوو ئەوەیە کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە هەر یەکەو بە جۆرێ دەسەڵات زەدە بووە، بەڵای دەسەڵات هەموویانی گرتووەتەوە. پەیوەندی خەڵك نایەکسان و نابەرانبەرە. پەیوەندی سەرێ و خوارێیە، پەیوەندی سوڵتان و ڕەعییەتە، پەیوەندی موراد و موریدە، پەیوەندی پیر و دەروێشە، پەیوەندی بت و بتپەرستە، بە کورتی و کرمانجی پەیوەندی شوان و مێگەلە. ئیدی ئەم پەیوەندی شوان و مێگەلایەتییە لە ناو یەك خێزاندا بێ یان یەك گەڕەك، یان یەك گوند یان لە ناو گروپ و چینێکدا بێ یان لە ناو شار و وڵاتێکدا بێ، یان لە ناو بزووتنەوەو حیزبێکدا بێ.. ئەوا ئامانج و مەبەستی بەرقەراری پیرۆزی و پیرۆزاندنی ئەو باڵادەستییەیە، تا کەسێك پەیدا نەبێ گومانی لێ بکات یان تانەی لێ بدات و بیڕوشێنێ.

واته شوان له هەر سوچ و بەشێکی کۆمەڵگەدا بێ، دەبێ مێگەلێکی هەبێ. هەڵبەته له کەش و هەوای ئەمجۆره پەیوەندییانەوه تەنیا دکتاتۆرییەت پەروەرده دەبێ، هەم وەکو دەسەڵات و هەم وەکو زهنییەت. هەڵبەته کۆمەڵگەیەك لەسەر بناغەی پێکهاتەی دکتاتۆرییەتی دەسەڵات ڕۆنرابێ، ڕەفتار و بیرو بیرکردنەوەی ئەندامەکانیشی هەر بەو ئاڕاستەیه پەروەرده دەکات که خۆی دەیەوێت. بۆیه پێکهاتەی دکتاتۆرییەتی زەین، زادەو زایەندەی پێکهاتەی دکتاتۆرییەتی کۆمەڵگەیه. دەبێته تایبەتمەندی ژیانی ئەو کەسانەی که له بەرانبەر دەسەڵات و باڵادەستاندا زەبوونن و له بەرانبەر ژێردەستانیاندا دکتاتۆر و خۆسەر و شێرن.

ئیدی دکتاتۆرییەت خەسڵەتی پەیوەندی نێوان "باڵا و پایینه". پەیوەندی "باڵا-پایین" نەك تەنیا له کۆمەڵگەو سیستەمی بەرژەوەندییاندا بەرقەراره، بەڵکو له ناو زەین و بیرکردنەوەی تاکەکانیشدا بەرقەراره. زەینییەتی تاك به جۆره دکتاتۆرییەتێك پەروەرده دەبێت که هەر کەسێك له ناخی خۆیدا شوانێکه و هەق به خۆی دەدات که هەر کاتێك بیەوێ گۆپاڵەکەی ڕاوەشێنێ و به سەری مێگەلەکەیدا بدات. پەیوەندییەکانی کۆمەڵگه به زەبری ئەم دار عاسا سیحرییه بەرقەرار دەبێ یان دەمێنێ. ئیدی پەیوەندییه سیاسی و ئیداری و حکومەتی و چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکان بەو شێوەیه بەرقەرار دەبن و جۆرێك له پیرۆزی وەردەگرن و بگره دەبن به "تابو" و حەرام و جۆره ترسێك له دەروون و ڕۆحدا دەخولقێنن... بۆیه هەموو سۆفیان و بێزاران لەم سیستەمه کۆمەڵایەتییه زەینییه، هەوڵیان داوه که جێی ئەم "زۆردارییه" و "ترسه" به لێبوردەیی و سینگ فراوانی و عەشق پڕ بکەنەوه.

((٣))

دیاره له کۆمەڵگەی پاشکەوتووی شوان و مێگەلدا، وێنای (تەسەوری) جیهان و کۆمەڵگه وێناکردنێکی وەستاوه. قەدەر دەبێ به یاسای ژیان، ناکرێ لێی یاخی ببی و

کودەتای بەسەردا بکەیت، بەڵام دەشێت کرداری مرۆڤ بەم یاسایە پێوانە بکەی و هەر بۆیەش تەقدیر و قەدەر دەبێت بە یاسای ئەخلاقی و سزا.

هەڵبەتە کە باسی ناپایەداری ژیان و بێ بەهایی ئەم دنیایە دەکرێت، هەر هەمووی لەو ڕوانگەو پێگەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانەوە هەڵقوڵاوە کە چ شتێکی بۆ ویستی ئازادانەی مرۆڤ نەهێشتووەتەوە.. کە ئەم حاڵەتە خۆی لە خۆیدا درێژە بە تەمەنی ئەو جۆرە دابونەریت و ڕەوت و ڕێباز و ڕوانگەو ڕوانینانە دەدات.

هەڵبەتە ئەمجۆرە نەزم و نیزام و دابونەریتە لە ئەدەبیاتیشدا ڕەنگ دەداتەوەو پەیوەندی باڵاو پایین و مەرکەزییەتی زنجیرە مەراتبی دەسەڵات بەرجەستە دەکات، بۆیە دەبینین ئەدەبیاتی ئەمجۆرە سەردەم و قۆناغانە پڕ پەند و ئامۆژگاری و ڕێنمایی و هۆشداری دانە..

لە کاتێکدا لەو کۆمەڵگایانەدا کە لە ڕێگەی یاساوە، لە ڕێگەی فێرکردن و پەروەردەی کۆمەڵایەتییەوە ڕێکخرابن، هیچ پێویست بەم هەموو ئەدەبیاتی پەند و ئامۆژگارییە نییە، وەکو چۆن دەبینین کە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەمجۆرە ئەدەبیاتە نین.

((٤))

هەر سیستەمێك بگری بەشێك لە تۆماری ململانێی نێوان چینەکانی کۆمەڵ دەنوێنێتەوەو بەرژەوەندی خەڵکانێك دەپارێزێ و لە بەرژەوەندی خەڵکانێکی دی دەدات، بۆیە پەرەسەندنی کۆمەڵگە زادەو بەرەنجامی هەرە ئاڵۆزی ناکۆکی یان کارلێکی ئەو چینانەیە و هەر بۆیەش لە دنیای ڕۆشنبیریدا بە تایبەتی و لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بە گشتی، جەدەلییەتی ڕەفزو قبوڵ لە هەر دیاردەیەکی دی ئاسایی ترو واقیعی ترە ...

جا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا مرۆڤ ئەگەر خودی خۆی نەبوو، هەروەها بووە بورغو لە ئامێرێکدا ئەوا نە خێر بۆ خۆی دەداتەوەو نە بۆ ژینگەکەی، لە خۆی غەریب دەبێت و لە دەرێی ئایین و نەتەوەو دەوڵەت و خێزاندا هەست بە بوونی خۆی ناکات. ئەوەندەی بە ئایین

و نەتەوەو دەوڵەت و خێزانەوە وابەستەیە، ئەوەندە بە مرۆڤەوە وەکو مرۆڤ وابەستە نییە. واتە هەست بەوە ناکات کە لە خودی خۆیدا هەیە. جا لەم حاڵەتەدا مرۆڤ لە ئاستە میکانیزمییە حەیوانییەکەی ژیانی مرۆڤایەتی هێوەتر ناڕوات و بەرەبەرە دەسبەرداری جەوهەرە مرۆڤانییەکەی خۆی، واتە ئازادی و ئازادی داهێنان و دەربڕین لە گشت بوارە هونەری و فەلسەفی و هزری و کردەییەکان دەبێت و، خۆی بە ڕابردووەوە هەڵدەواسێت و هەڵسوکەوت لەگەڵ کەلەپووری دیاردا دەکات و هەموو نادیارێك ڕەفز دەکات، بگرە لێشی دەترسێت.

بەمەش وردە وردە خەیاڵی خۆی پەڕ و باڵ دەکات و دەبێ بە حەیوان و ورگ و ناوگەڵ ئاڕاستەی دەکەن و توانای لێکدانەوەی دیاردەو ڕووداوەکانی نابێ و تاقەتی ئایندە ڕوانی نامێنێ و لە ڕابردوودا دەژی و هەر دیاردەو ڕووداوێکی بێتە پێشێ، دەیەوێ بە عەینەکی پێشینان، بە عەینەکی ڕابردوو و کەلەپووری مەعلوم و دیار بیخوێنێتەوەو لێی حاڵی ببێ، جا هەر شتێك بەو عەینەکە نەخوێنرایەوە، نەك هەر ناکاتە هیچ و شایستەی ئەوە نییە بایەخی بدرێتێ، بەڵکو بە مەترسییەکی گەورەش دەژمێررێت و هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر بەردەوامبوونی ڕەمزەکانی ڕابردووی و دەبێ بە توندی ڕوو بەڕووی ببێتەوەو... ئیدی توندوتیژی و سەرکوتکاری دەبێت بە سیمایەکی دیاری ئەو جۆرە کۆمەڵگەیەو دەورو ڕۆڵی ئیجابی لە پڕۆسەی گۆڕان و گۆڕین و بەرهەمهێنانی شارستانییەتی تیرەی بەشەردا نابێ و خۆی لە هەر تازەو تازەبوونەوەیەکی ڕاستەقینە و لە هەر نادیارێك دەپارێزێ.

واتە هەر جۆرە گومانکاری و ئەزموونگەری و ئازادی و گەڕان و کەشف و داهێنان و سەرکێشییەك بۆ دۆزینەوەی نادیارەکان و قەبوڵ کردنیان ڕەفز دەکاتەوە، گیانی ئایندە خوازی لەلا دەمرێت، جا ئەوانەی بەم جۆرە بیرکردنەوانە ڕادێن، وا بیر دەکەنەوە کە سەردەمێکی تازە بەڕێوەیەو جێگەی ئەوانی تیا نابێتەوە، بۆیە هێندەی دی خۆیان بە ڕابردووەوە هەڵدەواسن و بەربەرەکانی تازەو ئایندە دەکەن.. ئەوەشی کە لەگەڵ پڕۆسەی گۆڕان و گۆڕین و تازەخوازیدایە وا هەست دەکات ئەم جیهان و سیستەمەی ئێستا جێی

ئەوی تیا نییە، بۆیە پەرۆشی گۆڕان و تازەخوازییە و بەتەمایە لەو سیستەم و ژینگە تازەیەدا شوێنی شایستەی خۆی بەدەست بێنێ و قۆناغ بە قۆناغ بەرەو ئایندە، خۆی تازە بکاتەوەو خێرایی بە ڕەوتی مێژوو ببەخشێت...

((٥))

هەڵبەتە هەر ئاییندەخوازێك دەبێت ئەوە بزانێت کە هەقیقەت و ڕاستی لە زەین و هزردا نییە، بەڵکو لە ئەزموون و تەجرەبەدایەو هەر ئەزموونێکی ڕەسەنیش دەبێت لە پراتیکا ببێتە مایەی گۆڕینی جیهان و تایبەتمەندی هەر کۆمەڵگەو میللەتێك لە ڕادەی بەشداری کردنی ئیجابییانەی ئەو کۆمەڵگەیەدایە، لە بەرهەمهێنانی ژیارو شارستانییەتی تیرەی بەشەردا.. هەڵبەتە ڕابردووی ئەو کۆمەڵگەیە، کەلەپووری ئەو کۆمەڵگەیە هەرچییەك بێ، دەبێ نەك هەر لەگەڵ پرۆسەی گۆڕان و گۆڕیندا بێ، بەڵکو پێویستە ببێ بە فاکتەری خێرایی بەخشین بەو گۆڕانکارییە بە ئاڕاستەی ئاییندەدا و گەشکە بە مرۆڤایەتی مرۆڤ ببەخشێت، چونکە ڕابردوو- و کەلەپوورو ڕەگەزەکانی، وەکو ڕابردوویەکی ڕووت هیچ بەهاو بایەخێکی نییە، بایەخەکەی لەوەدایە چەند دەتوانێ تیشك بخاتە سەر ئاییندە، ڕێگەی ئاییندە ڕۆشن بکاتەوە، چەند دەتوانێ ئاوێتەی ئاییندە ببێ و ببێ بە بەشێك لە ئاییندە..

واتە دەبێ دەرك بەوە بکرێ کە گۆڕان یان بەزاندنی ڕابردوو دەبێ بە شێوەیەك ئەنجام بدرێ کە ڕێگە بەو ڕابردووە نەدرێت چ وەکو ڕابردووی ڕۆشنبیری یان ڕابردووی سیاسی یا ڕابردووی کۆمەڵایەتی، ئەو گۆڕانکارییە دەستەمۆ یان جڵەو بکات و بە قازانجی خۆی بەکاری بێنێ و پرۆسەی گۆڕانکارییەکە لە بارگە شۆڕشگێڕییەکەی بەتاڵ بکاتەوەو لە قاڵبی نەگۆڕان و کۆنە پارێزییەکەی خۆی بداتەوە. چونکە هەر بەزاندنێك، هەر داهێنانێك، هەر کارێکی داهێنەرانەی گۆڕینکار دەبێ ڕیشەیی و کاریگەر بێ، دەنا دەبێ گومان لە ڕەسەنایەتی بکرێ!وەکو زۆر بە زەقی ئەمە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا - ئەگەر

کۆمەڵگەمان بە مانا سۆسیۆلۆژییە زانستییەکەی هەبێ- بەرچاو دەکەوێت. هەڵبەتە خڕبوونەوە لە دەوری تەوەری ڕابردوو خۆی لە خۆیدا مردنێکی دیکەیە.

ژیان لە ئاییندەخوازیدایە و دەبێ تا زووە خۆمان لە هەر کۆنەپارێزی و سەلەفییەتێك ڕزگاربکەین و هەموو جۆرە پیرۆزییەك لە ڕابردوو داماڵین و مەسەلەی پیرۆزی و پیرۆزاندن لە هزرینی خۆ وەدەرنێین و ڕابردوو بە بەشێك لە تەجرەبەو ئەزموون یان مەعریفەتێك بزانین کە هەرگیز مولزەم نییە، بەو چاوەش بڕوانینە ئینسان کە لە ناخ و ڕۆحدا، لە جەوهەردا داهێنەرێکی گۆڕانکارو پێشەنگ و پێشڕەوە نەك میراتگرێکی کۆنەپارێزی پاشکۆ... هەڵبەتە مرۆڤ بوونەوەرێکی بە گومان و پڕ گومانە، بۆیە لە نیگەرانی بەردەوامدایە و پرسیارەکانی نابڕێتەوە... جا پیرۆزاندنی ڕابردوو- و کەلەپوور، دەکاتە بە باوك کردنی، واتە شێوە باوکایەتییەك وەردەگرێت، هەڵبەتە ئەنجامگیرییە سایکۆلۆجییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە کوڕ وەختێ دەتوانێ ئازادی خۆی بەدەست بێنێ و کەسایەتی خۆی بسەلمێنێ کە بابی بکوژێت، بۆیە مرۆڤی ئەم سەردەمە لەسەرێتی ڕابردوو- و کەلەپوور لە قاڵب و شێوەی بابدا بکوژێت، تا لە قاڵب و شێوەی کوڕدا بیژێنێتەوە، هەنگێ کەلەپوورێکی تازەو شارستانییەتێکی تازە دەخولقێنێ کە کەلەپووری ئازادی و شارستانییەتی ئازادی بەرهەم دێنێت...

## ٢١- ڕابردوو پەرستی=مەرگ

زۆرجار هزرێك یا ئایدۆلۆژیایەك یان ئایینێك، لە قالّب و چوارچێوەی بزاڤێكدا جۆرە دابڕان و وەرچەرخانێك دروست دەكات و دەبێ بە خالێكی مێژوویی... جا هەركاتێك ئەو بزاڤە جیهانبینی و نۆڕینێكی تازەی پێ بێ و هەوێنی سیستەمێكی تازەی لەگەڵ خۆیا هەڵگرتبێ، ئەوا هەم ڕابردووی پێ شرۆڤە دەكرێت و هەم ئێستاو ئایندەی پێ دەخوێنرێتەوەو بە لای كەمەوە مۆرك و شەقڵی بەسەر قۆناغێك یا زیاتردا بە دیار دەكەوێت، هەڵبەتە لە ئەنجامی ئەم دابڕان و وەرچەرخانەدا دوو جۆرە نۆڕین و جیهانبینی سەرهەڵدەدەن و دەكەونە كێشمانە كێش و ململانێ. نۆڕین و جیهانبینی كۆن كە لەگەڵ نەگۆڕاندایە و نۆڕینی تازە كە لەگەڵ تازەخوازی و گۆڕاندایە.

جا بۆ خوێندنەوەی بزاڤی ڕۆشنبیری هەر قۆناغێك لە قۆناغەكانی مێژووی هەر میللەتێك دەبێ سروشتی پەیوەندی نێوان نۆڕینی كۆن و تازە بخرێتە بەر لێكۆڵینەوەو لێی حالّی ببین و قەناعەتی تەواومان بە جەدەلییەتی ڕەفزو قبوڵ هەبێ و خۆمان لە هەر جۆرە هەولێكی بێ ئاكامی پیرۆزاندن دوور بخەینەوەو دڵنیا بین كە هیچ بیرۆكەو بیرێك نییە هەتا هەتا هەر بڕبكات و بۆ هەموو زەمانێك دەست بدات و وەڵامی هەر هەموو پرسیارە بەشەرییەكان بداتەوە، كە لە زاوزێی بەردەوامدایەو هەوێنی گۆڕان و گەڕانی بەردەوامە، چونكە زەمان پێوەری جوڵەیە، جوڵەش لە شوێندا ڕوودەدات، بەمەش هەر دیاردەو ڕووداوێك تاریخییەتی خۆی وەردەگرێت...

※※※

دیارە نۆڕینی كۆن لەگەڵ نەگۆڕاندایە، هاوكێشەی بت و بتپەرستی لێ دەكەوێتەوە، هاوكێشەی پیرو دەروێشی لێ دەكەوێتەوە، هاوكێشەی شوان و مێگەلی لێ دەكەوێتەوە،

که له دوا ئەنجامدا نە بت دەسبەرداری بتایەتی خۆی دەبێت و نە بتپەرستیش دەگۆڕێ و دەبێت بە خاوەنی ئەقڵییەتێکی تەحلیلی ئەوتۆ کە ئاستە میکانیزمییە حەیوانییەکەی ژیانی بەشەری ببەزێنێ و خۆی بە ناو جەرگەی نادیارەکاندا بکات و بوونی مرۆڤانەی خۆی کەشف و مومارەسە بکات..

هەڵبەتە لەم جۆرە کەش و هەوایەدا گەل هیچ جۆرە ڕایەکی نابێ و کوێرانە چارەنووسی خۆی بە شوان دەسپێرێت، کە ئەم دیاردەیە لە هەموو مەیدان و کون و کەلەبەرێکی ژیانی کوردەواریدا بەدی دەکرێت، ئیدی قسە هەر قسەی شوانە، بڕیار هەر بڕیاری شوانە، ئەنجامی باش – ئەگەر هەبێ- دەگەڕێتەوە بۆ فەزڵ و پیاوەتی شوان، ئەنجامی خراپیش، دەخرێتە ئەستۆی قەدەرو چارەنووس و بەخت و ناوچەوان و ئەوەی لێی بەرپرس نەبێ شوانە،..

جا لەمجۆرە کۆمەڵگەیەدا مێگەل تەنیا باریکەللاَو ستایشی شوانی لەسەرە، کە ئەم هەڵنانی شوانە، هەر لەخۆبایی بوونی شوانی لێ دەکەێتەوەو ئیدی مێگەل بە موڵکی خۆی دەزانێ و ئەگەر گورگان خواردووشی بکات هەقی خۆیەتی!!!..چونکە شوان نموونەی کەماڵێکی پیرۆزەو، کەماڵیش هەر بیرکردنەوەو موناقەشەیەکی ئەقلانی دەسڕێتەوە، هەروەها ڕێگە لە هەر پەرەسەندن و گۆڕان و پێشکەوتنێك دەگرێت و تەنیا ڕێگە بە لاسایی کردنەوەو پەیڕەوکاری دەدرێت و لاسایی کردنەوەش جۆرێکە لە کۆنەپەروەری، بۆیە هەر تەقلیدو لاسایی کردنەوەیەك چەند جوانیش بێ دەکاتە کۆپی ئەسڵێك، کۆپیش چەند ورد بێ، ئیزافەیەکی چەندییە نەك چۆنی، واتە لە دوائەنجامدا شێواندنی ئەسڵەکەیەو دووبارەو دەبارەی دەکاتەوە.

لە کاتێکدا ژیان گەڕانە، ئەزموون و کەشفە بە ئاڕاستەی کەماڵێکدا کە ئەوسەری نییە و هەرگیز کۆتایی نایەت. دیارە تەقلیدو لاسایی جۆرە خۆزیاو هەوڵێکە بۆ تەبایی و هەڤبەندی هزری و دڵنیایی، بۆیە کۆنە پەروەری و سەلەفییەت لە هەموو سەردەمێکا دژی شرۆڤەو تەئویل وەستاوەتەوە، چونکە تەئویل بۆ خۆی گومان و گومانکارییە، کە خۆی لە

خۆیدا سەرچاوەی گەیشتنە بە حەقیقەت... پرسیارو گەڕانە، نیگەرانی و گومانە، پەرەسەندن و گۆڕانە، جەرباندنی بوون و ژیانە، جولەو ئازادییە، بەلام تەقلید دەکاتە خۆسپاردن بە ڕابردوو، لاسایی کردنەوەی شتێکی نەگۆڕو پێشینەیە، بێ ئەوەی هیچ ئیحتوبارێك بۆ ئەزموون و پەرەسەندن و گۆڕان دابنرێ، ئیدی لە سایەی تەقلیدا، سەلەفییەت و کۆنەپارێزی زاڵ دەبێت، سیستەمێکی کلێشەیی نەگۆڕ ژیان لە قالبی خۆی دەدات و هەموو تازەخوازی و مۆدێرنیتەیەك لە گۆڕ دەنێت و دەسەلات دەبێت بە دەسەلاتی حوکمڕان و فەرمانڕەوا نەك دەسەلاتی جەماوەری خەڵك..

جا مرۆڤ لە سایەی ئەمجۆرە سیستەم و کەش و هەوایەدا، وەکو هاوولاتی مامەڵەی لە تەکدا ناکرێت، وەکو هاوولاتی پێناسە ناکرێ، لەو ڕوانگەیەوە حیسابی بۆ دەکرێت چەند لەگەڵ دەسەلاتدایە و چەند پشتیوانی لە تیرەو تایفەو حیزبی دەسەلاتدار دەکات، بۆیە ئەمجۆرە سیستەمە ئەگەر لە شاریشدا سەر هەڵبدات هەر سیستەمێکی خێڵەکییەو زۆرجاران لە جل و بەرگی شارستانییانەدا خۆی لە خەڵکەکە دەگۆڕێت و پەنا وەبەر عەوام خەڵەتێنییەکی زەق دەبات... بەمەش کۆمەڵگەو دەوڵەت یان دەسەلات لێکدی دادەبڕێن و دوور دەکەونەوە. دەسەلات کۆمەڵە خەڵکێکی دەروێش ئاسا لە خۆی خڕدەکاتەوەو کۆمەڵێك ئەرکیان لێ باردەکات و هیچ مافێکیان ناداتێ و بە کورتییەکەی بە نانەسکی ڕازییان دەکات و بە کولەمەرگیش قاییل دەبن!!..

واتە تاك لەمجۆرە سیستەمەدا بە پەیمان و بەڵێن، گوێڕایەڵی تەواوی خۆی بۆ دەسەلات ڕادەگەیەنێ، هەروەها لەسەریێتی پابەندی ئەم بەڵێن و پەیمانەی خۆی بێت، نەك بەربەرەکانی ڕژێم بکات و چاودێری بکات.. واتە تاك لە هیچ شتێکدا ئازاد نییە تەنیا لە گوێڕایەڵی بۆ دەسەلات و سیستەمەکەی نەبێت!!.. بەلام حوکمڕان لە هەر هەڵەیەك بە دوورەو ئەگەر هەڵەش بکات، نابێ کەس لێی هەڵگەڕێتەوەو سزا لەسەر هەڵەی ئەو نییە، خەڵکی کە پەیمانیان داوەتێ، شەرعییەتیان پێ بەخشیوەو هەقی ئەوەیان نییە لە سۆزو پەیمانی خۆ ژێوان ببنەوە..

بە هەرحاڵ لەمجۆرە سیستەمەدا زۆرجار جۆرە بیرێکی ناسیونالی خێڵەکیانە ڕەواج دەدرێ و لە بواری ژیانی سیاسی و هزری و ڕۆشنبیریدا، جگە لە گوێڕایەڵان و دەستوپێوەندانی دەسەلات و حوکمڕان، بە ئاسانی جێگەی کەسی دی ناکرێتەوە... هەڵبەتە لە بواری ئابوریشدا جۆرە پەیوەندییەك دروست دەکرێت کە دەسەڵات و پیاوانی دەسەڵات خاوەنی بەرهەم و هۆیەکانی بەرهەمهێنان بن، واتە مافەکان بە یەکسانی بۆ هەمووان نییە، بەڵکو بۆ سەرکردەو فەرماندەو پیاوان و دەستو پێوەندو کەسوکارو نزیکانی حوکمڕانە، بە کوردی و بە کورتی شتەکە ماف نییە، بەڵکو ئیمتیازە بۆ تاقم و دەستەیەك و ئەوانی دیکەش...

هەڵبەتە ئەم چەشنە سیستەمە، خەڵکانێکی خوێنەوارو زرە خوێنەواریش لە خۆ خڕدەکەنەوە، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە بانگەشە بۆ چالاکییەکانی دەسەڵات بکەن و لە چوارچێوەیەکی پەسندا دای بڕێژنەوەو بلاوی بکەنەوەو لە لایەکی ترەوە بچن بە گژ هەموو ئەوانەدا کە دژایەتی ڕژێم و سیستەمەکە دەکەن و لەگەڵ ڕەوتی گۆڕاندان. دیارە بۆ ئەم مەبەستەش هەموو کەناڵێکی بانگەشەو ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرییان و... هتد، بۆ فەراهەم دەکرێت! ئیدی ئەم هزرڤان و ڕۆشنبیرە دەوڵەتییانە دەچنە خانەی کۆنەپەروەرییەوەو بانگەشە بۆ جێگیری و نەگۆڕان و سەلەفییەت دەکەن و دەسەلات و ڕژێم بە داینەمۆی یەکێتیی نەتەوە، یان یەکێتیی کۆمەڵ دەزانن و هەموو هەڵگەڕانەوەیەك لە دەسەڵات بە هەڕەشە و خیانەت لە یەکێتی نەتەوەو بە جۆرە دەست تێکەڵ کردنێکی دەزانن لەگەڵ دوژمنانی دەسەڵاتدا، واتە هەر ئیعتیرازێك، هەڵوێستێکە، لە مەیدانی پڕاکتیکیدا، دەبێ بنبڕ بکرێ و ئەمەش تەنیا زەبرو زەنگی لێ دەکەوێتەوەو درێژەدانە بە تەمەنی دەسەڵاتی دکتاتۆرییانە..

هەڵبەتە ئەهلی گۆڕان و نوێخوازییش لە خەبتینی خۆ ناکەون. ئەمانە ئەگەر دەوڵەت، بە فۆڕم و قاڵبێکی سیاسی پێویستیش بۆ یەکێتی نەتەوەو گەل بزانن، ئەوا قاییل نابن کە سەروەت و سامانی نەتەوە وەقفی یەك چین و تاقم بێ، چونکە لەو حاڵەتەدا دەوڵەت یان

سیستەم دەبێت بە شێوەو فۆڕمێکی سیاسی زاڵبوونی ئەو چینەو چەوەساندنەوەی چینەکانی دیکە لە لایەن ئەو چینەوە.. جا لە سایەی سیستەمی ئاوهادا هەر بیرو هزرینێکی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتووخوازو مۆدرێن، بە شێوەیەك لە شێوەکان و بە بیانووی جۆراوجۆرەوە بەربەرەکانی دەکرێت. بە بیانووی جاسووسییەت بۆ بێگانە، هەڕەشەکردن لە دەوڵەت و بەردەوامی دەوڵەت. هەڵوەشانەوەی تانوپۆ و شیرازەی کۆمەڵگە، ڕوخاندنی بەها ئایینی و کۆمەلاّیەتی و ئەخلاقییەکان... هتد. لە کاتێکدا مۆدێرنیست و تازەخوازان بەوە بەرگری لە خۆ دەکەن کە بەپێچەوانەوە کۆمەڵگە بەرەو قۆناغێکی پێشکەوتوو دەبەن، قۆناغێك کە دەسەلاّت و سەروەت و سامان تەنیا لە دەستی یەك چیندا نەبێت و هەمو میللەت تیایدا هاوبەش بێ. ..

بە هەرحاڵ تیوریسێنانی دەوڵەتی یان حکومەتی، کار بۆ گشتاندنی هۆشمەندی و هوشیارییەك دەکەن کە لەگەڵ سیستەمە باوەکەدا بگونجێت. هۆشمەندییەك کە گوێڕایەڵی و ملکەچی بلاّوبکاتەوە، هۆشمەندییەك پارێزگاری لە سیستەمە چەسپاوەکە بکات: هەڵبەتە بێکاری و کەمکاری، یەکێکە لە فاکتەرەکانی بەردەواماندنی هۆشمەندیی ملکەچی، چونکە تاك لە سایەی سیستەمی بەخشین کاریدایەو بە گوێرەی ڕادەی پابەندی و گوێڕایەڵی بە ڕژێم و بۆ ڕژێم، بەخششی بەردەکەوێت!!.. بۆیە لەمجۆرە کەش و هەوایەدا، لە سایەی ئەمجۆرە سیستەمەدا دیاردەی کەلتووری ڕامکردن و دەستەمۆکاری زاڵ دەبێت، نەك دیاردەو بزاڤی ڕۆشنبیریی ئازادیخوازانەی شۆڕشگێڕانە، کە کار بۆ پچڕینی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بیرو هزرێن سەلەفیدا بکات!.. جا لە سایەی ئەم چەشنە سیستەمەدا، زۆرجار هەندێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی نیوەچڵ سەر هەڵدەدەن کە زیاتر کاردانەوەن تا کاری خۆڕسك بن، واتە زادەی تەخەمورێکی فەلسەفی تەواوی ناوەوە نییە کە لە هەلومەرج و بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبێ، بۆیە ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە نیوەچلاّنە، ئەوەندەی بۆ ڕووخانی سیستەمی باو کاردەکات، بۆ دامەزراندنی ئازادی ڕاستەقینە کە جەوهەری مرۆڤە، کار ناکات. بەلاّم ئەمەش لە جەوهەردا بانگەوازە بۆ

بەگژا چوونەوەی حوکمڕانی ستەمکار، کە لە باری سیاسی- ئابوورییەوە هەوێنی هەر شۆڕشێکە، بانگەوازە بۆ ئەوەی کە دەسەلأت نابێ لە بازنەی تاقمێك یان تیرەیەك یان حیزبێکدا قەتیس بمێنێ و کوڕاو کوڕ هەر حوکمڕان و دەسەلأتدار بن، دەسەلأت دەبێ بەپێی بەهرەو تواناو شایستەیی بە هەر حوکمڕانێك ببەخشرێ.. دیارە هەرشۆڕشێکی سیاسی — ئابوری، شۆڕشی ڕۆشنبیریشی بەگەڵ دەکەوێ. هەڵبەتە تەوەری هەر شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی لە جەوهەردا، ئەقڵ و ئەقلأنییەتە. ئەقڵ سەرچاوەی هەر زانست و زانیارییەکەو هەموو حەقیقەتەکان بە ئەقڵ دەناسرێنەوەو ئەقڵ حوکمی جیهان و گەردوون دەکات، جا لەم حاڵەتەدا نە ڕێکەوت و نە پەڕجو جێیان نابێتەوە. ئیدی ئەم ئەقڵگەراییە دەبێ بە سەرەتایەك بۆ پەیدابوون و سەرهەڵدانی فەلسەفە.. هەنگێ مرۆڤ لە هەر پابەندییەك جگە لە پابەندی ئەقڵ ڕزگار دەبێت و مرۆڤ دەبێ بە بوونەوەرێکی ئەزموونگەرا و لەوێوە هزرو بیری خۆی هەڵدەهێنجێ و ئەقڵ لە جیهانی واقیعیدا گەشە دەکات و دەخەملێ و ئیدی هەر مومارەسەیەکی ئینسانی بە پشتیوانی ئەقڵ ئەنجام دەدرێت. هەروەها چ شتێك لە سەرووی مرۆڤ و ئەقڵەوە نامێنێ، ئەمەش دەکاتە هەوێنی ژیانی ئایندەو هزری ئاییندەو ئاییندەگەرایی، مرۆڤ جڵەوی ژیان و چارەنووسی خۆی دەگرێتە دەست و پابەندی هیچ ئەمرو نەهییەك نابێ، تەنیا ئەمرو نەهی ئەقڵ نەبێ.. کە ئەقڵ بوو بە تەوەری ژیان ، ئیدی میکانیزمی پێشکەوتن و پەرەسەندن ڕەوتی خۆی وەردەگرێت و مرۆڤ دەبێت بە چەقی گەردوون و هیچ بیرێکی ئامادەو کلێشەیی قەبوڵ ناکات، واتە مرۆڤ خۆی خۆی بەدی دێنێ و هەنگێ دەبێ بە کانگەی ناکۆکیان چ لەگەڵ خودی خۆیدا و چ لەگەڵ خەڵکانی دیکەو ژینگەو دەوروبەردا، چونکە هەرکاتێ مرۆڤ لە ناکۆکییەکانی خۆی پاك بووەوە، دەبێ بە بوکەڵەیەکی بێ دەسەلأت و جاڕی مەرگی خۆی دەدات... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ناکۆکییەکان داینەمۆی پێشڤەچوون و پێشکەوتنە و هزریش لە ئەنجامی ناکۆکیدا، زاوزێ دەکات و گەشە دەسەنێت و ڕێگەی ئاییندە ڕووناك دەکاتەوەو بەسەر ئاییندەدا دەکرێتەوەو هێزی مرۆڤ و بەهرەو توانا داهێنەرەکانی کەشف دەکات...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١- ادونيس: التابت والمتحول.. .الاصول بيروت ١٩٧٤.
٢- كارل پوپر: جامعه بازو دشمنان ان - ترجمه:عزت الله فولادوند - چاپ دوم:١٣٧٧.

## ٢٢- شۆکی مۆدێرنزم

کێشماکێشی نێوان کۆن و نوێ دیاردەیەکی ئاساییە لە هەموو کۆمەڵگەیەکی بەشەریدا هەبووەو هەیەو دەبێت.. کۆن و کۆنپارێزی و کۆنپەرستی ئەوەیە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ لە کاروکردەوەو بیرکردنەوەو هزریندا شوێن پێی دوێنێ هەڵبگرێ، کار بۆ ڕیشاژۆکردنی هەرچی زیاتری کردەو هزری کەلەپووری دوێنێ بکات، ڕێ بە هیچ جۆرە گۆڕان و لادانێك نەدات، یانی پشت بە شوێن کەوتن ببەستێ نەك بە ئیجتیهاد، یانی بیەوێ بە هەمان ئەوزاری هزرینی دوێنێ وەڵامی پرسیارەکانی ئەمڕۆ بداتەوە. لە کاتێکدا شتێکی بەڵگە نەویستە کە کەلەپوور لە کرۆك و جەوهەردا کۆمەڵە شتێکی سەلماو نییە، بەڵکو کۆمەڵە وەڵامێکی کۆمەڵە پرسیارێکە کە لە قۆناغ و سەردەمی خۆیەوە هەڵقولاوە. دیارە هەر قۆناغێك وەکو چۆن پێداویستی خۆی هەیە، بەو ئاوایەش پرسیاری خۆی هەیە و بە شوێن وەڵامدا دەگەڕێت..

بێگومان کۆمەڵگەی هەر قۆناغێکیش لە نێو دنیایەك پرسیاری جەنجاڵ و تێکچڕژاودا دەژی. پرسیاری نوێ و کۆن. هەڵبەتە خەڵکی هەر قۆناغێك بەرپرسە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی سەردەمی خۆی.. جا بەو پێودانگەی کە گۆڕان هەوێنی ژیانە، ئەمڕۆ بە چاویلکەی دوێنێ ناخوێنرێتەوەو هەر هەوڵێکیش بۆ پیرۆزاندنی دوێنێ ئاو لە دینگا کوتانە. کەواتە کێشماکێشی نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ، کۆن و نوێ، سوننەتی ژیانە، هەموو ئاست و کایەکانی ژیان دەگرێتەوەو هەوێن و ماکی گۆڕانەو لێرەوە کەڵکەڵەو خولیاو پرۆسەی مۆدێرنەکردنی سەرلەبەری ژیان دەست پێ دەکات. کەواتە مۆدێرنزم لەم ڕوانگەیەوە، دەکاتە کێشماکێشی نێوان سیستەمێکی کۆن و ئارەزوو- و کەڵکەڵەی گۆڕینی ئەو سیستەمە. چونکە سیستەمە کۆنەکە بەو بنەما سەلەفییەوە کە لەسەری

ڕۆنراوەو بەو نەفەسە چەقبەستووەوە کە لەسەری ڕاهاتووە، ناتوانێت وەلاَمدەرەوەی پێداویستییە مادی و مەعنەوییەکانی قۆناغ و سەردەمی تازە بێت.

بۆیە ڕەوتی مۆدێرنزم لە هەموو مەیدانەکانی ژیاندا بە دیار دەکەوێت و زەقترینیان مەیدانی سیاسی هزرییە، کە مەرج نییە بە یەك شێوەو بە جۆرێکی هێمن و ئاسایی بە دیار بکەوێت. بەڵکو ڕەوت و شێوەی هەمەجۆر وەردەگرێت، لە ڕێپێوانێکی ئاشتییانەوە بیگرە تا دەگاتە بزووتنەوەیەکی توند ڕەوانە. لە ئەقڵییەتگەراییەکی هێمنانەو شیکارییانەوە تا دەگاتە ئەقڵییەتگەراییەکی ئەنارشیستی، هەر هەموو ئەمانە هێمای سەرەتاو سەرهەڵدانی پرۆسەی گۆڕانن، ئازارو بەرەژان و ژانی لە دایکبوونی تازەن کە هەندێجار لە لایەن ڕەوت و خەڵکی هەلپەرست و گێرەشێوێن و نامۆو بێگانە و بگرە لە جەوهەردا دوژمن بە پرۆسەی گۆڕان دەقۆزرێتەوەو بە ئاڕاستەیەکدا دەبرێت کە نەك ئاڕاستەی پرۆسەی گۆڕان نییە، بەڵکو هەوڵێکی بێهودەی زیندەبەچاڵکردنی پرۆسەی گۆڕانە.. بەلاَم پرۆسەی گۆڕان کە سوننەت و ماك و هەوێنی ژیانە، بە هیچ شتێك ناشاررێتەوەو ڕاناگیرێت..

ڕاستە پرۆسەی گۆڕان ڕاناوەستێ، بەلاَم لە کەش و هەوایەکدا جوان گەشە دەکات و ئاسایی بەڕێوە دەچێت کە کەلتوورێکی گۆڕانخوازی واقیعی و لۆژیکی تیادا زاڵ بێت. بە هەرحاڵ پرۆسەی گۆڕان، ڕەوت و ئاڕاستەی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت، بەلاَم لە ئاستە سیاسی و فیکرییەکەدا، هەر هەموو ڕەوتەکانی بانگەوازو کارن بۆ یەکسانی لە نێوان دەسەلاَت و گەلدا لە سایەی ڕژێمێکدا کە یەکسانی ئابوری و سیاسی لە نێو جەماوەری گەلدا دابین بکات. واتە ئاڕاستە سیاسییەکەی پرۆسەی گۆڕان و مۆدێرنیتە، ئەوەیە کە ڕژێمی ئەرستوکراتی بۆماوەیی لە دەسەلاَت و حوکمڕانیدا نەهێڵێت.. ڕژێمێکی دیموکراتی هەڵبژێرراوی نیشتمانی دەستووری یاسایی کارگێڕی دادپەروەرانەی پشت بەستوو بە کادیرانی پسپۆڕ و بە تواناو بەهرەدارو گەلپەسند بێتە دامەزراندن و توانای خۆ

تازەکردنەوەی هەبێت و زووبەزوو پێداویستییە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جەماوەری خەڵك بخوێنێتەوەو مۆدێرنانە مامەڵەی لە تەکدا بکات.

دیارە پێداویستییە مادی و مەعنەوی و حەیاتییەکانی ئینسان، کە هەڵقوڵاوی واقیعی ژیانن، وەکو خودی ژیان لە کۆتایی نایەن. بۆیە هەر ڕژێمێك یان سیستەمێکی سیاسی ئەم حەقیقەتە لە بەرچاوبگرێت و پێشوەختە خۆی ئامادە بکات کە بەرخوردو مامەڵەیەکی مۆدێرنانەی دەگەڵدا بکات، بە ئاسانی تووشی ئاستەنگ و قەیرانی سیاسی نابێت و قۆناغێن توندوتیژی و زەبروزەنگ جێ دێڵێت و ڕێگە لە هەموو ڕەوتێکی پیلانگێڕی و کودەتایی دەبەستێتەوەو لە سایەی دەسەڵاتی دەستووری و سیستەمی جێگیرو سەقامگیردا، بە دەستوورو یاسا بەرگری لە خۆی و لە خاك و خەڵك دەکات..

هەڵبەتە پێویستە ئەو حەقیقەتەش ڕەچاو بکرێت کە مرۆڤ بە تەبیعەتی خۆی بوونەوەرێکی ناڕازی و ناشوکرە، ئەمەش بۆ خۆی داینەمۆی کەڵکەڵەو خولیای گۆڕان و گۆڕین و بەردەوامی و بەردەواماندنی ژیانە. چونکە شوکربوون و ڕازی بوون، جاڕنامەی مەرگە. لە کەشوهەوای شوکرانە بژێریدا پرسیار نامێنێت، کە پرسیار لە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکانی ئینسانییەتی ئینسانە. کە مرۆڤ پرسیاری نەما، ناتوانێت بوونی مرۆڤانی خۆی لە ئێستادا بە ئاڕاستەی ئایندە بسەلمێنێت و درێژەی پێ بدات، دابونەریتێکی حەیاتی مۆدێرن دابهێنێ و بەرهەم بێنێت کە دەگەڵ ژیانی تازەدا تێك بکاتەوەو ژیانی تازە بەرهەم بێنێت، یانی بە کورتییەکەی دەبێت بە موستەهلیکێکی مێملی ژیان و هیچی تر..

بۆیە پەنا وەبەر ڕابردوو دەبات و بێهودە هەوڵی پیرۆزاندنی ڕابردوو دەدات، لە پرسیارو وەڵامەکانی ڕابردوودا، وێڵ و سەرگەردان بۆ خۆی دەگەڕێت، غافڵە لەوەی وەڵام و پرسیاری ڕابردوو زادەو بەرەنجامی سەردەم و ڕۆژگارێکی ترەو ئەم ڕۆژگارەی ئەو بە جەستە تیای دەژی، جیاوازە لە ڕابردوو، پرسیارو وەڵامی خۆی دەوێت. واتە مۆدێرنزم، لە باری مێژووییەوە بریتییە لە کارلێك و هەڤدژی و کێشماکێشی دوو هەڵوێست، دوو ئەقڵییەت

له کەش و هەوایەکی ئاوس بە گۆڕانی ژیان، بارگاوی بە ئایندە، بە لە دایکبوون و سەرهەڵدانی هەلومەرج و بارودۆخی مێژوویی تازە.. گۆڕان لە هەلومەرجی بابەتی و خودی خۆیدا دەڕسکێ و بەرەو ئایندە لق وپۆپ دەهاوێت، نەك بە حەزی فلاّن و فیسار، چونکە کەسێك لە هزرو هزریندا مۆدێرنیست و گۆڕانخواز نەبێت، خودانی پاشخانێکی ڕۆشنبیری و پەروەردەیەکی گۆڕانخوازانەی ڕاستەقینە نەبێت، شەو و ڕۆژ لاف و گەزافی مۆدێرنزم لێ بدات، لە کۆنەپەرست و محافەزەکارێك بەولاوە هیچی تر نابێت و بگرە دەبێتە باریش بەسەر پڕۆسەی گۆڕانەوە. دیارە گۆڕان تایبەت نییە بە ڕۆژگارو سەردەمێکی تایبەتییەوە، یان بە گەل و نەتەوەیەکەوە، بەڵکو هەوێن و ماکی هەموو زەمان و ڕۆژگارەکانە، تایبەتە بە هەموو بەشەرییەتەوەو هەموو کۆنێك تازەی سەردەم و ڕۆژگاری خۆی بووەو هەموو تازەیەکی ئەمڕۆش دەبێت بە کۆنەی سبەینێ. بۆیە گۆڕان و مۆدێرنزم، دیاردەیەکی پێویست و ئاساییەو نیشانەیەکی دروست و ساغڵەمی زیندوویەتییە..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

پەیڤستانی من/حەمەکەریم عارف/چ۱/۲۰۰۹/بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی.

## ٢٣- نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن نیشانەی دکتاتۆرییەتە

"١"

مێژوو بریتییە لە کارلێکی بەردەوام لە نێوان دوو دژدا. واتە دەکاتە ڕەوت و بزووتنەوەیەکی بەردەوام، ڕەوت و بزووتنەوەش ئەنجامی کارلێکی فاکتەرە هەڤدژەکانە. کەواتە مێژوو تۆمارێکی گەورەی کێشماکێشی نێوان چینە جیاوازەکانی کۆمەڵەو کێشماکێشەکە داینەمۆی مێژووە. هەڵبەتە بەندە زۆرم کەیف بە پێناسان نایەت و ئەم پێناسەیەم تەنیا بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە پێشەکی و دەستپێکێك بێ بۆ ئەم وتارە..

هەڵبەتە خەڵکی خۆشگوزەران و دەوڵەمەندو دەسەڵاتدار دژی هەر بزاڤێکی کۆمەڵایەتی تازە دەوەستنەوەو زیاتر پابەندی دابونەریت و کەلەپووری کۆنن، شانازی بە موڵك و ماڵ و پایەی کۆمەڵایەتی خۆوە دەکەن و پتر بە لای محافەزەکاریدا دایدەکێشن، هەموو ڕێیەك دەگرنەبەر بۆ ئەوەی ژیانیان بە ئارامی و ئاسودەیی بگوزەرێ. تەنانەت ئایینیش، کە خەڵکانێك بە شۆڕشی ڕەش و ڕووتانی دەزانن، بۆ خۆ دەقۆزنەوەو بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکاری دێنن و خەڵکی بندەست و چەوساوەی پێ تەفرە دەدەن و بە جۆرێکیان دەگەوجێنن کە ئەو ژیان و گوزەرانە نامرۆڤانیەی خۆیان بە قەدەرو چارەنووس بزانن و بە پێویستی نەزانن بیر لە گۆڕینی بکەنەوە، هەر بۆیە مارکس ئایینی بە ئەفیونی گەلان داناوە.. هەر ئایینێ، بە تایبەتی ئایینە ئاسمانییەکان دەگری، لە سەرەتاوە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بووەو زیاتر بە قازانجی ڕەش و ڕووت بووە.

پاشان کە سووکە دەسەلاَت یان دەسەلاَتی پەیدا کردووە دەوڵەمەندان قۆستویانەتەوەو بە قازانجی خۆیان بەکاریان هێناوەو ڕەش و ڕووتیان پێ کڕو کپ کردووەتەوەو

گەوجاندوویانن و وایان لێکردوون کە ژیانی نالەبارو پڕ کلۆڵی خۆیان بە قەدەرو چارەنووس بزانن و پێی قاییل بن.. ئیدی بەمجۆرە خەڵکانی خۆشگوزەران، هەمیشە لە بەرەی محافەزەکاریدان و لەبەر خاتری خۆیان هەمیشە ئەمن و ئاسایش و پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتییان بەلاوە گرینگە و بەهەر شێوەیەکی ڕەواو ناڕەوا کاری بۆ دەکەن و جۆرە نەزم و نیزامێك بەرقەرار دەکەن و ئەوەندەی بۆیان بکرێ ڕێگە لە هەر ئاژاوەو گۆبەندێك دەگرن، ئەمەش جۆرە ئارامییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دابین دەکات و ڕەنگە لە دوا ئەنجامدا ببێتە مایەی ئاوەدانی وڵات لە هەندێ ڕووی میناکی تەلارکاری و هونەری و ڕۆشنبیری و ڕەنگە دیوەخان و کۆڕو مەجلیسیان، کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕابواردنی خۆیانە، ببێتە مەڵبەندی هونەرو هونەرمەندان و بازاڕی هونەر گەرم بکات..

"٢"

ڕاستە ئەمانە زوڵمێکی زۆر لە خەڵکی دەکەن، هەرچی کۆشك و تەلاریان هەیە، بەری ڕەنجی هەژاران و ڕەش و ڕووتە، بەڵام لە هەمان کاتدا بزووتنەوەی تەلارکاری و هونەری و زانستیش لە سایەیاندا دەبوژێتەوە. بە کورتی دەوڵەمەندو خۆشگوزەرانان دەیانەوێ کۆمەڵگە بۆ دواوە بەرن و لە جێی خۆی ئەم پێ و ئەو پێ بکات و نەگۆڕێ، ڕەش و ڕووت دەخوازن کۆمەڵگە بچێتە پێشێ و ژیان بگۆڕێ، ئیدی ئەم ململانێ کۆمەڵایەتییە دەبێتە مایەی نەشونمای شارستانییەت لە لایەك و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە لایەکی دی. بە هەرحاڵ تا جیاوازی کۆمەڵایەتی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵدا زیاتر بێ، ڕەوتی ململانێیەکە توندتر دەبێت. تا جیاوازییەکان کەمتر بێ، ململانێیەکە هێورتر دەبێت و هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بەندە بە عەدالەت و ڕادەی عەدالەتی کۆمەڵایەتییەوە. کەواتە دەوڵەمەندو خۆشگوزەران و چەوسێنەران لایەنە مەتریالییەکەی شارستانییەت بەرهەم دێنن و ڕەمەکی مەردم و شۆڕشگێڕان لایەنە مەعنەوییەکەی شارستانییەت بەرهەم دێنن و هەردوو بەرەکەش هەڤڕکی یەکترن. ئەم هەڤڕکییەش دەبێ بە داینەمۆی ژیان.

کەواتە ئەم شارستانییەتەی ئەمڕۆی جیهان زادەو بەرەنجامی ململانێی نێوان پێغەمبەران و فیرعەونانە، بەرەنجامی کێشماکێشی بەینی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەلاتڕانانە، هەڤڕکی نێوان زاڵمان و شۆڕشگێڕانە، سیستەمی دیموکراتیانەی حوکمڕانی لە لایەك و پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆجی لە لایەکی دی، شەقڵ و مۆرکی هەرە دیاری شارستانییەتی ئەمڕۆی دنیایە. دیارە ئەم دەسکەوتە شارستانییانە، زادەی ڕۆژو دوو ڕۆژ و بەرەنجامی ڕێکەوتێکی ڕەوتەنی نین، بەڵکو بەرو بوومی کاروانی دوورو درێژو بەردەوامی هەوڵ و تێکۆشینی هەموو تیرەی بەشەرە. هەر تاقم و دەستەو جەماعەتە بەشەرێك بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشداری لە بەرهەمهێنانیدا کردووە.. هەر نەتەوەیەکی شارستانی لە مێژوودا بگری، سوڵتان و پاشاو خۆشگوزەرانانی خۆیان هەبووەو لە هەنبەر ئەوانیشدا ڕیفۆرمیست و پێغەمبەرو شۆڕشگێڕانیان هەبووە..

واتە لە هەرشوێنێ زوڵم هەبووبێ، شۆڕش و یاخیبوون هەبووە، دیارە هەم زوڵمەکەو هەم شۆڕشەکەش، بەپێی سەردەم و قۆناغی خۆی شەقڵ و چوارچێوەیەکی تایبەتی وەرگرتووە. هەڵبەتە لە سەرەتادا بەشەر کە کەڵکەڵەو باوەڕێکی ئایینی قوڵتری هەبووە، ململانێیە کۆمەلایەتییەکان، زیاتر لە نێوان بەرەی دینداران و بەرەی دنیادارانداا بووەو شەقڵێکی باوەڕداری غەیبانی لەخۆ گرتووە. بۆیە ڕابەرانی دینداران زیاتر پێغەمبەران و پیاوچاکان بوون کە بۆ سەردەمی خۆیان ڕەمزی شۆڕشگێڕی بوون.. تا بەرە بەرەو بە گوێرەی پێشڤەچوونی ڕۆژگارو گۆڕانی ژیان و هزرین، ئەقڵییەتی بەشەر گۆڕاوەو زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری عەلمانییەت و تیۆریانی زانستی و واقیعییەوە تا هزرینی غەیبانی.

## "٣"

هەڵبەتە سوڵتانانی کۆنیش هەستیان بە کاریگەریی چەکی ئایین کردووەو بە قازانج و بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوەو خەڵکیان پێ ئیغفال کردووەو چەوساندوویاننەوەو وایان

لێ گەیاندوون کە سێبەری خوان لەسەر زەوی. بەمە ڕێگەی هەر جۆرە شۆڕش و یاخیبوونێکیان لە خەڵکی بڕیوە، چونکە سێبەری خوا مەگین هەر بە ئیرادەی خوا خۆی و لە ڕێگەی فریادڕەسێکی خواییەوە لابرێ. بۆیە ڕابەرانی شۆڕش زۆرجار لە شێوەی پێغەمبەران و پیاوچاك و فریادڕەسێن غەیبانییەوە دەرکەوتوون.. زۆربەی کات کۆمەڵێك نجومگەرو غەیببێژو فالبێن و کاهین بە دەوری سوڵتانەوە بوون و خەریکی ستایش و پێداهەڵدانی بوون و هەرچی گوتارو ڕەفتارو کارو کردەوەی هەبووە، لای خەڵکەکەیان پیرۆزاندووەو خەڵکیان پێ گەوجاندووەو چەواشە کردووە.

دیارە ئەو دارودەستە بە ناو ڕۆحانییانەی لە دەربارو بارەگای سوڵتان و پاڵ شایاندا بوون، چونکە لەوەڕەکەیان بژوون و خۆش بووەو گوزەرانیان باش بووە، دژی هەر تازەبوونەوەو گۆڕانێك بوون، ویستوویانە ڕێبازی بابوباپیرانیان بەرنەدەن، چونکە هەر تازەبوونەوەو گۆڕانێك هەڕەشە بووە بۆ پێگەو پایەی خۆیان و مەزناهی و دەسەڵاتی سوڵتانی ئاغایان. بۆیە لە هەموو سرووتە ئاینییەکانیاندا جەخت لەسەر پیرۆزاندنی سوڵتان و خودادادی دەسەڵاتی سوڵتان دەکەن و خەڵکی بە ئەفسانەی: ((سوڵتان سێبەری خوایە)) تەلقین دەدەن و گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ شاو سوڵتان، فەرزو واجبە و مایەی ڕەزامەندی خودایە.. ڕاستە جەوهەرو کرۆکی ئاین بریتییە لەو پەیامە کۆمەڵایەتییە عەدالەتخوازییەی پەیامبەران لە سەرەتاوە جاڕی دەدەن و بانگەوازی بۆ دەکەن، بەڵام پاش ماوەیەك کاهینان و غەیببێژان دەیقۆزنەوەو بە بەرنامە ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەی لە بیری خەڵکی دەبەنەوەو تەنیا قاوغێکی بۆش و بەتاڵی دەهێڵنەوەو لە چوارچێوەی زنجیرە سرووتێکی ڕواڵەتیی دەگرن و وای دەبەنە زەین و مێشکی خەڵکییەوە کە خواو سێبەری خوا تەنیاو تەنیا ملکەچییان لێ دەوێن و هیچی دی.

هەڵبەتە سوڵتانان و دەسترۆیان و کاهینان، پارەو پولێکی زۆریان بۆ ئەنجامدانی ئەو سرووتە ڕواڵەتییانە تەرخان کردووەو پەرستگەی گەورەو پڕشکۆیان لەپێناویا دامەزراندووە، تا هێندەی دی ئەقڵ و ئەقڵییەتی جەماوەری خەڵك لە قاڵب بدەن و بەنج بکەن، بە کردەوە

بۆیان بسەلمێنن کە بەڕاستی نزیکە خوان و سێبەری خوان لەم دنیایەدا، بەمجۆرە لەژێر پەردەی ئایینپەروەریدا شەرعییەت بە دنیاداری و زوڵم و زۆری خۆ دەدەن، بۆیە بە درێژایی مێژوو، دژایەتی ڕیشەیی لە نێوان پەیامبەران و کاهینەکاندا هەبووەو کێشماکێشە کۆمەڵایەتییەکە بۆ ئەو سەردەمانە لەو فۆرم و شێوەیەدا خۆی نواندووە..

جا دینداری و دنیاداری یان دین و دەوڵەت، بە تەبیعەت ناکۆك و هەڤدژن، خۆ ئەگەر لە قۆناغ و سەردەمێکدا یەکانگیربن، ئەوا ئەمە حاڵەتێکی کاتییەو درەنگ یان زوو لێکدی جیا دەبنەوە، خۆ ئەگەر ئایین بۆ ماوەیەکی درێژ شانبەشانی دەوڵەت بڕوات و پشتیوانی لێ بکات، ئەوا ئەو دینە دینی کاهینانە نەك دینی پێغەمبەران.. ئەو دینەیە هەق بە سوڵتان و دەسەڵاتدار دەدات زوڵم بکەن و هەق بە ڕەعییەت نادات فزە بکات، ئەو دینەیە بانگەواز بۆ گوێڕایەڵی و ملکەچی دەکات، نەك بۆ ئازادی و سەرفرازی و عەدالەت و یەکسانی. دیارە ئەمە هەرگیز دەگەڵ تەبیعەت و مجێزی بەشەراندا تێك ناکاتەوە. بۆیە ئایینی ڕاستەقینە ناتوانێ زۆر لەگەڵ دەوڵەتدا هەڵ بکات، خۆ ئەگەر ئەو دووە تا سەر پێکەوەیان کرا، دەبێ خەوشێك لە یەکێکیاندا هەبێت!لو گومان لە ڕەسەنایەتی بکرێ و بخرێتە بەر پرسیاران.

## "٤"

بە هەرحاڵ هەق و هەقخوازیش شتێکی ڕێژەییە. شتێك نییە بە ناوی (هەق لە پێناوی هەق)دا، هەق و هەقخوازی ئەوزارێکە بنیادەم بە گوێرەی پێویستی و بەرژەوەندی خۆی بەکاری دێنێ.. هەرکاتێ هەق لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا تێك نەکاتەوە، واز لە هەق دێنێ و دووی بەرژەوەندییەکانی دەکەوێ. ئینسان بۆ هەر کارێکی خۆی کۆمەڵێك هەنجەتی نموونەیی دێنێتەوە، تا پشتیوانی هەڵوێستی خۆی پێ بکات..

کەواتە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، هەم لایەنگرانی هەیە و هەم نەیارانی خۆی هەیە. هەر بەرەیەکیش لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە دەیخوێنێتەوەو لێکی دەداتەوەو

بەکاری دێنێ، هەر بەرەیەکیش بەڵگەو بیانو و هەنجەتی خۆی هەیە، ئەقڵ و ئەقڵییەتی بەشەریش، لە کاتی پێویستدا هەرگیز بۆ هەنجەت و بیانووان دانامێنێ و بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی دای دەتاشێت و تیۆریزەی دەکات. واتە کێشماکێشی کۆمەڵایەتی زادەی تەبیعەتی بەشەریانەی بنیادەمەو داینەمۆی پەرەسەندن و پێشڤەچوونی کۆمەڵگەیەو هەرگیز بنەبڕ ناکرێ و هەموو هەوڵێکی بەشەریش لە بازنەی عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی رێژەیی تێ ناپەڕێ، عەدالەتێك کە هاوسەنگی نێوان بەرە ناکۆك و هەڤدژەکان دابین بکات.. بۆیە زۆرجار دەوری ئۆپۆزیسیۆن لە باری ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتییەوە، لە ڕۆڵی دەسەلات و حکومەت گرینگترە. ئۆپۆزیسیۆن نەبێ حکومەت دەمان خوات.. کەواتە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و شارستانی وا دەخوازێت ئۆپۆزیسیۆن و دەسەلات یان حکومەت لە کارلێکی بەردەوامدابن و بەبێ یەك نایانکرێ

"٥"

ئینسان ئالۆزترین بوونەوەری سەر ڕووی زەمینە. تەبع و تەبیعەتێکی یەجگار ئالۆزی هەیە. گەر بووترێ ناسینی گەردوون و دۆزینەوەی ڕازو نهێنییەکانی گەردوون، ڕەنگە لە ناسین و کەشف کردنی تەبیعەتی ئینسان ئاسانتر بێ، نەبێ بە زێدەڕۆیی.. یەکێك لە تەبیعەتەکانی ئینسان ئەگەر ڕێگە بدرێ و دەرفەتی بۆ برەخسێ، زوڵم و زۆرە.. کەچی هەر ئەو ئینسانە زاڵمە لەوەتەی هەیە عەدالەتی کردووە بە هەنجەتی دەستی و زۆرجار زوڵم و زۆری خۆی پێ پەردەپۆش دەکات، گوایە لە ڕای عەدالەتدا دەخەبتێ..

بە هەرحاڵ دەبێ ئەوە بزانرێ کە عەدالەتی ڕەها نییە، هەموو دیاردەو ڕووداوەکان، بە زوڵم و عەدالەتیشەوە ڕێژەیین و لە قۆناغی مێژوویی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی خۆیان بەدەر نین.. بۆیە زۆرجار بە ناوی عەدالەتەوە تاوان و زوڵمی هێندە مەزن دەکرێت کە هەرگیز لە بیر نەچێتەوەو مێژوو بۆ عیبرەت لە دوو توێی خۆیدا هەڵی دەگرێت. بۆیە دادو عەدالەت هەرگیز بە قسەی ڕووت نایەتە دی. چونکە لە دیاردەو ڕووداو و زەمینەی

مێژوویی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی بەدەر نییە.. یەکەم هەنگاو لە ڕای عەدالەتدا ئەوەیە میکانیزمێکی پڕاکتیکی لەبار بدۆزرێتەوە بۆ گۆڕینی ئەو زەمینە مێژوویی و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانەی کە عەدالەتی تیا خەفە دەکرێت.. زۆرجار هزری بەرزو جوان بۆ وەدیهێنانی عەدالەت خراوەتە ڕوو، بەڵام چونکە هزرێکی عەمەلی نەبووە، چووەتە خانەی خۆزیاو خەیاڵی جوانەوەو بستێك لە خۆی دوور نەکەوتووەتەوەو هیچ کاریگەرییەکی پڕاکتیکی نەبووە. دیارە بە پێچەوانەشەوە جاری وابووە بیرۆکەیەکی سادەو ئاسایی، لێ پڕاکتیکی و پڕ بەپێستی قۆناغی مێژوویی و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی سەردەمی خۆی، وەرچەرخانی گەورەی دروست کردووە، چونکە ڕاستەوخۆ کاری کردووەتە سەر ژیانی جەماوەری خەڵك و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆی لە نێویاندا چێکردووە کە ببێ بە ماکی مێژووی سەردەمی خۆیان..

"٦"

به هەرحاڵ، بەشەر دەتوانێ لە ئامانج و مەبەستە کۆمەڵایەتییەکانی نزیك ببێتەوە، لێ هەرگیز ناگاتە هەموو ئاوات ئامانج و مەبەستەکانی.. چونکە ئامانجەکانیش بەپێی قۆناغەکانی گۆڕانکاری دەگۆڕێن و شێوەو چەمك و مانای تازە وەردەگرن و دەبێ ڕێگەی تازە بۆ نزیك بوونەوە لێیان بگیرێتە بەر.. بۆیە بەشەر بە بەردەوامی بەرەو ئامانجەکانی بەڕێوەیە. ڕەنگە ئەمە بۆخۆی یەکێك بێ لە نهێنییەکانی بەردەوامی و بەردەواماندنی ژیان. چونکە ئەگەر بەشەر گەییە هەموو هێڤی و خۆزییەکانی، ژیان دەوەستێ و شارستانییەت لەبەین دەچێت. چونکە ژیان لە کارلێك و هەڤدژی بەردەوامدایە و ئەمە کرۆك و جەوهەری بەردەوامی ژیان و ژیارو شارستانییەت و کۆمەڵگە پێك دێنێ.

جا ئینسان گاڤێ جڵەوی حوکم دەگرێتە دەست و تاکڕەوانە دەکەوێتە فەرمانڕەوایی، زیاتر بە لای دکتاتۆرییەت و زوڵمدا دایدەکێشێت و پاکانە بۆ گشت ڕەفتارێکی دکتاتۆرییانەو هەڵوێستێکی زاڵمانەی خۆی دێنێتەوەو دادەتاشێت.. لەم حاڵەدا زەرورەتی

کۆمەلاْیەتی بەرەیەك دەخوازێت کە لە پێناوی عەدالەتا بخەبتێ.. ڕاستە ئەگەر ئەم بەرەیە بێتە سەر حوکم ناتوانێ عەدالەتی تەواو جێبەجێ بکات.. بەلاْم هەرچەندە ئەو عەدالەتە ئایدیالییەی ئۆپۆزیسیۆن خەونی پێوە دەبینێ و لە پێناویدا دەخەبتێ، هەرگیز بە تەواوەتی نایەتە دی.. لێ ئۆپۆزیسیۆن کە لە ڕای دادپەروەریدا دەخەبتێ، بەمە ئەرکێکی کۆمەلاْیەتی گەلەك مەزن ئەنجام دەدات.. لە ڕووی دەسەلاْتداردا دەوەستێ، ڕەخنەی لێ دەگرێت و ڕێگەی زولْم و زۆری لێ دەبەستێتەوە..

غیابی ئۆپۆزیسیۆن یەکێکە لە نیشانە هەرە زەقەکانی دکتاتۆرییەتی ئەو دەسەلاْتەی کە هەیە. هەلْبەتە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لە باری پێکهاتەی سایکۆلۆژی و سروشتییەوە، لە بەرەی دەسەلاْتدار شەریفتر نییە. هەرکاتێ بگاتە دەسەلاْت، دەگەڕێتەوە سەر تەبیعەتە بەشەرییەکەی خۆی، لە ماوەیەکی کەمدا ڕابردووی شۆڕشگێڕانەی خۆی فەرامۆش دەکات و بە گوێرەی قۆناغە تازەکەو بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕەفتار دەکات. واتە لە قۆناغی شۆڕشگێڕییەوە دەچێتە قۆناغی حوکمڕانی کە دوو قۆناغن خواشیان یەك نییە.. دیارە دەسەلاْتداریش هەر کێیەك بێ، بە تەبیعەتی بەشەرییانەی خۆی مەیلی زولْمی هەیە. بۆیە دەسەلاْتداری حوکمڕان پێویستی بە ئۆپۆزیسیۆنێك هەیە ململانێی لەگەلْدا بکات. ڕەخنەی لێ بگرێ. کەموکوڕی و خەوشەکانی بخاتە ڕوو. جەماوەرێك پەروەردە بکات کە بزانێ و بتوانێ بەرگری لە مافەکانی خۆی بکات و لە ئەنجامدا ببێ بە هەڕەشە بۆ دەسەلاْتی دەسەلاْتدار، بە ڕادەیەك دەسەلاْتدار ناچار بێ خۆی چاك بکات، بگاتە ئەو قەناعەتەی ئەگەر ڕێژەیەکی عەدالەت بە جەماوەری خەلْك ڕەوا ببینێ باشترە لەوەی قومارێکی دۆڕاو بە خۆی و دەسەلاْتەکەی بکات و خۆی و دەسەلاْتەکەی بەر لافاوی ڕقی خەلْکی بکەوێ..

## "٧"

هەلْبەتە هیچ کۆمەلْگەیەکی بەشەری، چەندیش ئایدیالی بێ لە گێروگرفت و ململانێی چینایەتی و هەڤڕکی بەشەری بەدەر نابێت.. ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی ژیان و

زیندوویەتی... چونکە وەختێ بنیادەم ڕوو بەڕووی گیروگرفتان دەبێتەوە بە ناچاری دەبێ بکەوێتە چارەسەرکردنی و هەنگێ هەر گروپ و لایەنێك بە ڕاوبۆچوون و چارەسەری خۆیدا هەڵدەڵێت.. و ئیدی ڕەوڕەوەی ژیان بەو جۆرە دەسوڕێ. بۆیە بیرکردنەوە لە کۆمەڵگەیەکی ئایدیالی نموونەیی بێ کێشە، بێ ململانێ ، بێ هەڤڕکی، جۆرە خەیاڵ پلاۆێکە مەحاڵە لە واقیعی بەشەریدا بێتە دی.. جا ئەمە حەقیقەتێکە دەبێ کۆمەڵگە بەشەرییەکان نەك هەر دانی پیّدا بنێن، بەڵکو پێویستە زەمینەشی بۆ خۆش بکەن لە چوارچێوەیەکی حەلاڵ و ئینسانیدا گوزارشت لە خۆی بکات خۆی بنوێنێ. باشترین چارەسەری ئەمەش لە ڕۆژگاری ئێستاو بۆ سەردەمی ئێستا سیستەمی دیموکراسییە کە لە جەوهەرو کرۆکدا لەسەر بناغەی کێشمانەکێش و هەڤڕکی ڕۆنراوە..

دیموکراتییەت ڕێگە بە خەڵکی دەدات لە حیزبێن هەڤڕکدا خۆ ڕێك بخەن و لە چوارچێوەی هەندێ یاساو ڕێسای واقیعی و پەسندا ململانێی خۆ بکەن و بانگەشە بۆ خۆ بکەن و باشترین بەرنامەی کار بخەنە ڕوو بۆ ئەوەی زۆربەی دەنگی دەنگدەران وەربگرن و جڵەوی حوکم بگرنە دەست.. بێگومان مەرج نییە ئەو حیزبەی زۆربەی دەنگی هەڵبژاردنی گشتی بەدەست بێنێ، لەسەر هەقی تەواو بێ، چونکە لە دیموکراتییەتدا هەقی ڕەهاو بەڵگەو بیانووانی لۆژیکی نایخوات، ئەوەی دەیخوات و کێشماکێشەکە یەکلایی دەکاتەوە زۆرینەی دەنگەکانە.. هەڵبەتە مەرجیش نییە زۆرینەی دەنگ نیشانەی شایستەیی ئەو لایەنە بێ کە دەردەچێت، بەلاّم هەرچۆنێ بێ لە لۆژیکی ڕەها هەر باشترە. ڕاستە لە ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنە گشتییەکاندا زۆر فڕو فێلاّن بەکار دێت، دەغەڵبازی دەکرێ، چەواشەکاری دەکرێت، بەڵێنانی پڕ هاشوهوش و درۆ بە جەماوەری دەنگدەران دەدرێت، بەلاّم بە هەموو ئەو فڕو فێلاّنەشەوە لە دکتاتۆرییەت هەر باشترەو کاندید وەختێ دەنگ دێنێ و دەردەچێت ناچارە خۆی لە هەندێکیان بکات بە خاوەن و پابەندیان بێت، تا جارەکی دی دەنگی پێ بدرێتەوە..

دەنا هەڤڕکەکەی هەمیشە بۆی لە بۆسەدایە، وەکو سێبەر بە شوێنییەوەیەو مێشی لێ دەکات بە گامێش، ئەوەی ژێر بەڕەی بۆ دەخاتە سەر بەڕەو دەیکات بە بەڵمە برنج.. بۆیە دەسەڵاتدار ناچارە لە پاڵ خزمەت کردنی خۆیدا بڕۆکەیەك خزمەتی جەماوەری خەڵکیش بکات.. دیارە زۆربەی وڵات و سیستەمە دکتاتۆرییە دیموکراتی بازەکانی ڕۆژهەڵات لەم هاوکێشەیە بەدەرن، چونکە حیزبێك تەمەنی لە چارەکە سەدەیەك یا لە نیوسەدە پتر بێ و بۆ خوێی چێشتیش بەرنامەی کاری نەگۆڕابێ، هەروەها سەرکردایەتییەکەی هەمان سەرکردایەتی بێ و ئەگەر بە ڕێکەوت سەرکردەیەك!! مردبێ، خێرا میراتگرێکی لە شوێن دانرابێ، واتە ناتوانێ خۆی تازە بکاتەوەو بەگەڵ کاروانی سەردەم بکەوێ، دەبێ حیزبی وا چ خێرێك بۆ میللەت بداتەوە!! حیزبی واو دیموکراتییەت و خزمەتی جەماوەری خەڵك کوجا مەرحەبا!!!

## "٨"

بە هەرحاڵ هەر فەرمانڕەوایەك بۆی بلوێ و لە چاوی ڕەقیب و لە زاری هەڤڕك بە دوور بێ، بمانەوێ و نەمانەوێ بە لای دکتاتۆرییەت و بێدایدا دایدەکێشێت و لەبری خزمەتی میللەت بکات خۆی بە میللەت خزمەت دەکات.. و گەندەڵییەکی هەمەلایەنەی ئەوتۆ بلاّو دەکاتەوە، کە خەڵکەکە بەرەبەرە نائومێد بن، گەورەترین بەڵاش نائومێدییە.. بۆیە بوونی ئۆپۆزیسیۆن و پشتیوانی لە ئۆپۆزیسیۆن، وەکو ئەوزارێکی جڵەوکردنی دکتاتۆرییەت و گەندەڵی دکتاتۆرییەتی دەسەڵات و دەسەڵاتدار ئەرکێکی کۆمەڵایەتی هەرە گەورەیەو زامنی بنەڕەتی دیموکراتییەتە.. ڕاستە ئەو بەها ئایدیالییانەی ئۆپۆزیسیۆن بانگەشەی بۆ دەکەن، زۆر ئەستەمە بە تەواوەتی بێنە دی، بەڵام خۆ چەکێکیشە دژی ئەوانەی قومار بە بەرژەوەندی میللەت دەکەن..

بۆیە ئەگەر ڕێژەیەکیش لەو بەها ئایدیالییانە بێنە دی هەر باشە. چونکە ئەو بەهایانە داینەمۆی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی تیرەی بەشەرن.. تا کۆمەڵ پێش بکەوێ، بەهاکانیش

پێش دەکەون. دیارە ئۆپۆزیسیۆن داوای دادی ڕەها ناکات، داوای شتانێك دەکات کە بشێت بهێنرێنە دی. وەکو دابینکردنی دەرفەتی کار بۆ خەڵکی، زیادکردنی مووچە و کرێ. دابین کردنی بژێوی و سوکنە. گشتاندنی فێرکردن و پەروەردە.. دابین کردنی ساغڵەمی و سەلامەتی خەڵك، دابین کردنی هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەك بۆ خەڵکی و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانیان.. دیارە پێداویستییە حەیاتییەکانی خەڵکی لەگەڵ هەر قۆناغێکدا دەگۆڕێت.. واتە تا ئاستی ژیان و بژێوی خەڵکی بەرزتر بێتەوە، داواو بەها ئایدیالییەکان زیاتر دەبێت. واتە داواکاری خەڵك دەبێ بەردەوام بێ و ببێ بە فاکتەرێك تا خەڵکی بۆ ژیانێکی باشترو بەرزتر هان بدات..

"٩"

هەڵبەتە دیموکراتییەت وەکو سیستەمێکی حوکمڕانی، بەرەنجامی ڕۆژو دوو ڕۆژ نییە، بەڵکو تیرەی بەشەر لە مەیدانی حوکمڕانیدا گەلەك قۆناغی دژواری بڕیوە. بە زۆر ئەزموونی خوێناویدا تێپەڕیوە و زۆر سیستەمانی حوکمڕانی تاقیکردووەتەوە، ئەوجا هاتووەتە سەر جەڕباندنی دیموکراتییەت کە تا ئێستاش لە زۆر شوێنی ئەم دنیایەدا بوونی نییە و مرۆڤی لەسەر دەکوژرێت، لە کاتێکدا هیچ شتێك ئەوە نایەنێ خوێنی بەشەرێکی لەسەر بڕێژرێ.. یان دیموکراتییەت لە حاڵی تاقیکردنەوەدایە، یان وەکو پێویست نەمەییوە، یان شێوێنراوەو کراوە بە دێوجامەی ڕاوە دەنگ و چەواشە کردنی جەماوەری خەڵك.

بە تایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەدا کە هێشتا بە ئەقڵییەتی سەدە کۆنەکان دەژین و نەگەییونەتە ئاستێکی پەرەسەندن و هۆشمەندییەکی کۆمەڵایەتی ئەوتۆ کە بە ئاسانی پێشوازی لە دیموکراتییەت بکەن. چونکە دیموکراتییەت بەر لە هەر شتێك عادەت و دابێکی کۆمەڵایەتییە.. ئەزموونێکی زۆر و ماوەیەکی باشی دەوێ تا دەخەملێ و دەبێ بە بەشێك لە پێکهاتەی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی جەماوەری خەڵك و بەشێك لە ڕەفتارو ئاکاری ڕۆژانەیان و دەسبەرداری هزرین و ئەقڵییەتە کۆنەکەیان دەبن و کێشماکێش و

ململانێکان بە فاکتەری پەرەسەندن دەزانن و فێر دەبن چۆن بە قازانج و بەرژەوەندی زۆربەی جەماوەری خەڵکیدا دیموکراتییانە ئاڕاستەی بکەن.. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بووترێ کە دیموکراتییەت بەبێ ئۆپۆزیسیۆنی ڕەسەن نە بەرقەرار دەبێ و نە گەشە دەکات.. غیابی ئۆپۆزیسیۆن دەکاتە مەرگی دیموکراتییەت و نیشانەیەکی حاشا هەڵنەگری دکتاتۆرییەتە..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- پەیڤستانی من/ نووسینی: حەمەکەریم عارف ، چاپی یەکەم (٢٠٠٩) بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاْوکردنەوەی سلێمانی

*- مهزله العقل البشری / الدکتور علی الوردی (١٩٩٧).

## ٢٤- ناسنامەی نەتەوەیی

((١))

هەڵبەتە ناسنامەی نەتەوەیی شتێك نییە لە ئەزەلەوە بە باڵای ئەم، یا ئەو نەتەوەدا بڕابێ‌و لە دەرێی واقیعدا چێ بووبێ و پشتاو پشت بە میرات هاتبێ، بەڵکو شتێکی ڕێژەییەو لە نێو پرۆسەی مێژوودا چێ بووەو چێ دەبێت. وەکو چۆن هیچ دیاردەو ڕووداوێك لە مێژووییەت بەدەر نییەو لە دەرێی مێژوودا نییە، ناسنامەی نەتەوەییش لە دەرێی مێژوودا نییە، بەڵکو بۆ خۆی ناسنامەیەکی ڕێژەیی مێژووکردەو هەر نەتەوەیەك لە ڕێگەی کارلێکی خۆی‌و پەیوەندییە دیالیکتیکیەکانییەوە دەگەڵ مێژووداو لە ناو مێژوودا بە دەستی دێنێ‌و هەرگیزو لە هیچ سەرچاوەو جەوهەرێکەوە بە میرات بۆی نەماوەتەوەو شتێکی جێگیرو نەگۆڕ نییە. بەڵکو وەکو هەر دیاردەو واقیعێکی دی پابەندی گۆڕانەو بە گوێرەی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتی مێژوویی دەگۆڕێت.. کە دەڵێین مێژوو، تەنیا ڕابردوومان مەبەست نییە، بەڵکو ئێستاو داهاتووشمان مەبەستە.

ئەو زەمەنانە بە جۆرێ ئاوێتە بوونو لە حاڵی کارلێکدان، ئەگەر جیاکردنەوەیان مەحاڵ نەبێت، ئەوا یەکجار ئەستەمە، چونکە مێژوو پرۆسەیەکی بەردەوامەو لە گەشەکردنو گۆڕانی هەمیشەییدایەو زیندوویەتی لە ڕووداو و دیاردە زیندووەکانی شوێن‌و زەمەنانەوە وەردەگرێت‌و تاریخییەتی پێ دەبەخشێت.. هەڵبەتە چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی یەجگار بەربلاوە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کاری هەموو ئەهلی مێژوو، فەلسەفە، ئەدەب، کۆمەڵناسی‌و دەروونناسی‌و... هتد دەبینرێ، بۆیە دەشێت بگوترێ دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی هەر گەلێك بە شێوەیەکی بابەتی‌و بە میتۆدێکی زانستییانە، ڕەنگە بکاتە

هاوتای خوێندنەوەیەکی واقیعی مێژووی ئەو گەلو میللەتە.. چونکە نەتەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی زۆر بەهێزو کارا، لە ڕێگەی سیاسەتو چالاکییەکانی خۆیەوە ڕەوتی مێژوو دیاریو ئاراستە دەکات..

کەواتە ناسنامەی نەتەوەییش لە حاڵی گۆڕاندایە، هەرنەتەوەیەکیش ماكو تۆوی گۆڕانی لە خۆیدا هەڵگرتووەو زۆر جار کە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر دەڕوات بە ناچاری دووچاری جۆرە پەشێویو ئەنارشیزمێك دەبێت، چونکە بە قۆناغێکی گۆڕانکاری ڕەوتەنیو ڕاگوزاری ڕیشەییدا دەڕوات. هەڵبەتە ئەنارشیزم زادەو بەرەنجامی هەر گۆڕانێکی ڕیشەییو ڕەسەنە، ئەم قۆناغە قۆناغی گوێزانەوەیە لە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدییەوە، کە لە هەموو ئاستە ئایدۆلۆجیو ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانەوە داوەشیوەو لەبەر یەك هەڵوەشاوەتەوەو لە حاڵی پاشەکشەو ڕاگەیاندنی بەزینی یەکجارەکی خۆی و چۆڵ کردنی مەیدانە بۆ کۆمەڵگەیەکی تازەی ئەوتۆ کە دەگەڵ هەلومەرجە تازەکاندا بگونجێت.

جا لەم حاڵەتانەدا ناسنامەی نەتەوەییش دەبێ بگۆڕێو شەقڵو مۆرکی هەلومەرجو کۆمەڵگە تازەکە وەربگرێ.. بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێ کە ناسنامە ڕەنگە فاکتەرێکی یاریدەدەری جۆرە یەکێتییەکی فشەڵ بێ، بەڵام بە تەنێ هەموو شتێك نییە، چونکە سیما هاوبەشەکانی ئەم ناسنامەیە سنووردارو ڕێژەییە لە حاڵی گۆڕاندایە.. بۆیە دەورەکەشی سنووردارو ڕێژەییو لە حاڵی گۆڕاندا دەبێت. لە چوارچێوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابوری، مێژوویی، هزریو کەلتووری بەدەر نابێ. بۆیە لە گۆشەنیگای سۆسیۆ مێژووییەوە ناسنامەی نەتەوەیی دەکاتە کۆی شێوازی هزرینو هەستو ڕەفتاری هاوشێوەو تا ڕادەیەك زاڵ و دەگەڵ بزاوتی مێژوو-و گۆڕانە ڕیشەییەکاندا دەگۆڕێت.

کەواتە ناسنامەی نەتەوەیی وەکو ئاماژەمان کردێ، ناسنامەیەکی ڕێژەییەو بەرەنجام و زادەی کارلێكو مامەڵەی دیالێکتیکی هەر گەلێکە دەگەڵ مێژوودا و شتێك نییە بە میراتو پشتاوپشت مابێتەوەو هاتبێ. چونکە خەسڵەتو تایبەتمەندی هەر گەلێك بەرەنجامی فاکتەرە مێژووییە دینامیکییەکانی وەکو تەماسی کەلتووریو شەڕو شۆڕ،

کۆچ‌و کۆچبەری، داهێنان، قەیران‌و ئاستەنگان، کێشەێن کۆمەلایەتی، هەورازو نشێوی سیاسی، سەرکەوتن‌و نشوستی و هەورازو نشێوییەکانی ژیان‌و چۆنییەتی هزرین.. هتد. ئەم فاکتەرانە ناسنامەی نەتەوەو کەلتوورو شارستانییەتی نەتەوە دیاری دەکەن، نەك هەندێ فاکتەری جێگیرو نەگۆڕی وەك جوگرافیاو سروشتی مرۆڤانی‌و ڕەگەزو نەژاد.

جا مادامێکی ئەم فاکتەرە دینامیکییانە دەگەڵ ڕەوڕەوەی چەرخی مێژوودا دەگۆڕێن، کەواتە ناسنامەی نەتەوەییش لە حاڵی گۆڕاندایە، لە کارلێکی بەردەوامدایە لە ناو پرۆسەی گۆڕان‌و گۆڕیندا.. بۆیە بۆ دیاری کردن‌و ناسین‌و دەستنیشان کردنی ناسنامەی هەر میللەت‌و گەل‌و نەتەوەیەك پێویستە بە گوێرەی میتۆدێکی زانستی تەواو، سیستەم‌و بەهاو کەلەپوورو دابونەریتی ئەو کۆمەڵگەیە بخرێتە بەر وردەبینی شیکردنەوەو تۆژینەوەو پۆلێن بکرێ، تا لەبەر ڕۆشنایی ئەوە، نەك ناسنامەیەکی جێگیری نەگۆڕی ئەو گەلە دیاری بکرێ، بەڵکو ئەو ئاڕاستەو خەسڵەتە گشتی‌و هاوشێوانە دیاری بکرێ کە لە خەڵکانی تری جیا دەکاتەوەو کەسایەتی قۆناغێك لە قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژوویی بنوێنێ‌و نیشان بدات..

هەڵبەتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە زۆربەی ئەو خەسڵەتانەی میللەتێك پێکەوە گرێ دەدەن، خەسڵەتی ڕێژەیین‌و مەرج نییە ئەوەی میللەتێك لە قۆناغێکی مێژووییدا لە میللەتانی دی جیا دەکاتەوە، لە قۆناغانی تردا جیای بکاتەوە، یان هەمان دەوری جیاکەرەوە بدینێ‌و بگێڕێ.. چونکە ناسنامەی نەتەوەیی، ناسنامەیەکی مێژووییەو مێژوو گەلاڵەی دەکات و لە بۆتەی مێژوودا قاڵ دەبێتەوە. هەڵبەتە هەندێ وێناو هەستی هاوبەشی دەستەجەمی هەن لە چوارچێوەی زمان، سیستەم‌و دابونەریت‌و بەهاو کەلتووردا دەگیرسێنەوەو دەشێت لە دیاری کردنی ناسنامەی گەلاندا پەنای بۆ ببرێ‌و سوودی لێ وەربگیرێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە نەگۆڕن‌و لە قالوبەلاوە واهاتووەو وابووەو هەر وا دەمێنێ...

((٢))

دەشێت ناسنامەی نەتەوەیی لە گۆشە نیگای سۆسیۆلۆجییەوە بەمجۆرە پێناسە بکرێ کە بریتییە لەو خەسڵەتو تایبەتمەندییە گشتییانەی کە گەلێك یان نەتەوەیەك لە قۆناغێکی مێژووییدا جیا دەکاتەوە.. بەلاّم هەرکاتێ ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندییانە بەو چاوە سەیر کرا کە لە قالوبەلاوە هاتووەو هەروابووەو هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتووەو لە پێکهاتەی ئەقڵی –سایکۆلۆجیدا ڕەگی داکوتاو چەسپیو کەوتە سەرووی پرۆسەی گۆڕانەوە، ئەوا ماناو چەمکێکی میتافیزیکی وەردەگرێتو لە عیلمییەت دەکەوێ.. چونکە ناسنامەی نەتەوەیی خەسڵەتو چەمکێکی سەیرورەویە نەك ئەنتۆلۆجیو کەینونەوی..

واتە ناسنامەی نەتەوەیی لە تاریخییەت بەدەر نییەو مێژووکردە. ئاشکراشە کە نێوەرۆکی مێژوو یان تیمەو بابەتو کەرەستەی مێژوو لەو شتانە پێکدێ کە ڕوودەدەن، نەك لە شتی چەسپاو و نەگۆڕ.. جا قاییل بوون بە چەمکی میتافیزیکی سەبارەت بە ناسنامەی نەتەوەیی، بمانەوێو نەمانەوێ، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەکاتە ڕەفزکردنی کۆمەڵگە یان نەتەوە وەکو بوونێکی مێژوویی.. ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرە نکوڵی کردنێکە لە زەمان یان کەم کردنەوەیەکی زەقاو زەقی ڕۆڵی زەمانە.. ئەمەش بۆ خۆی دژایەتی مێژووە، چونکە هیچ کۆمەڵگەیەك لە ئێستایەکی بێ زەماندا ناژی..

هەڵبەتە سەردەمی نوێ ئەم تەرزە هزرینە ڕەت دەکاتەوەو بە زەبری زانستو میتۆدی زانستی ئەو شرۆڤەو لێکدانەوە وردو تایبەتییانە پەسند دەکات کە پەیوەندییەکانی نێوان هۆو ئەنجام کەشف دەکات.. جا ناسنامەی نەتەوەییش بابەتێکی مێژووییە نەك بابەتێکی میتافیزیکی، بۆیە دەبێ وەکو بەشێك لە مێژوو- و بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیە ورد بکرێتەوەو شی بکرێتەوە کە دەمانەوێ ناسنامەکەی دەستنیشان بکەین. هەموو کۆمەڵگەیەك بریتییە لە دنیایەك پەیوەندی کە لە حاڵی گۆڕانی بەردەوامدایەو هیچ شتێکی چەسپاو و نەگۆڕ لە ئارادا نییە. دیارە ژیانی کۆمەلاّیەتی بەبێ کۆمەڵێك بەهاو

ڕێساو دابو نەریتو ڕەفتاری هاوبەش نابێت، کۆی ئەوانە شەقڵو مۆرکێکی تایبەتی ئەوتۆی دەداتێ کە لە قۆناغێکی مێژوویدا پێی بناسرێو جیا بکرێتەوە.. دیارە هیچ میللەتێك بەو خەسڵەتو تایبەتمەندییانەی ئێستایەوە لەدایك نەبووەو دروست نەبووە.

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ناسنامەی نەتەوەیی بەرەنجامو زادەی مێژووە، بەدەم سەیرورەتێکی هەمیشەییەوە لە حاڵی گۆڕاندایە، دیارە بەهاو ڕێساو دابو ڕەفتاری هاوبەشی کۆمەڵایەتی هەر میللەتێکیش نە لە پڕو نە لە خۆڕاو نە لە دەرێی دیاردەو ڕووداوەکانی ژیاندا هەڵدەتۆقێو نە لە کوتوپڕێکدا لە ناو دەچێتو شوێنەواری نامێنێ.. پڕۆسەی گۆڕان پڕۆسەیەکی سستو خاوە، خەسڵەتو تایبەتمەندییەکانیش چوون یەك نین، هەندێکیان خێراتر لە هەندێکیان دەگۆڕێنو نامێنن.. جا هەرچەندە ناسنامەیەکی جێگیرو گونجاوی تەواو نییە، بەڵام زۆربەی ئەندامانی نەتەوەیەکی دیاریکراو لەباری دەروونی، هزری و کۆمەڵایەتییەوە بە ڕادەیەك لە یەك دەچن کە بشێت بکرێ بە بەڵگەی ناسنامەیەکی نەتەوەیی گشتی لە چوارچێوەی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا.. هەڵبەتە ناسنامەی نەتەوەیی بە درێژایی ڕۆژگارانو لە ئەنجامی کارلێکی بەردەوامی تاكو کۆدا دروست دەبێت..

کەواتە نابێ بە تەمای ناسنامەیەکی نەتەوەیی تۆکمەو یەك دەست بین کە بە درێژایی مێژوو بە نەگۆڕی بمێنێتەوە، چونکە ئەمە وامان لێ دەکات دوای کلاوی بابردوو بکەوینو نەتوانین بە شێوەیەکی ئەکتیڤو کارا، بە جۆرێکی داهێنەرانە لەگەڵ مێژووی تازەدا بکەوینە کارلێکەوە... گومانی تیا نییە میللەتان بە درێژایی ڕۆژگارو مێژوو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەشدارییان لە بەرهەمهێنانی ژیارو شارستانییەتانی تیرەی بەشەردا کردووەو ئەمەش شەقڵێکی جیهانیو ئینسانی، کاڵ یان تۆخی، بە گوێرەی بەشداری هەر میللەتێك، بە ناسنامەی ئەو میللەتە بەخشیوە. بۆیە دەبێ میللەتان، بە تایبەتی لەم ڕۆژگارە لەزو گلۆبالیزەیەدا، کە تەواو دنیا بچووك بووەتەوەو میللەتان نەك هەر لە یەکتر نزیك بوونەتەوە، بەڵکو لە زۆر شتدا بوون بە شەریك.

دەبیّ خۆ لە هەر جۆرە تەعەسوبێکی نەتەوەیی دوور بگرن، بە تایبەتی بۆ ئەو نەتەوانەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان دامەزراندووەو کەڵکەڵە نەتەوەییەکانیان هاتووەتە دیو پێویستیان بەوە نەماوە لە ڕای دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتوودا بجەبتن کە گوزارشت لە بوونی نەتەوەیی یەکگرتوویان بکات. چونکە ناسنامەی نەتەوەیی بەرەنجامی دوو فاکتەری ناوخۆو دەرەکییە، فاکتەرە ناوخۆکان ئەو دابونەریتو ڕەفتارە هاوبەشانەن کە لە چوارچێوەی مێژوودا دروست بوونو گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو بگرە هەندێکیان هەر نەماون، فاکتەرە دەرەکییەکەش بریتییە لە تەماسو کارلێکی هەر میللەتێك دەگەڵ ئەو بارودۆخو هەلومەرجە جیهانییە پڕ گۆڕانانەی کە شەپۆلانی کەلتووریو نموونەی شارستانییەتو ژیاریی یەك لە دووی یەك دەگەڵ خۆدا دێنیّ و جۆرە کاردانەوەیەکی ناوخۆ چیّ دەکات کە خۆ لە دابونەریتە کۆنەکان ڕزگار بکەن یان بیگۆڕن..

جا لێرەدا هەردووك ناسنامەی نەتەوەییو مرۆڤانی تێك دەکەنەوە.. واتە هەر ناسنامەیەکی نەتەوەیی دەکاتە نموونەیەکی بچوك کراوەی ناسنامەی مرۆڤانیو لێکچوونێکی زۆریان دەکەوێتە نێوان.. کەواتە هەر ناسنامەیەکی نەتەوەیی بەرەنجامی فاکتەرە ناوخۆییەکانو فاکتەرە جیهانییەکانیشە. ئەم پێکهاتە ئەنتۆلۆجییەی ئێستای بە تەنیا بەرەنجامی ئەو ڕووداوانە نییە کە لە ولاّتەکەی خۆیدا، لە کۆمەڵگەکەی خۆیدا ڕوویان داوە، بەڵکو بەرەنجامی ئەو ڕووداوانەشە کە لە ولاّتو ژیارو شارستانییەتو کەلتووری نەتەوەو میللەتانی دیکەشدا ڕوویان داوە.. ئەمەش کرانەوەیەکی مرۆڤانییە لە نێوان گەلانی جیهانو کەلتوورو شارستانییەتی گەلانی جیهاندا، کە ڕەنگە خۆی لە خۆیدا مەرجو پێویست بیّ بۆ بەردەوامی مانی مرۆڤانی...

((٣))

زۆرجار دەبینین میتۆدی میتافیزیکی بۆ دیاری کردنی ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوە جیاوازەکان بەکار دەبرێتو خەڵکانێکی زۆری پیّ چەواشە دەکرێت، ئیدی ئەو پۆلێنە

میتافیزیکییە یان لە ڕووی نەزانینەوەیە یان بە ئانقەستەو غەرەزو مەبەستی خۆی لە پشتەوەیە. بۆ نموونە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا ڕاوبۆچوونێکی وا هەبوو کە مەحاڵە ئەڵمانیا ببێ بە دەوڵەتێکی پیشەسازی، چونکە ڕۆحو تەبیعەتی ئەڵمانی زیاتر بە فەلسەفەو ئەدەبیاتو هونەر گوزارشت لە خۆی دەکاتو دەگەڵ زانستو تەکنۆلۆجیادا نایکرێ یا کەمتر دەسازێ. کەچی دوای چەند ساڵێك ئەڵمانیا بوو بە یەکێك لە دەوڵەتە پیشەسازییە پێشەنگەکان. یا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەما وا باو بوو کە عارەب ئەهلی غیرەتو قارەمنییەتیو جەنگاوەرینو ولاتگیریو خۆڕاگریو سەرکەوتن لە ڕۆحیاندا ڕەگی داکوتاوەو بەزینیان لە مەزەبدا نییە و جولەکە ترسنۆكو بودەڵەو سەرکزو خاکەسەرن، کەچی لە شەڕی شەش ڕۆژەدا ئەم هاوکێشەیە بە جۆرێ ئاوەژوو بووەوە و داغێکی وای بە عارەبەوە نا کە ئیستاش پێوەی دەناڵن..

ئەم دوو نموونەیە ئەوە نیشان دەدەن کە هیچ دیاردەو واقیعێك قەدەرو چارەنووس نییە کە لە قالوبەلاوە بە بالای ئەم کۆمەڵگە، یان ئەو میللەت، یا ئەو نەتەوەدا بڕابێ و بە ئامانو زامان لێی نەبێتەوە. هەر دیاردەو ڕووداوو واقیعێك زادەو بەرەنجامی ژینگەی کۆمەلایەتیو ئابوریو ئایدۆلۆجیو.. قۆناغی مێژوویی خۆیەتیو مێژووش لە گۆڕانی بەردەوامدایەو سەرلەبەری ژیانی شەخسیو گشتیو ژینگەی کۆمەلایەتیو ئایدۆلۆژیو کەلتووریو مێژوویی لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێتو چۆنییەتی کارلێکە ئەرێتیو نەرێتییەکان دەگۆڕێت، ئیدی گۆڕان ڕیشەی بوونەو هیچ دیاردەو ڕووداوو واقیعێك لێی ناخەلەسێت، بۆیە لە باری سەرنجی زانستییەوە هەرگیز ناشێت قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی کۆمەڵگەیەك یان نەتەوەو میللەتێ وەربگرینو بە بالای سەر لە بەری مێژووی ئەو کۆمەڵگە یا میللەتەیدا ببڕین.

هیچ شتێکی جێگیرو نەگۆڕ لە بووندا نییە، تەنانەت سروشتو تەبیعەتی بەشەریش دەگەڵ گۆڕانی بارودۆخو هەلومەرجی مێژووییدا دەگۆڕێت.. بۆ نمونە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش لە هزری ڕۆژئاواییدا وا باوبوو کە گەلی ژاپۆنی بە تەبیعەتو لە

جەوهەردا گەلێکی لاسایی کەرەوەیەو توانایەکی گەورەی لاسایی کردنەوەی هەیە، بەلاّم بەهرەی ئەفراندنو داهێنانی نییە، ئایا کێ دەتوانێ ئێستا قسەی وەها بکات؟ ژاپۆن ئێستا نموونەی زاکونیو تەناهیو نیزامە.. کەواتە هیچ ناسنامەیەك نە هەمیشەییو جێگیرەو نە لەسەرووی ئەو فاکتەرە کۆمەلاّیەتییەوەیە کە تیایا دەرسکێو بەرجەستە دەبێت. لێرەدا فاکتەری کۆمەلاّیەتی لە هەمان کاتدا هەموو فاکتەرە ئابوریو ڕامیاریو ڕۆشنبیریو ئایدۆلۆجیو مێژووییەکان دەگرێتەوە.. بۆ نموونە عارەب هەر عارەبە، بەلاّم عارەبی سەردەمی زێڕینی بەغداو دیمەشقو ئیسپانیا لە کوێو عارەبی ئەمڕۆ لە کوێ؟! هەروەها یۆنانو ڕۆمانیش...

"٤"

مێژووی تیرەی بەشەر پڕە لە نموونەی ئەو میللەتو گەلو کۆمەلگانەی کە بە دەیان سالّو پتریش لە سایەی ملکەچیو گوێڕایەلّی ناچاریو چەوسانەوەو سەرکوتکاریدا ژیاون، دیارە ئەمە هەرگیز نیشانەی ئەوە نییە کە ئەو میللەتانە بە تەبیعەت حەز لە چەوسانەوە دەکەنو میللەتی مازۆخین و لەزەت لە ئازاری خۆیان دەبینن، بەلّکو ئەمە زادەی بارودۆخو هەلومەرجە کۆمەلاّیەتیو ئابوریو ئایدۆلۆجیو سیاسییەکانە کە ڕژێمو سیستەمێکی سەرکوتکاری لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا لێ دەکەوێتەوە، جا تا گۆڕانی بنەڕەتی لەو بارودۆخو هەلومەرجانەدا ڕوو نەدات و زەمینە بۆ یاخی بوونو شۆڕش خۆش نەبێت، تەسەورو وێنای ژیانێکی ترو لەبارتر لە لای گەل پەیدا نەبێت، بارگرژی کۆمەلاّیەتی بە تەواوەتی نەخەملێ شۆڕش بەرپا نابێت، خۆ ئەگەر شتێکیش چێ ببێ، زیاتر کاردانەوەیەکی بێ ئاکام دەبێت تا پڕۆسەیەکی کارامەی بەرنامەداری زادەی تەخەمورێکی فەلسەفی دەروونیو پشوودرێژی درێژخایەنی ئەنجام ڕوون.

* * *

هەڵبەتە دەسەڵاتی ئایینیو زاڵی وێنای ئایینی بەسەر هزرینی گەلاندا کردوویەتییە کارێك بۆ ماوەیەکی زۆر لە عیلمییەتو واقیعبینی دوور بکەونەوە. بۆ نموونە لە سەدەکانی ناڤیندا زیاتر چەمکی غەیبانیو ڕۆحی بەسەر ئەقڵییەتی ئەورووپیدا زاڵ بووە، خەڵکی باوەڕیان وابووە کە هەموو دیاردە سروشتیو کۆمەڵایەتییەکان، وەکو گرانیو قاتو قڕی، لافاو و گڕکانو بوومە لەرزە، ڕۆژو مانگ گیرانو... زادەی هێزە ڕۆحانیو غەیبانییەکان بووە، نەك زادەی یاساکانی تەبیعەتو سروشت، ئەمە کردویەتییە کارێك کە بێ چەندوچوون چارەنووسی خۆیان بەو هێزە غەیبانیانە بسپێرنو ئەم دنیا بە پرۆڤەیەك بۆ ئەو دنیا بزانو دژی هەر ئەقڵییەتو ڕاوبۆچوونێکی زانستانەو پێچەوانەی ئەمە بوەستن، بۆیە مرۆڤی نموونەیی کەسێك بووە خۆی لە هەموو هەستو پەیوەندییەکی دنیایی دوور بگرێ.

هەر بۆیەش مێژووی باڵادەستی کاتۆلیکییەت، بە قاقڕترین قۆناغی مێژووی مەسیحییەت دادەنرێ، کۆمەڵگەی ئەورووپی ئەو کاتە دەستی بە پێشکەوتن کرد کە خۆی لە ئەقڵییەتو هزرینی ئایینی ڕزگار کرد، ئەمەش زەمینەی بۆ ئەقڵییەتو هزرینی زانستی خۆش کردو پێشکەوتنی نەتەوەییو ئابوریو بازرگانیو ئیکتیشافاتی لێ کەوتەوە. واتە جیاکردنەوەی ئەقڵی ئاسایی لە ئەقڵی ئایینی، وەرچەرخانێکی گەورەی لە مێژووی ئەوروپا بە تایبەتیو جیهان بە گشتی دروست کرد. چونکە کاتێ کە ئاین دەبێ بە فەلسەفەی ژیانو دەستوور بۆ دیاری کردنی پەیوەندی مرۆڤ بە گەردوونەوەو بۆ ئاڕاستە کردنی مێژوو- و کۆمەڵگەو ڕێکخستنی هەموو چەلەنگییەکانی کۆمەڵگە، ئیدی لاهوت جێی فەلسەفە وەکو چالاکییەکی هزری سەربەخۆ دەگرێتەوە، ئیدی هزرینی فەلسەفی دەبێتە ئالەتێك بە دەستی لاهوتەوە.

جا مەندیو بێ جوڵەیی یان کەم جوڵەیی ئەورووپای سەدەکانی ناڤین، لە سەرێکییەوە دەگەڕێتەوە بۆ زاڵی جیهانبینی ئایینی، هەموو شتێك لەژێر کۆنترۆڵی باوەڕی کاتۆلیکییەتدا بوو، هەروەها دەبوایە گوزارشت لە کاتۆلیکییەت بکاتو فەلسەفە لە ئارادا نەبوو، چونکە بەشێك بوو لە لاهوت یان ئالەتی دەستی لاهوت بوو، بە کورتیو کرمانجی

جیهانبینی ئایینی، لاوازیو سستی هزری، شەقڵی گشتی ناسنامەی ئەو قۆناغە بوو. بەلاّم لە قۆناغی پاشتردا دوای ئەوەی ئەوروپی ئەوەیان کەشف کرد کە لە دایکبوونو گەشەکردنو مردنی هەر دیاردەو ڕووداوێك، کۆمەڵێك هۆکارو سۆنگەو فاکتەری کۆمەلاّیەتیو مێژوویی بابەتی لە پشتەوەیە، ئیدی بەرەبەرە خۆی لە جیهانبینیو هزرینی ئایینی ڕزگار کردو چەمکە میتافیزیکییەکانی لەلا ڕەوییەوەو هزرینی ئەقڵیو زانستی لا چیٚ بوو.

هەروەها بۆی دەرکەوت کە هیچ ماهییەتێکی نەگۆڕو جێگیرو میتافیزیکی لە ئارادا نییەو هیچ دیاردەو ئەقڵییەتو هزرینێك لە بارودۆخو هەلومەرجو ژینگەی کۆمەلاّیەتیو ئابوری، جوگرافی، ڕۆشنبیریو مێژوویی... سەردەمی خۆی بەدەر نییەو هیچ ناسنامەیەکی نەتەوەیی یان ڕۆشنبیری لە مۆرکی ئەو بارو دۆخو ژینگەو سەردەمە مێژووییە ناخەلەسێت، هیچ ناسنامەیەکی نەگۆڕ لە ئارادا نییەو لەگەڵ گۆڕانی ژینگەو قۆناغە مێژووییەکەدا دەگۆڕێت. بۆ نموونە کاتیٚ کۆمەڵگە دەچێتە قۆناغی پیشەسازی-تەکنۆلۆژییەوە، هەر هەموو ئەو خەسڵەتو تایبەتمەندییە کەلتووریو نەتەوەییانەی کە وا دەهاتە بەرچاو جێگیرو نەگۆڕن، لە ڕەگو ڕیشەوە دەگۆڕێن.

مادییەت بەسەر ڕۆحییەتدا، بەرژەوەندخوازی بەسەر قارەمانییەتی، جیهانبینی عەلمانی بەسەر جیهانبینی ئایینی، پراگماتییەت بەسەر ئایدۆلۆژییەتداو ئەقڵییەتو هزرینی زانستی بەسەر ئەقڵییەتو هزرینی میتافیزیکی غەیبانیدا زاڵ دەبێتو شەقڵی ناسنامەی قۆناغەکە دیاری دەکەن. کەواتە هیچ خەسڵەتو شەقڵو تایبەتمەندییەکی جێگیرو نەگۆڕو هەمیشەیی نییە کە حەتمیەتێکی دیاریکراو، چ سەلبیو چ ئیجابی، بەسەر میللەت یان نەتەوەیەکدا بسەپێنیٚو ئەم خەسڵەتو تایبەتمەندیو مۆرکانە هەمیشە زادەو بەرەنجامی بارودۆخو هەلومەرجی مێژوویی، ڕۆشنبیری، ڕامیاریو ئابورین...و لەگەڵ گۆڕانی ئەو بارودۆخو هەلومەرجانەدا دەگۆڕێن.

"٥"

بێگومان جیاوازیو ناکۆکیو هەڤدژی لە نێوان کەلتووران‌و لە مابێنی قۆناغە جیاوازەکانی خودی مێژووشدا هەیە، وەکو چۆن ئەمە لە مێژووی هەموو کەلتوورو گشت گەلێکیشدا هەیە.. ئەمەش وا دەخوازێ لە گۆشە نیگاو جیهانبینی جیاوازەوە تاوتوێ بکرێو هەڵسەنگێنرێو هێڵە گشتییەکانی دیاری بکرێ، هەروەها ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ کە هیچ نەتەوەو کۆمەڵگەیەك، تایبەتمەندیو خەسڵەتی نەگۆڕو جێگیری ئەوتۆی نییە کە حەتمیەتێکی دیاریکراوی، چ سەلبیو چ ئیجابی بەسەرا بسەپێنێ. خۆ ئەگەر تایبەتمەندیو خەسڵەتانی لەوجۆرە- ئەگەر هەبێ- ئەوا بەرەنجامو زادەی بارودۆخو هەلومەرجێن مێژوویی، ئایدۆلۆژی، کەلتووری، ئابوری ناجێگیرەو پێ بە پێی گۆڕانی ئەو هەلومەرجو بارودۆخانە دەگۆڕێت..

بۆیە لە باری سەرنجی زانستییەوە باشترو دروستتر وایە لە لایەنە دینامیکییەکەوە ناسنامەی نەتەوەیی شرۆڤە بکرێ نەك لە لایەنە میتافیزیکییە وەستاوەکەوە، کە بە هەڵەمان دەباتو وامان لێ دەکات حاڵەتێکی دەروونیو ئەقڵی ڕێژەییو مێژوویی، بە حاڵەتێکی نەگۆڕو چەسپاو بزانین‌و لەو پێودانگەوە مامەڵەی لە تەکدا بکەین. لە کاتێکدا ناسنامەی نەتەوەیی دەکاتە کۆمەڵە شێوازێکی هزرین‌و هەستو ڕەفتاری چونییەکی ڕێژەیی، کە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا مۆرکی خۆی بە ڕادەیەکی سنوورداری ڕێژەیی بە قۆناغەکەوە دەنێ.

کەواتە جیاوازی نێوان کۆمەڵگە بەشەرییەکان دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕووداو دیاردەو بارە کۆمەڵایەتیو ژیاریو شارستانییەکان‌و پەیوەندی بە بارو لایەنی بایۆلۆژییەوە نییە.. چونکە ئادەمیزاد بە ئەقڵییەت یان سایکۆلۆژیایەکی تایبەتیو دیاری کراوەوە لەدایك نابێ، بەڵکو بە کۆمەڵە ئیمکاناتو ئەگەرێکی کراوەوە لە دایك دەبێت کە وەدیهاتنیان بەندە بەو بارو دۆخو ژینگە دەرەکییەوە کە کارلێکی لەگەڵدا دەکات. بۆیە زیاتر گوزارشت لە مەیلو کەڵکەڵە گشتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات کە تیایدا پەروەردە دەبێت، بە

تایبەتی ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە لە ئەنجامی سۆنگەو هۆی ناوخۆ یان دەرەکییەوە دووچاری ئاستەنگو گوشارو قەیرانی ئەوتۆ نەیەت کە لە ڕاستە ڕێی ڕەوتی ئاسایی پێشڤەچوونی خۆی دەری نەکات.

چونکە تاك ئافەریدەی دابو نەریتەو لاسایی ژینگەو ناوەندەکەی خۆی دەکاتەوە، یان هەر لە منداڵییەوە ناچار دەکرێتو ڕادەهێنرێ لەسەر ئەوەی لاسایی ژینگەو ناوەندەکەی خۆی بکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە مرۆڤ بە هیچ حەتمیەتێکی دەروونی — ئەقڵییەوە لەدایك نابێت، بەڵکو سروشتی ئینسانی بریتییە لە کۆمەڵێك ئەگەرو ئیمکانات، کەشف بوونو هاتنەدی ئەم ئەگەرو ئیمکاناتە پەیوەستە بەو بارودۆخە کۆمەلأیەتیو ڕۆشنبیریو ژیاریيو شارستانییانەی کە تەفاعولی لەگەڵدا دەکات.

جا بۆیە ئەگەر تاك یان کۆمەڵ لە ناسنامەدا لە یەکتر جیاواز بن ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پاشخانی مێژوویيان نەك بۆ (جەوهەرو ڕۆحێك)یان (ئەقڵێکی) تایبەت بە ڕەگەزێك یان میللەتێك کە خۆی لەو ناسنامەیەدا بنوێنێ.. کەواتە ناسنامەی نەتەوەیی یان هەر ڕەفتارێکی مرۆڤانی دەچێتەوە سەر دوو سەرچاوە، یەکەمیان تەبیعەتی ئینسانییە کە دەکاتە کۆمەڵێك ئەگەرو ئیمکاناتی گشتیو کراوە، دووەمیان ژینگەو بارودۆخی کۆمەلأیەتیو مێژوويیە کە زەمینە بۆ کەشف بوونو وەدیهاتنی ئەو ئەگەرو ئیمکاناتە، ئەو ئاڕاستەو ڕەوتەی کە وەری دەگرێت، خۆش دەکات. مرۆڤ بە تەبیعەت ئافەریدەیەکی زەمانسازە، خۆی دەگەڵ شوێنو ڕۆژگاردا، بە گوێرەی پێداویستییە جۆراو جۆرەکانی ژیان، لە کۆمەڵگە جیاوازو جۆراوجۆرەکاندا خۆی دەگۆڕێو دەسازێنێ.

"٦"

مرۆڤ بە تەبیعەت پێویستی بە ئاسودەیی دەروونی هەیە، کە هاتووەتە ئەم گەردوونە تێژ تێپەڕو پڕ لە گۆڕانو گۆڕانکارییەوەو بەرانبەر بە دیاردەو ڕووداوەکان دەستە وەستان بووە، دووچاری ترسو نیگەرانییەکی فرە بووە، ئیدی کەوتووەتە خولیای دۆزینەوەی

سەرچاوەکانی ئەم دیاردەو ڕووداوانەو گەیشتن بە ئاسودەیی دەروونی، کە ڕەنگە ئەم خولیاو هەوڵە یەکێك بێ لە سەرچاوە هەرەگرینگەکانی سەرهەڵدانی فەلسەفەو ئاینو ئایدۆلۆژیاکان.. چونکە ئەم پێداویستییە، واتە ئاسودەیی دەروونی، مرۆڤ نەك هەر بۆ تێگەیشتن لە جیهان هاندەدا، بەڵکو هانی دەدا کە جیهان بگۆڕێت، مانای پێ ببەخشێت ،بە قازانجی خۆی ئاڕاستەی بکات، دەگەڵیدا بسازێو... واتە ئەو جیهانەی کە مرۆڤ ڕووبەڕووی بووەتەوە، بریتییە لە بوونەوەرانو دیاردەو شتانی ناکامڵو نیوەچڵ، سنوردارو لە حاڵی گۆڕان، بوونی بەندە بە بوونی غەیری خۆیەوە.. بۆیە مرۆڤ بە درێژایی ڕۆژگارو سەردەمان هەوڵی داوە لە ڕێگەی حەقیقەتانی کامڵو پوختە، ڕەهاو موتڵەق، نەگۆڕو نەمر، لە ڕێگەی حەقیقەتانێك کە بوونیان بە خودی خۆیانەوە بەند بێ مالیجەی بکەن..

واتە بۆ ئەم مەبەستە ڕێك پەنای وەبەر هەڤدژەکەی جیهانی واقیعی خۆی بردووە. بۆیە دەشێت بگوترێ کە مێژووی فەلسەفیو ئایدۆلۆژی لە بناغەدا بەدەوری ئەم جووتە دژەدا سوڕاوەتەوە، کە لە زاراوەو چەمکێن کەینونەو سەیرورەدا خۆی نواندووە. جا مرۆڤ لە هەنبەر ئەو سەیرورەو گۆڕانەدا کە سەر لەبەری ئەو بوونەوەرو شتو دیاردانەی کە جیهان پێك دێنن، دەگرێتەوە.. لە ڕای ئاسودەیی دەروونی خۆیدا پەنای وەبەر شێوەیەك لە شێوەکانی کەینونە، واتە حەقیقەتی موتڵەق بردووە، کە بکەوێتە سەرووی بارودۆخە کۆمەلأیەتییە مێژووییە دینامیکییەکانەوە.. جا ئەم واقیعە ئینسانییە مرۆڤی بۆ ئەمجۆرە داهێنانە ئایدۆلۆژیو ئەفراندنە هزریو فەلسەفییە هانداوە...

جا هەر کۆمەڵێك بۆ ئەوەی خۆی بناسێتو هەست بە خۆی بکات پێ دەچێت پێویستی بە هەڤدژێك بێت، پێویستی بە ناسنامەیەکی نەتەوەیی هەڤدژە تا ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بخاتە ڕوو، کەو بەرانبەر کەو دەخوێنێ.. بەبێ ئەمجۆرە هەڤدژە، یەکێتیی ناوخۆییو ناسنامە گشتییەکەی بەر هەڕەشەی هەڵوەشانەوەو لە گرێژەنە دەرچوون دەکەوێ. ئەم پێویستییە لە کاتی هەڕەشەی دەرەکیدا زیار دەبێتو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشەیەش پێویستی بە یەکێتییەکی ناوخۆی سایکۆلۆژییە.. کاتێ مرۆڤ هەست بە

وابەستەگی خۆی بە کۆمەڵێکی دیاری کراوەوە دەکات، وا هەست دەکات ناسنامەکەی بەندە بە ناسنامەی ئەو کۆمەڵەوە، ئەو کۆمەڵە بەو ژینگەیە دەزانێ کە مومارەسەی خودی خۆی تیادا دەکات، هەنگێ لە باری دەروونییەوە تەیارو ئامادە دەبێت بۆ هەرجۆرە تەعەسوبو وابەستەگییەکی توند ڕەوانەی جڤاتیو دەستەجەمی.

چونکە چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی لە باری دەروونییەوە پەسندەو هەستی وابەستەگیو پشت ئەستوریو متمانە لای خەڵکی دروست دەکات.. کە خەڵکیش زیاتر پابەندی کۆمەڵگەی خۆ دەبن، لەبەر ئەوەیە ئەندامییەتی لەو کۆمەڵگەیەدا جۆرە ئاسودەییەکی دەروونی پێ دەبەخشێت کە یەکێکە لە پێداویستییە دەروونییەکانی خەڵك، هەر ئەمەش وا لە تاك دەکات خۆ بە خۆ جۆرە بەهایەك بە کۆمەڵگەکەی خۆ بدات، کە لە کۆمەڵگەکانی تری جیا بکاتەوەو بە زیاتری بزانێ و هەر جۆرە هەڕەشەیەك بۆ سەر کۆمەڵگەکەی بە هەڕەشەی ڕاستەوخۆ بۆ سەر خۆی بزانێت، بۆیە بوونی کۆمەڵگەیەك یا چەند کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە کۆمەڵگەکەی خۆی، کافییە بۆ ئەوەی خۆبەخۆ جۆرە هەستێکی نیگەرانیو دڵە ڕاوکێی لە لا دروست بکات، کە مەگەر هەر وابەستەگی جڤاتی کە خۆی لە ناسنامەی نەتەوەییدا دەنوێنێ، کەوی بکاتەوە.

وەکو دەردەکەوێ کاتێ کە گەل یان کۆمەڵگە دەبێت بەسەرچاوەی هێزو وابەستەگی تاك، ئامادەییەکی زیاتری بۆ دژایەتی کۆمەڵگە یان گەلانی تر لا دروست دەبێت، بۆ دەروویەك دەگەڕێ کە بەر بۆ هەستە متبووەکانی دژی کۆمەڵگەیەکی تر یان کەسێك کە نوێنەرایەتی ئەو کۆمەڵگەیە بکات، بەر بدات. جا کاتێ کۆمەڵگەیەك بە گشتی بەم حاڵەتە بارگاوی ببێ و ئامادە بێ بۆ ئاڕاستەکردنی هەستە متبووە شەڕانییەکانی خۆی دژی کۆمەڵگەیەکی دی، ئەوا تەعەسوبی نەتەوەیی دەبێتە باشترین کەناڵ بۆ دەربڕینی ئەمجۆرە هەستانە، ئەم تەعەسوبو وابەستەگییە توندە ڕێگە بۆ چەمکی میتافیزیکی ناسنامەی نەتەوەیی خۆش دەکاتو برەوی پێ دەدات.. لە کاتێکا خویایە کە ئەمجۆرە هەستە دوژمنکارییە لە خوێنی هیچ کەسو کۆمەڵگەیەکدا نییەو خووی شیری نییە،

بەڵکو زادەو بەرەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتی‌و ئەو ژینگەو قۆناغە مێژووییەیە کە تاك یان کۆمەڵی تیَ دەژی.. واتە دیاردەیەکی جێگیرو نەگۆڕ نییە، ئەمە جگە لەوەی جیاوازییەکی فرە هەیە لە نێوان وەلای نەتەوەیی‌و تەعەسوب‌و توند ڕەوی نەتەوەییدا، مرۆڤی ژیرو پوختە نەك هەر توند ڕەوی نەتەوەیی پیَ پەسند نییە، بەڵکو هیچ جۆرە توند ڕەوییەك قەبوڵ ناکات..

"٧"

ئەگەر لە باری سەرنجی سۆسیۆلۆژییەوە سەرنجی پێکهاتەی ناسنامەی نەتەوەیی بدەین دەبینین گرینگترین ڕەگەزی پێکهاتەی ناسنامەی نێو براو پاشخانی مێژووییە. جیاوازی ڕۆشنبیری‌و ناسنامەی نەتەوەیی لە نێوان کۆمەڵگەو میللەتاندا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی مێژوو- و ئەزموونی هەر کۆمەڵگە یا نەتەوەیەك.. واتە هەڵسەنگاندنی ڕۆشنبیری‌و ناسنامەێن نەتەوەیی دەبیَ لە چوارچێوەی پاشخانە مێژووییەکەیدا ئەنجام بدرێت نەك لە بەر ڕۆشنایی کۆمەڵێك مەحەك‌و پێوەرو پێوانەی موتڵەق‌و ڕەهادا. بیروبۆچوون‌و جیهانبینی‌و چەمك‌و بەهاو سیستەمان دەگەڵ ڕۆژگارو بە گوێرەی شوێنان دەگۆڕیَ، بۆیە دەبیَ لە کاتی هەڵسەنگاندنیاندا ئەو چوارچێوە مێژووییە ڕەچاو بکریَ کە تیایا ڕسکاوەو سەری هەڵداوە..

هەرچەندە هەر پاشخانێکی مێژوویی بنەمای تایبەتی‌و دیالیکتیکی تایبەتی خۆی هەیە.. بەڵام هەندیَ خاڵی هاوبەش یان لێکچووش لە نێوانیاندا هەیە. بۆ نموونە گۆڕان‌و ڕەوتی ناسنامەی نەتەوەیی، لە هەموو شوێنێکدا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی تەماسی ڕۆشنبیریی دەرەکی‌و ئەو کارلێك‌و گوشارەی ئەم تەماسە دروستی دەکات. بەبیَ توێژینەوەو تاوتویَ کردنی مێژووی ئەم تەماسە ناتوانین بە ئاسانی پەی بە تەبیعەت‌و سروشتی ناسنامەی نەتەوەیی‌و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا دێت، بەرین.. تەماسی

دەرەکی یەکێکە لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی گۆڕانو هیچ شارستانییەتێکی گەورەو ئاڵۆزو فرە لایەن بە بێ تەماسی دەرەکی دروست نەبووە..

واتە هیچ شارستانییەتێکی گەورەو ئاڵۆز، بەری هەوڵو تەقەللای ڕاستەوخۆی یەك میللەت یان کۆمەڵگە نییە، بەڵکو کۆمەڵگەو میللەتانی دیکەش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارییان لە بەرهەمهێنانیدا کردووە. چونکە هەر تەماسێکی شارستانی ئیجابی لە مێژوودا بگری، لە ئەنجامدا بووەتە مایەی داڕوخانو هەرەس هێنانی کۆمەڵێك سیستەمو چەمکی چەقبەستوو، چاوی خەڵکی کردووەتەوەو ڕێگەی گۆڕانی خۆش کردووە، بەم پێیە دەگەینە ئەم ئەنجامەی کە گۆڕان داینەمۆی بوونو ژیانەو هیچ شتێك لە دەرێی گۆڕاندا نییە، بۆیە دەبێ مێشکی خۆمان لە هەر بۆچوونو هزرینێکی میتافیزیکی ڕزگار بکەین...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:


١-حدود الهوية القومية، د.نديم البيطار- ٢٠٠٢.

٢-الفكر الواقعي عند ابن خلدون، ناصيف نصار- ١٩٨١.

٣-ساطع الحصري رائد المنحى العلماني في الفكر القومي العربي، تيخونوفا- ١٩٨٧.

## ٢٥- سایكۆلۆجیای دەسەلاٚت و جەماوەر

"١"

هەر دەسەلاٚتێك بگری، دیاردەیەكی سیاسی — كۆمەلاٚیەتی هەزار سەرو سەودایە، هەزارو یەك ڕووی ئاشكراو نادیاری هەیە. بەلاٚم ڕەنگە هەر هەموو ئەم سەروسەوداو ڕووانە لە سایەی دوو ڕووی سەرەكیو بنەڕەتیدا كۆببنەوە، یەكەمیان ئاشكرایەو لە ئایدۆلۆجیاو ئایدۆلۆجیابازیدا خۆی دەنوێنیو بەرجەستە دەبێت، دووەمیان نادیارو شاراوەیە كە لە سایكۆلۆجییەتی دەسەلاٚتدا خۆی دەنوێنێ.. هەڵبەتە هەر دەسەلاٚتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، زادەو هەڵقولاٚوی هەلومەرجی كۆمەلاٚیەتی- سیاسیو قۆناغی مێژوویی خۆیەتی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە جیاوازی لە نێو دەسەلاٚتەكاندا هەیە، بەلاٚم ئەگەر لە هێڵە گشتیو شتە ڕواڵەتییەكانیشدا جیاواز بن، ئەوا لە وردەكارییە پراكتیكییەكاندا خاڵی هاوبەشیان فرەیە. دەسەلاٚت بەو حەساوە كە دەكاتە چۆنییەتی مومارەسەی سیاسەتو سیاسەتیش لە هەردوو ڕووی شێوەو نێوەڕۆكەوە، پرۆسەیەكی دەستەجەمیو بە كۆمەڵە، بۆیە پێویستە بۆ مومارەسەكردنی سیاسەت (دەسەلاٚت) گەلێك یان دەستەو تاقمێك یان چینێكی كۆمەلاٚیەتی دیاریكراو هەبێ.

یانی هەر كاروكردەوەیەكی سیاسی بەندە بە بوونێكی كۆمەلاٚیەتیو لە دەرێی كۆمەڵدا بەرجەستە نابێت، خۆ ئەگەر بە زەبری گریمانەیەكی مەحاڵ ئەم حاڵەتە دروست بكرێ، ئەوا هەنگێ سیاسەت دەگۆڕێو دەبێت بە كردەوەیەكی ڕۆمانسییانەی تاكڕەوانەی دۆنكیشۆتی.. بۆیە هیچ سەیر نییە دەسەلاٚت هەموو هەوڵێكی خۆی بخاتە گەڕو خۆی بە هەموو مەیدانەكانی ژیاندا بكاتو بیانخاتە خزمەتی ئامانجە نزیكو دوورەكانی خۆیەوە. جا كە سیاسەتو دەسەلاٚت ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی بە جەماوەری خەڵكەوە هەیەو

کەرەستەو ئامرازێکی ئەوتۆی هەیە کە کار لە هەموو لایەن‌و مەیدانە سایکۆلۆجییەکانی دی بکات‌و بیخاتە ژێر ڕکێف‌و کۆنترۆڵی خۆیەوەو بە گوێرەی پێوەرو مەبەستەکانی خۆی ئاڕاستەو ڕابەرایەتی بکات، پێویستە جەماوەریش ئەوەندەی هۆشمەندی‌و ڕۆشنبیریی‌و ڕۆشنبینی سیاسی هەبێ، کە بتوانێ بەرگری لە خۆی و مافەکانی خۆی بکات، لایەنی کەمی ئاڕاستە سیاسییەکان بخوێنێتەوەو بزانێت کە دەسەڵات چی لە خەڵکی دەوێت، دەتوانێت چی بۆ بکات، تا بە قەناعەتەوە فەرمانی بە جێ بێنێ یان فەرمانی لە عاردی بدات‌و بە گژیا بچێتەوە..

دەبێ لە ئاستێکی هۆشمەندی ئەوتۆدا بێ کە سەرچاوەی هەندێ لە هەڵوێستەکانی، هەندێ لە بڕیارو هەندێك لە ڕەفتارەکانی بزانێت‌و لە هوشیارییەوە ئەو هەڵوێست‌و بڕیارو ڕەفتارانە هەڵسەنگێنێ‌و ڕەفز یان قبوڵیان بکات.. واتە جەماوەر بۆ ئەوەی کڵاوی دەسەڵاتی لەسەر نەکرێ دەبێ ڕۆشنبینی‌و جیهانبینییەکی سیاسی ئەوتۆی هەبێ کە پەی بە لایەنی کەمی سایکۆلۆجییەتی دەسەڵات ببات، چونکە هیچ دەسەڵاتێك لە بنەمای سایکۆلۆجی ئەقڵی بەدەر نییە، هەمیشە ئایدۆلۆجیا دەکات بە دەمامك‌و ڕووە سایکۆلۆژییەکەی خۆی پێ دەشارێتەوە کە سەرچاوەی ڕاستەقینەی دەسەڵاتەو وەکو ئامرازێکی کاریگەر لە کاتی پێویستدا، ئەوەندەی بارودۆخی دەستوری‌و بونیای ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی باو ڕێگە بدات‌و چەند ئەم بونیادە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو شێوازە بدات کە دەسەڵات بۆ بەڕێوەبردن‌و ڕابەرایەتی کۆمەڵگەو سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا، بەکاری دێنێ..

جا دەسەڵات بە گوێرەی هۆشمەندی‌و کەم هۆشی کۆمەڵگە، یان دەبێ ببێت بە ئیدارەیەك‌و لە سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا بە گوێرەی دەستوورو یاسا دامودەزگاکانی کۆمەڵگە بە ڕێوە ببات‌و یان لایەنە سایکۆلۆجییەکەی، واتە دیوە شاراوەکەی زاڵ دەبێت‌و ئایدۆلۆجیا، دیوە ئاشکراکەی وەلاوە دەنێت‌و دەسەڵات دەبێت بە هەموو شت، بە هەموو دەوڵەت، دەوڵەت دەکاتە دەسەڵات‌و دەسەڵات دەکاتە دەوڵەت، هەموو شتێکی وڵات بە

بەشەرو هەموو سەرچاوەکانی ژیانەوە دەخرێتە خزمەتی دەوڵەتو دەسەلأتەوە.. بەلأم هەموو دەسەلأتێك ئەگەر لە ترۆپکی هێزو پتەویشدا بێت هەمیشە جۆرە گومانێکی لایە، گومانێکی ترس ئامێز، ترس لە ئاسایشو تەناهی، دەخوازێت نەزمو نیزام وەکو سەعاتی میقات کراو بێت، هەمیشە خۆی بە هەق دەزانێت، دەیەوێ بە هەر شێوازێك بێ هەقانییەتی خۆی لە هزرو دەروونی جەماوەری خەڵکیدا ڕیشاژۆ بکات.

زۆرجار منەتی بەلاش بەسەر جەماوەری خەڵكو هاوولأتیاندا دەکات، زوڵمو زۆری ڕژێمی پێش خۆی بە چاوی خەڵکیدا دەداتەوە، غافڵە لەوەی هەر قۆناغێك پێداویستی خۆی هەیەو پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی خۆی بەرهەم دێنێ.. بۆیە لە بچوکترین سەنگەلایی پەیوەندییە باوەکان دەترسێتو هەر دەنگێکی ناڕازی کپ دەکاتەوە.. واتە هەموو دەسەلأتێك، ئۆپۆزیسیۆن ڕەفز دەکاتەوە، با خۆیشی لە ڕێگەی شۆڕشو ئۆپۆزیسیۆنکارییەوە جڵەوی دەسەلأتی گرتبێتە دەست، زۆر بە ئاسانی خیانەت لە ڕابردووی خۆی دەکات، ئەوە بیری خۆی دەباتەوە کە غیابی ئۆپۆزیسیۆن نیشانەی دکتاتۆرییەتە.. ڕەنگە زۆری نەهەق نەبێت ئەگەر ئەوە ڕەچاو بکرێ کە ئەم ڕەفزو ڕەفزکارییە لە خوێنی دەسەلأتدایە، بەشێکی لە جیابوونەوە نەهاتووی تەبیعەتو سروشتی دەسەلأتە، بەلأم دەبێ ئەوەش بزانرێ کە ئۆپۆزیسیونکاریش زادەو بەرەنجامی دەسەلأتە، هەموو دەسەلأتێك ماکی ئۆپۆزیسیون لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێتو بە دژەکەی خۆی کە ئۆپۆزیسیونە ئاوسە، بۆیە ئۆپۆزیسیون بەشێکە لە واقیعی دەسەلأت، لە واقیعی سەرکوتکاریو ملکەچاندنی خەڵك.

چونکە مرۆڤ بە تەبیعەت دژی ملکەچییە، دژی هەر جۆرە فەرمانبەرداریو گوێڕایەڵیو ملکەچییەکە ئەگەر لە باری دەروونیو ئەقڵییەوە بڕواو قەناعەتی بە ڕەوایی دەسەلأت وەکو هەقێکی شەرعی دەسەلأتدارو بە ڕەوایی گوێڕایەڵی خۆی وەکو ئەرکێك بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەقە نەبێت.. بۆیە هەموو دەسەلأتێك لە جەماوەر، لە یەکگرتنی

جەماوەر، لە جموجوڵی جەماوەر، وەکو هێزێکی شاراوە، کە لەگینە لە هەر ساتێکا لە دەسەلآت ڕاپەڕێو بەرەی لەژێر پێیان دەربێنێ، دەترسێت..

بۆیە هیچ دەسەلآتێك نەك هەموو حەقیقەتەکان ناخاتە بەردەستی جەماوەر، بەڵکو حەقیقەتەکانی بە نیوەچڵیو شێواوی دەخاتە بەردەست، بەمەش نەك هەر چەواشەی دەکات، بەڵکو مەسخو دێوانگۆڕیدەی دەکاتو بە ئاڕاستەیەکیدا دەبات کە دژی بەرژەوەندییەکانی جەماوەر بێتو بە قازانجی دەسەلآت بشکێتەوە.. هەڵبەتە جەماوەر لە ساو پەنای ئەمجۆرە دەسەلآتەدا ناتوانێ بە ئیمکاناتی ئاسایی خۆی هەموو حەقیقەتەکان بەدەست بێنێ، بۆیە زۆرجار لە ڕووی نەزانینەوە دژی بەرژەوەندی خۆی دەوەستێتەوەو هەندێ دروشمی بریقەدارو ڕواڵەتی لە خشتەی دەباتو سوکنابیەکی کاتی بە ناخی ناڕازی دەبەخشێت. بە ناوی ئۆپۆزیسیونەوە بەگەڵ ڕەوتێك دەکەوێت کە نەك بنەماکانی ئۆپۆزیسیونی تیا نییە، بەڵکو تەبیعەتی پێکهاتەکەی، تەبیعەتێکی سازشچییە، ئیدی کاتێ جەماوەر بە خۆی دەزانێ لە قەلو کۆتران بووە، ئیدی ئاستەنگو قەیرانی دیموکراتییەت سەرهەڵدەداتو جەماوەر هەر ئەوەندەی زەحمەتە هەست بەوە بکات خەڵەتێنراوە، ئیدی بە هیچ ڕاناوەستێو قۆناغی کش شاو شا مات دەست پێ دەکات...

"٢"

هەڵبەتە سیاسەت ڕێگەیە بۆ دەسەلآت. یەکێك لە تەبیعەتەکانی سیاسەت ئەوەیە کە هەر هەموو کایە ئایینیو دنیاییەکان بە ناوی هاوکاریو هاوئامانجیو یەکێتیی نەتەوەییو چینایەتیو پیشەیی بخاتە خزمەتی خۆیەوە، تا دەگاتە دەسەلآت، هەر کە دەگاتە دەسەلآت ئیدی حەزی بە هیچ جۆرە شەریکایەتییەك نامێنێو شەریکەکانی دوێنێی لێ دەبێت بە هەڤڕكو داوای جیابوونەوەیان لێ دەکات. ئیدی لە پێناوی بەرژەوەندی دەسەلآت، هەزارو یەك ڕێگەی پڕ پێچو پەنا دەگرێتە بەرو هەزارو یەك پاکانە بۆ هەقانییەتی داواکانی خۆی دادەتاشێتو لە ڕای بەرژەوەندی دەسەلآتدا لە هیچ جۆرە درۆو دەلەسەو پەیمانشکێنیو بێ

بەڵێنییەك ناپرینگێتەوەو وتە هەرە بە نێوبانگەکەی میکاڤیللی (١٤٦٩- ١٥٣٢) "لە ڕای مەبەست گشت نارەوایەك ڕەوایە" بە ئاشکراو بە نهێنی دەکات بە دروشمو ڕێنوێنی خۆی..

دیارە بە پێی ئەم پرەنسیپەی میکاڤیللی، سیاسەت ملکەچو پابەندی هیچ یاساو ڕێسایەکی ئەخلاقی نابێتو هیچ پەیوەندییەکیان لە نێواندا نابینیّ. ئیدی لێرەوە دەکەوینە نێو ئەو زنجیرە گێژەنگو گێژاوە هەڤدژە سایکۆلۆجییەوە کە میکاڤیللی بە زەبری واقیعبینی خۆی پێی گەیی.. بەمەش دەکریّ میکاڤیللی بە یەکێك لە پێشەنگەکانی بانگەوازی جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت لە لایەكو سیاسەت لە ئەخلاق لە لایەکی ترەوە دابنرێت.. ئەوەبوو هزرڤانانی ڕۆژئاوایی بەپێی زەرورەتی سیاسیو مێژوویيو هەلومەرجی کۆمەلاّیەتی خۆیان کەوتنە پەیڕەوی کردنی پرەنسیپی عەلمانییەت.. ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەرچە کردارێکی توندبوو لە هەنبەر گوشاری کلێساو دەستوەردانی ئاشکراو نهێنی لە سیستەمی دەسەلاّتی سیاسیو ئابوریو تەنانەت ئەم دەستوەردانە گەییە بوارە زانستییە ڕووتو چالاکییە ئەزموونگەرییەکانیش.

بۆیە جیاکردنەوەی سیاسەت لە ئەخلاقو وەسیلە لە ئامانجو مەبەست بوو بە ئاواتی شاراوەی هەموو دەسەلاّتێك، ئیدی ئەو باوەڕە چەسپی کە دەسەلاّت نە پابەندی ئەخلاقەو نە لە ڕای ئەخلاق، بە مانا باوە مەعنەوییەکەی ئەخلاق، تیّ دەکۆشێت، بەڵکو پابەندی بەرژەوەندییە چ گشتی بیّ چ تایبەتی.. بۆیە سیاسەت وەسیلەو حەرامیو حەلاڵی و ئەخلاقداریو بیّ ئەخلاقی وەسیلەی بەلاوە گرینگ نییە، بەڵکو ئەو مەبەستو ئامانجو قازانجو بەرژەوەندییەی بەلاوە گرینگە کە بە زەبری ئەو وەسیلەیە دێتە دی. چونکە سیاسەت لە مەیدانی پراکتیکدا ئەخلاقیاتی خۆی بەرهەم دێنیّو زۆرجاریش گەر بۆی بلویّ دەیگشتێنیّ..

"٣"

هەڵبەتە ڕیشاژۆبوونی دەسەلاّت، خەتای جەماوەری خەڵکیشی تێدایە، زۆرجار جەماوەری خەڵك دۆستو دوژمنی خۆی ناناسێت، ئەقڵی بە بەرژەوەندییەکانی خۆیدا

ناشکێت، نوێنەری ڕاستەقینەی خۆی ناناسێت، بۆیە کاتێ کە دەجمێ‌و دەیەوێت گوزارشت لە نارەزایی خۆی بکات، بە ناو بەرگری لە خۆی‌و مافەکانی خۆی بکات، جڵەوی خۆی دەداتە دەست سۆزو گودازان‌و دوور لە هەر هزرینێکی ئەقلانی لۆژیکی وەکو خێڵی قەلەموون خڕ دەبێتەوەو بێهودە بە یەکدا دێ.. دیارە هەر جەماوەرێك نەتوانێ‌و هەوڵ نەدات فێری ئەوە بێت بەرگری لە خۆی بکات هەر بۆ ئەوە باشە وەکو کۆیلە ڕەفتاری دەگەڵ بکرێت، بە درێژایی مێژوویش هەر وا کراوە. یان زۆرجار جەماوەری ناهوشیارو خێڵەکی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی‌و هاندانی بە ناو پێشڕەوانێکەوە کە بە قازانج‌و بەرژەوەندی خۆی‌و تاقمێکی خۆی ئاڕاستەی دەکات.

دیارە ئەو بە ناو پێشڕەوانە، ئەم سۆزو گودازەی جەماوەری ناهوشیار دەخوێننەوەو دەزانن کە جەماوەری کاڵفام‌و ناهوشیار ناتوانن بیربکەنەوەو ڕازین بەوەی یەکێك یان تاقمێك هەبێ ڕێبەرایەتییان بکات‌و لە جیاتی ئەوان گوایە بیر بکاتەوە!- ئەمە دەرهاویشتەی کۆمەڵگەی خێڵەکی‌و پاشکەوتووە- بۆیە ئەو بە ناو پێشڕەوە کە لە ناخدا کەسێکی دەسەڵاتخوازە لە جیاتی هزرو هزرینی لۆژیکی‌و واقیعی بگشتێنێ‌و بکات بە چرای بیرکردنەوەی خەڵکی، لە ڕێگەی دروشم‌و ئارمی بریقەدارەوە ڕۆحی فەتح دەکات‌و خۆی لە لای دەپیرۆزێنێ‌و بەمجۆرە لە سەرلێشێوان‌و گومڕاییەکی ئەوتۆوەی دەگلێنێ کە بە ئاسانی‌و زوو بە زوو لێی دەرنەچێت، تا درێژە بە تەمەنی دەسەڵات‌و دەسەڵاتداری خۆی بدات. دیارە گێلییەتی‌و سەرلێشێواوی جەماوەریش دیاردەیەکی بۆماوەیی‌و هەمیشەیی نییە، پەیوەندی بە ژینگەی کۆمەڵایەتی‌و قۆناغی مێژوویی خۆیەوە هەیە، بە گوێرەی گۆڕانی ژینگەو قۆناغ دەگۆڕێت، دەسەڵاتبازان ناتوانن هەتا سەر چەواشەی بکەن‌و بە قازانجی خۆیان ئاڕاستەی بکەن..

بۆ نموونە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، لە زۆر وڵاتێن جیهاندا جەماوەر دەنگ‌و سەنگ‌و هێزی خۆی هەیەو چاودێرێکی کاریگەرە بەسەر دەسەڵات‌و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی دەسەڵات‌و بە تۆبزی خۆی دەکات بە شەریکی بەڕێوەبردنی دەسەڵات.. بەڵام وێڕای ئەوەش

ئەگەر بە وردی زەینی باری دەروونیو سایكۆلۆژی جەماوەر بدەین، بە تایبەتی كاتێ كە دەجمێ و كۆدەبێتەوە، دەبینین هاروژانو یەكێتییەكەیان زیاتر سۆزداریو كاتییە، زۆربەی كات كە تاك بە گەڵ جەماوەر دەكەوێ، جڵەوی هۆشمەندی شەخسی لەدەست بەر دەبێت و خۆی لە بیر دەكاتو گیانی سەركێش و تۆسنی جەماوەر لەگەڵ خۆیدا ڕایدەماڵێ. بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە كە جەماوەر هێز نییە، با، هێزەو هێزێكی خەتەریشە چونكە یەجگار سازو ئامادەیە بۆ هەر مومارەسەیەكی پڕاكتیكی، كە دوور نییە تەختو بەختی دەسەلاّتی ڕۆژ وەربگێڕێو وەرچەرخانێكی گەورە، چ باش چ خراپ لە مێژوودا دروست بكات.

بۆیە دەبینین تا ڕۆژگاری ئەمڕۆكە لە زۆر شوێنی دنیادا، دەسەلاّتە دكتاتۆریو سەركوتكارییەكان، ئەگەرچی لە دڵی خۆدا هەڵوێستی جەماوەر بە نا ئەقلاّنی دەزانن، بەلاّم كە ڕووبەڕووی غەزەبو خرۆشانی جەماوەر دەبنەوە، پشی پشییەكی فرەی بۆ دەكەنو بە ڕواڵەت دان بە هەقانییەتو ڕەوایی داواو هەڵوێستیاندا دەنێنو بە قسەی لوس دایان دەمركێننەوەو بە دروشمی پوچەڵ بە ئەقڵیان پێدەكەنن، هەروەها غافڵن لەوەی بەم كارەیان درێژە بە تەمەنی دەسەلاّتی پڕ شەرمەزاری خۆیان دەدەن، جا ئەمە دیاردەیەكە لە تەبعو تەبیعەتو سایكۆلۆجییەتو ڕەفتاری هەر دەسەلاّتێكی سەركوتكاریو دكتاتۆریدا هەیەو لە ڕای مەبەستدا گشت ناڕەوایەكی پێ ڕەوایە.

"٤"

دەسەلاّت هەرچییەك و هەر چۆنێك بێ، لە ئەفلاّتونەوە بیگرە تا دەگاتە میكاڤیللی، لە ئەسیناوە بۆ ڕۆما، لە نازییەتەوە بۆ فاشییەت، لە لیبراڵییەتەوە تا كۆمۆنیزم، لە دەسەلاّتی ئاینییەوە بۆ دەسەلاّتی مەدەنی، لە وابەستەگی ئاینییەوە بۆ وابەستەگی ئەتنی، لە ڕۆژهەلاّتەوە بۆ ڕۆژئاوا، لەو خاڵەدا لە یەكدی دەچن یان لێكدی نزیك دەبنەوە كە لەسەر بناغەیەكی دەروونی ئەقڵی ڕۆنراون و ئەو بنەماو بناغەیە ئاڕاستەو سەمتە هزرییە

سیاسییەکەیان وسیستەمی کارکردنەکەیان و جۆرو چۆنییەتی ئەو دەسەلاٌتەو مومارەسەی دەسەلاٌتەکە دیاری دەکات و لەبارترین ڕێگە بۆ وەدیهاتنی چۆنییەتی دەسەلاٌتەکە دیاری دەکات. دیارە دەسەلاٌت هەندێك لەم لایەنانە دەخاتە ڕوو- و ئەوجا دێت لە چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆجی سیاسی، ئابوری کۆمەلاٌیەتیدا دایدەڕێژێتەوەو کاری لەسەر دەکات و زۆر شتیش دەشارێتەوە بۆ ئەوەی ناوبەناو بە گوێرەی قۆناغی پێویستییەکانی خۆی وەکو هەلوٌێست و بڕیارو پرۆژە بەرەبەرە دەریان بخات تا لە لایەکەوە ڕووی خۆی پیٌ بڕازێنێتەوەو لە لایەکی ترەوە بیکات بە دێوجامەی ڕاوە جەماوەرو ڕەواندنەوەی توڕەیی و غەزەبی خەلکٌی و زەمینە بۆ قەبولٌ کردنی سیاسەتی دەسەلاٌت خۆش بکات، ژینگەیەکی سایکۆلۆژی ئەوتۆ بۆ خۆی بخولقٌێنیٌ کە لەوێندەرەوە تیٌ هەلچٌیٌ و هزرو مەرامە تایبەتییەکانی خۆی لە قالبٌی واقیع و پەیوەندییان و دامودەزگایاندا دابڕێژیٌ و ئەو کۆمەلگٌەیەی پیٌ بەڕێوەبەریٌ کە گەرەکییە حوکمی بکات.

ئیدی دەسەلاٌت- بە گوێرەی ئەوەو لەبەر ڕۆشنایی ئەوە- سیستەمی سیاسی و ئابوری و هەروەها ئایدۆلۆجیای خۆی هەلدٌەبژێریٌ و لەسەر جۆرە حوکمێك دەگیرسێتەوە کە بشێت بە گوێرەی ئەو سیستەمە و بەپێی ئەو ئایدۆلۆجیایەی هەلیٌ بژاردووە مومارەسەی بکات و کۆمەلگٌەی پیٌ بەڕێوەبەریٌ و کۆنترۆلیٌ بکات.. ئیدی حەقیقەت و ماهییەتی دەسەلاٌت لە میانەی ئەو سیستەمەوە کە هەلیٌ بژاردووەو لە میانەی جۆری حوکم کردنەکەیەوە بە دیار دەکەویٌ کە ئاخۆ دەسەلاٌتێکی باشە یان خراپە، دادپەروەرە یان زالمٌ، هەروەها ئەو تایبەتمەندییە سایکۆلۆجی و ئەقلٌییەش بە دیاردەکەویٌ کە لە پشتییەوە وەستاوەو ئاڕاستەو ڕێبەرایەتی دەکات.

ڕاستە هەر دەسەلاٌتێکی سیاسی یان ئابوری یان کۆمەلاٌیەتی، سایکۆلۆجییەتی تایبەتی خۆی هەیە، کایەیەکی دەروونی ئەقلٌی تایبەتی هەیە کە لە سایکۆلۆجییەتەکانی تری جیا دەکاتەوەو هەریەکێکیان لە مەدارێکی دەروونی کۆمەلاٌیەتیدا بەرجەستە دەبێت و دەردەکەویٌ و دەیەویٌ لەوێوە خۆی بەسەر مەوداو کایە دەروونییە کۆمەلاٌیەتییەکانی

دیكەو دەوروبەریا بسەپێنێ، بە تایبەتی ئەو مەوداو كایانەی كە لە خۆی كەم دەسەڵاتترن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا كۆمەڵێك خەسڵەت و سیمای دەروونی ئەقڵی هاوبەش هەیە، ڕەنگە لە هەموو دەسەڵاتەكانداو لای هەر دەسەڵاتدارێك و كەسێكی ناو دەسەڵاتدا دووبارە ببێتەوە، ئیدی ئەو دەسەڵاتە هەرجۆرێك بێت و ئەو دەسەڵاتدارە لە هەر پلەو پایەیەكدا بێ و مومارەسەكردنی دەسەڵاتەكەی هەر چۆنێك بێت..

***بۆ نموونە هەموو دەسەڵاتێ هەوڵ بۆ سەقامگیری و بەردەوامبوون لە دەسەڵاتدا دەدات، دەیەوێ خەڵكی بخاتە ژێر ڕكێف و كۆنترۆڵی خۆیەوەو بەلای خۆیدا ڕایان بكێشێت و نەیاران و ئۆپۆزیسیۆن و نارازییان لە دەسەڵات بە هێزو فێڵ و بە هەڕەشەو بە دەم چەوركردن سەركوت بكات، لە خشتەیان بەرێت،*** چاوبەستەكێیان لێ بكات و بێدەنگیان بكات. هەروەها بەرگری لە ئاسایشی دەسەڵات و داكۆكی لە بەرژەوەندییەكانی دەسەڵات و هەوڵدان لە پێناوی وەدیهاتنی ئامانج و مەرامەكانی دەسەڵات لە چوارچێوەی ئەو واقیعەدا كە حوكمی دەكات، لە خەسڵەتە هاوبەشەكانی هەموو دەسەڵاتەكانە.

دیارە لە كۆی ئەم خەسڵەت و سیما سایكۆلۆجی ئەقڵییە هاوبەشەو لە كۆی ئەو ئەنگێزەو هاندەرو ئەزموونە دەروونی ئەقلانیانەی یەك دەسەڵاتەوە ئەو شتە دروست دەبێت كە پێی دەگوترێت سایكۆلۆجییەتی دەسەڵات..

## "٥"

هەڵبەتە جڵەوی هەموو دەسەڵاتێك لە دوا ئەنجاما دەگەڕێتەوە بۆ تاك.. واتە بۆ سەركردە، بۆ پێشەوا، بۆ سەرۆك.. یان بۆ ئەندامانی ئەنجومەن.. ئەندامانی لیژنە، یان بۆ دەستەیەك، وەك: حیزب، چین، تایفە، تیرە. واتە ***هەموو دەسەڵاتێك بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی سایكۆلۆجییەتی ئەو تاك یان دستەو ئەنجومەن و لیژنانەیە كە مومارەسەی دەسەڵاتەكە دەكەن،*** واتە سایكۆلۆجییەتی هەر دەسەڵاتێكی دیاریكراو لە ڕاستیدا دەكاتە سایكۆلۆجییەتی ئەو تاك و ئەنجومەن و لیژنانەی كە لە

دەسەڵاتدان.. دەسەڵات دەکاتە چۆنییەتی بەکارهێنانی سیاسەت بەو شێوەو شێوازەی کە دەسەڵاتەکە ڕەنگی دەڕێژێ و دەیەوێ، بۆیە هەر هەموو سیما بنەڕەتی و خەسڵەتە تایبەتییەکانی دەسەڵات، لە بڕیارو هەڵوێستەکانیا ڕەنگ دەداتەوە، لە ڕەنگ ڕشتنی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەیدا ڕەنگ دەداتەوە، جۆری پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەگەڵ هاوولاتیاندا چ ئەوانەی دەگەڵێن و چ ئەوانەی دەژین، دیاری دەکات و هەموو دامودەزگاکانی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە شەقڵ و مۆرکە سایکۆلۆژی ئەقڵییەکەی دەسەڵاتی ناڤبری وەردەگرن و دەسەڵات هەوڵ دەدات سەراپای ژیان لەو دەڤەرەدا کە حوکمی دەکات، بە بیرو بۆچوون و خولیاو خۆزیاو وێناو تەسەورات و پێداویستییە مەتریالی و ئایدیالییەکانەوە لە قالبی ڕەهەندە سایکۆلۆژی ئەقڵییەکەی خۆی بدات، تا سەقامگیرییەکی نەگۆڕو گوێڕایەڵی و ملکەچییەکی ئەوتۆ مسۆگەر بکات کە ئاوات و ئامانجەکانی بۆ بێننە دی و هەر شەبەنگ و تاپۆیەکی ئۆپۆزیسیۆن و یاخیبوون و ڕاپەڕینی لێ دوور بخەنەوە.

جا بۆ لێکدانەوەو لە بنج و بناوانکردنی ئەنگێزەو هۆکارو ڕایەڵە نادیارەکانی هەر هەڵوێست و بڕیارێکی دەسەڵات، دەکرێت پەنا وەبەر ڕەهەندو مەودای سایکۆلۆژی ئەقڵی ئەو دەسەڵاتە ببرێ.. خۆ زۆر جاریش دەشێت گرینگترین خەسڵەت و سیمای سایکۆلۆژی دەسەڵات لە کەسایەتی یەك کەسدا بەرجەستە ببێ، هەڵبەتە نموونەی ئەمە لە مێژوودا بە زەقی و ڕوونی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارو کاروکردەوەی گەلێك لەو کەسایەتییانەی کە گەییونەتە دەسەڵات ڕەنگی داوەتەوەو شەقڵی سایکۆلۆژی ئەقڵی خۆیان بە دەسەڵاتی قۆناغی خۆ بەخشیوە، لەوانە: مۆسۆلینی لە ئیتالیا، هیتلەر لە ئەڵمانیا، ستالین لە یەکێتیی سۆڤییەت، فرانکۆ لە ئیسپانیا و سالازار لە پرتوگال و زۆری دی لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواو هەرچوار نکالی ئەم دنیایە.

"٦"

دیاره ئەم دیاردەیە هێشتاش لەو وڵات و کۆمەڵگەیانەدا کە پەیوەندی خێڵەکی تیایاندا زاڵە، برەو و باوی خۆی هەیە. چونکە ***خەڵکانی سادەو ئەقلییەت دەشتەکی دەسەڵاتداران زۆر لەوە زیاتر دەبینن کە هەن،*** بە تایبەتی کە کەناڵی ڕاگەیاندنیش بە ناوی بانگەشەوەو لەژێر پەردەی بانگەشەوە زیاد لە پێویست دەیانڕازێننەوەو مکیاجیان دەکەن و لە ئەفسوون و خەرمانەی وایان دەگرن کە وەکو ڕەمزو فریاڕەس بێنە بەرچاو و بێ هیچ لێکدانەوەو دوودڵییەك تێکڕای کاروباری وڵاتی بدەنە دەست و ببێ بە هەمەکارەو هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و بەرە بەرە ڕەمزییەت پەیدا بکات، نەك هەر ببێ بە ڕەمزی کەسایەتی دەسەڵات، بەڵکو ببێت بە خود و جەوهەری دەسەڵات و هەموو تایبەتمەندی و خەسڵەتە سایکۆلۆجییەکانی دەسەڵات لەم کەسایەتییەدا کۆببێتەوەو وێڕای بەشداری ڕواڵەتی گەل لە دامودەزگا دەستورییەکان لە حوکمدا، هەر خۆی قەرارسازبێ و ڕابەرایەتی و ڕێنوێنی کۆمەڵگە بکات و فەرمانی ئەو فەرمانی دەسەڵات بێ و بە هیچ هەنجەت و بیانوویەك لە عاردی نەدرێت.. دیارە لەم حاڵەدا هەڵوێستی دەسەڵات لە کاریگەرییە سایکۆلۆجییەکانی ئەم کەسایەتییە بەدەر نابێت، بە تایبەتی لە مەیدانە هزری و ڕامیاری و ڕاگەیاندنەوانییەکاندا، بۆیە ئەو هەڵوێست و بڕیارانەی بە ناوی دەسەڵاتەوە وەردەگیرێن و دەدرێن لە زاتییەت و تاکڕەوی و خۆپەرستی بەدەر نابن و دەشێ لەبەر ڕۆشنایی بارە دەروونییەکانی دەسەڵاتدارا ورد بکرێنەوە.

هەڵبەتە دەشێت سایکۆلۆجییەتی دەسەڵاتێکی دیاریکراو لە چەند کەسێکدا، میناکی: ئەنجومەنی سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی، لیژنەو کۆمیتەی حیزب.. یان لە دامودەزگای دەستوری قانوونی کارگێڕیدا بەرجەستە ببێت، کە خەسڵەت و تایبەتمەندییە پێکهێنەرەکانی سایکۆلۆجییەتی دەسەڵات بەسەر تێکڕای ئەم دەزگا دەستورییانەدا دابەش دەبێت وشەقڵی یەك کەس یان یەك کەسایەتی وەرناگرێت، ئەگەر ئەو کەسایەتییە خودی

سەرۆکیش بێت. ئەمە زیاتر لەو ڕژێم و دەسەڵاتانەدا دەردەکەوێ کە بەڕاستی لەسەر هێم و بناغەیەکی دەستووری یاسایی واقیعی پراکتیکی هاتبێتە دامەزراندن، لەم حاڵەدا دەسەلات بۆ خۆی دەگۆڕێت و دەبێت بە یاساو ئیدارەو کەسایەتی دەسەلاتدار دەستبەرداری دەوری مێژوویی خۆی لەسەر شانۆی ڕووداوەکان دەبێت.

واتە خودی دەسەلاتدار لە پرۆسە دەستورییە قانونییە ئیدارییەکە وەکو سیستەم ڕەنگ ناداتەوە. یانی لێرەدا سایکۆلۆجییەتی دەسەلات، سایکۆلۆجییەتی ئەو کەس و کەسایەتی و تاکانە نییە کە لە دەسەلاتەکەدا کاردەکەن. چونکە ئەو کەسەی کە فەرمان و ئەمری دەسەلات جێبەجێ دەکات، هەر کە بە پراکتیکی داخلی پرۆسەی جێبەجێکردن بوو، ئیدی بیروبۆچوونی خۆی فەرامۆش دەکات، قەناعەتە شەخسییەکانی وەلاوە دەنێت و باری دەروونی خۆی لەبیر دەباتەوە، وەك بلێی دەچێتە پێست و قالبی کەسایەتییەکی ترەوەو تا لە کارەکەی نەبێتەوە ناگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی. بۆیە زۆرجار دوای ئەوەی کارێك دەکات کە لێی ڕازی نییە، یان بە هەڵەو خەتایەکەوە دەگلێ، بەوە بەرگری لە خۆی دەکات، کە ئەوەی کردوویەتی بە ئەمری دەسەلات و بۆ دەسەلاتی کردووەو تەنیا بابایەکی جێبەجێکار و مامور بووە.

بۆیە ***هەندێك لە سەرانی دەسەلات ئەو خەڵکە دوودڵ و ڕاڕایانە، ئەوانەی گومان لە گوێڕایەڵی و دڵسۆزییان دەکەن، لە خۆ نزیك دەکەنەوە، تەماحیان دەخەنە بەر، پۆست و پلەو پایەی گەورەی بە ڕەونەقیان دەدەنێ، تا لێیانەوە نزیك بن و هەمیشە لەبەرچاو بن*** و پاشان لە کاری ئەوتۆیانەوە بگلێنن کە ببن بە بەشێك لە دەسەلات. وەك ئەوەی کاری نائاساییان بۆ دەسەلات پێ بکەن، کاری ناقانونییان دژ بە خەڵکانی دەرێی دەسەلات، یان ناڕازی لە دەسەلات پێ بکەن، یانی ***بەجۆرێك تێوەیان بگلێنن کە نەتوانن دەستبەرداری دەسەلات بن، نەتوانن دوای ئەوەی دەسەلات دادەدۆشن وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچن و هەرچی خراپەکاری نا یاسایی و نا ئاسایی و خەتاو تاوان هەیە، بیدەنە پاڵ دەسەلات و بکەونە هەڵوێستفرۆشی نیشتمانی و نەتەوەیی..***

بەڵێ بە جۆرێکیان بە دەسەڵاتەوە دەبەستنەوە کە هەرگیز نەتوانن دەستبەرداری بن و هیچ چارێکیان نەمێنێ، تەنیا بەردەوامبوون دەگەڵ دەسەڵات و ڕەوتی دەسەڵاتدا نەبێت، تەنیا گوێڕایەڵی و ملکەچییان بۆ بمێنێتەوە، چونکە دەبن بە بەشێك لە دەسەڵات و زەرەرو قازانجی دەسەڵات بە هی خۆیان دەزانن.. بگرە هەندێجار ئەو ***تاکانە هەرکە بەگەڵ دەسەڵات کەوتن ئیدی لە خۆیان دەگۆڕێن و دەچنە پێستی کەسایەتییەکی تازەوەو جلی دەسەڵات دەپۆشن.*** خۆ ئەگەر بەخۆشی نەیەوێ ئەو دۆخە گۆڕکێیە بکات، خەڵکی بۆ ئەوەی هاندەدەن و داوای لێ دەکرێ کە بە گوێرەی پێویستییەکانی پۆست و پایەی تازە ڕەفتار بکات و ***وای دەبەنە مێشکەوە کە بە هەقی خۆی و بە توانای خۆی گەییوەتە ئەو ئاستە***و هەرچەند هاوار بکات لالە حەمە نییە، هەر لالە حەمەیە و کاتێ بە خۆی دەزانێ بە جۆرێ ئاوێتەی دەسەڵات بووە کە ناتوانێت بە خەیاڵیش لێی جیا بێتەوە. ئیدی هەموو خەمێکی دەبێت بەوەی کە سەرووی خۆی لێی ڕازی بێت و بۆ ئەمەش هەرچی خەڵك و خوا پێیان ناخۆش بێت دەیکات.

"٧"

هەر دەسەڵاتێك بگری هەوڵی ئەوە دەدات وێناو تەسەورو بۆچوونە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی لە قاڵب و چوارچێوەی بەرنامەیەکی دیاریکراودا بخاتە ڕوو، هەروەها بە شێوازی تایبەتی خۆی کار بۆ وەدیهاتنیان بکات. کۆی ئەو تەسەورو بۆچوونانەش دەکاتە ئایدۆلۆجیا، ئایدۆلۆجیاش یان بەرهەمی دەسەڵاتەکەیە یان وەرگیراوەو لە قاڵبی دامودەزگاو ئۆرگانە دەوڵەتی و حکومەتییەکان دراوەو دەسەڵات بە گوێرەی نۆڕین و بەرژەوەندی و شرۆڤەو لێکدانەوەو بنجۆڕی خۆی یاساو ڕێساو فرمانی بۆ دادەڕێژێ و کار بۆ جێبەجێکردنی دەکات و دەیەوێ ئایدۆلۆجیای خۆی بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا بسەپێنێ کە حوکمی دەکات و وابنوێنێ کە ئەمە ئایدۆلۆجیای زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری خەڵکیە..

واتە دەسەڵات لە ڕێگەی دامودەزگاو ئۆرگانە حکومەتی و دەوڵەتییەکانەوە دەیەوێ شەرعییەت بەو ئایدۆلۆجیایە بدات و موریدو دەروێشێکی ئەوەندە زۆری بۆ پەیدا بکات، وا بێتە بەرچاو کە ئایدۆلۆجیای جەماوەری خەڵکە.. و بەمەش دەسەڵات دەکاتە نوێنەری ڕاسەقینەو شەرعی جەماوەری خەڵك. بەم پێیە ئایدۆلۆجیا دەکاتە ڕووە ئاشکراکەی دەسەڵات و هەموو حەقیقەتەکانی دەسەڵات نانوێنێ.. جا وەکو چۆن هەموو سیاسەت و دەسەڵاتێك بە ئایدۆلۆجیا ئاوس و بارگاوییە، هەموو ئایدۆلۆجیایەکیش مەیل و نۆڕینێکی سیاسی هەیەو چاوی لەوەیە لە ئەنجامدا بگاتە دەسەڵات، هەر هیچ نەبێت لە پێناوی جێبەجێکردن و پڕاکتیزە کردنی مەیل و نۆڕین و بۆچوونە سیاسییەکانی خۆیدا..

دیارە هەر ئایدۆلۆجیایەك بڵێ چاوی لە دەسەڵات نییە و هەوڵ بۆ دەسەڵات نادات، ئەمە جۆرە چاوبڕاو و خۆشاردنەوەیەکە بۆ غافڵگیرکردنی هەڤرکەکانی خۆی، چونکە هیچ ئایدۆلۆجیایەك نییە خەڵکی لە پێناوی هیچدا بەسیج بکات و سازبدات، یان جێگەی بنکەیەکی ڕۆشنبیریی ڕووت بگرێتەوەو کار بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و مەعریفەت بکات. چونکە ئایدلۆجیا لە کرۆك و جەوهەردا هزرێکی پڕاکتیکی بەسیجکارییە (تعبئوی)، خەڵکانێك ئامادەو سازدەکات بۆ پاراستنی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە یان گۆڕینی بۆ باشتر..

دیارە دەسەڵات بە زەبری ئەم ڕووە دیارە، واتە بە زەبری ئەم ئایدۆلۆژیایە پاکانە بۆ مومارەسە سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیریی و تەناهییەکانی خۆی دەکات و بە گوێرەی توانا لە نێو خەڵکیدا ڕیشاژۆی (ئایدۆلۆژیا) دەکات و دەیکات بە چەکێك بۆ بەرگری لە قەوارەو مان و بەردەوامبوونی خۆی لە دەسەڵاتدا.. هەڵبەتە دەسەڵات ئەم ئایدۆلۆژیایە دەکات بە ڕەمزو سومبلێکی خۆی وەکو دەسەڵاتێکی خودان ئایدۆلۆژیا، خودان هزروبیر، خۆی پێوە بادەدات.. شەرعییەتی خۆی پێ ڕیشاژۆ دەکات، تا خەڵکی زیاتر لە دەوری ئەم ئایدۆلۆژیایە خڕببنەوە، گێچی شەرعییەتی دەسەڵات بەرزترو زیاتر دەبێت. شەرعییەت پەیداکردن یەکێکە لە کەڵکەڵەو خەمە سەرەکییەکانی هەر دەسەڵاتێك. چونکە

هەردەسەلاَتێك بە نیازی بەردەوامبوون بێت، خۆبەخۆ هەست بەوە دەكات ناتوانێت بە بێ بناغەیەكی پتەو بەردەوام بێت و یەكێك لە مەرجەكانی بەردەوامی دەسەلاَت ئەوەیە كە تەنیا پشت بە هێزو زەبرو زەنگ و خۆسەپاندن نەبەستێت، بەڵكو كارێك بكات كە خەڵك و قەوارە سیاسییەكان خۆبەخۆ قەبوڵی بكەن. هەروەها بیسەلمێنێ كە دامودەزگایەكە شەرعییەت و ڕەوایی خۆی لە ڕەزامەندی خەڵكییەوە وەرگرتووە.

بەلاَم دەسەلاَت زۆربەی كات ئایدۆلۆژیا وەكو پەردەیەك بەكاردێنێ، بیەوێ هەرشتێك دەربكەوێ پەردەكەی لەسەر لادەدات و بە پێچەوانەوە نەیەوێ شتێك دەربكەوێ پەردەپۆشی دەكات و ئیدی لێرەوە نەك هەر دووڕوویی و دووفاقی بگرە هەزار ڕوویی دەسەلاَت دەست پێ دەكات و خەڵكانێكی هوشیاری دەوێ كە حەقیقەتە پەنهان و نادیارەكانی دەسەلاَت، یانی باری سایكۆلۆژی دەسەلاَت بخوێننەوە، چونكە بمانەوێ و نەمانەوێ هەردوو باری ئایدۆلۆژی و سایكۆلۆژی هەردەسەلاَتێك لە كارلێكی بەردەوامدان، ئیدی چ كارلێكی ئەرێنی بێ یان نەرێنی..

هەركاتێ ئایدۆلۆژیا، واتە ڕووە ئاشكراكەی دەسەلاَت دەگەڵ سایكۆلۆژیا، واتە ڕووە پەنهانەكەی دەسەلاَتدا، كە لە بنەڕەتدا بریتییە لە هەوڵی دەسەلاَت بۆ خۆسەپاندن و دەسەلاَتڕانی و سەقامگیری و بەردەوامی لە دەسەلاَت و ڕەفزكردنی هەر بەرهەڵستكارییەك لە هەنبەر هەڵوێست و كارو بڕیارەكانی خۆیدا، با ئەو بەرهەڵستكارییە هەمان ئایدۆلۆژیای دەسەلاَتیشی هەڵگرتبێ، تێك نەكاتەوە ئیدی جۆرە سەنگەلاییەك دەكەوێتە نێوان سایكۆلۆژیاو ئایدۆلۆژیای دەسەلاَتەوە، دەكەوێتە نێوان لۆژیكی دەسەلاَت وەكو دەسەلاَت و لۆژیكی ئایدۆلۆژیا وەكو ئایدۆلۆژیا و، دەسەلاَت تووشی ئینفیسام دەبێت، لە ڕووی فەرمییەوە دەگەڵ ئایدۆلۆژیادایە و لە ڕووی سایكۆلۆژی و دەروونییەوە بەشەرمەوە ژێراوژێر دژی ئایدۆلۆژیا دەوەستێ.

بە تایبەتی ئەگەر بزانێ ئەم دژایەتییە لە قازانج و بەرژەوەندی خۆیدایەو خزمەتی مەرامەكانی دەكات و ئامانجەكانی دێنێتە دی. بۆیە دەسەلاَت لەو حاڵەتانەدا كە

ئایدۆلۆژیا فریای ناکەویٚ و ئاوات و ئامانجەکانی نایەنیٚتە دی، پەنا وەبەر هەلٚویٚست و بڕیارو ئیجرائاتی سیاسی یان ئابوری یان تەناهی یان سوپایی ئەوتۆ دەبات کە نەك دەگەلٚ ئایدۆلۆژیادا تیٚك ناکاتەوە، بەلٚکو هەندیٚجار دژیشی دەوەستیٚ. بۆیە دەسەلاٚت هەندیٚجار هەمان ئایدۆلۆژیا بۆ خزمەتی ئاوات و ئامانجە سایکۆلۆژییەکانی خۆی بەکاردیٚنیٚ و بە جۆریٚك ڕاڤەو شرۆڤەی دەکات و لە مەیدانی پڕاکتیکیدا بەکاری دیٚنیٚ، کە پیٚداویستی و مەیل و ئارەزووە سایکۆلۆجییەکانی بیٚنیٚتە دی و تیٚرو پاراوی بکات.

"٨"

ڕەنگە ئەگەر بلٚیٚین چ شتیٚك لە دەریٚی میٚژوودا نییە نەبیٚت بە زیٚدەڕۆیی، بەلٚکو ئاماژەش بیٚت بۆ ڕۆلٚی هەرە مەزنی میٚژوو لە پیٚکهاتەی کۆمەلٚگەدا. میٚژووش تەنیا ڕابردوو نییە، بەلٚکو ئیٚستاو داهاتووشە، ئەو زەمەنانە بە جۆریٚك ئاویٚتەی یەکدی دەبن و دەکەونە حالٚی کارلیٚك و تەماسەوە ئەگەر هاویٚرکردنیان مەحالٚ نەبیٚت ئەوا گەلەك ئەستەمە. چونکە میٚژوو پڕۆسەیەکی بەردەوامە و لە گەشەکردن و گۆڕانی بەردەوامدایە و زیندوویەتی خۆی لە ڕووداو و دیاردە زیندووەکانی شویٚنکاتەوە وەردەگریٚت و تاریخییەتیان پیٚ دەبەخشیٚت. هەلٚبەتە مرۆڤ قارەمانی سەرەکی و کاریگەری ناو داستانی چڕوچوغوردی میٚژووە.

ئەم قارەمانەش بە تەبیعەت و سروشتی خۆی بوونەوەریٚکی گۆڕانپەزیٚرو گۆڕانخوازە. چونکە خودان هزروبیرە، هەمیشە عەودالٚی زانین و مەعریفەتە و کەلٚکەلٚەیەکی هەمیشەیی کەشفکاری و داهیٚنانی هەیەو سەوداسەری ئەوەیە هەموو شتیٚ، گشت دیاردەو ڕووداویٚك لە بنج و بناوان بکات و تاقیبکاتەوە.. واتە بە جۆریٚك ئاویٚتەی پڕۆسەی گۆڕان و گۆڕانکاری دەبیٚت کە بەخۆیشی دەبیٚت بە بەشیٚك لەو پڕۆسەیە و بە ئاسانی هیچ قالٚب و سیستەم و ئایدۆلۆژیایەك،جگە لە گۆڕان قەبوولٚ ناکات. واتە مرۆڤ بە تەبیعەت بوونەوەریٚکی قالٚبپەزیٚر نییەو بەشیٚکە لە واقیعی گۆڕان و لەسەرووی پڕۆسەی گۆڕانەوە

نابێت. کەچی زۆرجار دەسەڵات بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە بە قازانجی خۆی، دەیەوێ بە تۆبزی لە هەردوو باری تیۆری و پراکتیکییەوە کۆمەڵگە لە قاڵبی ئایدۆلۆژیایەکی نەگۆڕو جێگیرو دیاریکراو بدات و هەموو کایە هزری و سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی و کەلتوورییەکانی بەو سەمتەدا ئاڕاستە بکات و وا بنوێنێ هەموو ڕێگا کەلتووری و کۆمەلآیەتی و سیاسی و ئابورییەکانی کۆمەڵگە دەچنەوە سەر هەمان ئایدۆلۆژیاو لەوێندەرەوە درێژە بە ڕەوتی ئاسایی خۆ دەدەن.

جا لەم حاڵەتەدا واقیعی کۆمەلآیەتی کە بە گۆڕان ئاوسەو لە زاوزێی بەردەوامدایە، لە خۆتازەکردنەوەو کاژ فڕێداندایە، لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی چەمك و وێناو دۆزو پرەنسیپانی تازەوە خۆی وەکو واقیعێکی کۆمەلآیەتی تازە بەرهەم دێنێتەوە، سنووری ئەم لۆژیکە ئایدۆلۆژییە سیستەماتیکە نەگۆڕو جێگیرە دەبەزێنێ و قاڵبشکێنی و ئۆپۆزیسیۆنکاری دەست پێ دەکات.. دەسەڵات لەم بارودۆخەدا هیچ جۆرە گلەیی و گازاندەو ڕەخنەیەکی بابەتی و زانستیش قەبوڵ ناکات و دەکەوێتە پینەوپەڕۆی هەڵەو پەڵەکانی خۆی، پڕۆژە کاڵوکرچ و نیوەچڵ و هەندێجار وەهمییەکانی خوی بە ڕووی خەڵکیدا دەداتەوەو لە قەوارەی خۆیان گەورەتریان نیشان دەدات و بە وردە دەسکەوتانی پەڕاگەندە، داوای دەسکەوتی ستراتیژی و گەورە لە بیر خڵکی دەباتەوە، وایان قەرزاربار دەکات دەبێ منەتبارو شوکرانە بژێریشی بن.

هەڵبەتە هەر بەوەندەوە ناوەستێ و بە گوێرەی ڕادەی بارگرژییەکە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەو گوڕەشەو سەرکوتکردن و دوورخستنەوەو تەنانەت پاکتاوکردنی جەستەیی موخالیفان و نەیارانی ڕژێمەکەی. دیارە کە ئایدۆلۆژیا نەیتوانی بەگەڵ پڕۆسەی گۆڕان بکەوێ و کرا بە شتێکی پیرۆزی ئایین ئاساو خرایە سەرووی ڕەخنەوەو ویسترا واقیع و کۆمەڵگە کە لە حاڵی گۆڕانی هەمیشەییدایە، لە قاڵبی ئەو بدرێ، نەك ئەو بەگەڵ کاروانی گۆڕان بخرێ کە هەوێن و ماکی ژیانە، زەرەدێکی گەلەك فرە لە ئیمکاناتە فلیڤانییەکانی ئینسان دەدات و ڕەوتی گەشەکردن و پەرەسەندنی واقیع و

کۆمەڵگە بەرەو باشتر لە گرێژەنە دەبات و دەبێت بە سەرچاوەی هەموو ستەم و زوڵم و زۆرو دکتاتۆرییەتێك و ئیدی دەکەوێتە پاشەکشەو هەرەس دێنێ.

هەڵبەتە هەندێجار خودی دەسەڵات دەبێتە هۆی پاشەکشەو هەرەسی ئایدۆلۆژیا، دێت لەبەر هەندێ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، ئیدی چ بەرژەوەندی سیاسی بێ یان ئابوری یان بانگەشەیی و پڕوپاگەندەیی، بە شێوەیەکی زۆر کاڵوکرچ و نابابەتی ئەو ئایدۆلۆژیایە لە مەیدانی پڕاکتیکیدا پیادە دەکات و دووچاری شکست و ناکامی دەبێت، ئیدی ئایدۆلۆژیاکە چەند لە ڕووی تیۆری و نێوەڕۆکەوە وەکو فیکر دروستیش بێت، لەبەرچاوی جەماوەری خەڵك دەکەوێت، چونکە خەڵکی ئەوەندەی لایەنی عەمەلی ئایدۆلۆژیا، یان فیکرێك دەبینن و لایان گرینگە، دروستی لایەنە تیۆرییەکەی ئەو فیکرە یان ئایدۆلۆژیایەیان لا گرینگ نییە، هەموو ناکامی یا سەرکەوتنێکی عەمەلی ئایدۆلۆژیاکەش دەگێڕنەوە بۆ لایەنە تیۆرییەکەی. واتە ئایدۆلۆژیا لە ناو واقیعدا چەند خۆش دەست بێ و واقیعیانەتر بە دەنگ پێداویستییەکانی ژیانیانەوە بێت، ئەوەندە پەسندترە، دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەر فیکرو ئایدۆلۆژیایەك لایەنی تیۆری و پڕاکتیکی خۆی هەیە. پێویستە ئەم دوو لایەنە لە کارلێکی تەواودا بن.

فیکر لە میانەی پڕاکتیکەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێ، پڕاکتیك بە پشتیوانی فیکرەوە دروستی خۆی دەسەلمێنێ. ئەگەر ئەم دوو لایەنە لە یەکدی دابڕان ئەوا ئایدۆلۆژیا دەبێ بە فیکرێکی ئایدیالی خالیسەی دوور لە واقیع و ڕووداوەکانی ناو واقیع و دەبێت بە کاوێژ کردنەوەو وشکەجایەکی بێهوودەو پڕاکتیکش سەرچاوەی هێزی خۆی لەدەست دەدات و دەبێت بە ئامێرێکی ڕووت. کەواتە ئایدۆلۆژیا وەکو دیاردەیەکی هزری، وەکو جۆرێك لە هزرینی کۆمەڵایەتی لە ناو بونیادی کۆمەڵگەدا کار دەکات و لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و قۆناغ و سەردەمی مێژوویی نایەتە دابڕان و لە سەرووی گۆڕان و پڕۆسەی گۆڕانەوە نییە و بە مانا تەجریبییەکەی زانستیش زانست نییە، بە دڵنیاییشەوە بنکەیەکی ئەبستمۆلۆجی ڕووتیش نییە کار بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و مەعریفەت بکات، بەڵکو لە کرۆك و

جەوهەردا هزرێکی پڕاکتیکی بەسیجکارییە، خەڵکانێك ئامادەو ساز دەکات بۆ ئەوەی بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا واقیعێکی کۆمەڵایەتی بپارێزن یا بگۆڕن..

بۆیە ئایدۆلۆژیاش وەکو هەر تیورییەکی مرۆڤانی سیاسی، ئابوری یان کۆمەڵایەتی بە گۆڕان و گۆڕانکاری ئاوس و بارگاوییە و ژیان و مانی بەندە بەوەوە، چەند دەتوانێ بە گوێرەی قۆناغ و دەسکەوت و کەشفکارییە زانستی و مەعنەوی و واقیعی و پێداویستییە مرۆڤانییەکانی کۆمەڵگە خۆی تازە بکاتەوە. چونکە ئایدۆلۆژیا خۆی لە خۆیدا چالاکی و چەلەنگی مرۆڤ، کۆمەڵ، کۆمەڵە، گەل، نەتەوە و ژیارو شارستانییەت بەرجەستە دەکات و هەموو ئەمانەش لە حاڵی گۆڕانی هەمیشەییدان، بۆیە ئایدۆلۆژیاش دەبێ بگۆڕێت. هەڵبەتە تیرەی بەشەریش هەرگیز لە ئاستێکی نەزۆکی فیکری وەهادا نییە کە ناچاربێ بە حەپسی ئایدۆلۆژی قاییل بێ، بەڵکو ئەقڵێکی سروشتی و شارستانی ئەوتۆی هەیە کە بتوانێ سنوورو بازنەی ئایدۆلۆژی ببەزێنێ و بەو ئاڕاستەیەدا بڕوات کە بە تەواوەتی خۆی بناسێت و لە خۆی بگات. بۆیە پابەندی بە حەرفییەتی ئایدۆلۆژیاوە خۆی لە خۆیدا بە دۆگماکردنییەتی، دابڕاندنییەتی لە واقیعی ئاوس و بارگاوی بە گۆڕان و ڕەنگە هەندێجار ببێتە مایەی داڕووخان و هەرەسهێنانی تەواوەتی ئەو ئایدۆلۆژیایە. بۆیە هەر دەسەڵاتێك بیەوێ لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیداو بە تۆبزی لە هەردوو باری تیۆری و پڕاکتیکییەوە کۆمەڵگە لە قاڵبی ئایدۆلۆژیایەکی نەگۆڕ بدات، ئەوا ئاو لە دنگا دەکوتێ و بیەوێ و نەیەوێ جاڕی مەرگی خۆی دەدات.

**بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**


*-جوستاف لوبون/سيكولوجية الجماهير/ت: هاشم سالح/بيروت ١٩٩١.

*-بارزان/ذ:١٦١/٢٥/٤/٢٠١٠،حةمة كةريم عارف.

*-الايدولوجية/محمد سبيلا/المركز الثقافى العربي- بيروت/١٩٩٢.

*-طريز از ازادى/اريك فروم/ت:عزت اللة فولاد وند/ضاث ششم ١٣٧٠/انتشارات مرواريد.

*-سيكولوجية السلطة/ط١/١٩٩٩ سالم القمودي.

## ٢٦- مشتێك لە خەرواری مێژووی ئیسلامی سیاسی

"١"

سیاسەت بە کورتی و بە کرمانجی دەکاتە هونەری چۆنییەتی ڕێبەرایەتی کردن و زانینی هونەری حوکمڕانی.. دیارە زاراوەی سیاسەت کۆن نییە. لای عەرەبی جاهیلی و سەردەمی سەرەتاکانی ئیسلامدا زاراوەی "دەها"ی بۆ بەکارهاتووە. عەرەب لە سەردەمی جاهیلیدا بەبێ بوونی دەوڵەت بەکاریان هێناوە، واتە بێ ئەوەی دەوڵەتیان هەبووبێ ئەم زاراوەیەیان بەکار هێناوە. بەم پێیە مەرج نییە (دەها) پەیوەست بێ بە بوونی دەوڵەتەوە. بەڵکو ئەزموون و شارەزایی و زانیارییە لەمەڕ ڕێبەری کردن و بەڕێوەبردنی پەیوەندییان لە هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا

"٢"

لێ زاراوەی سیاسەت لە ڕۆژگاری تازەدا دوو لایەن دەگرێتەوە، هەم هونەری ڕێبەرایەتی و هەم هونەری حوکمڕانی کەواتە بوونی دەوڵەت مەرجە بۆ مومارەسەی سیاسەت. لە سەردەمی ئیسلامیدا (ماوەردی و ئیبن خەلدوون) سووربوون لەسەر مەرجی دەوڵەتڕانی.. بەڵام تا سەردەمی ڕاشدینیش دەوڵەتڕانی ئاوێتەیەك بووە لە پرەنسیپی سیاسی پڕاکتیکی و پرەنسیپی شەرع و شەریعەت. بەڵام دەوڵەتی ئیسلامی لە پاش ڕاشدینەوە خۆی لە حوکم و پرەنسیپەکانی شەریعەت دوور خستەوەو تەنیا لە بواری دادڤانیدا (قەزایی) نەبێ ئەویش بە مەرجێ زیانی بۆ سیاسەتی دەوڵەت و بەرژەوەندی دەوڵەتڕانان نەبێ.

"٣"

دیاره ئەم هاوکێشەیە جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان هزرڤانی سیاسی و حوکمڕاندا چێ دەکات، ئیدی ئەو پەیوەندییە چاك بێ یان خراپ! هەڵبەتە ئەم پەیوەندییە لە بواری پڕاکتیکیدا لە ڕۆژئاوادا پتەوترو کۆکترە  تا لە ڕۆژهەلاّت. لە ڕۆژهەلاّتدا ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان هزری سیاسی و سیاسەتی مەیدانیدا زاڵە. هەر بۆیە ڕۆشنبیران یان لەگەڵ دەوڵەتدان وەکو سەرچاوەیەکی خۆشگوزەرانی شەخسی یان دەرکراو و ڕاوەدوونراون و لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندان، بۆیە دەبینین شەهیدانی هزری سیاسی لە ڕۆژهەلاّتدا زۆرترن تا لە ڕۆژئاوا. لە بواری فەلسەفەدا پێچەوانەیە.

"٤"

بەم پێیە محەممەد (د.خ) یەکەم سیاسەتوانە لە ئیسلامدا، هەروەها یەکەم سەرکردەو یەکەم حوکمڕانە. دەوڵەتە ساواکەی لەسەر بناغەیەك ڕۆنا کە (لەقاحیەت)ی باوی سەردەمی جاهیلی تێدا ڕەچاو کرد. ئەبوبەکرو عومەریش لەسەر هەمان (لەقاحیەت)ی ئەو ڕۆیشتن. ئیدی یەکەم لادان و پێشێلکاری لەم ڕووەوە لە لایەن عوسمانەوە کرا، پاشان لە لایەن عەلییەوە پەیڕەو کراو تا ئەمەوییەکان هاتن و( لەقاحیەت)یان وەلانا. هەڵبەتە کێشەی سیاسی لە سەردەمی خەلافەتی عوسمانەوە دەستی پێ کرد و ئەوەبوو خەڵکەکە ڕاپەڕی و عوسمان کوژرا. چونکە لە مەیدانی حوکمڕانیدا لە (لەقاحیەت) لایداو لە باری سیاسەتی داراییشەوە لە حوکمی شەریعەت دەرچوو. بەلاّم ڕەگ و ماکی کێشەکە دەچێتەوە سەر سەردەمی عومەر، سەرچاوەکەشی ئەو ئەرستۆکراتییەتە نۆباوە بوو کە لە ئەنجامی فتوحات و ولاّتانگیرییەوە هاتە ئاراوە.. ئیدی بەرەبەرە چینێکی دەوڵەمەندی دنیایی پەیدا بوو کە معاویە سەرکردایەتی دەکرد، ئەم چینە لە ئەنجام دا سەرکەوت و عەلی لە لایەن خەواریجەوە هاتە کوشتن، ئەمەش بەڵگەی کرۆك و جەوهەری دنیاداری کۆمەڵگەی ئیسلامیە.

هەرچەندە لایەنە ناکۆك و هەڤدژەکان هەموویان هەر پشتیان بە دەقی ئایینی دەبەست، بەلاّم کێشە تەوەرییەکەیان لەسەر ئایین نەبوو. ئیسلام لەمەدا لە مەسیحییەت و بوزییەت جیاوازە. نە مەسیح و نە بوزا دەوڵەتیان دانەمەزراند، ئەمانە زیاتر ئایینیان دامەزراند نەك دەوڵەت، زیاتر ئاموچیاری ئایینی بوون تا سەرکردەی کۆمەلاّیەتی. بەم پێیە دەوڵەتی ڕاشدین تەنیا دەوڵەتێکی دینی نییە، بەڵکو پڕاوپڕ بە وشەی دەوڵەت، دەوڵەتە. لە باری چالاکییەوە کۆمەڵگەی مەبەست بوو نەك مەعشەرێکی کەم، جا عومەر دەرهەق بە ئۆروستۆکراتییەتی نۆباو خەتای کرد، بۆیە دەبوایە بیر لە ڕێگەیەك بکرێتەوە عومەر لەسەر ڕێگەی ئەم چینە دەوڵەمەندە تازەیە و نەشونمای ئەم چینە، کە بە فتوحات کەرەستەی بینای دەوڵەتی خۆی فەراهەم دەکرد، لابرێ.

"٥"

ئەگەر مەتریالیزم لە چوارچێوەو مەرجە زانستییەکانی هاتە دابڕاندن و کرا بە ئایدۆلۆجیا بۆ ئەوەی ببێ بە مەتریالیزمێکی خالیسەی پەتی، جۆرە پیرۆزی و قودسییەتێکی نوێ بەرهەم دێنێ. دیارە قودسییەت کە ڕەگی داکوتا، دەبێت بە ڕێگر لە بەردەم پەرەسەندن و گەشەکردنداو دەبێ هەوڵ بدرێ لە قودسییەت و پیرۆزی بخرێ و ئەمەش هەوڵ و تەقەللایەکی فرەی گەرەکە. ڕێبەری ئەم مەیدانە لە ئیسلاما تەها حسەینە کە لە کتێبی (فی الشعر الجاهلی)دا بۆ یەکەمجار گۆمی مەنگی مێژووی پیرۆزی شڵەقاند. دیارە ئەمە هەنگاوێك بوو کە لە باوەشی لاهوتی عوسمانیدا بەختی خۆی دەگەڵ فیکری وەستاودا تاقیکردەوە، باجەکەشی ئەوە بوو کە درایە دادگاو لە مامۆستایەتی کۆلیژی ئەدەبیات دەرکرا. دیارە ئەمە باجێکی کەمە لە چاو باجی فیکری ئازادی ڕۆژئاوا لە سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی ڕێنیسانسدا. بەلاّم تەها حسەین کەمۆکەیەك پاشگەز بووەوەو چاپێکی دیکەی ئەو کتێبەی بە ناوی (فی الادب الجاهلی) کردەوە، لە چاپی یەکەم

دەوڵەمەندترو خەملێوتر بوو، تەنیا هەندێ دەستەواژەی بە درۆخستنەوەی ڕاستەوخۆی دەقە ئایینییەکانی لێ لابرد، ئیدی هیچی لێ نەگۆڕی بوو.

تەها حسەین ئەندامی حیزبی وەفد بوو، بەر لە عەبدولناسر سەرکردەی بزاڤی نیشتمانی بوو لە میسر، کە لە ساڵی ١٩٥٠دا وەفد بۆ حکومەتایەتی هەڵبژێررا، تەها حسەین کرا بە وەزیری مەعاریف، وەزیرێکی سەرکەوتوو بوو، زۆر دەسکەوتی باڵای بۆ خوێندن لە میسردا بەدەست هێنا.

"٦"

لە دوا ساڵەکانی ژیانی پەیامبەردا بە ئاشکرا ئەوە دیار بوو کە دورگەی عەرەب بەرەو ئەوە دەچێت ببێ بە یەك کۆمەڵگەی سیاسی و *(یەترب)* بەڕێوەی ببات. بەپێی قسەی نووسەرانی مێژووی ژیانی پێغەمبەر ژمارەی ئەو حاکم و والیانەی کە لە کاتی مردنی پێغەمبەردا لە سەر کاربوون گەییە شازدە کەس لە نێوان والی بە مانای بەڕێوەبەری ویلایەت وەکو لە مەککەدا، یان نوێنەری پێغەمبەر لەپاڵ حاکمی ئەسڵی دەڤەرەکەدا وەکو لە یەمەن و بەحرەیندا، یان مەنسولی باج و دابەشکردنی زەکات.

**محەممەد** (د.خ) پاش هیجرەتەکەی هەوڵیدا کە ***(یەترب)*** بکات بەیەك مەعشەرو لە دەوری خۆی خڕی بکاتەوەو بۆ ئەمەش دوو ڕێگەی گرتەبەر:

*- برایەتی ئایینی لە نێوان موهاجیرین و ئەنسارداو لە نێوان ئەوس و خەزرەجدا خستە جێگەی برایەتی خێڵەکی. ئەم کارە هەنگاوێکی گەورە بوو، هێزێکی کاریگەریی بۆ **محەممەد** (د.خ) دروستکرد کە لە نەخشەو پلانەکانی داهاتوویدا پشتی پێ بەست.

*- پەیمانێکی هاوبەشی لە نێوان موسوڵمانان و جولەکەکانی ***یەتربدا*** دانا بە پشتیوانی پرەنسیپە هاوبەشەکانی هەردوولا. ئەم هەوڵە لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەی ئایینیی **محەممەد**و دابە یەهودییە مەسیحییەکانەوە.

**محەممەد** لە بواری مەعنەویاتدا ئەوپەڕی لێهاتوویی و کارامەیی لە بەکارهێنانی هەندێك بەشی ئایدۆلۆژیای ئایینی بۆ قوڵکردنەوەی حەماسەت و ئامادەسازی قوربانی دان لە ڕیزی پەیڕەوانی خۆیدا نواند، لەوانە: قەزاو قەدەر، جەبرییەتی مەرگ، جەبرییەتی ڕزق و ڕۆزی و بەستنەوەی بە خواو بەستنەوەی ئەو بەڵاو مسیبەتانەی بەسەر مرۆڤدا دێن بە خوداوە، سەبر، تەوەکول، بەشداریی فریشتان لە جەنگدا.

**محەممەد** لە بانگەوازە ئایینییەکەی خۆیدا هەر شێوازێکی سیاسی گونجاو و لە باری دەگرتە بەر. یەکێك لەوانە مەسەلەی پشت بەستن بە هەواڵگری بوو، بۆ نموونە مۆنت گەمری وات-ی ڕۆژهەڵاتناسی هاوچەرخ دەڵێت: هەواڵگری **محەممەد** یەکێك بوو لە فاکتەرەکانی سەرکەوتنی بەسەر قوڕەیش و غەیری قوڕەیشدا.

**محەممەد**(د.خ) لە سەرەتادا وەکو ئاموچیارێکی ئایینی دەستی بە بانگەوازەکەی خۆی کرد، لێ پاش هیجرەت کەوتە سیاسەت کردن. ئەمە خۆی لە خۆیدا تاقیکردنەوەیەکی تواناکانی خۆی بوو کە چەند دەگەڵ بارودۆخی جیاوازدا دەسازێ و هەڵدەکات. ئەوەبوو بە کردەوە توانای سیاسی **محەممەد** بە دیارکەوت. خۆ ئەگەر لەسەر ڕێبازی یەکەمی (ئایینی) بەردەوام بوایە ئەو پەڕەکەی دەبوو بە مەسیحێکی تازە، ئەویش لە سەردەمێکا کە پێغەمبەرێکی جیاوازی دەخواست... جا ئەمە باجی گواستنەوە لە پێغەمبەرایەتییەوە بۆ دەوڵەترانی بوو، هەندێك پێیان وایە مەسیح ئەم باجەی نەدا بۆیە بەزی. بەڵام **محەممەد** (د.خ) باجەکەی داو سەرکەوت. بۆیە میکاڤیللی هەر لەم پێودانگەوە دەڵێت: پێغەمبەرانی بێ چەك سەرناکەون.

پێغەمبەر بۆ ئەوە نەهات جماعەتێکی ئایینی پێکەوە بنێ، هەقی قەیسەر بدات و ئیدی مژولی پەیوەندییەکی ئایینی خالیسە بێت دەگەڵ خودادا. شێوەی موسوڵمان بوونی جەزیرە- زەبری چەك و پاشان مژدەی ئایینی، مانایەکی جیاوازی بەم ڕەوتە بەخشی، ئەویش بریتی بوو لە یەکخستنی جەزیرە لە سایەی یەك سەرکردایەتیدا. هەر لە بەرژەوەندی ئەم سەرکردایەتییەدا، سیستەمی خێڵەکی دەستبەرداری هەندێ شوێن و پایە

بوو کە لە بری دەسەڵات و حکومەت بەڕێوەی دەبرد، لە وڵاتی عەرەبدا خوردەمیرو پاشایانی بە دەسەڵات نەمان. بوون بە موسوڵمان، واتە ئیعتراف کردن بە دەسەڵاتی مەدینە کە لە دوارۆژانی ژیانی محەممەددا بوو بە سوپایەکی هێندە بە هێز کە دەیتوانی بگاتە هەر دەڤەرێکی وڵاتی عەرەبان و بەزۆر بیکات بە ئیسلام. جا گەیشتنی ئیسلام بە دورگەی عەرەب وێڕای مانا ئاینییەکەی دەیکردە گۆڕانکارییەکی سیاسیش کە لە دەوڵەتێکی بەهێزی یەك دەسەڵات و یەکگرتوودا بەرجەستە بوو. هەر لەم پێودانگەوە مەسەلەی خەلیفە هاتە گۆڕێ، یانی کێ پاش پێغەمبەر دەسەڵاتی ئایینی و دنیایی بەرێت بەڕێوە، ئیدی زاراوەی خەلافەت، واتە خەلیفەی پێغەمبەری خودا هاتە ئاراوە.

"٧"

هەرچەندە قورئان هەندێ زاراوەی سیاسی پەیوەست بە حوکمڕان وەك مەلیك و ئیمام و وەلی تێدایە، بەڵام وێنایەکی ڕوونی لەمەڕ دەسەڵات تێدا نییە کە ڕێبازێکی سیاسی دیاریکراو پێك بهێنێ. بەڵام وێڕای ئەمەش دوورە محەممەد بیری لە مەسەلەی خەلافەت نەکردبێتەوە. لە قسان گوایە حەزی کردووە عەلی لە دوای خۆی دابنێ، یەکێك لەوانە فەرموودەی (غدیر خم)ـە کە دەڵێت: "من کنت مولاه فعلی مولاه"

لە کۆبوونەوەی سەقیفەدا کە لە ڕۆژی مردنی محەممەدا(د.خ) ئەبوبەکری تیا هاتە هەڵبژاردن، شێوەیەکی سەرەتایی دەنگدان پەیڕەو کرا، ئەویش تەوقەکردن بوو دەگەڵ پاڵێوراوا وەکو نیشانەیەکی ڕەزامەندی، ئیدی ئەم تەوقە کردنە ناونرا سۆزدان (بەیعە)

هەندێك لە هاوچەرخان پێیان وایە ئەوەی لە سەقیفەدا کرا، پرۆسەیەکی هەڵبژاردنە پڕ بە مانای هاوچەرخی هەڵبژاردن. بەڵام ئەمە وا نییە، چونکە هەموو موسوڵمانان لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدارییان نەکرد، تەنیا دەم سپییانی موهاجرین و ئەنسار ئامادە بوون، دیارە زۆربەی ئامادەبوان دەنگیان بۆ ئەبوبەکر دا، ئەمەش بەسەر هەموو موسوڵماناندا سەپێنراو واتە ڕای زۆربەی موهاجرین و ئەنسار کە بە قازانجی ئەبوبەکر بوو، کرا بە

بریکاری ڕای هەموو موسوڵمانان. کەواتە ئاشکرایە کە مافی هەڵبژاردنی خەلیفەی پێغەمبەر لە ئەبوبەکرەوە تا ئەوانی دی، بەپێی کۆبوونەوەی سەقیفە تەنیا لە بازنەی موهاجرین و ئەنساردا مایەوە، بیانووش بۆ ئەمە ئەوە بوو کە ئەوان (موهاجرین و ئەنسار) باری قورسی خەباتیان شانبەشانی پێغەمبەر کێشاوە!!

بە هەرحاڵ پاش ئەوەی ڕووداوەکان پەرەیان سەند، ئەنجوومەنی شوراش هەندێ فراوان بوو. تەنیا لە بازنەی موهاجرین و ئەنساردا نەمایەوە، بەڵام ئەهلی زیمە — ئەو ناموسوڵمانانەی کە سەرانەیان دەداو وەکو هاووڵاتی حەساویان بۆ دەکرا- لە هەڵبژاردن بێبەری کران، هەرچەندە ئەم پرەنسیپە، هەڵبژاردن لە باری پراکتیکییەوە، لە چەمکە دیموکراتییەکەی ناشواتەوە، مادامێکی لە کۆمەڵگەیەکدا ئەنجام دەدرێت کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەی موسوڵمانن، بەڵام دانانی باوەڕ — چ ئایینی چ سیاسی- بە پێش مەرجی هەڵبژاردن لەگەڵ دیموکراتییەتدا تێك ناکاتەوە. ئەمە جگە لەوەی یاسایەك نەبوو کە مافی هەڵبژاردنی پێ دیاریی بکرێت و ڕێك بخرێ.

بە هەرحاڵ شورای ئیسلامی قۆناغێك بوو لە بواری پەرەسەندنی دیموکراتییەتدا بەڵام دەرفەتی بۆ نەڕەخسا ببێ بە سیستەمێکی تەواو لەو بوارەدا..

"٨"

خەلیفە، هەر بە ماناکەیدا دیارە مەبەست لەو کەسەیە کە جێی پەیامبەری خوا دەگرێتەوەو درێژەی پایەی ئەو، ئامانجێن ئەو و سیاسەتی ئەو دەبێت و هەمان ئەو ئەرکە ئاینییانە دەبینێ کە پێغەمبەر دیتوونی و تاقە جیاوازییان ئەوەیە کە ئەمیان (خەلیفە) پێغەمبەر نییە.. پەیوەندی پێغەمبەرو ڕەفتاری پێغەمبەر هەرگیز لە پاشاو مەلیکان نەچووە، بۆیە خەلیفەکانیشی وەکو مەلیك و پاشایان نەبوون تەنیا لە یەك شتدا نەبێت ئەویش ئەوە بووە کە خەلیفە تا مردن هەر لەسەر حوکم بووە. پاشایەتی بە میرات لە مەلیکی پێشترەوە بۆ مەلیکی دوای خۆی دەمایەوە، بەڵام خەلیفە بە هەڵبژاردنی شورا

دیاری دەکرا.. بەم پێیە دەبێت بەو چاوەوە سەیری حکومەتی ڕاشدین بکرێت کە حکومەتێکی دەستووری بووە. دەستووری ڕاشدینەکان دوو سەرچاوەی هەبووە: یەکێکیان تۆمارکراو بووە (قورئان) و دووەمیان تۆمار نەکراو بووە (سوننەت).. ئەو ئیرادەی لەم دەستوورە دەگیرێت، ئەوەیە کە بە زمانێکی تەشریعی پڕ بە مانای تەشریع نەنووسراوە. قورئان بە زمانێکی ئەدەبی زۆر بالاّ نووسراوە، فەرموودەو حەدیسیش هیچی وای لە زمانی قورئان کەمتر نییە، ئەمەش وایکردووە ئەحکامی ئەو دەقانە وەلاوە بنرێن کە بە حوکمی زمانە ئەدەبییەکەیان تەفسیرو لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرن. ئیرادی دووەم لە دەستووری ڕاشدین ئەوەیە کە دەزگایەکی پێویست بۆ بە قانونیکردنی دەسەلاّتی خەلیفە نەبووە تا ببیّ بە زامنی دستوورییەتی حوکمڕانی. تاقە زامن موهاجرین و ئەنسار بوو کە کاریگەریی خۆی بەسەر دەسەلاّتدا سەپاندبوو، بە تایبەتی لە سەردەمی ئەبوبەکر و عومەردا. بەلاّم دووبەرەکی و دەستەبەندی و ناکۆکی لە سەردەمی عوسماندا کردییە کارێك لەژێر باری ئیلتیزاماتی ئەنجوومەنی شورا دەربچێت و پشت بەوانە ببەستیّ کە لە ڕێگەی دەسکەوتەکانی فتوحاتەوە دەوڵەمەند بووبوون و وەکو چینێك لە حالّی دەوڵەمەندبوون و جێگیربووندا بوون، هەر ئەمەش سەری عوسمانی خوارد، خەڵکەکە لێی ڕاپەڕین و جەماعەتی عەلی کوشتیان.. کە عەلی هاتە سەر حوکم گەڕایەوە بۆ شەریعەت، بەلاّم حوکمی عەلی بریتی بوو لە چوار سالّ ناکۆکی و چەند بەرەکی، ئەوەبوو جەماعەتی عوسمان بە سەرکردایەتی معاویە هاتنەوە سەرحوکم و ئیدی بە یەکجارەکی دەوڵەت و شەریعەت لێکدی جیاکرانەوە، دەوڵەت بەرەو دکتاتۆرییەتێکی زۆر توندو تیژ چوو، خەلافەتی ئومەوی و عەباسییان نموونەی هەرە دیارو زیندووی دکتاتۆرییەت بوون..

"٩"

بێگومان سەرکەوتنی بانگەوازی ئیسلامی تەنیا قەرزارباری محەممەد نییە. هیچ تەڤگەرێك بەبیّ ئەو کادیرە سەرکردایەتییانەی کە شوێنی جیاواز لە باری هێزەوە لە بینای

بزووتنەوەکەدا دەگرن، خۆی بە پێوە ناگرێت. واتە ئەگەر بزاڤ و تەڤگەرەکە بە خێوەت و دەوارێکی گەورە بچوێنرێ، ئەوا کادرێن سەرکردایەتی ئەستوونەکانی ئەو خێوەتەن و هەر یەکەیان لە شوێنێکەوە بەرزی دەکەنەوە. بەڵام دیاری کردنی ئەو دەورو ڕۆڵانەی کە هەر کادیرێك دەیبینێ هەموو کاتێك ئاسان نییە. چونکە واباو بووە کە لە نووسینی مێژووی بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، ڕووداوەکان بە ئەمرو ئامۆژگاری پێشەواکەیەوە گرێ دراون. جا ڕەنگە ئەم دابە زۆر ناهەقانەش نەبێت، بە تایبەتی کە عەبقەرییەتی پێشەوا بە ڕادەیەك بێ کە بتوانێ دەوری پەیڕەوان و سەرکردایەتی کادیرەکانی وەشێرێت. جا محەممەد وێڕای بلیمەتی و زیرەکی خۆی، هەمیشە توانای یاوەرەکانی بە هەند وەرگرتووەو شیرەت و ڕاوێژی پێ کردوون و ئایەتی لەسەرە..

به هەرحاڵ دەوری ئەو کەسایەتییانە لە سایەی پێشەوایەکی گەورەو زیرەك و بلیمەتدا بە ئاسانی بەدیار ناکەوێت، مەگەر لە غیاب یان مەرگی ئەو پێشەوایەدا بەدیار بکەوێت.. هەڵبەتە جەماعەتی ئەبوبەکر-عومەر لە پاش مەرگی محەممەد ئەم توانایەیان سەلماند. ئەبوبەکر کە بە خەلیفە هەڵبژێررا جەماعەتی سەعد بن عبادە کە لە ئەنسارەکان بوو، لەگەڵ جەماعەتی عەلی کوڕی ئەبی تالیبدا زۆر ناڕازی بوون، جۆرێك لە هەڵگەڕانەوەی ناوخۆ و یاخیبوون سەری هەڵدا، کە دەشیا ببێ بە مایەی هەڵوەشانەوەی هەڵبژاردنەکەی ئەبوبەکر، بەڵام ئەبوبەکر خۆی شێلو نەکرد، زۆر بە توندی بەرپەرچی یاخیبووانی دایەوەو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە گێروگرفتی هەڵبژاردنی ئەبوبەکر بکەوێتە پەراوێزو مەسەلەی ئەگەری شەڕی هەڵگەڕاوەو یاخییان بێتە پێشەوەو ببێ بە گێروگرفتی یەکەم. هەڵوێستی توندو نەگۆڕی ئەبوبەکر و سازش نەکردنی لەگەڵ هیچ لایەنێکی (ڕەددەدا) تاکتیکێکی سیاسییانە بوو بۆ شاردنەوەی قەیرانە ناخۆییەکەی، تاکتیکی خلافاندنی خەڵکی و چاوبەستەکێ بۆ تێپەڕاندنی کێشەو قەیرانێکی ناوخۆ، لە ڕێگەی دروستکردن یان گەورەکردنی قەیرانێکی دەرەکی، تاکتیکێکی باوە لە مێژووی سیاسەتدا، هەرچەندە

بەکارهێنانی ئەو تاکتیکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بەڵگەی نەبوونی متمانەیە لە نێوان گەل و سەرکردایەتیدا.

بە هەرحاڵ ئەبوبەکر دوو ساڵ و سێ مانگ حوکمی کردو ئەوجا مرد، هەڵبەتە عومەر کەسایەتی دووەم بوو لە ناو باڵی حوکمڕاندا، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرا لە جێگەی ئەبوبەکر حوکم بگرێتە دەست. عومەریش هەڵبژێرراو جگە لە عوسمان و هاوەڵەکانی کەس نارازی نەبوو، ئەوانیش لەوە دەترسان عومەر لە گەڵیاندا توند بێت. بە هەرحاڵ ئەبوبەکرو عومەر لەسەر ڕێبازی محەممەد ڕۆیشتن. هەندێجار وا سەیری عومەر دەکرێت کە تەواوکەری پەیامەکەی محەممەدە. لە سەردەمی ئەودا ئیسلام گەییە ئێران لە ڕۆژهەلاتەوەو گەییە لیبیا لە ڕۆژئاواوە. هەر لەسەر دەستی ئەو، ئەو کیانە سیاسییەی کە محەممەد لە (یەترب) دایمەزراند هەنگاوی مەزنی بەرەو بە دەوڵەتبوونی تەواوەتی نا. لە سەردەمی ئەودا (بيت المال) دامەزرا کە بە یەکەم دەزگای ئیداری و کارگێڕی دادەنرێت. لە (بيت المال)دا تۆماری تایبەت بە دەرامەت و بودجە هەبوو. تۆماری تایبەت بە ناوی ئەو تاقم و کەسانە هەبوو کە بەخشش دەیگرتنەوە. هەر لە سەردەمی ئەودا سەرەتاکانی دەسەلاتی قەزایی پەیدا بوو. دەگێڕنەوە کە عومەر (شريح بن الحارث)ی کردبوو بە قازی لە کوفە، ئەم پیاوە چ کارێکی نەدەکرد جگە لە قازییەتی و دادوەری. هەڵبەتە سەرهەڵدانی دەزگای دادڤانی (قەزایی) بەندە بە سەرهەڵدانی دەستوری یاساییەوە.. دەگێڕنەوە عومەر فەرمانی بۆ والییەکانی دەرکردووە کە هیچ کەسێك بە بێ پرس و ئاگاداری ئەو ئیعدام نەکرێت. بۆ ئەوەی ڕەفتاری والییەکانی کۆنترۆڵ بکات چاودێری بەسەرەوە داناون. ئەمە هێم و بناغەی هەواڵگرییە، دەڵێن هەواڵگری عومەر هێندە بەهێز بووە کە لە کاروباری هەموو دەڤەرو قەڵەمڕەوەکان ئاگادار بووە.

عومەر یەکێك بووە لەوانەی زۆر گرینگی بە دەستپاکی والییەکانی داوە. ئەگەر کەسێکی لەسەر کارێك یان لە قەڵەمڕەوێك دابمەزراندایە، سەروەت و سامانەکەی دەنووسی، مەبەستی ئەوە بوو بزانێ لە کاتی حوکمڕانیدا، لە کاتی ئەنجامدانی کارە

ڕەسمییەکەیدا سەروەت و سامانەکەی چەندی زیاد کردووە. ئەگەر زیادبوونەکە نابەجێ بوایە، لە والییەکەی دەپێچایەوە.

هەڵبەتە ئایین بە تەنێ! بەس نییە بۆ پاکبوونەوە، ئەگەر ئایین بە تاقە سەرچاوەی پاکبوونەوە بزانین، ئەوا عومەر لەم ئەزموونەدا ئیکماله و دەرناچێت.. عومەر سوخەتی لاهوتیانی کەم بوو. پتر سەرکردەیەکی سوپایی و سیاسی بوو، عومەر لە ماوەی دوازدە ساڵەی دەسەڵاتی خۆیدا سەلماندی کە قوتابییەکی هەرە باشی قوتابخانە سیاسییەکەی محەممەد بوو. ئەم قوتابخانەیە گەلێك لەو بابەتانەی تیابوو کە میکاڤیللی دەیتوانی لە تیۆرییەکانی خۆیدا پشتیان پێ ببەستێ.

"١٠"

بە گوێرەی ژێدەرو سەرچاوەکان عوسمان پیاوێکی بێدەسەڵات بوو. زیاتر بابایەکی کاسبکارو بازرگان بوو تا سیاسەتوان بێت. نە لە کاتی بانگەوازی ئیسلامیداو نە لەپاش بانگەواز ڕەفتارو هەڵوێستێکی وەهای نییە بکرێت بە بەڵگەی توانای سیاسەتوانی ئەو پیاوە. سەردەمی عوسمان نموونەی حوکمڕانی خزم خزمێنە و پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی بوو. بەڵام لە سەردەمی عومەردا، ئەم تاقم تاقمێنەیە ئاستێکی کۆمەڵایەتی تازەی وەرگرتبوو. ئاستێك کە زیاتر هەڵقولاوی سیاسەتێکی بە تۆبزی سەپێنراو بێت.

لە سەردەمی عوسماندا دەوڵەتی ئیسلامی بەرەو سەرکوتی ناوخۆیی چوو، هەروەها سیاسەتی گشتی زیاتر شەقڵی شەقاوەگەری وەرگرت. هەر لە سەردەمی عوسماندا یەکەمین ململانێی سیستەماتیك دژی دەسەڵات، لە ئیسلامدا سەری هەڵدا. دیارە کە عەلی کوڕی ئەبی تالیب سەرپەرشتی ئەم ململانێیانەی دەکرد. ئەم کێشماکێشە لە ئاخروئۆخری حوکمڕانی عوسماندا پەرەی سەندو بوو بە ڕاپەڕینی چەکداری و موسوڵمانانی میسرو عێراق و حیجاز بەشدارییان تێدا کرد.. کۆمەڵە شۆڕشگێڕێکی موسوڵمان ئابڵوقەی ماڵی خەلیفە عوسمانیان داو داوایان لێکرد یان سیاسەتی خۆی بگۆڕێت یان دەست لە دەسەڵات

هەڵگرێت.. بەڵام کە بۆیان دەرکەوت خەلیفە دەستی دەستیان پێ دەکات، تا فریای خۆی بکەوێت و هێزیان بێنێتە سەر، بۆیە هێرشبەران بە ڕێبەرایەتی محەمەدی کوڕی ئەبی بەکری هەواداری عەلی هێرشیان کردە ژوورەوە، عوسمان هیچی بە دەستەوە نەما ئەوە نەبێ کە پەنا وەبەر قورئان بەرێ و بکەوێتە قورئان خوێندن تا ختوکەی سۆزی ئایینی هێرشبەران بدات، بەڵام بێهودە بوو، کە کوژرا قورئانەکە بە باوەشییەوە بوو.

ئەم ڕاپەڕینە چەکدارییە هەندێ دەلالەتی لە خۆگرتبوو کە یەکەمجار بوو لە مەیدانی سیاسەتی ئیسلامیدا سەری هەڵدەدا:

ڕاپەڕینەکە دژی خەلیفەیەك بوو کە پایەیەکی ئایینی یەجگار گەورەی هەبوو- و بەوە کۆتایی هات کە بەدەم قورئان خوێندنەوە کوژرا. ئەو خەڵکەش کە ڕێبەری ڕاپەڕینەکەیان دەکرد، پایەیەکی ئایینی گەورەیان هەبوو.. هۆی کوشتنی عوسمان کەچڕەوی سیاسی خۆی بوو، بەڵام کەس زاتی نەبوو تاقە یەك کەچڕەوی ئایینی بداتە پاڵ.

معاویە بە ڕای پێشینان بە سیاسەتوانێکی زۆر وریای عەرەب دەژمێررێت.. دیارە ئەم سەرکردەیە بەهرەو توانایەکی سیاسی چاکی هەبوو.. یەکەم سیاسەتوانی موسوڵمان بوو بێ گوێدان بە پرەنسیپی ئەخلاق، پرۆژەکانی خۆی ئەنجام دەدا. معاوییە یەکێك بووە لەو سەرکردە دەگمەنانەی کە پاشان میکاڤیللی خەوی پێوە دیتوون. پرەنسیپی ***"لە ڕای مەبەست گشت ناڕەوایەك ڕەوایە"***بەشێکی تەواوی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەم سیاسەتوانەی گرتبووەوە، کە لە پێناوی پرۆژەو پلانەکانی خۆیدا لە هیچ نەدەپرینگایەوە. زۆر تیرۆری سیاسی ئەنجامدا، لەوانە تیرۆری مالك الاشتر، کە بووە مایەی ئەوەی بە ئاسانی میسر لە دەستی عەلی دەربێنێ. هەروەها تیرۆری حەسەنی کوڕی عەلی کە کۆسپ بوو لە ڕێگەی هەڵبژاردنی یەزیدی کوڕی معاویە..

ئەم تیرۆرانە زۆر ترسنۆکانە هاتنە ئەنجامدان، ژەهری تیا بەکارهات، واتە قوربانییەکانی ژەهر خوارد کران، پاشان ئەمە بوو بە باو لە ژیانی سیاسی ئیسلامیدا.. معاویە بوو بە نموونەی خەڵکی پەیمانشکێن و بێ بەڵێن. بەڵێنی زۆری دەدا و دوایی خۆی

لیٚ نەدەکرد بە ساحیٚب. میکاڤیللییەت وا دەخوازیٚ کە حوکمڕانی بە ئاوەز بە بەلیٚنانی خۆیەوە پابەند نەبیٚت بە تایبەتی کە بینی ئەم پابەندییە زەرەر بە بەرژەوەندییەکانی دەگەیەنیٚ و ئەو هەلو مەرجانەش بەسەرچوون کە پەیمان و بە لیٚنەکانی تیا داوە.. معاویە بە موو لەم پرەنسیپەی لانەداوە.. ئەمەش بەلگەو نیشانەی ئەو کەلیٚنە گەورەیەیە کە کەوتە بەینی ڕەوشت و سیاسەتەوە.. کۆمەلگەی عەرەبی بە ماوەیەکی کەم پاش سەرهەلدانی ئیسلام پەرەی سەندو زەمینە بۆ پەیدابوون و سەرهەلدانی دەسەلات خۆش بوو..

ئەم پەرەسەندنە لە سەردەمی عەباسییەکاندا زیاتر برەوی سەندو دەولەتی ئیسلامی بەرەو بە ئیمپراتۆرییەت بوون چوو، بۆیە پایەو دەسکەوتی خەلیفەی عەباسی لە هەردك ڕووی سیاسی و لاهوتییەوە زیادی کرد، واتە هەم وەکو ئیمپراتۆر پایەی زیادی کرد و هەم وەکو خەلیفە پیرۆزیی زیادی کرد..

حوکمی عەباسییەکان لە سەرەتادا پشتی بە موالییانی فورس کە ئەرکی بانگەوازی عەباسییان لە ئەستۆ گرتبوو، بەست.. فورسەکان لە ڕیٚگەی مالباتانی دەسرۆ و بە دەسەلاتی وەکو بەرامیکە و ئال سەهل و ئال تاهیرەوە بەشدارییان لە حوکمڕانی عەباسیدا کرد. هەروەها ڕۆشنبیرانی فارس نەژاد ئەزموونی ساسانییەکانیان لە باری کارگیٚڕی و سیاسییەوە کەشف کردو خستیانە بەردەست خەلیفەکانی عەباسییەوە.

ئیدی هیچ پەیوەندییەك لە نیٚوان دەولەت و پیٚگەی دەسەلاتی خیٚلەکی نەماو بەمەش قەوارەی فەرمی ئیسلام لە بەدەوییەت و خیٚلایەتی ڕزگاری بوو، زەمینە خۆش بوو، دەرفەت ڕەخسا بۆ تیٚکەلبوونی نەتەوەو ڕۆشنبیریی جیاواز کە ئەمەش سەرەتایەك بوو بۆ ڕیٚنیسانسی زانستی کە لەگەلٚ حوکمی دووەم خەلیفەی عەباسیدا سەری هەلداو دەستی پیٚکرد.

مەنسوور سیٚ ڕیٚگەی بۆ مامەلەکردن دەگەلٚ ڕۆشنبیراندا گرتە بەر:

*-ڕاکیٚشانیان بەلای خۆیدا تا هاریکاری دەگەلدا بکەن.

*- که بۆی نەهاتنە ڕەدا ڕاوەدوویان بنێت چ بە حەپس و چ بە دەربەدەر کردن.

*-چاوپۆشی لەو چالاکییانەیان کە زەرەدو خەتەری ڕاستەوخۆیان بۆ پەزی دەسەڵات نییە..

مەنسوور دەیزانی ڕۆشنبیران لە ناوەندی ڕۆشنبیریدا سەنگێکی گەورەیان هەیەو وەکو توێژێکی کۆمەڵایەتی دکارن کار لە ڕای خەڵکی بکەن. بۆیە سوور بوو لەسەر ئەوەی لە دەوروبەری خۆیان خڕبکاتەوە. هەڵبەتە بنەمای حوکمی ئیسلامی پاش ڕاشدین لەسەر میکاڤیللییەت بە هەردوو پرەنسیپەکەیەوە ڕۆنرابوو:

***- لە ڕای مەبەست گشت ناڕەوایەك ڕەوایە.***

***- جیاکردنەوەی ئەخلاق لە سیاسەت.***

***هەروەها لە سەر بنەمای بیرۆکراتییەت، واتە دابڕانی تەواو لە جەماوەری خەڵك.***

"١١"

ڕەنگە هەژاری ببیّ بە مایەی زۆر تاوان و گوناح و خەتای ئەخلاقی وەکو: دزی، بەرتیل و حیزی و.. بەلاّم سەروەت و سامانی زۆر (دەوڵەمەندی) توغیان و زوڵم و گیانی دوژمنکاری و لاوازبوونی باری مرۆڤانی لیّ دەکەویّتەوە، ئەمە جگە لەوەی دەوڵەمەندی، بەزاندنی ئەو پرەنسیپە ئەخلاقییە باوانەی لیّ دەکەویّتەوە کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوا باون.

سیاسەتی دەوڵەت ڕاستەوخۆ لە ڕەفتاری دەزگاکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. هەر دەوڵەتێك لە سەر هێم و بناغەی ئیبتزاز ڕۆبنرێت و قوتب و بەرپرسەکانی دەسکەوتی تایبەتی و نائاساییان هەبێت، دەبیّ دەزگایەکی بەرتیلخۆر بخولقێنیّ، ئەو دەوڵەتەی بە شێوەیەکی فاشییانە ڕەفتار لەگەڵ گەلدا بکات، دامودەزگاکانیشی فاشی دەبن، چ وەکو دروستبوون و چ وەك ئەو ڕۆحییەتەی لە لای تاکەکانی زاڵ دەبێت. ئەم حاڵەتە زۆر بە زەقی لە وڵاتانی عەرەبدا بەدی دەکرێت..

"١٢"

محەممەد لە گەنجیدا زۆر دەسکورت بوو تا خەدیجەی خواست. خەدیجە بێوەژن بوو، ژنی کابرایەکی بازرگان بوو، گومان لەوەدا نییە کە سەروەت و سامانەکەی خەدیجە یارمەتییەکی زۆریدا، هەم پێداویستییەکانی خۆی بۆ دابین کرد و هەم پێداویستییەکانی بانگەوازەکەی تا پاش کۆچیش دابینکرد. کە لە مەدینەوە کەوتە ڕێگرتن لە کاروانی بازرگانی سەر بە قورەیش و شەڕی دژی مەککەو خوانەناسانی حیجاز، ئیدی سەرچاوەی تازەی سامانی وەدەستکەوتن. ئەمە جگە لەوەی پێنج یەکی دەسکەوت و غەنیمەتەکانی بە گوێرەی سورەتی ئەنفال بۆ خۆی مسۆگەر کرد.

دەوڵەتی ئیسلامی لە سەرەتاکانیدا زۆر خەسڵەتی بەدەوییەتی لە خۆ گرتبوو، هەڵبەتە ئەمە بەر لەوەبوو کە پەرەبسەنێت و ڕوو لە بونیاتنانی شارستانییەتی تایبەتی خۆی بکات. بەدەوییەت لە جەوهەردا بریتییە لە سادەژینی کە لە بنەڕەتدا زادەی لاوازی سەرچاوەێن بژێوی و ناچاری خەڵکە.. هەڵبەتە ئەم حاڵەتە لە سەردەمی عومەرو عەلی دا هەبوو، تەنانەت عەلی کە بەر لەوەی ببێ بە خەلیفە دەوڵەمەند بوو، سامانەکەی بەسەر خەڵکیدا دابەشکرد و خۆی بۆ ڕێبەرایەتی ئیسلام تەرخان کرد.. بەڵام دەسەڵاتدارانی ئیسلام هەر زوو ڕوویان لە ڕابواردن و خۆشگوزەرانی کرد، خەلیفە وەکو هەر ئیمپراتۆرێك هەقی تەواوی لە (بیت المال)دا هەبوو، هیچ سانسۆرێك بەسەر ڕەفتاری دارایی خەلیفەوە نەبوو. حوکمڕانانی ئیسلام بەو چاوەوە دەیانڕوانییە دەسەلاّت کە ئەوزارێکی شەخسی ڕابواردن و لەزەت کردنە.. لەگەڵ زاڵبوونی ئەم کەڵکەڵەو خولیایەدا جەماعەتێکی خۆشگوزەران لە دەستوپێوەندی دەوڵەت پەیدابوون کە بریتی بوون لە شاعیران و شایەران و لیبۆك و جەواری. ئەم جەماعەتانە لەسەر بەخشش و دیاری و خەلاّتی حوکمڕانان دەژیان. ئیدی کار گەییە کۆڕو مەجلیسی خواردنەوەو گۆرانی و سەماو سوڕو چەقەنە.

"١٣"

زانستی سیاسەتوانی لە نك موسوڵمانان دەچێتە خانەی زانستە پڕاکتیکییەکانەوەو سێ لقی بنەڕەتی دەگرێتەوە. یەکەم: زانستی ئەخلاق و ڕەوشت کە تایبەتە بە تاك. دووەم: بەڕێوەبردنی ماڵ کە خێزان دەگرێتەوە. سێیەم: وەزع و حاڵی هەموو خەڵکی وڵات کە دەکاتە زانستی سیاسەت. ئەم زانستە هەموو لایەنێکی ڕێبەرایەتی و سیاسی و کۆبوونەوەیەکی شارستانی دەگرێتەوەو ئەم زانستە تەنیا لەبەر قازانجەکەی پەسندە، دەنا کەس بۆ خودی سیاسەتەکە پەسندی ناکات، چونکە شتێك نییە ناوی سیاسەت لە پێناوی سیاسەتدا بێت. قازانجەکەی بریتییە لە دابینکردنی دادپەروەری و بەردەوامبوونی دادپەروەری لە هەموو ڕوویەکەوە، دیارە دەسەڵاتخوازان بەر لە خەڵکی پێویستیان بەم زانستەیە و پاشان جەماوەری خەڵکی دێن...

* * *

تیرۆر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئیسلامدا کارێکی پەسند نەبوو، دیارە ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بانگەوازی ئیسلامی هێشتا لە چوارچێوەو بازنەی مژدەو مزگێنی دەرنەچوو بوو، هێندەی دەسەڵات پەیدا نەکردبوو کە بتوانێ بە ئاسانی چەك بەکاربێنێ و هێشتا بە تەواوەتی لە شوێنێکدا جێگیر نەبوو بوو کە بتوانێت ئەمجۆرە ململانێیە بکات.

بێگومان مێژووسازێکی وەکو پێغەمبەر دەیتوانی جیاوازی لە نێوان ڕەفتاری تاکێکدا کە لە پرەنسیپێن ناوخۆی بناغەی بونیادی ئەخلاقی کۆمەڵگەیەك دەدات، بکات، لەگەڵ تەکتیکی بزاڤێکدا کە بە چەك ئەنجام بدرێ و لە پێودانگی زەمینەیەکی سیاسی مێژوویی بەرینترو دوورمەودا ترەوە هەڵبقولێت.

هەموو دەزانین کە لە (یەترب)دا جولەکە هەبوون و بە زۆری لە حەساروقەڵای دەرێی شاردا دەژیان، ئیدی تێکەڵەیەك بوون لە خەڵکی موهاجیرو خەڵکی ئەسڵی ناوچەکە

(عەرەب). گەلێك تیرەو تایفەیان هەبوو لەوانە: بنوالنضیر، بنوالقنیقاع، بنو قریظة، ئەمە جگە لە جولەکەی قەلاّی خەیبەر لە دەرێی یەترب و لەسەر ڕێگەی شام. محەممەد لە سەرەتای هیجرەتەکەیدا هەوڵێدا لە دژی کافرانی مەککە، پەیمانیان لەگەڵ ببەستیٚ، لەسەر بنەمای باوەڕێن هاوبەشی نێوان هەردوو ئایینەکە، بەلاّم بۆی نەچووە سەر، چونکە جولەکەکان پێیان وابوو بلاّوبوونەوەی ئیسلام پێگەیان لە دورگەی عەرەب لاوازو لەق دەکات. بۆیە لە مەدینەدا ڕۆڵی تابوری پێنجەمیان لەگەڵ قوڕەیشدا دژ بە ئیسلام بینی. بۆیە دەبوایە محەممەد هەوڵی لاوازکردنی کاریگەرییان بدات، تاقە چەکی دەستی بۆ ئەو کارە......

بۆ زانیاری پتر بڕوانە:

فصول من تاریخ الاسلام السیاسی، هادی العلوی. چاپی دووەم ١٩٩٩، کە چوار کتێبە لە یەك بەرگدا.

*- انسان و ادیان/میشیل مالرب/مترجم: مهران توکلی/چاپ چهارم/١٣٨٥.

*- حسین مروه/النزعات المادیه فی الفلسفه العربیه-الاسلامیه الجاهلیه- نشاه وصدر الاسلام/المجلد الاول/ط ٢٠٠٢- لبنان.

## ٢٧- خێڵ.. حیزب.. برا گەورە!!

"١"

ئەگەر سەرنجی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردەواری بدەین دەبینین لە کۆنەوەو تەنانەت تا ئەمڕۆکەش خێڵو پەیوەندییە خێڵەکییەکان حوکمیان کردووەو ڕێکیان خستووەو ئاڕاستەیان کردووە. ئیدی هەر خێڵەش لە سنوورو ئاقاری خۆیداو دوور لە هەر تەماسێکی جددیی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوری دەگەڵ خێڵەکانی ترداو بگرە تا ڕادەیەکی زۆر گۆشەگیرانە ژیاوەو بە ئەزموونێکی فرە سادەو ساکارو تا ڕادەیەك غەیبییانە ژیانی جەرباندووە، جا لەم کۆمەڵگەیەدا شتێك نییە ناوی هاووڵاتی بێت. هاووڵاتییەت لە فەرهەنگی ئەمجۆرە کۆمەڵگەیەدا نییە، بەڵکو پابەندیو وەفاداری خێلایەتی هەیە.

هەڵبەتە خێڵو خێلایەتی بۆ خۆی دیاردەیەکەو هیچ میللەتو نەتەوەیەك لێی بەدەر نەبووە. بێگومان ئەمە دیاردەیەکی ئەزەلی نییە کە لە چارەی خەڵکانێك نووسرابێو لە چارەی خەڵکانێکی تر نە نووسرابێ. بەڵکو بەرەنجامو زادەی قۆناغی مێژویی تایبەتییەو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی ئەو خێڵەوە.. ئیدی خێڵ بووە بە دەزگایەكو کاروباری ئیداریو کۆمەڵایەتی و نیمچە ئابوریو ڕامیاری ئەندامانی خێڵی بە گوێرەی هەندێ دابونەریتو خووخدەی خێڵەکییانە ڕێکخستووە. هەر خێڵەو لە ئاقاری خۆیدا جۆرە مەملەکەتێکی تایبەتی دامەزراندووەو لە ڕووی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە پشتی بە بنەماو پرەنسیپی خزمایەتیو خوێن بەستووە. لە ڕووی ڕامیارییەوە بنەمای دابونەریتی کردووە بە سەنگی مەحەكو چ مەسەلەیەکی چینایەتی نەناسیووەو دانی پێدا نەناوە. دەسەڵاتی سەرخێڵو- کە لە هەندێ هۆزدا سەرکۆماری پێ گوتراوە- ئەنجوومەنی خێڵ لە

بری حوکمی دەوڵەت بووە. لە ڕووی ئابوریشەوە پشتی بە هەرەوەزو گەلەکاری بەستووەو دیاریو دەسکەوتو تالانییەکانی خێڵیش بە کۆمەڵو بۆ هەمووان بەکار هێنراوە..

واتە جۆرە موڵکایەتییەکی گشتی وەك پاوەنو لەوەڕگەو جۆبارو کانیاوانو پەزو پەزداری هەبووەو سەرەك خێڵ برا گەورە بووە. لە جیاتی هەمووان بیری کردووەتەوە، شەڕی کردووە، ئاشتی کردووە، کچی بە شوو داوە، بڕیاری چارەنووسسازی داوە... هتد. ئەندامی خێڵ تەنیا پابەندیو وەفاداری لەسەربووە، واتە خێڵ یەکەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی سەربەخۆیەو پەیوەندی خوێنو خزمایەتی کۆیان دەکاتەوەو یەکیان دەخات. واتە لە سایەی سیستەمی خێڵدا، لە ئاستە ئینسانییەکەدا تاك پتر بوونێکی مرۆڤانی خێڵەکییانەی ڕەگەزپەرستانەی هەیە تا بوونێکی مرۆڤانی کۆمەڵایەتی هەبێ کە وەکو خۆیو بە ئەزموونی خۆی ژیان بجەڕبێنێ و ئینسانییەتی خۆی تێدا ڕیشاژۆ بکاتو دەستبەرداری تاکایەتی خۆی نەبێت.

"٢"

بە هەرحاڵ دیاردەی خێلایەتی بە هەموو یاساو ڕێسایەکییەوە هەر دەگاتە قۆناغی پیربوونو مردنو ئیدی قۆناغی پاش خۆی دەینێژێت. گەورەترین فاکتەری داوەشینو هەڵوەشانەوەی سیستەمی خێلایەتی سەرهەڵدانو پەیدابوونی پەیوەندییانی بەرهەمهێنانە. چونکە سەرهەڵدانو پەرەسەندنی بەرهەمهێنان زۆر دیاردەو پەیوەندی دیکەی میناکی(وەکو) دانوستانی بازرگانی، کاری بەکرێ، یاساو ڕێساو دروستبوونی چینو توێژی کۆمەلایەتی جیاواز لە ڕووی ئاستی گوزەرانەوە، دابەشکردنی کارو دروستبوونی دەوڵەتو دەسەڵاتی دەستووری لێ دەکەوێتەوە کە خێڵو ئەقڵییەتی خێڵ دان بە هیچ یەکێك لەمانەدا نانێت. بەڵکو هێندەی بۆی بکرێ بەربەرەکانی دەکات. چونکە ئەگەر بە شێوەیەکی خۆڕسکیش بووە هەست بەوە دەکات کە ئەو فاکتەرانە زەمینەی مەتریالیو مێژوویی بۆ لەناوچوونی خێڵو سیستەمی خێلایەتی خۆش دەکات، هەروەها ڕێگا لە

بەردەم سەرهەڵدانی نەتەوە یان گەل وەکو کۆمەڵگەیەکی سیاسی یەکپارچەی پابەندی یاساو سیستەم دەکاتەوە. خۆ سەرهەڵدانی گەلو نەتەوەش بە واتا زانستییەکەی دەکاتە پیادە بوونی یاساو ڕێساو نیزام و چین و توێژی جیاوازی کۆمەلاّیەتی ودابەشکردنی کارو زاڵبوونی ئەقڵییەتی شارستانییانەی مۆدێرن، دانوستانی بازرگانی و پەیوەندی کۆمەلاّیەتی دوور لە هاوخوێنی و خزمایەتی، کە ئەمانە سە قامگیر بوون ئیدی خێڵ وەکو دەزگایەکی کۆمەلاّیەتی و ئابوری و ئیداری و نیمچە سیاسی و تەنانەت وەکو پێکهاتەی سیستەمی خێلاّیەتیش لە نێو دەچێت. بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە کە لەگەڵ هەرەسهێنانی پێکهاتەی سیستەمی خێلاّیەتیدا ئیدی هزروهزرین و دابونەریتی خێلاّیەتی خۆبەخۆ و سوك و باریك بارگە لێکدەنێ و سەری خۆی هەڵدەگرێت و دەڕوات. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئاسەواری سیستەمی خێلاّیەتی بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە دەمێنێ، گەر بە بەرنامە هەوڵی سڕینەوەی نەدرێ ڕەنگە دەیان ساڵ و بگرە زیاتریش بخایەنێ تا بە تەواوەتی بنبڕ دەبێت (باشووری کوردستان نموونەیەکی زیندووی ئەم دیاردەیەیە).. کەواتە زەروورەتی مێژوویی و کۆمەلاّیەتی، سیستەمی خێلاّیەتی وەکو دیاردەیەکی هەڤبەندی پاشڤەڕۆی ژیان لە نێو دەبات. بۆیە هەر هەوڵێك بۆ هێشتنەوەو بوژاندنەوەی گیانی خێلاّیەتی، بە هەر مەبەستێك بێ! ئەگەر لە سەرەتاشەوە فشە دەسکەوتێکی تاکتیکی بە دوودا بێت، ئەوا وەکو ستراتیژ هەوڵێکی بێهودەیە. چونکە ئەو جۆرە هەوڵە دژایەتی کردنی ڕەوتی ڕەوڕەوەی مێژوو- و چەرخی ڕۆژگارە، دیارە ئەمەش لە توانای هیچ ڕژێم ودەسەلاّتێکدا نییە و نابێت. کەواتە سیستەمی خێلاّیەتی هەر کە هاتە پیربوون، کەوتە سەرە مەرگ دەبێ زەمینە بۆ زووتر مردن و بە پەلە ناشتنی خۆش بکرێ..

"٣"

سەبارەت بە کوردەواری، بە تایبەتی بەشی باشووری کوردستان، ئەز هزر دەکەم سیستەمی خێلاّیەتی وەکو بونیادێکی کۆمەلاّیەتی لە دوا ساڵەکانی نیوەی یەکەمی

سەدەی بیستەمەوە بەرەبەرە هاوسەنگی خۆی لەدەست داو تانۆپۆی سست بوو، هەروەها ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دایە کزی و نەیتوانی خۆی لەگەڵ سەردەمی تازەدا نوێ بکاتەوەو بسازێنێ و وەڵامی پێداویستییە کۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسییەکانی وەخت بداتەوە. ئەمە جگە لەوەی کە وڵاتانی داگیرکەری کوردیش هەریەکەیان بۆ خۆیان و لەبەرخاتری بەرژەوەندی خۆیان و بەپێی بارودۆخی وڵاتی خۆ چەندین یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵییان دەرکرد، کە هێندەی دی بێنی سیستەمی خێڵایەتی، چ هی خۆیان و چ هی کوردوکوردستان وەکو کۆلۆنیی و پاشکۆی ئەوان، تەنگ کرد. ئەمە جگە لە کردنەوەی قوتابخانان و بڵاوکردنەوەی خوێنەواری، هەرچەند لە بەشەکانی کوردستاندا یەجگار کەم بووە.. هەروەها کردنەوەی هەندێ ڕێگاوبانان، ئەگەرچی بۆ مەرام و مەبەستی سوپایی و داگیرکاری بووە..

ئەمە جگە لەوەی کە کۆمەڵێك یانە و ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی و کۆمەلایەتی و حیزبێن سیاسی کوردی چ وەکو چاولێکەری و چ وەکو وەڵامدانەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتی و مێژوویییەکان لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، لە بەشە جیا جیاکانی کوردستاندا سەریان هەڵداوەو هێندەی دی یاساو ڕێسای خێڵیان وەکو دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و ئیداری لە گرێژەنە بردووە.. دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی پێشکەوتووخوازانە بووە، زەمینە خۆشکەر بووە بۆ ئەوەی هەموو خێڵە گۆشەگیرو هەڤدژەکان لێکدی نزیك ببنەوەو لە بۆتەی یەك گەل یا نەتەوە یان کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا قاڵ ببنەوەو دەسبەرداری ئینسانییەتی خێڵەکییانەی خۆ ببن و بەرەو ئینسانییەتی کۆمەڵایەتی بچن و خودی خۆیان بەدەست بێننەوە و بەرەو بە هاووڵاتی بوون بچن و پەیوەندی ئینسانی کۆمەڵایەتی جێی پەیوەندی ئینسانی خێڵایەتی بگرێتەوە.. بەڵام وەکو ئاماژەمان کردێ وەختێ کە پێکهاتەی سیستەمی خێڵایەتی هەرەس دێنێ، ئاسەوارەکەی بۆ ماوەیەکی زۆر هەر دەمێنێ و کەم و زۆر لە سیستەمی کۆمەڵایەتی پاش خۆیدا ڕەنگ دەداتەوە، بە تایبەتی بۆ میللەتێکی بندەستی کۆلۆنی وڵات کە چارەنووسی بە دەست خۆی نەبێت و نەهێڵرێ بە ئەزموونی

تایبەتی خۆی بژی و ژیان بجەرپێنێ. بۆیە ئەو یانە و ڕێکخراو و حیزبانەی کە شەرعییەتی خۆیان لە پێداویستییە هەمە جۆرەکانی سەردەم و قۆناغی خۆوە وەرنەگرتبوو هەر زوو پوکانەوەو لە نێوچوون..

"٤"

بە هەرحاڵ ئاخروئۆخری سەدەی بیستەم گەلەك گۆڕانکاری ئابوری و سیاسی و سوپایی و جوگرافی ... چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانیدا بە خۆوە بینی. کوردستانی ئێمەش، بە تایبەتی بەشی باشوور، وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە جیهان، کەم و زۆر، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، پزیسکی ئەو گۆڕانکارییانەی بەرکەوت.. دیارە هەر گۆڕانێکی مەزن تا تەواو سەقامگیر دەبێت و ڕەوتی ئاسایی خۆی وەردەگرێت، جۆرە ئەنارشیزم و بێ نەزمییەکی بەگەڵ دەکەوێت.. لە کوردستانی عێراقدا جەماوەری تینو و تامەزرۆی ئازادیو سەربەستی، ڕاپەڕی، ئەوەی نیشاندا کە خەڵکی کوردستان کۆیلە سروشت نییە و گەر دەرفەتی بۆ هەڵبکەوێ دکارێت بە گژ گشت زوڵم و زۆرێکدا بچێت و مێژووی ڕاستەقینەی خۆی بە دەستی پڕ توانای خۆی دروست بکات..

ڕاپەڕین بەرەنجامی فاکتەرە خودی و بابەتییەکانی گۆڕان بوو. بۆیە وڵات لە کاتی ڕاپەڕین و پاش ڕاپەڕیندا جۆرە بێ نەزمییەکی، وەکو دەرهاویشتەی گۆڕان لێکەوتەوە کە بۆ سەرەتای قۆناغەکە ڕەنگە پاکانەی خۆی هەبێ و بڕێك ئاسایی بنوێنێ، بەلاّم بۆ دواتر هەرگیز ئاسایی نییەو بگرە پڕ مەترسیشە..

بە هەرحاڵ ڕاپەرین سەرەتای قۆناغێکی تازە بوو. یانەو ڕێکخراو و حیزبی تازە دروست بوون، دروستکران! حیزبە کۆنەکان سەریان قوتکردەوەو ئاهێکیان تێگەڕا، بوژانەوە، جۆری پەیوەندییەکان گۆڕا، ڕەوت و ئاڕاستەکان گۆڕان.. جەماوەری سەر بە خێڵەکانو گوندییەکان ڕژانە ناو شارو شارۆچکەکانەوە، کە لە ڕووی پەیوەندیی کۆمەلاّیەتییەوە سووکە جیاوازییەکیان دەگەڵ پەیوەندی کۆمەڵگەی خێڵەکی و کۆمەڵگەی دێهات نشینەوە

هەبوو.. واتە خەڵکەکە لە گۆشەگیریی خێڵەکی خەلەسین، هەڵبەتە ئەم گۆشەگیرییە یەکێکە لە فاکتەرەکانی پاراستنی سیستەمی خێڵەکی، لە کاریگەریی فاکتەرە دەرەکیو ناوخۆکان، هیچ شتێك بۆ هێشتنەوەو بەردەوامماندنی هێزی سیستەمی خێڵەکی وەك بەرهەمهێنانی کەم و سنووردارو گۆشەگیری و کەمی تێکەڵاوبوون و پەرگەندەیی و پەرتەوازەیی ژمارەی دانیشتووان کاریگەر نییە..

بە هەرحاڵ ڕاپەڕین سەرەتای قۆناغێکی تازە بوو، دەوری خێڵی وەکو دەزگایەکی کۆمەلایەتی ئیداری تەواو لاواز کرد و جەزرەبەیەکی توند بوو لە هەر بەرژەوەندی و هزرو دابونەریت و خوو خدەیەکی خێلایەتی.. بەلام ئاسەواری سیستەمی خێلایەتی بە تەواوەتی نەبڕایەوەو بگرە هەندێ خەڵکی دەسڕۆ و گەورە بەرپرسی ناو حیزبەکان و خودی حیزبەکان کە لە ڕووی پێکهاتەیانەوە ڕەگ و ڕیشەیان دەچێتەوە سەر سیستەمی خێلایەتی، لە زۆر ڕووەوە بە مەبەستی جۆراوجۆر و دەسکەوتی تاکتیکی دەستیان دایە باڵی سیستەمی خێلایەتی، قۆناغە تازەکەیان پێ لەوتاندو شوێنەوارەکەی لە هەموو بوارە ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی و ئیداری و تەنانەت ڕۆشنبیرییەکانی ئەمڕۆی کوردەواریدا کە هەر هەمووی مۆرك و شەقڵی تۆتالیتاری و میلیشیایی وەرگرتووە، زەق و دیارە..

بەلام بمانەوێ و نەمانەوێ دەوری کۆمەلایەتی سیستەمی خێلایەتی تەواو بووەو چیتر گرەوی لەسەر ناکرێ، با وەکو بیرو کاریگەرییش لێرەو لەوێ ڕەنگدانەوەیەکی کاڵیشی هەبێ ، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر بەرەو نابووتی تەواوەتی دەچێت.. ئەمڕۆکە زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری کوردەواری ڕژاونەتە ناو شارەکان، بونیادو پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان ڕوو لە گۆڕانن. ئەو کۆمەڵگە خێڵەکییانەی کە جاران لە چوارچێوەی خێڵدا، گۆشەگیرو دوورە پەرێز، تەنیا تەماسێکی خێڵەکییانەیان دەگەڵ خودی خێڵی خۆدا هەبوو- و لە ڕووی بژێوی و گوزەرانەوە لە یەك ئاستا بوون یان زۆر لە یەکدییەوە نزیك بوون، هەروەها لە ڕووی ماف و ئەرکەوە یەکسان و نیمچە یەکسان بوون و جۆرە هەڤبەندییەکی ناوخۆیان لە چوارچێوەی یەك ئاقاردا هەبوو، بە ناچاری بەگەڵ ڕەوتی پەیوەندییە کۆمەلایەتییە تازەکە دەکەوێت و

بەرەبەرە لە مەرگی خێڵ کە جاران پشتو پەنای بوو، دڵنیا دەبێت و تەفاعول دەگەڵ واقیعە نوێیەکەدا کە بەرەبەرە خودی خێڵو سەرخێڵەکەش لە بۆتەی خۆیدا دەتوێنێتەوە، دەکات..

ئیدی پەیوەندی کارو بەرهەمهێنان و چەوساندنەوەو چەوسێنەرو چەوساوەو ڕیفۆرم و دابینکردنی خزمەتگوزاری هەمە جۆر بە چاوی خۆی دەبینێ و واقیع و زەروورەتی ژیان چاوی دەکاتەوەو هۆشی دەبزوێنێ و جیاوازی چینایەتی فرە دەبینێ و خێڵەکان بەرە بەرە لە چوارچێوەی یەك گەل و نەتەوەدا تێکەڵ دەبن کە هەرگیز بە سیستەمی خێلاّیەتی نابرێت بەڕێوە. بەڵکو دەبێت حکومەت بیبات بەڕێوە.. جا لەم کۆمەڵگە تازەیەدا پەیوەندی خوێنو خزمایەتی دەداتەوە کەندێ و پەیوەندی پیشە و کار و بەرهەم و سەرمایە و کاسبی و بێکاری و... برەو دەستێنێ و ئەندامی گۆمەڵگە داوای هاوولاّتییەت دەکات و هاوولاّتی بوونی یەکسان لە بەردەم یاساو دەستووردا..

واتا یاساو دەستوور دەبێ بە زامنی مافی هەر هاوولاّتییەك و ئەرکەکانی دیاری دەکات و چیتر پێویستی بە پشت و پەناو پارێزەری وەکو خێڵ و حیزب و... نامێنێ.. کە مەخابن لدەف مە تا نهوژی حیزب لە زۆر ڕووەوە دەوری خێڵ دەبینێ!! ئەمە جگە لەوەی بوون بە سەرچاوەی بژێوی و کاسبی و دەسەلاّت و خۆ سەپاندن و خۆنواندن بەسەر خەڵکیدا. دیارە کە حیزب بوو- و کرا بە سەرچاوەی ژیان و... لە هەر ئایدۆلۆجیاو ئەخلاقێك دەشۆڕێتەوە.. زۆر حیزبمان هەن هیچ زەرورەتێکی مێژوویيان لە پشتەوە نییە و تەنێ دوکانی سیاسین و!! لە ڕۆژێکدا دەیان دابخرێن هیچ بۆشاییەکی سیاسی دروست نابێت و کەس تاقە فرمێسکیان بۆ ناڕێژێت، تەنیا دوکاندارەکان خۆیان نەبێ، هەنگێ بە پەلە دەکەونە ئەوەی لە قەیسەرییەکی دیدا دوکانێکی دی بە هەمان ناوەوە یان بە ناوێکی تازەوە بەکرێ بگرنەوە!!

"٥"

جا ئەو کەسە خێڵەکییەی کە لە سایەی سیستەمی خێڵایەتیدا، خێڵی بە هەموو شتێکی خۆی دەزانی، بە خودی خۆی و بە ژیانی تایبەتی و گشتی خۆی دەزانی و سەنگ و بایەخی خۆی لە خێڵدا دەبینی.. کە دەبینێ خێڵ لە پاشەکشەو سەرەمەرگدایە، کۆڵەکەکانی یەك یەك دەڕوخێن و بونیادەکەی هەرەس دێنێ، دەبێ بۆ ئەڵتەرناتیف بگەڕێ، بۆیە هەستی وابەستەگی نەتەوەیی‌و نیشتمانی و لەوێشەوە هەستی وابەستەگی چینایەتی لا دروست دەبێت.. بۆیە خێڵ کە هاتە شارەوەو کەوتە سایەی پەیوەندی تازەوەو پەیوەندی خوێن و خزمایەتی گۆڕا بۆ پەیوەندییەکی تازەی بەرهەمهێنان، ئیدی لە بناغەوە هەڵدەوەشێتەوەو دابەش دەبێت بەسەر گەورە فەرمانبەران و وردە کارمەند، کرێکارو جووتیارو پیشەوەرو کاسب و بێکارو ڕۆشنبیر و نارۆشنبیر... و بە کوردی و بە کورتی دابەش دەبن بەسەر چین و توێژی کۆمەلایەتی جیاوازو یەك بەرژەوەندی و ئابوری کۆیان ناکاتەوەو لە یەك ئاستی بیرکردنەوەشا نابن و ئاستی بژێوییان چوون یەك و یەکسان نابێت.

سەیر دەکەی دووکەس کە لە ئەسڵدا لە یەك خێڵن یەکێکیان کەناسەو یەکێکیان بەڕێوەبەری گشتییە، نەك هەر پەیوەندی خوێن و وابەستەگی خێلایەتی کۆیان ناکاتەوە، بەڵکو خواشیان یەك نابێت.. کەناسەکە پتر پەیوەندی دەگەڵ هاوپیشەکانی خۆیدا دەبەستێ تا لەگەڵ هاوخێڵەکانیا.. بەمجۆرە بەرە بەرەو بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەندامانی خێڵ دابەش دەبن بەسەر خەڵکانی هەژارو دەوڵەمەندا، بەسەر خەڵکانی بەرژوەند جیاوازدا، ئەوەندەی پەیوەندی پیشەیی و چینایەتی یەکیان دەخات، پەیوەندی خێلایەتی یەکیان ناخات.. ئیدی بەمجۆرە جیاوازی چینایەتی تا دێ قوڵتر دەبێت و پەیوەندییە خێلایەتییەکان دەسڕێتەوەو پەیوەندی و بەرژەوەندی چینایەتی جێی دەگرێتەوە. هەڵبەتە ئەم پرۆسەیە وەختێکی زۆر دەبات، بۆیە دەبێت بە زەبری تێکۆشان و خەباتی ئایدۆلۆجی و سیاسی و فێرکاری و.... خێرایی پێ ببەخشرێت..

ئیدی گۆڕانکارییە شارستانییەکان، سیستەمی خێڵایەتی لە گۆڕ دەنێت و دەسەڵاتی دەوڵەت و یاساو دەستوور جێی دەگرێتەوەو کۆمەڵگەی تازە لەسەر بنەمای پەیوەندی بەرهەمهێنان بە هەموو سەلبیات و ئیجابیاتێکییەوە چێ دەبێت و ئیدی مرۆڤ وەکو خۆی وەکو هاووڵاتی لە چوارچێوەی یاساو ڕێساو دەستووردا بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی و هاوبەستەگی چینایەتی و پیشەیی خۆی شێوازی ژیان هەڵدەبژێرێت.. هەڵبەتە دەسەڵات و ڕژێمیش هەرچییەك بێت، بە تایبەتی لەو قۆناغە ڕەوتەنییەدا کە هێشتا خۆی ساغ نەکردووەتەوەو لاقێکی لە سیستەمی خێڵایەتیدایەو لاقێکی لە واقیعی زەرووڕەتی مۆدێراندنی پەیوەندییە هەمە جۆرەکاندایە، بە ئانقەست و بە بەرنامە کار بۆ ڕوخاندنی بونیادی خێڵەکی ناکات، چونکە بە هێشتنەوەی ئەم بونیادە، کۆسپ دەخاتە بەردەم یەکێتیی گەل کە لە قازانجی دەسەڵاتدا نییە. بۆیە دەسەڵات هەر کارێك، هەر ڕیفۆرمێك، هەر گۆڕانێك بکات، بەو مەبەستە دەیکات کە بەرژەوەندییەکانی خۆی لە هەموو ڕوویەکی ئابوری و سیاسی و سوپاییەوە زامن و ڕیشاژۆ بکات..

هەڵبەتە لە سایەی ئەم بونیادە کۆمەڵایەتی- ئابورییە تازەیەدا کە بە زۆری لە سەرەتاوە دەسەڵات لە دەستی خەڵکانێکی کەمدا قۆرخ دەکرێ و ڕێژەی هەرە زۆری سەروەت و سامان لەلای چینێکی کەم کەڵەکە دەبێت و دیاریشە بۆ بەکارهێنانی ڕاستەوخۆش بەکار ناهێنرێ و زیاتر دەخرێتە معامەلەوەو بە شێوەیەکی فراوانتر بەرهەم دەهێنرێتەوە.. جۆرە هوشیاری و ڕۆشنبیرییەك برەو دەستێنێ کە دەشێت ناو بنرێ سیاسەتی سازان و گونجان دەگەڵ ڕژێم و دەسەڵاتی ڕۆژدا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕەوتێکی ناڕازی پەیدا دەبێت کە دەشێت ناوبنرێ هەوێن و ئامیانی هۆشمەندیو ڕۆشنبیریی ئۆپۆزیسیۆن. جا ڕەوتی یەکەم گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری دەسەڵاتەو ڕەوتی دووەم یاخی و ناڕازییە. هەر کە بوو بە هێزێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی و سەنگی پەیداکردو گوشاری خستە سەر ڕژێم و دەسەڵات، ئیدی دەسەڵات بۆ سەرکوتکردنی یان پەنا وەبەر هێز دەبات،

یان بە ناوی ڕیفۆرمەوە کۆمەڵێك تەنازولات دەکات و قوربانی بە هەندێ شتی بچوك لە پێناوی پاراستنی خودی ڕژێم و دەسەڵاتەکەدا دەدات .

دیارە ئەم پینەو پەڕۆیە گەر وەکو تاکتیکش ئەنجامێك بە دەستەوە بدات، ئەوا وەکو ستراتیژ سەرناگرێ.. بۆیە دەسەڵات دەبێت وەکو دیاردەو حاڵەتێکی دروست و ئاسایی بڕوانێتە هەر ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕەسەن و خۆڕسك و هەڵقوڵاوی واقیعی ناکۆك و جیاوازی چینایەتی، مامەڵەی لە تەکدا بکات. باوەڕی تەواوی بە دەساودەسکردنی دەسەڵات هەبێت و ئەم کێشماکێشە بە مایەو ماکی هەر پەرەسەندنێك بزانێ و تاقە چەکی دەستی تەنیاو تەنیا سەندووقی هەڵبژاردن و ڕیفراندۆم بێت..

***بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:***

*- پەلکە ڕەنگینە، حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) وەزارەتی ڕۆشنبیری.

*- پەیڤستانی من، حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم (٢٠٠٩) بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی.

## ٢٨- هەڵبژاردن
## خەڵك، حیزب، حكومەت

"١"

یەكێك لە ئەركەكانی حیزب لە قۆناغی كاری ئاشكرادا كاری ڕیفراندۆم و هەڵبژاردنە، چ وەكو بەشداری كردن و ڕێكخستن و ململانێ دەگەڵ هەڤڕكانی خۆی و، چ وەكو هاندان و ڕێنوێنی خەڵكی بۆ بەشداریكردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و چارەنووسیانەوە هەیە. دیارە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەشداری كردنە لە گەلاڵە كردنی ڕای گشتی و ویژدانی سیاسیدا. ئاشكراشە كە حیزبی سیاسی ئەمە نە لە ڕای خودادا دەكات و نە لە پێناوی هیچدا، بەڵكو بۆ هاندانی خەڵكییە كە بەرەو سەندوقی دەنگدان بچن و كاندیدانی دەستەبژێرو دڵخوازی حیزب هەڵبژێرن. ئەمەش وا دەخوازێ حیزبی سیاسی ببێ بە باشترین مامۆستای وانەی سیاسی، كەسانێك بۆ ئەو مەبەستە دیاری بكەن، سەنگین و ڕاستۆك بن نەك فشەكەرانە و لیبۆك ئاسا بە پێخاوسی بەناو بكەون و بە ڕادەیەك خەڵكی بێزارو تەوەللا بكەن كە بەشداری لە هەڵبژاردندا نەكەن و چاوپۆشی لەو مافە هەرە شەخسی و ڕەوایەی خۆشیان بكەن..

واتە حیزب بۆ ئەوەی بتوانێت ڕای خەڵكی بەدەست بێنێ و خەڵكی لە دەوری خۆی خڕبكاتەوە، دەبێ پێش وەختە خوێندنەوەیەكی ورد بۆ بیرو بیركردنەوەی خەڵكی و خواستەكانیان بكات و بەرنامەیەكی كۆمەلاّیەتی و ئایدۆلۆجی واقیعی ئەوتۆی هەبێت كە بازاڕی كالاّ سیاسییەكەی خۆی پێ گەرم بكات و متمانەی موشتەری، كە لێرەدا جەماوەری دەنگدەرە، بەدەست بێنێ. واتە بزانێ چۆن مامەڵە لەتەك هەم خەڵكی و هەم

هەڤڕکەکانی خۆیدا بکات..چونکە لەمجۆرە کاتانەدا زۆر هەوڵی عەوام خەڵەتێنانەش دێنە ئاراوە.. کە حیزبی ڕەقیب ئەمە بە قازانجی خۆی دەقۆزێتەوەو دەکەوێتە کەشف کردن و لە قاودان و پەردە هەڵماڵین لە ڕووی ئەو حیزب و لایەنەی ئەم کارە دەکات و ناچاری دەکات دەست لەو عەوام خەڵەتێنییە هەڵگرێ و ڕەفتاری خۆی چاك بکات.. چونکە حیزبی ڕەسەن و مێژووکرد، تەنیا لە کەش و هەواو ژینگەی هەڤڕکی ئازادا دەتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ..

بیرو بۆچوونی پەڕاگەندەو پچڕپچڕ ئەگەر یەك نەخرێن و ڕەوتی گونجاوی خۆی نەدرێتێ، هەرگیز ناتوانێ حوکم و دەسەلاَت وەربگرێت.. بۆیە دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەو وشیارکردنەوەو ڕێنوێنی کردنیان و گەلاَڵە کردنی ڕای گشتی لە باری نەتەوەییەوە بە پۆزەتیفترین ڕۆڵی حیزب دەژمێررێ. دیارە هیچ حیزبێك یان هاوپەیمانییەکی حیزبی، ناتوانێ هەموو خواستەکانی جەماوەری خەڵك بەدی بێنێت.. و دیموکراتییەتیش دەرمانی هەموو دەردان نییە، بەڵکو کورتترین ڕێگەی نێوان خواستی خەڵکی و دەسەلاَت یان حکومەتە.

"٢"

بە تەجرەبە ئەوە دەرکەوتووە کە ئەو خەڵکانەی لە حیزبێکدا یان لە گروپێکی سیاسیدا کاریان کردووە، لە ڕووی هۆشمەندی سیاسییەوە لەوانە وریاترن کە لەو بوارەدا کاریان نەکردووە. ئەوانەی لە مەیدانی سیاسەت و حیزبێنیدا کاریان کردووە توانای شیکردنەوەو لێکدانەوەی ڕووداو و دیاردە سیاسییەکانیان زیاترە لەوانەی کە سیاسەت و حیزبێنیان نەکردووە. چونکە حیزب ئەگەر خۆکردو مێژووکرد بێ، نەك دوکانۆچکە بێت و لەم قەیسەری و لەو قەیسەری سیاسەتدا بە کرێ یان سەرقفلاَنە گیرابێت، بۆ خۆی دەبێتە قوتابخانەیەکی سیاسی و ئەندامانی خۆی لە هەموو ڕووەکانەوە بە چاکی پەروەردە دەکات و نموونەش زۆرە لە مێژوودا کە خەڵکانێك بێ ئەوەی خوێندنێکی زۆریان کردبێ یان شادەتنامەی بەرزیان بووبێ پلەوپایەی سیاسی گەورەیان وەرگرتووەو ڕۆڵی مەزنیان لە

ئاڕاستە کردنی وڵاتی خۆدا دیتووەو بەشدارییان لە ئاڕاستە کردنی سیاسەتی دنیاشدا کردووە.

بەڵام ئەمە نابێ ببێ بە بیانوو بۆ ئەوەی خەڵکانی ناشایستە کاندید بکرێن و بێنە هەڵبژاردن، خەڵکانێك لە وڵاتێکا لە ڕەشبگیرێکدا بۆ چەند مانگێك گیرابێ لە خەڵکی بکرێ بە سیاسەتوان و ئەرەسۆی وەخت، یان یەکێك لەبەر کۆمەڵە هۆیەکی نەسیاسی بۆ چەند ساڵێك پێشمەرگایەتی کردبێ و ئەمەی بۆ بکرێ بە کراسەکەی عوسمانی کوڕی عەفان و لە هەموو بۆنەیەکدا بە هەق و بە ناهەق بەرز بکرێتەوە.. بە هەرحاڵ حیزبان بۆ ئەنجامدانی کاروباری خۆیان و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی وڵات، گروپێکی سیاسی کارامەو لێهاتوو دادەمەزرێنن، کە بەبێ ئەوانە ئاییندەی سیستەمی سیاسی دەکەوێتە نادیاری و ئاژاوەو پاشاگەردانی باڵ بەسەر هەموو کەناڵەکانی ژیاندا دەکێشێت...

بۆیە هەڵبژاردن وەکو دیاردەو حاڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتییانە، حکومەت و ڕژێمی دیموکراتییانەی لێ دەکەوێتەوەو بەم پێودانگە حکومەتی دیموکراسی دەکاتە چۆنییەتی حوکم کردنی جەماوەری خەڵك لە ڕێگەی نوێنەرانی هەڵبژاردەو هەڵبژێرراوی ئەو خەڵکەوە کە هەردك لا باوەڕو متمانەی تەواویان بە یەکدی دەبێت. هەرکاتێك ئەم متمانەیە لەق بوو، حکومەتەکەش لەق دەبێت، یان دەڕوخێت و ئەرکی مێژوویی خۆی پێ ئەنجام نادرێ، یان خۆی دەگۆڕێت و بەرەو دکتاتۆرییەت دەچێت و دەکەوێتە چەوساندنەوەو سەرکوتکردنی هەمان ئەو جەماوەرەی کە هەڵیان بژاردووە، بۆیە پێویستە جەماوەری بەشداری دەنگدان لایەنی کەمی هۆشمەندیی سیاسییان هەبێت.

"٣"

حیزب وەکو چۆن لە دەرێی پەرلەمان کار بۆ گەڵاڵە کردن و ڕێکخستن و ئاڕاستە کردن و ڕێنوێنی ڕای گشتی و بونیادنانی ویژدانێکی سیاسی ساغڵەم دەکات، لە ناو پەرلەمان و

لە ڕیزی نوێنەرانیشدا هەمان ڕۆڵ دەبینیٚ. واتە کار بۆ ئەوە دەکات کە کۆمیسیۆنی حیزب یان هاوپەیمانییەکەی یەك ڕەنگ و یەك دەنگ و یەك ڕاو یەك هەڵوێست بن و خۆ لە ناکۆکی ڕاوبۆچوونان دوور بگرن. دیارە هەر حیزبەش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە کاتیٚ لە ئەندامی حیزبێکی دیاریکراو دەگاتە پەڕلەمان، بە زەبری دەنگی خەڵکی گەیوەتە ئەو شوێنە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا زادەی ئەو پەیوەندی و متمانەیەیە کە لە نێوان خەڵك و حیزبەکەدا هەیە.

واتە دەنگەکە بە خودی حیزبەکە دراوە، نەك بە شەخسی کەسە هەڵبژێرراوەکە، بۆیە ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە هەر حیزبێکی دیاریکراو دەبیٚ بە کردەوە، پردێکی ئەمینی ئەمەکداری نێوان حیزب و جەماوەر بێت، دەنا ئەو حیزبە زۆر زەرەر دەکات و خۆشەویستی جەماوەر لەدەست دەدات و متمانەی خەڵکەکە دەدۆڕێنیٚ. بۆیە ئەگەر حیزب لە دەستنیشان کردنی کاندیدەکانیدا تواناو کارامەیی و لێهاتوویی سیاسییان ڕەچاو نەکات و کار بۆ مێژوو نەکات، ئەوا یان حیزبێکی سیاسەتچی ڕیسکبازەو هیچ خوێندنەوەیەکی سیاسی مێژوویی بۆ قۆناغەکە نییە یا گەرەکییەتی بە هەر فێڵ و دەهۆو چاوبەستەکێیەك بووە خەڵکی چەواشە بکات و کۆمەڵێك خەڵکی ناشایستە بگەیەنێتە گەورەترین دەزگای سیاسەتسازی کە ئەویش پەرلەمانە و تەنیاو تەنیا جێگای ئەهلی سیاسەتە نەك سیاسەت نەدار!! بۆیە پێویستە گەلی دەنگدەران هوشیار بن کە مار بەخێوکردن کاری ئاقلاٚن نییە.

هەڵبەتە حیزب ئەگەر مێژووکرد بیٚ و لە پێداویستییەکانی سەردەمی خۆیەوە شەرعییەتی خۆی وەرگرتبیٚ، زۆر کاری گرینگی وەئەستۆ دەکەوێت، لەوانە: سازدانی دەنگدەران بۆ مومارەسە کردنی دیموکراتییانەی مافەکانی خۆیان کە یەکێکیان مافی دەنگدانە، دیارە حیزب تەنیا دەنگدەرانی ئەمڕۆ نادوێنیٚ و پەیوەندی دەگەڵ ئەواندا چیٚ ناکات، بەڵکو ئەو نەسلانەش دەدوێنیٚ کە دەبن بە دەنگدەرانی سبەینیٚ، بە تایبەتی جەماوەری گەنج کە فاکتەری تازەبوونەوەو خۆ تازەکردنەوەی حیزبن، هەرحیزبێك نەخازما حیزبی مێژووکرد ئەم لایەنە فەرامۆش بکات، زۆر زەرەر دەکات و بەرەبەرە دەپوکێتەوەو

دەوری مێژوویی بەسەر دەچێت. بۆیە ئەو حیزبانە لەسەریانە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ خەڵکیدا قووڵ بکەنەوە.. هاووڵاتیان لە بڕیارو مەرام و ئامانجەکانی دەسەڵاتی سیاسی ئاگادار بکەنەوە.

دیارە ئەمەش دەشێت بە دوو ڕێگە ئەنجام بدرێت: یەکێکیان بریتییە لە پشتیوانی کردنی بڕیارو قەرارەکانی دەوڵەت، ئەمیش بێتر لە سایەی وڵات و ڕژێمانی تاك حیزبی وەکو حیزبی کۆمۆنیستی چیندا دەبێت.. دووەمیان بریتییە لە ڕەت کردنەوەو ڕەخنەگرتن لەو بڕیارانە کە بێتر لە سایەی ڕژێمانی فرە حیزبی و لە لایەن حیزبانی دەرێی دەسەڵات ئەنجام دەدرێ.. جەماوەری خەڵك هیچ کاتێك لە سایەی ڕژێمانی داخراوی تۆتالیتاری تاك حیزبیدا، لە چەندێتی و چۆنییەتی بڕیارو مەسەلە چارەنووسسازەکان ئاگادار ناکرێتەوەو حەقیقەتی پێ ناگوترێ و نابێت بە خودانی ڕۆشنبینییەکی سیاسی ساغڵەم و واقیعی. تەنیا لە سایەی ڕژێمانی ڕکابەریدا، کە بنکەو دەزگا هەمە جۆرەکانی دەسەڵات دەکەونە ململانێی یەکدی، دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێت کە شتەکانی ژێر بەڕە بخرێنە سەر بەڕە.. تەنانەت ئەگەر حیزبی سیاسیش نەبن، بوونی چەند باڵێك لە گۆڕەپانی سیاسیدا بۆ خۆی دەسکەوتەو دەبێ بە مەبەستی ڕیشاژۆکردنی پرۆسەی دیموکراتییەت پشتیوانی لێ بکرێ.

حیزبی ئەمڕۆکە زۆر ئاسانتر لە جاران دکارێت بەردەوامی بە پەیوەندییەکانی خۆی دەگەڵ جەماوەری خەڵکدا بدات، هەر حیزبە ڕۆژنامەو کەناڵانی جۆراوجۆری تایبەتی خۆی هەیە کە گوزارشت لە ڕاو بۆچوون و نۆڕینی حیزب دەکات و ئەندامانی حیزبیش، ئەگەر بەڕاستی ئەندام بن نەك ناخۆری جێگر، دەبنە کڕیاری دایمی ئەو کاڵا سیاسییانەی لەم کەناڵانەوە دەخرێنە بازاڕ.. دیارە ئەم بابەتە کەناڵانە دەبێت بکرێن بە باشترین کەناڵ بۆ هوشیارکردنەوەی کۆمەڵ. چونکە دروستی و نادروستی فیکرێك وەختێ بەدیار دەکەوێ کە لەهەنبەر دژەکەیدا دابنرێ.. هەڵبەتە هاووڵاتی خوێنەوار بە خۆی دەتوانێت زانیارییە دروست و نادروستەکانی حیزبەکان لێکدی هەڵاوێرێت و بچێتە بنج و بناوانی شێوازیان..

بۆیە هەموو فێڵ و دەهۆو چاو و ڕاو و چاوبەستەکێیەك لە بەردەم هۆشمەندی کۆمەڵگەدا پوچەڵ دەبێتەوە، بۆیە لە کۆمەڵگەی هوشیاردا حیزبەکانیش ناچار دەبن و بۆ ئەوەی ڕووی ناو خەڵکیان بمێنێت، پابەندی ڕاستۆکی و دروستکاری بن.. کارەساتەکە وەختێك دەست پێ دەکات کە ئاستی هوشیاری و هەستی سیاسی خەڵکی نزم بێت یان سۆزیان بەسەر ئەقڵیاندا زاڵ بێت، سۆز جڵەوکێشی هەموو کاروکردەوەو بڕیارێکیان بێت نەك ئەقڵ. وەکو چۆن ئەمە بە ئاشکرا لە کوردستاندا بەدی دەکرێت و زۆرجار گەرمی بازاڕی حیزبان دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی نزمی هوشیاری خەڵك و نەخەملێنی هەست و ئەقڵی سیاسی و سۆزپەروەری ئەو خەڵکە.

"٤"

یەکێك لە ئەرکەکانی هەر حیزبێکی جەماوەری مێژووکرد ئەوەیە کە خەڵکی فێری چۆنییەتی تێگەیشتن لە سیاسەت و بەشداری لە کاروباری سیاسی بکات. ئەمەش لە زۆر کەناڵی جۆراوجۆرەوە دەکرێت، وەکو چاپەمەنی و بڵاڤۆك و ڕادیۆو تەلەفزیۆن و قوتابخانەو زانستگەو زانکۆ و بنکەو کۆڕی ڕۆشنبیری.. بەڵام ڕەنگە چاپەمەنی و ئەو جۆرە کەناڵانە تەنیا یارمەتی بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری هاووڵاتیان بدات، ڕەنگە کەناڵی زانکۆ هەر لە ئاستە ئەکادیمییەکەدا قەتیس بمێنێ.. بەڵام فێرکردن و پەروەردەی سیاسی لە ڕێگەی حیزبایەتییەوە کە بۆ خۆی ئەزموونێکی پڕاکتیکی چڕی بەگەڵ دەکەوێ لە ئەنجامدا بە بەشداریکردنی سیاسی دەشکێتەوە، بە تایبەتی مومارەسەی مەیدانیی سیاسەت کە پتر سەروکاری دەگەڵ ستراتیژو تاکتیك و تەکنیکی تایبەتی هەیە کە ئەو تایبەتمەندییانە لە کۆڕو بنکە ئەکادیمییەکاندا بەدی ناکرێت و نییە.

بۆ نموونە شێوەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی خەنیم، سوود وەرگرتن لە ئەوزارو ئیمکانات و پوچەڵکردنەوەی کاروکردەوەی نەیار، ئەمانە لە کتێبە دەرسییەکاندا یان لە چاپەمەنییەکاندا گوێیان پێ نادرێت، خۆ ئەگەر بایەخیشیان پێ بدرێ لە سنووری شرۆڤە

هێوەتر نارِوات، واتە شرۆڤەی ئەو کارانە دەبێت کە گروپ و حیزبەکان ئەنجامیان داوە. ئەمە هەمان ئەو خەباتە سیاسییەیە کە لە مەیدانی پڕاکتیکیدا دەخەملێت و دێتە دی، نەك لە دەزگایەکی سیاسیدا. زۆرن مامۆستایانی پسپۆڕ لە زانستی سیاسیدا هەر کە هاتوونەتە مەیدانی پڕاکتیکییەوە نەك هەر دەستەپاچە بوون، بگرە نەیان توانیوە زانیارییەکانی خۆشیان پاچڤەی واقیع بکەن و سوودی لێ وەربگرن، کەچی چالاکوانانی حیزبی و قالبووانی بۆتەی حیزب و خاراوانی مەیدانی پڕاکتیکی لەو مامۆستا پسپۆڕانە زۆر باشتر سەریان لە وردەکارییەکانی سیاسەت دەرکردووە.

مرۆڤ بە تەبیعەتی خۆی گوراوێکی کۆمەڵایەتییە و لە گۆشەگیری و تەنیایی هەڵاتووە.. بۆیە کارو ئەرکی هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی بریتی بووە لە دەربازکردنی مرۆڤ لە تەنیایی و تێکەڵکردنی دەگەڵ کۆمەڵدا، ئەمەش لە بنەڕەتدا یەکێك بووە لە ئارمانجەکانی پەرەسەندنی سیاسی. هەڵبەتە پابەندی تاك بە ماڵبات و تیرەشەوە بۆ خۆی دەچێتە خانەی جۆرە وابەستەگییەکی کۆمەڵایەتییەوە. دیارە جیاوازی هەیە لە نێوان وابەستەگی ماڵباتی و تیرەیی و وابەستەگی کۆمەڵایەتی نەتەوەیی. هەروەها حیزب دەتوانێ لەمبارەیەوە دەورێکی باڵا ببینێ، خەڵکی لە نێو حیزبدا ڕێکبخات و بیخاتە قوڵایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانەوە. واتە حیزب دەبێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نەتەوەییەکان ڕیشاژۆ بکات و بە جۆرێك ئاراستەی بکات کە بەگەڵ ڕەوتی مێژوو بکەون و ئەو خەڵکە بەرەو بە هاووڵاتی بوون ببات و لە ئەرك و مافە دەستووری و مەدەنییەکانی هاووڵاتی ئاگاداربن و بەرگری لێ بکەن..

دەستەبازی و تاقم تاقمێنە و ئاریشەو کێشەو ململانێی نێوان ئەو دەستەو تاقمانە دەرهاویشتەو دیاردەیەکی باوی کۆمەڵگەی پاشکەوتووە.. حیزب دەتوانێ ئەو گروپ و تاقمانە بێنێتە ناو خۆی و ئامانج و ئاواتی ئەوتۆیان بخاتە بەردەم کە گەلەك مەزنتربن لە مەبەستە تەسکەکانی خۆیان، واتە حیزب ئەو گروپە ناکۆکانە بە ئاراستە نەتەوەییەکەدا ئاراستە دەکات.. ئەگەر حیزب یان حیزبان بتوانن هەموو کێشە لاوەکییەکانی وەکو

کێشەی تیرەیی و نەتەوەیی و کەلێن و بۆشاییە کۆمەلایەتییەکان چارەسەرو پڕبکەنەوە، بین بە ڕایەڵی نێوان هاوولاتیان و کۆمەلگە و نێوان هاوولاتیان و دەولەت، ئەو کاتە دەکرێ بگوترێ ئاوێتە بوون و یەکێتی نەتەوەیی و بە دامەزراوە بوونی دەسەلات و فرە مینبەری هاتووەتە ئاراوە.. دیارە لە ولاتانی سێیەمدا زیاتر بە لای یەکبوونی نەتەوەییدا دای دەشکێنن، چونکە ئەو بۆشایی و کەلێن و درزە کۆمەلایەتی و نەتەوەییانەی کە لە سەدەکانی ڕابردووەوە بۆی ماونەتەوە، یەك دنیا ئاریشەی کۆمەلایەتی و سیاسی لە بەردەمدا قوت کردونەتەوە.

"٥"

یەکێك لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی هەر گروپێکی کۆمەلایەتی یان سیاسی ئەوەیە کە خەلکی لە باوەشی تەبیعەتەوە بگوازێتەوە بۆ هەمێزی مەدەنییەت، واتە حیزب بەلای کەمەوە شۆڕشگێڕاندن و بە شارستانیکردنی خەلکی لە ئەستۆیە. حیزب دەبێتە ئەوزاری پەیوەندی نێوان کۆمەل و حکومەت، یانی حیزب پردێکە لە نێوان جەماوەری گەل و حکومەتدا، داواو پێویستییە هەمە جۆرو پەڕاگەندەکانی جەماوەری گەل یەکدەخات، دەیگەیەنێتە مەلبەندی قەرارسازی. هەر ئەمەش کارێکی وەها دەکات حیزب ببێ بە ئەلقەی پەیوەندی لە نێوان کۆمەل و دەسەلاتی فەرمانڕەوادا. بەمەش کاری حکومەت لە بواری قەرارسازیدا ئاسانتر دەبێت، چونکە ئەگەر ئەمە نەبێت بڕیاردەران خۆیان لە بەردەم دنیایەك خواست و داوای ناکۆکدا دەبینن کە توانای بڕیاردانیان لەبەر دەبڕێت. نەبوونی ئەم ئەلقەی پەیوەندییە لە نێوان کۆمەلگەو حکومەتدا زۆرجار بووەتە مایەی سەرلێشێوانی حوکمڕانان و کۆمەلێك بڕیاری ئەوتۆیان دەرکردووە کە بە زەرەری خودی حوکمڕانەکان شکاوەتەوە.

هەلبەتە یەکێك لە مەرجە بنەڕەتییەکانی ڕژێمی سیاسی ئەوەیە کە لە ژینگەی سیاسی و دیاردەو ڕووداوەکانی ناوجەرگەی کۆمەلگە ئاگادار بێت و خوێندنەوەی وردی بۆ بکات، هەروەها حوکمڕانان بەر لە دەرکردنی هەر بڕیارێك بۆچوون و کاردانەوەی گریمانەیی

جەماوەری خەڵکیان خوێندبێتەوەو هەڵسەنگاندبێ. واتە حکومەت ئەگەر حیزبی لە پشت نەبێت و حیزبەکە لە کاردانەوەو بۆچوون و خواستی جەماوەری خەڵك ئاگاداری نەکاتەوە، ناچارە پەنا وەبەر شێوازی ناواقیعی ئەوتۆ ببات کە نەتوانێ عەکسکەرەوەی ویست و خواستی واقیعی خەڵکی بێت.. کەواتە بوونی حیزبانی سیاسی بە تایبەتی و بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرقەرار بە گشتی لە قازانجی دەزگای حکومەتیدایە. چونکە ڕژێم دەتوانێ ئاسانتر مامەڵە لەتەك کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکات و بە پیر داواو خواستەکانیانەوە بچێت. دیارە ئەمەش وەستاوەتە سەر ئەوەی کە حوکمڕانان چەند باوەڕیان بە ڕۆڵی کاریگەری خەڵکە لە چەسپاندنی پایەکانی ڕژێمێکی سیاسی و مەشروعییەت بەخشین بەو ڕژێمە.. دیارە ئەگەر حکومەتێك لە خەڵکیی دابڕا بێ و بە زەبری ئاگرو ئاسن حوکم بکات، ئەوەندە گوێ بەم پرەنسیپ و بنەمایانە نادات.

هەڵبەتە دیموکراتییەت لە کەش و هەوای فرە فیکری و فرە مینبەری و فرە حیزبیدا بە دیار دەکەوێ و بەرجەستە دەبێت، ئەگەر حیزبی حوکمڕان بتوانێ ڕێگە بە حیزبانی هەڤڕکی خۆی بدات، چالاکی و چەلەنگی سیاسی خۆ ئەنجام بدەن، لە لایەکەوە ئەگەری سەرهەڵدانی گروپ و تاقمی نهێنی نیمچە تیرۆریستی یان تیرۆریستی کەم دەکاتەوەو جۆرە دڵنیاییەك لە لای حیزبی حوکمڕان دروست دەبێت و دەبێتە مایەی سەقامگیریی سیستەمی سیاسی باو و لە لایەکی دیکەوە شەرعییەتی سیستەمە سیاسییەکە پتر دەکات، چونکە سیستەمێکی سیاسی بتوانێت ڕێگە بە هەڤڕکان و نەیارانی خۆی بدات کە چالاکی خۆیان بکەن، لە ڕاستیدا مانای ئەوەیە کە متمانەی بە خۆی و دەسەڵاتی خۆی هەیەو ڕادەی پابەندی خۆی بە دیموکراتییەتەوە دەنوێنێ.

"٦"

حیزبی سیاسی، بۆ خۆی کۆمەڵگەیەکی بچوکی سیاسییە. واتە حیزب نوێنەری چین و توێژی کۆمەڵەو هەمان پەیوەندییە سیاسییەکانی ئەو چین و توێژانە ڕەنگی تێدا دەداتەوە.

دیارە ڕێبەرایەتی و پێشەوای ئەو حیزبە وەکو حکومەتی ئەو کۆمەڵگە بچوکە کاردەکات و هەقی خۆیەتی پەلو پۆ بهاوێ بۆ ئەوەی ببێ بە نوێنەری زۆربەی جەماوەری خەڵکی، بە تایبەتی لە قۆناغی بزاڤی ڕزگاری نیشتمانی و نەتەوەییدا، چونکە حیزبی سیاسی لە دوا ئەنجامدا عەودالی وەرگرتنی دەسەلات و حکومەتایەتییە. بۆیە حیزبیش وەکو سیستەمی سیاسی، تاکتیك و ستراتیژی خۆی هەیە، ڕژێم و بەرنامەی خۆی هەیە. ڕژێمی سیاسیش دەکاتە چۆنییەتی کارکردنی سیستەمێکی سیاسی. کەواتە بەم پێودانگە دەشێت بگوترێ کە هەر سیستەمێکی سیاسی، ڕژێم و بەرنامەیەکی تایبەتی خۆی هەیە.. حیزبیش کە بۆ خۆی سیستەمێکی سیاسییە، بەرنامەی تایبەتی خۆی و کۆمەڵێك ئارمانجی دوورو نزیکی هەن کە کار بۆ وەدیهاتنیان دەکات. دیارە کە چۆنییەتی کارکردن و ئەو ڕێبازو تاکتیك و ستراتیژانەی بۆ وەدیهاتنی ئامانجە دوورو نزیکەکان دەکرێت، وەستاوەتە سەر بونیادی حیزب، سەر ئایدۆلۆژیای حیزب و بە تایبەتی ڕوانین و جیهانبینی ڕابەران و سەرانی حیزب، دیارە ئەمەش لە مەیدانی کاری سیاسیدا ڕەنگ دەداتەوە.

ماك و هەوێنی سیاسی لە ڕاستیدا بریتییە لە ڕکابەری و ململانێی بێ ئامانی تاك و گروپانی سیاسی لەسەر دەسەلات. دیارە ئەم ململانێ و کێشماکێشانە تا ڕادەیەکی زۆر لە کێشماکێشی سوپایی دەچێت.. جا کارەکە لە بنەڕەتدا لە ڕای دەسەلاتی سیاسیدا بێت، بۆیە ستراتیژو میکانیزم و تاکتیکێکی ئەوتۆی دەوێت کە سەرکەوتن مسۆگەر بکات. هەڵبەتە چ لە ژیانی سیاسیداو چ لە ژیانی کۆمەلایەتیدا هەمیشە دوو لایەن و زیاتر لە ڕوانگەی بەرژەوەندی ناکۆك و جیاوە لەسەر بابەتێکی تایبەتی، لە کێشەو ململانێدان.. لە بازاڕی سیاسیدا حیزبان لە خەمی بەدەستهێنانی دەسەلاتی زیاتردان، کە لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا لە ڕێگەی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگەوە بەدەست دێت.. دیارە دەنگدەرانیش چاویان لە سوودو قازانجی خۆیانەو بە دوای حیزبێك دەکەون کە بەرنامەو پرۆگرامەکانی لە هەر حیزبێکی دی زیاتر ئەو سوودو قازانجانەیان دابین بکات. کەواتە بەرنامە، ئارمانج و ئاواتی ڕاگەیەنراوی حیزب لە ڕاستیدا کالای سیاسییەو دەخرێتە

بەردەم موشتەریان(دەنگدەران)جا وەکو چۆن یاسای بازاڕ وا دەخوازێ ئەو کالآیانە بخرێنە بازاڕەوە کە پێداویستییەکانی خەڵکی دابین بکات، حیزبیش دەبێ لە بری ڕاگەیاندنی یەك بەرنامەی ئاسایی و یەك هەڵوێستی پایەدار، دەبێ کۆمەڵە بەرنامەیەك بخاتە بازاڕی سیاسەتەوە کە خەڵکانێکی زیاتر لە دەوری خۆی خڕ بکاتەوە.

"٧"

دیارە لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا دوو جۆرە ڕەفتار لە لایەن حیزبەکانەوە بەدی دەکرێ: یەکەمیان ڕەفتاری توندو تیژە، ئەمەیان زیاتر لە لایەن حیزبانی ئایدۆلۆجیست و دۆگماتیست و کەم سەنگەوە پەیڕەو دەکرێ. زمانی سیاسی ئەمجۆرە حیزبە جۆرێکە وەکو ئەوەی حەقیقەتی موتڵەقیان بەدەست هێنابێ و بە هیچ جۆرێ ئامادە نین سازشی لەسەر بکەن و ئیدی دروشمی بریقەداری وەها دەخەنە ڕوو کە زۆر لە دروشمی ئاسایی واقیعی، زیاتر خەڵکی ڕابکێشێت، بە تایبەتی ئەو خەڵکانەی کە ڕاستەوخۆ سەروسەختیان دەگەڵ سیاسەتدا نییە.. دیارە لە لایەکی ترەوە بە زمانێکی زۆر پیس و دزێو و بازاڕی، لە عەلەیی حیزب یان حیزبانی هەڤڕکی خۆی دەدوێ و بگرە بوختانی ئەخلاقیشیان بۆ هەڵدەبەستن و ئەمە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیدا ڕەنگ دەداتەوە. هەڵبەتە کەسێك ئەگەر بیەوێ، دەتوانێ لە زمانی ئەمجۆرە حیزبانەوە پەی بە ماهییەتیان بەرێت و هەڵوێستی خۆی دیاری بکات.. زمانی ئەو جۆرە حیزبە کەم و زۆر بەشی ئاشتی نایەڵێتەوەو ئەمجۆرە زمانە تەنیا نەخۆشانی فیکری و دەروونی لەزەتی لێ دەبینن.

دیارە ئەم توندییە تەنێ لە چوارچێوەی زماندا ناوەستێ و بگرە بواری پراکتیکیش دەگرێتەوەو دەکەونە پەلاماردان و ڕەشەکوژی و ئازاردانی ئەندامانی حیزبە هەڤڕکەکانی خۆیان. دیارە لە کەش و هەوای ئاوهادا بیر لە هاوبەندی و هاوپەیمانی ناکرێتەوەو ئەو حیزبە توندانە تەنیا بیر لە خۆیان و ئارمانجە پوچ و ناواقیعییەکانیان دەکەنەوە. ***دووەمیان*** ڕەفتاری نەرم و نیانە، ئەمەیان زیاتر لە لایەن حیزبانی ڕەسەن و مێژووکردو متمانە بەخۆ و

به جەماوەری خەڵکەوە پەیڕەوی دەکرێت. زمانی سیاسی ئەمجۆرە حیزبە زۆر نەرم و لۆژیکی دەبێت، ئەوەندەی ئەقڵ و ئاوەزی خەڵکی دەدوێنێ و کاری لەسەر دەکات، لا بەلای ختوکەدانی سۆزدا ناکاتەوە و هەڵبەتە پایەی جەماوەری ئەم بابەتە حیزبە، لە زمانیدا ڕەنگ دەداتەوەو پتر پەنا وەبەر دایەلۆگ و هاوپەیمانێتی و هەڤبەندی و ئاشتی و ڕێککەوتن دەبات تا وەبەر توندوتیژی بەرێت و لە بری ئەوە هەوڵی دۆزینەوەی کار بۆ خەڵکی دەدات، بیروباوەڕی گشتی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت.. واتە دەیانەوێ بە گوێرەی توانا خزمەتی جەماوەری خەڵك بکەن.. جا دەنگی دەنگدەر وەکو پارەی دەگمەنە و نابێت بە هەموو کالاّیەك بدرێت..

# ٢٩- داستانی گەلگامیش و دوو قسە..

"١"

هەڵبەتە تیرەی بەشەر بە ڕۆژ و دوو ڕۆژ و کوتوپڕو لە خۆڕا نەگەییوەتە ئەم ئاست و ئەم ڕۆژو ڕۆژگارەی کە هەنووکە تێیدا دەژی. بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری ژیانی لە قۆناغی هۆڤییەتی و بە کێوییەتی بردووەتە سەر. واتە ڕێژەی هەرە زۆری ژیانی بەشەر دەکەوێتە سەردەمەکانی وەکو دەڵێن پێش مێژووەوە.. کە بە ملیۆنان ساڵی خایاندووەو پاشان بەرەبەرە بەرەو قۆناغی شارستانییەت کشاوە.. یەکەمجار بەشەر لە دۆڵی ڕافیدەین و دۆڵی نیلدا، لە ئاخرو ئۆخری هەزارەی چوارەمی پێش زاییندا، لە ژیانی کێویەتییەوە بەرەو ژیانی شارستانییەت و مەدەنییەت هەنگاوی ناوەو هەموو پێداویستییەکانی بەپێی تواناو قۆناغ بۆ خۆی دابین کردووەو داهێناوە وەکو دروستکردنی شاران، دانانی سیستەمی حوکمرانی، داهێنانی نووسین و تۆمارگەری و دانانی یاساو ڕێسا بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی، هونەرو ئەدەبیاتی جۆراوجۆر، مومارەسەی ئاین و دروستکردنی دامەزراوەی ئاینی میناکی پەرستگەو کاهینان، و هەروەها بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیاو دامودەزگای ئاودێری و کشتکاری، و هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵی ژینگەو سروشت و سوودوەگرتن لە ئیمکانەتەکانی سروشت..

دیارە فەزڵی پەیبردن بەم نهێنیانە ودۆزینەوەیان، دەگەڕێتەوە بۆ زانستی شوێنەوارناسی (ئارکۆلۆجیا) کە ئەویش وەکو زانستێکی کاراو کاریگەر دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دووسەد ساڵێك لەمەوبەر، کە توانی شۆڕشێکی گەورە بەرپا بکات وکردیە کارێك کە بەشەر لە

مێژووی پەرەسەندنی خۆی ئاگادار بێت و ئەوە بزانێت کە لە هەرتك دۆڵی ناڤبریدا ژیارو شارستانییەتێك هەبووە کە بە دەیان سەدە پێش ژیارو شارستانییەتی یۆنان و ڕۆمان کەوتووە. واتە بە پێی کەشفکارییە ئارکۆلۆجییەکان کۆنترین شارستانییەت لە دۆڵی ڕافیدەین و نیلدا بەر لە سەردەمانی مێژوو سەری هەڵداوەو بەرەبەرە گەشەی کردووەو پەرەی سەندووەو لە ئاخرو ئۆخری هەزارەی چوارەمی پێش زایینداگەیبوەتە ئاستی خەمڵین و پوختەیی خۆی، بۆیە هەندێ لە توێژەران ناوی شارستانییەتی ڕەسەنیان لێ ناوە.. دیارە هەر بە فەزڵی گەڕان و پشکنینە ئارکۆلۆجییەکانەوە توانراوە ڕازو ڕەمزی ئەو خەتانەش بدۆزرێتەوە کە ئەو دوو شارستانییەتە لە بواری تۆمارگەریدا بەکاریان هێناون، کە بریتین لە خەتی هیرۆگلۆفی لە دۆڵی نیل و خەتی بزماری لە دۆڵی ڕافیدەین.

بەمەش توێژەرانی پسپۆڕ توانییان ئەو دەقە نووسراوانە بخوێننەوە کە لە هەردوو شارستانییەتی ناڤبریداو لە بوارێن جیاوازی ئەبستمۆلۆجی و کاروباری ژیاندا بەرهەم هاتوون. شایەنی باسە ئەو زانست و زانیاری و ئەدەبیاتەی لەو دوو دۆڵەدا بەرهەم هاتوون لە ئاستێکی ئەوەندە پێشکەوتوودابوون کە توێژەران تێکڕا قەناعەتیان وایە کە بناغەو هێمی زانست و زانیاری و پرەنسیپەکانی ئەدەبیاتی تیرەی بەشەر، لەو دوو شارستانییەتەدا و بەر لە پتر لە پێنج هەزار ساڵ داڕێژراوە.

جا ئێستا با بێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان کە داستانی گەلگامیشە. ئەمە شاکارێکی ئەدەبی شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووبارە. دیارە کە بایەخێکی یەجگار فرەی لە مێژووی ئەدەبیاتی بەشەرو پەرەسەندنی هزری مرۆڤانیدا هەیە، چونکە تا ئێستا یەکەمین هەوڵی مرۆڤە بۆ گوزارشتکردن لە ژیان و بەهاکانی ژیان و کاروباری کۆمەڵگەو گرفتەکانی تاك، بە شێوازی هونەرو خەیاڵ.. هەرچەندە ئەمە لە مێژووی پەرەسەندنی ئەدەبی تیرەی بەشەردا بە یەکەمین هەوڵ دادەنرێ، بەڵام ئەوەی مایەی سەرسامییە، ئەوەیە کە وێڕای کۆنییەکەی هەموو خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئەدەبیاتی پوختەی جیهانی تیادایە، چ لە

ڕووی شێوازو چۆنییەتی گوزارشتەوەو چ لە ڕووی نێوەڕۆك و بابەتەوەو چ لە لایەنی خەون و خەیاڵ و وێنەی هونەری و گێڕانەوەی چیرۆکڤانییەوە.

جا ئەگەر بێین ئەدەبیاتی شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووبار، چ لە ڕووی زەمەنی بەرهەم هێنانییەوەو چ لە ڕووی تۆمارکردنییەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئاخروئۆخری هەزارەی سێیەم و سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایین، دەگەڵ ئەدەبیاتی شارستانییەتەکانی دیدا بەراورد بکەین، دەبینین لە هەر هەموویان کۆنترەو بەمەش دەبێت بە کۆنترین ئەدەبیاتی جیهان. بۆ نموونە کۆنترین ئەدەبیاتی شارستانییەتی میسری لە شاری (ئوگاریت)دا کە شارێکی کۆنی کەنعانییە، دۆزراوەتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری نیوەی هەزارەی دووەم. واتە بەلای کەمەوە پێنج سەد ساڵ دوای ئەدەبی کۆنی عێراقی کەوتووە. هەڵبەتە سەبارەت بە ئەدەبیاتی عیبری کۆنیش کە لە تەوراتدا هاتووە چەند سەدەیەك دوای ئەدەبیاتی کۆنی دۆڵی دوو ڕووبارە، چونکە کۆنترین تۆمارکردنی تەورات دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو سەدەی شەش و پێنجی پێش زایین.

خۆ سەبارەت بە ئیلیادەو ئۆدیسەش کە بە کۆنترین بەرهەمی ئەدەبی یۆنان دەژمێررێن، کۆنترین تۆمارکردنیان بۆ هەردوو سەدەی حەوتەم و هەشتەم دەگەڕێتەوە. واتە نزیکەی پێنج سەدەیەك لە دوای ئەدەبیاتی دۆڵی دوو ڕووبارەوەیە. سەبارەت بە "ريك-ڤیدا"ش کە سەرقافڵەی ئەدەبی کۆنی هیندییە، هەروەها "ئاڤێستا" کە کۆنترین ئەدەبی ئێرانییە، هیچ یەکێکیان بەر لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین تۆمار نەکراون، یانی زەمانی تۆمارکردنی ئەدەبی کۆنی دۆڵی دوو ڕووبار پتر لە هەزار ساڵ بەر لەوانە..

لێرەدا پێویستە ئاماژەیەك بەوەش بکرێ کە هەموو ئەو ئەدەبیاتانەی بە نموونەو بە مەبەستی بەراورد دەگەڵ ئەدەبیاتی دۆڵی دوو ڕووباردا هێنامانەوە، لە لایەن کۆکەرەوەو نڤیساران و (نساخ) شرۆڤە کارانیانەوە دەستکاری کراون، بەلاّم ئەدەبیاتی سۆمەری و بابلی بە دەقی خۆیانەوە، وەکو چۆن لە لایەن عێراقیانی کۆنەوەو بەر لە چوار هەزار ساڵ لەسەر

خشت تۆماركراون، گەیيوونەتە دەستمان.. دیارە ناچێتە ئەقڵەوە ئەم شارستانییەتە كوتوپڕو بێ هیچ پێشینەیەك و وەكو قارچك هەڵتۆقی بێت، دەبێ پێشتریش زەمینەیەك هەبووبێ.

تا ئێستا ئەو دەقە ئەدەبیانەی كە بەخەتی بزماری و لەسەر خشتان نووسراون، سەرچاوەی هەموو زانیارییەكی ئێمە لەمەڕ ئەدەبیاتی كۆنی عێراق پێك دێنن.. دیارە ئەو بەرهەمانە هەندێكیان بە زمانی سۆمەری و هەندێكیان بە زمانی ئەكەدی (واتە بابلی و ئاشوری) تۆماركراون.. هەڵبەتە ژمارەی ئەو خشتانەی كە دەقی ئەدەبییان لەسەر تۆماركراوە، لە چاو كۆی ژمارەی ئەو خشتانەی تا ئێستا دۆزراونەتەوەو لایەنە جیاوازەكانی ژیان و ژیاری ئەو سەردەمەو میللەتانی ئەو سەردەمەیان لەسەر تۆمار كراوە، كە نزیكەی یەك ملیۆن خشت دەبێت، یەجگار كەمەو ئەوپەڕی سێ چوار هەزار خشت دەبێت.. ئەم خشتانە لە سەرانسەری دنیادا بلاو بوونەتەوەو لە مۆزەخانە بە ناوبانگەكانی جیهاندا هەن..

مەبەستمان لە تێكستە ئەدەبییەكان ئەو دەقانەیە كە بە شێوازێكی هونەری و لە وێنەیەكی قەشەنگ و جواندا گوزارشتی لە هەست و نەست و ئەزموونی ئادەمیزاد كردووەو كاری لە وەرگر كردووە. ئەدەبیاتی شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووبار زیاتر بە دەوری ئەم تەوەرانەدا سوڕاوەتەوە: خەلیقەت و ڕیشەی بوون، واتا خواوەندان و شتان و خولقانی ئادەمیزاد، ئەسڵ و ڕیشەی خواوەندان، داستان و كاری قارەمانان و خواوەندان و نیمچە خواوەندان.

واتا ئەدەبیاتی داستانی، كە گەشترین نموونەی ئەم بابەتە، داستانی گەلگامیشە.. چیرۆكی تۆفان، ئەفسانانی پاش مردن، ئەدەبیاتی پەندو ئامۆژگاری و بابەتێن خێروشەڕو دادخوایی، ئەدەبیاتی شانازی و دەمەتەقێ، ئەدەبیاتی ساتیرو فابیل، ئەدەبیاتی لاوانەوەو شین، بە تایبەتی لاوانەوەو شین بۆ شارانی وێرانكراو و هەرەسهێنانی زنجیرە خانەدانی حوكمڕان. ئەدەبیاتی ڤیان و ئەڤینداری و نوێژو نزاو وێردو پاڕانەوە.

داستانی گەلگامیش لەسەر دوانزە خشت تۆمار کراوە، بۆیەش لەسەر دوانزە خشت تۆمارکراوە چونکە دەقەکە درێژەو لەسەر یەك خشت جێی نەبووەتەوە، هەروەها ڕووبەری هەر خشتێك لە (٥٠×٥٠) سم دووجا زیاتر نەبووە.. بێگومان داستانی گەلگامیش یەکێکە لە شاکارە ئەدەبییە هەرە کۆنەکانی جیهان.. تۆ بڵێی ئەم شاکارە خاوەنێکی نەبێت، لە لایەن کەسێکەوە یان چەند کەسێکەوە دانەنرابێت؟!..

بە گوێرەی سەرچاوە مێژووییەکان لە شارستانییەتە کۆنەکاندا، جگە لە چەند شارستانییەتێکی کەم نەبێت، بە تایبەتی لە هەردوو شارستانییەتی یۆنانی و ڕۆمانی، وا باوە زۆر بە دەگمەن ناوی دانەران، لە ئەدیب و نووسەران و شاعیران لەگەڵ بەرهەمەکەیدا برابێت. ئەگەر هەندێ دەقی ئەدەبیمان پێ گەیببێت و ناوی خەڵکانێکی پێوەبێت، ئەوا بە زۆری ناوی کۆکەرەوەو ئامادەکارو نقیسکارەکان (نساخ) بووە.. ڕەنگە هۆی ئەم دیاردەیە، واتا دیاردەی فەرامۆشکردنی ناوی دانەر بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەشی هەرە زۆری بەرهەمێن ئەدەبی لە شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووباردا لە شێوەی کەلەپوورێکی نەتەوەییدا نەشونمای کردبێت و چەندین نەوە لە بەرهەمهێنانیدا بەشدارییان کردبێت و لە داهێنانی یەك ئەدیب یان یەك شاعیر نەبووبێت.. وەکو داستانە نەتەوەییەکان و حیکایەتە میللییەکانی وەك هەزارو یەك شەوەو ئیلیادەو ئۆدیسە کە دراونەتە پاڵ شاعیری نابینا (هۆمیرۆس- سەدەی هەشتەم یان حەوتەمی پێش. ز)

یەکێك لە حەقیقەتە سەلماوەکانی مێژووی شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووبار ئەوەیە کە پتر لە زمانێك بەکار هاتووە، سۆمەری و ئەکەدی (بابیلی و ئاشوری) دوو زمانی هەرە باو بوون، زمانی ئەکەدی بە سەرچاوەی زمانە سامییەکانی ئەمڕۆ دەژمێررێت.. زمانی سۆمەریش کە دیار نییە سەرچاوەی چ گروپە زمانێکی باوی ئەمڕۆکەیە، هەر کە قۆناغی تۆمارکاری (تدوین) لە شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووباردا لە ئاخرو ئۆخری هەزارەی چوارەمی پێش زاییندا دەستی پێ کردووە، لەو دەڤەرەدا بەکار هاتووەو کەلتوورو زانست و زانیاری و ئەدەبیاتی باوی ڕۆژی پێ تۆمارکراوە..

پاشان ئەکەدییەکان جڵەوی سیاسەتیان گرتووەتە دەست و زمانەکەیان، زمانی ئەکەدی لە سەردەمی ئەکەدیدا (٢٣٧٠-٢٢٣٠پێش ز) لە ماوەی حوکمڕانی ئەو زنجیرە خانەدانەدا کە سەرجۆنی ئەکەدی دایمەزراندووە، لە کاروباری تۆمارکاریدا بەکار هاتووە.. بەڵام سۆمەرییەکان هەرچەندە دەسەڵاتی سیاسییان داویەتیە کزی و نەماوە، لێ زمانەکەیان، هەر زمانی زانست و کەلتوور بووەو شانبەشانی زمانی ئەکەدی (بابیلی و ئاشوری) بەکارهاتووەو گەلێك لە زاراوەو ئیدۆمەکانی هاتوونەتە ناو زمانی ئەکەدییەوەو ئەم ئاوێتەبوون و تێکەڵبوونە بە ڕادەیەك بووە کە زانینی زمانی سۆمەری یەکێك بووە لە پێداویستییەکانی زانایان و نووسەران و ئەمەش تا کۆتایی خەتی بزماری لە سەدەی یەکەمی زاییینیدا بەردەوام بووە..

بۆیە پێویستە بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتنی دەقە ئەدەبییەکانی شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووبار، ئەم دوالیزمی زمانەوانییە بە جددی لەبەرچاو بگیرێت، ئیدی چ لە لایەنی پاچڤەی گەلێك لە دەقە ئەدەبییە سۆمەرییەکان بۆ سەر زمانی ئەکەدی (بابیلی و ئاشوری) چ لە لایەنی کاریگەریی ئەدەبیاتی سۆمەری بەسەر ئەدەبیاتی ئەکەدییەوەو چ لەو لایەنەشەوە کە زاراوەیەکی یەجگار زۆری زمانی سۆمەری ڕژاوەتە ناو زمانی ئەکەدییەوە، هەڵبەتە نابێت ئەو حەقیقەتەش فەرامۆش بکرێ کە ئەکەدییەکان لە زمانی خۆیانداو بۆ زمانەکەی خۆیان ڕێنووس و خەتی بزمارییان، کە لە داهێنانی سۆمەرییەکانە، بەکارهێناوە، هەر هەموو ئەو فاکتەرانە کردوویانەتە کارێك کە ئەکەدییەکان نەك زمانی سۆمەری فەرامۆش نەکەن، بەڵکو بایەخی زۆریشی پێ بدەن و بە ناچاری واژەنامەو فەرهەنگی بۆ دروست بکەن.

یەکێك لە خەسڵەتە گشتییەکانی ئەدەبی شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووبار دووبارە کردنەوەیە، واتا هەندێ پارچەو کۆپلەی دەقە ئەدەبییەکە لە شوێنی جیاوازی دەقەکە دووبارە دەبێتەوە، ئەمە بە زەقی لە داستانی گەلگامیشدا بەدی دەکرێت. بۆ نموونە لە داستانی ناقبریدا چیرۆکەکە بە دیباجەو پێشەکییەك لەمەڕ قارەمان و پاڵەوانیەتییەکانی

قارەمانەکە دەست پێ دەکات و کورتەیەکی بابەتی چیرۆکەکە بەدەستەوە دەدات.. لەگینە ئەمە زیاتر بۆ ئەوە بوویێت کە وەرگر (متلقی) وادار بکات پەیجۆری ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بکات.. جا بە پێی ئەم دیاردەیە لێکچوونی سەرەتاو پێشەکی داستانی گەلگامیش دەگەڵ کۆتاییەکەیدا خۆی لە خۆیدا نیشانەو بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو دەقەی گەییوەتە دەستی ئێمە تەقریبەن دەقی تەواوی داستانەکەیە..

"٢"

داستانی گەلگامیش بە بۆچوونی باسکاران و مێژوونووسانی ئەدەبی هاوچەرخ بە یەکێك لە لوتکە بەرزەکانی ئەدەبیاتی جیهان دەژمێررێت.. و باسکارێکی میناکی "تەها باقر" پێی وایە ئەگەر جگە لەم داستانە هیچ دەسکەوتێکی زانستی و هونەری دیکەی شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووبار نەدۆزرابایەوە، هەر شایستەی ئەوە بوو پێگەیەکی بەرز لە نێو شارستانییەتە دێرینەکانی جیهاندا وەربگرێت..

دیارە داستانی گەلگامیش کۆنترین ژانری ئەدەبیاتی داستانی قارەمانییە لە مێژووی هەموو شارستانییەتەکاندا، هەرچەندە ئەم داستانە پێش پتر لە چوار هەزار ساڵ تۆمارکراوەو ڕووداوەکانی بۆ سەردەمانی لەوەش کۆنتر دەگەڕێتەوە، بەلاّم لە ڕووی ناوەڕۆك و بابەت و ئەو گیروگرفتانەوە کە مالیجەی دەکات و مامەڵەی دەگەڵدا دەکات، لە ڕووی شیعریەتەوە، وەك ئەدەبیاتە بەنێوبانگەکانی ئەمڕۆی جیهان، هەموو سنوورێکی شوێنکاتی بەزاندووەو بە زیندوویەتی ماوەتەوەو پیر نەبووەو ساتە زیندووە مرۆڤانییەکانی هەڵبژاردووەو لە بۆتەی هونەری داوە.

واتە ئەو پرس و دۆزانەی کە خستوونییەتە ڕوو و بەرخوردی دەگەڵ کردوون، ڕەنگە پرس و دۆزی هەموو سەردەم و شوێنێك بن و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بیری مرۆڤیان مژول کردووەو کار لە ژیانی سۆزداری و هزری مرۆڤ دەکەن.. چونکە ئەم داستانە قارەمانییە نەمرە، پرسە ئینسانە هەستیارەکانی وەرگرتووە، وەك گیروگرفتی ژیان و مەرگ، ئەودیوی مەرگ، نەمری.. فرە هونەرییانە کێشەی ئەزەلیی نێوان مەرگ و کەڵکەڵەی نەمریی

مرۆڤی بەرجەستە کردووە، واتا هونەرییانە جەخت لەسەر ئەو تراجیدیا ئینسانییە گشتییە دەکاتەوە.

یانی داستانی گەلگامیش بە شێوازێکی زۆر کاراو کاریگەر حەتمیەتی مردنی نەك هەر بەشەری ئاسایی، بەڵکو حەتمیەتی مەرگی پاڵەوانێکی میناکی (گەلگامیش)یش دەسەلمێنێت کە دووسێیەکی لە مایەو ماکێکی خودایی نەمر بووەو سێیەکەکەی تری لە ماکێکی بەشەری فانی بووە، چونکە خوداوەندان بەپێی داستانەکە، ژیان و نەمرییان بۆ خۆیان و مەرگ و نەمانیان بۆ بەشەر هەڵبژاردووە..

دیارە دیاردەی مەرگ تا ئەمڕۆش هەر مەتەڵ و لەگەزێکی بەسوێیە لە ناخی هەر بەشەرێکدا، لە سۆزو گودازو هەست و نەست و مەیل و ئارەزووەکانی ئالاٌوەو تا بەشەر پتر بچێتە عەمرەوەو بەرەو پیری بچێت بە ئازارتر دەبێت. ئیدی کێشەیەکی لە پەستاو و بێ پسانەوە لە نێوان کەڵکەڵەی نەمری و ژیاندۆستی بەشەر لە لایەك و دیاردەو حەقیقەتی مەرگ و نەمان لە لایەکی ترەوە هەیە.

هەڵبەتە ئەم شاکارە (داستانی گەلگامیش) تەنیا هەوڵێك نییە بۆ سەلماندنی حەتمیەتی مەرگ، بەڵکو زۆر لەوە بالاٌترە، پرسێکی ئەخلاقی یەجگار گەورەی لەخۆ گرتووە، پرسێك کە لە کۆنی کۆنەوە هزرو بیری مرۆڤی مژول کردووە.. جا ئەگەر مەرگ و مردن حەتمی بێت و مرۆڤ باری نەبات و نەکارێت ژیانێکی هەتا هەتایی و جاویدان بەدەست بێنێت، چ لە ڕێگەی زاڵبوون بەسەر دیاردەی مەرگ، چ لە ڕێگەی زیندوبوونەوەو ژیانی پاش مەرگ، کە پێ دەچێت خەڵکی کۆنی دۆڵی دوو ڕووبار، باوەڕیان بە زیندووبوونەوەو پەسلان نەبووبێت، کە لە داستانەکەشدا ئەم لایەنە باس نەکراوە، خۆی لە خۆیدا سەلماندنی ئەو بۆچوونەیە.

کەواتە مرۆڤ لەم ژیانەدا چ ڕێگەیەك بگرێتە بەر؟! دنیا تەرك بکات و لە نیرڤانادا غەرق ببێت؟ یان ڕێگەی لەزەت و لەزەتخوازی بگرێتە بەرو لە هیچ شتێکدا بێدڵی خۆی نەکات، وەکو ئەمە لە داستانەکەداو بە زمانی خودان مەیخانەکەوە گوتراوە؟ یان مل بۆ

یاسای ژیان و سروشت بدات و جلّەوی خۆی بگرێت و کاری وەها بکات کە لە دوای خۆی بمێنێت و جۆرە نێوبانگ و جاویدانییەکی پێ ببەخشێت، وەکو چۆن قارەمانی داستانەکە دوای ئەوەی بە نائومێدی دەگەڕێتەوەو جاویدانی بەدەست نایەنێت، ئەمەی کردووە؟

ئیدی ئەم دۆزو تیمە گەورانە نێوەڕۆك و بابەتی جەوهەری و سەرەکی داستانەکەیان پێکهێناوەو بە گوێرەی باوەڕێن ئایینی و دابونەریتی کۆمەلاّیەتی باوی ئەو ڕۆژگارو سەردەمانە مامەلّەی هونەرییان دەگەلّ کراوەو مالیجەیان بۆ دۆزراوەتەوە کە یەکێك لەو مالیجانە ئەوەیە مرۆڤ چاری ناچارە و دەبێ لە ژیان هەلّنەیەت، بە گەرمی بە پیر ژیانەوە بچێت و لە ڕێگەی کاری چاکەوە ناوێك بۆ خۆی پەیدا بکات و لە دوای مردن یادی بەخێری بکرێتەوە، چونکە یادی بەخێری ئینسان دەکاتە عەمری دووەم.

ئەوەی مایەی سەرنجە لەم داستانەدا مندالّ و زۆرییەت نەکراون بە مایەی نەمری یادی مرۆڤ.. چونکە وەکو لە سەرچاوەو تێکستە مێژووییەکانەوە دیارە، گەلگامیش کوڕی هەبووەو لە دوای خۆی حوکمڕانی "وەرکا"ی کردووە.. واتە نەمری یادی تاك لە ڕێگەی کاری باشەوەیە نەك لە ڕێگەیەکی ترەوە، هەلّبەتە گومانیش لەوەدا نییە کە کاری باش لە ژیانا جۆرێك لە ئاسوودەیی و دلّنیایی ڕۆحی و دەروونی و لە مردندا جۆرە نەمرییەك بە مرۆڤ دەبەخشێت.

داستانی گەلگامیش جگە لەو تیمەو نێوەڕۆکە مرۆڤانییە گەورانە، زۆر بابەتی مرۆڤانی هەستیارو جوانی دیکەشی لەخۆ گرتووە وەك: خۆشەویستی و دۆستایەتی و بوغزو کینە و هێڤی و خۆزی و یادکردنەوەی قارەمانییەتی و پیاوەتی و ڕیسك و سەرکێشی و لاوانەوە.. هەلّبەتە لاوانەوەکەی گەلگامیش بۆ "ئەنکیدۆ"ی دۆست و برادەری بە یەکێك لە لاوانەوە هەرە گەشەکانی سەرانسەری مێژووی خۆشەویستی و دۆستایەتی و ئەمەکداری دەژمێررێ..

بە هەرحالّ داستانی گەلگامیش جگە لە هونەرییەتەکەی، ئاوێنەیەکی بالاّنمای لایەنە جۆراوجۆرە ڕۆحی و کۆمەلاّیەتی و ژیارییەکانی شارستانییەتی دۆلّی دوو ڕووبارەو

سەرچاوەیەکی یەجگار دەوڵەمەندە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لەم شارستانییەتە هەرە کۆن و ڕەسەنە بکۆڵنەوە.

هەڵبەتە شاکار بە تەبیعەتی خۆی نە لە یەك زەمان و ڕۆژگاردا دەهێورێت و نە لە یەك مەرزو بۆدا دەحەوێتەوەو زەمین و زەمان دەخاتە ژێر باڵی فڕینەوەو بە زوبانی هونەر هەموو تیرەی بەشەر دەدوێنێت. ئەم دیاردەیە بە ئاشکرا لە داستانی گەلگامیشدا دەبینرێت، بۆیە کاریگەریی ئەم شاکارە بەسەر شارستانییەتە دراوسێکانی شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووبارەوە، بە تایبەتی شارستانییەتی قەڵەمڕەوەکانی ڕۆژهەلاٌتی نزیکەوە، دیارەو هەر لە ولاٌتی سۆمەرو ئەکەدا نەوەستاوەتەوەو پەڕیوەتەوە بۆ قەڵەمڕەوی ئاشورو شوێنانی دووری وەکو مەڵبەندی شارستانییەتی حیسی و شارانی فەلەستینی کۆن. وەکو شاری "مەجدۆ" کە لە تەوراتیشدا ناوی هاتووە.. هەروەها ناوی "گەلگامیش"ی قارەمانی داستانی ناڤبریش بۆ زۆربەی ئەدەبیاتی کۆنی دنیا پەڕیوەتەوەو کارەکانی دراونەتە پاڵ قارەمانانی میللەتانی دیکەش وەکو: "هەرقل، ئەخیل، ئەسکەندەری جووتقۆچ و ئۆدیسیوسی قارەمانی ئۆدیسە"..

هەندێ لە باسکاران پێیان وایە ماکی چیرۆکەکانی هەرقل لە داستانی گەلگامیشەوە وەرگیراوە کە لە ڕێگەی فینیقییەکانەوە گەییوەتە ولاٌتی یۆنان.. هەردوو قارەمان ماکێکی خواییان تێدایە. هەردووکیان سەرو دۆست و برادەرێکی گیانی بە گیانییان هەبووە، دۆستەکەی گەلگامیش "ئەنکیدۆ" بووە، هینەکەی هەرقل "یولیۆس" بووە. هۆی کارەساتی هەریەکەیان مێچکە خواوەندێك بووە. "عەشتار" سەبارەت بە گەلگامیش و "هیرا" سەبارەت بە هەرقل.

هەردووکیان بەرەنگاری شێر بوونەتەوەو کوشتوویانەو بەسەر گاجووتی ئاسمانی پیرۆزدا سەرکەوتوون، هەرقل گیانی ئەفسووناوی جاویدانی دۆزییەوەو گەلگامیشیش هەمان شت، هەرقل، سەردانی "دورگەی مەرگ"ی کردو گەلگامیش بە دەریای مەرگدا تێپەڕی.. و زۆر خاڵی دیکەی هاوبەشیان لە نێواندایە.. هەروەها "هۆمیرۆس"یش گەلێك لە

ڕووداوەکانی داستانی گەلگامیشی وەرگرتووەو داویەتە پاڵ "ئەخیل"ی قارەمانی بە نێوبانگی ئیلیادە. ئەخیلیش برادەرێکی هەیە بە نێوی "پەترۆکلۆس" کە بەرانبەر بە "ئەنکیدۆ"ی برادەری گەلگامیشە و دایکی ئەخیل مێچکە خواوەندە، نێوی "تیتیس"ـە ئەمەش بەرانبەر بە "نەنسون"ی دایکی گەلگامیشە.

هەڵبەتە گەلگامیش یەکێکە لە قارەمانە داستانییە هەرە بە نێوبانگەکانی مێژووی ئەدەبیاتی شارستانییەتی دۆڵی دوو ڕووبار. کارو کردەوەو ڕیسك و سەرکێشییەکانی بوون بە سەرچاوەو کەرەستەو ماکی زۆر داستان و حیکایەتی سۆمەری و بابیلی.. بەڵام وەکو حەقیقەتی مێژوویی، زانیاری دەربارە کەمەو بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە گوایە لە پاشایانی خانەدانی وەرکا بووەو لە پێرستی نێوی پاشایانی خانەدانی ناڤبریدا بە پێنجەمین پاشای ئەو خانەدانە دانراوە.

***

هەرچەندە داستانی گەلگامیش لە لایەنی هونەری چیرۆکڤانییەوە وەکو یەکەیەکی چیرۆکڤانی یەکگرتووی تەواو دێتە بەرچاو، بەڵام کە لێی ورد دەبیتەوەو لە ڕیزبەندی ڕووداوەکانی ڕادەمێنیت، زیاتر لە کۆکردنەوەیەکی ئەدەبی دەچێت، یانی چەند پارچەو بەشێکی جیاوازەو دراونەتە دەم یەکترەوەو هەر پارچەو بەشێکی دەربارەی کارو ڕووداوێکی جیاوازە.. یەکێك لەو پارچەو بەشە گرینگانە بریتییە لەو سەربهوردانەی کە چیرۆکی قارەمانییەتی و ڕیسکەکانی گەلگامیش و ئەنکیدۆی دۆستی دەگێڕێتەوە. بەشێکی گرینگی دیکەی داستانەکە بۆ حیکایەتی تۆفانەکە تەرخان کراوە کە بۆ خۆی لە لایەنی هونەرییەوە بابەتێکی سەربەخۆیەو تابلۆی یازدەمینی لە دوازدە تابلۆکەی داستانەکە بۆ تەرخان کراوە.. بەشی سێیەمیش کە لە تابلۆی دوازدەمیندا تۆمارکراوە بۆ خۆی چیرۆکێکی سەربەخۆیەو پەیوەندییەکی ئەوتۆی نە بە ڕووداوەکانی داستانەکەوە هەیەو نە بە بابەتە گشتییەکەوە، کە بریتییە لە وەسفی هادیس، واتا دنیای ژێرین و جیهانی ڕۆحان، یان ئەو دنیا وەکو چۆن ئەنکیدۆی هاوڕێی گەلگامیش دیتوویەتی..

دەربارەی پێکهاتەی هونەریی داستانەکە، دانەر یان دانەرەکان، هەردوو بەشی یەکەم ، کە بریتییە لە باسی قارەمانییەتی و ڕیسکەکانی گەلگامیش و ئەنکیدۆی هاوڕێی و بەشی دووەمیان، کە باسی تۆفانە بەنێوبانگەکەیە، بە جۆرێ داوەتە دەم یەکترەوە کە یەکێتییەکی هونەری تەواویان پێ بەخشیوە، ئەگەرچی شێوازێکیان بەکار بردووە کە زیاتر لە شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوەو کلیلە و دیمنە دەچێت. بەڵام بەشی سێیەم کە وەسفی هادیسە (دنیای ژێرین) وەکو چۆن ئەنکیدۆ دیتوویەتی، پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە بابەتی داستانەکەوە نییە، بۆیە زۆرجار لە لایەن پاچڤەوانانی داستانەکەوە فەرامۆش کراوە..

وەکو پێشتریش ئاماژەمان کردێ تازەترین نوسخەی داستانی گەلگامیش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش ز، ئەم نوسخەیە لە کتێبخانەی پاشای ئاشوری (ئاشور پانیپال ٦٦٨-٦٢٦پ.ز) دۆزراوەتەوە، بریتییە لە دوازدە تابلۆ، هەر تابلۆیەکی بەسەر شەش خانەدا دابەش کراوە، هەر تابلۆیەك سێسەد بەیتی تیایە، جگە لە تابلۆی دوازدەیەم کە سەدو پەنجا بەیتی تیایەو وەکو گوتمان پەیوەندی بە ڕووداوەکانی داستانەکەوە نییە..

هەڵبەتە بایەخدان بە شوێنەوارناسی و دۆزینەوەی ئەم تابلۆیانەو شتی دیکە لە شارە کۆنەکانی عێراقدا، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی سەدەی نۆزدەیەم.. هەندێ لەوانەی کە لەم بوارەدا جێ-دەستیان دیارە و پێویستە ناو ببرێن ئەمانەن: "ئوستن هنری لیرد، هرمز رسام، جورج سمت". بە هەرحاڵ ئەم داستانە بەم دەقەی ئێستایەوە تەقریبەن دەقێکی تەواوەو بە تەواوەتی جێگەی باوەڕەو پشتی پێ دەبەسترێت و بۆ زۆر زمانانی دنیاش پاچڤە کراوە، لەوانە: ئینگلیزی، روسی، دانیمارکی، فنلەندی، جۆرجی، ئیتالی، هۆڵەندی، عیبری، عەرەبی، فارسی و زۆر زمانی دیکەش (جگە لە کوردی!!..)

لە کوتاییدا پێویستە ئەوە دووپات بکەینەوە کە گەلگامیش دووەم داستان و شاکاری بابلییەکانە. بریتییە لە دانراوێکی ئەدەبیی یەکجار جوان و لەبەر دڵان. ئەم داستانە بریتییە لە دوازدە تابلۆ، ئەفسانەی تۆفان، زۆربەی هەرە زۆری تابلۆی یازدەمینی

گرتووەتەوە. هەرچەندە لە سەرەتادا وا دێتە بەرچاو کە چیرۆکی تۆفان بە تۆبزی تێهەڵکێشی ڕووداوانی داستانەکە کراوە، بەلاّم لە ڕاستیدا یەجگار گونجاوە دەگەڵ ڕیتمی کارەساتاوی داستانەکەدا. زۆر ڕەهەندو مەوداو مانای تایبەتی دیکەی پێ بەخشیوەو دووپاتی کردووەتەوە کە نەمری و جاویدانی تراویلکەیەکە و هیچ بەشەرێك نایگاتێ.

گەلگامیشی قارەمان و پاشای شاری ئورك کە سێیەکی خواوەندەو دوو سێیەکی بەشەرە، ژیانی خۆی لە ڕاو و شکارو ڕابواردن و ئازاردانی خەڵکیدا بەسەر دەبردو زۆر بە توانای خورافی خۆی دەنازێت، پاشان ئەنکیدۆ دەناسێت. دۆستایەتی پتەوی نێوانیان ئاوەڕۆی ژیانی دەگۆڕێت و لێ دەبڕێت هێزو توانای خۆی بۆ کاری چاکە لەگەڵ خەڵکیدا تەرخان بکات. هەر دوو دۆست و یاوەر دەست دەدەنە زنجیرەیەك ڕیسك و موغامەرەیەکی چاکە کارانە. بەلاّم ئەنکیدۆ لە یەکێك لەو موغامەرانەدا دەمرێت. ئیدی گەلگامیش دێتەوە سەر خۆ و پەی بە کارەساتی ڕاستەقینەی ژیانی بەشەر دەبات. سەری خۆی هەڵدەگرێت، ڕوو لە دەشت و بیابانان دەکا، تەخت و تاج و وڵاتەکەی بەجێ دێڵێت و بە دووی نهێنی جاویدانی و نەمریدا دەگەڕێت. وێڕای ئەوەی سێیەکی خواوەند بوو، بەلاّم ڕێژە مرۆڤانییەکەی دووچاری هەمان چارنووسی هاوبەشی تیرەی بەشەری دەکات.

پاش زەحمەت و ماندووبوونێکی لە ڕادەبەدەر و لە سەرووی تاقەتی مرۆڤەوە، گەلگامیش دەگاتە ئوتوناپشتم، ئەو مرۆڤەی کە خواوەند ژیانی جاویدانی پێ بەخشیبوو، پرسیاری ڕازو نهێنی جاویدانی و نەمری لێ دەکات، کە چۆن بە دەست دەهێنرێ.ئوتوناپشتم حیکایەتەکەی بۆ دەگێڕێتەوەو ئەرخایەنی دەکات کە ئەمە کاری کردە نییە و بەو ئاسانییە بۆ هیچ بەنی بەشەرێك دووبارە نابێتەوە. ئیدی ڕازو نهێنییەکانی ڕووداوی تۆفانی گەورەی بۆ کەشف دەکات..

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

*- طه باقر/ملحمة طلطامش وقصص اخرى عن طلطامش والطوفان/١٩٨٠ منشورات وزارة الثقافة والاعلام/الجمهورية العراقية.

*- گنجینه حماسه‌های جهان/ژرار شالیان/ترجمه و توچیح: علی اصغر سعیدی/چاپ اول/ زمستان ١٣٧٧،تهران.

*- ئیلیادە، هۆمیرۆس/پێشەکی و وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف/چ١/٢٠٠٩/چاپ و پەخشی سەردەم.

*- جلجامش/ ملحمة الرافدين الخالدة/ فراس السواح.

## ٣٠- پێشەکییەك دەربارەی ئیلیادە

(١)

دیارە ئیلیادەو ئۆدیسە وەکو دوو شاکاری هونەری بە درێژایی مێژوو، کاریگەرییان بەسەر کارێن ئەدەبی و هونەری نەوە یەك لە دوای یەکەکان هەبووە. ئەم دوو داستانە، لە کۆنەوە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ بە ڕەمزو هێمای هونەری نەمر دانراون و هەر ئەم نەمرییە پاراستوونی و کردوونەتیە کارێك کە بگەنە دەستی ئێمەی خەڵکی سەدەی بیست و یەکەم و لەزەتە ئەستاتیکییەکەی خۆیان بپارێزن.

جا ئیلیادە و ئۆدێسە چەند مایەی سەرسامی بوون و چەند کاریگەرییان هەبووە، ئەوەندەش مایەی جیاوازی بیرو بۆچوونی ئەهلی قەڵەم بوون لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا.. هەندێ کەس پێیان وایە هۆمیرۆس ئەم دوو قەسیدەیەی نەهۆنیوەتەوە، بەڵکو کۆمەڵە کورتە قەسیدەیەکی لەسەر جەنگی تەروادە خڕکردۆتەوە، ڕێکی خستوون و داونییەتە دەم یەکەوە، پاشان کردوویەتی بە دوو بەشەوە، یەکیان دەربارەی تۆران و تورەبوونی ئەخیلەو دووەمیان لەسەر گەڕانەوەی (ئودوسیوس)ە.

ئیدی لەگەڵ تێپەڕ بوونی ڕۆژگاردا بەشی یەکەم ناوی ئیلیادەی وەرگرتگە و هی دووەم ئۆدیسە. هەندێکی دی لایان وایە هۆمیرۆس تەنیا ئیلیادەی هۆنیوەتەوە، هۆنەرێکی خۆوێژی دیکە ئۆدیسەی هۆنیوەتەوەو پاشان بە هەڵەو ناڕەوا ئەویش دراوەتە پاڵ هۆمیرۆس.. هەندێکی دی پێیان وایە هۆمیرۆس، شایەرێکی خۆوێژی گۆرانیبێژی هۆنراوانی فۆلکلۆری بووەو پاشان ئەو هۆنراوە فۆلکلۆرییانە لە لایەن خەڵکانی دیکەوە کۆ کراونەتەوەو بە هەڵە دروانەتە پاڵ هۆمیرۆس.. هەندێکی دی هەر بەوەندەوە ناوەستن،

بەڵکو لە ناوی (هۆمیرۆس)یش بە گومانن.. وشەی هۆمیرۆس مانای کوێرە دەگەیەنێ، گوایە (کوێرە) نازناوی ئاشق و شاعیرێکی نابینا بووەو مێژوو ناوە ڕاستەقینەکەی بۆ تۆمار نەکردووین و ئیدی ئەو نازناوە جێگەی ناوە ڕاستەقینەکەی ئەو ئاشقو شایەرەی گرتوەتەوە. هەندێکی تر بە گومانن کەسێك بە ناو یان نازناوی هۆمیرۆس هەبووبێ. واتە هۆمیرۆس کەسایەتییەکی خەیاڵییەو پاشان وەکو کەسایەتییەکی ڕاستەقینە خۆی بەسەر زانایان و مێژوونووسانی ئەدەبیاتدا سەپاندووەو بووە بەم ناوە زیندووەی کە ئێستا لە سەرانسەری گێتیدا فرە ناسراوە.

بە هەرحاڵ وێڕای جیاوازی ئەو بیرو بۆچوونانەی لەمەڕ "هۆنەر"ی ئیلیادەو ئۆدیسە هەیە، وێڕای جیاوازی ئەو پرسیارانەی کە: لە کوێندەر لەدایك بووە، ژیانی چۆن بووە، لە چ سەردەمێکا ژیاوە، ڕادەی پەیوەندی هۆنەر بە بوویەرو ڕووداوەکانی ناو داستانەکان... و زۆر شتی دیکەش، بە هەرحاڵ بیرو باوەڕو بۆچوونەکان چەند زۆر بنو جیاواز بن، بە تۆزقاڵێش لەو حەقیقەتە ناگۆڕن، کە دوو دانە گەوهەری دانسقە بە ناوی ئیلیادە و ئۆدیسە گەییونەتە دەستی خەڵکی ئەم سەردەمە و پەساپۆڕتی ئەم گەشتە دوورو درێژەشیان تەنیا هونەرییەتی خۆیان بووە، جا خوای دەکرد لە بنی خاوەنیان نەدەبوو. چونکە ئەوەی بۆ خوێنەر گرینگە دەقی داستانەکانە وەکو چۆن هەن، نەك هۆنەرەکەیان.

(٢)

وەکو دەزانین، هەر یەکێك لە ئیلیادەو ئۆدیسە بەسەر بیست و چوار پاژدا دابەش بوون، کە ڕەخنەوانانی کۆن ناوی سروودیان لێ ناون، واتە هەر یەکێکیان بریتییە لە بیست و چوار سروود، دیارە ئەم تەقسیمبەندییە لە سەرەتای پەیدابوونی ئەو جووتە داستانەدا نەبووە، دواتر لە لایەن ئەهلی ئەدەب و قەڵەمەوە ئەم تەقسیمبەندییەی بۆ کراوە.. هەر یەکێك لەم بیست و چوار سروودە لەژێر پیتێکی ئەلفبایی بیست و چوار پیتەی گریکیدا دانراوە، سروودەکانی ئیلیادە بە پیتی گەورە (کەپیتاڵ) و ئەوەکانی ئۆدیسە بە پیتی بچوك (سمۆڵ)

دیاری کراون. بۆ نموونە سروودی یەکەمی ئیلیادە بە پیتی ((A))ی دەستنیشان کراوەو هی ئۆدیسە بە پیتی ((a)). دیارە دەبێ ئەم تەقسیم بەندییە دوای گۆڕان و پەرەسەندن و جێگیر بوونی ئەلفبای گریکی و گیرسانەوەی لەسەر بیست و چوار پیت، ئەنجام درابێت، زانایان لەو باوەڕەدان کە ئەم کارە لە سەردەمانی پێش زایینda لە لایەن "زینودو توس"ەوە ئەنجام دراوە، کە لە دەوروبەری ساڵی ٣٢٥ پ.ز لەدایك بووە، لە ساڵی ٢٨٤ پێش ز، بە یەکەم بەڕێوەبەری کتێبخانەکەی ئەسکەندەر دامەزراوە. یەکەم کەس بووە هەوڵی ڕێکخستن و ساغ کردنەوەو بڵاوکردنەوەی هۆنراوەکانی هۆمیرۆسی داوە..

ئیلیادە لە (١٥٦٩٣) بەیت پێك هاتووە و ئۆدیسە بریتییە لە (١٢٢١٠) بەیت، ژمارەی بەیتەکانی هەر سروودێکی ئیلیادە لە نێوان (٤٦١- ٩٠٩) بەیتدایە. سروودی یەکەم (٤٦١) بەیتە، سروودی سێیەم (٩٠٩) بەیتە. ژمارەی بەیتەکانی هەر سروودێکی ئۆدیسەش لە نێوان (٣٣١- سروودی شەشەم و ٨٤٧- سروودی چوارەم) بەیتدایە...

سەرەتاو پەیدابوونی ئەم دوو داستانە کەی بووەو چۆن بووە، ئەمە مشتو مڕی زۆری لەسەرە، بەڵام پێ دەچێت لە سەردەمێکدا پەیدا بووبن کە نووسین و تۆمارکردن هەبووبێ، جا ئەگەر هۆمیرۆس بەخۆی یەکەم کەس نەبووبێ کە نووسینی بۆ تۆمارکردنی هۆنراوەکانی بەکار هێنابێ، ئەوا لە سەردەمێکدا هۆنیونییەتەوە کە نووسین و تۆمار کردن لە باو و برەودا نەبووە، چونکە شەقڵی زارەکی بە داڕشتنی هەردووك داستانەکەوە دیارە، بە هەرحاڵ ئەم بۆچوونانە ئەوە ناسەلمێنن کە هۆنراوەکانی هۆمیرۆس لەگەڵ پەیدا بوونیاندا، ئیدی لە ئاستێکی بەرین و بەربڵاودا تۆمارو بڵاو کراونەتەوە. بەڵکو کەوتۆتە سەر زاری ئاشقان و شایەران و نەوە دوای نەوە گێڕراوەتەوەو دەماو دەمی کردووە، ئەمەش کردوویەتێ کارێك کە هۆنراوەکانی هۆمیرۆس لە ئاستێکی بەربڵاودا بڵاوببێتەوە و لە کۆنەوە بووە بە مایەی سەرنج و مشتومڕی زانایان و دانایان و هزرڤانان و فەیلەسوفان و هەر کەسەو لە گۆشە نیگای خۆیەوە ڕاڤەو شرۆڤەی کردوون و ئێستا بوون بە سەرچاوەی باش بۆ لێکدانەوەی ئەو جووتە داستانە...

به هەرحاڵ کۆنترین چاپی هۆنراوەکانی هۆمیرۆس لە ساڵی ١٤٨٨ی ز-دا لە لایەن "دیمتریوس خالکوندیلوس"ەوە بڵاوکراوەتەوە. لە ساڵی ١٥٠٤دا جارێکی دی لە لایەن "ئالدین"ەوە چاپکرانەوە.. ئیدی زۆر چاپی دیکەی بە دوودا هاتووە. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا، هیچ زانایەك بیری لە بڵاوکردنەوەی هۆنراوەکانی هۆمیرۆس نەکردۆتەوە، هەر چەندە چەند بەشێکی زۆری بە نووسراوی لەسەر لەبان، لە لمەڵانەکانی میسردا لەژێر ئەرزا دۆزراونەتەوە... تا ئێستا ئەم جووتە شاکارە لە لایەن چەند نووسەرو ئەدیبێکی وەکو سلێمان البستانی، درینی خشبە، (ئەمین سەلامە)ەوە کراون بە زمانی عەرەبی، کە کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەیەی بیستەکانی سەدەی بیستەم، بەڵام هیچیان پابەندی ئەمانەتی وەرگێڕان نەبوون...

هەروەها لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا چەند باسکارێکی عەرەب هەندێ لێکۆڵینەوەیان لەمەڕ جووتە داستانی گۆڕین نووسیوە، لەوانە کتێبی: ((هۆمیرۆس- شاعیری نەمری)) دانانی دکتۆر محمد صفر خفاجە، کە لە ساڵی ١٩٥٦دا لە لایەن وەشانخانەی "نهضة مصر" لە قاهیرە چاپ و بڵاو بووەتەوە، کە باسی ژیانی هۆمیرۆس و کاریگەریی هۆمیرۆس بەسەر نووسەرانو ئەدیبانی کۆن و نوێدا دەکات و هەندێ پەرەگرافی پەڕاگەندەشی لە هەر یەکێك لە داستانەکان وەرگێڕاوە، کتێبی دووەم لەژێر سەرناڤی "هۆمیرۆس- مێژووی ژیانی سەردەمێك"ـە، لە ساڵی ١٩٦٨دا لە ئەسکەندەرییە چاپ و بڵاوبووەتەوە، بە کورتی باسی ژیانی هۆمیرۆسو دیاردەی هۆمەری دەکات و ئیدی بابەت و ناوەڕۆکی جووتە داستانەکە و ڕادەی پەیوەندییان بە مێژووەوە خراوەتە بەر وردبینی ڕاڤەو لێکۆڵینەوەوە.

(٣)

لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکانی بواری داستانناسی ئەوەیان ساغ کردۆتەوە کە شاعیر بابەتەکەی لە ڕووداوێکی مێژووییەوە وەرگرتووە، بەڵام لە مالیجەی ئەو ڕووداوەدا، دەرهەق بە قارەمانانی داستانەکەو کات و ڕووداوەکان ئەوپەڕی ئازادی بە خۆی داوەو

دەستکاری هونەرییانەی کردووە، دیارە زانایان سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناو داستانی ئیلیادە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، هەیە پێی وایە کە ڕووداوەکانی ئیلیادە، زادەو ئافەریدەی خەون و خەیاڵی شاعیرێکی بلیمەتی خەیاڵپەروەرەو فڕیان بە ڕاستییەوە نییە، بگرە شەڕی تەروادەش ئەفسانەیەو هیچ پاشخانێکی مێژوویی ئەوتۆ لە ئارادا نییە کە متمانەی پێ بکرێت... لێ هەندێ زانای دی جەختی تەواو لەسەر ئەوە دەکەن کە جەنگی تەروادە، بوویەرێکی مێژووییەو دەکرێ لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەو ئارکۆلۆژی ئەدەبییە هەرە کۆنەکانەوە بسەلمێنرێ.

ئەمانە پێیان وایە بابەت و نێوەڕۆکی ئیلیادە، وێنەی کێشەی نێوان ئاخاییەکان و (گریکەکان)- کە ئەوسا دورگەی ڕۆدۆس مەڵبەندی سەرەکییان بووە- پەیمان و بەرەی ئەسوا، کە شاری تەروادەش لەو بەرەیەدا بووە، وێنە دەگرێت، ئەو شەڕو کێشەیەش لەو سەرو بەندەدا قەوماوە کە ئەستێرەی دەسەڵاتی دەوڵەتی حیتی لە لێژیدا بووە... بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەم بابەتە زۆر ڕوون نییە و ئەو زانیارییانەی لەمەڕ هەزارەی دووەمی پ. ز لە ئارادان هێشتا زۆر کەمن..

دیارە زانایانی مەیدانی ئارکۆلۆجی هەوڵێکی زۆریان داوە هەندێ تیشك بخەنە سەر مێژووی تەروادەو شوێنی شاری تەروادە دیاری بکەن. گوایە (شلیمان) شوێنی شارەکەی دیاری کردووەو هەندێ شوێنەواری خانووبەرەی دۆزیوەتەوە، پاشان (دوربفیلد) هاتووە لە ئیشەکانی (شلیمان)ی کۆڵیوەتەوە، دوای ئەوان (بلجن) هاتووەو هەندێ سەرچاوەی دیکەی بەدەست هێناوەو بە وردی لە کارەکانی ئەوانی کۆڵیوەتەوە.. هەوڵ و تەقەللای ئەم سێ زانایە، ڕۆشناییەکی زۆریان خستوەتە سەر ڕادەی پەیوەندی نێوان بابەتی داستانی ئیلیادەو حەقیقەتی مێژوویی شاری تەروادە... دۆزینەوە ئارکۆلۆجییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە شاری تەروادە لە جارێك پتر بینا نراوەو لە جارێکیش پتر وێرانو تەخت کراوە..

دەگێڕێتەوە کە شاری تەروادەی ناو ئیلیادە لە ساڵی ١١٤٨پ.ز دا ڕووخاوەو وێران بووە.. (بلجن) لە لێکۆڵینەوە بە پێزەکەی خۆیدا جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە شاری

تەروادەی حەوتەم لە دەوروبەری ساڵی ١٢٠٠ (پ. ز) ڕووخاوەو شاری تەروادەی شەشەم لە ساڵی ١٣٠٠ پ.ز وێران کراوە. بە گوێرەی ئەمە دەبێ تەروادەی ناو ئیلیادە، شاری تەروادەی حەوتەم بێ... بەڵام دەستە زانایەکی دی بەلای ئەوەدا دایدەکێشن کە تەروادەی ناو ئیلیادە تەروادەی شەشەم بێ، بەڵگە مێژوویی‌و ئارکۆلوجییەکانیش وای نیشان دەدەن کە تەروادەی شەشەم بەهۆی بومەلەرزەوە وێران بووە، جڵەوداری بومەلەرزەش بە گوێرەی ئەفسانەو باوەڕێن گریکی، خواوەند (پۆسیدون)ـە.

بە گوێرەی ئیلیادە، تەروادە لە ڕێگەی ئەسپەدارینەوە وێران کراوە، هەر چەندە ئەسپەدارینەکە، بە گوێرەی ئیلیادە، ئەتینای یەزدان خانم ناردی، بەڵام بەپێی ئەفسانەو باوەڕێن گریکی، ڕەمزی خواوەند پۆسیدون بووە، بە هەرحاڵ تەروادەکەی ناو ئیلیادە، تەروادەی شەشەم یان حەوتەم بێ، لە ڕووی ئارکۆلۆجی و مێژووییەوە، ئەوە ساغ بووەتەوە کە شارێك بووە، هەبووە، لە ئاسیادا و لە دووری چوار میلی دەروازەی دەردە نیل بووە، کە ئەو ناوچەیە ئەمڕۆ "حەسارلیك"ی پێ دەڵێن، هەروەها بەڵگە مێژوویی‌و ئارکۆلۆجییەکان ئەوەشیان ساغ کردووەتەوە کە شەڕی خوێناوی و کوشندە لە نێوان شاری تەروادەو دراوسێ ئاسیایی‌و ئەوروپاییەکانیان بەرپا بووە، بە گوێرەی ئیلیادە هێزی فرە ڕەگەز بەشداری ئەو شەڕەیان کردووە... شاری بولوس مەڵبەندێکی گرنگی شارستانییەتی موکینیایی بووە. سەیر دەکەین لە ئیلیادە شوێنەواری میتۆلۆژیای موکینیایی بەدی دەکرێ، وەکو شەڕی ئەرکادیاییەکان لە سروودی حەوتەمی ئلیادەداو هەروەها شەڕی ئاییان لە سروودی یازدەیەمدا.

هەروەها نەستور، کە یەکێکە لەو شیرەتکارو فەرماندانەی بەشداری گەمارۆی تەروادەی کردووە، خەڵکی ئەو دەڤەرەیە. لە باری سەرنجی مێژووییشەوە ئەوە دیارە کە موکینیاییەکان کۆلۆنیان لە دوڕگەی ڕودوسدا دامەزراندووەو پەیوەندییان لەگەڵ لوکییەکاندا هەبووە، ئەم حەقیقەتە مێژووییانە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئیلیادەدا تەواو تێك دەکەنەوە، بۆ نموونە گەلێك لە قارەمانانی لۆکیایی وەك گلاوکوس و پنداروس و سارپیدون

بەشداری شەڕی تەروادەیان کردووە، ئەمە جگە لەوەی هەندێ لە زانایانی کۆن پێیان وایە پەیوەندیی لە نێوان پاریس و ناوچەی تسالیا و لە نێوان هیکتۆرو ناوچەی ناوەڕاستی نیمچە دورگەی گریکدا هەبووە...

کەواتە داستان و چیرۆکی گەمارۆی تەروادە، وەکو چۆن لە ئیلیادەدا هاتووە، وێنەی جەنگێکی خوێناوی و کوشندە دەگرێت کە سوپاو لەشکری زۆربەی ناوچەکانی دنیای کۆن لە هەردك کیشوەری ئەوروپاو ئاسیا بەشدارییان تێدا کردووە، ئەو لەشکرانەش وەکو نوێنەری گەلانی ئەو دەڤەرانە بووبوون بە دوو ئۆردوگای گەورەی هەڤدژ و ماوەیەکی زۆر شەڕی نێوان ئەم دوو ئۆردووە بەردەوام بووە.

هەڵبەتە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە کوشندەیە بە تەواوەتی ڕوون نییە. بەڵام ئاشکرایە ئەو مەملەکەتانەی کەوتبوونە ئاسیای بچوکەوە زۆر دەوڵەمەند بوون و خودانی زێڕێکی زۆر بوون و ئەمەش کردبوویە کارێك گەلانی دەرو دراوسێ چاوی تەماحی تێ ببڕن، بۆیە پێ دەچێت هۆی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە ئابوری بووبێ... بەڵام ئیلیادە هۆی شەڕەکە دەگێڕێتەوە بۆ ڕفاندنی "هیلین"ی ژنی "مینیلاوس" کە یەکێك بوو لە پاشاکانی گریك، لە لایەن پاریسی جوانخاسی کوڕی پریامۆسی پاشای تەروادەوە...

بە هەرحاڵ شەڕو کێشەی نێوان هەردوو ئۆردووی تەروادەیی و گریکی زۆر کۆن و بە ڕەگ و ڕیشەیە، هۆیەکەشی یا ئابورییە یان شەخسییە یان هەردووکیانە، بەڵام کە هۆمیرۆس هاتووە چیرۆکی هەڵگرتن و ڕفاندنی "هیلین"ی کردووە بە هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕەکە، ڕەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەو پایەیەی ئەم چیرۆکە لە میتولۆجیای گریکیدا هەیبووە، ڕاستەوخۆ پەیوەست بووە بە کۆمەڵگەی خوداوەندانییەوە، وەکو چۆن خەیاڵی گەلانی موکینیایی و گەلانی دیکەی گریکی بەرجەستەیان کردووە.

سەیر لەوەدایە خوداوەندان لە ئیلیادەدا دەورێکی یەجگار گەورە دەبینن، جا بەڵگە مێژوویی و ئارکۆلۆجییەکان ئەوەیان سەلماندووە کە لێکچونێکی زۆر لە نێوان سیستەمی

جیهانی خوداوەندانی زادەی خەیاڵی موکینیاییەکانو سیستەمی جیهانی خوداوەندانی ناو ئیلیادەو ئۆدیسەدا هەیە.

کاریگەریی دیانەتی موکینیایی لە نۆڕینی هۆنەری ئیلیادە و ئۆدیسەدا بۆ خواوەندان زۆر بە زەقی دیارە... هەندێ لە زانایان پێیان وایە هەندێ کاریگەریی ڕۆژهەڵاتیانەشی پێوە دیارە، بە تایبەتی کاریگەریی دیانەتی حیتی کە بە خۆیشی لەژێر کاریگەریی دیانەتی بابیلیدا بووە... جگە لە چیرۆکی جەنگی تەروادە، گەلێك ئەفسانەی دیکەی وەکو ئەفسانانی موکینیایی و ئەفسانانی تیبە، ئەفسانەی نیوبی کە ئەخیل لە سروودی بیست و چوارەمدا ئاماژەی بۆ کردووە، هەروەها ئەفسانەی ملیاگر کە فوینیکس لە سروودی نۆیەمدا ئاماژەی بۆ کردووە، لە دەقی ئیلیادەدا کەم و زۆر ڕەنگیان داوەتەوە.

(٤)

بەهرەوەری و توانای هۆنەری ئیلیادەو ئۆدیسە هەر لەوەدا نییە کە کەرەستەی داستانەکانی لە چەندین سەرچاوەی کۆنەوە هەڵێنجاوە، بەڵکو زیاتر لەوەدایە کە چۆن بەو کەرەستانە ئیلیادە و ئۆدیسەی بنیاد ناوە.

هۆنەری ئیلیادە نەهاتووە هەموو چیرۆکەکەی جەنگی تەروادە وەربگرێ و مامەڵەی لە تەکدا بکات، بەڵکو یەك ڕووداوی ئەو جەنگەی هەڵبژاردووە، ئەویش بریتییە لە تۆران و توڕەبوونی ئەخیل و کاریگەریی ئەم توڕەبوونە بەسەر لەشکرو هێزی گریکەکانەوە کە دژی تەروادە دەجەنگان.... توڕەبوونی ئەخیلی کردووە بە تەوەری سەرەکی و هەموو بوویەرو ڕووداوە سەرەکییەکانی دیکە بە دەوری ئەودا دەسوڕێنەوە. ڕووداو لە ئیلیادەدا پەنجا ڕۆژ دەخایەنێ، بەڵام ئەگەر ئەو ماوانەی کە شەڕی تیا وەستاوە، وەکو ئەو نۆ ڕۆژەی پەتای تیا بڵاو بووەوە، ئەو دوازدە ڕۆژەی خواوەندان لە وڵاتی ئەتیو بیاندا بەسەریان دەبرد و ئەو دوازدە ڕۆژەی گریکەکان بە شێواندن و سووکایەتیکردن بە جەنازەکەی هیکتۆرەوە بەسەریان برد، ئەو دوازدە ڕۆژەی پریام و تەروادەییان بە ڕێورەسمی پرسەو ناشتنی

هیکتۆرەوە بەسەریان برد، ئەگەر ئەو ماوانە لە پەنجا ڕۆژەکە دەربکرێ، چەند ڕۆژێکی زۆر کەم دەمێنێتەوە کە دانەری ئیلیادە ڕووداوەکانی شەڕی تەروادەی تیادا دەگێڕێتەوە..

وێڕای کورتیی ماوەی شەڕەکە، شاعیر توانیویەتی وێنەیەکی زۆر جوانو پوختەی چیرۆکی شەڕی تەروادە بە دەستەوە بداتو بەرجەستە بکات. شاعیر بۆ ئەو مەبەستە دوو ڕێگەی گرتۆتە بەر، یەکەمیان، هاتووە کێشەو ململانێی نێوان فەرماندە گریکییەکانی بە کۆمەڵێك دیمەنی پڕ لە وردەکاری ئاوێتە کردووەو بە جۆرێ ناو کێشی گێڕانەوەی ئیلیادەی کردووە کە هێندەی دی وێنەی شەڕی تەروادە بەرجەستە دەکات... بە تایبەتی ئەو دیمەنانەی کە هەست و سۆزی سەربازەکان لە کاتی شەڕدا بەرجەستە دەکەن، بەمجۆرە هۆنەری ئیلیادە ئەوەمان پیشان دەدا کە چۆن شەڕی تەروادە نۆ ساڵی تەواو درێژەی کێشاوە. چۆن گریکەکان لە شەڕ بێزار بوونو خوا خوایان بووە شەڕ تەواو بیٚو ئاشتی بەرپا بیٚ، هەروەها چۆن فەرماندە گریکەکان ناچاربوون پەنا وەبەر شێوازی تازە بەرن تا ورەی سەربازەکانیان بەرز بکەنەوەو بە جۆرێ جۆشیان بدەن کە هەمدیس بەرەو پیری شەڕ بچن....

ڕێگەی دووەمی ئەوەیە شاعیر هاتووە لە زۆر شوێنی داستانەکەدا ئاماژە بۆ هەندێ ڕووداوی گرنگ، بەر لە ڕوودانیان دەکات. ئەمەش لە ڕێگەی کەسایەتییەکانی ناو داستانەکەوە دەکات، نەك لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆوە. وەکو ئەمەی لەگەڵ ئەخیل-دا کردووە، هەروەها لەگەڵ خەڵکی تەروادەدا، کە هەردوولایان تەرەفن لە کارەساتەکەدا، بۆ نموونە لە سروودی چوارەمدا ئاگامەمنون، لە ئەنجامی خیانەتی پنداروسدا، دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە تەروادە تیا دەچێت و گومان لەمەدا نییە... هەمان ئەنجامگیری لە سروودی شەشەمدا لەسەر زاری هیکتۆر دووبارە دەبێتەوە، هەروەها "دیومیدوس"یش لە سروودی حەوتەمدا ئەگەری وێرانبوونی تەروادە دووپات دەکاتەوە...

نیوەی دووەمی داستانەکە پڕە لە ئاماژە و هێمایان کە چارەنووسی هیکتۆر بەندە بە چارەنووسی تەروادەوە و گومانیش لە فەوتانی هیکتۆر نییە... خۆ ئەوەش هەر لە سروودی

یەکەمەوە لای خوێنەر خۆیایە کە ئەخیل لە بەردەم هەڕەشەی تارمایی مەرگدایە، ئەمە لە سروودەکانی هەژدەیەم، نۆزدەیەم، هەروەها بیست و یەکەم و بیست و دووەمدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

بەو جۆرە دانەری ئیلیادە، بایەخی تەواو بە هەندێ لە کاراکتەرەکان دەدات و زۆر بە باشی دەتوانێ سەرنجی وەرگرو خوێنەر ڕابکێشێت و وای لێ بکات بە تاسەوە پەیگیری ڕووداوەکان بکات... جا ئەمجۆرە کاراکتەرسازییە دواتر بوو بە نموونەیەکی پەسندی ئەوتۆ کە گریکەکان لە هەموو جۆرە شیعرەکانیاندا لاساییان دەکردەوەو لە زۆر کارێن ئەدەبی هاوچەرخیشدا لاسایی کراوەتەوە.

## (٥)

دنیای ئەم جووتە داستانە دنیایەکی غەریب و سەیرە، نە بە تەواوەتی دنیای قارەمانێتی باوی سەردەمی موکینیاییەکانە، نە دنیای پاشایەتی باوی سەردەمی هۆمیرۆس، نە دنیایەکی ڕووتی خەیاڵییە، بەڵکو ئاوێتەیەکە لە کۆمەڵە دنیایەکی جیاواز و هونەرمەندانە لەگەڵ یەکتردا گونجێنراون، بەر لە هەر شتێك دنیایەکی ئینسانییە، هۆمیرۆس هاتووە پشت بە تواناو بەهرەی ڕەنگینی خۆی دنیایەکی زۆر تایبەتی دروست کردووەو شەقڵی تایبەتی خۆی پێ بەخشیوە، تان و پۆی دنیایەکەی کاراکتەرسازییە هەرە جوان و پەسندەکەیەتی. زۆربەی کاراکتەرەکانی خەڵکانی خانەدان و ڕەسەنن، زۆرجار بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی خانەدانیو ڕەسەنایەتییان بە خواوەند یان خواوەند ئاسا، نیمچە خواوەند وەسفیان دەکات، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا لێرەو لەوێ، هەندێ کاراکتەری بۆرەکی-ش قوت دەکاتەوە، کە لە هەر شوێنێ ناویان دێ بە بێ قەدری ناو دەبرێن و مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێ...

بە هەرحاڵ دنیای ئەم جووتە داستانە زیاتر پاشایەتییە تا دنیای خانەدان و ئەرستوکراتان. کۆڵەکەو تەوەری کۆمەڵگە پاشایە، هەر چەندە لە ئیلیادەدا ئاگامەمنون

سەردارو شای شایەکانە، بەڵام ئەمە بەهۆی بارودۆخی شەڕەوەیەو بارودۆخەکە وای خواستووە جڵەوی ڕابەرایەتی بە یەك کەس بسپێررێ و کەس فەرمانی لە زەوی نەدات، دەنا هەموو پاشاکان لە یەك ئاستدان، کەس لە کەس نە زیاترە و نە کەمتر.

قارەمانانی ئیلیادە و ئۆدیسە بە پیاوەتی و نێراتی بەناوبانگن، هەموو شەڕڤان و جەنگاوەرن، وا دیارە شەڕ یەکێکە لە پێوەرو پێوانەکانی ڕادەی توانای پیاوەتی و تەبیعەت و ئەخلاق و بەردەباری قارەمان... بۆیە سەیر دەکەی قارەمانانی ئیلیادە لە شەڕدا زۆر بە توانان، لە ڕادەبەدەر بە توانان... چونکە شەڕ پێوەری مێرایەتییە، جا کاراکتەرە سەرەکییەکانی ئیلیادە و ئۆدیسە میناکی ئەخیل، هیکتۆر، ئەجاکس‌و پاتروکلۆس، لە شەڕدا زۆر سەرکێش و کەڵەمێرد، ڕێسکبازن.. هەر قارەمانەو بە جۆرێ خۆی دەنوێنێ، ئیدی بە هێزی بازوو بێ، بە لەزگینی و گورج و گۆڵی و خۆشبەزی بێ، یان بە بەردەباری و خێرایی قەراردان بێ، یا بە دانانی نەخشەو پلان بێ، یان بە ڕادەی سەبرو حەوسەڵەی بێ سنوور بێ، یان بە هێرش و پەلاماری بێ ڕەحمانە بێ. جا ئەوانەی لە شەڕدا قارەمانن، لە کۆمەڵگەشدا هەر پایەیان بەرزە و لە ڕووی ڕواڵەتی بەدەنیشەوە قۆز و جوانن، لە باری ئەقڵی و هۆشیاریشەوە، دەم ڕاست و ئەهلی ڕاو تەگبیر و بەردەبارن... ئەمەش دەکاتە کارێك هێندەی دیکە خانەدان بنوێنن و لە لای خەڵکی بە هەیبەت بن... بە زۆری کۆشك و بارەگاکانیان پڕە لە زێڕو سەروەت و سامانی زۆرو خوڵام و کەنیزەکی زۆریان لە خزمەتدایە..

تەویڵەو ئاغەڵەکانیان لە مێگەلە پەزو ڕەوە بەرازو، لە بۆنەو دەعوەتاندا، خوانیان ڕازاوەو بە هەموو خواردن و خواردنەوەیەکی بەلەزەت ئاوەدانە. لە شەڕدا شانازی بە چەك و ئەسلەحەکانیان دەکەن، کە لە برونز دروست کراوەو بە زێڕو زیو و عاجان نەخشێنراوە. لە کۆڕو مەجلیساندا نەك هەر حەکیم و بردەبارن بەڵکو بە دەم و زمان و قسەزانیشن... میوان پەروەرن، دالّدەی دالّدەخوازان دەدەن، سەخاوەتمەندانە لە کاتی سرووتی ئایینیدا، لە کاتی نوێژو نزاو پاڕانەوەدا، قوربانی و نەزر پێشکەش بە خواوەندان دەکەن...

ئیدی دەبینی هۆمیرۆس لەو جووتە شاکارەدا دنیایەکی دەوڵەمەندتر لەو دنیایەی خۆی تیایدا ژیاوە، وێنە دەگرێت... هاتووە ئەم چیرۆکە ئینسانییەی لە چوارچێوەیەکی قارەمانێتیدا داڕشتووەتەوە. دیارە دەیتوانی ڕابردوو بکاتە دەستاوێزێك بۆ هەڵاتن لە واقیع، یان چوون بەرەو ڕۆمانسییەت... بەڵام ئەمەی نەکردووە، بەڵکو ڕابردووی کردووە بە هۆیەك تا لە ڕێگەیەوە وێنەیەکی باڵای ئەو جیهانە بە شەرییە نیشان بدات کە خۆی ویستویەتی وێنەی بگرێت.

سیفەتی قارەمانەکانی هۆمیرۆس زیاتر لە ڕێگەی گوتارو کردارەکانیانەوە بە دیار دەکەوێ نەك لە ڕێگەی هزرین و هەستەکانیانەوە، دیارە کرداریش زادەو ڕەنگدانەوەی تەبع و تەبیعەتیانە.. هەموو دەزانین ئیلیادە بە تۆران و توڕەبوونی ئەخیل دەست پێ دەکات، ئەم توڕە بوونە دەبێتە مایەی شکستی گریکەکان، شکستەکەش کوژرانی پاتروکلۆسی لێ دەکەوێتەوە، هەموو ئەمانە پەیوەندییان بە بوونی ئەخیلەوە هەیە، بەو گیانە بەرزەفڕە لەخۆباییەوە هەیە کە دەکاتە کارێك ئەخیل وەکو پیاوێکی دڕو دڵڕەق و ئازاو مێرخاز، بێ هاوتاو بێ هەڤڕك بنوێنێ، یان ئۆدیسیوس، ئەوەندەی بە زیرەکی و فەندو فێڵان و بەردەباری بەناوبانگە ئەوەندە بە مێراتی و ئازایەتی بەناوبانگ نییە، بەهۆی بوێرییەکەیەوە تووشی زۆر ئاستەنگان دەبێت و تەنیا زیرەکییەکەی فریای دەکەوێ و ڕزگاری دەکات... یان کە دەبینین هیکتۆر شەڕڤانێکی بە دیمەن و مێردێکی خۆشەویست و بابێکی میرەبانە، لەبەر ئەوەیە شتێکی هەیە کە لە پێناویدا دەخەبتێ، شەڕ دەکات، ئەویش خێزانەکەی و شارەکەیەتی. یان کە دەبینرێ ئاگامەمنون بوێرێکی دوودڵ و بەسام و هەیبەت و لووتبەرز و خۆپەسندە، لەبەر ئەوەیە کە لە فەرماندەکانی دیکەی گریك پتر بەرپرسیارەو هەست بە باری قورسی مەسئوولییەتەکانی سەرشانی دەکات.. بە هەرحاڵ ئەو قارەمانانەی هۆمیرۆس وێنەی کێشاون زیاتر لە ڕێگەی کردارەکانیانەوە خۆ دەناسێنن و بوونی خۆیان دەسەلمێنن.

هەڵبەتە قارەمانانی هۆمیرۆس، ئافرەتیشیان تێدایە، هەروەها بوونی ئەو ئافرەتانەش زادەی پێداویستییەکانی خودی داستانەکانەو لە خۆڕاو بە بێهودە قوت نەکراونەتەوە. بۆ نموونە هیلین، هیلینی جوانە ژنی دلڕفێن، کە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕی تەروادەیە، زەرورەتی پەرەسەندنی داستانەکە سەپاندوویەتی نەك حەزو ئارەزووی هۆمیرۆس. دیارە هیلین تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هۆمیرۆس دەیتوانی بە جۆرێ وێنەی بگرێ کە نەك هەر سەرچاوەی شەڕ بێ بەڵکو خودی شەڕ بێ.... بەڵام هۆمیرۆس هاتووە بە جۆرێ وێنەی گرتووە، کە جەماوەری گوێگر یان خوێنەر هەست بە هیلین بکەن و هاوبەشی هەستەکانی بکەن....

ئەوەتا کاتێ کە هیکتۆر دەکوژرێ بە جۆرێ بۆی دەگری و شینی بۆ دەکات هیچی لە گریان و شینی ژنەکەی و دایکی کەمتر نییە، بەڵکو بەوپەڕی خەمبارییەوە، بەدڵی پڕ کەسەرەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن بە بەردەوامی هاوسۆزی لەگەڵدا کردووەو دڵی ڕاگرتووە.. ڕاستە کاراکتەرەکانی هۆمیرۆس بەپێی هەڵوێست و بارودۆخ و ژینگەی خۆیان نەشونما دەکەن، بەڵام زۆرجار لەو هەڵوێست و بارودۆخەی کە تیایدان، زیندووتر و گەورەتر دەنوێنن، هۆمیرۆس لە کاراکتەرسازی ژناندا، چوارچێوە مرۆڤانییەکانی لەبەرچاو گرتووە، سەلبیات و ئیجابیاتی وەکو هەر بەشەرێك وێنە گرتوون، بۆیە کاراکتەری ژن لە ئیلیادەدا، بوودەڵەو سووك و خوێڕیلە نییە، مرۆڤەو لە دنیا بەشەریەکەی ناو داستانەکەدا نمودو دیمەنی خۆی هەیە...

جا با بێینە سەر کەسایەتی پریسیس، هەر چەندە بوونی ئەم کاراکتەرە بۆ داستانی ئیلیادە پێویستە، چونکە ئەخیل لەسەر ئەو توڕە دەبێت، کاتێ کە ئاگا مەمنون تەماحی تێ دەکات و بە تۆبزی لێی دەستێنێ، ئیدی ئەخیل توڕە دەبێ و دەتۆرێ، پریسیس لەو سەروبەندەدا دیار نییە، نە دەنگی هەیەو نە ڕەنگ، نە هیچ شتێك دەڵێت و نە هیچ شتێك دەکات کە کار لە ڕووداوەکە بکات.... تاقە وشەیەك ناڵێت، پێ دەچێت هۆمیرۆس بۆیە ئەمەی کردبێ تا بەوە تاوانبار نەکرێ کە لە ڕێگەی قسەکانی ئەو کیژەوە ڕای خۆی لەمەڕ

کێشەی نێوان ئەو دوو قارەمانە دەربڕیوە.. بەڵام دواتر کە جەنازەکەی پاتروکلۆس دەهێنرێتەوە بۆ بەر خێوەتەکان، دەست بە گریان دەکات و باسی ئەوە دەکات کە بەر لە کوشتنەکەی چەند لەگەڵیا باش بووە..

هیکتۆریش هاوسەرو دایکی هەیە، هەر یەکێکیان تایبەتمەندی و واقیعی خۆیان هەیە، هەر یەکەیان کول و کۆڤانی تراجیدیانەی خۆیان هەیە. ئەندروماك، هاوسەری هیکتۆر، ژنێکی مناڵکارە، لە هەموو شتێکدا پشتی بە مێردەکەی بەستووە، زۆری خۆش دەوێ، بە رادەیەك دەترسێت لەدەستی بچێت، یانی لە خۆشەویستیدا پێشبینی مردنی دەکات. کە بە مردنەکەی دەزانێ و جەنازەکەی بە دوای گالیسکەکەی ئەخیلەوە دەبینێ، ئیدی لە کۆتایی و نەمانی خۆی و منداڵەکەی دڵنیا دەبێت، ئیدی ورە بەر دەدات و دەبێت بە نموونەی بێوەژنێکی نائومێدی خەمبار.

بەڵام هیکۆبای دایکی هیکتۆر، پیرەژنێکی کارەسات دیدەی جەرگ سووتاوە، ژمارەیەك لە کورەکانی کوژراوەو بە بەردەوامی لە ترس و نیگەرانی و دوودڵیدایە... لە هیکتۆر دەپاڕێتەوە کە شەڕی ئەخیل نەکات، لە پریامۆسی مێردی دەپاڕێتەوە ریسك بە ژیانی خۆی نەکات و نەچێ بۆ لای ئەخیل تا داوای جەنازەکەی هیکتۆری لێ بکاتەوە.. ئیدی لە ئاکامدا دەوری دایکێکی پیر، دایکی پاڵەوانێکی گەورەو ناودار دەگێڕێت، بەڵام کەسایەتی و هەست و سۆزو تەبع و تەبیعەتی تایبەتی خۆی هەیە.

(٦)

هەر چەندە، هۆمیرۆس زیاتر بایەخی بە کەسایەتی پاشایان و خانەدانان داوە، بەڵام پەی بەوەش بردووە کە وێنەی هونەری شیعرەکانی، بەبێ هەندێ دیمەنی میللی و خەڵکانی عەوام نوقستان دەبێت.. جا کە هاتووەتە سەر ئەو دیمەن و تابلۆیانە، بە تۆبزی لە دەقەکەی بار نەکردوون و هەرگیز وەکو پینەی زەق نانوێنن، بەڵکو بوون بە تەواوکەرێکی زۆر ئاسایی رەوتە گشتییەکەی رووداوی سەرەکیی داستانەکە.. لەوانە بۆ وێنە چۆن دوژمنان پەلاماری

شوانکارانی بێ دەسەڵات دەدەن و مەڕو ماڵاتیان بەتاڵان دەبەن.. دیمەنی شەڕ، دیمەنی ئاشتی، ئاهەنگی زەماوەندو بەزم و گۆرانی، دیمەنی زەوی کێڵان‌و جووتکاری، دروێنە و حاسڵات خڕ کردنەوە، میوەچنی و بە ڕەزو باخا ڕاگەیشتن،... هتد.

دیارە هۆمیرۆس ئەم تابلۆ و دیمەنانەی بۆیە هێناوەتە ئاراوە، تا دنیا بەشەرییەکە بەو جۆرە وێنە بگرێ و بەرجەستە بکات کە لە خەیاڵی خۆیدا هەیە... دیارە هۆمیرۆس بۆ وێنەگرتنی ئەو دیمەن و تابلۆیانە ڕێگەیەکی دیکەشی گرتۆتەبەر، ئەویش ڕێگەی بەکارهێنانی وێنەی هونەریی و سنعەتە ڕەوانبێژییەکانە، لەو بوارەدا کۆمەڵێك وێنەو هونەرو سنعەتی ڕەوانبێژی زۆر جوانی بەکار هێناوە کە دواتر بووە بە یەکێك لە شەقڵ و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی شێوازە دەگمەن و بێ وێنەکەی..

ڕەنگە هۆمیرۆس ویستبێتی بەمە، ئەو باوەڕەی خۆی بسەلمێنێ کە جیهانی قارەمانێتی بە تەنیا هەموو شتێك نییە، بەڵکو زۆر شتی دیکەی ئاسایی و باو هەیە دەبنە تەواوکەری لایەنەکانی جیهانی قارەمانێتی و جۆرە زیندوویەتییەکی زیاتری پێ دەبەخشن.. دەستڕەنگینی هۆمیرۆس لەوەدایە کە هاوسەنگییەکی زۆر جوانی لە نێوان کارەکتەرەکانیدا دروست کردووەو سیمای هەر یەکێکیان، سیمای ئەوی تر بەرجەستە دەکات و تیشکی دەخاتە سەر. بۆ نموونە لە ئیلیادەدا دوو دنیا، یان دوو لایەن هەن، کە هەر یەکێکیان تیشك دەخاتە سەر ئەوی تریان، دنیای یەکەم، دنیای نێرینە، کە بریتییە لە هێزو لەشکری گریکەکان، دنیای دووەم، بریتییە لە کۆمەڵێك جەنگاوەر، ژنان، پیران، ژن و منداڵ و پەککەوتوان، کە هەموو شاری تەروادەیە...

دیارە، ئەم بەرانبەرێنکردنەی ئەم دوو دنیایە، بەڵگەی ئەوەیە کە شەڕ بە تەنێ هەموو لایەنەکانی ژیان نییە، بەڵکو لایەنی دیکەش هەیەو ئەگەر جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوان ئەو لایەنانەدا نەبێ ژیان سەنگەلا دەبێت... بۆیە ئەگەر هۆمیرۆس ئەمەی نەکردبا ڕووداوی سەرەکی ئیلیادە دەبوو بە زنجیرە شەڕێکی هۆڤیانەی دوور لە هەستە مرۆڤانییەکان.

خۆ ئەگەر لەم ڕوانگەو بۆچوون و چەمکەوە سەیری کەسایەتی ئەخیل بکەین، دەبینین نموونەی ئەو قارەمانەیە کە بۆ خۆی کار دەکات و شکۆو سەرفرازی خۆی مەبەستە، ڕاستە کۆمەڵە هەست و سۆزێکی مرۆڤانی هەیە، بە تایبەتی دەرهەق بە پاتروکلۆسی هاوڕێی، کە لە جیاتی ئەم چووە شەڕەوەو کوژراو، مردنەکەی بووە مایەی ئەوەی کە ئەخیل ڕق لە هیکتۆر هەڵگرێ.. ڕاستە ئەخیل هەست بە دۆستایەتییەکی پتەو دەکات لەگەڵ فەرماندە گریکییەکانی دیکەی میناکی ئودیسیوس و دیومیدوس و نەستورو ... هتد، بەڵام وێڕای ئەوەش گۆشەگیری و دوورە پەرێزی بەسەر ئەخیلدا زاڵە، هێشتا بابی لە ژیاندایە، بەڵام هەرگیز نایبینێ، چونکە دەریاو ئۆقیانووسی بەرین دە ساڵە لێکدی دابڕیون.

هەندێجار دایکی دڵخۆشی دەداتەوەو ئامۆژگاری دەکات، بەڵام چونکە لە پێڕی خواوەندانە و بەشەر نییە، هەرگیز پابەندی ئەو پەیوەندییە بەشەرییانە نابێ، کە هەقە لە نێوان دایك و فەرزەندا هەبێ، هۆمیرۆس هاتووە هەردوو لایەنی خراپەو چاکەی ئەخیلی وێنە گرتووە، بەمەش شەقڵێکی مرۆڤانی ئەوتۆی پێ بەخشیوە، مەگەر تەنیا لە چەند قارەمانێکی ڕاستەقینەی کەمدا هەبێ، بەڵام ئەخیل، لە هەموو حاڵێکدا دەستبەرداری بەها بەرزو ئایدیالییەکانی خۆی لە مەڕ مێرایەتی و سەرفرازی نابێت و ئامادەیە لە پێناوی ئەو بەها بەرزانەدا خۆی بەکوشت بدات..

واتە ئەخیل نموونەیەکی ئایدیالی قارەمانێتی زاتییە، بەڵام لە بەرانبەریا قارەمانێکی جیاوازتر هەیە، کە ئەویش هیکتۆرە، کە بە ڕاستی زێدەباری سەرکێشی و کەڵەمێردی و بوێرییەکەی، لایەنێکی مرۆڤانی گەلەك کاریگەریشی هەیە، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە دڵخۆشی ژنەکەی دەداتەوە و کوڕە ساواکەی دەلاوێنێ.. زۆر چاك دەزانێ کە دایکی چەندی هەق بەسەرەوە هەیە، زۆر بە نەزاکەت و ئەدەبەوە مامەڵە دەگەڵ هیلین-دا دەکات.. هەر ئەو پشت و پەناو کۆڵەکەی مقاوەمەت و بەرگری تەروادەیە، ئەو ڕابەری لەشکر دەکات و هێرش بۆ سەر کەشتی گریکەکان دەکات، ئەو پاریس سەرزەنیشت و سەرکۆنە دەکات... چاك دەزانێ دەبێ بەرەنگاری ئەخیل ببێتەوەو لەسەر دەستی ئەویش دەکوژرێ.. کەچی

کڕو کپ و مەنگ، بێ دوودڵی بەرەو پیری مەرگ دەچێت و وا دیارە تەروادەش لە دوای ئەو تیا دەچێت.

جا بەم پێودانگە دەشێت ئەخیل بە نموونەی پاڵەوانێتی زاتی دابنرێ، بەڵام هیکتۆر نموونەیەکی پێشکەوتووترو فرە لایەنتری قارەمانیەتییە، قارەمانێکە، بەرپرسە بەرانبەر بە خێزان و نیشتمانەکەی.. واتە وەفاداری بەرانبەر بە خێزان و نیشتمان مەرجێکی ئەو قارەمانیەتییەیە... ئەگەر ئەخیل نموونەیەکی کۆن و کلاسیکی قارەمان و قارەمانێتی بێ، ئەوا هیکتۆر نموونەیەکی تازەتری قارەمان و قارەمانێتییە، ئەو نموونەیەیە کە خودی هۆمیرۆس گەرەکییەتی.

هۆمیرۆس، لەم جووتە داستانەدا، بایەخێکی زۆر بە ئینسانییەتی بەشەر دەدات، وەکو خۆی چۆنە ئاوها مامەڵەی لە تەکدا دەکات، کاری نائاسایی و موجیزەیی نەداوەتە پاڵ هیچ بەشەرێك.. خۆ ئەگەر لە شوێنێکدا وا پێویست بوو بێ بەشەرێك کارێکی نائاسایی و موجیزەیی بکات، خێرا هاتووە بە شێوەیەکی هونەری داویەتە پاڵ خواوەندان. وەکو چۆن پاریس بە موعجیزە لە شەڕی مینیلاوس ڕزگار دەبێت، هەڵبەتە بە فەزڵی ئەفرۆدێت ڕزگار دەبێت... یان کاتێ ئەسپەکانی ئەخیل دێنە قسە و پێشبینی مردنی ئەخیل دەکەن، دیارە هیرا بە حەول و قوەتی خوایانەی خۆی زمانیان دەپژێنێ و ئەو قسانەیان دەخاتە سەر زار.

بەو جۆرە دەبینین هۆمیرۆس شەقڵێکی ئینسانی بە هەموو کاراکتەرەکانی بەخشیوە، تەنانەت لە وێنەگرتنی ئافەریدەیێن خورافی و گیانلەبەرانیشدا ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووە، ئەمەش کردوویەتە کارێك کە چیرۆکەکەی وەکو یەکەیەکی یەکگرتووی هونەری شەقڵێکی ئینسانییانە وەربگرێت.

## (٧)

جگە لە بەشەر، بەشێکی تەواوی قارەمانانی هۆمیرۆس خواوەندانن، لێ مامەڵەی هۆمیرۆس لەگەڵ ئەم تاقمە قارەمانەدا جیاوازەو بە ڕواڵەت ناکۆکییەك لەم بوارەدا بەدی

دەكرێت. ڕەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ سروشتی هەڵوێستی گریكەكان لەمەڕ خواوەندەكانیان. هەر هەموو خوداوەندە گریكییەكان شێوەو جەوهەری ناسوتییان هەیە، ڕەفتارو هەڵس و كەوتیان وەكو ڕەفتاری بەشەرانە، جیاوازییەكەیان ئەوەیە كە خواوەندان نە پیر دەبن و نە دەمرن، هێزو دەسەڵاتیان لە بەشەران زۆر زیاترە، هەروەها "هۆمیرۆس"یش جەختی تەواوی لەسەر ئەمە كردووەتەوە..

خواوەندان هێزو دەسەڵاتێكی نائاساییان هەیە، دوورن لە هەڕەشەی پیری و مردن، خۆش ڕادەبوێرن، مشتومڕیان دەكەوێتە ناو، هەموویان یەك ماڵبات پێك دێنن و بارەگای سەرەكییان ئۆلیمبۆسە. هەمیشە كێشەو گەنگەشەیان لە نێواندایە، تەنانەت زۆر جار زیوسی گەورەو سەروەریان بە زەحمەت دەتوانێ كۆنترۆڵیان بكات و جڵەویان بگرێ. بۆ نموونە كاتێ زیوس ئەمری پێ كردن خۆ لە شەڕی بەینی گریك و تەروادەییان هەڵنەقورتێنن، هیرا دەسەڵاتی مێوینەیی خۆی دەخاتەگەڕ، لەگەڵیا دەخەوێ و شەرابی دەداتێ، مەست دەبێ، هەر لە بیری نامێنێ لەسەر زەوی شەڕ هەیە...

خواوەندەكان هەندێ جار لە هەموو شتەكان ئاگادار نین، هەندێكیان ئاگاداری وردەكاری شەڕی تەروادەو لەشكری گریك نین، بۆ نموونە كاتێ پەڵە هەورێكی زێڕین لە خواوەند ئاریس دەئاڵێ، نازانێ "سكالافوس"ی كوڕی لە شەڕگەدا كوژراوە، ئەمە بۆ خۆی لایەنێكە لە لایەنەكانی لێكچوونی خواوەندان و بەشەران. كاتێ خواوەندان بەشەریانە ڕەفتار دەكەن و لایەنە بەشەرییەكەی تەبیعەتیان دەردەكەوێ، هەموو سەنگ و ویقارێكی خواوەندانە لەدەست دەدەن و زۆر كۆمیدیانە دێنە بەرچاو... بۆ نموونە ئەو ڕێگەیەی هیرا بۆ خەڵەتاندنی زیوس بەكاری هێناو شەڕی تەروادەی لە بیر بردەوە، بەڕاستی كۆمیدیانەیەو مایەی پێكەنینە...

یان بەشداری خواوەندان لە شەڕدا... وێڕای نیعمەتی پیر نەبوون و نەمریان، هەندێجار ڕەفتارو هەڵوێستیان زۆر لە هی بەشەر بچوكترە. كاتێ دیومیدوس ئاریسی خواوەندی جەنگ لە شەڕا بریندار دەكات، خواوەندی شەڕ لە تاو ئازار هاوار دەكات، یان كاتێ

ئەفرۆدێت هەندێکجار هەست بە نائومێدی دەکات لە هۆڕژنی گریان دەداو پەنا بو (دیونی) دایکی دەبات، یان لە یەکێك دەگەڕێ دڵخۆشی بداتەوە، جا ڕەنگە ئەم لایەنە کۆمیدییەی ڕەفتاری خواوەندان بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەمن و ئەمانە ڕەهایەی هەیانە، بۆ دوورییان لە پیری و مردن... بۆ نموونە بەشداری خواوەندان لە شەڕدا ناکاتە سەرکێشی و ڕیسك، چونکە پێشوەختە دەزانن نامرن، با شەڕەکە زۆر ئەستەمیش بێ، بۆیە لە هیچ شتێکدا پەلەیان نییە، چونکە بێ خەمن...

هەر چەندە هۆمیرۆس بە ڕواڵەت گاڵتە بە خواوەندانی گریکی دەکات، بەڵام خواوەندان پایەو دەسەلاتی خۆیان هەیەو ئاکام و ئەنجامی هەموو شتێك بەندە بە ویست و ئارەزووی ئەوانەوە... هەندێ لە شارەزایان ئەم دیاردەیە وەها لێك دەدەنەوە کە ئیلیادە و ئۆدیسە بەو حاڵەیانەوە لە سەردەمێکا پەیدا بوون کە گریکەکان وردە وردە نۆڕینیان بۆ خواوەندان گۆڕاوە و ویستویانە بایەخ بە کارو بارو ڕەفتارو چارەنووسی بەشەران بدەن. لە ئیلیادەدا خواوەندان ڕاستەوخۆ دەست دەخەنە کاروباری بەشەران... بۆ نموونە لە جەنگی تەروادەدا ئەتیناو هیرا دژی تەروادەییەکان دەوەستن، کەچی ئەفرۆدێت تەرەفداریان لێ دەکات، هەموو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پاریس خەلاتی جوانی دا بە ئەفرۆدێت و جووتە خواوەندەکەی تری لێ بێبەش کرد.

سەیر دەکەی ئەم سێ خواوەندە، ئەتینا، هیراو ئەفرۆدێت وەکو هەر مێوینەیەکی بەشەری ڕەفتار دەکەن، ئەمەش بە گوێرەی تێگەیشتنی گریکەکان لە قارەمانێتی، دەچێتە خانەی قارەمانێتی زاتییەوە... هەر لەو پێودانگەوە خواوەند ئەرتەمیس، نیوبی دەکوژێت هەر لەبەر ئەوەی بە منداڵەکانییەوە دەنازێ... خواوەند پۆسیدون، ئودیسیوس دەچەوسێنێتەوە چونکە ئۆدیسیوس کوڕەکەی ئەوی کوشتووە... هەروەها دەبینین خواوەندەکان ڕێزو حورمەتی ئەو بەشەرانە زیاتر دەگرن کە بە سرووتی تایبەتی قوربانییان پێشکەش دەکەن و نەزریان بۆ دەکەن...

لەم حاڵەتەدا خواوەندان خۆیان بە قەرزارباری ئەو کەسانە دەزانن و لە تەنگانەدا فریایان دەکەون... بۆ نموونە کاتێك (خروسیس)ی کاهین دەیەوێ، کیژەکەی، کە ئاگامەمنون بەدیلی بردوویەتی، وەربگرێتەوە، پەناوەبەر ئەپۆلۆ دەبات و لێی دەپاڕێتەوەو بیری دەخاتەوە کە چۆن نەزرو قوربانی بۆ کردووە، ئەپۆلۆش غەزەب لە گریکەکان دەگرێ و پەتا لە نێو لەشکرەکەیان بڵاودەکاتەوە. لە ئیلیادەدا تووشی دەیمەنی دیکەی لەو بابەتە دەبینەوە... بە هەرحاڵ هۆمیرۆس هەمیشە بیری لە بەشەر کردۆتەوە، لە گەرمەی مامەڵەی خۆیدا لەگەڵ گروپی خواوەندان، بەشەری هەر لەبیر بووە.

هۆمیرۆس لە نزیکی کۆتایی ئیلیادەدا ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەڵگیرسانی جەنگی تەروادە لە سۆنگەی ئارەزووە سێکسییەکانی پاریسەوە بوو، ئەوەبوو لە کاتی داوەری لە نێوان هەر سێ یەزدانخانمی نێو براودا، تەماحی جوانی و دڵڕفێنی هیلین، کە ئەفرۆدێت خستییە بەری، گرتی و، داوەرییەکەی بەلای ئەفرۆدێتدا داشکاند.. ئەوە بوو تەروادە لە ئاکامی ئەو هەڵوێستەوە، تووشی شکست و وێرانی بوو.

هەر چەندە خواوەندەکانی هۆمیرۆس یەجگار بە دەسەڵاتن، هەر چییەکیان بوێ دەیکەن، دەست لە هەموو کاروبارێکی بەشەر وەردەدەن، بەڵام وێڕای ئەوەش، هەندێجار بەشەر، لە ڕێگەی توانا بەشەرییەکانی خۆیەوە، چارەنووسی خۆی دیاری دەکات، بەشەر لە لای هۆمیرۆس کار بۆ شکۆ و سەربەرزی خۆی دەکات و خواوەندانیش هەندێجار ڕێی لێ ناگرن، بەڵام چ خواوەندان و چ بەشەران بە گوێرەی بەرەی خۆ پێ ڕادەکێشن. قارەمانی ڕاستەقینە کەسێکە نەچێتە ئاقاری خواو بە گژ خواوەندانداندا نەچێتەوەو هەوڵ نەدات لە سنووری تەبیعەتی بەشەرییانەی خۆی دەربچێت و تەبیعەتی خواوەندانە وەربگرێت..

ئەرکی قارەمانەکانی هۆمیرۆس لە ژیاندا ئەوەیە کە ئەوپەڕی سوود لە بەهرەو توانا بەشەرییەکانی خۆیان وەربگرن... جا وەکو چۆن خواوەندان ڕێگەی تایبەتی خۆ دەگرن و مومارەسەی خوایەتی خۆیان دەکەن، بەشەریش لەسەریانە ڕێچکەو ڕێبازێك بۆ خۆ بدۆزنەوە کە لەگەڵ بنەماو توانا بەشەرییەکانی خۆیاندا بگونجێ جا چونکە تەمەنی بەشەر

زۆر کورتە، دەبێ لە خەمی ئەوەدا بێ کاری گەورەی تیا ئەنجام بدات. ناوێکی زیندوو یان نیمچە زیندوو پەیدا بکات و بەجێ بێڵێ، هەر بۆیە دەبینین هیکتۆر و سارپیدۆن داوا لە هێزەکانیان دەکەن ئەوپەڕی توانای خۆ لە شەڕدا بەکار بێنن و گوێ بە مردن نەدەن، هەروەها ئازایەتی و بوێری و ورە بەرزی خۆیان بسەلمێنن...

قارەمانی هۆمیرۆسی هەمیشە لە مردنەوە نزیکە، بەڵام ئەمە ژیانیان لەبەرچاو ناخات و بە جۆرێ دەچنە شەڕەوەو بەشداری شەڕ دەکەن لە تۆ وایە هەتا هەتایە دەژین... بەڵکو بە پێچەوانەوە بیرۆکەی مردن، هێندە قارەمان سەر سەخت و دڕو دڕندە دەکات تا بەزووترین کات بگاتە ئاواتەکانی، ئەمە لە ڕوانگەی هۆمیرۆسەوە جیاوازی جەوهەری نێوان خواوەندان و بەشەرانە، هەڵبەتە بە گوێرەی ئیلیادە و ئۆدیسە. خواوەندان سەرسەخت و سەختگیر و دڵڕەقن، بەڵام بیر لە مردن ناکەنەوە، بەشەران هەمان خەسڵەت و سیفەتیان هەیە بەڵام هەمیشە بیر لە مردن دەکەنەوە..

وێڕای ئەمەش بەشەر لەکن هۆمیرۆس باوەڕیان بە دنیای پاش مردن نییە، لە دوای مردن بەشەر تارماییەکی کز و لاوازی بێ ژیان و گیانە. واتە مردن لە خودی خۆیدا تەواو دەبێ، پردی پەڕینەوە بۆ جیهانێکی جیاتر و باشتر نییە.. چونکە ژیانی بەشەر کورتە، قۆناغێك نییە کە بیگەیەنێتە ژیانێکی چاکتر، جا سیحری ژیانی بەشەر لە مەدایە، بۆ یە لەسەریێتی، هیچ دەمێکی ژیانی خۆی بەفیڕۆ نەدات و لە ڕێگەی کارو کردەوەکانییەوە ناوبانگ و شۆرەت و سەرفرازی و شکۆو نەمری بەدەست بێنێ و هەرگیز بە زەبوونی و ملکەچی و سەرشۆڕی قاییل نەبێ و مردنی سەربەرزانەی پێ باشتر بێ لە ژیانی سەرشۆڕی. قارەمانی ڕاستەقینە ئەوەیە ڕووبەڕووی مەترسییان بێتەوە و لە ڕای سەربەرزی خۆیدا، ژیانی لا هەرزان بێ و لە مردن نەترسێت.. جا بە شەری ناو ئیلیادە و ئۆدێسە لە سەرێتی قارەمانانە بژی، قارەمانانە بمرێ، ئەگەر وا نەکات بە قارەمانی ڕاستەقینە نا ژمێررێت، جا بەم پێودانگە خواوەندان، نەك هەر قارەمان نین، بەڵکو هەرگیزیش نابن بە

قارەمان، وەکو چۆن قارەمانانیش هەرگیز ناتوانن ڕۆژێ لە ڕۆژان ببنە خواوەندان، ئا ئەمەیە پەیوەندی و جیایی نێوان قارەمانان و خواوەندان لە ئیلیادە و ئۆدیسەدا.

(٨)

هۆمیرۆس، لە هەردوو داستانەکەیدا، لایەنی چاکەو خراپەی جەنگی بەرجەستە کردووە، ئەو لەزەتە ڕۆحی و ئۆخژنە دەروونییەی سەرکەوتن لە شەڕدا بە بەشەری دەبەخشێت، هونەرمەندانە لە پاڵ هەموو مەینەتی و خەم و کارەساتەکانی شەڕدا وێنەگیراوەو بەرجەستە کراوە، ئەمە زۆر بە زەقی لە وێنەگرتنی هاوسەرەکەی هیکتۆر و ئەندامانی ماڵباتەکەیدا دەردەکەوێت، ئەگەرچی ئەمانە ناتوانن ببن بە شەریکی شکۆو سەرکەوتنەکانی، بەڵام سەلامەتی و مانی خۆیان بە سەلامەتی و مانی ئەوەوە بەستووە، ئەندرۆماکی ژنی سوور دەزانێ هیکتۆر دەکوژرێ، هیکتۆر باسی ئەمەی لەگەڵدا ناکات چونکە هەردووکیان بە دڵنیاییەوە ئەمە بە سەرچاوەی کلۆڵی و نەگبەتی منداڵە ساواکەیان دەزانن...

هەر چەندە هۆمیرۆس بەر لە ڕووخان و وێرانبوونی تەروادە کۆتایی بە ئیلیادە دێنێ، بەڵام بیرۆکەی ڕووخانی تەروادە و ئاکامە خراپەکانی ئەو ڕووخانە، وەکو تاپۆیەك، لە سەرانسەری پاژەکانی ئیلیادەدا، بەسەر سەری تەروادەییەکانەوە لە باڵەفڕەدایە... لە ئیلیادەدا تەروادە تاقە شار نییە کە بەسەر پاشاکەیدا وێران دەکرێت، بەڵکو پێشتریش، تیبەی زاگەی (ئەندروماك)یش بە دەستی ئەخیل وێران دەکرێ و بابی ئەندروماك و هەر حەوت براکەی دەکوژرێن. هەروەها (پریسیس)یش بە چاوی خۆی کوژرانی مێردەکەی و سیان لە براکانی بە یەك ڕۆژ، دەبینێ..

جا هۆمیرۆس لەم بارەیەوە هونەرمەندانە ئەوەی نیشان داوە کە گەورەترین شکۆو سەربەرزی، لەسەر حسابی نەگبەتی و ماڵوێرانی خەڵك و خەڵکانی دی دەبێت. ئەوەتا هۆمیرۆس لە ئاخرو ئۆخری ئیلیادەدا، جەخت لەسەر ئەو بیرۆکەیە دەکات و بە زمانی

(ئەخیل)ەوە دەڵێت: دوو گۆزە لە مەڵبەندی (ئولیمبۆس) دا هەیە، یەکێکیان خێری تیایە و ئەویتریان شەڕ، زیوس بەخۆی قەرار دەدات چۆن دابەشی دەکات، کێ خێری بەردەکەوێت و کێ شەڕ! جا باشترین بەش ئەو بەشەیە کە تێکەڵەیەك بێ لە هەردوو گۆزەکە، کە ئەمە زۆر بە کەمی ڕوو دەدات. هەروەها ژیانی بەشەر بەزۆری هەر شەڕو شومییە، ئەگەر چی دەوری خۆیشی تێدایە.

ڕاستە هۆمیرۆس لە ئیلیادە و ئۆدیسەدا بایەخی زۆری بە شەڕو دوژمنایەتی و کوشتار داوە، لێ ئاشتی و دۆستایەتی و خۆشەویستیشی فەرامۆش نەکردووە... چونکە دنیای هۆمیرۆس، بەر لە هەر شتێك جیهانێکی بەشەرییە، بەشەریش تێکەڵەیەکە لە بوغزو کینەو ڤیان و خۆشەویستی و شەڕ و ئاشتی... ڕەنگە گەشترین نموونەی دۆستایەتی، دۆستایەتی نێوان ئەخیل و پاتروکلۆس بێ، کاتێ پاترۆکلۆس دەکوژرێ، ئەخیل یەجگار خەمین و خەمبار دەبێت، بەڵام هەر بە خەمبارییەوە ناوەستێ، بەڵکو زۆر شێتانە تۆڵەی هاوڕێکەی دەکاتەوە، هەر بەوەش داناسەکنێ کە بکوژی هاوڕێکەی بکوژێتەوە، بەڵکو هەر کاتێ خەم دایدەگرێو هاوڕێکەی بیر دەکەوێتەوە، جەنازەی بکوژەکەی دەخاتە دوای عەرەبانەکەی و بە عاردیدا ڕایدەکێشێت و بە دەوری قەبرەکەی (پاتروکلۆس)دا دەیگێڕێ. بە هەرحاڵ ئەوەش چاری خەمی دڵی ناکات، تەنیا مەرگ فریای دەکەوێت و لە خەمی ڕەها دەکات و دەحەوێتەوە.

هەروەها هۆمیرۆس، بە شێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ بنەماکانی دۆستایەتی نێوان دوو کەس دەکات. سەبارەت بە ئەخیل و پاتروکلۆس دەبینین هەموو هیواو ئاوات و خۆزیاکانیان چوون یەکە، داخوازییەکانیان لە ژیاندا وەکو یەکە. لە یەکدی حاڵی دەبن، متمانەی تەواویان بە یەکترە. ئامادەن لە پێناوی یەکدیدا خۆ بەخت بکەن. ئەوەتا پاتروکلۆس خۆی لە پێناوی ناوبانگی ئەخیلدا بەخت دەکات. چونکە دوورە پەرێزی ئەخیل لە شەڕ دەبێتە مایەی شکستی سوپای گریك، بەڵام ئەو دوورە پەرێزییە، جۆرە نارەزاییەك بوو دژی ئەو سوکایەتییەی ئاگامەمنون بە ئەخیلی کردبوو. بۆیە بەشداری پاتروکلۆس لە

شەڕدا، بە چەکی ئەخیل و بە جەنگاوەرانی ئەخیل، سوپای گریکەکانی کڕییەوەو هەستاندەوە لە لایەکەوەو گیانی ناڕەزایەتی (ئەخیل)یشی ڕازی کرد... دیارە پەیوەندی نێوان (کلاوکوس و سار پیدون) لە بەرەی تەروادەییەکاندا نموونەیەکی دیکەی دۆستایەتییە...

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەر کەسێك ئەرکی دۆستایەتی ئەنجام نەدات ناشێت بە قارەمانی ڕاستەقینە بزانرێ.. دیارە هۆمیرۆس لە مەسەلەی دۆستایەتیو ڤیاندا، خۆشەویستی نێوان پیاو و ژنیشی فەرامۆش نەکردووە، ئەو خۆشەویستییە لە ڕوانگەی هۆمیرۆسەوە دوو جۆرە، خۆشەویستییەکی نا بەجێ و سەرڤە سەرڤەی ڕەوتەنی. کە لە هەلومەرجێکی ناڕەواو نا شەریفدا چێ دەبێت، خۆشەویستییەکی خاڵیسە و پەسند و حەڵاڵ و زوڵاڵی زادەی ڤیان و دڵسۆزی نێوان ژن و مێرد... خۆشەویستی بازاڕی و ڕەوتەنی، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ماشوق و لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، نموونەی ئەمەش، خۆشەویستی پاریس و هیلینە... هەر چەندە هۆمیرۆس نەهاتووە هیلین وەکو ژنێکی خەتاکارو سووك و بازاڕی نیشان بدات، بەڵام وای لێ کردووە بۆ بەختی ڕەشی خۆی دەگری و پەشیمانە لەو ژیانەی کە تێی کەوتووە. هەروەها (پاریس)یش لە ئیلیادەدا ئەو خۆشەویستە نییە، بەڵکو زۆر جار لە لایەن هیکتۆری برایەوە سەر کۆنە دەکرێت و بەوە تاوانباری دەکات کە دەورێکی پیاوانە لە شەڕەکەدا نابینێ. نموونەی خۆشەویستی پاك و بێگەرد، خۆشەویستی نێوان هیکتۆرو ئەندروماکە.. هەردووکیان تا ڕادەی پەرستن یەکتریان خۆشدەوێ و ڕێزو حورمەتی یەکدی دەگرن..

هۆمیرۆس هاتووە لە سروودی شەشەمدا، چەند وشەیەکی کەمی خستۆتە سەر زاری ئەندروماك و ڕادەی خۆشەویستی و دڵسۆزی ئەندروماکی بۆ هیکتۆر نیشان داوە کە دەڵێت: ئەی هیکتۆر تۆ بۆ من هەموو شتێکی، بابی میهرەبان، دایکی جوان، برای دڵسۆز، و مێردی ئازاو سەنگینی... هیکتۆریش هەر چەندە لە پێناوی تەروادەو خەڵکی

تەروادەدا دەخەبتیٚ، بەڵام هەندێجار ئەوەش دەردەبڕیٚ کە ئەندروماك بە تەنیٚ هاوتای هەموو تەروادە و خەڵکی تەروادەیە بۆ ئەو...

بەو جۆرە دەبینین لە دنیای ئیلیادەو ئۆدیسەدا شان بەشانی شەڕو دوژمنایەتی و کوشتار، دۆستایەتی و خۆشەویستی و ڤیانیش هەیە. خۆشەویستی ڕەگەزو تۆخمێکی هەرە سەرەکییە لە ژیانی مرۆڤدا... ڕەفتاری نەرم و نیان دەکات، باری مەینەتییەکانی لەسەر شان سووك دەکات. لە توندو تیژی دوور دەخاتەوەو پتر بەلای بونیادنانی ژیاندا دەڕوات تا وێرانکردنی. چونکە تەنیا خۆشەویستی ژیان لە دڵی بەشەردا شیرین دەکات.

(٩)

خوێنەر لەم داستانە نەمرەدا تووشی شێوازێك دەبێت ڕەنگە جیاواز بیٚ لە هەموو ئەو شێوازە ئەدەبیانەی لە کارێن ئەدەبی دیکەدا تووشی بووە، لە شێوازی ئیلیادەدا دووبارە کردنەوەیەکی زۆر، دەربڕین و دەستەواژەی ناساز، هزرینی سادەو سەرەتایی، هەڵبەتە پڕ بە پێستی ئەقلییەتی باوی سەردەمی هۆمیرۆس بەدی دەکرێت، هزرێن و ئەقلییەتێك کە حەقیقەت و خورافات، واقیع و خەیاڵ ئاوێتە دەکات، خواوەند لە شێوەی بەشەردا وێنە دەگرێت، خواوەندان زەماوەند لەگەڵ بەشەران دەکەن، بەشەران یەزدانخانمان دەخوازن، قارەمانانی داستانەکە هەندێکیان منداڵی بەشەری و هەندێکیان منداڵی ئاسمانی و خواییان لیٚ دەکەوێتەوە!...

هەندیٚ نموونەی ئەم دەستەواژە سەیرو ناسازانە کە لە زۆربەی لاپەڕەکانی ئیلیادەدا دووبارە دەبێتەوە، دەستەواژەی (ئەخیلی لەزگین، یان گورج و خۆشڕۆ، ئەپۆلۆی دوور ئەنگێوە، گریکانی سەراپا چەکدار، هیرای باسك سپی، ئاخیانی چەك برونزین.. زیوسی هەورەوان، پۆسیدونی زەوی هەژێن... هتد)

ئیلیادە، بۆ ماوەی نزیکەی پێنج سەدە، داستانێکی زارەکی بووەو شایەران بە گیتارو گۆرانییەوە گوتویانەتەوەو دەماو دەم هاتووەو لە وەیشومەی ڕۆژگار پارێزراوە، تا لە

سەدەی پێنجەمی پ.ز (پێش زایین) بیزیستراتوس لیژنەیەکی تایبەتی بۆ تۆمارکردنی پێك هێناو لیژنەی ناوبراو دوای گەڕان و پشکنێکی ورد، بە ئەمانەتێکی زۆرەوە تۆماری کردو لە ئاهەنگێکی نیشتمانی گەورەدا، بە دەنگ و ئاوازەوە خوێنرایەوەو ئیدی بوو بەم ئیلیادەیەی کە ئەمڕۆکە بە هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان هەیەو تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ دەخوێنرێتەوەو ئیلهامبەخشی دەیان و سەدان شاکاری ئەدەبی جیهانییە.

گوتمان قارەمانان و کاراکتەرانی ئیلیادە، تێکەڵەیەکە لە بەشەرو خواوەندان. لە بەشەرەکان: پاریس و هیکتۆر، کوڕانی شای تەروادە... مینیلاوسی دوژمنیان، شای سپارتە، ئاگامەمنونی برای مینیلاوس، کە سەرداری سوپاکەی بوو... لە خوداوەندەکانیش: زیوس، سەردارو گەورەی خواوەندان، ئەتینا، کیژی زیوس.. ئەوجا ئەخیل، دیارترین قارەمانی سوپای ئاگامەمنون و هیلین، هاوسەری شای سپارتە، کە شەڕی تەروادە لەسەر ئەو هەڵگیرسا... جا ئێستا و بەر لەوەی بکەوینە خوێندنەوەی دەقەکەی هۆمیرۆس با بەسەر چڵی گەشتێکی بلەز بە جیهانی ئەفسانەیی ئەو قارەمانانەدا بکەین و بە سەرکێشییەکانی ئەوان چ لە بواری ڤیان و خۆشەویستی و چ لە بواری شەڕو کاولکاریدا، ئاشنا ببین.

پوسیدون، خواوەندی دەریا، پەرییەکی دەبێت بە ناوی (تیتیس)، (زیوس)ی سەردارو گەورەی خواوەندان دەیبینێ و دڵبەندی دەبێت.. لێ لە قەدەرو غەیبەوە ئەوە دەزانێ کە ئەم پەرییە کوڕێکی دەبێت زۆر لە بابی خۆی گەورەتر دەبێت.. ئیدی زیوس لەترسی پایەو شوێنەکەی خۆی ناوێرێ توخنی تیتیس بکەوێ!... ئیدی بڕیار دەدات دەستبەرداری بێ و نایخاتە ڕیزی ماشوقەکانی خۆیەوە... بەڵکو دەیدات بە پاشای شارێکی دراوسێ.. بەڵام شایی و زەماوەندێکی یەجگار گەورە و بە ڕەونەقی بۆ ساز دەدا، زیوس بە خۆیشی بەشداری ئاهەنگی زەماوەندەکە دەکات، هیرای ژنیشی دەگەڵ خۆدا دەبات، هیرا خواوەندی کاری خێرێیە (ژن و ژنخوازی)... خواوەندانی دیکەی (ئۆلەمپ)یش بەشداری دەکەن...

خواوەندی دەریا، بابی بوکێ، بە ئانقەست یەزدانخانمی فیتنە و دووبەرەکی بۆ زەماوەندی کیژەکەی دەعوەت ناکات، بەڵام ئەو نێرەنگبازە خۆی دەگەیەنێتە زەماوەندەکە، بەڵام لە هەرەمەی ئاهەنگەکەدا، سێوێکی زێڕ هەڵدەداتە ناوەندی ئاهەنگ گێڕان، کە لە سەری نووسراوە: ئەمە دیارییە بۆ جوانترین مێوینەی ناو ئەم زەماوەندە!.. سێ کەس لەسەر سێوەکە لێیان دەبێ بە کێشە: هیرا، خواوەندی کاری خێرێ، ئەتینای کیژی، خواوەندی هۆشمەندی و ژیری، ئەوجا ئەفرۆدێت، خواوەندی ڤیان و خۆشەویستی. هەر یەکێك لەوانە خۆی بە شایستەتر دەزانێ و پێی وایە دەبێ سێوەکە بۆ ئەو بێ!... هەر یەکێك لە یەزدانخانمەکان دەکەونە بەرەیەك و موریدانی خۆیان لێ خڕ دەبێتەوە، زۆری نامێنێ شایی ببێ بە شین و مەیدانی شەڕێ! ئەوە بوو ئامادە بووان پێشنیازیان کرد ئەم شەرعە ببرێتە دەف شوانکارەیەکی قۆزو جوان، ناوی پاریسە، لەو نزیکانە و لە بناری چیای ئیدادا خەریکی لەوەڕاندنی پەزەکانییەتی.

ڕاستە پاریس بە شوانکارەیی دەژیا و شوان بوو، بەڵام کوڕی گەورەترین شاو شابانۆی ئەو دەورو زەمانە بوو، کوڕی پریام و هیکۆبای شاو شابانۆی تەروادە بوو!.. کاتی خۆی کە منداڵ دەبێ، فاڵچییەك پێشبینی ئەوە دەکات کە دەبێتە مایەی وێرانی وڵاتەکەی، ئیدی داك و بابی، لێ دەبڕێن لە پێناوی تەروادەدا پێ لە جگەرگۆشەکەیان بنەن، لە قەد پاڵی چیای لیموتدا فڕێی دەدەن... بەڵام تەگبیر لەگەڵ تەقدیرا تێك ناکاتەوەو شوانکارەیەکی هەژاری بێنەوا دەیدۆزێتەوەو هەڵیدەگرێتەوە، دەیکات بە کوڕی خۆی و بەخێوی دەکات!... پاریس گەورە دەبێ، هێندە قۆزو جوان دەبێ، هەر هەموو پەریانی دەریاو ئافرەتانی شوان، دڵبەندی دەبن.. بەڵام پاریس حەز لە پەرییەك دەکات بە نێوی (ئوینون)، هەردووکیان زۆر بە خۆشی لە بناری چیای ئیدادا ڕادەبوێرن...

ڕۆژێك هەر سێ یەزدانخانم، کە لەسەر سێوەکە کێشەیان بوو، دێنە لای، سێوەکەی دەخەنە بەردەست و داوای لێ دەکەن بە عەدالەت شەرعیان بکات و سێوەکە بدات بەو کەسەی شایستەیەتی... ئەوجا یەزدانخانمەکان بێ هیچ شەرم و شکۆیەك کەوتنە هەوڵی

ئەوەی تەماحی بخەنە بەرو هەر کەسەو بەلای خۆیدا ڕایکێشێت تا سێوەکە بدات بەو، ئەوە بوو هیرا بەڵێنی دایە کە دەسەڵات و دەوڵەمەندی دەداتێ.. ئەتینا بەڵێنی شۆرەت و ناوبانگی جەنگی دایە... لێ ئەفرۆدێت بەڵێنی دایە کە جوانترین ژنی سەر ڕووی زەوی بکات بە هاوسەری... ئەوە بوو تەماحی ژن گرتی و سێوە زێڕینەکەی (سێوی جوانی) دا بە خواوەندی ڤیانو ئاشقێنی.

لەو سەرو بەندو ڕۆژگارەدا شای سپارتە ژنێکی دەبێ بە ناوی (لیدا)، زیوس، سەردارو گەورەی خواوەندان تەماحی تێ دەکات، ئیلاقەی دەکات، کیژو کوڕێکی ئاسمانی لێ دەخاتەوە، کچ و کوڕێکی بەشەریشی لە مێردەکەی خۆی دەبێت... وەختێ ئەم چوارە گەورە بوون کیژە بەشەرییەکە شوو بە ئاگامەمنون، پاشای (مسینا) دەکات و دەبێتە مایەی کارەساتێن گەورە بۆ مێردەکەی.. بەڵام کیژە ئاسمانییەکە (خواییەکە) کە(هیلین)ی ناو دەبێت، مینیلاوس، برای ئاگامەمنون دەیخوازێت و لە هەمان کاتدا دەبێ بە میراتگری عەرشی سپارتە، واتە لە یەك کاتدا هەم دەبێ بە خودانی دەسەڵات و هەم ژنی جوان!

ئیدی پاشای سپارتە کە پیاوێکی پیری دنیادیدە دەبێت، هەست دەکات کە مێردی هیلین، کە جوانترین ژنی سەر ڕووی زەمین دەبێت، بەهۆی ئەو هەموو جوانییەی ژنەکەیەوە، حەسوودی پێ دەبرێت و تووشی گێچەڵ و کێشە دەبێت... بۆیە بەر لەوەی هیلین بدات بەشوو، هەر هەموو ئاشقانی هیلین کۆ دەکاتەوەو پێشنیاز دەکات، کە هەر هەموویان سوێندی گەورە بخۆن و لە قسەی ئەم دەرنەچن، سوێند بخۆن کە ئەگەر هیلین بە نسیبی هەر کەسێکیان بوو، ئەوانی دی بە هیچ جۆرێ شەڕی پێ نەفرۆشن، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئەگەر ئاشقێکی حەسودیش ڕفاندی و هەڵیگرت ئەوا هەمووان بە گوێرەی ئەم سوێندە بچنە هیمدادی و ژنەکەی بۆ وەربگرنەوە!.. وەکو دیارە هەر ئەمەش مایەی هەڵگیرسانی شەڕی تەروادە بوو!.

ئەوە بوو هیلین شووی بە مینیلاوس کرد، کە بوو بە پاشای سپارتە، ئەم ژن و مێردە ساڵانێکیان بە خۆشی ڕابوارد... ڕۆژێك میرێکی گەنج لە میرانی تەروادە دەبێ بە

میوانیان... تومەز ئەم میرە (پارس)ە کەی لەمەڕ خۆمان دەبێ، ئەوەی کە سێوەکەی (سێوی جوانی) دابوو بە ئەفرۆدێت، کە بەڵێنی جوانترین ژنی سەر ڕووی زەمینی دابویە.. ئافرۆدێت، بۆ ئەوەی قسەی خۆی بەرێتە سەر، پێی دەڵێ کە بگەڕێتەوە بۆ کۆشکەکەی بابی لە تەروادە و خۆی پێ بناسێنێ و چەند کەشتییەکی لێ وەربگرێ تا سەفەری دەریایی بەرەو یۆنان بکات، کە هیلینی جوانترین ژنی سەر ڕووی زەوی لەوێندەر نیشتەجێیە.. بۆ نەگبەتی، ئەو ژنە جوانەی کە ئافرۆدێت بەڵێنی دابوو، بە مێرد بوو!.. بەڵام خۆ یەزدانخانمێك ناچێت بۆ تەگەرەیەکی ئەوها بچوك خۆی بە درۆ بخاتەوە!.. ئیدی بەو جۆرە میری تۆلاز، پاریس، بە هاندانی خواوەندی ڤیان و ئاشقێنی، لە دەرفەتێکدا کە مینیلاوس لە کۆش و سەراکەی نابێ، حیزفرسەتانە ژنەکەی هیلین بۆ تەروادە دەڕفێنێو ڕەدووی دەخات!.

هەڵبەتە ئەمە خیانەتێکی نامەردانە بوو، چونکە خانەخوێیەکەی زۆر بە گەرمی میوانداریيەکی شایستەو بەشکۆی کردبوو، زۆری حورمەت و ڕێزگرتبوو!.. کاتێ لە سەفەرەکەی دەگەڕێتەوە، بە هەواڵی هەڵاتنی ژنەکەی دەزانێ، خێرا تەتەران بەڕێ دەکات بۆ لای هەموو کۆنە ئاشقان و خوازبێنیکەرانی هیلین و سوێندەکانیان بیردەخاتەوە کە چۆن دەبێ لەم حاڵەتەدا بەهانایەوە بێن و بەرگری لێ بکەن!.. هەموو بەلەز لێی خڕبوونەوە... دەم سپی و ڕدێن سپی و شیرەتکارانی خێڵو عێلان کۆکرانەوە، تا ڕاو تەگبیری خۆیان لەمەڕ ئاکام و ئاقیبەتی ئەم شەڕە دەربڕن کە لەو کێشەیە دەکەوێتەوە... ئیدی هەموو بەیەك دەنگ بڕیار دەدەن کە ئاگامەمنون، مێردی خوشکی هیلین و برای مێردی هیلین، واتە مینیلاوس بکرێ بە سەرداریان، لەو شەڕەدا کە لە ڕێیانە... بەڵام یەکێك لە ئامادەبووان، کە (ئودیسیوس)ی بەردەبارو ئاقڵ، پاشای هەرێمێکی دراوسێیان دەبێ، پێشنیاز دەکات، کە (ئەخیل)ی قارەمان و نەبەزیش لە بیر نەکرێو بهێنرێتە ڕیزەوە، ئەخیل کوڕی ئەو پەرییە بوو کە پێشتر باسی زەماوەندەکەیمان کرد..

ئەخیل ئەو کەسە بوو، کە بەپێی قەدەر و چارەنووس لە بابی گەورەتر دەبوو!.. جا ئەخیل لە زۆر ئەفسانانداندا ناوی هاتووەو ڕەنگە گەورەترین کاراکتەری چیرۆکانی خەیاڵی بێ. بەپێی ئەفسانان، کاتێ قەدەر لە زەماوەندی داك و بابیدا ئامادە دەبێت، پێشبینی ئەوەیان بۆ دەکات کە کوڕێکیان دەبێت شەڕی تەروادە دەکات، کوڕانی تەروادەیی بە زەبری ڕم و شیری ئەو دەکوژرێن، وەکو گەڵای دار لەبەر هێرش و پەلاماری ئەودا هەڵدەوەرن!.. حەسارو قەڵای شاری تەروادە لەبەر هێرشی ئەودا خۆ ناگرن و شار دەگیرێت، بەڵام لە ئەنجامدا لە بن حەسارو دیوارەکانی تەروادەدا دەکوژرێت و گیانی لەدەست دەدات.

ئەم پێشبینییە لە هزرو بیری پەری خانم، تازە بووکدا، (تیتیس) هەر مایەوە. کە ئەخیلی بوو، لە خەمی ئەوەدا بوو چۆن جگەر گۆشەکەی لە قەدەران بپارێزێ و نەمری بۆ مسۆگەر بکات.. کە هەفتەی چوو، بردی بۆ ڕوباری پیرۆزی (ستیکس)، تا لە ئاوی ڕوباری هەڵکێشێ، چونکە هەر بەدەنێك لەو ئاوەی بەربکەوێ ئیدی نەمر دەبێت و بۆ هەتا هەتایە لە مەرگ دەخەلەسێت!.. لەوێ، لە پشتەوە هەردوو پێی منداڵەکەی گرت و لە ئاوەکەی هەڵکێشا... ئیدی بەدەنی مەناعەی دژی هەر جۆرە فەوتانێك پەیدا کرد... تەنیا پاژنەی پێی نەبێ کە بە دەستی دایکییەوە بوو، هەروەها ئاوی ڕوبارەکە تەڕی نەکرد، واتە ئەگەر مەرگ زەفەری لێ بێنێ، تەنیا لە پاژنەی پێیەوە لێی دێنێ.

کاتێ منداڵە، پارچەڵە بوو، لەسەر دەستی یەکێك لە زەبەلاحەکان مەشقی شەڕو کوشتار دەکاتو مۆخی بە قووەتترین شیری دڕندەی دەرخوارد دەدرێت!.. بەڵام دایکی هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەبێت و هەر چاوەڕوانی هەڵگیرسانی شەڕی تەروادە دەکات، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەقەومێ و سەری کوڕەکەی، ئەخیل دەخوات!.. لە ئەنجامی ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە، جلی ژنانەی لەبەر دەکات و بەگەڵ کارەکەران و کەنیزەکانی دەرباری پاشایەتی دەخات!.. بەڵام ئەم فێڵە بەسەر شا (ئودیسیوس)ی بەردەبارو زەین تیژدا تێ ناپەڕێ.. ئەویش خۆی دەکات بە چەرچی و شتەکانی، لە بازنگ و مووچەوانە و گوارە، کە خەنجەرو شمشێرێکیشیان بە فێڵ بەگەڵ دەخات، دەخاتە بەر دەستی کارەکەرو کەنیزەکان... بەڵام

ئەخیلی لاو، کە خۆی گۆڕیوەو جلی ژنانی لەبەرە، هەر کە چاوی بەخەنجەرو شمشێرەکە دەکەوێ، ڕەفتارێکی وەها دەکات، ئەوە دەردەخات کە شارەزای هونەرێن جەنگییە! بەو جۆرە کەشف دەبێ، ئۆدیسیوس لەگەڵ خۆیدا دەیبات تا بەشداری شەڕی تەروادە بکات، تا هیلین، شابانۆی ئەسپارتە وەربگرنەوەو تۆڵە لەوانە بکەنەوە کە ڕفاندوویانە!.

بەو جۆرە سوپای گریك بە ڕابەرایەتی ئاگامەمنون سازو تەیار بوو، بە دەریادا بەرەو کەنارێن ئاسیای بچوك — کە شاری تەروادە کەوتووەتە ئەوێندەرەوە- وەڕێ بکەوێ و شەوکەتی شاری تەروادە بشکێنێ... بەڵام لەو دەمەدا کە ئەمان دەیانەوێ بکەونە ڕێ، دەیکات بە گێژەڵۆکەو باهۆزێکی ئەوتۆ نەتوانن لەجێی خۆ بجولێن.. گێژەڵۆکەو باهۆز هەر نەبڕایەوە، ئیدی ناچار بوون بچنە دەڤ غەیبزان و پێشگۆیان تا تەگبیرێکیان بۆ بکات و ڕێنوێنییان بکات کە چ بکەن تا خواوەندان ڕازی بکەن و ئەم غەزەبەیان لەسەر لابچێ!.. کابرای لێزان پێیان ڕادەگەیەنێ کە هیچ چارێکیان نییە، تەنیا ئەوە نەبێ کیژە گەورەکەی ئاگامەمنون لەسەر سەکۆی قوربانی، لە پێناوی نیشتماندا بکەنە قوربانی! ئەمە حوکمی قەدەرەو لە ئەرزی نادرێ، بۆیە بابی کلۆڵ ناچار دەنێرێ بە شوێن ژنەکەیدا کە لەگەڵ کیژەکەیدا بێت بۆ ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری، بەبێ ئەوەی پێی بڵێ بۆچی بێت!..

کچ و دایك هاتن... کیژێ دەزگیرانی قارەمانی گەنج، ئەخیل بوو، کاتێ بە فتوای لێزانەکەی زانیبوو، بێهودە هەوڵی دابوو دەزگیرانەکەی لەو چارەنووسە دڵتەزێنە ڕزگار بکات.. بەڵام خەڵکەکە لێی هاتنە دەم و نزیکترین دۆستانی خۆی بە خیانەتی نیشتمانی تاوانباریان کرد!.. خەریك بوو شەڕێکی دژواریان لە نێواندا بقەومێ.. لێ کیژە فریاکەوت و کێشەکەی یەکلاکردەوەو هاواری لە دایکی کرد: ((دایکە، من بیرم لە کارەکە کردووەتەوە، بڕیاری خۆم داوە، بە دڵ و بە گیان، بە خوایشتی خۆم بەرەو پیری مەرگ دەچم، هەموو ترسێکم لە دڵی خۆدا سڕیوەتەوە! ترسم لە دڵی خۆدا نەهێشتووەتەوە... خواوەندان ژیانی منیان گەرەکە.. داوای خواوەندان ڕەت دەکرێتەوە؟!... کەواتە ژیانی من با فیدای نیشتمانەکەم بێ... هەڕنەپێش بەرەو گرتنی تەروادە...)) بەو جۆرە کیژی ئاگامەمنون

بەرەو پیری مەرگ دەچێت... ئیدی ڕەوت و ئاڕاستەی گێژەڵۆکە و باهۆزەکە دەگۆڕێت، هەزار کەشتی، بە سەرنشینانی گریکییەوە، بە ناو ئاوی ڕەشباوی بادە ئاساوە، بەرەو شەڕی تەروادە دەکەونە ڕێ‌و جەنگە بەناوبانگەکەی تەروادە دەست پێ دەکات!.

(١٠)

یەکێك لە لایەنە هەرە جوان‌و هونەرییەکانی ئیلیادە، بێلایەنی مامەڵەی شاعیرە دەگەڵ بابەتەکەیدا.. بەسەرهەڵدانی ئیلیادە، ڕەگەزی بێلایەنی نۆڕینی شاعیر بۆ مرۆڤ و ژیانی بەشەر، بە تەواوەتی و بۆ هەمیشە وەکو بنەمایەکی هونەری چەسپی... هەر شیعرێك ئەو ڕەگەزەی (بێلایەنی شاعیر) تیا نەبێت، لە شیعرییەت دەکەوێت‌و دەبێ بە ئامرازێکی سواو بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستێکی میناکی: بانگەشە، سەرگەرمی، یان فێرکاری... بەڵام ئەگەر ئەو ڕەگەزەی تیابێ. توانایەکی وەها پەیدا دەکات کە سنووری ڕۆژگاران ببڕێ و بگاتە هەموو شوێن و کاتێك و بە زمانی هونەر سەر لەبەری تیرەی بەشەر بدوێنێ و ئۆخژن بە ناخ و ڕۆحی ببەخشێت، وەکو چۆن ئەمە لە ئیلیادەو ئۆدیسەدا خۆیایە.

بە هەرحاڵ، ئیلیادە لە زمانی ئەسڵی خۆیدا، بە شیعر هۆنراوەتەوە، شیعریش بوونەوەرو ئافەریدەیەکی هونەری گەلەك تایبەتەو ڕەنگە خەڵکانێکی پسپۆڕو شارەزای بواری شیعر هەبن پێیان وابێ کە وەرگێڕانی شیعر، بە شیعر مەحاڵ بێ، یان ئەگەر مەحاڵیش نەبێ، یەجگار سەخت و ئەستەمە و کوڕم گەرەکە کە زات بکات و خۆی لە قەرەی بدات، جا لە وەرگێڕانی شیعردا، وەرگێڕ چەند زەبەردەست و تەنانەت شاعیریش بێ، وەرگێڕانەکەی چوون دەقە ئەسڵییەکە دەرناچێت، وەکو چۆن جمکانەیەك چەندیش لێکدی بچن، هەر فەرقێکیان هەیە، ئەسڵی دەقیش لەگەڵ وەرگێڕانەکەیدا ئاوایە.

هەڵبەتە ئیلیادە بۆ سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا وەرگێڕراوەو تا ئێستاش بەردەوامە، ئەدیب و نووسەرانێکی زۆری گێتی خۆیان تێدا تاقیکردۆتەوە، بەڵام زۆربەی

هەرە زۆری وەرگێڕانەکان بە پەخشانە نەك شیعر. ڕەنگە هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو باری سەرنجەی لەسەرێڕا ئاماژەمان بۆ کرد... بە هەرحاڵ وەرگێڕانی باشی ئەم جووتە داستانە زۆرن، بەڵام هیچ وەرگێڕانێك کامڵ و لە کەم و کوڕی بەدەر نییە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا شکۆو جادووی ئیلیادە هەر دیارە.

هەڵبەتە پێتڤیە ئەوەش بگوترێ هۆمیرۆس ئەم شیعرانەی بۆیە هۆنیوەتەوە، بە دەنگ‌و ئاواز و مۆسیقاوە بگێڕرێتەوە، بۆیە هەندێ دەستەواژەو ڕستەو پەرەگرافان، بە زەقی و لە زۆر شوێنی جووتە داستانی ئیلیادەو ئۆدیسەدا بەدی دەکرێن، هەروەها هەندێ بۆشایی و دژبێژیش لێرەو لەوێ بەدی دەکرێن، کە هەر هەمووی زادەو بەرەنجامی ئەو واقیعی زارەکییەتەی داستانەکانە، ڕەنگە خوێنەری تازە ئەوانە بە عەیب و خەوشێك بزانێ کە لە پایەی ئیلیادەو ئۆدیسە کەم بکەنەوە. بەڵام دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە بە پێوەری ئەمڕۆکە، دەقی شاکارێکی ئەدەبی، بەر لە نزیکەی سی سەدە، نایەتە هەڵسەنگاندن.. بە هەرحاڵ ئیلیادە و ئۆدیسە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش ئەفسونی خۆیان لەدەست نەداوەو خوێنەرێکی یەجگار فرەیان هەس، ئیلهامبەخشی زۆربەی شاکارە تازەکان و ئەدیبە گەورەکانی جیهانە و سیحری ئەم جووتە داستانە لەوەدایە ڕاستەوخۆ مامەڵە لە تەك تیرەی بەشەرو تەبع و تەبیعەتی بەشەردا دەکەن، بەشەریش لە هەر سەردەم و شوێنێکدا هەر بە شەرە.

جا خوێنەری هێژا، ئەم پێشەکییە هەر چییەك و هەر چۆنێك بێ، ئەڵتەرناتیڤی دەقەکە نییە، ناتوانێ هەمان سوودو لەزەتی خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی دەقەکەت بداتێ، بۆیە لەوەی پتر لەسەری ناڕۆم و لە لەزەتی خوێندنەوەی دەقی ئەم داستانە ئەدەبییە نەمرە مەحرومت ناکەم، کە لە ساڵی نۆیەمی گەمارۆی تەروادە لە لایەن ئارگۆسییەکانەوە (گریکەکان) دەست پێ دەکات.....

٢٠٠٨/٩/٢٤

حەمە کەریم عارف، سلێمانی

## تێبینی:

بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

١- هومر، چسپرگریفین، ترجمە: عبدالله کوثري، چاپ اول: ١٣٧٦، مامۆستای ئەدیب جەلال زەنگابادی ئەم سەرچاوەیەی دامێ سوپاسی دەکەم.

٢- هۆمیرۆس، شاعر الالیاد والاودیسا، بقلم الدکتور عبدالمعطي شعراوی، الهیئه المصریه العامه للتالیف والنشر، ١٩٧١.

٣- ئەلیادە و ئۆدیسە، و: شاکیر فەتاح، بەغدا، ١٩٨٣.

٤- فرهنگ اساطیر یونان و رم، ژوئل اسمیت ترجمە: شهلا برادەران خسروشاهی، ١٣٨٣.

٥- اساطیر یونان، ف. ژیران، ترجمە: دکتر ابو القاسم اسماعیل پور، ١٣٨٢.

٦- قهرمانان یونان باستان، ڤیرا سمیرنوڤا، مترجم: روحی ارباب تهران، ١٣٨٢.

٧- الالیادە: هومیروس، ترجمها عن الاصل الیونانی المقارن: امین سلامە.

٨- ایلیاد، شاهکار، هومر، ترجمە: سعید نفیسی، چاپ سوم: ١٣٨٥.

٩- هومیروس، الالیادە، ترجمە حنا عبود، دار الحقائق، ط١، ٢٠٠٧.

١٠- ایلیاد، هومر، ترجمەی میر جلال الدین کزازی، چاپ پینجم ١٣٨٥.

١١- ئەفسانەێن گریکی و رومانی، گریس . ه. کوپف. و: حەمە کەریم عارف کتێبفرۆشی سۆران، چاپی یەکەم: ٢٠٠٤.

١٢- زارۆکستان، پێنج کتێب لە یەك بەرگدا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، و: حەمە کەریم عارف.

## ٣١- پێشەکییەك دەربارەی ئۆدیسە

"١"

ئیلیادەو ئۆدیسە دوو شاکاری داستانی کۆنی یۆنانین ودراونەتە پاڵ شاعیرێکی کۆن و نابینای یۆنانی بە نێوی هۆمیرۆس کە مشتومڕو چەندوچوونێکی یەجگار فرەی دەربارە هەیەو تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش بەردەوامە. بە هەرحاڵ چەندوچوون و بیروباوەڕو بۆچوونەکان چەند زۆرو چەند جیاوازبن، بە تۆزقاڵیش لەو حەقیقەتە ناگۆڕن کە دوو دانە گەوهەری دانسقە بە نێوی (ئیلیادەو ئۆدیسە) گەیوونەتە دەستی خەڵکی ئەم سەردەمەو پەساپۆرتی ئەم گەشتە دوورو درێژەشیان تەنیا هونەرییەتی خۆیان بووە، جا خوای دەکرد لەبنی خاوەنیان نەدەبوو. چونکە ئەوەی بۆ خوێنەر گرینگە دەقی داستانەکانە، وەکو چۆن هەن، نەك هۆنەرو شاعیرەکەیان. بە گوێرەی بۆچوونی شارەزایان ئەم دوو داستانە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ٨٥٠پ.ز..بە هەرحاڵ وەکو دەگوترێ شاعیری ناڤبری سەر بە تیرەی ئیونی بووە، لە سیمیرنا هاتووەتە دنیا، لە شپوس ژیاوە و لە لوس کۆچی دوایی کردووە.

***

وشەی ئیلیادە بە مانای واریقات و سەربهوردو بەسەرهاتی (ئیلوس)ـە. هەڵبەتە دەبێ ئەوە بگوترێ کە جەنگی تەروادە، تەوەرەو تان و پۆی هەردوو داستانەکە پێك دێنێ. ئیلیادە بریتییە لە چیرۆکی تۆران و توڕەبوونی ئەخیل، کە لە پشت چیرۆکی گەمارۆی تەروادەوە دێتە گێڕانەوە. واتە گێڕانەوەی چیرۆکی گەمارۆی تەروادە زیاتر بۆ بەرجەستە کردنی چیرۆکی توڕەبوون و تۆرانەکەی ئەخیلە. ئەخیل کاراکتەرێکی سەرەکییە: گەنجێکی گەڕناس و جوانخاس و بەهێزو توانایە. لە شەڕا بوێرو چاونەترس و کەڵەمێردە. هیچ

جەنگاوەرو شەڕڤانێکی یۆنانی هاوتای ناکاتەوە. بوونی لە مەیدانی شەڕا، بە بێ چەکیش، مایەی نیگەرانی و ترسی تەروادەییەکانە. کەسێکی بە دەم و زمان و قسە زانە. کەسایەتییەکی زۆر کاریگەرو ئیجابییە، عەیبی سەرەکی ئەوەیە کە توندە تەبیعەت و دڵناسك و زوو ڕەنجە، لێ وێڕای ئەوەش سەرپێچی لە فەرمانی خواوەندان ناکات.. بۆ نموونە کە لێ دەبڕێ ئاگامەمنوون بکوژێت، ئەتینا داوای لێ دەکات کاری وا نەکات. ئەویش یەکسەر بە گوێی دەکات و شمشێرەکەی دەخاتەوە کێلان.

***

ئودیسیوسی شا قارەمانی ئودیسەش، کاراکتەرێکی نموونەیی و ئایدیالییە، هەرچەندە لە مرۆڤی ئاساییەوە نزیکە. بە هەمان گەنجی و جوانی ئەخیل نییە، هەمان قۆزی و بەژن و باڵاو جورئەتی ئەدەبی ئەخیلی نییە. بەڵام بە دەم و زمان و قسە زانە، کە دێتە قسە، وشە وەکو نمەباران لە زارییەوە دەبارێت و بە جۆرێ کار لە گوێگران دەکات، کە شێوەو ڕوخساری لە بیر دەکەن. لە گەنگەشەو موناقەشەدا زۆر بە زەین و کارامەو لێزانە. بۆ نموونە کە لەگەڵ نوسیکادا دەدوێ لە تۆ وایە لە جیاتی وشە، گوڵ لە زاری دەبارێت. یان چەند لێزانانە و چەند بە مەعلانی پولیفیمۆس لە خشتە دەبات! پیاوێکی یەجگار زیتەڵ و چەلەنگ و چالاکە، زۆر ئازایە، خۆڕاگرە، پشوو درێژە، لە بەردەم هەر بەڵایەکدا کە خواوەندان بەسەریا دەدەن بە سەبرە.

زۆر زیرەکانە خۆی لە تەنگانەو ئاستەنگ و سەختی و دژوارییان دەپەڕێنێتەوەو دەرباز دەکات. قارەمانێکی یەجگار ئازایە. بەڵام هەندێجار بێباك و خەمساردو کورتبینە کە چاوەڕوانکردنی گەڕانەوەی پۆلیفیمۆس بۆ ئەشەوتەکەی نموونەیەکی ئەو حاڵەتەیە. بەڵام ئەم خاڵە لاوازانەی لێ جوانە.. بە شێوەیەکی گشتی فریوی هیچ ئیغراو تەماحێکی حسی ناخوات و بە درێژایی ساڵانی ئاوارەیی و دەربەدەری هەر بیری لە لای نیشتمانەو بەو هەوایە دەژی کە لە وڵاتی خۆیەوە دێت، بەو یادو یادگارانەوە دەژی کە لەمەڕ زاگەو مەفتەنی خۆی هەیەتی و هەرچەندە ساڵانێکی زۆر دەگەڵ کالیپسودا دەمێنێتەوە، بەڵام

ئەمەی لە ناچارییەو بە خوایشتی خۆی نییە. عەشقی وڵات و کەسوکارو پنلۆپی ژنی بە جۆرێ لە ناخیا ڕیشاژۆ بووە، لە پێناوی گەڕانەوە بۆ وڵات، ژیانی جاویدانی و خوایانە ڕەفز دەکات.

ئیلیادەو ئودیسە، زیاتر تەرخانن بۆ وەسف و باسی بەسەرهات و کارێن قارەمانانەی هەردوو قارەمانی سەرەکی (ئەخیل و ئودیسیوس)، بەڵام شاعیر هەوڵی ئەوەی نەداوە هەموو شتێکیان دەربارە بهۆنێتەوە، بەڵکو بەشێکی دیاریکراوی لە ژیانی هەر یەکێکیان وەرگرتووەو کردوویەتی بە تیمەو بابەتی هەردوو داستانەکە.

لە ئیلیادەدا تووڕەبوونەکەی ئەخیل و ئاکامەکانی ئەو تۆران و تووڕەبوونەی هونەراندووە. لە ئۆدیسەدا گەڕانەوەی ئودیسیوسی بۆ وڵاتی خۆی لە دوای کەوتنی شاری تەروادە، کردووە بە بابەت. کار لە هەردوو داستانەکەدا دیاری کراوە، سەرەتاو کۆتایی خۆی هەیە. ڕووداوە جۆراو جۆرەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی و بە دووی یەکتردا دێن. هەرکارێك بە شێوەیەکی ئاسایی، خۆی بە کاری پاش خۆی دەسپێرێت، واتە یەکێتییەکی ئۆرگانیکی تەواو لە بویەرو کارەکاندا هەیە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە لە ڕووی بونیادو ڕێختمانەوە هیچ عەیبێکیان نییە. بە تایبەتی لە ئیلیادەدا عەیبی پێکهاتەی بونیادی زەق بەدی دەکرێت.

ئەم دوو داستانە کۆنترین داستانن لە مێژووی داستانانی ئەوروپاییدا، بوون بە سەرچاوەو ئیلهام بەخشی کۆمەڵێك داستانانی ئەدەبی، لە سەردەم و قۆناغانی دواتردا. بە تایبەتی ئنیادەی فەرجیل. لێ دەبێ ئەوە بگوترێ کە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو جۆرە داستانەدا هەن. گرینگترینیان ئەوەیە کە داستانی ئەدەبی بۆ خوێنەر نووسراوە، بەڵام داستانەکانی هۆمیرۆس بۆ گوێگر هۆنراونەتەوە، بۆیە تایبەتمەندی زمانی زارەکییان بەسەردا زاڵە.

هەردوو داستانەکە، مەگەر بە دەگمەن، دەنا لە خەسڵەتە گشتییەکاندا هاوبەشن: تیمەو بابەتی ئیلیادە جەنگ و شەڕە، زۆر درامییەو کۆتاییەکی تراجیدی هەیە. ئەفسوونی

ئۆدیسه له ڕیسککاری و ژیانه کۆمەلآیەتییەکەیدایە، کۆتاییەکەی دوو لایەنی هەیە، سەبارەت بە ئودیسیوس، کۆتاییەکی خۆشەو سەبارەت بە خوازگارەکان کۆتاییەکی ناخۆش و کارەساتبارە. ڕیسکەکانی ئودیسیوس ئەفسووناوی و ئەفسوون ئامێزن. ئامادەگی و حوزوری ژنان لە ئودیسەدا زۆر چڕترو زیاترە تا لە ئیلیادەدا. شاعیر لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی نوسیکاوە وێنەیەکی ئاشکرای ئازادی و دەنگ و دەورو شادمانی کیژێکی گەنجی سەردەمی پالەوانییەتی دەخاتە ڕوو. لە کەسایەتی پنلۆپیدا نەك هەر وێنەی هاوسەرێکی دلسۆزو ئەمەکدار دەنوێنێ، بەلکو وێنەی ژنێکی زرینگ و پاك و سەلارو سەنگین و بە وەج و بە نموود نیشان دەدات. لە کەسایەتی ئاریتیدا، ئەو ڕێزو حورمەتە زۆرە وێنە دەگرێت کە لە ژنان دەگیرێت، هەروەها کاریگەریی ژن نیشان دەدات.

ئەوەی مایەی سەرنجە شاعیر بێلایەنانە داستانەکە دەگێڕێتەوە، بەشی هەرە زۆری گێڕانەوەکانی بە کاراکتەرو قارەمانەکان سپاردووە و کەسایەتییەکانی زیاتر لە دیوی دەرەوە وەسف کردووە و دیوی ناوەوەیان پتر لە ڕێگای کردارییانەوە بەرجەستە دەبێت. ئەگەر ویستبێتی ڕووداوێك یان کاراکتەرێك بەرجەستەتر بنوێنێ و کاریگەرتری نیشان بدات، پەنای بردووەتە بەر لێکچوون، لێکچوونەکانی لە جەرگەی ژیان و تەبیعەتەوە هەلبژاردووە: میناکی ستێرانی ئاسمان، زریان، تۆف و کرێوە، شێرودڕندە، دێو و درنج، هەلۆ و دالآشان، شەڕەژنی گەڕەکو بانان، یان کچۆلەیەك کە چمکی داوێنی دایکی گرتبێ.. هەلبەتە ئەم لێکچوونانە تەنیا بە مەبەستی ڕازانەوەی هونەری بەکار نەهێناوە، بەلکو بۆ ئەوەشە کە کاریگەری ڕەوتی داستانەکە زیاتر بکا.

ئاوێتەکردنی کارێن خوایی و مرۆڤانی لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جووتە داستانەیە، ڕەنگە هەندێ کەس پێیان وابێ ئەم دیاردەو تایبەتمەندییە لەزەتی خوێندنەوە لای خوێنەرو گوێگر کەم بکاتەوە، لێ وانییە. خوابانۆو خواوەندەکانی هۆمیرۆس، ڕاستە زۆر زۆر لە مرۆڤ بە تواناترن، ئەوەی بەوان دەکرێت، هەرگیز بە مرۆڤ ناکرێت، بەلام لە ڕووی کەسایەتییەوە زۆر لە بەشەر دەچن. واتا خوابانۆو خواوەندانی هۆمیرۆس، لە سەرانسەری

ئیلیادەو ئۆدیسەدا دێن و دەچن، دەور دەبینن، بەشداری ڕووداوان دەکەن، پشتیوانی ئەم قارەمان و دژایەتی ئەوی تر دەکەن. ڕێنوێنی ئەم دەکەن و سەر لەو دەشێوێنن، تەنانەت هەڵی دەخەڵەتێنن، بەڵام وێڕای ئەوەش کەسایەتی قارەمانەکان ناسڕێنەوەو نابن بە بوکەڵەی بێ وەج و بێ نموود، هەروەها داستانەکە لەزەتە ئیستاتیکییەکەی خۆی لەدەست نادات و خوێنەرو گوهدار لێی تەوەلا نابێت.

"٢"

ئۆدیسە بریتییە لە سەربهوردو بەسەرهاتی ئودیسیوس، کە لە دووی ئەخیل، مەزنترین و بە نێو بانگترین قارەمانی یۆنانە. یەجگار زیرەك و چەلەنگ و چالاك و لێزانە. ئودیسیوس، پاشای ئەفسانەیی ئیتاکایە، کوڕی لایرتیسە، دایکی نێوی ئانتیکلیایە. ئودیسیوس خەڵکی ئیتاکایە، هێشتا بابی لە ژیاندا بوو کە عەرشی پاشایەتی لێ وەرگرت. پنلۆپی کیژی ئیکارۆسی خواست و کوڕێکی لێی بوو بە نێوی تیلیماخۆس. ئودیسیوس بەرلەوەی پنلۆپی بێنێت، یەکێك بوو لە خوازگارانی هیلین. ئەو ژنە جوانەی کە ڕفاندنەکەی بووە مایەی هەڵگیرساندنی شەڕی تەروادە. ئودیسیوس نایەوێ بچێتە شەڕی تەروادەو بۆ ئەو مەبەستە خۆی لە شێتی داوە.

هەوڵەکەی بێهوودە بووەو لە ئەنجامدا بووە بە یەکێك لە قارەمانە هەرە بەناوبانگەکانی ئەو شەڕە. پاش دە ساڵ، بە نەخشەیەکی کاراو زیرەکانە، شاری تەروادە، ئەو قەڵا قایمەی لە بەردەم یۆنانییەکاندا کردەوە: تەگبیری بۆ کرد کە ئەسپە دارینەیەکی گەورە دروست بکەن و بە خۆیان بە فێڵ پاشەکشە بکەن و ئەسپەکە لە مەیداندا بەجێ بێڵن. ئازاترین شەرڤانی یۆنانی خۆیان لە نێو سکی ئەسپە دارینەکەدا مەڵاس دا، لەشکری یۆنان بە درۆ کەوتە پاشەکشە، تەروادەییەکان، کە چاویان بە ئەسپە دارینە کەوت، بە نوقلانەی خێریان زانی، پێیان وابوو شارەکەیان لە وەیشوومەو بەڵایان دەپارێزێ. ئیدی بە خۆشحاڵییەوە وەکو دەسکەوتی شەڕو نیشانەی سەرکەوتن ڕایدەکێشن و دەیگەیەننە ناوشار.

بەو جۆرە شەڕڤانانی یۆنانی بە ئاسانی دەچنە ناو شاری تەروادە. شەوێ کە خەڵکی تەروادە بە خەیاڵی خۆیان، ڕزگاربوون، ئاهەنگی ئازادی شارەکەیان دەگێڕن و سەرقاڵی ئاهەنگ دەبن، شەڕڤانانی یۆنانی دەست بە چەك لە ئەسپەکە دێنە دەرێ و دەرگاوان و پاسەوانەکان دەکوژن. لەشکرەکەیان کە بە فێڵ پاشەکشەی کردبوو، دەگەڕێنەوەو شەبەیخون دەکەنە سەر شاری تەروادەو دەکەونە تالاّن و بڕۆ و قەتلۆعامی خەڵکەکە و وێرانکردن و سووتاندنی شارەکەو ژنەکانیان بەسەر یۆنانییەکاندا دابەش دەکەن. دوای گرتنی تەروادە، ئۆدیسیوس ڕێی گەڕانەوە بۆ ئاخی ئیتاك دەگرێتە بەر و دەشت و دەریایان تەی دەکات، هەروەها ئەم سەفەری گەڕانەوەیە دە دانە ساڵ درێژە دەکێشێت، ئۆدیسیوس، ئاوارەو سەرگەردان، ڕێی دەکەوێتە وڵات و شوێنانی جۆراو جۆر، تووشی ڕەنج و دەردو مەینەتی زۆر دەبێت. ئیدی چیرۆکی ئەم گەڕانەوەیە بووە بە هەوێن و تیمەو بابەتی داستانی ئۆدیسە کە بریتییە لە بیست و هەشت هەزارو هەشت سەد بەیت. ئەم داستانە بەسەر سێ بەشدا دابەش کراوە:

*- تیلیماخۆس (سەفەرەکانی تیلیماخۆس): ئەم بەشە لە سروودی یەکەمەوە تا سروودی چوارەم لە خۆ دەگرێت. تیلیماخۆس بۆ تاقیب و سۆراخی بابی (ئۆدیسیوس) سەفەری ئیلۆس دەکات و دەچێتە نك نەستوور و لەوێ میواندارییەکی گەرم و گوڕو شاهانە دەکرێت. پاشان هەر بە نیازی ئەوەی هەواڵێکی بابی بزانێت دەچێت بۆ لاسیدیمۆن و مینیلاوس دەبینێت.

*-گەڕانەوەی ئۆدیسیوس: ئەم بەشە لە سروودی پێنجەمەوە تا سروودی سیازدەیەم لە خۆ دەگرێت. زیاتر باسی ژیانی ئۆدیسیوسە لە دوورگەکەی لەمەڕ کالیپسو، ئەم خوابانۆیە کە ئاشق و شەیدای ئۆدیسیوس بووە، بۆ ماوەیەکی زۆر لە دوڕگەکەی خۆیدا گلی دەداتەوەو بەڵێنی دەداتێ کە ئەگەر لەوێ وەمێنێ و بیخوازێت کارێکی وەها دەکات کە ژیانی جاویدانی پێ ببەخشێت و هەرگیز پیری بە خۆیەوە نەبینێت، لێ ئۆدیسیوس نایەتە ڕەداو هەر بیری لای نیشتمان و کەسوکارو ژنەکەیەتی و خەیاڵی گەڕانەوە بەری نادات..

سەرەنجام بە هەر هەنجەت و بیانوویەك بێت، خۆی لەوێندەر دەرباز دەکات. بەڵام زریان و تۆفانی ترسناك ڕاپێچی دەکات و خۆی لەسەر زەمین و قەڵەمڕەوی فیاسیاندا دەبینێتەوە. ئودیسیوسی قارەمان لەوێ نوسیکای کیژی شائالسینۆسی فەرمانڕەوای فیاسیان دەبینێت. نوسیکا، ڕێگەی پێ نیشان دەدات و ڕەوانەی لای بابی دەکات و زۆر بە گەرمی پێشوازی لێ دەکات و داوای لێ دەکات سەربهوردی خۆی بۆ بگێڕێتەوە. ئیدی ئودیسیوس گشت بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ شا ئالسینۆس دەگێڕێتەوە.. دوای گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی، فیاسیان بە کەشتی خۆیان، ئودیسیوس بە دەریادا دەبەن تا دەیگەیەننەوە ئیتاك. ئیدی لەوێوە بەشی سێیەمی داستانەکە واتە

* تۆڵە سەندنەوەی ئودیسیوس: دەست پێ دەکات. ئەم بەشە لە سروودی چواردەیەمەوە تا سروودی بیست و چوارەم لە خۆی دەگرێت. ئودیسیوس کە دەگاتەوە ئیتاکا، لە شێوەی پیرە پیاوێکی شڕۆڵەی گەدادا خۆی بەلای یۆمایۆسی بەرەزەوانی خۆیدا دەکات. یۆمایۆس نایناسێتەوە. دوای ماوەیەکی کەم تیلیماخۆسی کوڕی دەبینێت. بەرەبەرە خۆی پێ دەناسێنێت و ئەوسا بە دووقۆڵی و زۆر بە نهێنی تەگبیرو ڕاوێژ دەکەن و نەخشەو پلان دادەنێن کە چۆن تۆڵە لە خوازگارەکان بسەننەوە. ئەو خوازگارانەی کە بە ناهەق و بەوپەڕی گۆساخی و بێ ئەدەبی موڵك وماڵەکەیان بە فیڕۆ دەداو چاوی تەماحیان دەبڕییە هاوسەرە سەلاروسەنگین و جوانەکەی، کە بە درێژایی بیست دانەساڵ هەر بە داوێنپاکی و ئەمەکداری و وەفاداری مابووەوەو خۆی نەدۆڕاندبوو. دیارە ئەتینا، خوابانۆی چاوگەش پشتیوانی ئودیسیوس بوو.

ئیدی ئودیسیوس بە ڕێنوێنی ئەتینا، لە شێوەو هەیئەتی گەدایەکی ڕوتەڵەی شڕۆڵەدا خۆی بە کۆشك و سەراکەی خۆیدا دەکاتەوە، ئیدی ئەو بێگانەیەو خوازگارەکان خاوەن ماڵن، واتە ماڵ لە ماڵخۆ حەرامە. خوازگارەکان زۆری ئازار دەدەن. جنێوی دەدەنێ.. سوکایەتی پێ دەکەن و ئەویش خۆی شێلو ناکات و تەحەمولیان دەکات.. ئیدی پنلۆپ کە گوشاری خوازگارەکان تەنگەتاوی دەکات و زۆری لێ دەکەن کە یەکێك لەو خوازگارانە

هەڵبژێرێت و شووی پێ بکات و بیڕێتەوە، هەڵدەستێ پێشبڕکێیەکیان بۆ دادەنێ، کە هەرکەسێك پێشبڕکێیەکە بەرێتەوە، شوو بەو دەکات و بە گەڵی دەکەوێت و بە ناچاری و بە نابەدڵی ئەم کۆشك و سەرایە، کە زۆر لە دڵیا شیرینە و ماڵی بوکێنییەتی بۆ تیلیماخۆسی کوڕی بەجێدێڵێ.

پێشڕکێیەکە ئەوەیە هەرکەسێك لە خوازگارەکان بتوانێت کەوانەکەی ئودیسیوس بهێنێتە سەرپێ و تیرێك بە کونی دوازدە پاچی بە ڕیز دانراودا ئاودیو بکات، دەبێت بە مێردی پنلۆپی. هەڵبەتە کەس ئەم کارەی پێ ناکرێت. ئەنجام ئودیسیوس کەوانەکە وەردەگرێت و گرەوەکە دەباتەوەو ئەوسا بە یارمەتی کوڕەکەی و یۆمایۆس و نۆکەرە وەفادارەکەی تری، هەموو خوازگارەکان بە سزای خۆیان دەگەیەنێت. ئودیسیوس کە گەڕابووەوە دۆخی جارانی خۆی، خۆی بە پنلۆپی دەناسێنێت و سبەینێ بۆ ئەوەی لە تۆڵەی کەسوکاری کوژراوەکان بحەلەسێت و دووربێت، لە شار وەدەردەکەوێ و دەچێت بۆ دەشت بۆ دیدەنی لایرتیسی بابی. دوژمنان دووی دەکەون و لەوێ هێرشی دەکەنە سەر، لێ دوای چەند سووکە شەڕو پێکدادانێك، خواوەندان دەکەونە بەینەوەو سولحیان دەکەن.

"٣"

ئۆدیسە یەکێکە لەو شاکارە ئەدەبییە هەرە بەرزانەی لە کۆنەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ کاریگەری بەسەر ئەدەبیاتی دنیاوە، بە تایبەتی ئەدەبیاتی ئەورووپاوە هەبووە.. زۆربەی تراجیدیا یۆنانییەکان لە ئۆدیسەوە هەڵێنجراون و سێبەری بەسەر زۆربەی کارەکانی ئیسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یوربیدسەوە دیارە.

شاعیری ڕۆمانی فرجیل، لە داستانی (ئینیادە)دا لەژێر کاریگەری هەردوو داستانی (ئیلیادەو ئۆدیسە)دایە. کار گەیوەتە ڕادەیەك، بەوە تاوانبار دەکرێت کە ئۆدیسەی کۆپی کردووەتەوەو بە شێوازێکی هەندێ جیاواز لە شێوازی هۆمەری دایڕشتووەتەوە.. فینلۆن لە (تیلماك)ەکەی خۆیدا، هەر گەڕانەکەی تیلیماخۆسی لە ئودیسیۆس، وەرگرتووەو تۆزێ

درێژی کردووەتەوەو شاخ و باڵی لێناوە، دەنا وەکو ڕەوتی گشتی داستان، هیچ شتێکی تازەی دانەهێناوە.

لە سەردەمانی تازەشدا، جگە لە تۆلستۆی کەسی تر لاسایی ئیلیادەی نەکردووەتەوە. ئەم کەڵە ئەدیبە هەوڵی داوە بە چاولێکەری ئیلیادە، مامەڵە دەگەڵ (شەڕو ئاشتی)یەکەی خۆیدا، کە بەڕاستی لوتکەیەکی ئەدەبی یەجگار بەرزە بکات، بەلاّم نەیتوانیوە کاراکتەرو قارەمانەکانی بە هەمان نەفەسی هۆمیرۆس بهونەرێنێ و بەرجەستە بکات. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی هەلومەرجە کۆمەلاّیەتی و قۆناغە مێژووییەکان.

دەکرێ بگوترێ ئۆدیسە لە ئیلیادە زیاتر سەرنجی ڕۆماننووسانی ڕۆژگاری تازەی ڕاکێشاوەو بووە بە سەرچاوەی ئیلهام و سەرۆیان.. بۆ نموونە (ئۆلیس)ی جیمس جویس کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە سەرانسەری دنیادا دەنگی دایەوەو جۆرە دابڕان و وەرچەرخانێکی ڕۆمانەوانی دروستکرد، ڕێك لەژێر کاریگەریی ئۆدیسەدایە، بەلاّم جویس نەفەسی ڕۆژگاری خۆی پێ بەخشیوە.. بەوەش ویستوویەتی ئەوەمان پێ بڵێ کە شاکاری وەکو ئۆدیسە لەم ڕۆژگارەدا دووبارە نابێتەوە. ئەگەر دووبارەش ببێتەوە لە قاڵب و ڕێختمان و تیمەو ناوەڕۆکێکی مۆدێرندا دووبارە دەبێتەوە. ئیدی زۆر هەوڵی ڕۆمانەوانی دیکە هەن، گەر لێیان وردببیتەوە دەبینی ئۆدیسە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئیلهام بەخشیان بووە.

بۆ نموونە (موبی دیك)ی هرمان ملفیل یان (پیرەمێردو دەریا)ی هەمینگوای، یان چیرۆکی(چیرۆکی دەریاوانێکی خنکاو)ی گابریل گارسیا مارکیز.. هەڵبەتە هەموو ئەو بەرهەمانە شەقڵی ڕۆژگارو هەلومەرجی کۆمەلاّیەتی و قۆناغی مێژوویی خۆیانیان بەسەردا زاڵە. زەمەن و ڕۆژگار حوکمی خۆی هەیە.. گومان لەوەدا نییە کە ئۆدیسە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش سەرچاوەی ئیلهامی ئەهلی ئەدەب و ئەدیبانی دنیایە. پتر لە سێ هەزار ساڵە بە بەردەوامی دەخوێنرێتەوەو بەگەڵ کاروانی ژیانی تیرەی بەشەر کەوتووەو هاتووە. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هۆمیرۆس توانیویەتی ساتە هەرە زیندووەکانی ژیانی بەشەر وێنە بگرێت و کەڵکەڵەو ئەڵها دەروونی و ڕۆحییەکانی مرۆڤ بهونەرێنێ و بەها بەرزەکانی

میناکی قارەمانییەتی، ئازایەتی، دادپەروەری، عەدالەت، بێگەردی، پاکی و پاکیزەیی و ئەمەکداری ودڵسۆزی و نیشتمانپەروەری لە لای بەشەر شیرین بکات، هەروەها خیانەت و دڵڕەشی و پیلانگێڕی و پیلان لە دڵ و دەروونداندا ڕەش بکات و بیکورهێنێ..

یەکێك لە نیشانەکانی زیندوویەتی ئۆدیسە، وێڕای ئەوەی بە درێژایی ڕۆژگار سەدان پاچڤە کراوە، تا ئەمڕۆش ساڵانە دەیان پاچڤەی تازەی، بە دەیان زمانی زیندووی جیهان لێ دەخرێتە بازاڕەوەو ئەم داستانە هەر تەڕو تازەیەو پیرنابێت و بە نیاز نییە بەم زووانەش مل بۆ پیربوون بدات.

جا خوێنەری بەرکەتی بەندە پێشەکییەکی لەمە درێژترم بۆ ئیلیادە نووسیوە، کە لەوێدا باسی ئۆدیسە کراوەو بۆ کەسێك مەبەستی بێت دەتوانێت بچێتەوە سەری. بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە ئەم پێشەکییە هەرچییەك بێت و هەرچۆنێك بێت، ئەڵتەرناتیفی دەقەکە نییە، ناتوانێت هەمان سوود و لەزەتی ڕاستەوخۆی دەقەکەت بداتێ. بۆیە لەوەی پتر بە تانیا ناڕۆم و لە لەزەتی خوێندنەوەی دەقی ئەم داستانە ئەدەبییە نەمرە مەحرومت ناکەم کە بریتییە لە داستانی گەڕانەوەی ئودیسیوس بۆ زاگەو وڵاتی خۆی کە نۆستالیژاو خۆشەویستیی وڵات لە جوانترین و باڵاترین گوزارشتدا هونەرێنراوە، هیچ تەماحێك، تەنانەت ژیانی جاویدانی و هەرمانیش ناتوانێت قارەمانی داستانەکەمان، ئودیسیوس، لە گەڕانەوە بۆ ئیتاکای زێدو نیشتمانی سارد بکاتەوە، بۆ لای پنلۆپی، هاوسەرە سەلارو سەنگین و پاکیزەو بە سەبرو حەوسەڵەو ئەمەکدارو وەفادارەکەی، بۆ لای تیلیماخۆسی کوڕی کە کون نامێنێت بە دوای بابی بەرزەیدا سەری پێدا نەکات، سارد ناکاتەوە.. ئیدی ئۆدیسە هەر خۆی ئۆدیسەیەو....

**تێبینی:**

بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

*- ئلیادە/هۆمیرۆس/و: حەمەکەریم عارف/دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/چ١/٢٠٠٩.

*- ایلیاد/هومر:مترجم: سعید نفیسی/چاپ سوم١٣٨٥/ناشر/دنیای کتاب.

*- ادیسه. هومر، ترجمەی میر جلال الدین کزازی، نشر مرکز، چاپ: پنجم/١٣٨٥.

*- هومیروس شاعرالالیاده والاودیسا/بقلم: الدکتور عبدالمعطی الشعراوی/الهیئه المصریه العامه للتالیف والنشر/١٩٧١.

*- اساطیر الیونان/د.عماد حاتم/٢٠٠٨/دارالشرق العربی للطباعة والنشر والتوزیع.

*- دلیل القاری الی الادب العالمی. تالیف: لیلیان. هیرلاند/ج.د.بیرسی، ستیرلنج. أ.براون.. ترجمه: محمد الجورا. دارالحقائق/١٩٨٦.

## ٣٢- نووسین لەسەر نووسین

"١"

وەکو چۆن ڕێبازە ئەدەبییەکان یەکتر تەواو دەکەن، ڕێبازە ڕەخنەییەکانیش هەمان شەقڵ و مۆرك وەردەگرن و هەر هەمووی خوێندنەوەی قووڵ و کەشف کردنی ڕاز و ڕەمزەکانی قووڵایی و ناخی دەقن و ڕێگە بۆ خوێنەری ئاسایی خۆش دەکەن کە لایەنە هەمە جۆرەکانی دەق لە چەند گۆشە نیگایەکەوە بدینن و بفامن و حاڵی بن.

هەڵبەتە سەرچاوەی حوکمی ڕەخنەیی دەچێتەوە سەر شیکردنەوەو شیکردنەوەش پرۆسەیەکی ئەقڵییە و هەر دیاردەیەك دەباتەوە سەر بنج و بناوانی هۆکارەکانی ئەو دیاردەیە.. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ڕەخنەگر نایەت ڕاستە و پڕگالی میتۆدێکی پێشوەختە یان ڕێبازێکی پێشوەختە بگرێت بەدەستەوەو هەر دەقێکی هونەری پێ هەڵسەنگێنێ، بەڵکو ڕەخنەگر، کارە هونەرییەکە ورد ورد دەخوێنێتەوەو هەر حاڵەت و دیاردەیەکی ناو دەقەکە دەگەڕێنێتەوە سەر بنج و بناوانی ئەو هۆکارانەی دروستیان کردووە و ئەوجا ڕای خۆی لەسەر دەقە ئەدەبییەکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری دەردەبڕێ. کەواتە ڕەخنە بۆی نییە دەقێکی دیاری کراو لە قاڵبی ڕێبازێك یان ئایدۆلۆجیایەکی دیاری کراو بدات و، ئەگەر پڕ بەو قاڵبە بوو ئەوا دەقێکی چاك و سەرکەوتووە، ئەگەر نا ئەوا دەقێکی خراپە..

جا مادامێکی هەر دەقە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر دەقێکی ڕەخنەیی-ش لە دەقێکی ئەدەبییەوە هەڵدەقوڵێ.. بۆیە دەقە ڕەخنەییەکە تایبەتمەندییەکانی دەقە هونەرییەکە وەردەگرێ و.. کەواتە مەرجی ڕەخنەی هاوچەرخ ئەوەیە کە بەر لە هەرشتێك

دەقە هونەرییەکە بخوێنێتەوەو وردو درشتی بخاتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە، نەك پێشوەختە خۆی بەم ڕێباز یان بەو ڕێچکەوە ببەستێتەوە.. جا گومان لەوەدا نییە ئاستەکانی خوێندنەوەش جیاوازن و هەر ڕەخنەگرە و گۆشە نیگای خۆی هەیە و ئەم گۆشە نیگایانە یارمەتی خوێنەری ئاسایی دەدەن، زیاتر و هونەریانەتر ئاوێتەی دەق ببن و لەزەت لە یەکپارچەیی هونەری دەقەکە ببینن.

کەواتە ڕەخنە، نووسینە دەربارەی نووسین. جا نووسین لەسەر نووسین کارێکی یەجگار قورس و ئەستەمە.. هەرکەسێك بچێتە ژێر باری ئەو کارە دەبێ کەرەستەی تەواوی پێ بێ، زۆر بە وردی و بە شێنەیی لە دەقەکە ڕابمێنێ و بگەڕێتەوە سەر سەرچاوە زانستی و خوێندنەوە هەمەجۆرە کۆن و تازەکانی ئەو بوارە، چونکە ڕەخنەگر نایەت لەبەر خاتری سەرگەرمکردنی خوێنەر بنووسێت، بەڵکو بۆ ئەوە دەنووسێت کە کۆمەکی خوێنەر بکات بۆ ئەوەی بە قووڵی و دروستی لە کارێك یان دەقێکی هونەری حاڵی ببێ و زەوقی ئەستاتێکی لێ وەربگرێ. دیارە لە هەمان کاتدا یارمەتی خودی هونەرمەندەکەش دەدات کە خۆی و هونەرەکەی بناسێت و ڕێگەی دروستی پێشڤەچوون بگرێتە بەر و بەمەش زەمینە بۆ سەرهەڵدان و پەیدابوونی وەچەی نوێ لە بوارە هونەرییە جۆراوجۆرەکان خۆش دەبێ و دەسازێ.

کەواتە ڕەخنەگر دەبێ خۆی بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەو ڕاڤە و شرۆڤەی خودی دەقە ئەدەبییەکە تەرخان بکات و لە خودی دەقەکە دەرنەچێت، چونکە بچووکترین دەرچوون لە دەقەکە و دنیای دەقەکە لە پایە و ڕاستگۆیی ڕەخنەوانی ڕەخنەگر کەم دەکاتەوە، لە ڕەخنەدا هیچ سۆز و سۆزدارییەك جێی نابێتەوە، نە ستایش دەیخوات و نە زەم و زەمکاری، مەسەلەکە شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەو لێکدانەوەی ورد و درشتی دەقێکی دیاریکراو و هەرە تایبەتە.

هەروەها ڕەخنەگر بۆی هەیە سوود لە هەموو ڕێباز و ڕێچکە ڕەخنەییەکان وەربگرێ، چونکە هەموو دەکەنە ئەو کەرەستانەی کە ڕەخنەگر کارە ئەدەبیی و هونەرییەکانی لە

جیاتی خوێنەرانی ئاسایی پێ دەخوێنێتەوە، تاکو ئەو خوێنەرانە ئاسۆ و ڕەهەند و ئاستە نادیارەکانی دەقەکە بەهۆی کاری ڕەخنەگرەکەوە بدینن و بەرە بەرە ئاستێکی ڕۆشنبیری ئەوتۆ بێتە ئاراوە کە پرسیاری گەورە بکرێ، چونکە وەکو دەڵێن پرسیاری تازە و دروست و بەجێ، خۆی لە خۆیدا سەرەتایە بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی هزریی، دیارە پرسیار بۆ وەڵام دەگەڕێ و کۆی وەڵامەکان بە کۆك و ناکۆکیانەوە بزووتنەوەیەکی یەکگرتووی فیکری سەردەمێك پێك دێنن.. کەواتە پرسیای تازەی بە بڕشت و تیژکەرەوەی ئەقڵ و ئاوەز خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی ساغڵەم و دروستی دەسپێکی قۆناغی تازەی هزرو بیرو هونەر و ئەدەب و ڕۆشنبیرییە.

هەڵبەتە ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی گرنگی و هەستیاری ئەرکی ڕەخنەگرە، کە دەبێ دوور لە هەر هەست و سۆزێکی ڕق یان خۆشەویستی، یان زەوقی تایبەتی مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکات و بە بەڵگەی دروست و بەجێ دەقەکە بدوێنێ و موناقەشەی بکات. هەڵبەتە بەم پێودانگە دەقی ئەدەبی پەنجەرەیەك نییە تا لێوەی بڕوانینە دنیای دەرێی دەق، چونکە ئارمانجی ڕەخنە تەنیا خودی دەقەکەیە.. و تاقە سەرچاوەی ڕەسەنی تێگەیشتن لە هەر دەقێك، تەنیا و تەنیا خودی دەقەکەیە وەکو چۆن هەیە، چونکە دەقی ڕەسەن خەڵقەندەیەکی هەرە تایبەتە و پێش بە دەق بوون، بوونی نەبووە و هەرچی ڕەمز و ڕاز و نهێنییەکی ئەستاتیکی و هونەری هەیە، لە خودی دەقەکەدایە وەکو یەکە یەکی یەکپارچەی هونەری، نەك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەق-دا.

"٢"

بێگومان ڕەخنە بریتییە لە خوێندنەوەیەکی هوشیارانەی دەق، خوێندنەوەش خۆی لە خۆیدا چالاکییەکی زەینییە و خوێنەر بە کۆمەکی کۆمەڵە ئامرازێك ئەنجامی دەدات.. کاتێ خوێندنەوە دەبێ بە چالاکییەکی ئەکتیف و بە پیت کە خوێنەر توانای تێگەیشتن و لێکدانەوەو موناقەشەو دواندنی دەقەکەی هەبێ، بتوانێ ئەوەی دەقەکە دەیڵێ یا نیشانی

دەدات قبوڵ، یا ڕەفز بکات. بزانێ گوێ لە دەق بگرێ، پرسیاری لێ بکات، پرسیارەکانی ناو دەقەکە بخوێنێتەوەو وەڵامەکانیان بدۆزێتەوە.. بە کورتی خوێندنەوەی ڕەخنە ئامێز ئەوە دەگەیەنێت کە خوێنەر تەنیا گوێگرێکی سەلار نەبێ و بە ئاسانی تەسلیمی دەقەکە ببێ، بەڵکو دەبێ لە هەمان کاتدا گفتوگۆکارێکی یەجگار بە هۆش و بە ئاوەز بێ، ناسینی ئەو دەقە بەرهەم بێنێ کە ڕەخنەگرانە دەیخوێنێتەوە. کەواتە ڕەخنە بۆیە دەکاتە خوێندنەوە، چونکە پشت بە دەق دەبەستێ و دەق بابەتی هەرە سەرەکی ڕەخنەیە. واتە ڕەخنەو دەق لە کارلێکی تەواودان و لە ئەنجامدا ناسینی دەقیان لێ دەکەوێتەوە. جا بەم پێیە بۆیە ڕەخنە دەکاتە خوێندنەوە، چونکە هیچ دەقێکی ڕەخنەیی بەبێ دەقی خوێنراوە لەدایك نابێت. ڕەخنە تێگەیشتنی دەقی ئەدەبی دەوڵەمەند دەکات.

((٣))

دیارە دەق و ڕەخنە پەیوەندییەکی یەجگار پتەویان بەیەکەوە هەیە و بەو ئەندازەیەیە کە دەق ڕەخنە بەرهەم دێنێ و ڕەخنە دەق دەخوێنێتەوەو لە کەشف کردنی دەقەکەدا دەقییەتی خۆی وەردەگرێت و پەیدا دەکات.. بۆیە پابەندی بە دەقەوە هەوەڵین ئەرکی ڕەخنەیە. پابەندییش دەکاتە شۆڕبوونەوە بەناو دەقەکەدا بە مەبەستی ناسینی هەموو ئەو پێکهاتەو ڕەگەزو بونیادە شاراوەو دیارانەی کە مانای دەقەکەیان لە هەمێز گرتووە.. هەنگێ ڕەخنەگر هەموو ئەو کەناڵانەی بۆ ئاشکرا دەبێت کە ماناو چۆنییەتی پێکهاتنی مانایان پێدا تێپەڕیوە.. کەواتە کاری ڕەخنەیی کارێکی ئەفراندنی شارستانییە و لە ڕووی بایەخەوە هیچی لە کردەی داهێنانی دەقی ئەدەبی کەمتر نییە.. و بۆیە ڕەخنە دەبێ کەرەستەو ئامرازێك بەکار بهێنێ کە بتوانێ مالیجەی دەقە ئەدەبییەکانی پێ بکات و دەرەقەتیان بێت..

بەرهەم و دەقی ئەدەبی ئەمڕۆکە لە ڕووی بابەتەوە زۆر لێکدی نزیکن و ئەوەی هەندێ لێکدی دووریان دەخاتەوە فۆرم یا چۆنییەتی مامەڵە کردنی ئەدیبە لەگەڵ بابەتەکەدا، بۆیە

ڕەخنە دەبێت کەرەستەی تایبەتی بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو بابەتانەدا بدۆزێتەوەو ئەم ناوەڕۆك و تیمانە لە بارەی چۆنییەتی پێکهاتەیانەوە مالیجە بکات و دەبێ خۆی لەوە بە دوور بگرێت، دەقی ڕەخنەیی کلێشەیی وەربگرێت و سووکە دەسکارییەکی بکات و وەکو ڕەچەتە بۆ هەردەقێکی بەکاربێنێ. بۆیە هەر ڕەخنەیەك تایبەتمەندییە پەنامەکی و ئاشکراکانی دەق ڕەچاو نەکات، نە دەقییەت پەیدا دەکات و نە دەشبێت بە داهێنان.

((٤))

گوتمان دەق و ڕەخنە پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکترەوە هەیەو هەڵکشان و داکشانی هەریەکێکیان کار لەوی تریان دەکات، بۆیە ئەگەر ڕەخنە لە ئاستەنگ و تەنگژەو قەیراندا بێت، ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی گوزارشت و دەربڕین و نیشاندان، واتە بۆ قەیرانی دەق، چونکە ئەو پرس و دۆزانەی لە دەقی ڕەخنەییدا ڕەنگ دەدەنەوە، هەمان ئەو پرس و دۆزانەیە کە لە دەقی داهێنراودا بەرهەم هاتوون، بۆیە تەسەور ناکرێ دەقی داهێنراو لە حاڵی هەڵکشان و گەشانەوەدا بێ و دەقی ڕەخنەیی لە داکشان و تەنگە نەفەسی و هەناسە سواری و کورتبینی و تەمەڵیدا بێ. کە ڕەخنە توانای بەسەر ئەرکە ئاسایی و سروشتییەکانی خۆیدا نەشکا، ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ بێتوانایی دەقی ئەدەبی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆیدا، بە تایبەتی ئەرکە ئەستاتیکییەکانی. چونکە پەیوەندییەکی جەدەلی لە نێوان دەق و ڕەخنەدا هەیە.

ئەو دۆزو پرسانەی دەقی ڕەخنەیی مالیجەیان دەکات و دەیەوێ ڕیشاژۆیان بکات یان ڕێکیان بخات هەمان ئەو دۆزو مەسەلانەن کە دەقی ئەدەبی نیشانی داون و بەرجەستەی کردوون و، ئەم مناقەشەیە لە چوارچێوەی دەقەکە دەرناچێت، دەنا پڕۆسە ڕەخنەوانییەکە لە خەتی خۆی دەردەچێت و دەکەوێتە گێژاوی شرۆڤەو لێکدانەوەی دوور لە دەقە ئەدەبییەکە. بۆیە هەر ڕەخنەیەك بەهەر بیانوویەکی وەکو دۆزینەوەی قەرینەی مێژوویی و کۆمەلایەتی بۆ دەقە ئەدەبییەکە، زۆر لە جەوهەری دەق دوور بکەوێتەوە، ئەگەر دەقایەتیش وەربگرێ

ئەوا شانبەشانی دەقە ئەدەبییەکە دەڕوات و کەم و زۆر ناگەنەوە یەك، ئەمەش دوورکەوتنەوەیە لە داهێنان و دەقە ئەدەبییەکە دەکرێت بە ئەوزارێك بۆ دەربڕینی هەندێ مەبەست و گوتاری تایبەتی ڕەخنەگرو نووسینەکەی هیچ ناسنامەیەکی نابێ و ناچێتە خانەی هیچ چالاکییەکی کاریگەریی ڕۆشنبیرییەوە. چونکە تەنیا دەقی ئەدەبی ئامانج و جەوهەری ڕەخنەیە.

((٥))

ئاشکرایە هەر زمانێکی ڕەخنەیی پەیوەندییەکی نزیکی بە زمانی دەقەوە هەیە، بۆیە بەها ئەستاتیکی و ناوەڕۆکییەکانی دەق لە دەرێی ئەو چوارچێوەو پەیوەندییەدا بە دەنگی پرۆسەی ڕەخنەوە ناچن و ڕەخنە دەبێت بە خوێندنەوەیەکی کاڵ و کرچ لە داوێن و پەراوێزی دەقە ئەدەبییەکەدا و فایدەیەکی ئەوتۆ ناگەیەنێ.. چونکە تیمە ناسنامەی دەق و بەهاکانی دەق دیاری دەکات.. هەڵبەتە وەکو چۆن دەشێت یەك بابەت و تیمە ببێ بە کەرەستەی کۆمەڵێك دەقی ئەدەبی جیاواز، ئیدی لە یەك سەردەم و لە یەك ڕۆشنبیریدا بێ، یان لە چەند سەردەمێکی جیاوازو لە چەند ڕۆشنبیرییەکی جیاوازدا بێ، بە هەمان شێوەش دەشێت یەك دەقی ئەدەبی، کۆمەڵێ پرۆسەی ڕەخنەیی جیاوازی لە یەك ڕۆشنبیریدا لەسەر ئەنجام بدرێ، ئیدی لە یەك سەردەمدا بێ یان لە چەند سەردەمێکی جیاوازدا، بەپێی کۆمەڵێك ڕێبازی جیاواز لە هەڵوێست و ڕێچکەدا.

بابەتی دەقیی، ئەدەبی هەموو دنیایە. دنیاش گەلەك بەرینە و هەموو مرۆڤ و ژینگەو دەوروبەری مرۆڤ دەگرێتەوە، دەرێی مرۆڤ و ناوەوەی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئەدەب مرۆڤ و پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دنیادا، دەکات بە بابەت و نێوەڕۆکی خۆی، مرۆڤ چۆن دەوروبەرو دیوی ناوەوەی خۆی دەرك دەکات، چۆن ئەم دنیایە دەجوڵێت. هەروەها پەیوەندی مرۆڤ بەم دنیایەوە، داخۆ پەیوەندییەکی گەرم و گوڕو گونجاوە، یا پەیوەندییەکی سست و خاوە، هەروەها پەیوەندی مرۆڤ بە مرۆڤەوە.. جا لێرەوە ئەو بەها مرۆڤانیانە بە دیار

دەکەوێ کە دەقی ئەدەبی سەروساختیان لە گەڵدا پەیدا دەکات و هەوڵ دەدات بانگەشەی بۆ بکات.. جا بەم پێودانگە بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ بابەتی هەرە سەرەکی ئەدەبە: جەنگ، خۆشەویستی، مەرگ، ژیان، باوەڕ.. جەنگ و خۆشەویستی دەکاتە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ. مەرگ و ژیان و باوەڕ دەکاتە پەیوەندی مرۆڤ بە دنیاوە. ترس و هیواو خۆزگە دەکاتە پەیوەندی مرۆڤ بە خودی خۆیەوە. بەمجۆرە سەرچاوەی شەرعییەتی دەقی ئەدەبی یان مرۆڤە یان دنیایە.

((٦))

بەلاّم بابەتی ڕەخنە، خودی دەقی ئەدەبییە.. بۆیە ڕەخنەگر بە پلەی یەکەم بایەخ بە چۆنییەتی پێکهاتەی ئەو دنیایە دەدات کە دەقە ئەدەبییەکە مالیجەی دەکات، ئەم چۆنیەتییەش دەکاتە پێکهاتە زمانەوانییەکان. کەواتە بابەتی ڕەخنەی ئەدەبی، دەقە ئەدەبییەکەیە وەکو فۆرمێکی ئەستاتیکی و وەکو کۆمەڵێك نەسەقی زمانەوانی و سیستەمێکی چڕو پڕی هێمای زمانەوانی و کۆمەڵێك وشەی ڕێکخراو بەپێی داڕشتنی تایبەتی. کەواتە دەقی ڕەخنەیی دنیا شی ناکاتەوە، بەڵکو بە پلەی یەکەم دەقێکی زمانەوانی شی دەکاتەوەو دەست لەسەر زمانەکەی و پێکهاتەی زمانەکەی دادەگرێت لە قۆناغی یەکەمدا، ئەوجا لەوە تێدەپەڕێ بۆ  ئەو دنیایەی کە دەقە ئەدەبییەکە مالیجەی دەکات.. ڕەخنەو دەق لەوەدا هاوبەشن کە ئامرازی گوزارشتی هەردووکیان زمانە. دەق هەوڵ دەدات بە هەموو کەرەستەو ئامێرو ڕەگەزو تۆخمەکانییەوە تەجرەبەیەکی مرۆڤانی دیاریکراو بگۆڕێت بۆ هەست و بیگوازێتەوە بۆ وەرگر، ڕەخنەش دەیەوێت ئەم پرۆسەی گواستنەوەو نەقڵە دروست و بە سوود بێ، دیارە پابەندی ئەو ڕوانگەیەش دەبێت کە دەقە ئەدەبییەکەی لێوە مالیجە کراوە...

ڕەخنە گوتارێکە لە گوتارێکی دیکەوە هاتووە، واتە زمانی دووەمە. بۆیە وەستان لەسەر زمان و شرۆڤەو ڕاڤەی زمان لە ئەدەبدا بابەتێکی یەجگار گرینگەو زانستی

دەلالەتان خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووەو زمان بوونەوەرێکی زیندووەو پابەندی یاسای پەرەسەندنەو وشە دنیایەکە گوڕ و تینی خۆی هەیەو ژیانی لێ دەچۆڕێت و دیارە هەر زیندوویەکیش لە کاریگەریی زەمان و شوێن بەدەر نابێت. کەواتە ئەرکی زمانی داهێنان، نیشاندانی دنیاو مرۆڤە، هەڵبەتە نیشاندانێکی هونەرییانە، بەڵام زمانی ڕەخنەیی، سەرو ساختی لەگەڵ زماندایە، لەگەڵ زمانێکی دیکەدایە. زمانی ڕەخنەیی هەوڵ دەدات ئەرکی زمانی دەق و تایبەتمەندی پێکهاتەی ئەو زمانە ڕاڤەو شرۆڤە بکات و پاشان ئەو دنیایە لێك بداتەوە کە دەقەکە نیشانی دەدات و ئەو دۆزو پرسانە ڕیشاژۆ بکات کە بە شێوەیەکی هونەرییانە خستوونیەتیە ڕوو.

((٧))

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەوە بکرێ کە یەکێك لە خەسڵەتە هەرە گرنگەکانی ڕەخنەو ڕەخنەگری، بێلایەنییە، واتە ڕەخنەگر دەبێت مامەڵە لەگەڵ دەقدا وەکو خۆی چۆن هەیە، ئاوا بکات، نەك بێت سۆزو هەستی خۆی لێ باربکات و شتێك بخاتە سەر زاری دەقەکە کە لە بنەڕەتدا شتی وای نەگوتبێ.. یانی ڕەخنەگر نابێ دەست لە کاروباری پرۆسە ئیبداعییەکەی ئەدیب وەربدات و ئامۆژگاری بکات و پێی بڵێ نەدەبوو وا بکات یان وا بڵێ، دەبوو وا بکات یان وا بڵێ.. بەڵکو دەبێت مامەڵە لەگەڵ دەقدا وەکو خۆی و وەکو چۆن هەیە بکات.. ئەمەش بەوە دێتە دی کە ڕەخنەگر باکگراوند و پاشخانێکی ڕۆشنبیریی دەوڵەمەندی فرە لایەنی هەبێت. چونکە سیحرو ئەفسوون و ئەستاتیکاو هێزو توانای دەق تەنیا لە خودی دەقەکەوە هەڵناقوڵێت، بەڵکو لە دەقە هاوعەسرەکانیشییەوە هەڵدەقوڵێت و لە کارلێکی ژینگە ڕۆشنبیرییەکەی سەردەمی خۆیشی بەدەر نابێ.

بۆیە دەبێ ڕەخنەگر توانای جیاکردنەوەی ڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبی هەبێت، واتە ئەو ڕەگەزانەی کە لە ناو دەقەکەدا ئەرکی فیکرییان هەیە جیا بکاتەوە لەو ڕەگەزانەی ئەرکی

ستاتیکییان هەیە، هەروەها ئەو ڕەگەزانەی کە هیچ دەورێکیان لە دەقەکەدا نییە و تەنیا کاوێژو دووبارە کردنەوەو لاپەڕە ڕەشکردنەوەن.. هەروەها دەبێ ڕەخنەگر لە حوکمدا وردبێ و لە ڕەئیدا دروست بێ، نەیەت زوڵم لە دەقێك بکات لەبەر ئەوەی لەگەڵ نۆڕینی ئەودا بۆ دنیا، ناگونجێت، هەروەها نابێ بە تۆبزی ڕۆح بە بەر کارێکدا بکات کە بەهایەکی هونەری و ڕۆشنبیریی ئەوتۆی تێدا نییە، بەڵام لەگەڵ نۆڕینی ئەودا بۆ ژیان دەگونجێ.. یانی ڕەخنە دەبێت لە هەموو خاترانەو دەستەوابیەك بەدەر بێت..

## ٣٣- خوێندنەوەی خوێندنەوە

"١"

ئەگەر تۆزێ ورد سەرنج بدەین، دەبینین مرۆڤ لە هەرچوارنکالەوە بە دەق گەمارۆ دراوەو ڕوو بکاتە هەر کوێیەك لووتی دەتەقێ بە کۆمەڵێك دەقەوە، ئیدی لە وەزیفەی قوتابخانەو دیکۆمێنتانی کارگێڕی و دەقێن کەلتووری و زانستییەوە بیگرەو پێیدا بڕۆ بۆ دەلیلی تەلەفۆنات و مەوعیدی دەرچوون و گەیشتنی شەمەندەفەرو ترومبێل و فڕۆکانەوە تا دەگاتە دەقی ئەدەبی و هونەری، ئەمانە هەر هەموویان دەکەنە دەق و دەبێت بە جۆرێکی تایبەتی مامەڵەیان لە تەکدا بکرێت و ڕازو ڕەمزەکانیان هەڵبهێنرێن و بکرێنەوە و بخوێنرێنەوە و لێك بدرێنەوەو ڕاڤە و شرۆڤە بکرێن... هەڵبەتە لێرەدا زیاتر دەقی ئەدەبیمان مەبەستە.. مرۆڤ بۆ خۆی و لە خودی خۆیدا هەم دەقە و هەم ئافەرێنەری دەقە..

ئیدی دەق هەیە زۆر سخ و چڕ و چووغوردە، بە ئاسانی ڕێی نابرێتە ناو و زوو دەستەمۆ نابێت و خۆی بە دەستەوە نادات و خوێندنەوەی جیاواز و هەمەجۆر هەڵدەگرێ و وەکو شوان هەڵخەڵەتێنە خوێنەر ڕادەکێشێت و کاتێ بە خۆی دەزانێت کەوتووەتە دنیایەکی چڕە ڕەمز و ڕازی ئەوتۆوە کە هیچ جۆرە سازش و دەستەمۆ بوونێك قەبووڵ ناکات، بۆیە چاری ناچارە دەسبەرداری هەر میتۆدێکی پێشوەختە و کلێشەیی ببێت و هەوڵ بدات سەرەداوە ئەبستمۆلۆجییەکانی بندێڕی دەقەکە بدۆزێتەوە و بە کۆمەکی ئەو سەرەداوانە میتۆدێکی پڕ بە پێستی دەقەکە بەرهەم بێنێت و بکەوێتە ڕاڤە و تەئویل و ئیحتیمالات، واتە خوێنەری جدی (ڕەخنەگر) هەقی بەسەر زروفی لە دایکبوونی دەقەوە نییە، بەڵکو وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری مامەڵەی لە تەکدا دەکات. زیاتر دەقایەتی دەقی مەبەستە

، ئەمەش وا دەخوازێت کار بۆ کەشفکردنی پێکهاتە ئەستاتیکی و هونەری و بونیادییەکەی دەق بکات و بە شێوازێکی هوشیارانە مامەڵە دەگەڵ دەقەکە بکات و ڕەگەزەکانی لەبەر یەك هەڵوەشێنێتەوە و پێکهاتەکەی شی بکاتەوەو لە ئەنجامدا مەعریفەتێکی زانستییانەی تایبەت بە دەقەکە بەرهەم بێنێت..

لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەلا عەیان بێت کە دەقی ئەدەبی بە یەك مانا بارگاوی نییە، بەڵکو بە یەك دنیا مانا ئاوس و بارگاوییە، تا ئەقڵ بڕ دەکاتماناو دەلالەتانی لە خۆ گرتووە. خوێنەری جددی لە کەوشەن و سنووری ئەنتۆلۆجی دەق دەرناچێت، وەکو چۆن هەیە، ئاوا مامەڵەی لە تەکدا دەکات.

کەواتە بەم پێودانگە دەق بەر لە هەرشتێك دەکاتە مومارەسەی نووسین، یانی مومارەسەیەکی ڕەمزی ئەستاتیکی. جا لێرەدا هەردوو چەمکی دەق و نووسین بەڕادەیەك لێکدی نزیك دەبنەوە، دەتوانرێت بگوترێت هیچ دەقێك لە دەرێی نووسیندا نابێت، یانی دەق بە بێ نووسین چێنابێت.. بەمجۆرە دەق وەکو بەرهەمێکی کەلتووری حوزورێکی ئەوتۆی لە ژیانی کەلتووریدا پەیدا کردووە کە پێویستە لە چوارچێوەی زانستێکی تایبەتیدا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە ئەویش دەقناسییە. ئەرکی دەقناسی بریتییە لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی دەقێکی دیاریکراو، یان کۆمەڵە دەقێك و شیکردنەوەو وردکردنەوەی ئەو دەقە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانیدا. واتە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەقی لامەبەستە نەك سروشت و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی دەق.. بەم پێودانگە دەقناسی کەرەستەکانی خۆی لە زمان و زمانەوانییەوە وەردەگرێت و بایەخ بە دەق لە سنووری ئەنتۆلۆجی دەقەکەدا، دەدات.

یانی بەم پێیە ئەرکی دەقناسی دەکاتە شیکردنەوەی دەق و هەڵسەنگاندنی گوتاری زانستە مرۆڤانییەکان لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە. کەواتە ئەرکی سەرەکی دەقناسی دەکاتە خوێندنەوەی خوێندنەوە، بەو حیسابەی کە دەقی ئەدەبی لە بنەڕەتدا دەکاتە خوێندنەوەیەکی هونەریانەی دنیاو واقیع.. جا بەم پێودانگە چوارچێوەی کاری دەقناسی،

دەقی یەکەمە، واتا خوێندنەوەی یەکەمە. دێت ئەو دەقە یان ئەو خوێندنەوەیە ورد دەکاتەوە، هەڵیدەوەشێنێەوە و ماناو ڕەمزە نادیار و پەڕاگەندەکانی بندێڕی دەقەکە کەشف دەکات و دایدەڕێژێتەوە و بەمجۆرە خوێندنەوەی خۆی بۆ خوێندنەوەیەك دەکات کە ئەو بەرهەمی نەهێناوە و لەم ڕێگەیەوە خۆی دەکات بە شەریکی خوێندنەوەی یەکەم.

دەق، بەو حیسابەی بەر لە هەرشتێك بەرهەمێکی زمانەوانییە، بۆیە دەبێت بەر لە هەرشتێك لە ڕەگەزو پێکهاتە زمانەوانییەکانی دەق ورد ببینەوە و تاوتوێی بکەین، هەر ئەمەش دەقایەتی و نادەقایەتی هەر دەقێك جیادەکاتەوە و دیاری دەکات و، ژانرە ئەدەبییەکان بە چۆنییەتی مامەڵە کردنیان لەگەڵ زماندا، لێکدی جیادەکرێنەوەو دەقایەتی خۆیان پەیدا دەکەن. بەم پێیە دەق دەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە و دەتوانێت بازنەی شوێنکاتان ببڕێت. یانی ژیانی ڕاستەقینەی هەردەقێك بەندە بە ڕادەو جۆری خوێندنەوەی ئەو دەقەوە. دەقی کراوە ئەوەیە کە خوێندنەوەی هەمەجۆر و بێ کۆتایی هەڵدەگرێت، بە قەد ژمارەی خوێنەرەکانی، خوێندنەوە هەڵدەگرێت. دیارە ئەگەر قەناعەت بەوە بکەین دەق سیستەمێکی زمانەوانییە، ئەوا دەبێت باش بزانین ئەو سیستەمە زمانەوانییە سنووری دەلالەت و مانا قامووسییە سادەکان دەبەزێنێت.

هەڵبەتە دەبێ ئاماژەیەکیش بۆ ئەوە بکرێت چەندییەتی دەق مەرج نییە بۆ پێناسە کردنی دەق. دەق، دەشێت وشەیەك، ڕستەیەك، کتێبێکی گەورەی چەند بەرگی بێت. هەروەها هەندێك لە زانایان و دەقناسان پێیان وایە مەرج نییە دەق، هەر دەقی ئەدەبی هونەری بێت، بەڵکو جوملەیەکی مۆسیقی، تابلۆیەکی شێوەکاری، فیلمێك، دیمەنێکی نمایشیش... هتد، دەشێت دەق بێت. بەڵام ئێمە لێرەدا دەقی ئەدەبیمان مەبەستە، بۆیە دەبێت لە ناو خودی دەقەکەدا، بۆ ئەدەبییەتی دەق بگەڕێین و پێکهاتەو تایبەتمەندییەکانی کەشف بکەین. جا لەم ڕوانگەیەوە دەق دەکاتە زنجیرە ڕستەیەکی دوا بە دوای یەك کە جۆرە پەیوەندییەکیان لە نێواندا هەیە و هەرکاتێ ئەو پەیوەندییە نەبێت یان نەمێنێت، دەق لە دەقایەتی دەکەوێت و شتێك نامێنێت ناوی دەق بێت. هەڵبەتە بە بۆچوونی هەندێ لە

دەقناسانی شارەزا، دەق ڕووداوێکی پەیڤەوانییە، ڕووداویش بە گوێرەی چەمکی ئەرەستۆیی نە دووبارە دەبێتەوەو نە بەرهەم دەهێنرێتەوە. بۆیە دەقی زیندوو دەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە نەك دووبارە..

ڕاستە دەق بەرهەمێکی زمانەوانی چلۆنایەتییە، بەڵام زمان وەکو خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو سەرلە نوێ دەیخولقێنێتەوە و شەحن و چارچی دەکاتەوەو لە ماناو دەلالەتە قامووسییەکەی دووری دەخاتەوە و ڕەمزو ڕازەکانی کەشف دەکات و خۆی بە یەك دەلالەت و ماناوە نابەستێتەوە و بەمەش دەقایەتی خۆی وەردەگرێت و لە نادەق ( non texte) جیا دەبێتەوە، کە هەمان زمان بەکار دێنێت، بەڵام لە یەك مانا زیاتر هەڵناگرێت و سنووری شوێنکاتی خۆی نابەزێنێت. بۆ نموونە نامەیەك لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یان بۆ دەزگایەکی کارگێڕی، یان خوتبەیەکی ڕامیاری، یان وتارێکی ئایدۆلۆجی، یان وتارێکی مێژوویی، یان کۆمەڵە دەقێکی ڕاگەیاندنەوانی، یان دەقی بانگەشەیی یان وتارێکی ڕۆژنامەوانی هەموو ئەمانە دەقن، چونکە بە شێواز و تۆنێکی سینتاکسی و ڕەوانبێژی سفت داڕێژراون، بەڵام پەیوەستن بە کات و شوێن و سات و بۆنەیەکی تایبەتەوە، هەرکە کات و سات و بۆنەکەی بەسەرچوو، ئەویش بەسەر دەچێت و مردار دەبێتەوە.

ئەمجۆرە دەقە non texte)) تەنیا یەك مانا هەڵدەگرێت، لە دوای گەیشتنی پەیامەکەی ئیدی ماناکەی بە تاڵ دەبێتەوە و دەقەکش  چونکە هیچ چڕییەکی کەلتووری نییە، دەپوکێتەوەو پێویستی بە هیچ شرۆڤەکار یان پرۆسەیەکی هیرمۆنەتیکی نامێنێ و مردار دەبێتەوە، چونکە هەلومەرجە شارستانی و کەلتوورییەکەی بەسەر دەچێت، بە پێچەوانەوەی دەقی ئەدەبییەوە کە ئاڕاستەی یەك وەرگر ناکرێت و پەیوەست نییە بە هەلومەرجێکی شارستانی یان کەلتووری دیاریکراوەوە، بۆیە خوێندنەوەو تەئویل و لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرێت و سنووری شوێنکاتی خۆی دەبەزێنێت و لە هەموو

سەردەمێکدا هەر بە زیندوویەتی دەمێنێتەوەو لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە...

دیارە لە باسی تایبەتمەندی و ئەرکەکانی دەق و نا دەقدا (non texte) دەبێت ئاگاداری ئەوەبین کە کەلتوور وەکو سیستەمێك لە بەهای ئەستاتیکی و گوزارشتی شارستانی، تەبیعەت و سروشتی دەق و نا دەق دیاری دەکات.. چونکە هەر کەلەپوورێکی کەلتووری بگریت، کۆمەڵێك دەقی نموونەیی خۆی هەیە کە شانازی پێوە دەکات، بەلاّم لە پاڵ ئەوەشدا دنیایەك (non texte)شی هەیە کە دەبنە پاشخانی ڕۆشنبیریی و باکگراوندی کەلتووری بۆ دەقێن ئەدەبی زیندوو. دەقی زیندوو هەمیشە کراوەیەو لێکدانەوەی جیاوازو هەمەجۆر هەڵدەگرێت و بە چەندین ماناو دەلالەت بارگاوییە. بەلاّم دەقی مردوو (non texte) هەمیشە داخراوە، لە یەك خوێندنەوە پتر هەڵناگرێت، چونکە هەر یەك ماناو دەلالەت لە خۆ دەگرێت.. بەلاّم دەقی ئەدەبی زیندوو، بۆ خۆی ڕووداوێکە ، خۆڕسك و زادەی خودی خۆی، ڕووداوێکە لە چوارچێوەی کەلەپوورێکی کەلتووریدا، نە دووبارە دەبێتەوە نە بەرهەم دەهێنرێتەوە.

بەلاّم خوێندنەوەی هەمەجۆر و جیاواز هەڵدەگرێت و لە میانەی هەر خوێندنەوەیەکەوە تازە دەبێتەوە و لێرەدا خوێنەر لەوە دەردەچێت تەنیا مێمڵێکی مشەخۆری موستەهلیك بێ بەسەر دەقەوە، بەڵکو دەبێتە بەرهەمهێنەری دەقەکە، یانی خوێندنەوە لەم حاڵەتەدا دەکاتە نووسینەوەی دەق. دیارە ئەمجۆرە دەقە، بەو گەورەییە، لە خەون و خەیاڵێکی مەحاڵ دەچێت کە زۆر زەحمەتە بێتە دی، بەلاّم دەگەڵ ئەوەشدا خواستێکی بالاّو حەلاڵی ئەدەبە..

"٢"

دەکرێ دەق بشوبهێنرێ بە موجەفیرەیەکی پڕ لە نیشانە و ڕەمز و ڕاز، تەنیا بەوە دەتوانی ماناکەی هەڵبێنی کە پەیوەندییە زمانەوانی و دەلالییەکانی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەق بخەیتە بەر وردەبینی لێکۆڵینەوەوە. یانی دەتوانین لە ڕێگای بونیادە

ناوخۆییەکەیەوە هەڵی بسەنگێنین و حوکمی لەسەر بدەین. واتا ناکرێ لەو ڕوانگەیەوە تەماشای دەق بکرێ کە چەند دەگەڵ حەقیقەت یان حەقیقەتەکانی دەرێی دەقدا تێك دەکاتەوە. بەڵکو دەبێت لە میانی لۆژیکی ناوەوەی ئەو پەیوەندییانەوە کە ڕەگەزو بەشەکانی دەق پێکڤە دەبەستێ و گرێ دەدات، بۆی بچیت و تەماشای بکەی. ئەمەش بۆ خۆی جۆرە شەقلێکی ئەفسوناوی بە دەق دەبەخشێت. جا بۆ ئەوەی هەر دەقێك ئەم سیفەتی ئەفسوونکارییە وەربگرێت، دەبێت جۆرە ئوتمۆسفێر و هاماجێکی هاوبەش لە نێوان دەق و خوێنەردا پەیدا ببێت.

واتا دەبێت سیستەمێکی دەلالی (نیشانە ناسی) و مانایی هاوبەش لە نێوان نووسەر و خوێنەردا پەیدا ببێت و برەخسێت. چونکە دەق لەسەرێتی وا لە خوێنەر بکات کە خودی خۆی لە میانی جفرەی زمانەکەدا بدۆزێتەوە.. ئیدی لێرەوە شتێك چێ دەبێت کە پێی دەگوترێ لەزەتی دەق (ڕۆلان پارت) کە بە زەبری مومارەسەی پرۆسەی خوێندنەوە لەزەتێکی ئەستاتیکی فرە بە خوێنەر دەبەخشێت. هەڵبەتە ئەم لەزەتەش بە سەراپای دەقەکەدا بلاّو بووەتەوە. لە یەك شوێندا کۆنەبووەتەوە. بۆیە بمانەوێ و نەمانەوێ دەبێت وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری تەماشای دەق بکەین و مامەڵەی لە تەکدا بکەین. لەزەتی دەق وەستاوەتە سەر چۆنییەتی مامەڵە کردن دەگەڵ خودی ئەو دەقەدا..

لەمەوە دەردەکەوێ کە ئەرکی ئەستاتیکی پەیوەندییەکی بە تینی دەگەڵ لەزەتی دەقدا هەیە. دیارە ئەم ئەرکەش پەیوەندی بە هاماج و شوێنی تایبەتییەوە هەیە، چونکە پێوەرە هونەرییەکانی دەق و مەحەك و پێوەری هەڵسەنگاندن لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی دەگۆڕێت. هەر کۆمەڵگەیەك جۆرە ئەستاتیکایەکی هەیە و بە شێوازی تایبەتی خۆی مامەڵە دەگەڵ ئەستاتیکادا دەکات و لەزەتی لێ وەردەگرێت. کەواتە هەر دەقێکی نووسراوی زمانەوانی لە سنوور و کەوشەنی کەلتوورێکی دیاریکراودا، ئەگەر جۆرە جەمالییەت و جوانییەك بەرهەم نەهێنێت، ئەدەبییەت وەرناگرێت و بە دەقێکی ئەدەبی

دانانرێت. یانی ئەدەبییەتی دەق ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو ئەرکە ئەستاتیکییەوە هەیە کە دەق ئەنجامی دەدات..

هەڵبەتە ئەستاتیکا و جوانییش شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەپستمۆلۆجیا و سیمایەکە لە سیماکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، جوانی یان ئەرکی جوانی لە ئەرکی کۆمەڵایەتی نایەتە دابڕان.. ئەرکی کۆمەڵایەتی دەقیش لەناو دەقەوە دیاری دەکرێت نەك لە دەرێی دەق. دیارە هەر دەقێك بگری بە زەبری ئەو مەعریفەیەی هەڵیگرتووە، گۆڕانێك لە بونیادی زهنیدا چێ دەکات. چونکە هەر دەقێك بە جۆرە فیکرێك ئاوسە، جۆرە فیکرێکی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، بە شێوەیەکی جیاواز لە دۆخە زانستی و لۆژیکییەکەی نمایشی دەکات و موناقەشەی دەکات. بەمەش بەشداری لە گۆڕینی بۆچوون و هەڵوێستی فیکری وەرگر دەکات. دیارە ئەو مەعریفەو فیکرەی دەق لە خۆی گرتووە، شێوەو قاڵبی بونیادێکی هونەری وەردەگرێت و بمانەوێ و نەمانەوێ بەشێوەیەك لە شێوەکان کار لە وەرگر دەکات و تا ڕادەیەك ئەفسوونی دەکات.

یانی بەم پێودانگە دەقی ئەدەبی کەرەستەو مادە مەعریفییەکە وەردەگرێت و بە شێوازی تایبەتی خۆی دایدەڕێژێتەوە و دووبارە بینای دەکاتەوە.. دیارە ئەگەر بڕێك بە وردی لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی کە بونیادی دەق نیشانی دەدات ورد ببیتەوە، بۆت دەردەکەوێ کە دەق لەو لایەنەوە نۆڕینی نووسەر بۆ جیهان و پەیوەندی نووسەر بە زمان و دەقەکانەوە دەنوێنێت و نیشان دەدات. ئیدی بەمجۆرە دەق دەکاتە ڕەمزێکی گەورە و لە چوارچێوەی کەلتووردا دەجولێت. سیستەمێکە لە ڕێگەی ڕەمزو نیشانانەوە کار بۆ بەرهەمهێنانی مانا دەکات، یان کار بۆ بەرجەستەکردن و دەربڕینی بیرێکی دیارکراو دەکات.

یەکێك لە ئەرکە هەرە بنەڕەتییەکانی دەق گەیاندنە، ئیدی گەیاندنی مەعریفەیەك بێ یان زانیارییەك بێ یان وەسف و گواستنەوەی حاڵەتێك بێ بۆ وەرگر. کەواتە گەیاندن (تواصل) بەشێکی خۆڕسکە لە سروشتی دەق، هەر دەقێك ئەم ئەرکە ڕەچاو نەکات و

حیسابی گەورەی بۆ نەکات، ئەوا دەقایەتی خۆی لەدەست دەدات و دەبێت بە کۆگایەك لە نیشانانی زمانەوانی و هیچی تر.

دیارە دەق دەکاتە پردی نێوان نووسەر و خوێنەر، ئەو دووە لە ڕێگەی دەقەوە دەگەنە یەك و پەیوەندییان لە نێواندا چێ دەبێت.. جا بەم پێودانگە تواصل و گەیاندن دەکاتە کرۆك و جەوهەری دەق. هەموو تواصل و گەیاندنێکیش کارو کردەوەیە.. بۆیە دەشێت بەر لە هەر شتێك بە بویەر و ڕووداوێکی زمانەوانی دابنرێت، جا ئەگەر هەر وشەیەك بکاتە بویەر و ڕووداوێك لە ژیانی زماندا، ئەوا هەر دەقێکیش دەکاتە ڕووداوێکی ڕۆشنبیری و لەمەوە بۆمان ساغ دەبێتەوە کە ئەرکی ڕۆشنبیری بەشێکە لە سروشت و تەبیعەتی دەق. هەڵبەتە ڕۆشنبیری و کەلتوور تەنیا لە دەقێن هونەری و کارێن هونەری پێك نایەت، بەڵکو زۆر بابەت و ڕەگەزی نا هونەریشی تێ دەکەوێ. بە دەقی نووسراو و زارەکی دەوڵەمەند دەبێت و پەرە دەسەنێت. هەر هەموو ئەم ڕەگەزانە لە تانوپۆی دەقدا یەکانگیر دەبن و بونیادی دەق پێك دێنن...

"٣"

جا با بزانین دەق چۆن بەرهەم دێت؟ دیارە ئەگەر تۆزێك بە وردی تێ بفکرین، یەکسەر بۆمان بە دیار دەکەوێ کە بەرهەمهێنانی دەق، پرۆسە و کارێکی ئیرادی یەجگار مەحکەمە، هیچ دەقێك نە زادەی ئیلهامی ئاسمانییە و نە بێ بنج و بناوان و ڕەگ و ڕیشەیە و نە لە بۆشاییدا چێ بووە و نە لە خۆوە وەکو کارگان هەڵتۆقیوە. هەر دەقێك بگری کەم دابێژێك پەیوەندی بە دەقەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆیەوە هەیە و لە کاریگەرییان بەدەر نییە. واتا دەق لە زەمینەو باکگراوندێکی کەلتووری و ڕۆشنبیریی دیاریکراودا دەخولقێت و چێ دەبێت.. بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە کە دەق تەنیا لە دەقی ئەدەبیی ترەوە لە دایك دەبێت ، بەڵکو زۆرجار لە دەقی ڕۆشنبیریی نا ئەدەبیشەوە وەکو

دەقی ڕۆژنامەوانی و زانستی و.... هتد، دروست دەبێت ، بە کورتی دەق، هەرگیز لە دەقە ئەدەبیی و نا ئەدەبییەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی نایەتە دابڕان.

دیارە کە نووسەر دێتە سەر ئەوەی دەقێك بەرهەم بێنێ، ئامانجێك یان کۆمەڵە ئامانجێك لەبەرچاو دەگرێت و دەقەکە بەو ئاڕاستەیەدا دەخولقێنێت. کەواتە بەرهەمهێنانی دەق، کارێکە بە هۆشمەندییەوە ئەنجام دەدرێت و بەرەو ئامانج یان کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراو ئاڕاستە دەکرێت. بۆیە نووسەر پێویستە دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەوزارو کەرەستە زمانەوانی و هونەرییەکانیدا بشکێت و دەق ببێت بە پڕۆژەیەك و کار بۆ ئەنجامدانی بکات.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە کەرەستەو ئەوزاری بەرهەمهێنانی دەق چییە؟ ئایا تەنیا زمانە، هەر بە زمان بەرهەم دێت، یان پشت بە دەقەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆیشی دەبەستێت؟

هەڵبەتە دەق، بۆ خۆی یەکەیەکی یەکپارچەی هونەرییە، لە ئەنجامی کارلێك و ئاوێتە بوون و یەکانگیری تێکڕای ڕەگەزەکانییەوە هونەرییەت وەردەگرێت، بۆیە لە دەقدا ڕەگەزی سەرەکی و ڕەگەزی لاوەکی نییە، یان بیرۆکەی سەرەکی و بیرۆکەی لاوەکی نییە..دەق لە ئەنجامی کارلێکی هونەرییانەی تێکڕای ڕەگەزەکانییەوە دەقایەتی وەردەگرێت. بۆیە دەق کە دەقایەتی تەواوی وەرگرت، بێگومان دەقی تری لێ دەکەوێتەوە، دەق ئەو دەقەیە دەقی لێ بکەوێتەوە. دیارە لەم حاڵەدا دەقی دووەم تا بۆی دەکرێت هەوڵ دەدات لە دەقی یەکەم جیاواز بێت، هەر دەبێ جیاوازیش بێت..

هەڵبەتە دووبارە بوونەوەی یەك بابەت لە لای چەند نووسەرێك نە کێشە بووەو نەکێشەیە و نە دەبێت بە کێشەش. چونکە هەر بابەتێك لە هەمان کاتدا چەندین گوتاری جیاواز هەڵدەگرێت.. بۆیە گرنگ ئەوەیە ئەو نووسەرانە چۆن ئەو بابەتە دەگۆڕن بۆ تیمە و نێوەڕۆکی جیاواز و نەفەسی خۆیانی پێ دەبەخشن و مۆرکی خۆیانی پێوە دەنێن، لە دەقێکی تازەدا بەرهەمی دەهێننەوە. بۆ نموونە بابەتی ئودیسە ، لە دەیان دەقدا بە

بونیادی جیاواز بەرهەم هێنراوەتەوە . قورئان، سەدان و بگرە هەزاران دەقی لێ کەوتووەتەوە، بەلاّم هیچیان خودی قورئان نین.

دیارە تەنیا ئەو دەقە مەزنانە، دەقیان لێ دەکەوێتەوە کە خوێندنەوەی هەمەجۆر و جیاواز هەڵدەگرن، کە ڕاڤە و شرۆڤە و هیرمونەتیکای جیاواز هەڵدەگرن و هەر سەردەمێك خوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ دەکات. هەڵبەتە لە مێژووی تیرەی بەشەردا دەقە ئایینی و دەقە پیرۆزەکان، زۆرترین ژمارەی دەقیان لێ کەوتووەتەوە، چونکە زۆرترین شرۆڤەیان لە ئاستێن جیاوازی ئەپستمۆلۆجی، فیقهی و مێژوویی... هتد بۆ کراوە.

کەواتە شەرح و شرۆڤە و ڕاڤە و هیرمونەتیکا، هەر یەکەیان شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی دەق لە یەك دەق یان لە چەند دەقێکی ترەوە.. جا لەم پێودانگەوە جێی خۆیەتی لێرەدا هەڵوەستەیەك لە ئاستی پاچڤەشدا، وەکو شێوەیەك لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی دەق بکەین. هەڵبەتە بۆیە دەشێت پاچڤە بە شێوازێکی بەرهەمهێنانی دەق دابنرێت، چونکە مەحاڵە بتوانرێت دەقێکی ناوازەی سخ و چڕ و چوغوورد بە تەواوەتی و بە وردی بێتە پاچڤە کردن. چونکە وەکو چۆن دوو کەس ئەگەر جمکانەش بن سەدی سەد وەکو یەك نین، بەو ئاوایەش هەر زمانێك بگریت چەندیش لە زمانێکی تر بچێت و لێوەی نزیك بێت، هەر سیستەمی زمانەوانی و دەلالەت و مانایێن تایبەتی خۆی هەیە و سنووری دەلالەت و مانا قامووسییەکان دەبەزێنێت.

ئەمە جگە لەوەی بونیادە شیعرییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ناگوازرێتەوە. هەروەها جگە لەوەی کە زمان پەیوەستە بە جیهانبینی و نۆڕین و هەڵوێستی ئەو کۆمەڵگە زمانەوانیانەوە کە لە ئاستە جیاوازەکاندا بەکاری دێنن و مامەڵەی لە تەکدا دەکەن.. بۆیە ئەگەر ماناو هزریش بگوازرێتەوە ئەوا شێواز و وردەکارییەکانی گەیاندن یەجگار ئەستەمە و بگرە دەچێتە خانەی مەحاڵەوە.. بۆیە ئەم پرۆسەی گواستنەوەیە کە وەرگێڕ ئەنجامی دەدات تێکست و دەقێکی تازەی لێ دەکەوێتەوە.. خۆ ئەگەر دەقێك لە

لایەن چەند پاچڤەوانێکەوە وەربگێڕێ یان بگوازرێتەوە، بە ئەندازەی ژمارەی وەرگێڕەکان، تێکستی تازەی لێ دەکەوێتەوە.

هەڵبەتە زاراوە زمانەوانی و بونیادە گوزارشتییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێك دەگۆڕێت و لە هەموو زمانەکانداچونیەك نییە، ئەمە جگە لەوەی تاك وشە کاتێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگوازرێتەوە مەحاڵە لە دەستکاری و چەکوشکاری بخەلەسێت و لە قاڵبی تازە نەدرێت، چونکە هەر وشەیەك بگری بە جۆرە ئەبستمۆلۆجیا و شارستانییەت و کەلەپوور و ماناو دەلالەت و هێمایەك بارگاوییە کە ناتوانرێت بە تەواوەتی و بە وردی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بگوازرێتەوە. جا بەم پێودانگە پاچڤە دەکاتە کارێکی نیمچە مەحاڵ، چونکە وەرگێڕ کاتێ دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی پاچڤە دەکات، لە ڕاستیدا گوزارشت لە بابەتێکی هاوبەش دەکات بە زمان و شێوازێك کە لەوەیە لە زمان و شێوازی یەکەم باشتر یان خراپتر بێت، چونکە هەر زمانێك خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

ڕەنگە ئەو زاراوەو دەربڕینەی لە زمانێکدا زۆر جوان و پەسند بێت، لە زمانێکی دیکەدا بە پێچەوانەوە دزێو و ناپەسند بێت. ئەمە جگە لەوەی بونیادی ڕستە و ڕستەسازی و ڕستەبەندی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی دەگۆڕێت و جیاوازە. جا لەمەوە بۆمان بە دیاردەکەوێت ئەوەی لە پاچڤەدا دەکرێت بریتییە لە گوزارشت کردن لە عمومیاتی بابەت و دەقە هاوبەشەکە، وردەکاری و هونەرکارییەکان بەو ئاسانییە خۆ بە دەستەوە نادەن. چونکە لە دەقی ئەدەبیدا هەر وشەیەك لە ئاستێکدا یان زیاتر، بە جۆرە میتۆلۆجیایەك بارگاوییە کە ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی بونیادی زهنی بەکارهێنەرەکانییەتی.. و هەر وشەیەك هەڵگری شێوازێکی شارستانی و کەلتووری و کۆمەڵایەتی تایبەتییە، هەروەها وشە ژیانی تایبەتی خۆی هەیە.

بۆیە زۆر زەحمەتە کاتێك دەقێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکەی جیاواز لە ڕووی سیستەمی بینای زمانەوانییەوە، دێتە وەرگێڕان، وەرگێڕ بتوانێت بە تەواوەتی ئەمانەتداری بپارێزێت. چونکە هەر زمانە شێواز و چۆنییەتی دەربڕین و گوزارشتی خۆی هەیە و ئەم

خەسلەت و تایبەتمەندییە یەکێکە لەو نیشانانەی کە لە زمانانی دیکەی جیادەکاتەوە. بە هەرحاڵ لە وەرگێڕاندا ئەگەر بتوانرێت ماناو دەلالەت و چەمکان، یان بەشێك لە ماناو دەلالەتان بگوازرێتەوەو پاچڤە بکرێت، ئەوا پاچڤەکردنی ئەدەبییەتی دەقەکە یەجگار ئەستەمە و کاری هەر وەرگێڕێك نییە، بە تایبەتی شیعر، کە مەحاڵە شیعرییەتی دەقە شیعرییەکە پاچڤە بکرێت، چونکە ئەدەبیەتی دەق، دەقایەتی دەق، خۆی لە خۆیدا خەسڵەتیێکی کەلتووری زادەی سەردەمێکی دیاریکراوە و پەیوەستە بە حەساسییەتێکی هەرە تایبەتەوە..

بۆیە ئیتاڵییەکان ناهەقیان نەبووە کە گوتوویانە وەرگێڕ خایەنە. هەڵبەتە وەکو پێشتریش ئاماژەم کردێ ئەو دەقانە زیاتر دێنە پاچڤە کردن کە بەهایەکی کەلتووری و ئەستاتیکی و شارستانی گەورەیان هەیە. هەڵبەتە هەندێ دەقیش هەن، ئەگەرچی ئەو بەها گەورانەیان نییە، بە زەبری بانگەشەی ڕاگەیاندنەوانی و... هتد بۆ زۆر زمانان پاچڤە کراون. بەلاّم دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبووە... بە هەرحاڵ ئەگەر بمانەوێ پێناسەی پاچڤە لە چوارچێوەیەکی سیمۆلۆجیدا بکەین، ئەوا دەبێ هەمان پێناسەکەی گریماس دووبارە بکەینەوە کە دەڵێت : "پاچڤە چالاکییەکی سیمۆلۆجی دوو سەرەیە، لە سەرێکەوە پرۆسەیەکی هیرمۆنەتیکییە و لە سەرێکی ترەوە پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقە." جا بەم پێودانگە پاچڤە لە هەمان کاتدا هەم خوێندنەوەو تەئویلە و هەم ئەوزارو ئامێری بەرهەمهێنانی دەق و تێکستانە..

جا لێرەدا پرسیارێکی بەجێ دێتە گۆڕێ: بۆچی دەقێك چەن جارێك و لە لایەن چەندین کەسەوە دێتە وەرگێڕان، نهێنی ئەمە لە چیدایە ؟ هەڵبەتە شتێکی بەڵگە نەویستە کە دەقی چڕ و هونەری، بە تایبەتی دەقی ئەدەبی خوێندنەوەی هەمەجۆر و جیاواز هەڵدەگرێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا وا دەخوازێت کە تەرجەمەی جیاواز و هەمە جۆر بکرێت ، چونکە پاچڤەش بۆ خۆی شێوەیەکە لە شێوەکانی خوێندنەوە، هەر خوێندنەوەیەکیش لە ڕاستیدا بەرهەمهێنانەوەی دەقە خوێنراوەکەیە. هەر وەرگێڕێکیش لە ڕۆژگار و سەردەمی

خۆیدا، دەق بە شێوازی تایبەتی خۆی دەخوێنێتەوە. بۆیە ئاساییە ئەو چڕە دەقانەی کە بەهای ڕۆشنبیری و شارستانی و ئەستاتیکی گەورەیان هەیە، زۆرجار وەربگێڕرێن، چونکە ئەو دەقانە بە سروشتی خۆیان لەو دەقانەن کە دەقی تریان لێ دەکەوێتەوە.

یان زۆرجار وەرگێڕێك تەماشا دەکات وەرگێڕانەکەی پێش ئەو کەمو کوڕی تیایە، ئەمین نییە، بۆیە بە پێویستی دەزانێ جارێکی دی پاچڤەی بکاتەوە. بە کورتی و بە کرمانجی بەم پێیە پاچڤە لە هەمان کاتدا هەم بەرهەمهێنانە و هەم خوێندنەوەیە. خوێندنەوەش شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی دەق، واتا خوێندنەوە پرۆسەی بونیادنانەوەی مانایە چ لە ئاستی زهنی و لە خەیاڵدا، چ لە ئاستی نووسین و تۆمارکردنی ئەو ڕەخنە و تێبینی و باری سەرنجانەی کە دەقێکی تایبەتی و دیاریکراو وروژاندوونی. جا لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونانەی سەرێ ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە کە خوێندنەوە تەنیا سەر و سەختی دەگەڵ مانا، یان بونیادە دەلالییەکاندا نییە، یان تەنیا پرۆسەیەکی زەینی ڕووت نییە، بەڵکو گۆڕینی دەق و خولقاندنەوەو بەرهەم هێنانەوەیەتی لە شێوەو قاڵبێکی تازەدا..

"٤"

هەر دەقێك بگریت لە ژینگەیەکی دیاریکراودا دەخەملێ کە زۆر ڕەگەزی شوێن و ئەستاتیکی جیاوازی لە خۆ گرتووە کە ئەمە پێی دەوترێ هاماج . نووسەر سوور دەزانێ لە سەرێتی کۆمەڵێك ڕەمزی دەلالی لەمەڕ ڕووداوە باسکراوەکان و زمانی ناڕاستەوخۆی کەلەپووری ڕۆشنبیری بە خوێنەر یان گوێگر، یان تەمەشاڤەو، یانی بە وەرگر بدات، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێت دینامیکییەتی دەقی گەورەو بونیاد لێکدراو، ڕەهەند و ئاڕاستەی جیاواز وەردەگرێت و دەبێت هاماجێك هەبێت کە ئەم دینامیکییەتە ڕێکبخات و کۆنترۆڵی بکات، چونکە ئەگەر وا نەبێت دەق چەمك و دەلالەتی خۆی لەدەست دەدات و دەبێت بە کۆمایەك لە وشەی مردوو، نەزۆك و پەرتەوازە کە هیچ لۆژیکێکی ناوخۆیی ڕەگەزەکانی پێکەوە گرێ نادات، هەروەها فرە دەلالەتی دەق

دەپوکێتەوە، کە فرە دەلالەتی خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە مەرجەکانی دەقی کراوەی بونیاد لێکدراو، دیارە فرە دەلالەت بەو مانایە دێت کە دەق خوێندنەوەی هەمەجۆر هەڵدەگرێت.

هەر خوێندنەوەیەك لایەنێك، یان چەند لایەنێکی بابەت خوێندنەوەکە لە خۆ دەگرێت. هەڵبەتە فرەلایەنی و هەمەجۆری ئاستەکانی نیشانەناسی و سیمۆلۆجی بەو مانایە نییە کە هەر لایەنێك، یان ئاستێك بە جیا بەسەر خۆیدا دادەخرێتەوەو لە هەر پەیوەندییەکی هونەری و تەکنیکی دیکە دادەبڕێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەو مانایەیە کە بەسەر لایەن و ئاستەکانی تردا، بەسەر واقیعی دەقەکەدا دەکرێتەوە. بەم پێیە هەر کارێك یان دەقێکی هونەری، سەرباری ئەوەی بە ڕواڵەت سنووردارە، کۆمەڵێك خوێندنەوە لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت، واتە بە کۆمەڵێك خوێندنەوە ئاوس و بارگاوییە، بۆیە ناکرێت دەق وەکو حەقیقەتێکی داخراو تەماشا بکرێت یان مامەڵەی لە تەکدا بکرێت یان بە حەقیقەتێکی داخراو بزانرێت. هەڵبەتە هەر دەقێکیش تایبەتمەندی بونیادی و پێکهاتەیی خۆی هەیە کە لە جۆرەکانی تری تواصلی جیا دەکاتەوە و چوارچێوەو سنووری هەر دەقێك بە سەرەتا و کۆتایی ئەو دەقە دیاری دەکرێت..

بۆیە ئەرکی سەرەکی لێکۆڵینەوەی دەق بریتییە لە شیکردنەوە نیشانە پێکهاتەیی و بونیادییەکانی دەق. دیارە سەرەتاو کۆتایی دەق و نیشانە هەم سنووری سەرەتای دەق دیاری دەکەن و هەم لە دەقە ئەدەبییەکانی تری جیا دەکەنەوە.. هەڵبەتە سەرەتای دەق یان دەستپێکی خوێندنەوە، کاریگەرییەکی فرەی بەسەر خوێنەرەوە هەیە و جۆری مامەڵە و هەڵوێسی خوێنەر دەرهەق بەو دەقەی کە بە نیازە بیخوێنێتەوە دیاری دەکات. واتە سەرەتای بونیاد پتەو خوێنەر بۆ خوێندنەوەی دەقەکە ڕادەکێشێت و وای لێ دەکات تا کۆتایی دەستبەرداری نەبێت و لە گەڵیدا بڕوات.

دیارە بە پێچەوانەشەوە، سەرەتای فشەڵ و سست، ئەگەر باقی دەقەکەش زۆر سفت و سخ و باش بێت، خوێنەر لە دەقەکە دەتۆرێنێت و تەوەلای دەکات و ئەو زەحمەتە بە خۆی نادات لەسەر خوێندنەوەی دەقەکە بەردەوام بێت. دەکرێت سەرەتا بە کلیلی کردنەوەی

دەرگای دەق دابنرێت و هەر سەرەتایە کە شەقڵی تایبەتی و سەربەخۆیی دەق دیاری دەکات. چونکە سەرەتای هەر دەقێك شەقڵێکی تایبەتی و سەربەخۆی هەیە کە لە دەقی تردا دووبارە نابێتەوە، هەڵبەتە سەرەتای حیکایەت و نەقڵی میللی فۆلکلۆری و هەندێك ژانری بچکۆلەی تر لەم ڕێسایە بەدەرن. وەکو: ڕۆژێ لە ڕۆژان، ساڵێ بەو ساڵگارو عەیامە، هەبوو نەبوو، دەگێڕنەوە دەڵێن..

ئەمانە لە تێکڕای حیکایەت و نەقلاندا، با سەر بە ژینگەی کەلتووری جیاوازیش بن، جێگیر و نەگۆڕن و دووبارە دەبنەوە. بە زۆری ئەو دەقانەی کە خوێنەر ڕادەکێشن و کەمەندکێشی دەکەن، ئەو دەقانەن کە سەرەتای زۆر پتەو و جوان و ئەفسووناوییان هەیە. بۆیە دەکرێت سەرەتا ئاماژەیەك بێ بۆ جەوهەرو بوون و ناسنامەی دەق. هەڵبەتە هەندێکیش پێیان وایە سەرەتا و کۆتایی لە کاری ئەدەبیدا، ئەوەندەی سەرو سەختی دەگەڵ مەسەلەو بابەتێکی فیکری- سایکۆلۆژیدا هەیە و بایەخی دەداتێ و دەیانخاتە ڕوو، ئەوەندە لە خەمی خستنە ڕووی مەسەلەیەکی ئەستاتیکی — بەیانیدا نییە.

جا بەم پێودانگە پێویستە سەرەتا زۆر وەستایانە دابڕێژرێت و لە هەوەڵەوە ئاراستەو ڕێڕەوی دەقەکە دیاری بکات. ئیدی سەرەتای دەق دەبێت بە پرد لە نێوان دنیای حەقیقەت و دنیای دەقدا. ئیدی سەرەتاش تا سەرەتا جیاوازە، دەشێت وشەیەك، ڕستەیەك، پەرەگرافێك، لاپەڕەیەك بێت، ئیدی سەرەتای هونەریی پتەوە دەستی خوێنەر دەگرێت و بە ناو مەملەکەتی دەقدا دەیگێڕێت و چرە دەلالەتەکانی نیشان دەدات. یانی بەم پێیە سەرەتا تۆوێکە لە هەوەڵی کێڵگەی دەقدا دەچێنرێت و وردە وردە چەکەرە دەکات، گەشە دەکات و لە شێوەی دەلالەت و مانای زۆر و زەبەندا تەرز دەهاوێت و سەراپای دەقەکە دەتەنێ و خوێنەر بەرەو کۆتایی دەقەکە دەبات کە کۆتایی لێرەدا سنووری دەقەکە و داخرانی دەقەکە بەسەر خۆیدا، وەکو بونیادێکی تایبەتی و سەربەخۆ و جیا لە بونیادە زمانەوانی و تەواصلییەکانی دی، دیاری دەکات. دیارە لێرەدا کۆتایی دەق بەو مانایە نییە کە دەقنووس نەیتوانیوە لەسەر گێڕانەوەی خۆی بەردەوام بێت، بەڵکو بەو مانایەیە کە

گێڕانەوە وەکو زنجیرە ڕووداوێکی یەك لە دوای یەکی هاوپەیوەست بەرەو کۆتاییەکی دیاریکراو دەڕوات.

جا کۆتایی لەم ڕوانگەیەوە دەکاتە هاوتای پێشبینی و چاوەڕوانی، چونکە دەق بۆ خۆی و لە خۆیدا ڕیسکێکی نووسیارییە (کتابی) و دەلالەت و ماناکانی لە گەڵ کۆتاییەکەیدا دێتە زانین و کەشف بوون.. هەرچەندە کۆتایی دەقی ئەدەبی بە گوێرەی خوێندنەوەی هەر خوێنەرێك و لێکدانەوەی هەر وێژەرێك دەگۆڕێت. واتا دەشێت هەر دەقێکی ئەدەبی و هونەری بە ئەندازەی ژمارەی خوێنەرەکانی، ڕاڤە و شرۆڤە هەڵبگرێت. واتە دەق لێرەدا دەبێت بە ژانرێکی مەجازی شرۆڤە و تەئویل هەڵگر، پێویستە تەئویل بکرێت.. هەڵبەتە جیاوازی میتۆد و بۆچوون و خوێندنەوە ڕەخنەوانییەکان لە بواری شرۆڤە و ڕاڤەی دەقێن ئەدەبیدا، لە کرۆك و جەوهەردا دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بۆچوونان لەمەڕ دیاریکردنی نێوەڕۆك و ماهییەتی دەق و خەسڵەت و ئەرکەکانی...

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

*- لذة النص، رولان پارت/ ترجمة: منذر عياشي/مركز الانماء الحضاري ،۲۰۰۲.

*- الاثر المفتوح، امبرتو ايكو /ترجمة: عبدالرحمن بو علي /دار الحوار للنشر والتوزيع، ۲۰۰۱.

*-نظريات القراءة من البنيوية الى جمالية التلقى /ترجمة: د. عبدالرحمن بو علي /دار الحوار للنشر ولتوزيع،۲۰۰۳.

*- التحليل البنيوى للقصة القصيرة /رولان پارت /ترجمة: الدكتور نزار صبرى / مراجعة مالك المطلبى/ الموسوعة الصغيرة ۱۹۸٦.

## ٣٤- سانسۆرو خودسانسۆر

زۆر ڕووداوی مێژوویی وەکو شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرخۆدان و بەرگری، دژی چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان نەتەوەیی یان ئابوری و ڕۆشنبیری، ئەدەبیاتی زیندووی کۆمەڵ مەشخەڵیان هەڵگیرساندووە.. ئەدەبی هەر میللەتێك بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی دروستکردنی ڕووداوی مێژوویی دەبێت لایەنی کەمی ئەم خەسڵەتانەی تێدا بێ:

*-ڕاستگۆیی: ڕووداوی ڕاست تەنیا ئەدەبی ڕاست وەسفی دەکات و تەنیا ئەدیبانی ڕاستگۆ ئەدەبی ڕاستگۆیانە دەنووسن. نووسەریش لە وەسفی ڕووداوێکدا ڕاستگۆ دەبێت ئەگەر پەیڕەوی هەندێ فاکتەری خودی بکات و بە هیچ جۆرێك لێیان لا نەدات لەوانە:

*-هەڵچوون و هەژان و هاڕوژان، ئەو نووسەرەی هەڵچوونی نەبێت یان ڕووداو نەیهەژێنێ، لە گەڵیدا تێکەڵ نابێت. هەڵچوون بەرەنجامی وەعی و هوشیاری تاکە بە بایەخی ڕووداوەکەو زیندوویەتی ڕووداوەکەو دروستی ئەزموونی نووسەرەکە، بۆیە ئەگەر نووسەر لە هەڵچوونەکەیدا ڕاستگۆ نەبێت، یا ڕووداوەکە لە قاڵبێکی درۆزنانەدا دەشێوێنێ یا وەکو بێگار لە کۆڵی خۆی دەکاتەوەو ئەوسا ڕووداوەکە مرداردەبێتەوەو هیچ کاریگەرییەك بەجێ ناهێڵێت و نابێت بە بەڵگەنامەیەکی ڕاستگۆ، کە بە داخەوە زۆربەی نووسینی کوردیی ئەمڕۆ لەو حاڵی گیانەڵڵاو بۆگەن بوونەدا دەژی و بزاڤێکی ڕۆشنبیری ڕەسەن و جددی پێ دروست نەکراوە،

*-ئازادی: کە نووسەر ئازاد بوو، لە هەر سانسۆرو خودسانسۆرێك بە دوور بوو، توانی ئازادانە ڕاوبۆچوونی خۆی لەمەڕ ڕووداوێك یان دیاردەیەك دەربڕێ، ئەوا دەربڕینەکەی قاڵب و فۆرمێکی ئەدەبی و هونەری ڕاستگۆیانە وەردەگرێت. بەڵام بە پێچەوانەوە کە ئازادی

نەبوو، لە مقەستی سانسۆر ترساو مقەستی خودسانسۆری بە دەستەوە گرت، ئەوسا ئەدەبەکەی گوزارشت لە ڕووداوەکە ناکات، وێنەیەکی شێواوی باوەڕپێنەکراوی ڕووداوەکە دەخاتە ڕوو کە مەخابن ئەمە حاڵی زۆربەی شیعری ئەمڕۆی کوردییە.

*- هاندەری ڕۆحی: کاتێك هاندەرێکی ڕۆحی پاڵ بە ئەدیبێکەوە دەنێت کە دەست بداتە قەڵەم و خوێندنەوەیەکی هونەرییانە بۆ ڕووداوێك بکات، ئەو کاتە ئەدەبێکی ڕاستەقینە و زیندوو دەخولقێنێ و ئەدەبەکەی دەبێت بە لاپەڕەیەکی پڕشنگداری مێژووی بێ غەل و غەش و نەوەکانی ئاییندە ڕووداوێکی مێژوویی لە فۆڕم و قاڵبی ئەدەبێکی ڕەسەن و پاك و خاوێندا دەخوێننەوە..

## ٣٥- هونەراندن= لەزەتی ئەستاتیکی

"١"

هونەرمەند لە هەر بوارێکی هونەریدا کار بکات، لە سەرێتی ئەستاتیکای مرۆڤانی بخەملێنیٚ و بیگەیەنێتە لوتکە، یارمەتی وەرگر بدات کە بەوپەڕی ئاسانی نێوەڕۆکی گشتی بەرهەم یان کاری هونەری دەرك بکاتو ئەوپەڕی لەزەتی ئەستاتیکی لیٚ وەربگرێت، نەك چەواشەی بکاتو هێندەی کوێرە کۆلاٚنو هەزار ڕیانی ئاڵۆزکاریو پڕ درێژدادڕی بخاتە بەردەمو لە لەزەتی دەرککردنی نێوەڕۆك بێبەشی بکات، بێگەردیو پاکی منداڵییەتی لیٚ گوم بکاتو بیلەوتێنیٚ. چونکە ئەگەر میللەتان لە زۆر بواردا لێکدی جیاوازبن، ئەوا لە بێگەردیی منداڵییەتیدا یەك دەگرنەوەو هەر ئەمەش هەوێنو ئامیانی بنەڕەتی هونەر پێك دێنیٚ. لەگەڵ ئەمەشدا بە هەموو کەسێك ناکرێت بە هونەرو ناهونەرێنریٚ. هەر بۆیە دەبینی ژمارەی هونەرمەندانی مەزنو نەمرو جێگە دەست دیار بە درێژایی ڕۆژگارو تا نهوژی هەر کەمە. هەر هونەرمەندێك لە هەوڵی ئەوەدا بیٚ مۆرکێکی جادوویی ساختەو قەڵب بە هونەرەکەی ببەخشێت، لە ئەستاتیکاو جوانی ڕاستەقینە کە کۆڵەکەی هەر کارێکی هونەری ڕەسەنە، دوور دەکەوێتەوە.

"٢"

هونەرمەند هەقی خۆیەتی بەوە قاییل نەبیٚ کە هونەرەکەی لە چوارچێوەو قاڵبو سنوورانی تەسك بدریٚ، چونکە هونەر بە سروشتی خۆی قاڵب شکێنو سنوور بەزێنەو کۆتو بەندو زیندانو دیوارو ملکەچیو گوێڕایەڵیو وابەستەگی بچووك قەبوڵ ناکات، هەر

لەبەر ئەمە محەلییەتو خۆماڵییەتی بۆ هونەر دەکاتە پردێك بۆ پەڕینەوە بەرەو جیهانییەتو وەدەستهێنانی وابەستەگیو ناسنامەی مرۆڤانی. دیارە مافی خۆشیەتی هەڵپەی شۆرەتو نێوبانگو مەزناتی حەلاڵیش بکات، ئەگەرچی ئەمە لە جیهانە کراوەکاندا بەو ئاسانییەش وەدەست نایەت. ڕێگەی هونەر لە هیچ قۆناغێکی مێژوودا، ڕاستە ڕێگەیەکی بێ کەندو کلۆو هەورازو نشێو و گوڵو گوڵزار نەبووە، جا هەر لەم پێودانگەوە، ئەوەی ڕێگەی هونەر بگرێتە بەر، نەخازما لە کۆمەڵگە پاشکەوتووەکاندا، دەبێ خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کوێرەوەریو هەژاریو ڕاوەدونانو چەوسانەوە ئامادە بکاتو تۆماری مێژوو لەم بوارەدا پڕە لە نموونەی یەجگار ترسناكو دڵتەزێن.

یەکێك لە خەسڵەتو نیشانەکانی ڕەسەنایەتی هونەری، ئارامی ڕواڵەتی و بە کوڵو جۆشی دەروونییە، واتە کاری هونەری لە قولایی ناخی خۆیدا، لە هەناویا، هەڵگری گڕکانانە، شۆڕشێکی هێدیو هێمنو بەردەوامی، دوورە لە هەر چەنەبازیو بانگەشەکاریو هەرزەوێژییەك.

"٣"

بێگومان هونەر پەیوەستە بە ژیانەوە، نەك هەر بەندە بە ژیانەوە، بەڵکو چی وای نەماوە ببێ بە ئەوزارێکی کۆمەلایەتی بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندیو ئامانجە هاوبەشەکان، ئامرازێکە دەخرێتە خزمەتی میللەتەوە بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجێن دادوەریو یەکسانیو پێشکەوتن. بۆیە هونەرمەند نابێ لە هیچ هەلومەرجێکدا و بە هیچ بیانوویەك دوورەپەرێز بوەستێو بچێتە قاوغی خۆیەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ تێکەڵی ڕووداوەکان ببێو بچێتە ناو کۆمەڵگەوە، چاودێری ڕەوتی پێشڤەچوونی کۆمەڵگەو دیاردەو ڕووداوەکان بکات، شییان بکاتەوەو بیانفەلسەفێنێ، تا لە ئەنجامدا هەڵوێستگیرییەکی ئەوتۆیان لەمەڕ بکات کە هاوتای جوانیو بەرزی هونەر بێ، هەڵوێستێکی هونەری پاكو بێگەرد کە زادەو بەرەنجامو هەڵقولاوی پێداویستییە کۆمەلایەتییەکانی هونەر بێ، واتە مرۆڤو ئازادی دەکاتە دۆزی سەرەکی هونەر.

"٤"

هونەرمەند لە سەرێتی سروشتو سۆزە مرۆڤانییە پەنهانەکان کەشف بکاتو پەردەیان لەسەر لابداتو وەکو خۆی، بێ گوێدان بە بەرزی یان نزمی، جوانی یا کرێتی ئەو سروشتو سۆزانە، چونکە هەر چییەك بن وێرای جیاوازیو هەڤدژیو هەمە جۆریان تەبیعەتی مرۆڤانین، لە کارێکی هونەری جوانو پوختەدا بەرجەستەی بکاتو بیهونەرێنێ. ئەرکی هونەرمەند لە هیچ حاڵێکدا بریتی نییە لە ئاموچیاریو ئامۆژگاری ئەخلاقیو ڕێنوێنی پەروەردەیی، بەڵکو بریتییە لە داماڵاندنی دەمامکان. شکاندنی کۆتو بەندان، هەڵدانەوەی تاوێرو بەردان تا مێروو- و کرمە قێزەونەکانی ژێری بە دیار بکەوێ. ئەوەی نرخو بەها بە هونەر دەدات، ڕاستگۆییە، ڕاستگۆیی، ڕاستگۆیی،و ئامانجی هونەر حەقیقەتە وەکو چۆن هونەرمەند خۆی دەیبینێ نەك وەکو چۆن کۆمەڵگە گەرەکیەتی.

کاتێك کە هونەرمەند بە شێوازێکی هونەری، بە کەرەستەیەکی هونەری لە توڕەهاتو ساختەکاریو سەلبیاتەکانی ژیانی ڕۆژانە دەدات، ئەمە هەرگیز بە مانای هێرشکردنە سەر ژیان یان ڕەفزکردنی نییە، چونکە دەزانێ لە دەرێی ژیاندا شتێك نییە کەشفی بکاتو بیگۆڕێت بۆ هونەر، هونەریش هەرگیز بە ئاسانی بەدەست نەهاتووە، هەرکەسێك بۆ هەر مەبەستو دۆزێك، هونەر ئیهانە بکات، هونەر لێی هەڵدەگەڕێتەوەو ڕیسوای دەکات. بۆیە هونەرمەند لە سەرێتی بزانێ چ دەڵێتو چۆن گوتاری هونەری خۆی لە ڕێگەی قەناعەت پێکردنەوە بە وەرگر بگەیەنێ.

"٥"

هونەر پیشەیەکی سەختە، سەریەشەخوازییەکی بەردەوامە بێ ئەوەی قازانجێکی مادی بە خاوەنەکەی بگەیەنێ، بە تایبەتی لە وڵاتانی پاشکەوتوودا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەزەتێکی ڕۆحیو ئارامیو دڵنیاییەکی دەروونی ئەوتۆ بە هونەرمەند دەبەخشێت، هەرکە دەستی دایە، ئیدی ناتوانێ دەسبەرداری بێ، دەگەڵ لەدایکبوونی هەر کارێکی فلیڤانی

تازەدا، ژیانی دەگۆڕێ و تازە دەبێتەوە، ڕۆحی گەشکە دەکات. بە کورتیو کرمانجی هونەرمەند لە هونەرەکەیدا دەژیو بە هونەرەکەی دەژێتەوەو ساتە ئاساییو باوەکان بەجێ دێلێ تا هونەر بکات بە نشیمەنی خۆیو نیشتمانی وابەستەگییەکانی خۆی.

هونەری ڕەسەن بە هەموو لقو پۆپەکانییەوە، بەڵگەنامەیەکی هەستو ڕۆحی سەردەمی خۆیەتیو لە زۆر بواری ڕۆحیو دەروونی و مرۆڤانییەوە، بەو ئیحتوبارەی هەوڵێکی بەردەوامە بۆ کەشفو کەوی کردنی هونەرییانەی خود، پشتی پێ دەبەسترێ.. ئیدی هونەرمەند لە سەرێتی لە هیچ ساتێکی هونەری خۆیدا، بێگەردیو پاکیو سادەیی منداڵییەتی فەرامۆش نەکات. دەبێ بە باڵی منداڵییەتی بەرز بەرز بفڕێ، سنوورو ئاقارو کەوشەنو مەرزان ببڕێ، بارگەی خۆی لە نیشتمانی هونەردا بخات و بە زمانی هونەر سەرلەبەری تیرەی بەشەر بدوێنێ.

# ٣٦- خەیاڵ

"١"

خەیاڵ بە فانتازیاشەوە دەکاتە ئاوێتەکردنی هونەرییانەی واقیعی ناوەوەو دەرەوەی دەق بە شێوەیەکی سەیرو چاوەڕوان نەکراو و باوەڕکەردەنی.. بۆیە ئەگەر خەیاڵ و فانتازیا بە مەبەستی خولقاندنی سیحرو جادوویەکی تایبەتی ئەوتۆ نەبێت کە شتە نائاشناو ناباوەکانمان لە لا ئاشناو باو بکات، دەچێتە خانەی فەندبازییەوە! مەبەستی فانتازیا دەبێت بریتی بێت لە پشکنینی واقیعی ئینسانی، بۆیە خەیاڵ و فانتازیاو ئەو زاراوانەی دی کە ئاماژە بۆ دوورکەوتنەوە لە واقیع دەکەن، لە هەمان کاتدا ئەو هۆیانەن کە لە ڕێگایانەوە ئەو واقیعەی پێ کەشف دەکرێت. کەواتە خەیاڵ بە گشتی و فانتازیا بە تایبەتی-کە خەیاڵێکی لە واقیع بالاتری فرە دەوڵەمەندە-یارمەتی خوێنەر دەدات تا بە شێوەیەکی هونەرییانەی ناسك لە واقیع بگات و بۆ نیشاندانی واقیعی دەقە، بە شێوەیەکی هونەری پەسندو پڕ لەزەت و ڕۆح پەروەر. واتا ژیان و ئەزموون و خەیاڵی دەوڵەمەند سێکوچکەی ئەدەبی مرۆڤانی ڕاستگۆ پێك دێنن و لێرەوە دێمە سەر وەڵامی ئەم پرسیارە کە دەکرێ دەقی چیرۆکێك هیچ ڕیشەیەکی واقیعی نەبێت و زیاتر زادەی خەیاڵی ڕووتی چیرۆکنووس بێت؟

ئەدەبیاتی کوردی، کاروانێکی بەردەوامی بێ پچڕانەوە نەبووە، زۆرجار ئەم کاروانە لە سۆنگەی گەلێك هۆی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە تووشی دابڕان یان خاوبوونەوەو سستبوون بووەو سەرلەنوێ و لە شوێنێکی دیدا دەستی پێکردووەتەوە.. دیارە ئەم دابڕانانە لە دەرێی دەسەڵات و ویستی ئێمەی کوردا ڕوویان داوەو بەرەنجامی سروشتی و ئاسایی گۆڕانکارییەکانی ناوجەرگەی کوردەواری نەبووەو پاشاگەردانییان بەگەڵ خۆ خستووە،

چونکە هەر گۆڕانێك ئەگەر زادەو بەرەنجامی ئاسایی و سروشتی کارو کاردانەوەی ناوجەرگەی کۆمەڵگە نەبێت جگە لە پاشاگەردانی چ شتێکی دی لێ چاوەڕوان ناکرێت.

بۆیە زۆر ئاساییە گەر ئەدەبیاتی کوردییش وەکو چالاکییەکی زهنی مرۆڤ لەم پاشاگەردانییە نەخەلەسی بێت! لای ئێمە لە بواری چیرۆکنووسیدا بە شێوەیەکی گشتی گوێ بە خولقاندنی قارەمان نەدراوە. گەشەکردنی ئاسایی و خۆڕسکی قارەمان ڕەچاو نەکراوە. قارەمانانی ناو چیرۆکی ئێمە زۆربەیان وا دێنە بەرچاو تەنیا بۆ ئەوە قوت کرابنەوە تا هەریەکێکیان بەشێك لە بۆچوونی کۆمەڵایەتی یان سیاسی نووسەر- ئەگەر بۆچوونیان هەبێت!- ڕابگەیەنن و بیلێنەوە.. ئەمەش زادەی زهنیەتگەرایی و دووری نووسەرە لە ئەزموونە زیندووەکانی ژیان.. بۆیە قارەمانەکان نمودو ژیانی تایبەتی خۆیان نییە و زیاتر لەو یاوەرە بێدەسەلاتانە دەچن کە لە مەجلیساندا بە ناچاری درۆی ئاغاو سەردارەکانیان تەسدیق و پینە دەکەن.

نووسەر پتر لە هەوڵی ئەوەدایە کە لە بری خولقاندنی بەرهەمێکی ئەدەبی هونەری، بەیاننامەیەکی کاڵوکرچی کۆمەڵایەتی یان سیاسی بنووسێت و ڕاوبۆچوونی خۆی لەو بوارەدا دەربڕێت و ئەوسا بە تۆبزی بۆچوون و دروستی بۆچوونەکانی خۆیان بەسەردا ساغ بکاتەوە.

نووسەر، خوێنەر ناخاتە ناو ڕووداوەکانەوە، بەڵکو ڕووداوەکانی بۆ شەرح و شرۆڤە دەکات، وەکو حەکایەتخوانێکی کەم دەسەلات بۆی دەگێڕێتەوە. هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاستی زمانی بێتە خوارێ بۆ ئاستی زمانی ڕۆژنامەوانی، نەك ناسکە زمانێکی پڕ خەیاڵ و ئاوس بە هەزارو یەك خەونی ڕەنگاو ڕەنگی چیرۆکڤانی.. چیرۆکنووس دێت ویستەکانی خۆی شرۆڤە دەکات، حاڵبووکی دەبێت ئەو مەبەست و ویستانە بگۆڕێت بۆ کیان و بوونێکی حیسی پڕ هونەرو لە هەست و نەستی خوێنەردا واقیعییەتیان پێ ببەخشێت و پەیڕەوی ئەو پرەنسیپە بکات کە واقیعیترین دەق ناکاتە کۆپی کردنەوەی موو بە مووی واقیع.

"٢"

خەیاڵ بە حوکمی ئەوەی ڕەگەزێکی هەرە بنەڕەتی هونەرە، پێویستە بە شێوەیەکی هونەرییانەی ئەوتۆ ئاوێتەی دیمەنە واقیعییەکان ببێ کە ئەم دیمەنە واقیعییانە چەمکی ڕەمزییەت پەیدا بکەن و هەستێکی بالاتر لە چەمکی ڕواڵەتی چیرۆکەکە لە لای خوێنەر دروست بکات.

زۆربەی چیرۆکنووسانی ئێمە ڕووداوی سادەو بچوك و ڕەوتەنی تەمەن کورتی ژیانی خەڵکی، یان شتی زۆر زهنی نەجەرِبێنراو هەڵدەبژێرن و ناتوانن بە زەبری خەیاڵی هونەری گیانی نەمری بە بەردا بکەن، بۆیە ئەم چیرۆکانە زوو کاڵ دەبنەوەو تازەیی و لایەنی هونەریی دەدۆڕێنن و ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر کورت هەندێ بایەخی کۆمەلایەتی یان سیاسی یان ئەخلاقی بەدەست بێنن، ئەوا بە حوکمی ئەوەی بایەخی هونەرییان نابێت، زوو بیر دەچنەوە. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی هونەرییانە لە زاراوەی واقیع و واقیعییەت.. واقیعییەت بریتی نییە لە کۆپی کردنی موو بە مووی دیاردەو ڕووداو و حاڵەتە پەرِاگەندەو پەرتەوازەکانی ناو ژیان، بەڵکو بریتییە لە خولقاندن و خولقاندنەوەی واقیع.

هەڵبەتە ئەمەش تەنیا بە رەعەمەل هێنانی هونەرییانەی خەون و خەیاڵی دەوڵەمەندو ئەزموونی قووڵ دێتە دی و هەر ئەدەبێك لە واقیع بالاتر نەبێت وەکو ئەدەبی کوردی لە جێی خۆی ئەم پێ و ئەو پێ دەکات. خەوشی هەرە گەورەی ئەدەبیاتی کوردی ئەوەیە کە پتر ئەدەبیاتی دروشمکاری بووە.. ئەمەش بە تواناترین نووسەری دووچاری سەرگەردانی کردووەو وای لێ کردووە لەوە غافڵ بێت کە ئەرکی چیرۆکنووس ئەوە نییە بێت ڕووداوێکی کۆمەلایەتی یان ئاشقێنی یان سیاسی شرۆڤە بکات یان بگێڕێتەوە.. بەمەش هەم لە واقیعییەت و هەم لە خەیاڵ و فانتازیا دوور کەوتوونەتەوە کە دوو ڕووی یەك پارچە دراون.

فانتازییەت بەشێکە لە تەبیعەتی هەر مرۆڤێك کە بۆ خۆی واقیع و واقیعییەتێکی حاشا هەڵنەگرەو هیچ مرۆڤێك نییە لە فانتازیا بەدەربێت.. دەقیش خولقێنراوی هزرو بیری

مرۆڤە، بۆیە پێویستە فانتازیا لە مەودایەکی ڕەمزیداو بە مەبەستی بە حیسی کردنی ئەزموونەکان و بە شێوەیەکی هونەرییانە ڕەعەمەل بهێنرێت، نەك بە مەبەستی تەجریدکردن و نامەفهووم کردنی کاری هونەری. چونکە لەم حاڵەتەدا دەوری خۆی دەدۆڕێنێ و دەبێت بە جۆرێك لە فەندبازی و بازوونواندنی تەمەن کورت. بۆیە گەر هاوسەنگییەك لە نێوان ژیان و ئەزموون وخەیاڵ بەرقەرار نەکرێت، ئەوا دەقی ئەدەبی نامەێت و هەڵدەبزڕکێ.

لە چیرۆکی کوردیدا، قارەمان بە زۆری و لە باشترین حاڵەتدا، تاپۆیەکی بێناسنامەو گومناوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە چیرۆکنووس لە واقیعی ژیاندا نەیناسیوە یان هاوشێوەیەکی قارەمانەکەی خۆی نەناسیوە تا خوێندنەوەیەکی هونەریی بۆ بکات و بە زەبری خەیاڵ لە واقیعی ژیانەوە بۆ واقیعی هونەریی بگوازێتەوە.. بێگومان تەنیا ئەزموونی دەوڵەمەندو سەرنجی تیژو خوێندنەوەی دروست و هونەرییانە و جیهانبینی مرۆڤدۆستانە ئەو توانایە بە نووسەر دەبەخشێت.. دەنا خەیاڵ گەر لە واقیعدا ڕەگ دانەکوتێت و واقیع و خەیاڵ بە شێوەیەك ئاوێتەی یەکتر نەبن کە خوێنەر ئەمیانی لێ ببێت بە ئەو و ئەویانی لێ ببێت بە ئەم و لە دوا ئەنجامدا لەزەتێکی ئەستاتیکی لە دەقێکی هونەریی یەکگرتووی یەکپارچە وەربگرێت، ئەوا نووسەر هیچ بە هیچ ناکات..

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر دەقی ئەدەبی خەونی قووڵ و خەیاڵی دەوڵەمەندو چڕی تیا نەبێت و نەبن بە دوو شادەمارەکەی دەق، ئەوا دەق تووشی کەم خوێنی ئەدەبی و داهێنان دەبێت و وەکو تەیری باڵشکاو بێهودە بە تەمای بەرزە فڕی دەبێت. بۆیە نووسەر لە سەرێتی لە ڕێگەی بەرهەمی پڕ ئەفراندنی فرە دەلالەتی قووڵەوە، خۆی لە خوێنەری تەمەڵ بپارێزێت و پرۆسەی خوێندنەوە لە مەسحی خارجی ڕەگەزەکانەوە، بگوازێتەوە بۆ قووڵاییی دەلالەتەکان و لەوێندەرەوە شتە شاراوەو پەنهان و پێوارەکان بێتە کەشف کردن و چیتر ئەرکی دەق بە وەعزدادان و ئامۆژگاری کۆمەڵایەتی و سیاسی نەزانێت..

## ٣٧- گۆگۆڵ ( ١٨٠٩-١٨٥٢ )

## ژیان و بەرهەمی

## (کورتەیەك لەمەڕ ئەدەبیاتی ڕوسی )

"١"

ئەدەبیاتی ڕوسی، یەکێکە لە ئەدەبیاتە دەوڵەمەندەکانی جیهان و زۆر شاکاری پوختەو شایستەو نەمری لەخۆ گرتووە. ئەدیبانی ڕوس، خۆیان لە بوارو مەیدانە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیاتدا تاقیکردووەتەوەو قەڵەمڕانیان کردووە. بە تایبەتی لە مەیدانی ڕۆماندا گەییونەتە پایەیەکی بەرز. کەڵە نووسەرانی ڕوس خۆیان لە بابەتە مرۆڤانییە هەستیارو زیندووەکان داوە، وەکو: مانای حەقیقەت، ئامانجی ژیانی مرۆڤانی، چارەنووسی تیرەی بەشەر، کەرامەتی تاك و.. بە جیهانبینییەکی ڕەخنەگرانەی پۆزەتیفەوەو بە نەفەسێکی هونەری و هونەرمەندانەوە مامەڵەیان دەگەڵ مرۆڤ و ئازادی مرۆڤ و ژینگەی مرۆڤانی کردووە. لایەنە نێگەتیف و هەڵەو خەتا بەشەرییەکانیان نە پەردەپۆش کردووەو نە لە قەوارەی خۆیشی گەورەتریان نیشان داوە. ئەم چەشنە مامەڵە هونەرییە، کە دەچێتە خانەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەوە، لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەیەمی ڕوسییەو لەوێوە پەڕیوەتەوە بۆ ناو ئەدەبیاتی جیهان و لاسایی کراوەتەوە.

ئەگەر سەرنجێکی خێرای سەرەتاکانی ئەدەبیاتی ڕوسیا بدەین، بە ئاشکرا کاریگەری و سێبەری ئەدەبیاتی ئەوروپایی و غەیرە ئەوروپایی پێوە دیارە. بەڵام کە تاتارەکان لە

سەدەی سیازدەیەمدا پەلاماری ڕوسیایان داو بۆ ماوەی نزیکەی دووسەدەو نیو خستیانە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیانەوە، ئیدی وڵاتی ڕوسیا لە کاریگەری هزرو بیرو ڕۆشنبیریی دوا قۆناغەکانی سەدەکانی ناڤین و سەرەتاکانی سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپا مەحروم بوو. بەڵام کە تاتارەکان لە سەدەی پازدەیەمدا شکستیان هێنا، ڕوسیا جارێکی دی پەیوەندی دەگەڵ ئەوروپادا پەیدا کردەوەو هزروبیرێن فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و ژانرێن تازەی ئەدەبی ئەوروپایی هاتنە ناو ڕوسیاوەو تەماسی ئەبستمۆلۆجی لە نێوانیاندا چێ بوو. ئیدی لێرەوە جۆرە ناکۆکی و هەڤدژییەك لە نێوان هزرێن تازەو کۆندا پەیدا بوو. ئەم هەڤدژی و ناکۆکییە تا سەدەیەك لە ئەدەبیات و هزری ڕوسیدا بەردەوام بوو، تا شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ بەرپابوو، هەروەها قۆناغێکی تازە دەستی پێکرد و ئەدەبیاتی ڕوسیای سۆڤییەتی سەری هەڵدا.

"٢"

دوای ئەوەی لە سەدەی دەیەمی زایینیدا، مەسیحییەت لە ڕێگەی بیزانسەوە (بیزەنتیە) لە نێو سلاڤەکاندا بڵاو بووەوە، ئەدەبیاتی نووسراوی ڕوسی دەستی پێکرد. بەکارهێنانی زمانی سلاڤی کلێسایی وەکو زمانی ئایینی و ئەدەبی، زادەی کاریگەریی و دەسەڵاتی شارستانییەتی بیزانسە، بەسەر شارستانییەت و کەلتووری ڕوسی دەڤەرو قەڵەمڕەوی کییفەوە. واتە شارستانییەت و کەلتووری ڕوسی دەڤەرو قەڵمڕەوی کییف لەژێر کاریگەری شارستانییەت و کەلتووری بیزانسدا بووە. ئەو بەرهەمە سەرەتاییانەی کە بە زمانی سلاڤی کلێسایی نووسراون، زیاتر مۆرکی ئاینییان بەسەردا زاڵە و لە ڕووی بابەتەوە پتر لایەنی فێرکارییان هەبووە.

یەکەمین شاکاری نووسراوی ئەدەبیاتی ڕوسی سروودی سوپار ئیگۆرە (دەوروبەری ساڵی ١١٨٧). ئەم بەرهەمە، لە چاو واقیعی داڕوخاویی کەلتووری، سەردەمی داگیرکاری تاتاردا زۆر جیاوازە. لە سەرەتاکانی سەدەی پازدەیەمدا، کەشیشێکی خەڵکی ڕیازان، بە

نێوی سوفونیا بە بۆنەی سەرکەوتنی ڕوسەکان (ساڵی ١٣٨٥) بەسەر تاتارەکاندا لە کولیکوڤادا، بەیتێکی داستان ئامێزی (ئەودیوی ڕوباری دۆن) هۆنیوەتەوە. هەر لەو سەروبەندەدا نووسەرێکی دیکە بە نێوی ئافاناسی نیکیتین، کتێبێکی بە ناونیشانی (سەفەرێك بۆ ئەو دیوی سێ دەریا) نووسی.

پاش سەرهەڵدانی حکومەتی دۆکنشینی مۆسکۆو شکست و لە نێوچوونی تاتاران، چالاکی ئەدەبی تا ڕادەیەکی زۆر پەرەی سەند، بەڵام هێشتا مەیل و ئارەزووی مەزەبی تا ڕادەیەکی زۆر هەر جێگیرو زاڵ بوو. هەرچەندە دەسەلاتی خودموختاری تزارەکان و ئاژاوەی سیاسی و مەزەبی خۆی لە خۆیدا کۆسپ و تەگەرە بوون لە بەردەم گەشەکردنی ئەدەبیاتی ڕوسیدا، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ بەرهەمی ڕیزپەڕ لە سەدەکانی شازدەو هەڤدەدا پەیدابوون کە یەکێك لەو بەرهەمانە نووسین و نامەکاری نێوان تزار ئیڤانی سامناك و شازادە ئاندرێ میخایلۆڤیچ کوربسکی بوو (١٥٢٨-١٥٨٣) کە سەردەمانێك دۆستی تزار بوو، پاشان پەیوەندی بە پۆڵەندییەکانەوە کردبوو.

ئەم نامانە بریتین لە گلەیی و تۆمەتبارکردن و پاکانەو بەرپەرچدانەوە، نیشانەی زاڵی هەردووکیانە بەسەر زماندا. هەروەها ئەو دوبەرەکییە گەورەیەی کە لە نیوەی سەدەی هەڤدەدا کەوتە کڵێسای ڕوسیاوە، کردییە کارێك کە یەکەمین بەرهەم بە زمانی ڕوسی میللی، ڕۆژانە بێتە نووسین کە بریتی بوو لە ژیننامەی کەشیشێك بە نێوی ئاڤاکۆم (لە ساڵی ١٦٨٢دا کوژراوە). ئەم بەرهەمە دەنگێکی زۆری دایەوەو کەشیشی نێوبراو بە خۆی نووسی بووی.

لە سەدەی هەڤدەدا کاریگەریی ڕۆژاوا بەسەر ڕوسیاوە، تەواو خویاو ئاشکراو دیار بوو.زۆر بەرهەمی بیانی پاچڤە کران بۆ زمانی ڕوسی و لە ساڵی ١٦٦٢دا یەکەمین شانۆی ڕوسی هاتە دامەزراندن.

"٣"

سەردەمی زێڕینی ئەدەبیاتی ڕوسی لە سەردەمی سەڵتەنەت و پاشایەتی پوتروسی گەورەدا دەستی پێکرد، کە لە سەردەمی ئەودا بیری غەربسازی ڕوسیا زۆر بە خێرایی تەشەنەی دەکرد و دەچووە پێشێ. لە سەردەمی ئەودا دەسکاری ئەلفبای ڕوسی کرا، بلاۆکردنەوەی بەرهەمی ڕوسی بە زمانی زگماك دەستی پێکرد، پەیوەندی و تەماسی نزیك دەگەڵ ئەوروپادا بووە مایەی ئەوەی تەکنیك و شێوەێن ڕۆژئاوایی لە ئەدەبی ڕوسیدا بەکاربهێنرێ. شازادە ئا.د.کانتمیر هەوڵیدا لە ڕێگەی پاچڤەی بەرهەمێن بیانی و نموونەی ئەدەبیاتی ڕۆژئاواییەوە، ڕوسیاو ڕوسیان بە هزروبیری ڕۆژئاواییان ئاشنا بکات و بیانگەیەنێتە ئاستی ئەوان. لامانۆسۆف، شیعری ڕوسی گەیاندە ئاست و پایەیەکی بەرز. سۆمارۆکۆوف، لە فابیل و شانۆنامەکانی خۆیدا نێوەڕۆك و بابەتی ڕوسی لە قاڵب و فۆرم و شێوازی ئەوروپاییدا بەرجەستە دەکردو ئەمە بوو بە بناغەو سەرەتای درامای ڕوسی.

یکاترینای دووەم کە لە (١٧٦٢-١٧٩٦)دا فەرمانڕەوای ڕوسیا بوو، هاندەری شانۆنامەو شانۆ بوو. لە ئەدەبیاتی سەردەمی ئەودا، نیشاندانی بابەت و نێوەڕۆکی کلاسیك لە قاڵبی تەنزو هەجوودا سەری هەڵدا، ئەم میتۆدو ڕەوشە لە شانۆنامەکانی خودی یکاتریناو لە گۆڤارە کۆمیکییەکەی نۆڤیکۆف و تەنانەت لە چامە درێژەکانی درژاڤین-شدا دەبینرێت. شجریاتۆف (١٧٣٣-١٧٩٥) بۆ یەکەمجار ڕەخنەی کۆمەلاٌیەتی و سیاسی بە کتێبێك بە ناونیشانی (دەربارەی داڕوخانی ئەخلاق) دەست پێکرد. گۆڤارە کۆمیکییەکەی نۆڤیکۆف و کتێبی (سەفەرێك لە سانپترسبۆرگەوە بۆ مۆسکۆ-١٧٩٥) کە لە نووسینی ڕادیشچفە (١٧٤٩-١٨٥٢) درێژەی هەمان ڕەوتی ڕەخنەیین..

ڕوسیا، لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا تووشی کۆمەڵە شەڕێك بوو، بە تایبەتی جەنگی ناپلیۆن و سووتانی مۆسکۆ و پاشان شکستی ناپلیۆن. ئەمە کردییە کارێك کە گۆڕان لە بیرو هزرینی ڕوسەکاندا دروست ببێت و داوای ڕیفۆرم بکەن و عەودالی ناسنامەی نەتەوەیی خۆ بن. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا بزاڤی ڕۆمانتیزم و سۆزپەروەری لە

ڕێگەی بریتانیاو ئەڵمانیاوە هاتە ناو ئەدەبیاتی ڕوسییەوەو جێگەی بە دەسەڵات و کاریگەری ئەدەبیاتی فەڕەنسی لێژ کرد. یەکێك لە پێشەنگانی ئەم گۆڕانکارییە کارامزینە، کە هونەری کورتە چیرۆکی هێنایە ناو ئەدەبیاتی ڕوسییەوە. یەکێکی دی لەو پێشەنگانە ژۆکۆفسکی بوو کە هەناسەی ڕۆمانتیزمی بە بەر شیعرو ئەدەبیاتی ڕوسیدا کرد.

کونستانتین باتیوشکۆف (١٧٨٧-١٨٥٥) یەکێك بوو لە شاعیرە داهێنەرەکانی ئەم قۆناغە، هەروەها فابیلەکانی کریلۆف-ش کە لە بواری دەوڵەمەندکردنی زمانی ڕوسیدا کاریگەر بوون. بەوجۆرە زمانی ڕوسی بەرەبەرە برەوی سەندو گەشەی کردو بوو بە زمانی دەربڕین و گوزارشتی ئەدەبی و هونەری.

گەورەترین شاعیری ڕۆمانتیکی ڕوسیا پوشکینە کە بە شۆڕەسواری مەیدانی شیعری ڕوسیا دەژمێررێت، ئەگەرچی هەندێ کەس لیرمانتۆفیان پێ لەو گەورەترە.

لە زەمانی پوتروسی گەورەوە، دووبەرەکی و هەڤدژییەکی هزری لە نێو ڕوسەکاندا هەبوو، جەماعەتێك لایەنگری ڕۆژئاواو غەربسازی بوون و جەماعەتێکی دی لایەنگری ڕۆشنبیری و کەلتووری خۆماڵی و نەتەوەیی بوون. ئەم ناکۆکی و هەڤدژییە لە دەیەی چوارەمی سەدەی نۆزدەوە پتر قووڵ بووەوەو لە نێو جەماعەتی هەواداری کەلتووری خۆماڵیدا بزوتنەوەیەك دروست بوو بە نێوی بزاڤی (سلاڤدۆستان). هەرچەندە لە نێو پەیڕەوکارانی ئەم بزاڤەدا ئەدیبانی گەورە نەبوون، بەڵام بزاڤی ناڤبری لە ڕێگەی بەرهەمێن کەسانی میناکی کاتکۆفەوە کارێکی گەورەی کردە سەر ڕەوش و ڕەوتی هزرو هزرینی گشتی ئەو قۆناغ و ڕۆژە. لەم لاشەوە بیلینسکی، ڕەخنەگری بە نێوبانگ، گەورەترین پەیڤداری غەربیسازەکان بوو.

لەگەڵ دەرکەوتنی گۆگۆل-دا، بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی چیرۆکی پاڵتۆ (١٨٤٢) ئیدی ئەدەبیاتی ڕوسی چووە قۆناغێکی تازەوەو بەرەبەرە ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی ڕیالیزم خۆش بوو، کە دروشمەکەی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و بابەتەکەی جەماوەری خەڵك بوو،

به تایبەتی دێهاتیان و چینی مامناوەندی کۆمەڵگە. نیکراسۆف ئەم ڕەوش و ڕێبازەی لە شیعردا بەکارهێنا و ئەوسا گانچارۆف و سالتیکۆف هەمان ڕێچکەی ئەویان گرتەبەر و سەرەنجام سێ کەڵە ڕۆماننووس پەیدا بوون کە بریتی بوون لە: تورگینیف، دۆستۆیفسکی و تۆلستۆی، کە بوون بە ڕێبوارانی هەمان ڕێگا. چیخۆف ڕێبازی ڕیالیزمی لە کورتە چیرۆکەکانی خۆیدا گەیاندە لوتکە. باشترین شانۆنامەی ڕیالیستی ئەم قۆناغە لە لایەن چیخۆف و ئا.ئاسترۆفسکی یەوە نووسران.. بەو جۆرە سەردەمی زێڕینی ئەدەبیاتی ڕوسی گەییە لوتکە و ئەدەبی ڕوسی بەگەڵ کاروانی ئەدەبیاتی جیهانی کەوت و جیهانییەتی پەیدا کرد.

لە هەنبەر بزوتنەوەی ڕیالیزمدا، کاردانەوەیەکی ئەدەبی بە ناوی ڕەمزییەت و سەمبولیزمەوە سەری هەڵدا کە لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەداو لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ڕەونەقێکی باشی پەیداکرد و نموونەی سەمبولیزم لە بەرهەمەکانی: ئا.بلی، و ئا.ئا.بلوکدا دەبینرێت. ئەم کاردانەوەیە لە بەرهەمە مەزەبی و فەلسەفییەکانی سۆلۆفیۆڤ و ڕۆمانە مێژووییەکانی مرژکۆفسکی-دا خویاو دیارە.

یەکێك لە سەرئامەدانی مەیدانی چیرۆك مەکسیم گۆرکی بوو، کە تۆوی شۆڕشێکی لە زەمینەی ڕیالیزمی ڕوسیدا داچاند. زۆر نووسەری دیکە بە چاولێکەری گۆرکی هەمان ڕێچکەو ڕێبازی ئەویان گرتەبەر لەوانە: ل.ئاندریف، ئە.ئا.بونین کە خەلاتی نۆبلی وەرگرت و تا سەر لەسەر هەمان ڕێبازی ڕیالیزمی کۆن و محافەزەکارانەی ڕوسی مایەوە..

"٤"

گۆگۆل هەر لە منداڵییەوە حەزی دەکرد ببێت بە شتێکی گەورەو دەورێکی گرینگ لە ژیاندا ببینێ و ناوێکی پڕخزمەت و نەمر بێت. هێشتا قوتابی قۆناغی خوێندنی دواناوەندی بووە، کاغەزێکی بۆ خزمێکی نووسیوە تیایدا دەڵێت: "کە جارجار بیر لەوە دەکەمەوە بمرم و فریا نەکەوم کارێکی گەورەی ئەوتۆ ئەنجام بدەم کە ناوم بخاتە سەر زاران،

ئارەقەیەکی سارد دەنیشێتە سەر ڕووم. بەڕاستی زۆر ئەستەمە مرۆڤ لەم دنیایەدا بژی، بێ ئەوەی کارێکی وەها ئەنجام بدات، ماقوولییەت بە بوونی ببەخشێت. بیرم لە هەموو کارو فرمانێك کردەوە، لێبڕام ببم بە ئەوقات و ئەوقاتی بکەم. چونکە پێموایە ئەم مەیدانە لە هەر مەیدانێکی دی هەڕاوترە بۆ کارکردن. تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانم خزمەتی تیرەی بەشەر بکەم."هەڵبەتە ئەم ئاواتەی گۆگۆل نەهاتە دی. لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا وازی لە زانستگە هێنا. ڕووی کردە سانپترسبۆرگی پایتەخت، ویستی وەزیفەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە، لێ بێهودە.. ویستی وەکو ئەکتەر لە بواری نواندندا کار بکات، لەمەشیاندا سەرنەکەوت، چونکە دەنگی نزم و لەشولاری وردیلەو کەم نموود بوو.

لە هەرەتی نائومێدیدا بیری کەوتەوە کە کۆمەڵە شیعرێکی هەیەو لە ڕۆژانی قوتابییەتیدا نووسیونی، لەگەڵ خۆیدا بردی و بەسەر وەشانخانەکانیا گێڕا بە ئومێدی چاپ و بڵاوکردنەوەیان، کەس نەچووە ژێرباری ئەو کارە. ناچار لەسەر ئەرکی خۆی بڵاوی کردەوە، ڕەخنەگران و ئەهلی ئەدەبیات زۆر بە توندی هێرشیان کردە سەری و ناچاربوو لە بازاڕو کتێبخانەکاندا کۆی بکاتەوەو بیسوتێنێت.. ویستی سەری خۆی هەڵبگرێت و بڕوات، سواری کەشتی بوو کە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕوات. لێ بەرلەوەی کەشتییەکە لە ڕوسیا دەربچێت، ژێوان بووەوەو دابەزی. بڕیاری دا کۆڵ نەدات و لە ڕای ئاوات و ئامانجەکانیدا بخەبتێ. ئیدی کارێکی ئاسایی قەڵەمی وەدەستهێناو لەو کارەوە هەوێنی وماکی شانۆنامەی"جەنابی موفەتیش"ی هەڵێنجا.

گۆگۆل، بە ئەدەبی تەنزوسەتیر بە نێوبانگ بوو. لە پشت پەردەی تەوس و توانج و گاڵتەجاڕییەوە ڕەخنەی توندی دەگرت. لەمبارەیەوە دەڵێت: "بابەتی تەوس و شۆخی لە هەموو شوێنێکدا هەیە، بەڵام ئێمە هەستی پێ ناکەین چونکە لە ناوجەرگەیدا دەژین، تیایدا نقووم بووین، بەڵام گاڤێ هونەرمەندێك بە شێوازی تایبەتی خۆی مامەڵەی لە تەکدا دەکات و مالیجەی دەکات و لەسەر شانۆ دەیبینین، لە پێکەنیندا خۆمان پێ ناگیرێت، سەرمان لە خۆ سوڕدەمێنێت کە چۆن پێشتر هەستمان پێ نەکردووە."

گۆگۆل، پاش کۆمەڵە شیعرە ناکامەکەی، لە ساڵی ١٨٣٢دا کتێبی دووەمی لەژێر سەرناڤی"شەوانێك لە گێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا"دا بلاّوکردەوە. ئەم کتێبە سەرکەوتنێکی چاکی وەدەستهێناو گۆگۆل چەشە بوو- و درێژەی بە کاری نووسیندا، ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٣٥دا کتێبی سێیەمی، کە کۆمەڵە چیرۆکێکە بە نێوی"میرگۆرۆد"چاپ و بلاّوکردەوە.. پاشان لێبڕا کتێبێك دەربارەی مێژووی ئۆکرانیای زێدو زاگەی خۆی بنووسێت و کتێبێکی دیکەی هەشت نۆ بەرگی لەسەر مێژووی سەدەکانی ناڤین بنووسێت. لێ کەس ئەو بەرهەمانەی بە چاو نەبینی و لەو بارەیەوە تەنیا چیرۆکە بە نێوبانگەکەی"تاراس بۆڵبا"ی چاپ و بلاّوکرایەوە، کە چیرۆکی ستایشی قارەمانییەتی و سوارچاکی و قوربانی و فیداکارییە. ئەم چیرۆکە مێژووییە بریتییە لە وەسفی ڕووداوە مێژووییەکانی بزاڤ و تەڤگەری ڕزگاریخوازی گەلی ئۆکرانیا بە سەرکردایەتی سەرکردەی نەبەز (تاراس بۆڵبا)، دژی داگیرکەرانی زۆردار.

هەرچەندە گۆگۆل هەوڵی داوەو زۆرجار ڕۆمانتیزم و ڕیالیزمی ئاوێتە کردووە، بەلاّم هەمیشە لایەنی ڕیالیستی بەسەر بەرهەمەکانیدا زاڵبووە، بە تایبەتی لە هەردوو شاکاری:"ڕۆحە مردووەکان و جەنابی موفەتیش"دا. هەرچەندە هەندێك لە ڕەخنەگران پێیان وایە"پوشکین، لیرمانتۆف و گۆگۆل "سێکوچکەی قوتابخانەی ناتورالیستی ڕوسی پێك دێنن، بەلاّم ئەمە بەو مانایە نییە کە واقیعیان وەکو خۆی، وەکو چۆن هەیە کۆپی کردووەتەوە.

گۆگۆل، لە لایەن پوشکینەوە زۆر پشتیوانی کراوە. هەروەها کەڵە ئەدیبی ڕوسیا "دۆستۆیفسکی" دانی بە پێگەو پایەی ڕابەرایەتی گۆگۆل، لە مەیدانی چیرۆکی ڕیالیستیدا ناوەو زۆرجار ئەم گوتەیەی دووبارە کردووەتەوەو گوتویەتی:"هەموومان لە پاڵتۆکەی گۆگۆلەوە هاتووینەتە دەرێ."دیارە مەبەستی لە چیرۆکی پاڵتۆیە کە چیرۆکێکی ڕیالیستی مرۆڤانییە، ئەم چیرۆکە بۆ زۆربەی زمانانی دنیا پاچڤە کراوەو تەنانەت بۆ زمانی کوردیش وەرگێڕراوە. (ڕێزدار جەمال نەبەز لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەم چیرۆکەی لە ئینگلیزییەوە کردووە بە کوردی.)

بابەتی ئەم چیرۆکە بریتییە لە ژیانی خوردە فەرمانبەرێکی گومناو، چەوساوە بە نێوی (ئاکاکی ئاکاکیفیچ) کە هەموو ئاواتێکی ئەوە بووە پاڵتۆیەکی باش بکڕێت. ئاواتەکەی دێتە دی و پاڵتۆ دەکڕێت. بەلاّم بۆ نەگبەتی ئەو هەر زوو پاڵتۆی گۆرین دەدزرێ. ئاکاکی شکات دەباتە لای دایەرە پەیوەندارەکان و تکا دەکات چارێکی بۆ بکەن و پاڵتۆکەی بۆ بدۆزنەوە، بەلاّم لە تەوس و توانج و گاڵتە پێکردن بەولاوە هیچ نادرویێتەوە. لە داخ و حەژمەتاندا نەخۆش دەکەوێت. ئیدی لەو نەخۆشییە ڕاست نابێتەوەو دەمرێت. ئیدی ڕۆح و تارمایی ئەم فەرمانبەرە مردووە، دەکەوێتە ناو شارو چەوسێنەران ڕاودەنێت، گوایە ئەمە تۆڵەی ئەو زوڵم و غەدرو ناهەقییەیە کە لێیان کردووە.

ئەم چیرۆکە نێوەڕۆك مرۆڤانییە، بناغەو هێمی قوتابخانەی ڕیالیزمی لە لای نەسلێك لە نووسەرانی ڕیالیستی ڕوس جێگیر کرد. هەڵبەتە ئەم چیرۆکە هاندەرێکی هونەری بوو بۆ شۆڕشگێڕاندنی خەڵکی، بۆ هاوسۆزیکردن دەگەڵ چەوساوەو کلۆلاّندا. بۆیە یرمیلۆفی ڕەخنەگری سۆڤییەتی ناهەقی نییە کە لە کتێبی (بلیمەتی گۆگۆل)دا بڵێت: "تورەییەکی ژانئامێز لە بندێڕی چیرۆکەکەدا بەدی دەکرێت، چونکە ئەم پاڵتۆیە، ئەم پاڵتۆ سادە یەخە فەرووە هەرزان بەهایە، دەشێت ببێت بە مەسەلەی ژیان یان مردنی مرۆڤێك و چارەنووسی دیاری بکات.."

هەندێك لە ڕەخنەگران پێیان وایە هەندێك لە بەرهەمەکانی گۆگۆل، لەوانە: (کەپو، یاداشتنامەی شێتێك، گالیسکە، وێنە) پردی پەڕینەوەن بۆ قوتابخانەی شیتەڵکاری دەروونی و ڕێبازی سورریالی لە ئەدەب و هونەردا.

گەلێك لە ڕەخنەگران و توێژەران و شارەزایانی بەرهەمی گۆگۆل هەندێك لەم چیرۆکانە بە جۆرە نوکتەیەکی تەوس ئامێز دەزانن و بە مەبەستی تەڵفیزی بە کۆمەڵگەی تزاری و سرووتە کۆنەپەرستییەکانی سیستەمی تزاری بەکار هاتووە.

ئاشکرایە کە جێ دەستی گۆگۆل زۆر بە زەقی بە ئەدەبی ڕیالیستی ڕوسی و جیهانییەوە دیارە.. هەروەها گۆگۆل یەکێکە لەو نووسەرە پڕ بەرهەمانەی کە سەرنجی

دنیای بۆ کەلەپووری فۆلکلۆرو میللی ڕاکێشاوە.. و ئەفسانەو نەقڵ و حیکایەتی خستووەتە خزمەتی کەشف کردنی هونەریانەی لایەنە فەرامۆشکراوەکانی ژیانەوە. مرۆڤدۆستی گۆگۆل کە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە کارێکی وای کردووە، وێڕای ئەوەی پیاوێکی تا سەرمۆخ ڕوسییە، هەموو مرۆڤایەتی و بەرەی پێشکەوتووخوازی بەشەرییەت لە هەر شوێنێکی دنیادا، شانازی پێوە بکەن و بە مولکی خۆیانی بزانن..

"٥"

گۆگۆل مرۆڤێکی سەیروغەریب بوو، لێ بلیمەتی هەمیشە هەر غەریب و عەجیب و نائاساییە.. دیارە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی گەورەش، کە ئافەریدەی دەستی بلیمەتانی نائاساییە، بە سنوورو ئاقارێن نا مەعقوولدا تێ دەپەڕێ. پاڵتۆکەی گۆگۆل یەکێکە لەوشاکارە هەرە زیندووانەی کە خوێنەری ئاسایی بەو ئاسانییە پەی بە ڕازو نهێنییەکانی نابات، هێماو ئاماژەو دەلالەتەکانی پێ هەڵنایەت. لێ خوێنەری جددی گومانی لەوەدا نییە کە مەبەستی سەرەکی گۆگۆل ئەوە بووە کە پەردە لەسەر بارودۆخی بیرۆکراتییەتی ڕوسیا لابدات و لەبەر بارەگای هونەردا بە ڕووت و قووتی ڕاپبگرێت و نیشانی خەڵکی بدات. بەڵام نە ئەوانەی عەودالی پێکەنینێکی پڕ بەدڵن و نە ئەوانەی عەودالی فیکرن، سەر لەوە دەرناکەن کە پاڵتۆ بەڕاستی چی دەڵێ. ئەم چیرۆکە تەنیا خوێنەری زیرەك و بە زەوق و سەلیقەو خولقێنەری دەوێ و بەس. گۆگۆل، لە پاڵتۆدا دەسبەرداری هەموو شتێك بووەو جڵەوی بۆ نەشونماو گەشەکردنی ڕەگەزەکانی چیرۆکەکەشی شل کردووەو چیرۆکێکی زیندوو لەدایك بووەو گەورەترین هونەرمەند لە باوەشی ڕوسیادا پەروەردە بووە.

قارەمانی سەرەکی چیرۆکی پاڵتۆ، خوردە فەرمانبەرێکی گومناوی شەرمنۆك و بێڕووەو لە میانەی شێوازی گۆگۆلەوە، لێرەو لەوێ بەدیاردەکەوێ. ڕەخنەگرانی ڕوسی ئەم چیرۆکەیان بە نارەزایی نامەیەکی کۆمەڵایەتی داناوە. لێ چیرۆکەکە لەم قسانە گەورەترە.

حیکایەتی چیرۆکی پاڵتۆ زۆر سادەیە. فەرمانبەرێکی بچووکی داماو بڕیارێکی گەورە دەدات و پاڵتۆیەکی تازە بە دروون دەدات. کە پاڵتۆکە دێتە سەر ئەوەی تەواوبێت، ئیدی دەبێت بە خەون و خولیاو ئاواتی ژیانی. کەچی لە یەکەم شەوی لەبەرکردنیدا، لە شەقامێکی تاریکدا پاڵتۆکەی لێ دەدزن، لە خەفەتا نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت، ئیدی ڕۆحی سەرگەردانی بە ناو شار دەکەوێ و دەسوڕێتەوە. ئەمە حیکایەتی چیرۆکەکەیە. لێ حیکایەت و ڕووداوی واقیعی، لە شێواز، لە بونیادی ناوەوەی ئەم چیرۆکە بەرزەدا خۆی حەشارداوە. هەموو بەرهەمەکانی گۆگۆل هەر وان. جا بۆ تێگەیشتن و دەرککردنی بایەخی ڕاستەقینەی ئەم چیرۆکە مرۆڤ دەبێت یەك تەقڵەی زهنی بدات تا هەموو ڕێسا باوەکانی ئەدەب لە خۆی دوور بخاتەوەو لە جیهانی خەون و خەیاڵی میتامرۆڤانی نووسەردا، بۆ نووسەر بگەڕێ و تاقیبی بکات و پەیجۆری بکات. بەپێی ئەو هونەرەی کە گۆگۆل لە پاڵتۆدا نواندوویەتی و بەکاری هێناوە، هێڵە هاوتەریبەکان نەك هەر لەگینە بە یەك بگەن، بگرە دەتوانن تێك بئاڵێن و بە سەیرترین شێوە تێك بڕژێن و ئاوێتەی یەکدی بن. بلیمەتی گۆگۆل لەمەدایە. هەڵبەتە تایبەتمەندی ئەم چیرۆکە پتر لە زمانە ڕوسییەکەیدایەو هەر کەسێك ڕوسییەکی زۆر چاك نەزانێت ناتوانێت لە وردەکاری و هونەرکاری ئەم چیرۆکە لەزەت ببینێت و ڕۆحی خۆی پێ پاراوبکات. چونکە کارەکەی گۆگۆل وەکو هەموو دەسکەوتە گەورە ئەدەبییەکان، دیاردەیەکە لە ناو بازنەی زماندا نەك لە ناو بازنەی فیکردا..

"٦"

گۆگۆل یەکەم کەسە کە نۆڤیلێت و کورتە چیرۆکی دەرباری عەوامی خەڵك و ڕەش و ڕووتی کۆمەڵ نووسیوە. بەر لە گۆگۆل هیچ نۆڤلێتێکی میناکی پاڵتۆ کە دەربارەی خوردە فەرمانبەرێکە نەبووە. هەڵبەتە ئەم نۆڤلێتە دەورێکی یەجگار باڵای بینیوە لە پەیدا بوون و سەرهەڵدانی نۆڤلێت و چیرۆکی کورتی واقیعی ئەمڕۆماندا. واتە دنیای چیرۆکی ئەمڕۆ تا

ڕادەیەکی زۆر قەرزارباری نۆڤلێتی پاڵتۆی گۆگۆڵە. دۆستۆیفسکی دەڵێت:"ئێمە هەموومان لەژێر پاڵتۆکەی گۆگۆڵەوە هاتووینەتە دەرێ."دیارە دۆستۆیفسکی لە خۆڕا ئەم قسەیەی نەکردووە. وەکو نووسەرێکی ڕاستگۆ پەی بەوە بردووە کە بەر لە پاڵتۆ چیرۆکێکی واقیعی بەو شێوەو ناوەڕۆکە نەنووسراوە. لەم بارەیەوە دەشێت بڵێین چیرۆکی پاڵتۆ یەکەم سەرامەدی نۆڤیلێتی واقیعییە لە جیهانی چیرۆکدا. یەکەم جاریشە نووسەر هاتووەو قارەمانی چیرۆکەکەی لە نێو چینە چەوساوەو نەدارەکەوە هەڵبژاردووە. پاش گۆگۆل، ئیدی ناوەڕۆك و شێوەی ئەم چیرۆکە لە دەیان چیرۆکی بە نێوبانگی ڕوسیدا ڕەنگی داوەتەوەو بووەتە هەوێنی پێشخستنی قوتابخانەی واقیعی. بۆ وێنە هەر دۆستۆیفسکی بە خۆی لە ڕۆمانی (هەژاران)دا سوودی زۆری لە ناوەڕۆك و زمانی ئەم نۆڤیلێتە وەرگرتووە.

زمان لە نۆڤیلێتی پاڵتۆدا یەکجار ڕەوان، بێگرێ و بەرزە، هەر ئەمەش پوختەییەکی تایبەتی پێ بەخشیوە. گۆگۆل لە چیرۆکی(یاداشتنامەی شێتێکدا) کە ئەمیش چیرۆکێکی واقیعییە، کەڵکی لە هەمان زمانی پاڵتۆ وەرگرتووە. هەڵبەتە سادەیی و ڕەوانیی زمان لە چیرۆکی (یاداشتنامەی شێتێکدا) ئاشکراترو لەبەرچاوترە. چونکە نووسەر کارێکی وای کردووە کە قارەمانی چیرۆکەکە بە خۆی دەدوێ و خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت. بە گوتەیەکی دی چونکە چیرۆکی (یاداشتنامەی شێتێك) بە ڕاناوی یەکەم کەسی قسەکەر دەست پێ دەکات، بۆیە زمانی دیالۆگی چیرۆکەکە سووکترو ئاسانتر ئەرکی خۆی دەبینێت و پەلی خوێنەر دەگرێت و وردە وردەو بەپێی گەشەکردنی دەروونی و حاڵەتی شاقارەمانی چیرۆکەکە بەرەو دنیای ناوەوەی قارەمانەکەی دەبات.

شاقارەمانی چیرۆکی پاڵتۆ فەرمانبەرێکی بچوکی وەزارەتخانەیەکە. ژیانی فەرمانبەرەکەو گێڕانەوەی هەندێ وردە ڕووداوی دیکە کە بۆ تێگەیشتنی هەلومەرج و پێداویستییەکانی چیرۆك پێویستە، بە ڕوونی خراوەتە ڕوو. جا بۆ ئەوەی خوێنەر بە جوانی چیرۆکەکەی بیربکەوێتەوە، بە پێویستی دەزانم زۆر بە کورتی هێڵە گشتییەکانی بخەمە ڕوو: "ئاکاکی ئاکاکیفیچ کاتبی وەزارەتخانەیەکە، دەکەوێتە خولیای ئەوەی پاڵتۆیەك بکڕێت.

چونکە پاڵتۆکەی خۆی زۆر کۆن بووە، ڕەنگەکەی چووەتەوەو تاڵکێش و ڕیشاڵ ڕیشاڵ بووەو سەرما گل ناداتەوە. ئاکاکی بە هەزار ناری عەلی و ڕەزیلی پارەی پاڵتۆیەك پێکەوە دەنێت و دەچێتە لای بەرگ دروو- و پاڵتۆی تازە لەبەر دەکات. یاریدەدەری دایەرەکەیان میواندارییەك ساز دەدا، ئاکاکیش بەشداری دەکات، بەڵام وەختێ کە دەگەڕێتەوە، لە ڕێگادا تووشی دزێك دەبێ و پاڵتۆکەی لێ دەفڕێنێ. ئاکاکی هەراسان دەبێت. دەکەوێتە سۆراخی پاڵتۆکەی و کون نامێنێ خۆی پێدا نەکات، بەڵام پاڵتۆکەی نادۆزێتەوە. ڕوو دەکاتە هەرکوێیەك وەدەری دەنەن و تیرۆپڕ گاڵتەی پێ دەکەن. ئاقیبەت نەخۆش دەکەوێ و بەسوێی پاڵتۆکەیەوە دەمرێت. ئەوجا ڕۆحی لە شێوەی تاپۆیەکی تۆڵە ئەستێندا دەکەوێتە نێو شارو هەر پاڵتۆ لەبەرێك دەبینێ پاڵتۆکەی لێ دەدزێ و بەو جۆرە ترس دەکەوێتە نێو شار.."

پاڵتۆ، جگە لەوەی بە جوانی وێنەی مرۆڤێکی دەسکورت و ڕەنجبێوەر دەگرێ، گەلێك وێنەی تانەو توانج ئامێزی مرۆڤدۆستانەشی گرتووەتە خۆ. ئەم نۆڤلێتە ئەمڕۆ بووە بە بەشێك لە ئەدەبیاتی کلاسیکی دنیا. گەلێك ڕەخنەگر دەربارەیان نووسیوە. لە زۆربەی کتێبی قوتابخانەکاندا ناوی براوە، بووە بە هەوێنی زۆر شانۆگەری و چەندین جار بۆ فیلم ئامادە کراوە. بە کورتی زۆربەی ئەو کتێبانەی دەربارەی چیرۆکی واقیعی نووسراون بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باسیان کردووەو بە سەرەتای چیرۆکی ڕیالیستی لە قەڵەم دراوە. ئاکاکی مرۆڤێکی ستەمدیدەو ڕەنجبێوەرە. ئەم تەرزە ناوەڕۆکە، واتە باسکردنی مرۆڤێکی ڕەنجاوی چەوساوەی ڕەتێنراو بەر لە گۆگۆل لە ئەدەبیاتی چیرۆکی جیهاندا نموونەی نەبووە. پاشان نووسەرانی دی هاتوونەو لاساییان کردووەتەوەو سوودی زۆریان لێ وەرگرتووە.

فرانك ئۆکنەری نووسەری ئیرلاندی پێی وایە کە ئەگەر چیرۆکی پاڵتۆ نەبا، لەوەبوو گەلەك لەو چیرۆکە سەرکەوتووانەی لە لایەن نووسەرانی وەك: تۆرگینیف، موباسان، چیخۆف، شروود ئەندرسن و جیمس جۆیسەوە نووسران هەر لە بنەڕەتەوە لە دایك نەبان.

هەڵبەتە ئەم چیرۆکە زۆری لەسەر گوتراوەو نووسراوە. بۆ نموونە لە کتێبی "دەنگی تەنیا"دا نووسراوە: گۆگۆل لە چیرۆکی پاڵتۆدا هەر هەمان قارەمانی کۆمیدی بەکارهێناوە، واتا قارەمانی چیرۆکەکەی بە ڕواڵەت قارەمانێکی کۆمیدییە. بەڵام نووسەر هێندە وەستایانە مامەڵەی لەتەك قارەمانەکەی کردووە، هێندە جوانی قۆزتووەتەوە کە چیرۆکەکە نە بەتەواوەتی چیرۆکی قارەمانیەتییە و نە چیرۆکی کۆمیدی، بەڵکو هەردوو لایەنەکەی ئاوێتە کردووەو شتێکی تازەی لێ خولقاندووەو گەلێك لە نموونە ئاساییەکانی قارەمانییەتی-کۆمیدی بالاترە.

هەڵبەتە ئاشکرایە کە سیرڤانتیس لە ڕۆمانی دۆنکیشۆتدا نموونەی قارەمانی-کۆمیدی بەکارهێناوەو لەم ڕووەوە ڕچەشکێن و ڕابەرە. پاشان لە لایەن زۆر چیرۆکنووسەوە لاسایی کراوەتەوە. جا گەورەیی گۆگۆل لەوەدایە کە ڕەنگ و سیمایەکی نوێ و جوانی کردووە بەبەر ئەم نموونەیەدا کە بەر لەو وێنەی نەبووە. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم چیرۆکە لەوەدایە کە هەموو ئەو مەرجانەی گرتووەتە خۆ کە نۆڤلێت لە ڕۆمان جیا دەکاتەوە. فرانك ئۆکنەر لەم بارەیەوە دەڵێت:"ئەرکی ڕۆمان ئەوەیە جۆرە هەستێکی ئاوێتە بوون لە نێوان خوێنەر و بەلای کەمەوە یەکێك لە قارەمانەکانی ڕۆمانەکە بەدی بێنێ.

چ کەسێك ناتوانێ فەرمانبەرێکی بچوکی میناکی ئاکاکی کە هەموو گرفتێکی پاڵتۆیەکی تازەیە، بکات بە ڕۆمان. یا چ کەسێك ناتوانێت کەڵکەڵەو باری دەروونی منداڵێکی وەکو (تومی تامکینز) کە پارچە دراوێکی لێ کەوتووەتە ئاوەوە بکات بە ڕۆمان. لە هەر ڕۆمانێکدا دەبێت بەلای کەمەوە خوێنەر کەم و زۆر خۆ لە یەکێك لە قارەمانەکانی ڕۆمانەکەدا بدینێتەوەو ببێت بە هاوهەستی. لە ڕۆماندا تەنیا یەك قارەمان نییە، بەڵکو زۆر نیمچە قارەمان و لە نیمچە قارەمانیش بچوکتر هەیە. ڕۆمان زادەی کۆمەڵی ئاساییە و تەنیا لە کۆمەڵی ئاساییدا سەرهەڵدەداو گەشە دەکات، واتە ڕۆمان لە کۆمەڵی نموونەییدا جێی نابێتەوە. من ئاگام لەو ڕۆمانانە هەیە کە ئەم بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە. بەڵام وێڕای ئەوەش لە دروستی و کارامەیی بۆچوونەکەی خۆم دڵنیام.

بەڵام دەربارەی نۆڤلێتی پاڵتۆ و زۆربەی ئەو نۆڤلانەی سەرنجیان ڕاکێشاوم ئەم خاڵ و بۆچوونە دروستە نییە، واتە جیابوونەوەی نۆڤلێت و ڕۆمان لێرەوە دەست پێ دەکات. لە چیرۆکی پاڵتۆدا خوێنەر نابێت بە هاوهەستی هیچ قارەمانێك جگە لەو قارەمانە گومناوە هەراسانەی کە نووسەر وێنەی گرتووەو نیشانی دەدات. لەم چیرۆکەدا قارەمان تەنیا باڵەو هیچ کۆمەڵێك نییە پەنای بۆ بەرێت و خۆی پێوە ببەستێت.

لە نۆڤلێتدا قارەمانی نموونەیی نییە، لە نۆڤلێتدا باسی خەڵکانی خێرلەخۆ نەدیو و چەوساوە دەکرێت. دیارە ئەم خەڵکە خێرلەخۆ نەدیو و چەوساوەیەش لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێك و لە قۆناغێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ قۆناغێکی دی دەگۆڕێن و تایبەتمەندی خۆیان وەردەگرن. لەم بابەتە خەڵکانە: فەرمانبەران لە بەرهەمی گۆگۆلدا، کۆیلەی زەوی لە بەرهەمی تورگینیف-دا، سۆزانی لە بەرهەمی مۆپاساندا، پزیشك و فێرکار لە بەرهەمی چیخۆف-دا، دێهاتی لە چیرۆکی ئەندرسن-دا هەن، بەڵام ئەوانیش هەمیشە هەر لە خەیاڵی هەڵاتندان."

سەردەمی ژیان و چالاکی ئەدەبی گۆگۆل کەوتووەتە سەردەمی زەبروزەنگی نیکولای یەکەمەوە کە زۆر بە توندی بەگژ هەموو ڕاپەڕینێکی ئازادیخوازانەدا دەچووەوەو سەرکوتی دەکرد. لەم سەردەمەدا هەژاری و بەدڕەوشتی و بەدڕەفتاری سەرانسەری ڕوسیای گرتبووەوەو دکتاتۆرییەت و جیاوازی چینایەتی باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشابوو. سانسۆر وەکو سێبەر بە شوێن بەرهەمی هونەرمەندانەوە بوو. چیرۆکی پاڵتۆ وێنەیەکی بچوکی ئەم کۆمەڵگەیەیە.

بیلینسکی، ڕەخنەگری گەورەی ڕوسی، چیرۆکی پاڵتۆ بە دوانامەی دژ بە کۆمەڵگەی نایەکسان و ناپەسەندی ڕوسیا دەزانێت و پێی وایە پاڵتۆ خۆی لە خۆیدا ئیعترازنامەیەکی گەشە دەربارەی هەلومەرجی پڕ جەخارو ڕەنج و بێدەسەڵاتی ژیانی فەرمانبەران و خوردە فەرمانبەرانی دەوڵەت.

گۆگۆل بەرلەوەی پاڵتۆ بلاو بکاتەوە، کۆمەڵە چیرۆکێکی دیکەی بە نێوی (شەوانێك لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا) بلاوکردەوە. هەڵبەتە ئەم کۆچیرۆکە بە ئاشکرا بۆنی ئۆکرانیای زێدی گۆگۆلی لێ دێت. گۆگۆل زۆربەی ئەم چیرۆکانەی لە بابی و لە خزمەکانییەوە بیستبوو. هەر ئەم چیرۆکانەش کردبوویانە کارێك کە گۆگۆل خۆشی بە ژیانی دێهاتیان و جووتیاراندا بچێت. ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکانە پەیوەندییان بە خەڵکی ئۆکرانیاوە هەبووە. پەیوەندییان بەو تێکۆشان و جەنگانەوە هەبوو کە خەڵکی ئۆکرانیا دژی عوسمانییان و تاتارەکانی نیمچە دوورگەی قرم دەیانکرد. بەڕاستی ئەم چیرۆکانە بە شێوەیەکی ڕیالستی داستان ئامێزی ئەوتۆ داڕێژراون مایەی شانازی ئۆکرانییەکانە.

ڕۆمانسییەتی گۆگۆل لەوەدا نییە کە بە ناخی شتە جوانەکاندا ڕۆچوویێت، بەڵکو لەوەدایە شتە دزێو و ناشیرین و کرێتەکانی هێندەی دی خەست کردووەتەوەو بە ڕاشکاوی خستونیەتییە ڕوو. واتا گۆگۆل لە هەمان کاتدا کە جڵەوی بۆ خەیاڵ شل کردووە، بە ئاشکراش پەردەی لە ڕووی خراپی و شتە ناپەسندەکانی کۆمەڵ هەڵداوەتەوەو بە ڕاشکاوی تورەیی و نارەزایی خۆی لە کاربەدەستان و فەرمانڕەوایان خستووەتە ڕوو. چیرۆکەکانی ئاوێتەیەك بوون لە واقیعییەت و خەیاڵ و وێنەی شاعیرانەی خەڵکی دڵپاك و دێهاتیانی دووره دەستی ڕوسیا. هەڵبەتە ئەم بابەتە چیرۆکە تا سەردەمی گۆگۆل لە ئەدەبیاتی دنیادا یا هەر نەبوون، یان هێندە کەم بوون کە نەبن بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی.

میرسکی دەڵێت:"زۆربەی قارەمانانی چیرۆکی گۆگۆل زادەی خەیاڵی خۆین، بەلاَم بە حوکمی ئەوەی زۆر وەستایانە هەندێ توخم و ڕەگەزی لە واقیعەوە بۆ ناو چیرۆکەکانی ڕاگواستووە، بە وێنەی ناسك و بە شێوازی سفت و جوان بەکاری هێناوە و لەم ڕووەوە سەرامەد بووە، بۆیە دەتوانین بڵێین نووسەرێکی تەواو ڕیالیست بووە."

گۆگۆل، هەستی بەوە کردووە کە زمان لە ئەدەبیاتدا چەند گرینگە. بۆیە زیرەکانەو لێهاتووانە هاتووە زمانی باوی سەر زاری خەڵکی ئۆکرانیای ئاوێتەی زمانی ئەدەبیاتی ڕوسی کردووەو لە هەمان کاتیشدا تایبەتمەندی شاعیرانەو داهێنەرانەی خۆی پاراستووەو

دەستبەرداری ڕتوشکردنی هونەریی نەبووە. هەر ئەم وریاییەش بوو کە لە ئاکامدا بووە مایەی دەوڵەمەندکردنی زمانی ئەدەبیاتی ڕوسی. بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەوەیە کە نووسەرانی پاش خۆی لە ڕۆمانسی و ڕەمزییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ڕیالیست و ناتورالیستەکان هەر یەکەیان بە جۆرێ سوودیان لە زمانی چیرۆکەکانی گۆگۆل وەرگرتووە. (نووسەرانی سەدەی نۆزدەیەمی ڕوسیا) کە سەرچاوەی سەقامگیربوونی زمانی ئەدەبیات بوون، شتاقیان نەیتوانی لە بازنەی بەرهەمەکانی پوشکین دەربچێت. چونکە پوشکین بەرەنجامی کۆششێك بوو کە لە سەدەی هەژدەوە سەری هەڵداو بەردەوام بوو تا بناغەی زمانی ئەدەبیات دابمەزرێ. جا گۆگۆل وەکو داهێنەرێك هات زمانێکی سادەو ڕەوانی بەکارهێنا و ڕێگای بۆ هەموو نووسەرەکانی پاش خۆی خۆش کردو نووسەرانی سەر بە قوتابخانە ئەدەبییەکانیش وەك: "ناتورالیست، ڕیالیست، ڕۆمانتیك و سەمبولیست، کەم و زۆر کەوتنە ژێر کاریگەری زمانی گۆگۆلەوە."

دیارە زۆر کەس پەی بە زمانی تایبەتی گۆگۆل بردووەو قسەیان لێ کردووە، بۆ نموونە میرسکی لەمبارەیەوە دەڵێت:

"ڕەوانی و پاراوی زمان، خەسڵەتی زاڵی بەرهەمەکانی گۆگۆلە. لە نووسینەکانیدا هەوڵی داوە قورسایی ئەرکی کارتێکردن بە دەنگی وێژەر بسپێرێ نەك بە بیستنی گوێگر. ئەمەش پێزێکی تایبەتی بە زمانەکەی بەخشیوە. نووسینی گۆگۆل دوو ڕەگەزی سەرەکی گرتووەتە خۆی، ئەم دوو ڕەگەزەی بە شێوەیەکی ڕۆمانسییانە بەرانبەر بە یەکدی ڕاگرتووەو هەر ڕەگەزەشیان بۆ خۆی و بە تەنیا گەییوەتە لوتکەی ڕۆمانسییەت، لە لایەکەوە تەواو بەرزو شاعیرانەیە، لە لایەکی دییەوە تەواو کۆمیدیانەیە. هەرچەندە باسی ڕەوانی و سادەیی زمانی گۆگۆل دەکەین، بەڵام ئەمە نەیکردووەتە کارێك کە زمان لای وی ببێت بە زمانی بازاڕ، نەخێر.. نووسینی ئەو هیچ کاتێك بۆش و بەتاڵ و بێتام نەبووە، ڕاچەنین و خوڕەی گفتوگۆی ڕاستەقینە هەمیشە زیندوویەتی و گیانی ڕاچەنیوی بە پەخشانەکانی بەخشیوە."

به گشتی گۆگۆل له مەیدانی چیرۆکنووسیندا داهێنەرو ڕابەرە. بەرهەمی جۆراوجۆری هەیە. بۆ نموونە نۆڤلێتی (مێشك) زۆر جیاوازە لە پاڵتۆ یان لە (یاداشتنامەی شێتێك). ئەمانەش جیاوازن لە کۆمەڵە چیرۆکی (شەوانێك لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا). نۆڤلێتەکانی جیاوازن لە ڕۆمانی(تاراس بۆڵبا) و (گیانە مردووەکان)

گۆگۆل، لە مەیدانی ڕۆمانتیکدا ڕووی کردە ناوەڕۆك و چیرۆکی وەکو (شەوانێك لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا) و داستانی وەك (تاراس بۆڵبا)ی داهێناوە، کە تا ئیستاش بە وێنەیەکی گەشی ژیانی واقیعی دەژمێرێت و سەرەتای ئەدەبی ڕیالیستین. واتە سەربهوردو بەسەرهاتە ناوچەیی و خۆماڵییەکان دەبێتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندو بە پیت بۆ هەر نووسەرێك کە بتوانێت بیقۆزێتەوەو ئەدەبی زیندووی لەسەر ڕۆبنێت.

بە کورتی گۆگۆل ڕابەری هەموو ئەو نووسەرە واقیعییانەیە کە ژیانی خەڵکە عەوامەکەیان بە هەموو لایەنێکی ئەرێتی و نەرێتییەوە کردووە بە هەوێنی کارە ئەدەبییەکانیان.

"٧"

نیکۆلای فاسیلیڤیچ گۆگۆل، پاش ئەوەی وەکو ئەکتەرو شاعیر هیچی بە هیچ نەکرد، ڕووی کردە دنیای چیرۆکنووسین و یەکەم کۆچیرۆکی کتێبێك بوو بە نێوی (شەوانێك لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا-١٨٣١). لەم بەرهەمەدا بە شێوەیەکی هونەریانە ڕەوش و ڕەوشت و دابونەریتی میللی باوی ئۆکرانیای زێدوزادەی خۆی نیشانداوە. ئەم بەرهەمە پێشوازییەکی زۆر گەرموگوڕی لێکراو ناوی گۆگۆلی وەکو چیرۆکنووسێکی گەورە خستە سەر زاران. لە ساڵی ١٨٣٤دا پاش ئەوەی نەیتوانی وەکو مامۆستایەکی مێژوو لە زانکۆی پترسبۆرگدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ و لە مێژوونووسی نائومێد بوو، ئیدی بە یەکجارەکی ڕووی کردە دنیای ئەدەب و خۆی بۆ نووسینی کارێن ئەدەبی تەرخان کرد.. لە ساڵی ١٨٣٦دا شانۆنامەی (جەنابی موفەتیش)ی بلاۆکردەوە کە شانۆنامەیەکی ساتیریی

کۆمیدییە، ئەم کارە لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکراو لە سەرانسەری ئەنجوومەنە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکاندا دەنگی دایەوە. تەنانەت نیکۆلای یەکەمی تزاری ئەو ڕۆژگارەی ڕوسیاش لێی ڕازی بوو- و پێی خۆش بوو. ئیدی لەوە بە دواوە سەفەری ئەوروپای ڕۆژئاوای کرد و نزیکەی دە ساڵێك لە ئەوروپادا مایەوە. لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا جارجار سەرێکی ڕوسیای دەدایەوە. لەو ماوەیەدا کاری لە (ڕۆحە مردووەکان-١٨٤٢)دا کرد کە بە شاکاری گۆگۆل دەژمێررێت. ئەم ڕۆمانە نەمرە زۆر بە گەرمی لە لایەن جەماوەر و خوێنەران و ڕۆشنبیرانەوە پێشوازی کرا، چونکە خەڵکی وایان دەخوێندەوە کە هێرشە بۆ سەر سیستەمی کۆیلایەتی کۆلەداری. هەرچەندە لە بەرگی دووەمی ڕۆمانی ناڤبریدا، هەوڵێکی زۆری دا وێنەیەکی هونەری هەموو ڕوسیا نیشان بدات و بانگەواز بۆ بوژانەوەو ژیانەوەی ڕۆحی لە گوندیدا بکات، بەڵام لە ئاخروئۆخری تەمەنیدا دووچاری نەخۆشی دەروونی و پەشێوی فیکری بوو- و هەموو دەستنووسەکانی بەرگی دووەمی سووتاندو تەنیا هەندێ بەشی کەم و پچڕپچڕی ماوەتەوە.

توانای ڕاستەقینەی گۆگۆل لە ڕەخنە ساتیرییەکانیدا بوو، دەیویست لەو ڕێگەیەوە خەڵکی ڕووس لە گەندەڵی و وێرانی دامودەزگا حکومەتییەکانی وەخت ئاگادار بکاتەوە. وەختێك گۆگۆل دەستی دایە نووسین، بزووتنەوەی ڕۆمانسییەت لە ڕەواج و برەودا بوو، پوشکین و لیرمانۆف بە چاولێکەری لۆرد بایرون، چالاکی ئەدەبی خۆیان لە ڕوسیادا پێشکەش دەکرد. گۆگۆل بزووتنەوەیەکی ئەدەبی واقیعی دامەزراند کە ڕاستەوخۆ بووە مایەی زەمینە خۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی شاکارەکانی تورجنێف و تۆلستۆی و دۆستۆیفسکی.

نیکۆلای ڤاسیلیڤیچ گۆگۆل لە ١٨٠٩/٣/٢٠ لە شاری سوروچنسی، ویلایەتی پۆڵتاڤا، لە بنەماڵەیەکی خوردە موڵکدارانی ئۆکرانی چاوی بە ژیان هەڵهێناوە. ژیانی منداڵی لە کێڵگەو مەزراکەی خۆیان لە باوەشی دەشتە پان و بەرینەکانی ئۆکرانیادا بەسەر برد. هەر لە منداڵییەوە جۆرە بەهرەو توانایەکی تایبەتی پێوە دیار بوو. بابی پیاوێکی هونەردۆست

بووە. زۆری حەز لە شانۆو کاری شانۆیی کردووەو بە زمانی ئۆکرانی شانۆنامەی کۆمیدی دەنووسی و لە لایەن ئەکتەرانی میللییەوە نمایش دەکرا.. تەنانەت یەکێك لە باپیرەکانی بە نێوی ڤاسیلی تانسکی لە نێو هاوشارییەکانیدا بە (مۆلیری ئۆکراین)بە نێوبانگ بوو..

گۆگۆل لە ژینگەو ماڵباتێکی هونەردۆستدا لە دایك و گەورە بووە کە بێگومان ئەمە دەوری لە گەشەکردنی بەهرەو سەلیقەی هونەری ئەودا هەبووە. کەلەپووری فۆلکلۆری ئۆکرانی و دابونەریت و ڕسوماتی گەلانی ئۆکرانی بە یەکەمین سەرچاوەی ئیلهامی بەرهەمە چیرۆکڤانییەکانی گۆگۆل دەژمێررێت و بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و لاوی گۆگۆل، لە چەندین بەرهەمیدا، بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە. گۆگۆل شازدە ساڵان بوو کە بابی مرد و کەوتە ژێر باڵی دایکێکی هەرە دڵسۆزو وەفادارەوە کە کاریگەریی ئایینی و ئەخلاقی ئەو دایکە هەرگیز لە ژیانی کوڕەکەی نەسڕرایەوەو هەتا سەر هەر مایەوە. گۆگۆل، لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەییدا، قوتابییەکی مامناوەندی بوو. بەڵام تواناو بەهرەی لە بوارێن شانۆ و کاری شانۆیی و ئەکتەریدا زۆر زوو دەرکەوت و سەرنجی هاودەورەکانی ڕاکێشا.

بە کورتی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی مەیدانێکی بەرینتری بۆ دەرکەوتن و گەشە کردنی بەهرەو تواناکانی فەراهەم کرد، لەو قۆناغەدا بوو کە بۆ یەکەمجار دەستی دایە نووسین. هەروەها لە چالاکییە شانۆییەکانی قوتابخانەدا زۆرجار دەوری گرینگی دەبینی. هەڵبەتە زۆربەی هەرە زۆری ئەو شانۆنامەو چیرۆکانەی کە لە قۆناغی ئامادەییدا نووسیبوونی فەوتان و مەگەر بە دەگمەن تاك و تەرایەکی مابێتەوە. بە هەرحاڵ گۆگۆل لەم قۆناغەدا هێشتا بە تەواوەتی خۆی نەدۆزیبووەوەو نووسینی نەکردبوو بە پیشەی سەرەکی خۆی. وەکو منداڵە مەکتەبلییەك ئارەزووی ئەوەبوو لە ڕێگەی کارو وەزیفەیەکی دەوڵەتییەوە، بە تایبەتی کاری ئەوقاتی و مافەوانی، خزمەت بە گەل و نیشتمان بکات. بەڵام وردە وردە زەوق و ئارەزووی بە لای کاری ئەدەبیدا دەڕۆیشت، ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٢٨دا چوو بۆ سانپترسبۆرگ و بە ناوی خوازراوی (و.ا) یەکەمین چیرۆکی شیعری لەژێر

سەرناڤی (هاتنس کوچل گارتن)دا لەسەر کیسەی خۆی بلاۆکردەوە. بەلاّم نەك هەر سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەڵکو بوو بە مایەی گاڵتەو قەشمەری ڕەخنەگرانیش، بۆیە شاعیری لاوی بەرزەفڕ، کە متمانەو باوەڕێکی پتەوی بە ئاییندەی گرینگی خۆی هەبوو، هەتا لە ڕقی ڕەخنەگرەکان هەموو نوسخەکانی لە بازاڕ کڕینەوەو سووتاندنی، هەروەها سەری خۆی هەڵگرت و بۆ هەندەران ڕۆیی. بەلاّم دەسکورتی و بێ پارەیی تەنگی پێهەڵچنی و بە ناچاری بۆ ولاّت گەڕایەوە.

ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٣٠دا توانی لە دایەرەیەکی فەرمیدا وەزیفەیەکی بچوك پەیدا بکات و ببێ بە فەرمانبەرو خزمەتگوزاری دەوڵەتی، بەلاّم چوکە ئەو کارە دەگەڵ تەبع و تەبیعەتی-دا نەدەگونجا، زۆر زوو وازی لێ هێنا. بەلاّم لەم ماوە کورتەی فەرمانبەریدا ئەزموونێکی باشی پەیدا کرد کە بوو بە ماك و هەوێنی شاکارە ئەدەبییەکانی. لە ساڵی ١٨٣١دا وتنەوەی وانەی مێژووی لە قوتابخانەیەکی کچاندا گرتە ئەستۆ و ساڵێکیش لە زانستگەی سانپترسبۆرگدا خەریکی وتنەوەی وانەی مێژووی سەدەکانی ناڤین بوو، بە تەمابوو مێژووی ئۆکراین بنووسێتەوە، بەلاّم ئەمەشی بە ڕێگەو کاری خۆی دەزانی و سەیری کرد تەنیا دنیای ئەدەب و ئەدەبیات دەگەڵ تەبیعەت و توانا و بەهرەی ئەودا تێك دەکاتەوەو دەسازێ و پەی بەوە برد کە تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت خزمەتی گەل و نیشتمانی خۆی بکات.

گۆگۆل لەم سەروبەندەدا ئاشنایەتی دەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی ئەدەبی بە نێوبانگی میناکی ڤاسیلی ژۆکۆفسکی، پیوترپلتینۆف و ئانتوان دلویك-دا پەیدا کرد. ئەمانە هەموویان لە دۆستانی نزیکی پوشکین بوون و ئەنجوومەنێکی ئەدەبییان هەبوو بە نێوی (گرووپی پوشکین). ئیتر لێرەوە دەرفەتی بۆ ڕەخسا خەون و ئارەزووە دێرینەکەی، کە بریتی بوو لە ناسینی پوشکین بێتە دی. ئەوەبوو ئەم خەونە لە ١٨٣١/٥/٢٠دا هاتە دی و گۆگۆلی تەمەن بیست و دوو ساڵە بە پوشکین ناسێنرا. هاوینی هەمان ساڵ پەیوەندییەکی نزیکتر لە نێوان گۆگۆل و (گرووپی پوشکین)دا چێ بوو. گۆگۆل کە لە پاڤلۆفسکی نزیکی

پترسبۆرگدا دەژیا، بە بەردەوامی دەچووە دیدەنی پوشکین و ژۆکۆفسکی لە تزاریسکۆی سلۆ..و دوا بەرهەمی ئەوانی دەخوێندەوەو لە مەسەلەی کاری چاپ و بلاوکردنەوەی (حیکایەتەکانی بلکین)دا زۆری یارمەتی پوشکین دا.

هەڵبەتە ئەمە بۆ گۆگۆلی گەنج یەجگار خۆش بوو- و لە ناخی خۆیدا بەوەوە دەفشی کە دۆست و ئاشنای ئەو کەڵە شاعیرانەیە. ئەوەتا لە نامەیەکی ئەو زەمانەدا بۆ دۆستێکی خۆی بە نێوی دانیلفسکی، دەڵێت: "زۆربەی هاوینەکەم لە پاڤلۆڤسك و تزاریسکۆی سلۆ بەسەر برد.. هەموو شەوێك لە دەوری یەك خڕ دەبووینەوە: پوشکین، ژۆکوفسکی و من.. ئاه ئەگەر دەزانی چ موجیزاتێك لە قەڵەمی وان دەچۆڕێ! "هەڵبەتە خویایە کە گۆگۆل ویستویەتی خۆی بەوانەوە، وەکو نوێنەی بێ چەندوچوونی ئەدەبیاتی سەردەمی خۆیان، هەڵواسێت. جا ئەگەر ئەم قسەیەی گۆگۆل بۆ هاوینی ساڵی ١٨٣١ تەنیا لاف و گەزافێکی گەنجانە بووبێ، ئەوا بۆ چەند مانگێك لەوە دواتر، کە کۆچیرۆکی (شەوانێك لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا-١٨٣١-١٨٣٢)ی لە دوو بەرگدا بلاوبووەوە. ئیدی ئەو قسەیە لەوە دەرچوو تەنیا لاف و گەزافی گەنجانە بێ، چونکە گۆگۆل دوای بلاوبوونەوەی کۆچیرۆکی ناڤبری شۆرەت و نێوبانگی ئەدەبی باشی پەیداکرد و پوشکین یەکەم کەس بوو کە پەی بە خەسڵەتی شاعیرانەو ڕۆمانسییانەی ئەم چیرۆکانە برد.

ئەم دوو بەرگە چەندین چیرۆکی تەنزئامێزی لە خۆگرتووە کە هەریەکەیان تابلۆیەکی ڕەنگینی ئۆکرانیا دەخاتە بەرچاو. نووسەر لە هەندێ لەم چیرۆکانەدا ئەفسانەێن ناوچەیی و بیروباوەڕێن خورافی و ژیانی گوندیانی ژێر کاریگەریی جادووگەران و جنۆکەگیران، هونەرمەندانە وەسف دەکات. بیرەوەری سەردەمی منداڵی، دیمەنێن لیرکی و ڕۆمانسییانەی دوور لە کۆلەداری و هەژاری و بێنەوایی، بە شێوەیەکی هێندە تەڕوتازەو پاراو خراوەتە ڕوو کە لە هیچ بەرهەمێکی دواری دا دووبارە نابێتەوەو بەرچاو ناکەوێ. سەرباری ئەو وێنە تەنزئامێزانەی کە بە زمانێکی دڵگیرو ڕوون و ڕەوان هاتوونەتە نیشاندان، وەسفێکی

یەجگار جوان، ڕۆمانتیکی و خەیالاوی و خەیاڵئەنگێزی سروشت و دەشت و دەری وڵاتی کردووە.

لە ڕێگەی ئەم کۆچیرۆکەوە بوو، کە ڕەمەکی مەردم، ڕەش و ڕووت و جەماوەری خەڵك هاتە ناو ئەدەبیاتی چیرۆکڤانی ڕوسییەوەو بایەخی پێ درا. ئەم چیرۆکانە سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنا و لە لایەن عەوامی خەڵکییەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ کراو شۆرەت و نێوبانگێکی چیرۆکڤانی یەجگار گەورەی بە گۆگۆلی تەمەن بیست و سێ ساڵە بەخشی. بەڵام وێڕای سەرکەوتنی کۆچیرۆکی (شەوانێك لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا) گۆگۆل هێشتا هەر نیگەران و ڕاڕابوو، عەوداڵی کاری تازەترو گەورەتر بوو. عەوداڵی ئاسمانێك بوو کە ئۆقرەو سوکنایی بە گیانی بەرزە فڕی بدات.. هێشتا بە تەواوەتی خۆی ساغ نەکردبووەوە کە ڕێگای نووسەرایەتی بگرێ یان مێژوونووسی. بۆیە هەر لەو سەروبەندەدا نەخشەیەکی هەبوو کە (مێژوو- و جوگرافیای جیهانی) لەژێر سەرناڤی زەوی و خەڵکی سەرزەوی بنووسێت.

هەروەها بە نیاز بوو کە مێژووی ئۆکرانیاش بنووسێت.. دیارە ئەم دوودڵی و ڕاڕایی و نیگەرانییەی گۆگۆل، زادەو بەرەنجامی ئەوەبوو کە لە هیچ بوارێکدا بە کاری ئاسایی قاییل نەبوو، هەروەها پێی وابوو ئەوەی بەرز بفڕێت دەبێ لە دوندولوتکاندا بنیشێتەوە.. سەرباری هەموو ئەو نەخشەو پلانانەش، بەهرەو سەلیقەی ئەدەبی و کۆمیکی، گۆگۆلیان بە ئاقارێکی دیدا دەبرد و بەرەو جیهانی چیرۆك و چیرۆکنووسییان ڕادەکێشا. ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٣٢دا چوو بۆ ئۆکرانیا و ماوەیەك لەوێندەر مایەوەو بە بوخچەیەکی پڕ لە چیرۆکەوە بۆ سانپترۆسبۆرگ گەڕایەوەو لە ساڵی ١٨٣٥دا لە دوو کۆچیرۆکدا بە ناونیشانێن: "میرگۆرۆد و ئارابسك"چاپ و بڵاوی کردنەوە. ناونیشانی دووەمی کۆچیرۆکی میرگۆرۆد: "درێژەی چیرۆکەکانی شەوانێك لە کێڵگەیەکی نزیکی دیکانکا"یە.

میرگۆرۆد باژێڕۆکێکە لە ئۆکرانیا. ئەم کۆچیرۆکە (میرگۆرۆد) چوار چیرۆکی لەخۆ گرتوو- و لە زۆر ڕووەوە دەشوبهێنە سەر چیرۆکەکانی پێشووی، تەنیا لەمەدا نەبێت کە لە

چیرۆکە تازەکاندا، ڕەگەزی تەنزو تەس و سەتیر، خەم و وڕەیی بەسەر ڕەگەزێن خەیاڵ و ڕۆمانتیکییەتدا زاڵە. هەروەها گۆگۆل لەم کۆچیرۆکەدا گەڕاوەتەوە بۆ نەقڵ و حیکایەتێن فۆلکلۆری زێدوزاگەی خۆی و کردوونی بە ماك و هەوێنی چیرۆکەکانی و هونەراندوونی. یەکێك لەو چیرۆکانە (تاراس بۆڵبا) یە کە چیرۆکێکی زۆر بە ناوبانگە.. لەبەر گرینگی خۆی چەندین جار بە تەنیا و بە سەربەخۆیی بلاۆکراوەتەوە. ئەم چیرۆکە مێژووییە، باسی قارەمانییەتی میللەتی قوزاق و تەبیعەت و سروشتی خۆڕاگرانەی ئەو میللەتەیە، ئەسڵی ئەم چیرۆکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەڤدەیەم و سەروبەندی شەڕی قوزاقانی ئۆکرانی دەگەڵ خەڵکی پۆڵەندەدا.

تاراس بۆڵبا شاقارەمانی چیرۆکەکەیە، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدایە. هەمیشە حازرو ئامادەیە خوێنی خۆی لە پێناوی بیروباوەڕی خۆیدا بڕێژێت. بۆیە لە ڕای خەبات دژ بە ستەمکارانی پۆڵەندی، شەو و ڕۆژ بە دەشت و بانە بەرینەکانی ڕوسیادا دەسوڕێتەوەو بە گژ پۆڵەندییاندا دەچێتەوەو شەڕیان دەکات و لە ماوەی شەڕو شۆڕدا کوڕە بچوکەکەی خۆی کە حەز لە کیژە پۆڵەندییەك دەکات و خیانەت لە بابی خۆی دەکات و دەچێتە ڕیزی سوپایانی دوژمنەوە، دەکوژێت و دەچێتە تاقیب و سۆراخی کوڕە گەورەکەی کە بە یەخسیری کەوتبووە دەستی دوژمن. بەلاّم شکست دێنێت و لە داخا دەگاتە هەر شوێنێك وێرانی دەکات، تا لە ئەنجامدا یەخسیر دەکرێت و دەکوژرێ.

لەم بەرهەمە داستانی و حەماسییەدا گیانی قارەمانییەتی میللەتی ڕوس، زۆر بە وردی وەسف کراوەو گۆگۆل ئەوپەڕی هونەری لە وەسفی جەژن و ئاهەنگێن میللی قوزاقان، دەعوەت و زیافەت و بۆنە کۆمەلاّیەتییەکانیان، خواردن و خواردنەوەیاندا بەکارهێناوەو هەروەها تەبیعەتی کێویانەو سەرەتایی قوزاقانی، کە بابەتی سەرەکی ئەم داستانەن، فەرامۆش نەکردووەو بە شێوەیەکی زۆر هەست بزوێن نیشانی داوە. (تاراس بۆڵبا) هێشتا یەکێکە لە چیرۆکە ڕوسییە هەرە دڵگیرو پەسندەکان، هەروەها گەلێك لە ڕەخنەگران و شارەزایان و ئەهلی ئەدەب، بە هاوای نووسینەکانی (والتر سکات)یان داناوە.

کتێبی (ئارابسك) بریتییە لە کۆمەڵێك وتاری جۆراوجۆر دەربارەی هونەر، مێژوو، جوگرافیا و ئەدەبیات لەگەڵ سێ چیرۆکی جوانی خەیاڵئەنگێزدا کە دیارترینیان، (یاداشتنامەی شێتێك)ە.

بە هەرحاڵ بڵاوبوونەوەو پێشوازی گەرم و گوڕی خوێنەران و ڕەخنەگران لەم چیرۆکانە متمانەیەکی پتری بە گۆگۆل بەخشی و پایەو پێگەی چیرۆکڤانی ئەوی بە تەواوەتی چەسپاند. لەوە بەدواوە ئیدی خەیاڵی کارو پۆست دەوڵەتی و هەموو خەیاڵێکی دیکەی لە مێشکی خۆی دەرکرد و خۆی وەقفی کاری ئەدەبی کرد و گەییە ئەو قەناعەتەی تەنیاو تەنیا لە ڕێگەی نووسین و کاری ئەدەبییەوە دکارێت خزمەتی تیرەی بەشەر بکات و کاری گەورە ئەنجام بدات.

بە هەرحاڵ لە چیرۆکەکانی (ئارابسك)دا خەیاڵپەروەری شاعیرانەو جوانی ئاسایی و سروشتی دەڤەری ئۆکرانیا، کەم دەبنەوەو مەیدان بۆ لایەنی شیکردنەوەی دەروونی و پەیوەندی نێوان هونەرو واقیع چۆڵ دەکەن. (یاداشتنامەی شێتێك) بریتییە لە وەسف و باسێکی بەرجەستەو جوانی فەرمانبەرێکی بچوك کە حەز لە کیژی سەرۆکی دایەرەکەی خۆی دەکات و لە لایەن ئەوەوە ڕەفز دەکرێت، ئیدی بەو خەیاڵ و وەهمە دڵخۆشی خۆی دەداتەوە کە گوایە کیژێ بەڕاستی خۆشی دەوێ و بەرەبەرە پتر دەستەمۆی خەیالات دەبێت و وا گومان دەکات کە بووە بە پاشای ئیسپانیا و تەخت و تاجی ئەوێندەری وەرگرتووەو لە کۆشکی پاشایەتیدا دەژی، ئەم نەفەسە پاشان لە هەموو بەرهەمەکانی گۆگۆلدا، کەم و زۆر ڕەنگ دەداتەوە.

لە ساڵی ١٨٣٦دا چیرۆکی(کەپو)ی بڵاوکردەوە، ئەم چیرۆکە ڕێگەیەکی تازەی لە بەردەم ڕۆمانی ڕوسیدا کردەوە. ڕۆژێ فەرمانبەرێك کە لە خەودا دەبێت، دەبینێت کەپوی نییە و ئەوەی کە زۆر سەیرە دوای تۆزێك دەبینێت کەپوی لە نێو گالیسکەیەکدا دانیشتووەو بە جلوبەرگی فەرمانبەرانی پایەبەرزەوە بە شانوشکۆیەکی زۆرەوە بە شاردا تێ دەپەڕێت. ئیدی هەوڵێکی زۆر دەدات کە کەپوی قاییل بکات و بۆ شوێنەکەی خۆی

بەرێتەوە، جا بۆ ئەو مەبەستە ئاگادارییەك دەداتە ڕۆژنامە، بەلآم لە لایەن ئۆفیسی ڕۆژنامەکەوە ڕەت دەکرێتەوە. بەلآم دوای چەند ڕۆژێك، کە ئیدی تەواو ئومێدبڕ بووە، لە پڕ دەبینێت کە لوتی گەڕاوەتەوە شوێنی هەمیشەیی خۆی. ئەم چیرۆکە تەوسئامێزە، ڕەخنەیەکی توندە لە ژیانی فەرمانبەرانی بچوك و کەسایەتییە پایە بەرزەکانی دەوڵەت، گۆگۆل لەبەر ناواقیعییەتی چیرۆکەکە بەم ڕستەیە پۆزش بۆ خوێنەران دێنێتەوە: "لە کۆمەڵگەی پترسبۆرگدا زۆرجار شتی لەمەش سەیرتر ڕوو دەدەن."

هەڵبەتە کاریگەری ئەم چیرۆکە زۆر زەق و دیارە بەسەر مەسخەکەی کافکاوە. لە ساڵی ١٨٤٢دا چیرۆکی پاڵتۆی بلآوکردەوە کە بریتییە لە بەسەرهاتی خەمناکی فەرمانبەرێکی چکۆلە، کە دوای چەندین ساڵ، لە ڕەزیلی و پاشکەوت دەتوانێت پارەی پاڵتۆیەك پێکەوە بنێت و پاڵتۆیەك بداتە دروون و خۆی لە سەرما بپارێزێت. بەلآم، هەر لە یەکەم ڕۆژدا کە پاڵتۆکەی لەبەر دەکات، لێی دەدزن و لە داخی ئەمە نەخۆش دەکەوێت. وەسفی داماوی و بێپارەیی کابرای فەرمانبەر و چۆن لە هەموو شتێکدا ڕەزیلی دەکات و دەست دەگرێتەوە، شەوان بە تاریکی دادەنیشێت و چرا پێ ناکات، خواردن کەم دەخوات و تەنانەت شتی پێویستیش ناکرێت، هەر بۆ ئەوەی پاشەکەوتێك بکات و ببێ بە خاوەنی پاڵتۆیەك، بە تەواوەتی خوێنەر خەمبارو ناڕەحەت دەکات.

گۆگۆل بە بلآوکردنەوەی چیرۆکی پاڵتۆ گەییە لوتکەی دەسەلآت و ناوبانگی ئەدەبی خۆی. هەر بۆیە شتورگینیف لەم بارەیەوە دەڵێت: "هەموومان لەژێر پاڵتۆکەی گۆگۆلەوە هاتووینەتە دەرێ و "دۆستۆیسکی-ش، پاشان هەمان بۆچوونی ئەوی لەمەڕ گۆگۆل لە زۆر شوێندا دووبارە کردووەتەوە. فرانك ئۆکنر بە باوکی چیرۆکی کورتی ناو دەبات، بیلینسکی بە باوکی پەخشانی ڕوسی دادەنێت و میرسکی، لە ڕووی داهێنانەوە بە هاوتای شەکسپیرو بگرە گەورەتری دەزانێت... بەلآم گەورەترین ڕووداوی ژیانی گۆگۆل شانۆنامەی کۆمیدی (جەنابی موفەتیش-١٨٣٦) بووە بەم بەرهەمە لە بواری شانۆنامەی کۆمیدیادا هونەرمەندی و دەسەلآتداری خۆی سەلماند. بابەتی ئەم شانۆنامەیە، ڕووداوێکی

ڕاستەقینەیەو پوشکین بۆ گۆگۆلی گێڕاوەتەوەو ئەمیش لە قالبێکی هونەری زۆر بەرزو باڵادا لە پێنج پەردەدا دایڕشتووەتەوەو یەکەمجار لە سانپترسبۆرگدا نمایش کراوە.

جەنابی موفەتیش زۆر بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لە سیستەمی فەرمانڕەوایی و کارگێڕی سەردەمی خۆی دەگرێت، خۆ ئەگەر خودی نیکۆلای یەکەم، خۆی لێ بە خاوەن نەکردبایە، زۆر زەحمەت بوو، لە مقەستی سانسۆر دەرباز بێت و بە سەلامەتی دەربچێت. دەڵێن گوایە خودی ئیمپراتۆر لە شەوی یەکەمی نمایشکردنی جەنابی موفەتیشدا ئامادە بووەو کە تەواوبووە بە زەردەخەنەوە گوتوویەتی: "هیچ فەرمانبەرێکی دەوڵەت لە ڕەخنە نەخەلەسیوە، تەنانەت منیش! کە بەشی من لە هەمووان زیاترە"

هەرچەندە بلاوبوونەوەو نمایشی جەنابی موفەتیش، وەرچەرخان و سەرکەوتنێکی گەورەی ئەدەبی بوو، بەلام وەکو پێویست گۆگۆلی دلخۆش نەکرد، هەر بۆیەش لە هەمان ساڵدا (١٨٣٦) و دوای یەك دوو مانگ لە نمایشی شانۆنامەی ناڤبری، بێ ئەوەی خواحافیزی لە دۆستانی وەکو ژۆکۆفسکی و پوشکین بکات، سەفەری ئەڵمانیای کردو لە ئەڵمانیاوە چوو بۆ ئیتالیاو ماوەی دوو ساڵێکی بە ئاوارەیی و سەرگەردانی لە سەرانسەری ئەوروپادا بەسەر برد. تا لە ساڵی ١٨٣٨دا بۆ مۆسکۆ گەڕایەوەو چەند فەسلێکی بەشی یەکەمی "گیانە مردووەکان"یان "بەسەرهاتەکانی چیچیکۆف"ی لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە کە بە شاکاری گۆگۆل دەژمێررێ و نەمری پێ بەخشی.

گۆگۆل چەند بە شێکی ڕۆمانی ناڤبری بۆ دۆستەکانی خوێندەوە کە زۆریان بە دڵ بوو، بەلام ئەمە هیچ ئاسودەییەکی ڕۆحی و ئارامییەکی دەروونی پێ نەبەخشی و جارێکی دی ڕووی کردەوە ئەوروپا. لە ڤینا نەخۆش کەوت، دیسان بۆ ڕۆما گەڕایەوەو لەوێ هەر خەریکی پێداچوونەوەو پاکنووس کردنەوەی ڕۆمانەکە بوو تا لە ساڵی ١٨٤١دا بەشی یەکەمی بۆ چاپ ئامادە بوو، گۆگۆل لەگەڵ خۆیدا بۆ مۆسکۆی هێنایەوە تا بە خۆی سەرپەرشتی کاری چاپ و بلاوبوونەوەی بکات. بەلام لە سەرەتادا، دامودەزگای سانسۆر مۆڵەتی چاپکردنی ڕۆمانەکەیان نەداو گۆگۆل سەرلەنوێ گیرۆدەی نیگەرانی و ناڕەحەتی

دەروونی بووەوەو پاشان هەندێ لە دۆستانی فریای کەوتن و سووکە دەسکارییەکی ئەو شوێنانەیان کرد کە بە دڵی سانسۆر نەبوو- و ڕۆمانەکە لە ساڵی ١٨٤٢دا چاپ و بڵاو بووەوەو پێشوازییەکی گەرمی لێ کراو دەنگێکی ڕەی دایەوە. بوو بە یەکێك لە بەرهەمە هەرە بەناوبانگەکانی گۆگۆل. نووسەر لەم ڕۆمانەدا بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕەفتارێن باوی شارو هەرێمەکانی ڕوسیا و سیستەمی سیاسی و کارگێڕی ئەو وڵاتە بە زەبری تەنزێکی تایبەتی شەن و کەو دەکات و شی دەکاتەوەو لە بێژنگی ڕەخنەی دەدات.

گۆگۆل نزیکەی پانزە ساڵ کاری لەسەر ئەم ڕۆمانە کردبوو، قەراربوو لە دوو بەرگدا بڵاوببێتەوە. سەبارەت بە بەرگی دووەم، نووسەر بە خۆی کە گیرۆدەی نەخۆشی خەمۆکی بوو، بە چەند ڕۆژێك بەر لە مردنی، دەستنووسەکەی سووتاند. بابەت و ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە کە پوشکین بۆ گۆگۆلی گێڕابووەوە. لە ڕژێمی پێشووی ڕوسیادا، مسکێن و ڕەعییەتانی نیمچە کۆیلە، بە گوێرەی کۆمەڵێك قراران کە لە سەردەمی تزاری داگیرکەر بۆریس گۆدۆنۆف-دا دانرابوون و بەو مەبەستە دانرابوون کە ڕێگە لە کۆچی دێهاتیان بۆ شارەکان بگرن، بە زەوی و موڵکی موڵکدارەکانەوە بەسترانەوەو بەپێی قانوون بە موڵکی زەویدارو موڵکدارەکان دەژمێرران. بۆیە موڵکدارەکان دەیانتوانی چ بە جیا و چ لەگەڵ موڵك و زەوییەکانیاندا مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکەن. دەتوانرا ئەم مسکێنانە وەکو هەر کاڵایەکی بایەخدار لە بانقەکاندا بە ڕەهن دابنرێ و قەرزو سلفەیان پێ وەربگیرێت.

دیارە هەر دەساڵ جارێك سەرژمێری گشتی لە وڵاتدا دەکراو ئەو مسکێنە نیمچە کۆیلانەی کە لەو ماوەیەدا دەمردن بە فەرمی بە زیندوو حسێب دەکران و دەبوایە خاوەنەکانیان باجی سەرانەیان بدەن، جا چیچیکۆف-ی شاقارەمانی ئەم ڕۆمانە کە فەرمانبەرێکی بچوکی دەوڵەتییە، دەسبەرداری فەرمانبەری دەبێت و بە تەماحی سوود وەرگرتن لەو قرێرو یاساو ڕێسا باوانە، لێ دەبڕێ ئەم کۆیلانە یان مسکێنە مردووانە کە لە ڕەسمیاتدا بە زیندوو حەساون، بە نرخێکی زۆر هەرزان لە ئاغاکانیان بکڕێت و قەباڵەیان

لەگەڵدا مۆربکات و بیانخاتە سەر ناوی خۆی و پاشان بەو قەباڵەو سەنەدانە لە بانقەکاندا بیانخاتە ڕەهنەوەو قەرزو سلفەیەکی زۆریان پێ وەربگرێت.

دیارە ئاغاکانیشیان بۆ ئەوەی سەرانەی ئەو مسکێنە مردووانەیان لە کۆڵ ببێتەوەو نەیدەن، بەو مامەڵەیە قاییل دەبن، ئیدی چیچیکۆف دەکەوێتە سەفەرو هاتوچۆ و سەواو مامەڵە. جا گۆگۆل هاتووە هەر هەموو ئەم واریقات و ڕووداوانەی وەکو ڕەنگدانەوەی قۆناغێکی هەرە هەستیاری ڕوسیای سەدەی نۆزدەیەم بە شارو گوندەوە، بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و کارگێڕییەوە بەوپەری وەستایی و هونەرمەندی، وێنە گرتووەو میناکی تابلۆیەکی ڕەنگین و زیندوو، پێشکەش بە گەلەری ئەدەبیاتی ڕوسی و جیهانی کردووە.

قارەمانانی جۆراوجۆری ڕۆمانەکەی بە جۆرێ بەرجەستە کردووە کە بە ئاسانی لە بیر ناچنەوەو خوێنەر وا هەست دەکات لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ئەو کاراکتەرانەی دیتووەو دەیانناسێت. دیارە گۆگۆل لە سەرانسەری ئەم ڕۆمانەدا لایەنی شاعیرانەو ڕۆمانتیکییانەی فەرامۆش نەکردووەو بەمەش شەقڵ و مۆرکێکی شیعری بە بەرهەمەکەی بەخشیوەو گەلێك لە ڕستەو دەستەواژەو دەربڕینەکانی ئەم ڕۆمانە کەوتوونەتە سەر زاری خەڵکی و میناکی پەندو قسەی نەستەق دەوترێنەوەو ناوی گەلێك لە کاراکتەرەکانی لە شێوەی تەنزکینایەدا بە باڵای ئەو کەسە ڕاستەقینەدا دەبڕێن کە هەمان خو و خدەو ئەتوارو ڕەفتاری ئەوانیان هەیە.

بڵاوبوونەوەی (گیانە مردووەکان) لە سەردەم و کاتی خۆیدا ئاشوب و هەرایەکی زۆری نایەوە، چینی مولکداران و فیودالانی هاروژاند، چونکە خۆیان تیا دەبینییەوەو گۆگۆل بە شێوەیەکی ئەفسوناوی و بە گوێزانی تەنزو تەوس و توانج سەری تاشی بوون و ئاوێنەکەی دابووە دەستیان. هەموو وەڵامێکی گۆگۆلیش ئەوەبوو کە پەلە نەکەن و چاوەڕوانی کۆتایی چیرۆکەکە بکەن کە لە بەرگی دووەمدا بڵاو دەبێتەوە، کە بەرگی دووەم لە بارودۆخێکی

قەیراناوی دەروونیدا لە لایەن خودی نووسەرەوەو چەند ڕۆژێك پێش مردنی، سووتێنراو ڕوناکی چاپ و بلاّوبوونەوەی نەبینی.

بە هەرحاڵ گۆگۆل لە ئاخروئۆخری تەمەنیا، دووچاری نەخۆشی دەروونی بوو، کاری هونەری تەرك کردو کەوتە نووسینەوەی بیروباوەڕی ئەو قۆناغەی تەمەنی خۆی، لە شێوەی وەعزو ئامۆژگاریدا و پاشان لە ساڵی ١٨٤دا لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (چەند نامەیەکی هەڵبژاردە بۆ دۆستەکانم) چاپ و بلاّوی کردنەوە، ئەم نامەو نووسینانە نیمچە واقیعی و نیمچە خەیاڵی بوون، جا ئەم کتێبە بە پێچەوانەی چاوەڕوانی و پێشبینی گۆگۆلەوە هیچ پێشوازییەکی لێ نەکرا. چونکە پشتیوان لە دەسەلاّت و حکومەتی کۆنەپەرستی وەخت کردبوو، هەروەها بە شێوازێکی پێغەمبەرانە خەڵکی بۆ ڕیفۆرمی ئەخلاقی و مەزەبی و پاککردنەوەی دڵ و دەروون هان دابوو، ئیدی دابڕانێکی گەورە کەوتە نێوان نووسەرو نەك هەر خوێنەرانی ئاساییەوە، بەڵکو نزیکترین دۆستانیشی لێی کەوتنە تەقە و گلەیی.

یەکێك لەوانە بیلینسکی ڕەخنەگری بە نێوبانگ بوو کە نامەیەکی زۆر توندی بۆ گۆگۆل نووسی و گلەیی و گازەندەی ئازادیخوازانی پێ ڕاگەیاند. جا نە گلەیی دۆستانە و نە نامەکەی بیلینسکی، هیچیان گۆگۆلیان لەم ڕێبازە ژێوان نەکردەوە، بەڵکو زیاتر تووڕەبوو- و ڕێگەی ئۆرشەلیمی بە نیازی حەج و پاکبوونەوەی دەروون و ڕەواندنەوەی نیگەرانی دەروونی و ناڕەحەتی ڕۆحی گرتەبەر.

هەڵبەتە زیارەتی ئۆرشەلیمیش هیچ دادێکی نەداو بۆ ڕوسیا گەڕایەوەو چووە لای کەشیشێکی توندڕەو و ئیعتیرافی بە نائومێدی مەزەبی خۆی کردو خۆی خستە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی ڕۆحی ئەوەوەو لەسەر پێشنیازی ئەو و بۆ سەلامەتی خۆی دەستی لە کاری هونەری کێشایەوەو لە ١٨٥٢/٢/١٢دا دەستنووسی (گیانە مردووەکان)ی کە پێنج ساڵی ڕەبەقی بە نووسین و پاکنووسکردنەوەو چاککردنەوەو دەسکاری کردنییەوە بەسەر بردبوو، سووتاند و چەند ڕۆژێك دوای ئەوە بەهۆی نەخۆشی قەرسی دەروونی و نان نەخواردنەوە، لە

٢/٢/٢١ ١٨٥دا کۆچی دوایی کردو بەمەش خەسارەتێکی گەورە لە جیهانی ئەدەبیاتی ڕوسیاو دنیا کەوت.

"٨"

گۆگۆل، لە کەڵە نووسەرانی ڕوسیایە، چ لە باری بەرزە خەیاڵی و چ لە ڕووی شێوەی گوزارشت دارِشتن و دەربڕینەوە هیچ نووسەرێکی دیکەی ڕوسی نەیتوانیوە وەکو ئەو و بەم ڕادەیە دەوڵەمەندی زمانی ڕوسی کەشف بکات. گۆگۆل مجێزو تەبیعەتێکی ناسازارو حەساسییەتێکی نەخۆشانەو ڕۆح و گیانێکی گۆشەگیرانەی هەبوو، بەڵام ئەم نەخۆشییە دەروونی و ڕۆحییە، توانایەکی ئەفراندنەوانی و بەسیرەتێکی دەوڵەمەندو پێشبینییەکی گەورەو ڕۆحێکی ڕەخنەوانی سەیری لەگەڵدا بوو. گۆگۆل بە یەکێك لە کەسایەتی و سیما ئەدەبییە هەرە گەورەکانی ئەوروپای نێوان هەردوو قۆناغی ڕۆمانتیزم و ڕیالیزم دەژمێررێت و کاریگەریی ئەو بەسەر ئەدەبیاتی ڕوسییەوە هێندە گەورە بوو کە تا ئەمڕۆش شوێنەواری هەر ماوە.

گۆگۆل، ئەدیبێکی مرۆڤدۆست بوو، باوەڕی بە ئازادی تیرەی بەشەر هەبوو، هەر بۆیە بە بوێری و ئازایەتی هەر ئەدیبێکی ڕەسەن و پەیامدارەوە کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگەی لە قاو داوەو دژی هەر چەوسانەوەیەکی مرۆڤ دەوەستایەوە. گۆگۆل توانی لە ڕێگەی بەرهەمە ئەدەبیەکانییەوە سنورو کەوشەنی زەمەن و نەتەوە ببەزێنێت، بۆیە بەرهەمی ئەو، بەتەنیا موڵکی ڕوسیا و خەڵکی ڕوسیا نییە، بەڵکو کەلەپوورو بەرهەمی هەموو مرۆڤایەتییە بە هەموو تیرەو تایفە جیاوازەکانییەوە.

گۆگۆل، لە ڕیزی پێشەوەی ئەو ئەدیبە ڕوسانە بوو کە خەڵکی ڕەش و ڕووت و چەوساوەو بێ نەوای کرد بە ماك و هەوێنی کارە ئەدەبییەکانی و کارە ئەدەبییەکانی بردە ناو جەماوەری ڕەش و ڕووتی خەڵکەوە، ڕەش و ڕووت و ڕەمەکی مەردم خۆیان و ژیانی خۆیان لە ئاوێنەی بەرهەمەکانی ئەودا بینی و بە زمانی هونەر پێی گوتن کە کێن، لە چییان کەمە، دەبێ خەبات لە ڕای چیدا بکەن، چۆن بژین، چییان خۆش بوێ و خزمەت و

خێری وڵات لە چیدایە. قارەمانان و کاراکتەرانی بەرهەمەکانی گۆگۆل لە ئاسمانیێ ڕا نەهاتوونەتە خواریێ، نە شەیتانن و نە فریشتەن. بەشەرن و پێویستیان بەوەیە بەشەرانە بژین، لە کۆمەڵگەیەکی شەریفدا بژین، لە ناوجەرگەی ژیاندا بژین، نەك لە بندێڕی چیرۆك و کتێباندا حەپسیان بکەی، یان لە چوارچێوەیان بگریت و هەڵیانواسیت..ئەمانە هێمن و هێدی، بیێ سەروسەدا لە لاپەڕەی کتێبانەوە بۆ ناو ژیانی خوێنەر دەخزێن، بە کورتییەکەی زیندوون، وزنەگی دەکەن و دەژین..

خوێنەر زۆر زوو بە قارەمان و کاراکتەرەکانی ئاشنا دەبێت، هۆگریان دەبێت، وا هەست دەکات لە مێژە دەیانناسێت. تەنانەت کاراکتەرە لاوەکییەکانیشی، هەرچەندە کە زۆرجار لە چوارچێوەی چەند وشەو ڕستەیەکی زۆر کورت و کەمدا دەناسێنرێن، بە ئاسانی لەبیر ناچنەوەو بە زیندوویەتی لە بیری خوێنەر دەمێننەوە. بۆ نموونە چ خوێنەرێك هەیە کە ئاکاکی نەناسیێ؟ یان پترۆفیچی پاڵتۆدروو نەناسێت؟ تەنانەت شت و شوێنەکانیش لە چیرۆکەکانی گۆگۆل-دا زیندوون.

گۆگۆل، لە ڕاستیدا ڕۆحێکی سادەو دلۆڤانە، بە کوچەو کۆلاَن و بازێڕۆك و شارو گوندانداا دەگەڕیێ، سەرمە ماڵاَندا دەکێشێت و بە ئەشق و مەحەبەتێکی ئاوێتە بە هاوخەمی و هاودەردییەوە، هەرچییەك دەبینیێ، بە گوێرەی خوێندنەوەی هونەری خۆی، بە گوێرەی دیدوبۆچوونی هونەری خۆی تۆماری دەکات و پیشانی دەدات. بەلاَم بایەخی گۆگۆل لە مێژووی ئەدەبیاتدا سنووری چیرۆکەکانی بەزاندووەو زۆر هێوەتر دەڕوات. ئەگەر سووکە سەرنجێکی خێرای بەرهەمێن نووسەرانی دوای ئەو بدەی، چ لە ڕوسیا و چ لە ئەوروپا و تەنانەت ئەمریکاش بە ئاسانی کاریگەریی هونەری ئەو کەڵە ئەدیبە بەسەر بەرهەمەکانیانەوە دەبینرێت.

زۆر زەحمەتە لە نێو بەرهەمی کەڵە نووسەران و تەنانەت نووسەرانی نمرە دووی ڕوسیادا، بەرهەمێك ببینی کە کەم دابێژێك کاریگەری و سێبەری گۆگۆلی بەسەرەوە نەبێت، ئەوە دۆستۆیفسکی، تورگینیف، ئەدی ئابلومۆف بۆ ناڵێی؟ چەند قارەمانی لە

(گیانە مردووەکان) ی گۆگۆلەوە وەرگرتووە؟ ئەدی شانۆنامە تاکەردەییەکانی چیخۆف بۆ نالێیی؟.. کارەکانی گۆگۆل بوون بە سەرچاوەو ئیلهام بەخشی بەشێکی زۆریان. تەنانەت لە ئەدەبیاتی تازەی سۆڤییەتیشدا زۆر نووسەر لەژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی گۆگۆلدا بوون، لەوانە: بۆلگاکۆف، گرین، گلادکۆف و ئۆرنبۆرگ.

بە کورتی و کرمانجی گۆگۆل خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکێکی تازە بوو لە ئەدەبیاتدا.

خوێنەر کە هەر چیرۆکێکی گۆگۆل دەخوێنێتەوەو لێ دەبێتەوە، یەکسەر هەست بەوە دەکات کە ئەو چیرۆکە چەند سادە، ئاسایی، سروشتی و حەقیقییە، ئەوەندەش تەڕو تازەیە و لە لاسایی کردنەوە نایەت کە ئەمە یەکەمین نیشانەی هونەرییەتی هەر کارو بەرهەمێکی ڕەسەن و سەرکەوتووە. یان کە بەدەم خوێندنەوەوە مامەڵە لەتەك کاراکتەرەکانیدا دەکات، وا هەست دەکات کە لە مێژە دەیانناسێت و خەڵکی یەك شوێن و دەڤەرن.

بە کورتی و کوردی سیفەتی زاڵی چیرۆکەکانی نووسەر ئەوەیە کە ژیانیان لێ هەڵدەقوڵێت، ژیانێکی سادەو ئاسایی، بە هەردوو دیوی جوان و ناشیرینییەوە. کە دێتە سەرباسی ڕووە جوانەکانی ژیان، بەوبێ هەرچی جوانی و ئینسانییەتێکی تێدایە ئەوەندە هونەرمەندانە نیشانی بدات کە مرۆڤ بە هیچ نرخێك دەسبەرداری نەبێت و بگاتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ شتێك لە دەرێی ژیاندا نییە و لەسەرێتی مرۆڤانە بژی. بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا، زەرەیەك لە ناشیرینییەکانی ژیانیش ناشارێتەوەو وای دەهونەرێنێ کە مرۆڤ هەموو توانایەکی خۆی بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنی ئەو ناشیرینیانە بخاتە گەڕ.

دیارە گۆگۆل دەرهەق بە ژیان ڕاسگۆ بووە، نەهاتووە ژیانمان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵکو ژیانی وەکو چۆن هەیە هونەراندووە، هەرگیز پەنای وەبەر وتن، واتا وەعزخوانی و ئاموچیاری و ئەنجامگیری ئەخلاقی نەبردووە، چونکە زانیویەتی ئەرکی هونەر نیشاندانە نەك وتن. بۆیە دەتوانین بڵێین چیرۆکەکانی گۆگۆل پەلکە ڕەنگینەیەکی ڕەخشانە بە ئاسمانی ئەدەبییەتی ڕوسییەوە و ژیانی سەدەی نۆزدەی ڕوسیا دەنوێنێ.. بەڵێ گۆگۆل خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکێکی تازە بوو لە ئەدەبیاتدا..

پەراوێز:

*- (گیانە مردووەکان): دەڵێن کە پوشکین یەکەم دەستنووسی ئەو ڕۆمانەی خوێندووەتەوە زۆر خەمبار بووە، پاش تۆزێك ڕامان هاواری کردووە: " تەحا کە وڵاتێکی غەمناکە... تەحا لەم ڕوسیایە!"ئەوجا لەسەری ڕۆییوە:" گۆگۆل چ شتێکی لە خۆیەوە دانەناوە، بەڵکو حەقیقەتە ساکارەکەی گێڕاوەتەوە.. حەقیقەتە ترسناکەکە". گۆگۆل لەم ڕۆمانەدا وێنەی ژینگەی فیودالّی کشتوکاڵی، گەندەڵی و داڕوخانی دامودەزگا حکومەتییەکانی گرتووە، توانایەکی گەورەو وردی لە کاراکتەر سازی و دیمەن و تابلۆ کۆمەڵایەتییەکاندا نواندووە.

*- جەنابی موفەتیش: ئەمە لە کارە هەرە بە نێوبانگەکانی گۆگۆلە، بە تەواوەتی جێ پێی گۆگۆلی وەکو هونەرمەندێکی ڕیالیستی لە بواری شانۆدا کردەوە. ئەم شانۆنامەیە ڕەخنەیەکی زۆر توند بوو لەو گەندەڵییەی لە دامودەزگا حکومەتییەکاندا بڵاو بوو. تەنانەت نمایشکردنی شانۆییان قەدەغە کرد.. لە ئەنجامدا تزار "نیکۆلای یەکەم" پاش ئەوەی جۆکۆفسکی ڕووی لێنا، ڕێگەی نمایشکردنیدا. هەندێك دەڵێن کە تزار بۆ خۆی ئامادەی ئاهەنگی کردنەوەی بوو لە ١٨٢٦/٣/١٩دا کە بینی گوتی: "هەرچی فەرمانبەری دەوڵەت هەیە، ڕەخنەی لێ گیراوەو کەمو زۆر پریشکی بەرکەوتووە، تەنانەت منیش کە بەشی من لە هەمووان زیاترە!".

*تێبینی: بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:*

*- نویسندگان روس، به سرپرستی: خشایار دیهمی، نشر نی، چاپ اول (١٣٧٩).

*- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (٣ بەرگ) و: حەمەکەریم عارف، چاپی یەکەم (٢٠٠٨)، دەزگای موکریانی.

*- یاداشت های یك دیوانه وهفت قصەی دیگر/نیکلای گوگول/ترجمە: خشایار دیهیمی/تهران، نشر نی، ١٣٨١.

*- مردگان زرخرید(رعایای مرده)/نیکولای گوگول/ترجمه: فریدون مجلسی/چاپ دوم: ۱۳۸۷/انتشارات نیلوفر.

*- فرهنگ ادبیات جهان/تالیف: زهرای خانلری/چاپ اول:۱۳۷۵/شرکت سهامی انتشارات خوارزمی.

*- ڕۆمانی هەژاران/دۆستۆیفسکی/پێشەکی و وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف/چ۱/۲۰۱۰|.

*-قصص گوگول، تعریب الدکتور جلیل کمال الدین.

*-ولادیمیر ناباکوف / درسهائی درباره ادبیات روس / ۱۳۷۱، ترجمه فرزانه گاهری.

*-ادبیات داستانی، جمال میر صادقی، چاپ سوەم ۱۳۷٦.

*- مێژووی ئەدەبیاتی ڕوسی، سعید نفیسی/ و: حەمەکەریم عارف/بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان/ چ یەکەم/۲۰۱۰.

## ٣٨- چەردەیەك لەمەڕ دۆستۆیفسکی( ١٨٢١-١٨٨١ )

"١"

بە بۆچوونی ڕەخنەگران و مێژوونووسانی ئەدەب، یەکێکە لە ڕۆماننووسە هەرە مەزنەکانی ڕوسیای سەدەی نۆزدەیەم و زۆربەی بەرهەمەکانی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش هەر بە تازەیی ماونەتەوەو پیر نەبوون. واتە بەرهەمی دۆستۆیفسکی بەشێکە لە کەلەپووری ئەدەبیاتی جیهانی و بۆ سەر زۆربەی زمانە زیندووەکان پاچڤەکراون، ئەگەرچی کورد زۆر بە درەنگەوە ئاوڕیان لەم کەڵە نووسەرە داوەتەوە، بەلاّم لەو ساڵانەی دواییدا هەندێ لە شاکارەکانی کراون بە کوردی کە جێگەی قەدرزانی و دەستخۆشییە. بەندەش وا لێرەدا یەکەمین نۆبەرەی ڕۆمانەکانی دۆستۆیفسکیم، کورتە ڕۆمانی (هەژاران- ١٨٤٥) دەکەم بە دیاریی دەست و پێشکەش بە کتێبخانەی هەژاری کوردی دەکەم و لەوەش دڵنیام کە دیاری دەستی شوانەو دیاری شوانیش یا شنگە یا ئاڵەکۆك.

دۆستۆیفسکی ئەم ڕۆمانەی لە تەمەنی بیست و چوار- بیست و پێنج ساڵیدا نووسیوەو شۆرەت و نێوبانگێکی خێرای پێ دەرکردووەو بە نیشانەیەکی یەجگار گەورەی بەهرەو سەلیقەی ئەدەبی ئەو هاتووەتە ژماردن.. هەر لە هەمان ساڵدا ڕۆمانۆکی (سێبەر)یشی بلاّوکردووەتەوە و لەوێدا یەکێك لەو تیمەو نێوەڕۆکانەی خستووەتە ڕوو کە پاشان لە شاکارانی: (تاوان و سزا، برایانی کارامازۆف)دا هونەریانەتر مامەڵەی لەتەکدا کردووە، واتە مەسەلەی کێشەو هەڤدژی نێوان خێروشەڕی هونەراندووە، کە ئەم بیرۆکەیە باڵی بەسەر دۆستۆیفسکیدا کێشاوەو بووە بە تان و پۆ و کری (نسیج) دەروونی و ڕۆحی قارەمانانی ڕۆمانەکانی. واتە دۆستۆیفسکی باوەڕی تەواوی بەوە بوو کە مرۆڤ پێویستی بە

پەشیمانی و تۆبەو گەڕانەوەیە، قەناعەتی وابوو کە ئازارو عەزاب و کول و کۆڤان مایەی ڕزگاری و ئاسوودەییە.

بە لای زۆربەی ڕەخنەگران و باسکارانەوە ئەم بیرۆکەیە بەسەر نووسینەکانی دۆستۆیفسکی و قارەمانان و کاراکتەرانی ڕۆمانەکانیدا زاڵەو بەمەش ڕەنگی چەمکی ئایینی ڕۆمانەکانی خۆی ڕشتووە. ئەوەی لە بەرهەمەکانی ئەم کەڵە ئەدیبەدا دەردەکەوێ، بە تایبەتی لە ڕۆمانی (تاوان و سزا)دا ئەوەیە کە زۆر کارامە و لێهاتووانە وێنەی ژیانی دەروونی تاوانباری گرتووە، جەختێکی فرەی لەسەر بەرجەستە کردنی لایەنە سایکۆلۆژییەکانی تاوان و تاوانباری کردووەتەوە، لایەنە هەڤدژەکانی ناخ و خودی مرۆڤی، بە جۆرێ هونەراندووە، کە شارەزایی لە مەسەلە سایکۆلۆژییەکان مەرجە بۆ تێگەیشتنی کارە ئەدەبییەکانی دۆستۆیفسکی. هەروەها لەم ڕووەوە زۆر کەس ئەم کەڵە نووسەرە لە ڕیزی زانا گەورەکانی دەروونناسی دادەنێن. بۆیە دۆستۆیفسکی تەنیا بە خەڵکی سەدەی نۆزدەیەم نایەتە ژماردن، بەڵکو بە زەبری کارە ئەدەبییەکانی سنووری جوگرافیاو مێژوو، ئاقاری شوێنکاتی بەزاندووەو لەمڕۆشدا دەژی.

دۆستۆیفسکی لە سەرەتای لاویدا پەیوەندی دەگەڵ کۆمەڵێك شۆڕشگێڕی سیاسی، خودان بیروباوەڕو کەڵکەڵەو خولیای خەیاڵاوی تۆباوی دا پەیدا کرد، کە دەسەڵاتی تزاری پێی زانین، گرتنی. دۆستۆیفسکی درایە دادگاو حوکمی خەنەقاندن درا، پاشان بەخشینی تزاری بۆ دەرچوو، ڕەوانەی تاراوگەی سیبریا کرا، پێنج دانە ساڵی بەدەم کاری قورسەوە لەوێندەر قەتاند. لە ساڵی ١٨٥٩دا عەفوکرا.. بەڵام ئەو گیانی یاخی گەرییەی کە تیای بوو، هەرچەندە لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەندێ کەم بووەوە، وەکو شەقڵ و مۆرکی کاراکتەرو قارەمانانی ڕۆمانەکانی هەر مایەوە، بۆیە بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتنی مەودای بەرهەمەکانی، ڕەچاوکردنی ئەم شەقڵی یاخی گەرییە پێویستە..

بە هەرحاڵ ئەم کەڵە ڕۆماننووسە میناکی نقوموانێکی یەجگار لەزەبر، خۆی بە قوڵایی ناخ و دەروونی بەشەردا کردووەو هەموو ناکۆکی و هەڤدژییەکانی ناخ و دەروونی بەشەری

کەشف کردووەو دۆزیوەتەوە. ئەوەتا نیتشە لە شوێنێکدا دەڵێت:"دۆستۆیفسکی تاقە دەروونناسە کە شتێکی لێوە فێر بووم."یان ستیڤان تسفایغ، ڕۆماننووسی نەمساوی دەڵێت: "دۆستۆیفسکی یەکەم کەسە بیرۆکەیەکی لەمەڕ ئەو خەڵکانە داینێ کە ئێمەین.."یانی یەکەم کەسە هەوڵی داوە خۆمان بە خۆمان بناسێنێت..

***

هەڵبەتە پڕۆسەی وەرگێڕان، زیاتر بایەخ بەو شاکارانە دەدات کە بەشێکی هەرە گرینگی کەلەپووری مرۆڤانی پێك دەهێنن و بە درێژایی ڕۆژگار هەر تەڕوتازەن و ئاقارو کەوشەنی جوگرافیاو مێژوو دەبەزێنن و بە ئاسانی پیر نابن و دەبن بە کەلەپووری هەموو سەردەمەکان، هەڵبەتە پێتڤیە ئەو شاکارانە بەوپەڕی ئەمانەتداری و وردی، بەزمانێکی ڕوون و ڕەوان، بەوپەڕی فەساحەت و بەلاغەتەوە بێتە وەرگێڕان، واتە دەکرێت لە زمانە ئەسڵەکەوە پاچڤە بکرێت، پاچڤەیەکی ئەوتۆ کە بە تەواوی هاوتای دەقە ئەسڵییەکەی بکاتەوەو لە کۆڕی ئەدەبیاتدا قامکانی بۆ ڕابکێشرێت و پشتی پێ ببەسترێت و پێویست بەوە نەکات کەسانی دی کاتی خۆ بە فیڕۆ بدەن و جارێکی دیکە پاچڤەی بکەنەوە، مەگەر ڕەوت و گۆڕان و ڕادەی پەرەسەندنی زمانی سەردەم ئەمە بخوازێت.

"٢"

دۆستۆیفسکی بە یەکێك لە پێشەنگەکانی ڕۆمانی کلاسیکی ڕوسی دەژمێررێت. هەڵبەتە گومان لەوەدا نییە کە کاریگەریی ئەزموونی ڕۆمانەوانی و ڕۆماننووسی پوشکین و گۆگۆلی بەسەرەوە بووە، هەروەها گەلێك لە باسکارانی ئەدەبی ئاماژەیان بۆ کاریگەریی ڕۆمانەکانی بالزاك و جۆرج ساند و ڤیکتۆرهۆگۆ و دیکنز بەسەر ڕۆمانەکانی دۆستۆیفسکییەوە کردووە.

دۆستۆیفسکی لە چلەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە هاتووەتە مەیدانی ئەدەبییەوەو هەر لە یەکەم ڕۆمانییەوە (هەژاران- ١٨٤٥) هەوڵی داوە لە ڕێبازی گۆگۆلی مامۆستای دوور

بکەوێتەوەو پەیڕەوی میتۆدێکی تازەی هونەری بکات، بۆیە زیاتر باری دەروونی و سایکۆلۆجی قارەمانەکانی بە هەند وەرگرتووەو ویستویەتی لەو ڕێگەیەوە وێنەیەکی هونەریی واقیع و ژیانی باوی وەخت پیشان بدات..

دۆستۆیفسکی لە ساڵی ١٨٤٤دا، وەکو ئەفسەرێکی ئەندازیار، سەرباری ئەوەی قەرزێکی زۆری بەسەرەوە بوو، دەستی لە کاری فەرمی حکومەتی کێشایەوە. لەو دەمەدا تووشی دەبێت بە تووشی گریگۆریۆفیچی کۆنە برادەریەوە، کە وەکو نووسەرێکی ڕیالیستی سەرکەوتوو، ژیانی ئەدەبی خۆی دەست پێکردبوو. جووتە هاوڕێ بە شەریکی خانوویەکیان بە کرێ گرت، دۆستۆیفسکی لەو ماڵەدا دەستی دایە نووسینی یەکەمین ڕۆمانی خۆی (هەژاران). هەڵبەتە بێ ئەوەی بێڵێ هاوڕێکەی پێ بزانێت. شەو و ڕۆژ، بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە کاری لەو بەرهەمەدا دەکرد، تا لە ئێوارەیەکی مانگی ئایاری ساڵی ١٨٤٥دا تەواوی دەکات.

هەنگێ هاوڕێکەی گازکردو لە نهێنییەکەی خۆیی ئاگادار کرد و کەوتە خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بۆی. دۆستۆیفسکی بە نەشئەیەکی ترس ئامێزەوە بۆی دەخوێندەوەو ئەویش (گریگۆریۆفیچ)بە دڵ و بەوپەڕی دڵبەندی و سەرسامی گوێی دەگرت، تا درەنگانێکی شەو ئەوجا لە خوێندنەوەی بوونەوە، گریگۆریۆفیچ دەستنووسەکەی لێ سەندو بۆ سبەینێ بۆ نیکراسۆفی شاعیری نیشتمانپەروەری برد، گریگۆریۆفیچ بە درێژایی شەو ڕۆمانەکەی بۆ خوێندەوە، کە جووتە ئەدیب، نزیکەی سەعات چواری بەرەبەیان لە خوێندنەوەی بوونەوە، لە خۆشییاندا خۆیان پێ نەگیراو بەو ناوەختە چوون لە دەرگای ماڵەکەی دۆستۆیفسکییان داو لە خەویان هەستاند تا پیرۆزبایی لێ بکەن.

دیارە ئەو ساتە جوانترین ساتی ژیانی دۆستۆیفسکی بوو، هەرگیز ئەو ساتە خۆشەی لە بیر نەچووەوە. دوای سێ ڕۆژان دۆستۆیفسکی چوو بۆ لای ڕەخنەگری بە نێوبانگ بیلینسکی، کە دەستنووسی ڕۆمانی گۆرینی لە نیکراسۆف وەرگرتبوو، هەرکە بلینیسکی ئەم نووسەرە لاوەی بینی، بە گەرمی پێی گوت: "کوڕۆ تۆ دەزانی چیت کردووە؟!"هەڵبەتە

بلینیسکی ئەم ڕۆمانەی بە یەکەمین هەوڵی نووسینی ڕۆمانی کۆمەڵایەتی دەزانی، کە تەنیا خەڵکی هونەرمەند، هونەرمەندی ڕەسەن و بەهرەمەند باری دەبەن و دەرەقەتی دێن..
ئەم ڕۆمانە (هەژاران) کە بووە مایەی شۆرەت و نێوبانگی دۆستۆیفسکی و بەمە ناوی کەوتە سەر زاران، لەسەر بناغەی نامەکارییەك ڕۆنراوە کە لە بەینی کارمەندێکی بە تەمەنی حکومەت و کیژۆڵەیەکدا ڕوو دەدات کە لە ژوورێکی بەرانبەر ژوورەکەی ئەودا کرێچییە. یانی چیرۆکی کارمەندێکی ئیستنساخچی هەژاری بە ساڵاچووە، کە نائومێدانە لە هەوڵ و تەقەلای بەدەست هێنانی حەیاو حورمەتێکدایەو ئەشقی ڕاستەقینەی خۆی سەبارەت بە کیژۆڵەیەکی هەتیوی هەژاری بێنەوا، لەژێر پەردەی مەحەبەت و خۆشەویستی باوکانەدا دەشارێتەوە..
کابرای کارمەند هەموو کاتی خۆی لە ژوورە چکۆلەکەی خۆیدا بە نووسینەوەی بەڵگەنامانی ئیداری بەسەر دەبات. لە میانەی ئەم نامەکارییەوە، خوێنەر لە ژیانی ئەم دوو کەسە ئاگادار دەبێت، لە ژیانی ڕابردوو ئیستایان کە پڕن لە ڕووداو و بۆیەرێن بێماناو توڕەهات و نووسەر زۆر ئاسایی و سادە دەری بڕیون و گوزارشتی لێ کردوون.. ڕاستە کۆمەڵێك خاڵی وەك هەژاری و داماوی و بێنەوایی و هەستێن هاوبەش کۆی کردوونەتەوە، بەڵام سەرەنجام هیچ بەختەوەری و شادییەکی لێ ناکەوێتەوەو بۆ یەکتر دۆزەخن..
دۆستۆیفسکی گەلەك ڕۆمان و چیرۆکی لە پاش بەجێماوە لەوانە: (هەژاران-١٨٤٥، بێزراوان-١٨٦١، تاوان و سزا-١٨٦٦، گێلە-١٨٦٩، ئەهریمەنان-١٨٧٢، هەرزەکان-١٨٧٥، برایانی کارامازۆف-١٨٨٠).
ژیانی هەژارانی شارنشین، لە کارە ڕۆمانەوانییەکانی دۆستۆیفسکیدا یەجگار زاڵە و ئەم تیمەیە بووە بە نێوەڕۆك و مایەو ماك و هەوێنی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆمانەکانی کە یەکێکیان ئەم ڕۆمانەیە (هەژاران)، جا دۆستۆیفسکی نەهاتووە تەنیا ئەو تابلۆ و دیمەن و وێنانەمان پێشکەش بکات کە هەژاری و ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی هەژار پیشان دەدەن، بەڵکو بایەخێکی پتری بە وێنەگرتنی جیهانی ڕۆحی و دەروونی و ئەخلاقی

هەژاران داوە کە هەڤبەندو هاوپەیوەندی بوونی مادیانە. واتە گرفت و کێشەی کۆمەلایەتی هەژاری لە ڕۆمانەکانی دۆستۆیفسکی-دا، لە میانەی کێشە ئەخلاقی و سایکۆلۆژییەکانەوە بەرجەستە دەبێت.

دیارە جیهانی ناوەوەی هەژارانی دۆستۆیفسکی، جیهانێکی یەجگار ئالۆزو سخ و دژوارە، کۆکەرەوەی هەڤدژەکانە.. بە کورتی دۆستۆیفسکی جۆرە ڕۆمانێکی تازەی داهێنا، کە پاشان نێوی ڕۆمانی تراجیدی لیٚ نرا، ئەمە زێدەباری ئەوەی کە یەکێك بوو لە پێشەنگانی ڕۆمانی سایکۆلۆژی و ڕۆمانی فرەدەنگ، دۆستۆیفسکی لە کارەکانیا کۆمەلێك خەسلەتی هزری و هونەری خۆی هەبوو، کە زیاتر لە هەردوو ڕۆمانی (تاوان و سزا) و (برایانی کارامازۆف)دا بەرجەستەو دیارن.

"٣"

فیۆدۆر میخائیلۆفیچ، دۆستۆیفسکی(١٨٢١-١٨٨٠) ڕۆماننووسێکی مەزنی ڕوسییە، لە مۆسکۆ لە نەخۆشخانەیەکدا کە بابی لەوێندەر پزیشکی دەکرد، لەدایك بووە. هەر کە چاوی بە دنیادا هەلهێنا ڕووبەڕووی ژینگەیەکی ناخۆشی، پڕ لە بۆنی داودەرمان و هەژاری بووەوە. بابی، کابرایەکی توندە تەبیعەتی، بەدمێزی، خۆپەرستی، ڕژدی پیسکەو پولەکی بوو. هێندە تورەوترۆ بوو کە بەشەق و زللەو دەمرێژی جنێوان مال و مندالەکەی بەڕێوە دەبرد. فیۆدۆر کە مندالێکی هەستیارو تورە بوو، زۆری ڕق لە بابی بوو، تەنانەت لە خەویشدا لە هاتوهاواری بابی دەترسا، بۆیە لە ناخی دلەوە ئارەزووی مردنی بابە ستەمکارەکەی دەکرد، بەلام دایکی کە ئافرەتێکی میهرەبان و نەرم و نیان بوو، زوو مردو فیۆدۆر بە تەنیا مایەوە. فیۆدۆر پاش مردنی دایکی، لە لایەن بابییەوە کە لە نائومێدیدا پەنای وەبەر مەشروبات بردبوو- و توانای سەرپەرشتی مندالەکەی نەبوو، بۆ قوتابخانەی ئەندازەی سوپایی سانپترسبۆرگ نێررا.

لەوێندەر، لە ژینگەی وشك و ناخۆشی فێرگەدا، کە سیستەمێکی سوپایی بەسەردا زاڵ بوو، دەرفەتی قۆزتەوەو کەوتە خوێندنەوەی کتێبانی دڵخوازی خۆی، بە دزییەوە کتێبانی ڕوسی و فەڕەنسی دەخوێندەوەو زەوق و سەلیقەو بەهرەی نووسەریی خۆی پەروەردە کرد. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، کە بیستی بابی بە دەستی مسکێن و کۆیلە یاخییەکانی خۆی کوژراوە، تووشی شۆك بوو، زۆر پەشیمان بوو لەوەی کە هەمیشە مەرگی بابی بە ئاوات خواستبوو. لەو ساڵەدا بۆ یەکەمجار نەخۆشی فێی لێ دەرکەوت. دوای تەواوکردنی خوێندن لە بەشی ئەندازەدا، لە یەکێك لە دایەرەکاندا دامەزرا، لە سانپترسبۆرگدا ماڵێکی پەرپوتی بە کرێ گرت و ئیدی بە دەستکورتی و شەرمەزاری درێژەی بە ژیاندا.

زۆری پێ نەچوو لە کاری ئیداری وەڕەز بوو، دەستی لە کارکێشایەوە تا هەموو کاتی خۆی بۆ ئەدەبیات تەرخان بکات. سەرەتا بۆ دابینکردنی بژێوی و ژیانی خۆ کەوتە کاری پاچڤە و (ئوجینیە گراندە)ی بالزاك و (دون کارلۆس) شیلەری وەرگێڕا. لە ساڵی ١٨٤٥-١٨٤٦ یەکەمین ڕۆمانی خۆی (هەژاران)ی نووسی ودای بە نیکراسۆفی شاعیر کە لە گۆڤارو ڕۆژنامەدا بۆی بلاو بکاتەوە.. دوای دوو ڕۆژ، لە سەعات چواری بەرەبەیاندا، کە تازە بۆ ماڵ گەڕابووەوەو چووبووە ناو جێگە، زەنگی دەرگاکەی لێ درا، کە دەرگای کردەوە نیکراسۆفی لەبەر دەرگا بینی، لەپڕ باوەشی پێدا کردو هاواری کرد: "زۆر عالە!"و بەڵێنی دایە کە پیشانی بیلینسکی ڕەخنەگری سەختگیری بەناوبانگی بدات. بیلینسکی-ش هەمان بۆچوونی نیکراسۆفی دووپات کردەوەو بە دۆستۆیفسکی گوت:"لاوۆ! تۆ دەزانی چیت نووسیوە؟"

دۆستۆیفسکی کە ناوی خۆی بیستەوەو لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیا بوو، ئیدی بە پەلە پەل چەندین چیرۆکی بلاوکردەوە کە سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناو ڕەخنەگران، بە لاسایی کەرەوەی (گۆگۆل)یان ناوبرد و تەنانەت بیلینسکی-ش لە بۆچوونەکەی خۆی نیمچە پەشیمانێك بووەوە.. دۆستۆیفسکی لە داخی شکستە پەیتا پەیتاکانی خۆی پەیوەندی بە گروپێکی لاوانی شۆڕشگێڕی ئازادەوە کرد، کە یەکێك لە ئامانج و

مەرامەکانیان، هەڵوەشاندنەوەی یاسای کۆیلایەتی بوو، هەروەها لە کۆڕو کۆبوونەوەو گەنگەشەو موحازەرەکانیاندا بەشداری کرد. لە ١٨٤٩/٤/٢٢دا، کە لە کۆبوونەوەیەکی دوورو درێژو تاقەتبەری ئەنجوومەنی گروپی نێوبراو، بۆ ماڵ گەڕابووەوە، لە زەنگی دەرگاکەی دەدرێت، بەلاّم ئەمجارەیان لە جیاتی نیکراسۆف، پۆلیسی لەبەردەرگادا بینی کە بە تاوانی بەشداری لە چالاکیەن دژە تزاری گرتیان و لە زیندانیان پەستاوت.

دیارە کە دۆستۆیفسکی خۆی بە تاوانبار نەدەزانی و هەرگیز وێنای نەدەکرد، بەشداری لە گەنگەشە و باسی سیاسیدا، وەکو تاوانێك ئەو دەگەیەنێتە پای مێزی دادگایی، هەموو کاتێ بەتەمای ئازادبوون بوو تا لە ٢٢/دیسامبەردا کە لە سەعات شەشی بەیانیدا دەگەڵ هەندێ ئەندامانی دیکەی گروپی شۆڕشگێری ناڤبریدا، لە لایەن پاسەوانانی دڵڕەقەوە بەرەو مەیدانی بەفرو بەستەڵەك گرتوو برا، بۆ ئەو شوێنە برا کە خەڵکێکی فرە چاوەڕوانی هاتنی ئەوان بوون. دادسێن قرێری دادگای، کە قەراری ئیعدام بوو، بۆ خوێندنەوە، دەستەی یەکەم تیرباران کران، کە نۆرە هاتە سەر گروپی دووەم، کە دۆستۆیفسکی یەکێك بوو لەوان، ئاجودانێك لە دوورەوە دەستەسرێکی سپی هەڵکردو جێبەجێکردنی حوکمی ئیعدامەکەی ڕاگرت. بەمجۆرە حوکمی ئیعدامەکەی کرا بە چوارساڵ زیندانی لەگەڵ کاری قورس لە تاراوگەی سیبریا..

ئەنجام لە ٢٤/ی دیسامبەرو لە شەوی لەدایکبوونی مەسیحدا، پێ بە کۆت و زنجیر، بۆ تاراوگە ڕەوانە کرا، لە زیندانی سیبریادا، دەگەڵ دزو بکوژو پیاوخراپاندا، لە ژوورێکی پیس و قێزەوندا جێگیر بوو. وەکو ئەوان جلکی یەك شێوەی زیندانی لەبەرکردو بوو بە هاوسفرەیان و ملی بۆ کاری ئیجباری تاقەت پڕوکێن دا.. دۆستۆیفسکی کە هەر لە منداڵییەوە کەسێکی لەش بە بارو دەغەزار بوو، لە زینداندا فێی لێ دەهات و دەکەوت، بەلاّم هەموو ئەم دەردو ڕەنج ونەخۆشی و مەینەتیانە، بۆ ئەو بە ئەزموونێکی دەوڵەمەند دەژمێررا. لە زیندانی سیبریادا لە نزیکەوە میللەتی ڕوسی ناسی و زیاتر خوای ناسی، چونکە ئینجیل تاقە کتێب بوو کە لە زینداندا قەدەغە نەبوو- و ڕێگە دەدرا بخوێنرێتەوە.

پاش ئەوەی ماوەی مەحکومییەتەکەی تەواو کرد، بە گوێرەی قەراری دادگای باڵا چەند ساڵێکیش وەکو سەرباز لە سیبریادا خزمەتی کرد و لە تەنیایی و بێ پەناییدا تووشی بێوەژنێکی دەغەزاری سیلاوی بوو بە ناوی ماریا دیمتریوڤنا کە لە مێردی یەکەمی منداڵێکی هەبوو- و هیچ دەرامەتێکی نەبوو. دۆستۆیفسکی بێ ئەوەی هیچ سۆزێکی ئەشق و ڤیانی لە دڵدا بێت، لە ڕووی بەزەییەوە بێوەژنی گۆرینی خواست. پاش مردنی نیکۆلای یەکەم دۆستۆیفسکی چەندین جار داوای بەخشینی لە ئەلکساندەری دووەمی جێنشینی نیکۆلای یەکەم کرد. ئەوەبوو ئەنجام لە ساڵی ١٨٥٩دا بەخشراو ڕێگەدرا کە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بۆ سانپترسبۆرگ بزڤڕێتەوە. دە دانە ساڵ بوو لەم شارە دوور کەوتبووەوە، ناوی بە تەواوەتی لەبیر کرابوو، سەرلەنوێ تێ هەڵچووەوە. تا ماوەیەك نووسینەکانی بە ساردی پێشوازی دەکران. بەڵام کە لە ساڵی ١٨٦١دا (یادگارەکانی خانەی مردووان)ی بڵاوکردەوە، ناو و شۆرەتەکەی جارانی بە زیادەوە پەیداکردەوە.

ئەم ڕۆمانە کە بە ڕاناوی یەکەم کەسی تاك دەگێڕێتەوە، زیاتر گێڕانەوەی ژیان و بەسەرهاتی نووسەرو ئەو دیمەن و بویەرانەیە کە لە زینداندا دیتوونی، ئەو واقیعە تاڵ و مەینەتبارانەی لە ڕێگەی ئەم بەرهەمەوە بەرجەستە کرابوو، خەڵکی ڕوسیای بە جارێ هەژاندو هاڕوژاند و هێنایە گریان و تەنانەت تزاریشی هێنایە گریان. ئەم بەرهەمە لە ڕووی شێوازو تەکنیکی ئەدەبییەوە، فۆرم و قاڵبێکی تایبەتی هەیە، بریتییە لە کۆمەڵێك چیرۆکی جیاواز کە بە یەك داوە دەزوو هۆنراونەتەوەو لە قاڵبی ڕۆمانێکی نایابدا بەرجەستەکراوە. (یادگارەکانی خانەی مردووان) لە پاش (هەژاران) وەرچەرخانێکی گەورەی لە ژیانی نووسەرایەتی دۆستۆیفسکی چێ کردو نوقلانەو مژدەی شاکارەکانی ئایندەی ئەوی بۆ خوێنەران پێ بوو. ئەوەبوو لە ساڵی ١٨٦٤دا چیرۆکی (یاداشتە نهێنییەکان)ی بڵاوکردەوە. ئەم بەرهەمە لە ژیانی نووسەردا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا. بەڵام لە سەدەی بیستەمدا، ڕەخنەگران لە خانەی شاکارە ئەدەبییەکانی نووسەریان دانا.

کاراکتەرانی ئەم چیرۆکە لەو کارمەندە دەوڵەتیانەن کە لەژێر باری ستەمی حکومەتی نیکۆلای یەکەمدا دەناڵێنن. دۆستۆیفسکی لەم بەرهەمەدا نەهاتووە وێنەی دابونەریت و خووخدەی کۆمەڵگە بگرێت و وەکو چیخۆف پێشانگەیەکی سیما جۆراوجۆرەکانیش ناخاتە بەرچاو، بەڵکو قارەمانانی چیرۆکەکە هەر یەکەیان، بە جۆرێك گۆشەیەك لە کەسایەتی نووسەر نیشان دەدەن و هەندێ چرکەساتی ژیانی دەروونی و سایکۆلۆژی ئەو دەنوێنن و ئاشکرا دەکەن.. لەم قۆناغەدا چەند ڕووداو و کارەساتێکی ناخۆش ژیانی دۆستۆیفسکیان تاڵ کرد، هەوەڵجار ژنەکەی و پاشان برا ئازیزەکەی، میخائیل، مردن و ئەویش پیاوانەو مەردانە مەسئولییەتی قەرزەکانی میخائیلی گرتە ئەستۆی خۆی.. قەرزی لەم دەکرد تا قەرزی ئەوی تری پێ بداتەوە. بە جۆرێك خووی دابووە نووسین و سەری کردبووە نووسین، کە چی وای نەمابوو بمرێت. وێڕای ئەوەش، لە هەرەتی ڕەشبینی و نائومێدیدا، بەوپەڕی ورەبەرزی مامەڵەی دەگەڵ نەگبەتی و مەینەتییەکانی خۆیدا دەکردو بە ئەزموونێکی پێویستی دەزانی بۆ کاری نووسین و نووسەرایەتی.

دۆستۆیفسکی لە تەمەنی چل و شەشساڵیدا کیژێکی بیست و یەك ساڵەی خواست کە سکرتێرو خێرانووسی بەرهەمەکانی خۆی بوو. لە ساڵی ١٨٦٥دا ڕۆمانی (تاوان و سزا)ی بلاۆکردەوە. ئەم کارە بە یەکەم بەرهەمی گەورەی دۆستۆیفسکی دەژمێررێت و نەك هەر لە ڕوسیادا، بەڵکو لە هەندەرانیشدا شۆرەت و نێوبانگێکی فرەی پەیداکردو دۆستۆیفسکی گەیاندە ڕیزی پێشەوەی ڕۆماننووسانی دنیاو تا ئەمڕۆش یەکێکە لە ڕۆمانە بە نێوبانگ و فرەخوێنەرەکان. قارەمانی ڕۆمانەکە لەبەر هەژاری و دەستکورتی ناچارە زانکۆ تەرك بکات. لەبەر نەداری و دەسکورتی و بە گوێرەی تیۆرییە کۆمەلاٚیەتییەکانی خۆی دەست دەداتە کوشتنی پیرەژنێکی سووتخۆرو بە ڕێکەوت خوشکی پیرەژنی ناقبریش دەکوژێت. ڕۆمانەکە لەسەر بنەمای کۆمەڵە فاکتەرێکی جۆراوجۆر ڕۆنراوە، کە مایەو سەرچاوەی تاوانن.

ئەم گەنجە (قارەمانی ڕۆمانەکە) دوو خولیاو کەڵکەڵە بە بەردەوامی هانی دەدەن، یەکەم دەتوانرێ بە پارەی پیرەژنە سووتخۆرەکە، کە لە ڕاستیدا لەو خەڵکە مەینەتبارو کلۆلانە دزراوە کە ناچار بوون قەرزی لێ وەربگرن، کارێکی باش بکرێت و دووەم دەتوانرێ بەم پارەیە بەهرەو توانا ناوازەکان کە دەکەونە سەرووی هەر جۆرە پەیمان و قەراردادێکی کۆمەڵایەتییەوە، بخرێتە گەڕو سەر سکەی خۆی. (تاوان و سزا) ڕۆمانی وێرانی و نابووتی ژیانە، بەڵام لەناوەوە، لەو شوێنەدا کە وا دێتە بەرچاو هەموو تروسکەیەکی ئومێد و ئومێدەواری کوژاوەتەوە، لەپڕو سەرلەنوێ تروسکەیەکی ئومێد هەڵدەبێت و ئەو بەشەرەی کە بووە بە حەیوان، دەگەڕێنێتەوە سەر تەبع و تەبیعەتە فریشتە ئاساکەی جارانی خۆی. لە ساڵی ١٨٦٦دا ڕۆمانی (قومارباز)ی بلاّوکردەوە. نووسەر لەم بەرهەمەدا ئەزموونی تاڵی خۆی لە یەکێك لە نشیمەنەکانی هەندەران و کەڵکەڵەو خولیای قوماری خۆی دەهونەرێنێ و نیشان دەدات. پرۆکوفیف، لەم ڕۆمانەوە ئۆپرایەکی بە هەمان ناونیشان ئامادە کردووە. فرۆشی ئەم ڕۆمانانە زۆر باش بوو، بەڵام بەشی دانەوەی هەموو قەرزەکانی نەدەکرد.

ئیدی دۆستۆیفسکی لە ئەنجامدا لە ترسی خودان قەرزان، ناچار بوو دەگەڵ ژنەکەیدا لە ڕوسیا هەڵبێت، لەم شار دەچوون بۆ ئەو شار، لە ئاڵمانەوە بۆ جنێف و لە جنێفەوە بۆ فلۆرانس.. ئیدی ژووری هەرزان باییان بە کرێ دەگرت، خواردنی هەرزان و کەمیان دەخوارد. قەرزو سفتەو سلفەیان وەردەگرت، خشڵە هەرزان بەهاو تەنانەت جلەکانیشیان بە بارمتە دادەنا. هەرکە لە لایەن وەشانکارێکەوە پارەیەکی دەگەییە دەست، قەناعەتی بە ژنەکەی دەکرد و پەنای وەبەر قومار دەبرد. ئەم گەمەیە لە نۆڕین و ڕوانگەی دۆستۆیفسکییەوە دواکار بوو بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگاری لە خودی خۆی. هەموو شتێکی دۆستۆیفسکی لە سکەی خۆی دەرچووبوو، شیرازەی پچڕابوو، لە گرێژەنە دەرچوو بوو، کە نائومێدییەکانی، سۆز، شادی، لاوازی، ڕکونی و سەرکەوتنەکانی و هەرچییەکی هەبوو دەیدۆڕاند، دەکەوتە نووسین، لەبەر ڕۆشنایی شەمالکان بەرپەڕانی ڕەش دەکردەوە تا درێژە بە ژیانی پەرپووتیان بدات.

یەکەمین منداڵیان دوای چەند ڕۆژێك لە لەدایکبوونی مرد، ئەمە هێندەی دی دۆستۆیفسکی خەمبار کردو کاتێ کە منداڵی دووەمیان بوو، مەسرەفیان زیادی کردو ئەو وەکو جاران خۆی بە نووسین دەسپارد. لە ساڵی ١٨٦٨دا ڕۆمانی (ئەبلە=گێلەپیاو)ی نووسی: شازادەیەك، کە دوا پاشماوەی ماڵباتێکی گرینگی لە نێو چووە، لە سەفەری سویسرا کە ماوەیەکی زۆر بەهۆی نەخۆشی دەروونییەوە لەوێندەر ئاکنجی بووە، بۆ وڵات دەگەڕێتەوە. ئەم شازادەیە تووشی خەمۆکی دروونی بووەو لە ڕاستیدا دووچاری جۆرە کەودەنی و گێلۆکییەك بووەو توانای هەر ویست و بڕیارێکی لەبەر بڕیوەو متمانەیەکی بێ سنووری دەرهەق بە خەڵکی لەلا پەیدا بووە.

ئەم پیاوە بەدبەختە وێڕای ئەوەی هەمیشە ئامادەیە کە خۆی لە پێناوی یارمەتیدانی خەڵکیدا بەخت بکات، بەڵام هەرگیز بەم ئاواتەی ناگات، چونکە تواناو بوێری بابایەکی فریاڕەس و ڕزگارکەری نییەو ناتوانێت کێشماکێشی خەڵکانی دی کە زادەی ناکۆکی و ناتەباییە چارەسەربکات، بەمجۆرە هەرگیز ناگاتە ساغڵەمی دەروونی و ئاسوودەیی ڕۆحی..(گێلە پیاو) لە ڕیزی شاکارەکانی دۆستۆیفسکی دایەو بە شێوەیەکی یەجگار سەیر دەچێتە دڵی خوێنەرەوەو خوێنەر گیرۆدەی خۆی دەکات، بێ ئەوەی چارەسەر بۆ هیچ مەسەلەیەك دابنێت. ئەم ڕۆمانە لە سەرەتاوە لە ڕوسیادا دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نەبوو، بۆیە دۆستۆیفسکی لێبڕا ئەمجارە ڕۆمانێکی جەماوەری پڕخوێنەری عەوام پەسند بنووسێت، ئەوەبوو کورتە ڕۆمانی (هەمیشە مێرد)ی لە ساڵی ١٨٧٠دا بڵاوکردەوە، لەم ڕۆمانەدا نووسەر خۆی لەو دۆزو مەسەلە فەلسەفی و کۆمەڵایەتییانە دوور گرتووە، کە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانە بەنێوبانگەکانی ئەون.

قارەمانی ئەم ڕۆمانۆکە کەسێکی چل ساڵانە، لە ساتێکدا گوناهەکانی سەردەمی لاوی خۆی بیر دەکەوێتەوە، بەمەش زۆر ناڕەحەت و نیگەران دەبێت. ئەم ڕۆمانۆکە باشترین بەرهەمی تەنزئامێزو ساتیری دۆستۆیفسکییە، کە یەجگار هاوسەنگ و لە قاڵبێکی تەوسئامێزی جوان و ئاساییدا داڕێژراوەو نیشان دراوە. لە ساڵی ١٨٧٠دا ڕۆمانی (جن

زەدەکان)ی بلاْوکردەوە. ئەم ڕۆمانەی لەو قۆناغەدا نووسیوە کە لە هەندەران بوو، بابەتەکەی بریتییە لە فیت و پیلانێکی سیاسی، خەڵکی شارێك بە گیانێکی شۆڕشگێڕانەوە دەهاڕوژێنێت و ڕادەبن کە هەموو یاسا ئەخلاقی و مەزەبییەکانی خۆیان بگۆڕن.

دۆستۆیفسکی لەم بەرهەمەدا بیروباوەڕو بۆچوونی هەموو ئەو خەڵکانە ڕەت دەکاتەوە کە کەوتبوونە ژێرکاریگەریی بە ئەوروپایی کردنی ڕوسیاوە. ناونیشانی ڕۆمانەکەش هەمان مانا دەگەیەنێت و میللەتێك نیشان دەدات کە خولیاو جادووی کەلتوورو شارستانییەتی بێگانە لە کەللەی داون. دۆستۆیفسکی بەو پارەیەی کە وەشانکاری کتێبی گۆرین بۆی نارد، گشت قەرزەکانی خۆی دایەوەو هیلاك و شەکەت و ماندوو، بەلاْم خۆشەویست و بەنێوبانگ بۆ سانپترسبۆرگ گەڕایەوە.

ئەو ڕۆمانانەی کە دۆستۆیفسکی لە هەندەران نووسیبوونی، لە نێو بەرهەمی نووسەرانی تری ڕوسیدا، ڕیزی پێشەوەیان گرت و لە بەرچاوی عەوامی خەڵکیدا پایەوپێگەی ڕابەرو موڕشیدیان بە دۆستۆیفسکی بەخشی. دۆستۆیفسکی کە قاڵبووی بۆتەی دەردو ئازارو مەینەتی تاقەتپڕوکێن بوو، توانی ئازارەکانی خەڵکی، واقیعبینانە نیشان بدات. کە لە جەماوەری خوێنەری خۆی دڵنیا بوو، ئیدی کەوتە نووسینی (ڕۆژانە یاداشتی نووسەرێك). ئەم کتێبە کۆمەڵێك نووسینی پەڕاگەندەی هەمەجۆر بوو کە لە ساڵانی(١٨٧٣-١٨٨١)بلاْوی کردەوە، یانی کۆمەڵە وتارێك بوو دەربارەی کێشەکانی ڕۆژ، وەکو بارودۆخی سیاسی و جیهانی و مەسەلەی کۆیلایەتی کە نووسەر کردبووی بە خەمی نەتەوەیی و مەزەبی و ئەخلاقی خۆی.

دۆستۆیفسکی لەم یاداشتانەدا هەڵوێستی کەسێکی نیشتمانپەروەری ئارتەدۆکسی مەسیحی لە هەنبەر مەسەلەکانی سەردەمی خۆی وەردەگرێت و باوەڕی وایە مەزەبی ڕوسی هێندە لەبارە کە شایستەیی ئەوەی هەیە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێ بە ڕابەری ئەورووپاو تەنانەت هەموو جیهانیش. کۆمەڵێك دۆزو مەسەلێن دیکەش لەم یاداشتانەدا خراونەتە

ڕوو وەکو لایەنگری لە مافی ژن، ڕیفۆرمی دادوەری، مەسەلەی جولەکەو... لەم یاداشتانەدا چەند کورتە چیرۆکێکی نووسەریش بەدی دەکرێن. وەکو: بوبوك و نازەنین. بوبوك چیرۆکێکی فەلسەفی خەمناکەو گفتوگۆیەکی نێوان مردوانی گۆڕستان نیشان دەدات و ئەمە چیرۆکی کابرایەکە کە لە هەنبەر جەستەی ساردوسڕی ژنە گەنجەکەیدا کە خۆکوژی کردووەو کابرا لە هەوڵی ئەوەدایە پەی بە هۆو ئەنگێزەو مانای ئەو کارەساتە بەرێت.

ئەم پیاوە یەکێکە لە قارەمانە هەرە تایبەتییەکانی دۆستۆیفسکی کە بەردەوام لە نێوان چاکی و خراپیدا لە نەوەساندایە. (برایانی کارامازۆف)کە لە ساڵی ١٨٧٩دا بڵاوبووەوە، بە شاکاری دۆستۆیفسکی و بە یەکێك لە بەرهەمە ئەدەبییە ئەوروپاییە هەرە مەنگ و قوڵەکانی نیوی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم دەژمێررێت. لەم ڕۆمانەدا ئەو دوو هێڵەی کە بەسەر ڕۆحی دۆستۆیفسکیدا زاڵن، نیشان دراون. لە لایەکەوە باوەڕە بە پرەنسیپی هێزی چاکە کە لە ناخ و نیهادی بەشەردا پەنهانەو لە شێوەی ئیمانی مەزەبی و مەسئولییەتی هاوبەشی تیرەی بەشەردا خۆی دەنوێنێ، لە لایەکی ترەوە هێزی خراپەیە کە بەردەوام ئەو بەرەو گێژاوێکی سامناك ڕادەماڵێت. ئەم دوو هێزە بە جۆرێ ئاوێتەی یەکترن کە جیاکردنەوەو هاوێرکردنیان لێکدی یەجگار ئەستەمە.

خوێنەر لەم بەرهەمەدا خۆی لە دنیایەکی چڕوچوغردو قەوغای ئەوتۆدا دەبینێت کە هەردوو دنیای خەون و خەیاڵ و واقیعی ژیان وەکو تان و پۆ بە یەکتردا چوون. بەم ڕۆمانە شۆرەت و نێوبانگی دۆستۆیفسکی گەییە لوتکە و خەریك بوو گۆی هونەرو نێوبانگی لە تۆلستۆی و تۆرگینیف-ش دەبردەوە. دۆستۆیفسکی لە ١٨٨٠/٦/٨دا لە بۆنەی سەدەمینساڵیادی لە دایکبوونی پوشکیندا، لە مۆسکۆ، وتارێکی هێندە بە جۆش و خرۆشی پێشکەش کرد کە خەڵکەکە بە جۆرێك گوڵبارانیان کرد لەزگ بوو نوقمی گوڵان بێت و هەندێ کەس دەستیان ماچ کرد و خوێندکارێکی زانکۆ لەبەر پێیدا کەوت و بورایەوە.

لەم وتارەدا کە بۆ خۆی شاکارێك بوو، جگە لەوەی مەزناتی و شکۆی هونەریی پوشکین گەیەنرابووە لوتکەی خۆی، دۆستۆیفسکی، بابەتی دڵخوازی خۆیشی، کە ئاشتکردنەوەی

کەلتوورو هونەری ڕۆژئاواو ڕوسیا بوو، خستبووە ڕوو. دۆستۆیفسکی لەوە بە دواوە بەو پەڕی بەختەوەری و خۆشی لە ماڵە هێمن و ئارامەکەی خۆیدا دەگەڵ هاوسەرە ئازیزەکەیدا بە ئاسودەیی دەژیا، بەڵام ئەم خۆشی و شادییە زۆری نەخایاند و لە ١٨٨١/١/٢٨دا دۆستۆیفسکی لە پڕێکاو بەهۆی خوێنڕێژییەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد. هەموو خەڵکی ڕوسیا، بە گشت چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانەوە لە پرسەکەیدا بەشدارییان کردو بە ڕێوڕەسمێکی یەجگار پڕشکۆ، جەنازەکەیان بەڕێ کرد و دوا ماڵئاواییان لێ کرد.

گەلێك لە نووسەران وتاریان لەسەر گۆڕەکەی داو وەکو شەهیدێك باسیان کرد. کاتێك بە خاك سپێرراو ئامادەبووانی سەرقەبران بلاوەیان لێ کرد، گۆڕستانەکە گەڕایەوە باوەشی خامۆشی و بێدەنگی، ئەو کاتە ژیانی تازەی دۆستۆیفسکی دەستی پێ کرد، هەڵبەتە نەك بە جەستەو لەسەر زەوی، بەڵکو لە بەرهەمە جاویدان و نەمرەکانیدا، لەو دیوی زەمەن و لە سەرووی شوێنەوە، لە دڵی ئەو خوێنەرانەیدا کە بەرەو قولایی دەروون و بەرەو قولایی بوون پەلکێشیان دەکات..

هەڵبەتە دۆستۆیفسکی تەنیا چیرۆکنووس نەبوو، بەڵکو یەکەم کەس بوو کە دەروونناسی مۆدێرنی هێنایە ناو چیرۆك و دوو لایەنی ئاگایی و نائاگایی بوونی بەشەریی هونەرمەندانە نواندووەو بەرجەستە کردووە. بە توانایەکی ئەوتۆوە ڕۆح و ئەندێشەی بەشەری لە قاڵبی چیرۆکدا پیشان داوە، کە هەموو قارەمانەکانی وەکو ئاشنا و دۆست دێنە بەرچاو. ڕووداو و بویەرێن چیرۆکەکانی دۆستۆیفسکی هەر هەموویان لە شاردا، لە ماڵە پەڕپووت و هەژار نشینەکاندا، لە ژوورە پیس و نەگبەتبارەکاندا، واتە لەو شوێنانەدا ڕوو دەدەن کە تایبەتن بە ژیانی جەماوەری ڕەش و ڕووت و مەینەتبار و زۆر لێ کراو و غەدر لێ کراوەوە، بۆیە هیچ سەیر نییە کە جەماوەری ڕەش و ڕووت، دۆستۆیفسکی بە پارێزەری خۆ بزانن و بەو جۆرە دڵبەستەی بەرهەمەکانی بن.. دۆستۆیفسکی یەکێکە لە چیرۆکنووسە هەرە دیارەکانی دنیای ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەیەمی سەرانسەری جیهان و کاریگەرییەکی فرەی بەسەر بەرهەمی زۆر کەڵە نووسەریشەوە هەبووە..

جا خوێنەری هێژا، بەندە لەو ڕوانگەیەوە کە لە لایەکەوە بایەخدان بە کەلەپووری ئەدەبیاتی جیهان بە پێویست و فەر دەزانم، لە لایەکی ترەوە ئاشناکردنی خوێنەری خۆماڵی بە شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان بە ئەرکی سەر شانی ئەهلی قەڵەم دەزانم- ئەگەر بەندە هەوبم!!- شانم دایە بەر پاچڤەی ئەم ڕۆمانەی(هەژاران) دۆستۆفسکی کە یەکەم بەرهەم و نۆبەرەیەتی، هەروەها ئەم وەرگێڕانەم لە دوو سەرچاوەی فارسی و عەرەبییەوە کردووە، واتە وەرگێڕانێکی بەراوردکارییانەی تەواوە، هەردوو سەرچاوەکەم پەرەگراف بە پەرەگراف لەبەر یەك گرتووە، لە هەرشوێنێکدا کامیان دەگەڵ ڕەوتی گشتی دەقەکەدا گونجاوتر هاتبێتە بەر مەزەندەو تێگەیشتنی بەندە، ئەویانم کردووە بە بناغە.

بە هەرحاڵ کارەکەی من کارێکی بەراوردکارییانەیە. بۆیە پەرەگرافی وام هەیە هەر دەستەواژەو ڕستەیەکی لە یەکێك لەو دوو سەرچاوەیەوە وەرگێڕراوە.. هەڵبەتە ئەو جووتە سەرچاوەیە ئەگەر لە هێڵە گشتییەکاندا تێك بکەنەوە، ئەوا لە وردەکاری و پاژاندا جیاوازی زۆریان هەیە. کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئەو سەرچاوانەی کارەکەیان لێوە وەرگێڕراوە لە لایەك و بۆ جیاوازی شێوازو داڕشتن و دەوڵەمەندی و هەژاری فەرهەنگی زمانەوانی هەریەکێك لە وەرگێڕە بەڕێزەکان و تەبیعەت و تایبەتمەندی ئەو زمانانەی بۆیان وەرگێڕاوە. بە هەرحاڵ من مەبەستم نەبووە خوێنەری کورد فێری عەرەبی یان فارسی بکەم، بۆیە خۆم لە وەرگێڕانی وشە بە وشە دوور گرتووەو ئەم کارەم بەو ئاوایە کردووە، ئیدی کارێکە و کردوومە، منەت بەسەر کەسدا ناکەم، بەتەمای ستایش و ئافەرین و دەستخۆشیش نیم، بەڵام بە هومێدم بە ناهەق سەرزەنشت نەکرێم و بەر تانەو تەشەرانی منداڵانە نەدرێم!..

ئەمانەش سەرچاوەکانی ئەم پاچڤە بەراوردکارییەی بەندەیە:

*-دوستویفسکی: الاعمال الادبیة الکاملة-١٨ مجلدا، ترجمها عن الفرنسیة: د.سامی الدروبی/ط٢/دار ابن رشد ١٩٨٥، المجلد الاول

*- فیدور داستایفسکی/بیچارگان/ترجمه از متن انگلیسی باعنوان poorfolik and other stories/خشایار دیهیمی/نشر نی/تهران ١٣٨٨

تێبینی: بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم پێشەکییە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

*-ناودارانی ئەدەب، ئا:حەمەکەریم عارف، چ١، هەولێر٢٠٠٩ دەزگای موکریانی

*- نویسندگان روس، به سرپرستی خشایار دیهیمی، نشر نی/تهران ١٣٧٩

*- الروایة الروسیة فی القرن التاسع عشر، د.مکارم الغمری/عالم المعرفة/نیسان/١٩٨١

*- دوستوفسکی: الاعمال الادبیة الکاملة: ترجمة عن الفرنسیة د. سامی الدروبی. المجلد الاول: حیاة دوستوفسکی/ص١٣-٤٩

*- ئیلیادە/هۆمیرۆس/پێشەکی و وەرگێڕانی حەمەکەریم عارف، چ١ ٢٠٠٩/دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

*- مێژووی ئەدەبیاتی ڕوسی، سەعید نەفیسی، و: حەمەکەریم عارف، چ١/٢٠١٠ خانەی وەرگێڕان

*- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، بەرگی دووەم، و: حەمەکەریم عارف، چ١، ٢٠٠٨/هەولێر. دەزگای موکریانی.

# ٣٩- مارك توين (١٨٣٥-١٩١٠)

"١"

مارك توين (١٨٣٥-١٩١٠) یەکێك بووە لەو ئەدیبانەی کە نەیویستووە لەسەر ڕێبازو میتۆدی ئەدیبە ئەمریکییە هاوچەرخەکانی خۆی، کە زۆر دڵبەندو دڵبەستەی ئەدەب و هونەرو هزرو کەلتووری ئەوروپا بوون، بڕوات. چونکە پێی وابوو یەکێك لە مەرجەکانی ڕەسەنایەتی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئەدیب لە ئاخی ولاّتی خۆیدا بۆ ڕەگوڕیشەی ئەدەبەکەی بگەڕێت، چونکە هەرشتێك لە دەرێڕا بهێنرێت و هاوردە بکرێت، ئەدەب و هونەر هاوردە ناکرێت.. ئەگەرچی ڕواڵەتی شۆخی و کۆمیدی بەسەر بەرهەمەکانیدا زاڵە، لێ هونەرمەندانە بە تەوس و توانج و ساتیران موتوربەی کردوون و بیرو باوەڕو سیستەمە کۆمەلاّیەتی و حکومەتییە باوەکان لە تیری تەوس و توانجی نەخەلەسیوون.

مارك توین، لە شاری هانیبالی ویلایەتی میزوری سەر ڕوباری میسیسیپی لە دایك بووە. هەر لە منداڵییەوە گیانی گەڕان و کەشفکاری تیابووە. لە تەمەنی دە ساڵیدا لەبەر نەداریی و دەستکورتی و لە پێناوی دابینکردنی بژێوی ژیاندا قوتابخانەی تەرك کردووەو ملی داوەتە بەرکاری جۆراوجۆرو سەردەمی منداڵی و لاوی بە سەفەرو گەڕان و ڕیسکان بەسەر بردووە. بەلاّم پاش مردنی بابی، بە شاگردی لە چاپخانەیەکدا کەوتووەتە کار کە بۆ ئەو قوتابخانەیەکی گەورە بوو.

چونکە هەر کتێبێك کە لەو چاپخانەیە دەردەچوو، ئەو بەدەم کارو ئیشەوە دەیخوێندەوەو لە سەرەتای لاویدا شارەزاییەکی تەواوی لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا پەیداکرد..

بەڵام چونکە کەسێکی ئاشقە گەڕان و سەفەران بوو، لە سەرەتای لاویدا دەستبەرداری کاری چاپخانە بوو، و لە ڕوباری میسیسیپی-دا کەوتە کاری کەشتیڕانی.. پاشان بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك، لە جەنگی ئەهلیدا، بوو بە سەرباز لە سوپای کۆنفیدرالیدا. دوای ئەوە بوو بە پەیامنێری گەڕۆك لە نیڤاداو کالیفۆرنیا. دیارە ئەم هەموو سەفەرو گەڕانە بەردەوامە بۆ خۆی ئەزموونێکی دەوڵەمەند بوو، هەروەها لە نزیکەوە بە ژیان و تەبع و تەبیعەتی مرۆڤی ئاشناکرد و ئەمە بە ئاشکرا لە بەرهەمەکانیا ڕەنگی داوەتەوەو بە خۆی دانی بەوەدا ناوە کە هەر هەموو کاراکتەرێن ڕۆمانەکانی، لەو خەڵك و کەس و کەسایەتیانەوە هەڵێنجاون کە دیتوونی و لە کارێن هەمەجۆرداو لە دەڤەرێن جیاوازی ولاتدا کارو سەفەرو مامەڵەی دەگەڵ کردوون.

مارك توین، وەکو گەلێك لە ئەدیبە ئەمریکییەکان، ژیانی ئەدەبی خۆی لە کاری ڕۆژنامەوانییەوە دەست پێکردووەو توانیویەتی لە میانەو ڕێگەی کاری ڕۆژنامەوانییەوە میتۆدو ڕێبازێکی ئەدەبی ڕۆمانەوانی تایبەت بە خۆی بدۆزێتەوە، لە ساڵی ۱۸٦٥دا یەکەم ڕۆمانی لەژێر سەرناڤی (الضفدعة القافزه المبجله) نووسی، کە زنجیرە تابلۆیەکی جوانی ئەو دیمەن و کەسانەیە کە دیتوونی و هەڵسوکەوتی دەگەڵ کردوون.. لەگەڵ بلاوبوونەوەی ڕۆمانی ناڤبریدا نێوبانگ و شۆرەتێکی زۆری پەیداکرد..مارك توین، وەکو ئاماژەمان کردێ کەسێکی ئاشقە گەڕان و سەفەرو سەرکێشی و ڕیسکان بوو. بۆ نموونە سیازدە ساڵ لە دوورە وەلاتیدا ژیاوە، بیست دانە جار بە ئۆقیانووسی ئەتلەسیدا پەڕیوەتەوە..

بۆیە بە شێوەیەکی گشتی ڕۆمانەکانی دەنگدانەوەو ڕەنگدانەوەیەکی هونەریانەی ئەم سەفەرو گەڕانانەی خۆین، چ لە ناوەوەو چ لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بۆیە ئۆتۆبیوگرافی و دیتن و باری سەرنجە شەخسییەکانی بوون بە کەرەستەی خاو و تیمەی زۆربەی ڕۆمانەکانی. بەڵام ئەمە هەرگیز لە بایەخی هونەریی ڕۆمانەکانی کەم ناکاتەوە، چونکە خاوەنی جیهانبینی فیکری و گیانی تەنزبازی و ڕۆحی کۆمیکی و نەفەسی

گێڕانەوەی خۆبەخۆیی تایبەتی خۆیەتی و توانیویەتی چ لە قارەمانەکانیا و چ لە هەڵوێست و چ لە دیدو بۆچووناندا، هەموو ڕەگەزە هەڤدژەکان بە جۆرێکی هونەریی ئەوتۆ ئاوێتە بکات کە هەرگیز نەکاتە تۆمارکردنێکی ڕاپۆرتکارانەی ڕووت و بیرتووشی دیتنە شەخسییەکانی خۆی. هەر هەموو ئەم فاکتەرانە کردوویانەتە کارێك کە لە بواری ڕۆمانی ئەمریکیدا بە پێشەنگ و سەرامەد بژمێررێت. ئەوەتا ئیرنست هەمینگوای لە بارەیەوە دەڵێت: "هەموو ئەدەبی ئەمریکی هەڵقولاّوی کتێبی(هاکلبری فین)ی مارك توینەو ئەم کتێبە تا ئیستا باشترین بەرهەمی ئەدەبی ئەمریکییە.."

"٢"

کەواتە مارك توین، سەرامەدو پێشەنگی بێ هەڤرکی ڕۆمانی ئەمریکییە. یەکەم کەسە کە بە دووی ڕەسەنایەتی هونەریدا گەڕاوەو نەیویستووە لاسایی نموونە ئەدەبییەکانی ئەوروپا بکاتەوە. توانیویەتی لە ڕێگەی ئەو وێنە هونەرییانەوە کە لەمەڕ دۆڵی بەرینی میسیسیپی، کە بە دڵی ئەمریکا دەژمێررێت، گرتوونی کەسایەتی ئەمریکی بەرجەستە بکات. لێ ڕۆماننوسەکانی بەر لەو وەك: (هاولز، ملفیل، هۆترون..) هەمان ڕێچکەو ڕێبازی ڕۆمانەوانی ئەوروپایان گرتەبەر. بەلاّم مارك توین، بە پێچەوانەوە دژی ئەو پاشکۆیاتییە وەستاو بە جدی عەودالّی دۆزینەوەی هونەرییانەی ڕەگ و ڕیشەی کەسایەتی ئەمریکی بوو.

ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بە لاسایی کردنەوەو چاولێکەری قاییل نەبێت و ڕێبازو ڕێچکەی تازەی خۆی بدۆزێتەوە.. هەڵبەتە لەسەر ئەمە ڕەخنەیەکی زۆری لێ دەگیراو بە نەزان و کۆنەپەرست و بیرتەسك تۆمەتبار دەکرا. بەلاّم ئەوانەی کە ڕەخنەیان لێ دەگرت، غافلّ بوون لەوەی کە مارك توین عەودالّی ڕەسەنایەتی نەتەوەییەو ڕەسەنایەتی نەتەوەییش لە نۆڕین و ڕوانگەی ئەوەوە دەیکردە سەربەخۆیی تەواو و نۆڕینی بابەتیانە بۆ کەسایەتی

نەتەوەکانی دی. بەڵام وێڕای ئەمەش زۆر بە درەنگەوە خوێنەران گەیینە ئەو قەناعەتەی کە مارك توین ئەدیبێکی ڕەسەنی خودا، نۆڕین و جیهانبینی هونەریی خۆیەتی.

وەك دیارە مارك توین سەردەمی منداڵییەتی لە باژێڕی هانیبال بەسەر بردووە. هانیبال باژێڕۆکێك بووە لەسەر ڕوباری میسیسیپی، ڕاستە شوێنێکی بچوك بووە، لێ شارێکی پڕ جموجوڵ و چالاکی بووە، خاڵی پێکگەیشتنی ڕۆژهەڵاتی کۆن و ڕۆژئاوای تازە بووە، بە هەزاران کۆچبەری ئەوروپی بە هانیبالدا بەرەو قەڵەمڕەو و دەڤەرەکانی دی تێدەپەڕین.. مارك توین لەم باژێڕۆکەدا قولەڕەش و کۆیلە و جەنگاوەران و پیاوکوژان و قاچاغچی و یاخی و کرێکاری کەشتی ناسی. بەڵام سەرباری ئەم هەموو جموجوڵ و جەنجاڵییەش، شارێکی مارك توین گوتەنی خەواڵۆ و هێمن و هێدی بوو. هەر کە کەشتییەکان دەڕۆیشتن، ئیدی ئارامی و هێمنی و خەواڵۆیی باڵی بەسەر باژێڕۆکەکەدا دەکێشایەوە..

ئەم باکگڕاوندانە لە زۆربەی بەرهەمەکانی مارك توین-دا ڕەنگی داوەتەوە. وەك: (تۆم سویر-١٨٧٦، هاکلبری فین-١٨٨٤، لە کەنارێن میسیسیپی-١٨٨٣) مارك توین بەهەمان چاوەوە دەیڕوانییە میسیسیپی کە میسرییە کۆنەکان دەیانڕوانییە ڕوباری نیل. ئیدی میسیسیپی بۆ ئەو ڕەمزی خۆشی و ئاشتی، خەم و تەنیایی، ترس و هەڕەشە بوو. هەموو ئەم حاڵە لێکدژانە لە بەرهەمی توین-دا ڕەنگی داوەتەوەو جۆرە زیندوویەتی و پاراوییەکی تایبەتیان پێ بەخشیوە.. و ئەم باکگڕاوندە وەسفییە لە لای ئەو بووە بە ڕەگەزێکی زیندووی بارگاوی بە نۆڕینێکی هزری و هونەری بەرزو جوان.

***

ئەوەی کە لە ڕۆمانەکانی مارك توین-دا مایەی سەرنجە ئەوەیە کە کاراکتەری کاریگەری ئافرەتی، یان تیا نییە، یان زۆر زۆر کەمە. جگە لە (سەربردەکانی جاندارك) کە لەوێدا مارك توین یەجگار دلبەندی کەسایەتی جاندارکە، ئیدی جیهانی ڕۆمانەکانی زیاتر جیهانی مێردمنداڵ و نۆلاو و پیاوانە. لەوەش دەچێت هۆی نووسینی دەربارەی جاندارك بگەڕێتەوە بۆ ئەو باکگڕاوندە ڕۆشنبیرییە دەوڵەمەندەی کە لە بواری مێژوودا هەی بوو، تا

له میانەی کەسایەتی جاندارکەوە هەڵوێستی مرۆڤ لەمەڕ گەردوون بەرجەستە بکات.. ئەم باکگراوندو پاشخانە مێژووییە لە هەردوو ڕۆمانی (شازادەو گەدا- ١٨٨٢) و (یانکی لە دەرباری ئارتۆر شادا-١٨٨٩)دا ڕەنگی داوەتەوەو نووسەر وێنەیەکی خەیاڵی پڕ لە تەوس و توانجی لە میانەی ئینگلتەرای سایەی حوکمڕانی ئارتۆر شادا پێشکەش کردووە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە مارك توین، هەر بە گەشتی جوگرافیاییەوە نەوەستاوە، بەڵکو خۆی لە مێژووش داوە، تا بە شێوەیەکی هونەری لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکەی بگوازێتەوە، ئەمەش بەڵگەو نیشانەی هەمە جۆری و دەوڵەمەندی خەم و کەڵکەڵەو خولیا هزری و هونەریەکانییەتی.

یەکێك لەو دەسکەوتە ڕاستەقینانەی کە مارك توین بۆ ئەدەبی ئەمریکی بەدەستهێناوە، ئەمەیە کە زاری باوی ئەمریکی بە دوور لەو قاڵبە زمانەوانییە تەقلیدییانەی کە لە ئەوروپاو زمانە ئەوروپاییەکانەوە هاتبووە ناو ئەدەبی ئەمریکییەوە، کرد بە زمانی نووسین و ئەدەبیات. کردی بە زمانێك کە بۆ نووسین و بەرهەمهێنانی ئەدەبی بشێت. هەروەها توانی ئەدەبی ئەمریکی لە پاشکۆیاتی و لاسایی کردنەوەی ئەو ئەدیبە ئەوروپاییانە ڕزگار بکات کە پێیان وابوو ئەدەبی ئەمریکی کۆمەڵە هەوڵێکی سادەو ساکاری خەڵکانێکی کۆلکە ڕۆشنبیرو کەم سیوات و مەعریفەتە، هەموو ئاواتێکیان ئەوەیە لاسایی نموونە ئەوروپاییەکان بکەنەوە.

جا ئەگەر(کۆپر و ئرفینج و پۆ و ویتمان) ڕێگەیان بۆ کەسایەتی سەربەخۆی ئەدەبی ئەمریکی خۆش کردبێت، ئەوا مارك توین توانی کۆڵەکەو پایەکانی ئەم کەسایەتییە بچەسپێنێت و بێگانان ناچار بکات بە چاوی ڕێزەوە بڕواننە ئەم کەسایەتییەو تاکو ئەمڕۆ ڕۆمانەکانی لە ئەوروپاو لە قەڵەمڕەوانی ئینگلیزی زماندا یەجگار بڵاو و بەرەواجن. هەروەها خەڵکی بە خۆیان ئەوەیان کەشف کردووە کە چ جددییەتێکی ڕاستەقینە لە پشت پەردەی ڕواڵەتی کۆمیدی بەرهەمەکانییەوە پەنهانە. جددییەتی توین لەوەدایە کە بە کردەوەو بە نووسین لە ئەمریکییەکانی گەیاند کە سەربەخۆیی و جیابوونەوەی ڕاستەقینەیان

لە ئینگلتەرا و لە ئەوروپا بە بێ سەربەخۆیی هزری و هونەری ناچێبێت. مارك توین بابایەکی واقیعی و بابەتگەرا بوو، ئەم بابەتگەراییەی زۆر بە جوانی لە بەرهەمەکانیدا بەکار بردووەو ئەمەش وایکردووە کە بەرهەمەکانی سنووری کات و شوێن ببەزێنن..

مارك توین زۆر بە خەمەوە بووە، لە ڕێگەی کاراکتەرەکانییەوە بەها مرۆڤانییەکان بەرجەستە بکات و بۆیەش لەم کارەیدا سەرکەوتوو بووە چونکە تواناو بەهرەیەکی کۆمیکی و ساتیری گەورەی هەبووە لە هونەراندنی دیاردەو ڕووداوەکاندا، شێوازێکی تەوسئامێزی زیندووی لە دەربڕین و گوزارشتدا هەبووە، شێوە زارە باوەکانی گۆڕیوە بۆ زمانێکی هونەری دیالۆگی و بە جۆرێك خستویەتییە سەرزاری کاراکتەرو قارەمانەکانی کە ژیانیان لێ هەڵدەقولێت.. بەڵام وێڕای ئەمەش لە هەندێ هەڵەو کەم و کوڕی هونەری بەدەر نەبووە. لەوە دەچێت شارەزاییەکی باشی لەمەڕ زەرورەتی شێوەو فۆرمی هونەری نەبووبێت، بۆیە هەندێ لە ڕۆمانەکانی بریتین لە زنجیرە هەڵوێست و دیتنێك کە دەشێت لە دوای هەر دیمەنێك بوەستن یان بەردەوام بن..

هەڵبەتە کارکردنی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا تا ڕادەیەکی زۆر کاری لە شێوازی ڕۆماننووسی ئەو کردووە. چونکە زیاتر بایەخ بەو هەڵوێستە دەدات کە دەیگێڕێتەوە بێ ئەوەی نۆڕینێکی هەمە لایەنی بۆ کارەکەی وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری هەبێت. دیارە ئەمەش بۆ کەسێکی پێشەنگ و سەرامەد، بۆ کەسێکی ڕچەشکێن، بۆ کەسێك نەهاتبێتە سەر کۆمەڵێك میتۆدی حازرو باو، زۆر ئاساییە.. کەچی بەو حاڵەشەوە توانیویەتی لە ڕێگەی شێوازە خۆبەخۆیی و ڕاستەوخۆیەکەیەوە کۆمەڵێك ڕۆمانمان پێشکەش بکات کە ژیانیان لێ هەڵدەقولێت، جیهانێکمان پێشکەش بکات کە مۆرك و شەقڵی تایبەتی ئەوی پێوەیە.

جا مارك توین هەوڵیداوە لەو جیهانەوە پشتیوانی لە مرۆڤ، دژی هەر چەوسانەوەیەك، دژی هەر هەوڵێك بۆ بە دەعەجانی کردنی مۆرۆڤ و سڕینەوەی دەوری مرۆڤانی مرۆڤ لە ژیاندا بکات و بۆ بەرجەستە کردنی ئەم مەبەستەش پەنای وەبەر بەکارهێنانی هەموو

ڕەگەزو ئەوزارێکی کۆمیدیا و ساتیرو دیالۆگ و وەسف و ڕەگەزە هونەرییەکانی دیکە بردووە، تا پشتیوانی لەو بەها مرۆڤانیانە بکات کە خەڵکی لە گەرمەی ژین و کێشماکێشەکانی ژیاندا لەبیری دەکەن..

"٣"

ناوی ڕاستەقینەی مارك توین (سامۆئیل لانگهۆرن کلیمنسە). لە ١٨٣٥/١١/٣٠دا لە باژێڕۆکێکی ویلایەتی میزوری لە خانەوادەیەکی هەژاری دەستکورت لەدایك بووە. دایك و باوکی سامۆئیل بە ئومێدی بەدەستهێنانی سەروەت و سامان و دەوڵەمەندبوون لە شوێنانی ترەوە بۆ ئەمریکا کۆچ دەکەن کە هەرگیز بەو ئاواتەیان ناگەن. سامۆئیل هەشت نۆ ساڵان بوو کە بابی مرد، بۆیە لە پێناوی دابین کردنی بژێوی ماڵباتەکەیاندا هەر بە منداڵی ملی بە کارو کاسبییەوە ناو، قوتابخانەی تەرك کرد. هەوەڵجار بە شاگردی لە چاپخانەیەکدا کەوتە کارکردن، ئیدی زۆر کاری جەڕباندو تا لە تەمەنی بیست و یەك ساڵیدا، کەوتە کاری کەشتیرانی لە ڕوباری میسیسیپی. جا نازناوی (مارك توین) یادگاری ئەو قۆناغەیە کە لە ڕوباری نێوبراودا کاری کەشتیرانی دەکرد: کەشتیوانەکان زۆرجار بۆ ئەوەی ئەندازەی قووڵی ئاوی ڕوبارەکە بە کەشتییەکان ڕابگەیەنن، نیشانەیەکیان بە ژمارەوە لە کەناری ڕوبارەکە دەچەقاند، بۆ نموونە بە کەشتییەکانیان دەگوت بە لای (مارك تری-نیشانەی سێیەم) یان (مارك تواین-نیشانەی دووەم)دا حەرەکەت بکەن. ئیدی سامۆئیلی نۆلاو کە تازە دەستی دابووە نووسین و کەم کەم وتارەکانی لە ڕۆژنامانداا بلاَو دەکردەوە، بە دوای نازناوێکدا دەگەڕا و ناوی (مارك تواین- نیشانەی دووەم)ی پێ خۆشبوو- و لەوە بەدواوە ئەو نازناوەی (مارك توین)ی بۆ خۆی هەڵبژارد.

مارك توین، پاش ئەوەی سووکە شۆرەت و نێوبانگێکی پەیداکرد، چوو بۆ نیویۆرك و لەوێندەرەوە بۆ سانفرانسیسکۆ ڕۆیی. بەرەبەرە چووە ڕیزی نووسەرە عەوام پەسندو خۆشەویستەکانەوە. مارك توین لەو شارەدا درێژەی بە چالاکی ئەدەبی خۆیدا و زۆری

نەخایاند کە لە ڕێگەی بەرهەمە توند و ڕەخنە ئامێزو پڕ تەوس و توانج و کۆمیدیەکانییەوە نەك هەر لە ئەمریکادا، بەڵکو لە نێو هەموو ئینگلیزی زمانانی جیهاندا نێوبانگی دەرکرد.

***

مارك توین لە ساڵی ١٨٧٠دا کە گەیی بووە لوتکەی ناوبانگ، ئاشنایەتی دەگەڵ کیژی ماڵباتێکی ئەرستۆکراتی دەوڵەمەندی ئەمریکاییدا پەیدا کرد و زەماوەندی دەگەڵ کرد، لە شاری هارتفۆردا ژیانێکی هێمن و ئاسوودەو شکۆداری بۆ خۆی دامەزراند. هەرچەندە سەردەمی گومناوی و دەستکورتی مارك توین بەسەر چوو بوو- و دەگەڵ دەوڵەمەندان و ئەرستۆکراتاندا تێکەڵ بووبوو، بەڵام ئەمە لە کاری پیرۆزی نووسینی دوور نەخستەوەو تا مردن قەڵەمە بوێرەکەی لە کارا بوو- و هونەرییانە ڕەخنەی لە کۆمەڵگەی کۆنی داتەپیوی خۆرافاتی دەگرت..

مارك توین لە ساڵی ١٩٠٠دا کە لە هەرەتی شۆرەت و ناوبانگدا بوو، جارێکی دی سەفەری بەریتانیای کردو لە لایەن زانستگەی ئۆکسفۆردەوە دکتۆرای فەخری پێ بەخشرا.

مارك توین، لە ساڵی ١٩٠٩دا لە ئەنجامی مەرگی کیژە ئازیزەکەیدا کە هەمیشە لە گەڵیا بوو، نەخۆش کەوت و باری تەندروستی ڕۆژ بە ڕۆژ خراپ بوو، تا لە ساڵی ١٩١٠دا، لە تەمەنی هەفتاو پێنجساڵیدا بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد.

دیارە مارك توین ئەگەر بە ناسنامە ئەمریکایی بێت، ئەوا لە ڕووی گوتاری ئەدەبی و هزرییەوە وابەستە بە هەموو جیهانە. ڕازو نهێنی نێوبانگ و خۆشەویستی ئەم نووسەرە گەورەیە زیاتر لەمەدایە کە پتر لەهەر نیگارکێشێکی زەبەردەست، لە بەرجەستە کردن و هونەراندنی ژیانی پڕ هەڵچوون و جەنجاڵ و پڕ ڕووداو و بویەرو هەورازو نشێوی سەردەمی خۆیدا هونەرنوێنی کردووەو لە قاڵبی کۆمیدی و تەنزدا توندترین ڕەخنەی لە بارودۆخی کۆمەلآیەتی سەردەمی خۆی گرتووە.

ئەو ڕۆمان و بەرهەمانەی کە بوونەتە مایەی شۆرەت و ناوبانگی پڕ لە سەرفرازی مارك تواین زۆرن کە هەندێك لەوانە بریتین لە: (تۆم سویر، هاکلبری فین، بەشەر چییە؟، سەربهوردی جاندارك، ئەمریکاییەك لە دەرباری ئارتۆر شادا، ژیان لە کەناری میسیسیپی، ژیانی من و شازادەو گەدا..)

شازادەو گەدا کە بە یەکێك لە بەرهەمە هەرە جوان و بەهادارەکانی مارك تواین دەژمێررێت و نووسەری تەنزبازی ئەمریکایی هەزاران درکەو خواستنی پڕمانای تیا بەکاربردووە، کە نەك تەنیا پەردەی لە سەر دیمەنە تاریکەکانی مێژووی پێنج سەدەی میللەتی ئینگلیز هەڵماڵیوە، بەڵکو لایەنە دزێو و کرێتەکانی کۆمەڵگەی خۆیشی لەم ئاوێنە ساف و بێگەردو ئەفسوناوییەدا بە خوێنەران نیشان داوە، کە بەندە لە ڕووی خەمخۆریمەوە بۆ کتێبخانەی کوردی و بە مەبەستی بەردەوامدنی پەیوەندی هزری و شارستانی دەگەڵ ئەدەبی جیهانیدا، پاچڤەم کردووەو پێشکەش بە خوێنەرانی کوردی زمانی دەکەم، هیوادارم تینوێتییان بشکێنێت، دەنا ماڵی قەڵب سەری ساحێبی...

٢٠١١/٣/٥

سلێمانی/ گەڕەکی ڕزگاری

**تێبینـــی:**

بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


*- فرهنگ ادبیات جهان/زهرای خانلری/چاپ اول: ١٣٧٥

*- شاهزادەوگدا/مارك تواین/مترجم: محمد قاچی/چاپ چهاردهم: ١٣٨٨

*- دلیل القاری الی الادب العالمی/ترجمه محمد الجورا/دارالحقائق/گ ١٩٨٦/١

*- موسوعه ادبا ءامریکا/الدکتور نبیل راغب/الجز ءالاول/دارالمعارف/١٩٧٩

## ٤٠- تاوێك لەگەڵ بزورگی عەلەوی

بزورگی عەلەوی لە ساڵی ١٩٠٤دا لە بنەماڵەیەکی بازرگانی دەوڵەمەند و ڕۆشنبیر و مەشروتەخواز هاتووەتە دنیا. حاجی سەید ئەبول حەسەنی بابی گەنجێکی بەهرەمەندو ئەهلی زەوق و کەماڵو ئازادیخواز بووە لەگەڵ نەسروڵڵا ئەخوی دا سەفەری پاریسی کردووەو لە مەشروتەخوازانی دڵ گەرمەکان بووە، لە گەرمەی جەنگی جیهانی یەکەمدا ئاوارە بووەو کاتێك بەغداو کرماشان لە لایەن ئینگلیزەوە گیراون خۆی گەیاندووەتە بەرلین و ساڵانێکی دوورو درێژ لەوێندەر ژیاوەو هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە.

بزورگ بچوکترین منداڵی بابی بوو، لە خوێندندا زیرەك بوو، پاش ئەوەی خوێندنی فێر بوون و پەروەردەی لە ئەڵمانیا تەواو کرد، لە ساڵی ١٩٢٨دا بۆ ئێران گەڕایەوەو ماوەیەك لە شیرازدا مامۆستایەتی کرد. لە ساڵی ١٩٢٨دا ئاشنایەتی دەگەڵ سادقی هیدایەتدا پەیدا کردو هەردووکیان کەوتنە سەر ئەو بیرەی کە چیرۆك دەربارەی ئەو وڵاتانەی کە پەلاماری ئێرانیان داوەو زەرەرو زیانیان بە شارستانییەت و کەلتووری ئێران گەیاندووە بنووسن. پاشان شیراز زادەی پرتەویش هاتە ڕیزی ئەوانەوەو بەسێ قۆڵی کۆچیرۆکێکیان بڵاوکردەوە بە ناوی ئەنیران (واتە ڕوناکی بێ کۆتایی، ناوی خواوەندێکە لە دیانەتی زەردەشتیدا... ح.ع) کە بریتی بوو لە: (سایەی مەغۆل –هیدایەت، دەربارەی هێرشی ئەسکەندەر بۆ سەر ئێران-ش پرتەو، دێو- عەلەوی، دەربارەی هێرشی عارەبە..

هەر لەم سەرو بەندەدا عەلەوی (خات ئورلیان)ی شیللەری پاچڤەی فارسی کردو هیدایەت پێشەکی بۆ نووسیو بەرە بەرە تێکەڵاوییان زیاتر بوو، پاشان (مینەوی، فەرزاد، نوشینو مین باشیان) یش پەیوەندییان پێوە کردن و بە هەموویان لە ساڵی ١٩٣٠دا، لە

تاراندا گروپی ڕەبعەیان دامەزراند. ئەم گروپە ڕەمزو نوێنەری ئەدەبیاتی تازەی ئێران بوو- و لە ڕاستیدا بەرانبەر بە گروپی سەبعە (حیکمەت، تەقی زادە، ئیقبال و قەزوینی... هتد) دامەزراو ڕکابەری وان بوو، گروپی سەبعە دەستیان لە سیاسەتدا هەبوو- و نوێنەری کۆنە پەرستییەتی ئەدەبی بوو. گروپی ڕەبعە کە بریتی بوو لە کۆمەڵە گەنجێکی پێشڕەو و پێشەنگ لە بیری ئەوەدا بوو کە کەلتوورێکی تازە لە کەلتووری کۆن و نوێی ئێران دەگەڵ کەلتووری ئەوروپایی دا پێك بێنێ. هەڵبەتە هاوکاری هیدایەت، عەلەوی، فەرزاد، مینەوی، مین باشیانو نوشین... کە هەر یەکەیان لە بوارێکی کەلتوورو هونەردا شارەزا بوو، بەرەنجامێکی فرە بە پیت و فەڕی لێکەوتەوە.

بە گوتەی مینەوی ئەم گروپە خۆی لە خۆیدا جۆرە بەرپەرچدانەوەیەکی گروپی سەبعە بوو کە هەر گۆڤارو بڵاڤۆك و ڕۆژنامەیەکی فارسیت دەبینی، بەرهەمی ئەوانی تێدا بوو.. هەڵبەتە هەم ئەوان لە حەوت کەس پتر بوون و هەم گروپی ڕەبعەش لە چوار کەس پتر بوون. ڕکابەری و دژایەتیو ڕەخنەو ڕەخنەکاری توندیشیان لە نێوان هەبوو، بەڵام دژایەتی گروپی سەبعە کە مینەوی دەڵێت هەزار ڕوو- و هەزار دڵیان هەبوو، بۆ گروپی ڕەبعە لەوە تێ نەپەڕی کە کار بەدەستانی حکومەتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ تاقیبیان بکەن.

هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە دۆستایەتی دەگەڵ سادقی هیدایەت لە لایەك و دکتۆر تەقی ئەرانی لە لایەکی دی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی عەلەوی هەبوو. لە ڕێگەی هیدایەتەوە پەی بە قووڵایی ئەدەبیات بردو لە ڕێگەی ئەرانییەوە کەڵکەڵەی چالاکی ڕامیاری کەوتە سەر، هەڵبەتە ئەم دوو لایەنە پاشان سەرانسەری ژیانی عەلەوییان داگیر کرد. دیارە لە بواری دیکەشدا جێدەستی عەلەوی دیارە کە پاچڤەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە جوملەی ئەو بوارانەن.

*　*　*

هیدایەت و عەلەوی‌و فەرزادو... زۆریان کەیف بە سیاسەت نەدەهات، بەڵام چونکە ئێران لە قۆناغی قەیران و ئاستەنگێکی سیاسی دژواردا بوو، دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی وەخت، لە هەوڵی سڕینەوەی شوێنەوارەکانی مەشروتەو لە بەین بردنی هەر جۆرە ئازادییەکدا بوو: ئیێ خۆ زمانی بەرەی ڕۆشنبیرانیش لە کۆت‌و زنجیر نادریێ، بۆیە تەحەمولی دکتاتۆرییەت‌و دەرهاویشتەکانی زوڵم‌و زۆرداری بۆ ڕۆشنبیرانی ئەوروپا دیتووی وەکو هیدایەت‌و عەلەوی‌و دکتۆر تەقی ئەرانی یەجگار زەحمەت بوو. هیدایەت بە سروشت کەسێکی خەمین بوو- و لە بیری ئەوەدا بوو ئێران بەجیێ بێڵیێ. دکتۆر ئەرانی کە لە ئەڵمانیادا ئاشنایەتی دەگەڵ مارکیسزمدا پەیدا کرد بوو، پێی وابوو جگە لە خەبات هیچ چارێکی تر نییە.. ئیدی لە گەرمەی ئەم قەیرانە سیاسییانەدا بوو کە عەلەوی تێکەڵی دکتۆر ئەرانی بوو. عەلەوی بە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: "... دامودەزگاکانی دەسەڵاتدار ئێمەیان وەکو پەنجاو سیێ نەفەری کۆمۆنیست ناساند، لە کاتێکدا من کاتێك کەوتمە زیندان تازە سەروکارم دەگەڵ فەلسەفەی مارکسیزمدا پەیدا کرد بوو، یانی لەگەڵ دکتۆر ئەرانی-دا دادەنیشتم‌و کتێبی (سەرمایە)ی مارکسم دەخوێندەوە. بیێ ئەوەی چ حیزبێك لە گۆڕیێ بیێ چەند نەفەرێك بە نیازو مەبەستی شارەزا بوون لە فەلسەفەی مەتریالیزم لە دەوری یەکتر خڕ بووبووینەوە. ڕەنگە ئەمە ئامیانیێ بووبیێ تا دوایی بمەێت.. من یەك لەوانە بووم کە لە نووسینی گۆڤاری (دنیا)دا هاوکارو شەریك بووم.. تاقە خاڵی هاوبەشی ئێمە، پەنجاو سیێ نەفەر، چوار دیواری زیندان و ئەو گوشارو عەزابە بوو کە پێکڤە تەحەمولمان دەکرد".

گرووپی پەنجاو سیێ نەفەر بە ڕابەرایەتی دکتۆر ئەرانی لە بوارەکانی سیاسەت و زانست و ئەدەبدا کاری دەکرد و زیاتر گرووپێکی پێشکەوتووخواز بوو. مەلەکی، بەهرامی، یەزدی، ئەنوەری خامەیی، قدوە، ئیحسانی تەبەری، ئیرەجی ئەسکەندەری، ڕادمەنش‌و... لە دەوری یەك خڕ دەبوونەوەو کتێبیان دەخوێندەوەو میتۆدێکی مارکسیستیان هەبوو،

گۆڤاری "دنیا" ئۆرگانی بیرو ئەندێشەکانی ئەوان بوو، لەوێدا مەتریالیزمی دیالکتیك و هزرێن زانستی دەخرانە بەر باسو لێکۆڵینەوەو گەنگەشەی لەسەر دەکرا.

دکتۆر ئەرانی (١٩٠٢- ١٩٣٩)، بەخۆی پزیشك بوو، دکتۆرای فەلسەفەو کیمیای لە زانستگەی بەرلین هێنا بوو، لە ساڵی ١٩٣٠دا بۆ ئێران گەڕایەوەو لە ساڵی ١٩٣٣دا گۆڤاری (دنیا)ی دەرکرد. لە ساڵی ١٩٣٧ بە تۆمەتی چالاکی سیاسی گیراو پاش بەرگری و داکۆکییەکی مەردانەو ڕەندانە لە دادگای تاوانەکانی تاران، حوکمی حەپس و زیندانی دراو لە ساڵی ١٩٣٩دا لە نەخۆشخانەی زینداندا لە لایەن کار بەدەستانی ساواکەوە شەهید کراو زۆر کاری زانستی لە پاش بەجێماوە لەوانە بنەماکانی زانستی فیزیا کە چوار بەرگە، بنەماکانی کیمیا کە چوار بەرگە، سایکۆلۆژی، عیرفانو بنەما مەتریالییەکان.. هتد. دکتۆر ئەرانی ڕۆشنبیرێکی گۆشەگیرو دوورە پەرێز نەبوو، باوەڕی وابوو کە ئەگەر گەندەڵی کۆمەڵگەی گرتەوەو کۆمەڵگە بە گەندەڵیان لەوتا، ئیدی تاك چەند خۆی لە کاروباری کۆمەڵگە دوور بگرێ بێفایدە، چونکە بیەوێ و نەیەوێ گەندەڵییەکانی کۆمەڵگە بەرۆکی ئەویش دەگرێ.

* * *

هەڵبەتە هەندێ لایەنی خەبات و داکۆکی دلێرانەی دکتۆر ئەرانی، لە بواری ڕابەریکردنی خەباتی سیاسیو ڕۆشنبیریی و لە زیندان و لە دادگادا لە هەندێ بەرهەمی عەلەویدا، وەکو (پەنجاو سێ نەفەر)و (چاوەکانی)دا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش بەڵگەو نیشانەی ئەوەیە کە زۆر دڵبەندو شیفتەی کەسایەتی تێکۆشەرو خەباتگێڕی ئەرانی بووە.

عەلەوی لە ساڵی ١٩٣٧دا لەگەڵ دکتۆر ئەرانی و گروپی پەنجاو سێ نەفەردا کەوتە زیندان و وەکو لە کتێبی پەنجاو سێ نەفەردا بە دیار دەکەوێ لە زینداندا ورەی بەرنەداوەو لە کاری خوێندنەوەو نووسین بەردەوام بووە. هەڵبەتە لە (ورق پارەهای زندان)دا وا دەردەکەوێ کە لە نێوان نا ئومێدی و ئومێدەواریدا لە هاتوچۆدا بووە. بە خۆی لەم

بارەیەوە دەڵێت: "هیچ کاتێك تەسلیمی نا ئومێدی نەبووم، هەڵبەتە جاری وا بووە کە لە ساتێکدا نائومێد دەبووم، بەڵام ساتێکی ڕەوتەنی و تیژ تێپەڕ، لە زینداندا قەناعەتی تەواوم لەلا بوو کە هەر دەگەڕێمەوە دنیای ئازاد". هەڵبەتە خۆیایە کە ساڵانی درێژی زیندان بۆ هونەرمەندێکی دڵناسکی میناکی عەلەوی لە ڕوندك و حەسرەتو داخو کەسەرو ترس بەدەر نەبووەو ئەمە لە چیرۆکی (عەفواتی گشتی)دا تا ئەندازەیەك ڕەنگی داوەتەوە.

لە شەهریوەری ١٩٤١دا دامودەزگای دکتاتۆری هەرەسی هێناو مانگی دواتر عەلەوی‌و هەڤاڵەکانی ئازاد بوون، ئیدی لەم قۆناغەدا شنەیەکی ئازادی هەڵدەکات، حیزبی تودەی ئێران دادەمەزرێ‌و بەرهەمی عەلەوی لە پلاڤۆکان و چاپەمەنیانی حیزبی تودەی ئێراندا بەرچاو دەکەون. لە ساڵی ١٩٤٣دا گۆڤاری (پەیامی نوێ)ی ئۆرگانی ئەنجوومەنی پەیوەندییە کەلتوورییەکانی ئێران‌و سۆڤییەت بەسەر نڤیساری عەلەوی‌و هاوکاری سەعیدی نەفیسی، هیدایەت، فاتیمە سەیاح، عیسا بهنام و کەریمی کەشاوەرز بڵاودەبێتەوە، گەلێك لە وتارو چیرۆکەکانی عەلەوی لەم گۆڤارەو گۆڤارانی (سخن و مردم)دا بڵاو بوونەتەوە. عەلەوی کە بە هۆی زیندانەوە لە هیدایەت دوور کەوتبووەوە، دوای ئازاد بوون، جارێکی دی پەیوەندی لەگەڵ هیدایەتدا گرتەوە. هیدایەت لە ئەنجوومەنی سەرنووسەرانی سخن و پەیامی نوێ بوو.. هەر لە ڕێگەی ئەم گۆڤارانەوە بوو کە عەلەوی و ئیحسان تەبەری‌و خانلەری کەوتنە ناساندنی هیدایەت‌و هەڵسەنگاندنی هزرو بیری‌و نیشاندانی بایەخی بەرهەمەکانی.

چیرۆکەکانی سەرەتای عەلەوی، بە شێوازو ناوەڕۆکێکی ڕۆمانسییانە نووسراون، کۆ چیرۆکی چمدان (جانتا) کە لە ساڵی ١٩٣٤دا چاپی یەکەم کراوە، چیرۆکەکانی هیدایەت وەبیر خوێنەر دێنێتەوە، خاڵی هاوبەشیان پتر لەم لایەنەوەیە کە عەلەویش میناکی هیدایەت، یەك لە ئەندامە چالاك‌و چەلەنگەکانی گروپی ڕەبعە بوو، کاریگەریی‌و سێبەری ئەدەبیاتی مۆدێرنی ئەوروپایان بە ئاشکرا پێوە دیارە.

عەلەوی لە دەرگای زمانی ئەڵمانییەوە چووەتە ناو کەلتوورو ئەدەبیاتی ئەوروپاییەوەو ڕۆشنبیریو زانیارییەکانی خۆی لە یەکەم کۆچیرۆکی خۆیدا جەرباندووە. عەلەوی پاش ناسینی دکتۆر ئەرانی و زیندان، ئیدی ڕووی کردە ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی. هەڵبەتە زۆری خایاند تا بتوانێ لە کەمەندی ڕۆمانسییەت و وەسفی باری دەروونی ڕزگار بێت. هەڵبەتە ساڵانی ئاشنایەتی لەگەڵ ئەرانی و چوار ساڵ ئەسارەت لە زینداناو هاونشینی لەگەڵ زیندانیانێکدا کە هەر یەکێکیان لە چالاکان و هەڵسوڕاوانی سەرەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بوون، دیدو جیهانبینی (عەلەوی)یان گۆڕی، پاش ئەوەی لە زیندان ئازاد بوو، ئیدی ئەزموونی خۆی لەمەڕ زیندانەکانی ڕەزا شاهی لە دوو کتێبدا بە نێوی (ورق پارەهای زندان و پەنجاو سێ نەفەر) بڵاوکردەوە.

هەڵبەتە لە (ورق پارەهای زندان)ش دا کە لە ساڵی ١٩٤١دا چاپ بووە، چ شوێنەوارێکی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی بەدی ناکرێت، بەڵکو لە چیرۆکەکانی دوای شەهریوەری ساڵی ١٩٤١دا، وەکو چیرۆکی: "گیلە مرد، خائن..." کەشوهەواو هاماجی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی بەدی دەکرێت، دیارە ئەم هەوەڵین نموونانەی ئەدەبیاتی زیندان بە ڕادەیەك لە ڕاپۆرکاری و واریقات نووسییەوە نزیکن کە زۆر زەحمەتە بتوانرێ لە ڕیزی ئەدەبیاتی پڕ ئەفراندندا دابنرێن.

زیندان بەهرەو توانای چیرۆکنووسی عەلەوی خەفە نەکرد، بەڵکو پتری گەشاندەوە. ئەگەر هاوکاری ئەرانی نەبوایەو نەکەوتبایە زیندان، بە هەمان ڕێچکەو ڕێبازی (چمدان)دا دەڕۆیی، ئیدی نە دەکاری بەرهەمی میناکی (نامەها، چشمهایش) دابهێنێ... چاپو بڵاوکردنەوەی (نامەها لە ١٩٥١و چشمهایش لە ١٩٥٢)دا بوونە مایەی ئەوەی کە ناوی عەلەوی وەکو یەك لە جددیترین پێشەنگانی ڕیالیزم بکەوێتە سەر زاران و شۆرەت دەربکات، هەر چەندە لایەنی سیاسی لە هەردوو بەرهەمەکەدا زۆر زاڵە، بە تایبەتی لە چیرۆکەکانی نێو کۆچیرۆکی (نامەکان)دا کەش و هەوای خەبات و ململانێی کۆمەڵایەتی ساڵانی پاش شەهریوەری ١٩٤١ بە تەواوی خۆیایە. \

عەلەوی لە چیرۆکی (گێلەمرد- گێلە پیاو)دا وەکو چیرۆکنووسێکی زەبەر دەست و هوشیار و بە ئاگاو زاڵ بەسەر کەرەستەکانی کارەکەی خۆیدا، خۆی دەنوێنیّو نێوەڕۆك و تیمەی دادخوازانەی چیرۆکەکە کردییە کارێك کە زۆر زوو نێو بانگ دەربکات و تاکو ئەمڕۆش، وێڕای ئەوەی کە پتر لە نیو سەدەی بەسەردا بوریوە، هێشتاش هەر دەخوێنرێتەوەو مایەی سەرنجە.

حیزبی تودەی ئێران، لە ساڵی ١٩٤٨دا، پاش پیلانی ئینگلیز (هەوڵی تیرۆری شا لە بەهمەنی ١٣٢٧)دا قەدەغە کرا، عەلەوی دەگەڵ سەرانی تری حیزبدا گیرا، بەڵام عەلەوی بە هیمەتی مەردانەی هیدایەت (ڕەزم ئارا، سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا کە دوای شا بە دەسەڵاتترین پیاوی سیاسی ئێران بوو —مێردی خوشکی هیدایەت بوو) بە خشکەیی و زوو بە زوو ئازاد کرا، کرِی و کپی و خامۆشی چەند ساڵێك بەردەوام بوو، تا لە ساڵی ١٩٥٠دا بزووتنەوەی نیشتمانی ئێران گەییە لوتکەو کەشو هەواو هاماجێکی سیاسی ئازاد هاتە ئاراوەو عەلەوی هەمدیس لە چاپەمەنییەکانی حیزب و لە پەیامی نوێدا کەوتە گوتار نووسین و چیرۆك بلاوکردنەوە..

جا ڕۆمانی (چشمهایش- چاوەکانی) بەرهەمی ئەم قوناغەیە. ناوبانگی ڕاستەقینەی عەلەوی لە (چاوەکانی)یەوەیە، ئەم یەکەمین ڕۆمانە واقیعییە فۆرم و بونیادێکی پۆلیسیو تیمە و نێوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی هەیە. زەمانی ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی دکتاتۆرییەتی ڕەزا شا و خەباتی نیگارکێشو شێوەکارێك بە نێوی (ئوستاد ماکان) کە بە قسەی هەندێك ئەم کاراکتەرە لە ژیانی (دکتۆر تەقی ئەرانی و کەمال الملك)ەوە وەرگیراوە.

عەلەوی هەوڵیداوە لەم ڕۆمانەدا مۆرك و ڕەنگی تۆخی سیاسی، کە لە چیرۆکەکانی کۆچیرۆکی (نامەها- نامەکان)دا بە تایبەتی لە چیرۆکی (نامەکان و خاین)دا بە تەواوی بونیادی ئەدەبیاتی زەدەدار کردبوو، لەم ڕۆمانەدا نەهێڵێت و بسڕێتەوە کە تا ڕادەیەکیش سەرکەوتووە، وێڕای خەبات و تێکۆشانی ئوستاد ماکان، واریقاتی ئاشقێنی و ئەڤینداری

ئەو و فەرەنگێزیش بۆ خوێنەر سەرنجڕاکێشەو ڕەنگە لە واریقاتە  سیاسییەکان پتر زەینی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێت. ئەمە جگە لەوەی کە فەرەنگێز پتر دڵبەند و شیفتەی هونەرەکەی ئوستاد ماکانە تا خەباتەکەی. ئەم ڤیانە بێگەردو ڕیسك ئامێزە بۆ فەرەنگێز جۆش و خرۆش بە ژیانی دەبەخشێت و خوێنەریش بە کتێبەکەوە دەبەستێ. بەڵام دوور کەوتنەوەی عەلەوی لە ئێران، لە دەوروبەری ساڵی ۱۹۵۳دا و مانەوەی حکومەتی کودەتا لە ئێراندا، کە بەرهەمەکانی عەلەوی لە سایەیدا قەدەغە کران، بووە باعیسی ئەوەی کە چاوەکانی و هەندێ لە چیرۆکە هەڵبژاردەکانی ئەو لە کن خوێنەرانی بەرهەمی ئەدەبی بێ کاریگەر بن و تەنیا نووسەران بە دوور لە چاوی کاربەدەستانی ئەمن ڕوویان دەکردە ئەم بەرهەمانە. (ئەم ڕۆمانە، چاوەکانی لە لایەن برای نووسەرو وەرگێڕ ئازاد بەرزنجییەوە کراوە بە کوردیو چەند جارێك چاپکراوەتەوە..ح.ع)

عەلەوی لە فەروەردینی ۱۳۳۲ (۱۹۵۳) بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕۆیی بۆ ئەوروپا، بەڵام چونکە کودەتای ۲۸ مورداد بەرپا بوو، لە ئەوروپا (ئاڵمانیای ڕۆژهەڵات) مایەوە. چیرۆکەکانی ئەم قۆناغەی عەلەوی پتر دەربارەی زیندانیانی سیاسی، پەناهەندە، داخ و کەسەری دەربەدەریو تاسەی قوڵی گەڕانەوە بۆ ئێرانە.

هەڵبەتە گێچی بەرهەمی ئەم قۆناغەی عەلەوی لە چاو چاوەکانیو هەندێ چیرۆکی ناو کۆ چیرۆکی نامەکان، لە هاتنە خوارەوەدایە، ساڵانی دوورو درێژی دووری لە ئێران، بووە مایەی ئەوەی کە عەلەوی نەك هەر ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بە درەنگەوە دەرك بکات، بەڵکو پەیوەندیشی بە زمانی فارسییەوە زیاتر لە ڕێگەی نووسراوانەوە بێ، ئەمەش زۆر بە زەقی لەو چیرۆکانەدا کە لە دەربەدەریدا نووسیونی، ڕەنگی داوەتەوەو دیارە. وەکو کۆمەڵە چیرۆکی میرزاو دێو! دێو!، سالاریها و موریانە.

عەلەوی لە سەرەتای چالاکی ئەدەبی خۆیەوە، لە پاڵ نووسیندا، دەستی لە کاری پاچڤەشدا هەبووە، دەکرێ وەرگێڕانی: خائورلیان، نووسینی شیللەر و داستانی نەتەوەیی ئێران، نووسینی تێودور نۆلدکە بە نموونە بهێنرێنەوە، هەروەها بەرهەمی کۆمەڵێك

نووسەری ئێرانی بۆ ئەڵمانی وەرگێڕاوە، لەوانە بەرهەمەکانی سادقی هیدایەت و حەوت پەیکەری نیزامی گەنجەوی، هەروەها کۆمەڵێك چیرۆکی عەلەوی بەناونیشانی (دیواری سپی) کە پازدە چیرۆکە، کراون بە ئەڵمانی و وەرگێڕەکان زۆر بە باشی دەرەقەتی هاتوون. هەروەها (چاوەکانی — ١٩٥٩)ش لە لایەن هربرت ملتزیگ-ەوە کراوە بە ئەڵمانی.

عەلەوی لە ساڵانی ئاوارەیی و دەربەدەریدا لە زانستگەی هومبولدت خەریکی دەرس گوتنەوە بووەو بەوە ژیانی خۆی بەڕێوە بردووە. جا کاری گوتنەوەی زمان و ئەدەبیاتی فارسی بە خوێندکارانی بێگانە، بە تایبەتی خوێندکارانی ئاڵمانی زمان کردییە کارێك کە ڕوو بکاتە کاری لێکۆڵینەوەش و لەم بوارەدا دانانی فەرهەنگێکی فارسی- ئاڵمانیو مێژوو- و پەرەسەندنی ئەدەبیاتی مۆدێرنی فارسی کە خەڵاتی کۆڕی زانیاری بەرلینی وەرگرت، شایانی باسن.

عەلەوی نووسەرو مرۆڤێکی ڕاستگۆ بووە، هەم لە کاری نووسین و هەم لە ژیاندا کەسێکی وردو جددی بووە، لە ساڵی ١٩٥٩دا بەجۆرە باسی خۆی کردووە: "باوەڕ بکەن ئەم بنیادەمەی کە لە بەردەم ئێوەدا دانیشتووە، واتە بزورگی عەلەوی، هیچ کاتێك قارەمان نەبووە، بەڵام هیچ کاتێکیش ترسنۆك نەبووە.. ئەمەی کە دەبوایە بگەڕاماوەو خەباتم بکردایە، ئەمە شتێکی دیکەیە. من ئەوەندەی دەگەڕێمەوە سەر ژیانی خۆم و بە ژیانی خۆمدا دەچمەوە دەبینم هیچ کاتێك دریغیم نەکردووە...."

عەلەوی پیاوێکی نەرم و ناسك و ئارام بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا سەخت و بە هەڵوێست بووەو هەرگیز ملی بۆ شتێك نەداوە کە باوەڕی پێی نەبووبێ، عەلەوی وێنەو نموونەیەکی زیندووی نووسین و چیرۆکەکانییەتی و شیلەیەکی خودی خۆی بووە بە ئامیان و خومرەی بەرهەمەکانی.

هەڵبەتە عەلەوی لە دوای شۆڕشی بەهمەنی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) وەکو گەلێك لە ئاوارەو دەربەدەرەکان بۆ ئێران گەڕایەوەو چەند مانگێك مایەوەو دیسانەوە ڕێگەی غەریبایەتی گرتە بەرو بۆ ئەڵمانیا گەڕایەوە، عەلەوی پیاوێکی زۆر خاکی و بێ هەوا بوو،

زۆر کەم باسی خۆی کردووە، تەنانەت لە چیرۆکەکانیشیدا جار جارێ وەکو گوتیار (ڕاوی) دەردەکەوێ و کەمتر باسی خۆی دەکات. عەلەوی خێزاندارەو تاقە کوڕێکی هەیە بە نێوی (مانی عەلەوی) کە ئەندازیاری تەکنیکی زانستگەی مونیخە... عەلەوی لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە دیاردەیەکە لە نێوان دکتۆر ئەرانی و سادقی هیدایەتدا کە کاریگەری هەر یەکێکیانی بە شێوەیەك پێوە دیارە.

بە هەر حاڵ عەلەوی لە ڕیزی پێشەوەی کاروانی ئەدەبیاتی تازەی ئێرانەوەیەو لە بواری چیرۆکڤانی تازەی ئێراندا خزمەتێکی شایستەی کردووەو بمانەوێ و نەمانەوێ جێدەستی دیارە.

بە هەرحاڵ بە دەگمەن لە جیهانی دێرینەی کەلتوورو شارستانییەتی ئێراندا کەسێك دەبینرێ ئەوەندە بە درێژا لە دووری مەفتەنو زاگەو زێدی خۆی مابێتەوە.. عەلەوی لە ساڵی ١٩٧٤ەوە وەکو مامۆستای زانستگەی هومبولتی بەرلین، مامۆستای سەرپەرشتیارو ڕێنوێنی قۆناغی دکتۆرای زمان و ئەدەبیاتی فارسی خانەشین کرا و لە زستانی ساڵی ١٣٧٥ (١٩٩٦) لە بەرلین کۆچی دوایی کرد. بە هەرحاڵ با بێینەوە سەر بابەتەکەی خۆمان کە کۆچیرۆکی (چمدان- جانتا)یە.

چەمەدان یەکەمین کۆچیرۆکی عەلەوییە، لە ساڵی ١٩٣٤دا چاپ و بڵاو بووەتەوە. عەلەوی پێش ئەوە کورتە چیرۆکی مێژوویی (دێو)ی نووسیوە، کە دەربارەی هێرشی عەرەبە بۆ سەر ئێران، ئەم چیرۆکە لە کۆچیرۆکی (ئەنیران)دا کە بریتییە لە سێ چیرۆك، (دێو) هی عەلەوییەو دووانەکەی تری هی هیدایەت و ش- پرتەوە، لە ساڵی ١٩٣١دا چاپ و بڵاوبووەتەوە.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە شەش دانە چیرۆکی لەخۆ گرتووە، چیرۆکی (شیك پۆش)ی لێ بترازێ کە تەنز ئامێز و کۆمەڵایەتی- ڕەخنەییە، ئیدی ئەوانی دی هەر هەموو مۆرکێکی سێکسی و خەمینییەکی ڕۆمانسیانەیان پێوەیە. کاریگەریی دۆستۆیفسکی، زوایك، دەروونناسی فرۆیدیو ڕۆمانتیك و ئێکسپرسیونیستەکانی ئەڵمانیایان بە زەقی پێوە دیارە.

هەندێکیان لە ڕووی تیمەو تۆن و شێوازەوە لە کورتە چیرۆکەکانی هیدایەت دەچن. ژینگەی چیرۆکەکانی ترسناك و خەمینە، لە دوانیاندا (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم، بووکی هەزار زاوا) ئاهەنگی مۆزیقا بووە، بە بەشێك لە بونیادو تەکنیکی چیرۆکڤانی. عەلەویش میناکی هیدایەت دڵبەندو شیفتەی مۆزیقاو مۆزیقای ڕۆژئاواییە، لە (سەمای مەرگ) و (بووکی هەزار زاوا)و... هتد مۆزیقا وەکو فاکتەری پێشڤەبرنی پلۆت و گرێچنی چیرۆك بەکار دەبات.

مۆزیقا چ لە لای عەلەوی و چ لە لای هیدایەت، زیاتر دەربڕی حاڵەتی غوربەت و دووره وڵاتیو خەمباری و داخ و حەسرەتە.. جا وە نەبێ ئەمانە شارەزای مۆسیقا بووبن، بە تایبەتی عەلەوی بە خۆی دەڵێت: کە بابایەکی مۆزیقا ناس نییە، بە تایبەتی مۆزیقای ئێرانی، بەڵکو حەزی لێیەتیو دەبێ بە دەم نووسینەوە گوێ لە مۆسیقا بگرێت.. باسی ئەوە دەکات کە دۆستایەتی ئەو و هیدایەت لە مۆزیقاوە دەستی پێکردووە، هیدایەت گرامافۆنێکی هەبووە، کە یەکیان گرتووە، بەکرەیەکیان خستووەتە سەری و بە سەعاتان گوێیان لێ گرتووە... هیدایەت کە زۆر خەمبار دەبوو پەنای وەبەر مۆسیقا دەبرد بە تایبەتی گوێی لە سەمفۆنیای شەشەمی چایکۆفسکی ڕادەدێرا..

بۆیە لە چیرۆکی (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم)دا ئەم ڕستانە دەخوێنینەوە: "بە کۆمەڵ گۆرانیمان چڕی، گرامافۆنمان لێدا، تەنانەت مستەر شولتس کەمێك مەست بوو". یان نەرگز لە چیرۆکی دەربەدەردا مەفتونی مۆزیقایە: "دەرەقسی، گۆرانی دەچڕی، قاقا پێدەکەنیو باشتر دەغەزری". لە (چاوەکانی)دا فەرەنگێز و دوناتللو دەچنە بەلەم سواریو لەوێ دوناتللو بەرە بەرە دەستی بە سۆزە کرد، دەنگێکی گڕی هەبوو. بە بازووە توندو تۆڵەکانی ئاوەکەی دادڕی و دەنگی لێ هەڵدەبڕی. گۆرانییەکی پڕ جۆشی سەیر بوو". لە چیرۆکی (بووکی هەزار زاوا)دا کاریگەریی مۆزیقا زیاترەو ئاوێتەی تانو پۆی چیرۆکەکە بووە، کابرایەکی ویلۆن ژەن کە لە ژیاندا شکستی هێناوە، لە بارێکدا دادەمەزرێ تا پارەی گوزەران و بژێوی خۆی دەربێنێ، ئەم کابرایە لە هەرزەکارییەوە ڕموودەی مۆزیقا بووەو

پاشان بۆ فێربوونی مۆزیقا دەچێ بۆ هەندەران، پاشان دەگەڵ کیژێکی دراوسێی خۆیاندا بە نێوی (سۆسەن)، کە دەنگی خۆش بووەو باش سترانی چڕیوە، زەماوەند دەکات. زۆری پێ ناچێ ناکۆکی و ناسازییان ئاشکرا دەبێ، کابرای سازڤان شیفتەی دەنگ و ئاوازی سۆسەن بوو، بە تایبەتی ئەو گۆرانی و ئاوازەی کە بە منداڵی لە سۆسەنی ژنەوتبوو، بەڵام ئێستا سۆسەن نەیدەتوانی بەو ئاوایە ستران بچڕێت، "سۆسەنیش ئەوی خۆش نەدەویست.. سۆسەن ڤیان و ئەشقی دەویست بەڵام کابرای سازڤان گۆرانی و ئاوازی دەویست".

سۆسەن پەیوەندی دەگەڵ خەڵکانی دیدا دەگرێت، "بەڵام سازڤانەکە نەیدەویست لە خۆیی بتۆرێنێ، لەوەیە جارێکی دی ئەو ئاوازو ئاهەنگە ون بووە بدۆزێتەوە، ئەو حەزی لە دەنگ و ئاوازی سۆسەن بوو، لە شی بۆ هەر لەشخوازێك".

لێ کابرای سازڤان کە ئەو ئاهەنگە گومبووە نادۆزێتەوە، ئیدی سۆسەن بەرەڵڵا دەکات، دەستی چارەنووس سۆسەن (کە ئێستا سوسکێی بارێکە)و ئەو دوای ساڵانێکی دوورو درێژ ڕووبەڕووی یەکتر دەکاتەوە. سۆسەن جوانترین ژنی بارەکەیە، پیاوانی مەست و نیمچە مەست دەوروخونی دەدەن. کابرای سازڤان غەرقی خاوبوونەوەو مەستی و هەراو هەنگامەی مەستان و خنەخنی ژنان بووەو کەوتووەتە قوڵایی یادگارانەوە... ئاهەنگە ونبووەکەی دەدۆزێتەوەو لێی دەدا.

تەلاری بارەکە کە نوقمی شادی و هەراو هەنگامە بووە، بە گلەییەوە لە باوەشی کپی و بێدەنگیدا مت بووە، ئەمە چ ئاهەنگێکە؟ بارمەنەکە، سازڤانەکە ئاگادار دەکاتەوە، لێ ئەو لەم جیهانە نییە، لە دنیای خەونانی خۆیدایە، حەشاماتەکە بەرەو ئەو هێرش دەبات بەڵام لە ناکاو سوسکێ دەڵێت: سەبرکەن... و هەموویان بێدەنگ دەکات... کابرای سازڤان چاوانی دەکاتەوەو سۆسەن لە قیافەتی سوسکێدا دەناسێتەوە:

"ئەمە هەمان ئەو ژنەیە کە لە گوێی ئەستێلەکەدا ئەو ئاوازانەی چڕی و ئەوی تێگەیاند کە ... بە ئەسپایی بەرەو لای ئەو چوو، سۆسەن دەترساو پاشەوپاش دەکشایەوە. هەنگێ کەوانەکەی بە تەلەکەدا هێنا، ئاوازەکەی دوا شەوی وەبیر هاتەوە، ئەم ئاوازە ڕۆح

و گیانی زەمانی لاویی ئەو بوو.. سۆسەن دەلەرزی... حەشاماتەکە ئەبڵەق و واق وڕماو تەماشای ئەم دووەیان دەکرد، گەمەیەکی جوانیان دەکرد.. گریەی وێڵۆنەکە توندتر دەبوو.. داخی بۆ ئەوە دەخوارد کە بۆچی تەمەنی بە فیڕۆ چووە، دەیویست تۆڵە لەو هۆکارو سەبەبکارانە بستێنێ کە ڕۆژی ئەویان گەیاندووە بەم ڕۆژو ڕۆژگارە. ئەوسا سۆسەن چڕی. گۆرانی چڕی. هەمان ئەو شیعرەی چڕی کە لە شەوی یەکەمدا چڕی بووی (بە تەمای دروستی عەهدو وەفا مەبە لەم جیهانە بێبەقایە، چونکە ئەم پیرە دنیایە بووکی هەزار زاوایە) ئەوانەی کە مەست بوون، بەدمەست بوون. سۆسەن لە پڕ ڕاپەڕی، سازەکەی لە دەست سازڤانەکە سەندو کێشای بە عاردی دا. ترق!! تەلەکانی پچڕان.. هەموو ترسان، ژنەکان پالتۆکانیان لەبەر کرد، سوسکێ-ش لە ژوورەکە وەدەر کەوت،" هەموو دەڕۆنو سازڤانە مەستەکە بە وێڵۆنە شکاوەکەی و دڵو گیانی شکاوەوە بە تەنێ دەمێنێتەوە.

چیرۆکی (جانتا) کێشمەکێشمی دوو نەوە، باب و کوڕ دەنوێنێ، بابەکە پیاوێکی بەزاکون، دەوڵەمەند و سەلارو سەنگینەو کوڕەکە کەسێکی ئەشقبازو بێ موبالات و خەمساردە. دیارە کە ئەو جووتە دانویان لەیەك مەنجەڵا ناکوڵێ. کوڕە بابی بە جێدێڵێ "چونکە حەز ناکات، هەموو ڕۆژێ سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ فراڤین بخوات و هەموو شەوێ سەعات یازدە لەماڵەوە بێ و بخەوێ و بەیانی سەعات حەوت لەسەر خوانی تاشت ئامادەبێ".

بابەکە بۆ وەی کوڕەکەی ئاشت بکاتەوە، ڕووی خۆی دەنێتە ژێر پێو دێ بۆ ژووری کوڕەکەی، بۆنی ئەو عەترەی کە لە ڕدێنی تازە تاشراوی بابەکە دێت، لای کوڕەکە ناخۆشە. ڕێکو پێکیو زاکونی بابەکە، ئەو ویقارو خانەدانییەی کە بابەلباب بۆ بابەکە ماوەتەوە، لەگەڵ ژیانی پەرێشانی کوڕەکەدا ناسازێ و تێك ناکاتەوە، کوڕە دەگەڵ ژنێکی ڕووسی جواندا بە نێوی (کاتوشکا) دۆستایەتی پەیدا دەکات، لەگەڵیا ڕادەبوێرێو کەیف دەکات: "من لەزەتم لە سینەی سپی.. وەردەگرت.. لەزەتم لە گەردنی کێلی دەبینی،

دەمڕوانییە مژۆڵە ڕەشەکانی کە هەموو چاویان داپۆشی بوو، گوێم لە قسەکانی نەدەگرت چونکە قسەی زۆر ئاسایی بوو".

بابەکە دەیەوێ سەفەری (سیتو) کە هاوینگەیەکی سەر سنووری چیکۆسلوفاکیا بوو بکات. کوڕەکەشی دەعوەت دەکات کە بۆ ئەوێندەر بچێ، کاتوشکاش دەخوازێ بۆ ئەوێ بڕوات و شوو بکات. ژنە ڕوسەکە لە هەنبەر ناڕەزایی کوڕەکەدا دەڵێت: "خۆ من دەبێ بژیم، دەبێ شوو بکەم، بەڵام دێوێکی شوومی شڕی کۆنی ترسناك، پارە، ژینگە ئەوی ناچار دەکرد کە بچێ خۆی بفرۆشێت". کوڕە هەوەڵجار نایەوێ بۆ (سیتۆ) بڕوات، بەڵام چونکە دەبوایە جانتاکەی بابی لە وەختدا بگەیەنێتە وێستگەی قیتار ناچار دەبێ بۆ ئەوێ بڕوات. هەر کە دەچێتە تەلارەکەوە دەبینێ کاتۆشکا لە لای بابی دانیشتووە. بابی ڕدێنی ساف و لوس تاشیوە، ژنە ڕوسەکەش جلێکی شینباوی لەبەر کردووە و لە هەموو کاتێ جوانتر بووە، کوڕە پارچە کاغەزێك دەنووسێت و دەیداتە پێشخزمەتەکە تا بیدات بە ژنەکەو ئەوجا ئەوێ بەجێ دێڵێ، لە کاغەزەکەدا نووسراوە کە تۆ دەتویست بابم بە تۆ بناسێنم، هەمان ئەو کەسەیە کە لەگەڵ تۆدا دانیشتووە. دەربارەی شووە تازەکەت کە ڕای منت پرسی بوو، مێردێکی فرە خاسە، بەختەوەرت دەکات.

چیرۆکی (چمدان- جانتا) پلۆت و نەخشەیەکی مکوم و پتەوی هەیە، لە ڕیزی چیرۆکە باشەکانی عەلەوی دایەو شان لە شانی چیرۆکی (گێلە پیاو، میرزا، ڕسوایی) دەدات، ئەم چیرۆکەش وەکو زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەی عەلەوی لە کرۆك و بابەتدا خەمناکە. ڕاستە لەم چیرۆکەدا کێشماکێشمی دوو نەوەی ژینگەی سەرمایەداری نیشان دەدرێ، بەڵام بەبای قولی (باوکان و کوڕان)ی تورگنیفدا ناگات. وێڕای ئەمەش (چەمەدان) و (سەربازی قورقوشمین)و (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم) لە چیرۆکە هەرە باشەکانی عەلەوین.

لە چیرۆکی (کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم)دا دیسان لاوێکی سەرگەردان و بێزار لە خێزان و کەسوکار، دەڕوات و لە ماڵێکدا ژوورێك بە کرێ دەگرێت و لەوێدا بە سەربوری خەمینی (مەدام هاکوپیان)و کوڕەکانی بە شولتس و ژنەکەی ئاشنا دەبێت. لە ماڵی

مەدامدا ژوورێك هەیە هی کوڕە گەورەکەیەتی (ئارشاویر) کە ماوەیەك لەوەبەر مردووە. مەدام ئەم ژووره بە کرێ نادات. نەگبەتی (مەدام) لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە شولتس‌و (موهاجیرێکی ئەڵمانییەو ماوەیەك لە کاتی یەکەم جەنگی جیهانیدا لای ڕوسەکان یەخسیر بووە) ژنە جوانەکەی (کاچا) دێنە ماڵێ، شولتس نیمچە کوێرە، بەڵام پزیشکان لەو باوەڕەدان کە کوێرییەکەی ئەنجامی شۆکێکی عەسەبییەو قابیلی چاك بوونەوەیە. مەدام و کوڕەکانی _ئارشاویرو ئاداشس، شولتس‌و هاوسەرەکەی شەوان لە دەوری یەکدی خڕ دەبنەوەو گوێ لە مۆزیقا ڕادەدێرن. لێ کەش و هەواو هاماجی خانە، گومانی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشاوەو ئایینده بە ڕووداوانی ناخۆش و تاڵ ئاوسە. چونکە شولتس بە زۆری لە ماڵەوە دەمێنێتەوە، کاچاو ئارشاویر دەچنە ڕەقس و گەڕان و ئاشنایەتییان بەرە بەرە دەبێ بە ئەشق و ڤیانێکی ئاگرین. (ئارداشس)یش نیگەرانی ڕووداوەکانەو چووەتە قاوغی خۆی و خۆی لەوانی دی دووره پەرێز دەگرێ. (شولتس)یش نیگەران و توڕەیە، کاتێ کە مەدام چیرۆکی (ژنانی زانا)ی شنیتسلری بۆ دەخوێنێتەوە، توڕە تر دەبێ، چونکە لەم چیرۆکەدا باس لەوە کراوە کە زانایەك ژنەکەی خۆی لە باوەشی یەکێك لە قوتابییەکانی خۆیدا دەبینێ، بەڵام نهێنی خیانەتی هاوسەرەکەی بە کەس ناڵێت. قوتابییەکە کە مامۆستاکەی دەبینێ، هەڵدێ، بەڵام ژنەکە کە پشتی لە دەرگاکە دەبێ، نازانێ کە مێردەکەی بینیویەتی. شولتس دەڵێت: "نە، ئەمە مەحاڵە.. چتۆ دەبێت پیاوێك حەوت ساڵی ڕەبەق هەرزەیی‌و بێ ئابڕوویی ژنەکەی بدینێ و خۆی لە گێلی بدات".

چەند ڕۆژەك دەبورێ، شەوێ کە لە ماڵەوە ئاهەنگێکیان بەرپا کردگەو هەموو هەر توڕەو نیگەرانن، کاچا لەسەر پێشنیازی مێردەکەی بۆ سەما لە باڕێکدا دەگەڵ ئارشاویردا لە ماڵ وەدەردەکەون. لێ بە دزییەوە بۆ ژوورەکەی ئارشاویر دەگەڕێنەوەو ئامبێزی یەکتر دەبن. ئارداشس، لە ڕق‌و حەسودیدا، هاتنەوەیان بە ماڵەوە ڕادەگەیەنێ، شولتس

دەمانچەکەی هەڵدەگرێو بۆ ژوورەکەی ئارشاویر دەڕوات، کوڕە لاوەکەی مەدامو ژنەکەی خۆی دەکوژێت.

چیرۆکی (قوربانی) کە یەجگار لە کورتە چیرۆکەکانی هیدایەت دەچێت، بریتییە لە بەسەرهاتی خوسرەو، ئەمە لاوێکی دەوڵەمەندە، ناسکە، خوێنەوارەو دووچاری سیل و دەردە باریکە بووەو دەبێ لە هەرەتی لاویدا بمرێ، بەڵام زۆر شەیداو دڵبەندو ئارەزوومەندی ژیانە، دەزگیرانێکی هەیە بە نێوی (فروغ) کە زۆری خۆش گەرەکە، لاوەی سیلاوی لەگەڵ بیری مەرگدا لە زۆراندایە، بۆ دەبێ بمرێ؟ گوڵان کە لە پاییزدا دەوەرن، لە بەهارا دەڕوێنەوە، لێ مرۆڤ کە مرد ئیدی نا گەڕێتەوە، بیرکردنەوە لە مەرگ، خەسرەو بەرەو نەخشەیەکی سەیر بکێش دەکاتو بە هەڤاڵەکەی دەڵێ: "فروغ تا نهو هەزار چەلی بە من گوتووە، خودایە مەرگم پێش مەرگت بکەوێ.. ڕۆژی جەژنی قوربان لە جیاتی مەڕ، فروغ دەکەینە قوربانی". ئیدی لە دوای ئەم قسەیەوە لەگەڵ فروغدا زەماوەند دەکات، هەروەها بۆ مانگی هەنگوین دەچنە خانوویەکی کەنار دەریاو لەوێ خۆی دەخاتە ئاوەوەو دەخنکێ. فروغیش تووشی سیل دەبێ و دوای ساڵێك دەمرێت. لۆژێکی خەسرەو لەم کارە سەیرەدا ئەمەیە:

"تۆ ئاگات لێیە کە چۆن دەسووتێم. دەبێ بە لاوی بمرم. ئاخر بۆچی؟ هەر لەبەر ئەوەی لە خەڵکی تر باشترم... زیاتر شت دەبینمو حاڵی دەبم؟ بە لەزەتو کەیفی خەڵکان، قەڵس دەبم... جگە لەمەش بە چ مەعلوم من دەمرم؟ بەڵکو باشتر بووم. لەوەیە زەماوەند حاڵم باشتر بکات... بە چ مەعلوم فروغ لەگەڵ مندا بەدبەخت دەبێ، تەقو بەختەوەر بوو"..

هەڵبەتە بەپێی ڕەوتی گەشەسەندنی ڕووداوی چیرۆکەکە، خۆ کوژییەکەی خوسرەو ئاسایی و لۆژیکییە، بەڵام مەسەلەی تووشبوونی فروغ بە سیل و پاشان مردنەکەی ئەمەیان زیاتر ڕووداوێکی دەستکردەو نووسەر بۆ زیاد کردنی کاریگەریی چیرۆکەکە، لە دەرێڕا بەسەر تێکڕای چیرۆکەکەیدا سەپاندووە و لەمەش نا ئاسایی ترو دەستکردتر ڕستەی کۆتایی چیرۆکەکەیە!" فروغیش بە نەخۆشی سیل مرد، ئەو بوو بە قوربانی هەمووان".

کەس نازانێ چۆن گەنجێکی نەخۆش، تورە و نیگەرانو ئامبازی بیرو ئەندێشەی مەرگ بووە بە قوربانی هەمووان؟ هەموو ئیمتیازێکی خوسرەو لە ناسکی و زانست و بەهرەو سەلیقەکەیدایە، بەڵام نەخۆشی مەودای نادات کە خزمەتێکی شایستەی وڵاتەکەی بکات یان لە بزاڤێکی کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکات. زۆر کەسی وەکو ئەو لە دنیادا هەن کە بەهۆی تامپۆن یان نەخۆشییەوە جوانە مەرگ دەبن، بەڵام ناکرێ، ئەو مەرگەیان بە قوربانی لە پێناوی خەڵکیدا لێك بدرێتەوە.

لە خوسرەو نەگبەت تر (ئاغای ف)ی قارەمانی چیرۆکی (سەربازی قورقوشمینە). ئەمیان فەرمانبەرێکی دەرکراوی دایەرەی قەلاچۆی تلیاکە. زیندووە بەڵام هەزار خۆزگەی بە مەرگ، خوسرەو دەمرێو بۆ خۆی دەحەسێتەوە بەڵام (ئاغای ف) دەژی و ئازارو عەزاب دەچێژێ. (ف) لە سەفەرێکیا بۆ بوشەهر ئاشنایەتی دەگەلا ژنێکدا بە نێوی (کەوکەب) پەیدا دەکات و دەیبات بۆ ماڵەکەی خۆی و ئیدی بەدبەختی ئەو لەو ڕۆژەوە دەست پێ دەکات. جا بەسەرهاتی ئەم قارەمانە لە سێ زمانەوە دەگێڕێتەوە:

لە زمانی خۆیو خا ئامینی خوشکی و کەوکەبەوە. کورتەی بەسەر هاتو واریقاتەکەشی ئەمەیە کە پاش ناسینی کەوکەب لە بوشەهر دەمێنێتەوەو گوێ بە نامەکانی دایەرە نادات‌و لە کار دەردەکرێ، ناچار بۆ بەڕێوەبردنی ژیانو گوزەران دەگەڵ کەوکەب-دا سەربازی قورقوشمین دروست دەکاتو دەفرۆشێت. پاشان کەوکەب پێوار دەبێ و دیار نامێنێ، ئاغای (ف) شێت ئاسا بۆ تاران دێتو جارەکی دی کەوکەب دەدۆزێتەوە، بەڵام کەوکەب هەمدیس لە دەستی هەڵدێ. تا سەرەنجام لە دوا دیداری دەگەڵ کەوکەب-دا، دەیکوژێت. خۆی دەربارەی کەوکەب دەڵێت:

"هەر کە ئەم ژنە هاتە ژیانی منەوە، وەزع و حاڵی شێواندم.. من کەوکەبم خۆش دەویست. خۆشم دەویست، وەکو چۆن بنیادەم دایکی خۆش گەرەکە، بەڵام هیچ پەیوەندییەکمان لە بەینا نەبوو.. درەنگە شەوانێ بۆ ماڵ هاتمەوە. سەیرم کرد کەوکەب لەسەر بوخچەکەی دانیشتووەو خەریکە شڕو شیتاڵەکانی دەگەڕێ. لێم پرسی: چی، چیت

گوم کردگە؟ تەماشام کرد، هەنسکە هەنسك دەگری: لەیستۆکێك.. سەربازێکی قورقوشمین! سەیرم لێهاتو گوتم: جا سەربازێکی قورقوشمین بایی دە شاهییە. ئەم هەموو گریان و زارییەی ناوێ. وەك بلێی لە قسەکەم نەگەیی، پێی گوتم: دە شاهیان بۆ من بە ئەندازەی گیانم بەهای هەبوو... گوم بوونی سەربازەکەی بە نیشانەی بە دومی دەزانی..."

(ف) و کەوکەب یەك ساڵ پێکەوە دەژین. (ئاغای ف) سەربازی قورقوشمین دروست دەکاتو دەیفرۆشێتو جارێك دانەیەکیان دەخاتە بوخچەکەی کەوکەبەوە، بۆ خۆیشی شەوانە خەونی ترسناك دەبینێ: "خەوم دەبینی ئەفسەرێك بە شمشێری ڕووتەوە هێرشی دەبردە سەر دایکم، بابم لەوێ وەستا بوو- و فزەی نەدەکرد."

خانامین دەڵێت: "بابم هیچ کاتێ ئەم منداڵەی خۆش نەدەویست. دایکم بە پێچەوانەوە. ئامادە بوو ئێمە هەر پێنجمان لە گۆڕ بنێ، بەڵام تاڵە موویەك لەسەری ئەم منداڵە نەکەوێ. بۆ یەکتر دەمردن، دایکم پێی دەگوت: تۆ یوسفی منی.. ڕاستت دەوێ، ئەم منداڵە لە سوێی دایکم وای لێهات.. چوونەکەشی بۆ بوشەهر لەسەر ئەمە بوو کە باوکم ژنی هێنایەوە.. ئەم دەیووت تۆ لە جیاتی ئەوەی ئەم هەموو سیغەیە بێنی، تۆزێکت لە دایکما خەرج کردبا نەدەمرد. بەڵام بابم چ بڵێ باشە.. زمانم لاڵ.. دەیگوت تۆ دەستدرێژیت کردووەتە سەر ژنەکەی من.. ئێستاش ئاوایە، شەوانە لە ناکاو هەڵدەستێ هەر شتێك وەکو بوخچە بێ، دەیکاتەوە".

کەوکەبیش دەڵێت: "تۆ ئەگەر منت بوێ، من ئیدی ناچمەوە لای ئەم بۆرە پیاوە قورمساغە... من گیانم بەسەر ئەوەوە دەردەچوو، گیانم لە ڕای ئەودا دادەنا، من لە بوشەهر ئەوم ناسی. شەوێك پێی گوتم: کەوکەب من تۆم فرە خۆش گەرەکە. تۆ وەکو دایکمی... گوتم من حازرم ببمە سیغەی تۆ... گوتی نە تۆ دایکی منی. خۆ بنیادەم ناتوانێ دایکی بخوازێ... چیت عەرز بکەم، چۆنتان پێ بڵێم... ئەسڵەن پیاو نەبوو. وەکو شێتان خۆی بەسەرما دەدا. سەروچاوی ماچ دەکردم. هەر کە من دەستم بۆ دەبرد، لێی

دەدام. جنێوی دەدامێ، گیسوەکانی دەسکەنە دەکردم. ڕۆژێك هەندەی دارکاری کردم بورامەوە. ئیدی لە دەستی هەڵاتم".

چیرۆکی (سەربازی قوڕقوشم) بە دیدو بۆچوونێکی فرۆیدیانەوە نووسراوە. عەلەوی لەم چیرۆکەدا، جۆرە لێکچوونێك لەگەڵ هیدایەتدا پەیدا دەکات. بۆ نموونە کەوکەب بە گوم بوونی سەربازە قوڕقوشمینەکە خەمبارەو بە نیشانەی بەدومی دەزانێت. (ئودیت)ی قارەمانی چیرۆکی (ئاوێنەی شکاو)ی هیدایەتیش ئاوێنە شکاوەکەی پیشانی کابرای دڵخوازی خۆی نیشان دەداتو دەڵێت: (ئەو شەوە کە جانتاکەت لە پەنجەرەکەوە توڕدام، وای لێهات. دەزانی ئەمە نەگبەتی دێنێ). بێ توانایی سێکسی (ف) دیمەنێکی چیرۆکی (تەجەلی) وە بیردێنێتەوە. ژنە لەشفرۆشەکەی ئەم چیرۆکە بە سازڤانە پیرەکە دەڵێت: "هەیدێ گومبە لەبەر چاوم! شەرم ناکەی؟ خاکت بەسەر! تۆ کە پیاو نیت... مرۆڤ بچێتە کن سەگ باشترە".

ئاغای (ف) لە (چمدان)دا لە ڕوویەکەوە لە گوتیاری (ڕاوی) (بوف کور)ی هیدایەت دەچێت. لە (بوف کور)شدا، کابرا ناتوانێ پەیوەندی سێکسی بەرقەرار بکات، ئەویش لە بابی بێزارەو وەکو پیرەمێردێکی زورهانی کە لەلای دەبینێ، لە نوێنی خاڵی ژنەکەیدا هەر تل دەدات، بە ترسەوە دەبینێ ژنەکەی گەورەو ئاقڵ بووە، بەڵام خۆی هەر لە حاڵی منداڵیدا ماوەتەوە. دەکەوێ بەسەر پێی ژنەکەیدا، ماسولکەکانی پێی تامی قونە خەیار دەدات: "ماسولکەکانی پای...م کە تاڵێکی خۆش و تورت بوو لە ئامێز گرت، ئەوەندە گریام، گریام. نازانم چەند سەعاتی بەسەرا ڕۆیی. هەر کە وەئاگا هاتمەوە سەیرم کرد ئەو ڕۆییوە"، و پەنا وەبەر تلیاك و شەراب دەبات: "کاتێك کە تلیاکم دەکێشان بیرم گەورە، ناسك، ئەفسون ئامێزو سەر ڕێژ دەبوو. لە ژینگەیەکی تری ئەو دیوی دنیای ئاساییدا دەکەوتمە گەشت و گەڕان".

لەم بارەیەوە گوتویانە کە "ئەو پیاوەی کە ناتوانێ لە قۆزاخەی منداڵی بێتە دەرێو، پەیوەندی ئاشقانە دەگەڵ دایکی خۆیدا ببڕێ، بۆ هەڵاتن لە واقیع و بەنجکردنی ئەعسابی خۆی پەنا بۆ تلیاك و ڤەخوارن دەبات". کە ئەمە پڕ بە پێستی حاڵی (ئاغای ف)یە"

"…. پاشان بووم بە تلیاکی، ئەو کاتانە دایکم تازە مردبوو.. ئەویش منی خۆش دەویست من شازدە ساڵان بووم، بەڵام تا دایکم دەستی دەنێو دەستم نەختسبایە خەو نەدەچووە چاوم، ئەمانە شتگەلێك نین کە هەموو کەس بتوانێ لێی حاڵی بێ…".

خۆ ئەگەر لە ڕوانگەی فرۆیدەوە تەمەشا بکەین، کاتێ کە (ئاغای ف) بێزاری لە بابی دەردەبڕێ یان ئەفسەرێك لە خەوا دەبینێ کە پەلاماری دایکی دەدات، دەبێ بڵێین:" پیاو لە ژن دەترسێت.. ژن منداڵ دێنێ و منداڵی نێرینە دەبێ بە خەنیم و ڕەقیبی سەر سەختی باب و دەگەڵیا بە شەڕ دێت. جگە لەمانە بە دەگمەن ژنێك هەیە بتوانێ بە تەواوەتی هاوتای ئەو بیرەوەرییە بکاتەوە کە پیاوەکەی دەربارەی دایکی خۆی هەیەتی و جێی چۆڵی دایك لە دڵی مێردەکەیدا پڕ بکاتەوە. جا لەبەر ئەمە کەم ژن هەیە کە دەرەقەتی ڕازی کردنی مێردەکەی خۆی بێت و لە دڵا مایەی سکاڵاو بێزاری ئەو نەبێت".

لە چیرۆکی (شیکپۆش)دا عەلەوی دەمانباتە کەشو هەوایەکی تر. (نوا پور)ی ئەم چیرۆکە نموونەی ڕۆشنبیری هزر پەروەرو مێمڵ و مشەخۆرو بێکارەیە. ئەوەی بەلای ئەم پیاوە گرنگە شیکپۆشیو نووسینی داخراوی ئاڵۆزو ڕووتەڵ و بێ کاریگەرییە. بەلایەوە گرینگ نییە کە لە وڵاتا چ ڕوو دەدا، یا حوکمڕانان چ دەکەنو کێ تاڵان دەکاتو کێ تاڵان دەکرێ؟ ئەوەی بە لای ئەوەوە گرینگە پاك و تەمیزی و تاشینی ڕۆژانەی ڕدێنو لەبەر کردنی جلکی جوانە. بە لای ئەوەوە سەروسیمای جوان گرنگە نەك ڕەفتارو ئەتواری جوان. نواپور، کە بە خۆی نووسەرێکی بێ کتێبە، ڕیفۆرمی ئاکاری کۆمەڵایەتی بە ئەرکی نووسەر دەزانێ، دەخوازێ "شارستانییەتە هەوەڵێنەکان"ی گوستافلوبون بکات بە فارسی و دەڵێت: جلك و بەرگ کاریگەرییەکی زۆری بەسەر سایکۆلۆژیای مرۆڤەوە هەیە، کابرایەکی قۆشمە پێی دەڵێت: خۆزیا ئەم شتانەت دەنووسی تا خەڵکی سوودی لێ

وەربگرن، هەروەها نواپور گوتارێك دەنووسێت و لە ڕۆژنامەیەكدا بڵاوی دەكاتەوە، ناوبانگی وتارەكە بە جۆرێكە كە هەمووان، بێ ئەوەی وتارەكەیان خوێندبێتەوە، ستایشی دەكەن. بەڵام یارۆیەك بێ ئەوەی بیەوێ، ڕۆژێك سەر لە سڕی ئەم كارە دەردێنێ. كابرا چووە قوماش بكڕێ، كوتاڵفرۆش، قوماشەكەی بۆ لە هەمان ڕۆژنامەدا دەپێچێتەوە كە وتارەكەی (نواپور)ی بڵاوكردووەتەوەو ستایشی قوماشەكانی موغازەكەی ئەوی كردووە: "بەڵام لە ژێر وتارەكەدا ڕیكلامێكی خاوەنی هەمان موغازەم كە بە سەری حەزرەتی موسا سوێندی خواردبوو- و قوماشەكەی بە كەمتر لە نرخی مایەكاری بە من فرۆشتبوو! بینی".

ئاغای (نواپور)ی عەلەوی لە (عەلامە)ی چیرۆكی (نیشتمانپەرست)ی هیدایەت دەچێت ئەویش بە وەرگرتنی پارەیەكی مۆڵ دەیەوێ كتێبێك دەربارەی "جەرجیس پێغەمبەرو ئامۆژگارییەكانی لە جیهانی بەشەریەتدا" بنووسێت و سەرمایەی زانستی ئەو ئەزبەر بوونی كۆمەڵێك شیعرو وشەیە.. هەڵبەتە تەنزی چیرۆكەكەی عەلەوی بە بای قولی ئەوەی هیدایەتدا ناگات و پتر شەقڵ و مۆركی قەشمەرجاڕی و پێكەنینۆكی پێوەیە.

كۆ چیرۆكی چەمەدان (جانتا) هەر چەندە لە بەرهەمەكانی سەرەتای عەلەوییە، نێوەڕۆك و بونیادێكی سفتی هەیە، چیرۆكی (چەمەدان- جانتا، كورتە مێژووی ژوورەكەمو سەربازی قوڕقوشمین...) كە هەرسێكیان هەوێنی سێكسیان تێدایەو شێوازو دەربڕینێكی سایكۆلۆژییان هەیە، لە چیرۆكە هەرە باشەكانی عەلەوین.. هەڵبەتە عەلەوی كە بە تەبیعەت كەسێكی خاكی و بێ هەوا بوو، دەربارەی ئەم كۆ چیرۆكە گوتوویەتی: "من كاڵ و كرچی لەم چیرۆكانەدا دەبینم.. ئەگەر عادەتم وا بایە كە دەسكاری كارەكانم بكەم، زۆریانم دەگۆڕی. هەندێكیان لە ڕادەبەدەر سۆزاوین... جاران زیاتر لەژێر كاریگەریی هەست و سۆزی خوددا بووم تا كاریگەریی ئاوەزو لۆژیك. لەوەیە لەو سەردەمەدا وێنایەكی وردم لەمەڕ ژیان، بارودۆخی وڵات، خەبات و تێكۆشین نەبووبێ... هەندێ لە چیرۆكەكان كاردانەوەیەكن لە هەنبەر هەستێك..."

دیاره مەبەستی عەلەوی لە (کاردانەوە لە هەنبەر هەستێك) هەمان شێوازی ئەکسپرسیونیزمی ئەڵمانییە کە عەلەوی بە گەنجی لەژێر کاریگەریا بووەو هەرگیزیش لێی دەرباز نەبووە، چونکە ئەمە لە ڕۆمانی (چاوەکانی)شدا دووبارە بووەتەوە. ئەوەتا لە چیرۆکی (سەربازی قوڕقوشمین)یشدا دووبارەی دەکاتەوەو دەڵێت: "ئەم تریفەی مانگە دەڵێی چلکی سپییەو ڕژاوەتە سەر شەقامەکانی باشوور و ئەم عەبا ڕەشانە کە لە کەناری کۆڵان و کوچەکاندا لە سەرما بە دیوارەوە چەسپیون دەڵێی خوێنی قەتماغە بەستووی سەر زامانن.." بە ئاشکرا سێبەری ئەکسپرسیونیزمی (شنیتسلر، دۆستۆیفسکی، تورگنێفو ڕەنگە چیخۆف)یش بەسەر ئەم چیرۆکانەوە دیارە، خۆ ئەگەر لێکچوونیان دەگەڵ کورتە چیرۆکەکانی هیدایەتیشدا هەبێ، لەبەر ئەوەیە کە هیدایەتیش لە کاریگەریی دۆستۆیفسکی و چیخۆف.. بەدەر نەبووە.

عەلەوی بەخۆی دەڵێت: "من نە داهێنانێکم کردووەو نە پەیامێکم هەبوو. کارەکانی من زادەی ئەو پێداویستییانە بوون کە خۆم هەستم پێ دەکردن.. نەسلی ئێمە کاری خۆیان لەژێر کاریگەریی نووسەرانی ئەوروپاییدا دەست پێ کرد.. من لە سەرەتای لاوییەوە، ئاشنای ئەدەبیاتی ئەوروپایی بووم، بتەوێ‌و نەتەوێ کەوتوومەتە ژێر کاریگەریی بەرهەمو ڕێبازو ڕێچکەیان..." لە شوێنێکی تردا دەڵێت: "من چەندین ساڵی یەك لە دوای یەکم دەگەڵ هیدایەتدا ڕابواردووە، ئەو کتێبانەی دەمان خوێندنەوە دەماندا بە یەکتر، هیدایەت دڵبەندی دۆستۆیفسکی، تۆماس مان، چیخۆفو هرمان هسە بوو".

بە هەرحاڵ هیدایەت و عەلەوی هەر یەکەیان هەوڵیداوە بە شێوازی تایبەتی خۆی سوچ و لایەنێکی کۆمەڵگەی خۆی بهۆنەرێنێ.. بۆیە دەبینین لە هەر چیرۆکێکی کۆ چیرۆکی (چمدان)دا مەسەلەو دۆزێکی کۆمەڵایەتی، یان مرۆڤانی، یان هەندێ جار ڕەخنەوانی خراوەتە ڕوو، بەڵام لە چیرۆکی (چەمەدان)و (سەربازی قوڕقوشمین)دا مۆرك و ڕەنگی سێکسی ئاشکراترو تۆخترە، عەلەوی لەم چیرۆکانەوە لە دەلاقەی سایکۆلۆژییەوە دەڕوانێتە واقیع. دیارە خودی ئەم نۆڕینە لە نرخ و بایەخ بەدەر نییە و لە شیکردنەوەی بەرهەمی

هونەریشدا ناکرێ چاوپۆشی لە دەستکەوتە سایکۆلۆژییەکان بکرێ. بەڵام باسی مەسەلەی سێکسی دەبێ دەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا هەڤبەند بێ نەك بە شێوەیەکی تەجریدیو دابڕاو بێو هیچ پەیوەندییەکی بە دیاردەکانی ترەوە نەبێت..

بە هەرحاڵ خودی نووسەر هەندێ جار زۆر بە زەقی لە بەرهەمەکانیا ڕەگ دەداتەوەو بەرهەمەکە شەقڵێکی خودی وەردەگرێت، دیارە ئەمە سەبارەت بە عەلەوی بەو زەقیە نییە، لە پەناوەو لە قاڵبی گوتیاری چیرۆکدا دەردەکەوێ. بۆ نموونە ناتوانرێ کوڕە لاوە لە باب بێزارەکەی ناو چیرۆکی چەمەدان، خوسرەوی سیلاوی و ڕەشبین-ی ناو چیرۆکی قوربانی، ئارداشس-ی غیرە کردوو لە براکەی (چیرۆکی کورتە مێژوویەکی ژوورەکەم)، (ف)ی ئاشقە دایك لە چیرۆکی (سەربازی قوڕقوشمین)دا بە خودی عەلەوی بزانرێن. لەوەیە هەندێ لایەنی پەڕاگەندەی ژیانی عەلەوی بە کاڵی لەم چیرۆکانەدا ڕەنگی دابێتەوە، بەڵام هەرگیز گومانی ئەوە نابرێ کە خودی عەلەوی بە تەواوەتی لەم چیرۆکانەدا ڕەنگی دابێتەوە. مەنەلۆگ لە هەندێ چیرۆکی زۆر کەمدا نەبێ، ئیدی لە بەرهەمەکانی عەلەویدا کەمە..

شێوازی نووسینەکانی عەلەوی لە هەوەڵەوە تا کۆتایی هەر ڕۆمانتیکی و شاعیرانە بووە، بەڵام عەلەوی لە زۆربەی چیرۆکەکانیا وێڕای ڕۆمانتیکییەتی گوزارشت و دەربڕینی شاعیرانەی، وەکو چاودێرێك دەردەکەوێتو هەوڵ دەدات خۆشیو ناخۆشی خەڵکی لە قاڵبی چیرۆکانی ڕۆمانسییانەدا دابڕێژێ..و ئەویش وەکو هیدایەت و گوڵستانو دەوڵەت ئابادی، سوود لە نیروی ڕۆمانسییانەو شاعیرانەی پەخشانی فارسی وەردەگرێو هەندێ جار پەخشانی وەها دەنووسێت کە شان لە شانی جوانی شیعر دەدات.

عەلەوی بە ژیانی پڕ لە هەورازو نشێو، پڕ لە کەوتن و هەستانەوە کۆمەڵێك پەنجەرەو دەلاقەی لە ڕووی کەلتووری هاوچەرخی ئێران کردەوە کە ئەگەر ئەوانە نەبوایەن، بۆشاییەك دەکەوتە ئەدەبیاتی تازەی ئێرانەوە.

به هەرحاڵ کۆ چیرۆکی چمدان (جانتا) هەر چەندە یەکەمین بەرهەمی چیرۆکڤانی عەلەوییە، نێوەڕۆك و تانو پۆو بونیادێکی بەهێزو مکومی هەیەو وەکو چیرۆکنووسێکی بەرجەستەو بە سەنگو ئیحتوبار، عەلەوی بە کۆمەڵگەی ڕۆشنبیرییو کتێب خوێنی ئەو ڕۆژگارە ناساند.

**<u>بۆ نووسین و ئامادە کردنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:</u>**

١- بزرگ علوی، چمدان، چاپ چهارم ١٣٨٧ (٢٠٠٨) مؤسسة انتشارات نگاه.

٢- دکتر فدوی الشکری، واقعگرایی در ادبیات داستانی معاصر ایران، چاپ اول ١٣٨٦ (٢٠٠٧) مؤسسة انتشارات نگاه.

٣- داستان نویسان معاصر ایران، محمد قاسم زاده. چاپ نخست ١٣٨٣ (٢٠٠٤)، انتشارات هیرمند.

٤- نقد اپار بزرگ علوی، عبدالعلی دستغیب چاپ اول ١٣٥٨ (١٩٧٩)، انتشارات فرزانه.

٥- صد سال داستان نویسی ایران جلد ١، حسن میر عابدینی، چاپ اول ١٣٧٧ (١٩٩٨) نشر چشمه.

# ٤١- ئاوێتەبوونی شاعیرو پەیڤ

"١"

ئەگەر بتەوێ لە هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بکۆڵیتەوەو بچیتە بنجوبنەوانی و ڕەگو ڕیشەی بدۆزیتەوە، دەبێت لەو ژینگەوکۆمەڵگەیەدا بۆی بگەڕێی کە تیایدا پەیدا بووەو سەری هەڵداوە، بۆ نموونە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی جاهیلی عەرەب بریتی بووە لە وابەستەیی خێڵەکی، هێرش و پەلامارو غەزو و شیعر... لەو سەروبەندەدا حکومەتی مەرکەزی نەبووە، بۆیە بابایەکی ساراگەڕی بەدوو، پەنای بردووەتە بەر خێڵ تا خۆی و موڵك و ماڵەکەی بپارێزێ، هەرکەسێك ئەمەی نەکردبێ، واتە پەنای نەبووبێ، نەیتوانیوە لە بیاباندا هەڵبکات و بژی، هەر لەبەر ئەمەش مەسەلەی وابەستەگی و شانازی خێڵایەتی سەری هەڵداوەو گرینگی بە ڕەگ و ڕەچەڵەك دراوە.. دیارە کۆمەڵگەی خێڵەکی دەبێتە مایەی غەزو و بەردەوامی شەڕ. چونکە بیابانی وشك و برینگ و کەم بژێوی، تەنیا خەڵکی دڕوبەهێز دەگرێتە خۆو خەڵکی لاوازو نەوێر تیایدا هەڵناکات، واتە بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی شارستانییەوە، کە خەڵکانی لاوازی نەوێر، ئەگەر کاروکاسبی و پیشەیەکیان هەبێت دەتوانن لە سایەی حکومەتدا بژین و نان پەیدابکەن و حکومەت پارێزگارییان لێ دەکات تا باجیان لێ بستێنێت.

ئیدی لە دوای ئەو خەسڵەتانەوە دەوری شیعر دێتە ئاراوە. وەکو دەزانین شاعیری سارانشین، زمانحاڵی خێڵەو بەرگری لە پایەو ئیحتوباری دەکات.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئازایەتی و دەست و نقام بە تەنیا بەس نییە بۆ ژیان لە بیاباندا، بۆیە دەبێت لە هەرخێڵێکدا کەسێك هەبێ بە زمان داکۆکی لێ بکات، وەکو چۆن سوارچاك بە شمشێر

بەرگری لێ دەکات.. جا شاعیری جاهیلی بە حوکمی ئەوەی زمانحاڵی خێڵە، نابێت کاسبی بە شیعرەوە بکات، چونکە ئەگەر ئەمە بکات لە بەرچاوی خەڵکی دەکەوێ و ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەی نابێت کە لێی چاوەڕوان دەکرێت.. هەڵبەتە هەندێك لە خودان نەزەران پێیان وایە شیعری جاهیلی لە باری پێکهاتەی زمانەوانییەوە پتەوە، پڕسۆزو بە جۆشە، بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکی هزریی یان بەرزەخەیاڵیی هزر وروژێنەوە لاوازە، بۆیە کاتێك بۆ زمانانی دیکە وەردەگێڕێ، بایەخی خۆی لەدەست دەدات..

ئەم بۆچوونە تا ڕادەیەکی زۆر دروستە، بەڵام دەبێت ئەوە ڕەچاو بکرێت کە شاعیری جاهیلی بەپێی پێوەری شارییان، شاعیر نییە، بەڵکو جەنگاوەرێکە، زۆربەی مەبەستە شیعرییەکانی بە دەوری تەوەرەی دلاوەری و شانازی و ستایش و داشۆریندا دەسوڕێتەوە. تەنانەت غەزەل و وەسفی تەبیعەتیش دەکاتە پردێك بۆ گەیشتن بە مەبەستە سەرەکییەکەی خۆی، دیاریشە ئامانجی شاعیری جاهیلی بریتییە لە جاویدان کردن یان ستایشی خێڵەکەی خۆی. جا شیعری ستایش و شانازی و داشۆرین بە تەبیعەت وا دەخوازێ، بە شێوازو زمانێکی بە ئاهەنگ و ڕیتمداری جۆشداری وەها بێتە دەربڕین کە ئەزبەرکرن و گوتنەوەی ئاسان بێت و دەماو دەم بکات، ئیدی گرینگ نییە لە ڕووی ماناو دەلالەتەوە درۆ بێت یان دووبارە بێت.. واتە ئاسانی و ڕوونی دیاردەو خەسڵەتی هەر زمانێکە کە مەدحن یان زەمی تیادا زاڵ بێت. چونکە ئەو زمانە سۆزێکی تیادا زاڵەو بۆیە زەحمەتە بتوانێت ئەودیوی شتەکان بخوێنێتەوەو مانای تازەیان لێ هەڵێنجێ.

هەڵبەتە ئەمجۆرە شیعرە پڕجۆشانە، پەنا دەبەنە بەر موبالەغەو تەنانەت درۆی شاخداریش، بۆیە ناکرێ ڕووداوی مێژوویی لە میانەی ئەم دەقە شیعرییانەوە بخوێنرێتەوەو هەڵێنجرێ و بکرێ بە بەڵگە، بەڵام دەکرێ ئەو بەهاو دابە کۆمەڵایەتییانەی لێوە هەڵێنجرێ کە لەو سەردەمەدا باوبووە. چونکە ئاساییە شاعیر لە ستایش، یان سەرزەنشتەکەیدا درۆبکات و زیادی پێوە بنێت، بەڵام ئەستەمە لە باسی ئەو بەها و دابە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ستایش و سەرزەنشتەکانیا پشتی پێ دەبەستێ درۆبکات، ڕەنگە

شاعیر درۆ بکات، پیاوێکی بودەڵەو ترسنۆك، بە ئازاوسەنگین وەسف بکات، بەڵام لەم وەسفەوە ئەوە بە دیار دەکەوێت کە ئازایەتی و سەنگینی لە کۆمەڵگەی زەمانی ئەو شیعرەدا، سیفەتێکی پەسند بووە، دیارە شاعیر چەند لە وێنە گرتنی ڕووداواندا درۆ بکات، ناتوانێت لە وێنە گرتنی بەها کۆمەلایەتییەکاندا درۆبکات، چونکە ئەو باو و بەهایانە لە کانگای ڕۆح و ناخیا ڕیشەیان داکوتاوەو بیەوێ و نەیەوێ دەکەوێتە ژێر کاریگەرییانەوە.

"٢"

کاتێك کە شاعیرانی عەرەب، بەهۆی فتوحاتەوەو لەگەڵ بزوتنەوەی فتوحات و وڵاتگیریدا لە سنوورو کەوشەنی دورگەی عەرەبی و چوارچێوەی پەیوەندییە خێڵەکییەکان دەرچوون و هەرێم و وڵاتان و شوێنانی دیکەیان بینی، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا لە سنووری بابەتە شیعرییە تەقلیدییەکەشیان دەربچن و کرانەوەیەکی شیعریی بەخۆوە بدینن و ژیانی تازەی هەرێمە فەتحکراوەکان کاریان تێ بکات و ئەم تازەییە لە شیعریاندا ڕەنگ بداتەوە.. کەچی ئەم کرانەوە سیاسییە ئاینییە، هیچ جۆرە گۆڕانێکی هونەریی لێ نەکەوتەوە، بەڵکو تەنیا بابەتەکانی برێك دەوڵەمەند کردن.. ڕاستە وڵاتگیری ئیسلامی بە لای کەمەوە لە باری ئاسۆییەوە وڵاتانێکی گۆڕی و مێژوویەکی زۆری بە تەواوەتی گۆڕی، بەڵام نە لە ڕووی داستانییەوەو نە لە ڕووی هونەریی شیعرییەوە نەبوو بە ئیلهامبەخشی چامە، یان قەسیدەیەکی گەورە.. ئەوەی ناونرا شیعری فتوحات، لە هەموو لایەنێکەوە لە خوار ئاستی شیعریی جاهیلییەوە بوو..

جا کە ئیسلام بۆ خۆی نەبوو بە سەرچاوەی شیعریی بۆ ئەو شاعیرانەی هەر لە سەرەتاوە باوەڕیان پێهێنا، ئاساییە کە فتوحاتو وڵاتگیریش نەبێت بە ئیلهامبەخشیان.. بۆیە شاعیری عەرەب لە ڕووی گوزارشتی هونەرییەوە بە دەقی خۆیەوە مایەوە، هەر بە حەساسیەتە بەدەوی و ئەقڵییەتە جاهیلییەکەی خۆی پشت گەرم بوو.. جا ئەو شیعرە عەرەبییەی لە سەردەمی فتوحات نووسراوە، ئەگەر ئیلهامی لە پرەنسیپی ئیسلام و زمان

و چەمك و مانای قورعانیش وەرگرتبیَ، زۆربەی هەرە زۆری، ئەگەر نەڵێین هەر هەمووی، شیعری ڕاستەخۆ و ڕاپۆرکای وگوزارشی بووەو لە ڕووی هونەرییەوە زۆر لاوازو خراپ بووە.

بەلاَم ئەم شیعرە بایەخی مێژوویی و نرخی هزری خۆی هەیە.. هەر هیچ نەبێت شیعری عەرەبی لە بازنەی وابەستەگی خێلاَیەتییەوە گواستەوە بۆ بازنەی وابەستەگییەکی تازە: وابەستەگی مەزەبی یان سیاسی: ئەمەش خۆی لە خۆیدا زەمینەی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی شیعری ئایدۆلۆجی.. قۆناغی فتوحات و ولاَتگیری جیاوازییەکی چینایەتی گەورەی لیَ کەوتەوەو شاعیران کەوتنە گلەیی و گازاندەو ناڕەزایی لە وەزع و حاڵی ژیان و بژێوی خۆیان، دیارە چەکی دەستیان بۆ ئەم مەبەستە شیعر بووە، شیعریان، یا ستایش بووە یا داشۆرین و زەم بووە کە یەکەمیان، واتە ستایشەکە ئەگەر مانای ڕەفزیشی لەخۆ گرتبیَ، ڕەفزێکی نەرێتی و نێگەتیف بووە، دووەمیان ڕەفزێکی ئەرێتی و ئیجابی بووە، هەردوو حاڵەتەکە وا دەخوازن کە شیعرەکەیان ڕاستەوخۆو بە ڕادەیەك ئاسان و سادە بێت کە بە ئاسانی بکەوێتە سەر زاری خەڵکی..

ئەمەش دەکاتە کارێك کە دەقی شیعریی قاڵبی هۆنراوەو هەڵبەست (نەزم)وجۆرە و شەبازییەك وەربگریَ و هیچ بایەخێکی هونەری تازە پەیدا نەکات و لە باشترین حاڵدا لاسایی کردنەوەیەکی باشی شیعرو زمانی کۆن بێت.. بەلاَم لە نیوەی سەدەی دووەمی کۆچییەوە ژیان و پەیوەندی شارنشینی هاتە گۆڕیَ.. بەرەبەرە زەمینەی گۆڕانی شیعریش خۆش بوو- و شاعیرانی وەکو بەشار بن بورد هاتنە مەیدان، بەشار ڕێچکەو ڕێبازی شاعیرانی پێش خۆی نەگرتە بەر، چونکە شیعر بە لای بەشارەوە هونەر بوو- و هونەر تەنیا بەهرە نییە، بەڵکو چۆنییەتی گوزارشت کردنە لەو بەهرەیە، چونکە بەهرە مەرج نییە بە تەنیا هیچ بایەخێکی شیعریی هەبیَ، وەختێك بایەخ پەیدا دەکات کە بێتە هونەراندن.

بایەخی شیعریی بەشار تەنیا لە لایەنە هونەرییەکەیدا نییە، بەڵکو لە هەڵوێستە ئایدۆلۆجییە گشتییەکەشیدایە.. دابو نەریتە کۆمەلاَیەتییە باوەکانی ڕەفز کردووە، لێیان بە گومان بووە، گاڵتەی پیَ کردوون.. گاڵتەی بە دەسەلاَت هاتووە.. لە دابونەریتە

ئاكارییەکان لایداوەو بانگەوازی لەزەتخوازی و حەلاڵی لەزەتخوازی کردووە.. ئیدی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی لە خۆی هاڕوژاندو کرد بە دوژمن و سەری کرد بە شاباشی هەڵوێستی شیعری و هزری خۆی و لە ساڵی ٧٨٥ز بە فەرمانی خەلیفە مەهدی لەژێر شەلاقدا کوژرا. بەڵام هەستیاری و گوزارشتی پەیوەندی و ژیانی شارستانی زیاتر لە لای ئەبو نەواس و ئەبوتەمام بەرجەستە بوو. هەردووکیان ڕێچکەی کۆنیان ڕەفزکرد، بەڵام هەریەکەیان لە ئەفراندن و تازەگەریدا ڕێبازێکی تایبەتی گرتە بەر..

تازەگەری ئەبو تەمام مەوداو ڕەهەندی داهێنانی وەرگرت، هی ئەبو نەواس ڕەهەندێکی مەجازی و خوازەیی و ڕەمزی وەرگرت. یانی شێوەی ژیانی بیابان و شێوەی گوزارشت لەو ژینە ڕەفز دەکات، بانگەواز بۆ ژیانێکی دیکە، بۆ ژیانی شار دەکات، کە جۆرە گوزارشتێکی جیاواز دەخوازێ.. یانی ئەبو نەواس شتێکی تایبەت بە خۆی دادەمەزرێنێ، خۆی ڕێگە بۆ خۆی دەکاتەوە، دەیەوێ لە ئەزموونی خۆیەوەو بە ئەزموونی خۆی مامەڵە دەگەڵ دنیادا بکات و دژی هەر شتێك دەوەستێ کە ئازادی مرۆڤ سانسۆر دەکات.. تەنیا بە گۆڕینی ژیان ناوەستێ و سوکنایی نایەت، بەڵکو دەخوازێ مرۆڤیش بگۆڕێ، توانا پەنهان و سەرکوتکراوەکانی کەشف بکات، بۆیە نەك هەر تەقلیدوباوە شیعرییە کۆنەکە ڕەفز دەکات، بەڵکو تەقلیدە ئاینییەکەش ڕەفز دەکات.

ئەگەر بەراهی و ئەولەوییەت لای ئەبونەواس بۆ ئەزموون بێت، ئەوا لای ئەبو تەمام بۆ زمانی شیعرییە.. پێکگەیشتنی شاعیرو پەیڤ بە پێکگەیشتنی جووتە ئاشقێکی شەیدا دشوبهێنێ.. جا وشە لێرەدا شتەکانی دنیا وەکو خۆی نانوێنێتەوە، بەڵکو شتەکان لە نوێ دەخولقێنێتەوە، واتە بە شێوازێکی مەجازییانە، بە ستایلی تایبەتی خۆی جیهان دەخولقێنێتەوە. بۆیە وشە لە کەرەستەیەکی فۆنەتیکی پترە، هەر وشەیەك بوونێکی تایبەتی، ڕیتمێکی تایبەتی کەشف دەکات.. ژیان وەبەر زماندا دەکات و شیعر دێنێتە زمان و هەر هەموو پەیوەندییە باوە فۆنەتیکی و دەلالییەکان دەگۆڕێت و مانایەك بە وشە دەبەخشێت کە پێشتر ئەو مانایەی نەبووە. زمانی شیعری لە گوزارشتی ئاسایی و

سروشتییەوە دەگوازێتەوە بۆ گوزارشت و دەربڕینی هونەری، واتە هونەراندنی زمان و پەڕاندنەوەی لە حەقیقەتی واقیعییەوە بۆ خەیاڵی مەجازی و خوازەیی، کە ئەمە بە تەواوەتی لە شیعری ئەبو تەمامدا بەرجەستە بووەو بۆیە بە شاعیرترین ئەهلی شیعری ڕۆژگاری خۆی دانراوە..

"٣"

بایەخی هەر دەقێك بە هونەرییەت و ئەدەبییەتی دەقەکەوەیە. واتە دەق بەوە پێوانە ناکرێت کە لە ڕۆژگارێکی کۆندا یان تازەدا هاتبێتە نووسین، دەق بە خۆی و لە خۆیدا تەوەرەی هەڵسەنگاندنە، بێ ئەوەی گوێ بە سەردەمی نووسینی یان بە خاوەن و نووسەرەکەی بدرێت.. دیارە هەموو کۆنێکیش تازەی سەردەمی خۆی بووە، واتە بایەخی دەقی شیعری لە خودی شیعرەکەدایە نەك لە دەرێی شیعرەکە، لێرەدا مەبەست لە شیعر یان دەقی شیعریی یەکەیەکی یەکپارچەی هونەرییە، قەوارەیەکی ئەدەبی یەکگرتووەو هیچ دابەشبوونێك بەسەر نێوەڕۆك و شێوەدا قەبوڵ ناکات. چونکە نێوەڕۆك یان مانا بۆ خۆی و بە تەنیا قەوارەیەکی سەربەخۆی نییە، بەڵکو لە ناو خودی زماندایە و ئەم ئاوێتە بوونە بە ڕادەیەکە دەشێت بگوترێ شێوەی گوزارشت و نیشاندان دەکاتە نێوەڕۆك و مانا، بۆیە گۆڕانی شێوەی دەربڕین و گوزارشت، بە ناچاری گۆڕانی مانای لێ دەکەوێتەوە.

واتە لە دەقی شیعری ڕەسەندا جەوهەری شیعرەکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری گرینگە نەك ئەو ڕەگەزانەی کە دەقەکەیان پێکهێناوە. چونکە شیعر لەم حاڵەتەدا بریتی نییە لە کۆمەڵە یاساو ڕێسایەکی پێشوەختەو هەتا هەتایە دووبارە بکرێتەوە، بەڵکو ئەزموونێکی قووڵەو دەیەوێ پێوارو پەنهانەکانی ناخ و دەروون کەشف بکات و بیان هونەرێنێ، کە ئەم پرۆسەیە بە هیچ جۆرێك بە قاڵب و ڕێساو یاسای پێشوەختە قاییل نابێت و بە دەم چێ بوونی هونەرییەوە، کە لە کرۆکدا پرۆسەیەکی قاڵب شکێنییە، یاساو ڕێساو قاڵبی خۆی بەرهەم دێنێ و دەقایەتی خۆی وەکو قەوارەیەکی هونەری سەربەخۆ ڕادەگەیەنێت..

## پەراوێز:

**- بەشار بن بورد(٧١٤-٧٨٤ز):*

لە خێزانێکی گومناو بووە، بە کوێری لە بەسرە گەورەو پەروەردە بووە، ڕاستە زەلیلی چاو بووە بەڵام بینای زیرەکی و ئاوەزێکی لە ڕادە بەدەر بووە. لە تەمەنی دەساڵیدا شیعری گوتووە. هەڵبەتە بەهۆی مەحروم بوونی لە لەزەتی بینین تا ڕادەیەکی زۆر ڕقی لە کۆمەڵگە بووەو لەبەر ئەمە بێتر ڕووی لە شیعری داشۆرین بووە. لە کاتێکدا سەرانسەری وڵات یەکپارچە داشۆرین و هەجووی جەریرو فرزدەق و ئەختەڵ بوو. بەشار هەستا واسڵی کوڕی عەتای هەجوو کرد. ئەویش خەڵکی لیٚ هاندا، لەتاوا بەسرەی بەجێهێشت و پەنای بۆ سلێمانی کوڕی هیشام کوڕی عەبدولمەلیك لە حەڕان بردو ستایشی کرد، بەڵام سلێمان وەکو پێویست پاداشی نەدایەوەو، ئیدی بۆ بەسرە زڤڕییەوە. کاتێك کە دەوڵەتی عەباسییەکان دامەزرا، لە سەرەتادا نەك هەر پشتیوانی لیٚ نەکرد، بەڵکو هەجوویەکی زۆر توندی ئەبوجەعفەری مەنسوریشی کرد، کاتێك عەباسییەکان هێزیان پەیدا کردو جیٚ پێیان قایم بوو، هەوڵیدا لە گەڵیاندا بسازیٚ. پەیوەندی بە خالیدی بەڕمەکییەوە کرد، ئەویش بەخششێکی زۆری بۆ بڕییەوەو دەستی پێوەی بوو. پاشان لە لای خەلیفە مەهدی بەختی کرایەوە، خەڵکێکی زۆر حەسوودییان پیٚ دەبردو خەلیفەیان لیٚ پڕ کرد، ئەویش لە بەخششان بیٚ بەری کرد. ئەوە بوو بەغدای جێهێشت و بۆ بەسرە گەڕایەوەو شەڕە شیعرێکی توندی دەگەڵ حەمادی کوڕی عەجرەدا کەوتە بەینەوە. ئیدی هەجوویەکی توندی یاقووبی کوڕی داود، وەزیری مەهدی کرد. ئیدی تۆمەتی زەندەقەی درایە پاڵ و لەژێر شەلاقاندا کوشتیان و لە بەسرە بە خاك سپێررا..

بەشار شاعیرێکی خۆڕسکی فرە بابەت بوو، مانای داهێنراوی زۆر بوو، لایەنی کۆمیدی و تراجیدی ئاوێتە دەکرد، لە تەشەرو هەجوودا باڵادەست بوو، لە فەخروشانازی، غەزەل و هەجوو و پەندو حیکمەتدا داهێنەر بوو، دیوانەکەی لە ساڵی ١٩٥٠دا لە قاهیرە بڵاوبووەتەوە.. پاشان لە بەیروت و لە شوێنانی دیکەش چاپ کراوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوەو دەیان باس و لێکۆڵینەوەو ماستەر نامەو دکتۆرانامەی دەربارە نووسراوە..

***- ئەبونواس(٧٦٣-٨١٤ز):**

***ناوی حەسەنی کوڕی هانییە. لە ئەهواز لەدایك بووە، لە بەسرە** گەورە بووە، زانستەکانی سەردەمی خۆی خوێندووەو بەپێی توانا لێی هەڵێنجاون. لە لای والیبەی کوڕی ئەلحوباب خوێندوویەتی کە پیاوێکی زمان شڕو دەم پیس و بێ پەروا بووە و ئەبونواس لەو لایەنەوە گرەوی لە مامۆستاکەی بردووەتەوە. لە تەمەنی سی ساڵیدا هاتووەتە بەغداو بووە بە هاودەمی میرانی ماڵباتی عەباسیان. ئەبونواس هاودەمی هارونە ڕەشید بووە. پاشان ساردییەکیان کەوتووەتە بەین و هارونە ڕەشید حەپسی کردووە. کە ئەمین لە جێی بابی هاتە سەر حوکم، ئەبونواسی ئازاد کردو کردی بە هاودەم و شاعیری دەرباری خۆی، مەئموون ئەمەی لەبەر گران بوو- و خوتبە خوێنانی خۆراسانی هاندا کە لۆمەی ئەمین بکەن بۆ شاعیرێك کە گرتوویەتییە خۆی. ئەوەبوو بۆ ماوەی سێ هەیڤان دەزندانی پەستاوت، وەختێ ئەبونواس لە زیندان هاتە دەرێ نەخۆشی کەسیرەی کردبوو- و زۆری نەبرد کۆچی دوایی کرد. هەڵبەتە بۆچوونی فرە جیاواز چ دەربارەی ساڵی لە دایکبوون و چ ساڵی مردنی ئەبونواس هەیە..

ئەبونواس لە کەڵە شاعیرانی عەرەبی زمانە و باشترین شاعیری بواری بادەو بادەنۆشییە و بە شاعیرو فەیلەسوفی ئەمجۆرە شیعرە دادەنرێ. هەڵبەتە لە مەیدانە شیعرییەکانی تریشدا خۆی تاقی کردووەتەوەو شاعیرییەتی خۆی سەلماندووە. لە زمانزانیدا بێ هاوتا بووە. جاحیز لەمبارەیەوە دەڵێت: لە عەمراتما کەسم لە ئەبونواس زمانزانترو زار ڕەوانتر نەدیتووە.. لە زانستیشدا هێندە زانا بووە کە یەکێکی میناکی ئیمامی شافیعی پەسندی داوەو گوتوویەتی ئەگەر مجوون و بێ پەروایی ئەبونواس نەبوایە، زانستم لێ وەردەگرت.

دیوانەکەی لە ساڵی ١٨٦١دا لە میسر چاپکراوەو زۆرجاری تریش لە وڵاتانی تری وەکو لوبنان و عێراق چاپ و چاپکراوەتەوەو بە دەیان لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان و بەرهەمی ئەبونواس نووسراوە..

***- ئەبوتەمام(٨٠٤-٨٤٦ز):**

***حەبیب کوڕی ئەوس کوڕی ئەلحارس** ئەلتائییە: لە شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی عەرەبە. لە گوندی جاسمی دەڤەری حوران، لە باشوری سوریا لەدایك بووە، لە دیمەشق گەورە بووە، بە منداڵی لە لای جۆلایەك کرێکار بووە. لە هەوەڵی لاویدا ڕووی کردووەتە ولاتی میسر، لەوێندەر لە مزگەوتی گەورەی میسردا بە گۆزە ئاوی فرۆشتووەو خۆی پێ ژیاندووە، گوێی لە باس و خواسە زمانەوانی و ئەدەبییەکانی

ئەویٚ گرتووە، بە گوێرەی توانا کتێبی ئەدەبی و زانستی خوێندووەتەوە. لە میسر بووە بە موسوڵمان، ئەوجا بۆ دیمەشق گەڕاوەتەوە، ئیدی بەهرەو سەلیقەی شیعری بە تەواوەتی ڕسکاوەو خەملیوەو پوختە بووە. دیارە کاسبی بە شیعری خۆیەوە کردووەو لەم پێناوەدا ئەم میرو ئەو میری کردووە. کاتێك کە ئەستێرەی شیعریی کەوتە بەرزی و درەوشایەوە، موعتەسەم ناردی بە شوێنیدا کە بچیٚ بۆ بەغدا، لەویٚ زۆری ڕێزگرت و خستییە ڕیزی پێشەوەی شاعیرانی سەردەمی خۆیەوە. ئیدی لە عێراقدا مایەوەو پاشان کرا بە بەرپرسی پۆستەی موسڵ و دوای کەمتر لە دوو ساڵ کۆچی دوایی کرد. ئەبو تەمام چەند بەرهەمێکی هەیە لەوانە: دیوانی شیعر، کەڵە شاعیران، دیوانی حەماسەت و هەڵبژاردەی شیعری خێلاٚن..

بە هەرحاڵ ئەبو تەمام خودانی شیعری بەرزو ئەدەبی بالاٚو ڕۆشنبیریی و ئەقڵ و مەعریفەتێکی دەوڵەمەند بووە. لە بواری لاوانەوەو ستایشدا وەستایەکی دەستڕەنگین بووە. لە بواری وەسف و هەجوو- و گلەیی و سکالاٚشدا خۆی جەرباندووە، بەلاٚم نەگەییوەتە ئاستی لاوانەوەو ستایشەکانیدا.. لە ساڵی ١٨٥٦دا لە بۆمبای دیوانەکەی چاپ کراوە. پاشان لە بەیروت و قاهیرەو بەغداش چاپ کراوەتەوەو دەیان لێکۆڵینەوەو باس و توژینەوەی ***شایستە*** لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی، لە لایەن ئەدیبان و پسپۆڕان و باسکاران و توێژەرانی عەرەبەوە کراوە..

### بۆ زانیاری بێتر بڕوانە:

*- ادونیس، الثابت والمتحول ٣-صدمة الحداثة.

*-شعرواندیشە، داریوش اشوری، چاپ پنجم ١٣٨٧،نشر مرکز.

*- شیعرکوژی، چاپی ٢٠١٠کەرکوك،حەمەکەریم عارف.

*-موسوعە الادب والادباء العرب-الجزء الخامس، العصر العباسی(١) اعداد: د.إمیل بدیع یعقوب ص١٧٦-١٧٧.

*- هەمان سەرچاوە. الجزء السادس، العصر العباسی(٢) ص٣٥٠-٣٥١،ص٥٠٧-٥٠٨.

## ٤٢- جەلال زەنگابادی و جیلوەی شیعر

"١"

لەم دنیایەدا هەرکەسەو جۆرە ئەشق و هیوایەتێکی هەیە. هەست دەکات پەیوەندییەکی ئەفسوناوی لە نێوان ئەو و ئەو هیوایەت و شتەدا هەیە. پەیوەندییەك کە هەستی پێ دەکرێت، بەڵام وەسف ناکرێت.. بە کورتییەکەی ئەو هیوایەتە دەبێت بە جۆرە تەوتەمێك لە لای ئەو کەسە، کەسایەتی خۆی لەو هیوایەتەدا، لەو تەوتەمەدا دەبینێتەوەو دەدۆزێتەوە.. بۆ نموونە شیعر بۆ بابایەکی شاعیری ڕاستەقینە تەوتەمە، لەودا دەژی. دەردە دڵی خۆی دەگەڵ ئەودا دەکات و بەو سوکنایی ڕۆحی دێت.خۆی وەقفی ئەو دەکات، ئاشقی دەبێت. ئاوێتەی دەبێت و لەودا دەتوێتەوە.. ئەو شتە دەبێت بە پەرستگە و پەرستراوی، بە خانەقا و بە پیری.

جەلال لە کوێرە گوندێکی گەرمیاندا چاوی بە ژیان هەڵێنا و کاتێکی بە خۆ زانی، وەکو ماسییەکی چکۆلەی ڕاهاتووی گۆلاوێکی بچکۆلە، کەوتە نێو دەریای پڕ پێل و شەپۆلی جەنجاڵی شارەوە.. حەپەسا، سەرسام بوو، ئەمە چ غوربەتستانێکە! بە غەریبی بە ناوکەوت، کەس هێندەی غەریب تامەزرۆی قسە نییە، کەس هێندەی غەریب پێویستی بە هاودەم نییە، ئەم پێداویستییە حەیاتییە پەلی جەلالی گرت، بە دنیای ئەدەبیات، بە قەڵەمی ئاشنا کرد. هەر زوو پەی بەوە برد ئەگەر ئەدەبیات دەریا بێت، شیعر شەپۆلە، شەپۆل ڕۆحی دەریایە، بۆیە هەر لە سەردەمی نۆلاوییەوە، ئاشقی شەپۆل بوو، شەپۆلی کرد بە ئەڤین و ڤیانی خۆی، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: شەپۆل نایەڵێت لە بیر بچمەوە، شەپۆل، نایەڵێت خوو بە شەوەوە بگرم، شەپۆل زمانم دەپژێنێت، غەریبیم دەلاوێنێ، فێرم دەکات

چۆن باسی هەتاو بکەم. فێرم دەکات چاوپۆشی لە چاوەڕوانی نەکەم.. مەیدان بۆ نائومێدی، بۆ بێدەنگی چۆڵ نەکەم.. بۆیە لەوساوە، لە منداڵییەوە سواری شەپۆلی شیعر بوو، وەکو سوارچاکێك بەڵێنی بە خۆی داوە، سوێندی خواردووە کە ئەو تەوتەمە پیرۆزە، شیعر بە زێڕ نەفرۆشێت. ئەو ئەمانەتە خواییە بە زوڵم و زۆر تەسلیم نەکات، ئەو زمانە خواییە بە هیچ زمانێکی دی نەگۆڕێتەوەو هەرگیز خیانەت بەو ئەمانەتە پیرۆزە نەکات..

" ٢"

هەڵبەتە لە بەرەبەیانی مێژووەوە، بەشەر خولیای نەمریی کەوتووەتە سەر، ڕێگای جۆراوجۆری بۆ وەدەستهێنانی ئەو کەڵکەڵەیە گرتووەتە بەر.. یەکێك لەو ڕێگایانە شیعر بووە. دیارە بە درێژایی مێژوو خەڵکانێکی زۆر خۆیان لەم بوارە داوەو کەسانێکی زۆر کەم پەڕیونەتەوەو گەییونەتە ترۆپکی شیعرو عەرشی شیعریان ئاوەدان کردووەتەوە.. بۆ نموونە تەنیا یەك (حافیز) یان یەك (شەکسپیر) لەم دنیایەدا هەن. ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەو نیشانەی ئەوەیە کە ڕازێك لە شیعردا هەیەو بە هەموو کەس هەڵنایەت، بۆیە شاعیر لە سەرێتی کار بۆ دۆزینەوەو نیشاندان و شیعراندنی ئەو ڕازە بکات، دەنا شەو و ڕۆژ لافی شاعیری لێ بدات، لە هەرزەبێژێك بەولاوە هیچی تر نییەو بەگەڵ کاروانی ڕۆشنبیرکوژی دەکەوێت..

شاعیر لە سەرێتی خۆی لە تەجرەبیاتی ژیانی ڕەمەکی مەردمدا غەرق بکات، بێ ئەوەی مەسخ ببێت، شاعیر لەسەرێتی بە زەبری شیعر کار بۆ شۆرەتی نەتەوەیی و جیهانی خۆی بکات بێ ئەوەی ببێ بە توفەیلی و مشەخۆری دامودەزگا جۆراوجۆرەکان و کورسی هەرە بەرزی شیعر واز لێ بێنێ و خۆی لە سوچ و کەلێنی ڕۆژنامانی بازاڕی بخزێنێ، شاعیر نابێت سایەنشینی کەس قەبووڵ بکات، چونکە شاعیر داهێنەرەو دەبێت هەر بە داهێنەری بمێنێتەوە، شاعیر گەر داوای نەنووسینی لێ کرا، دەبێت سوورتر بێ لەسەر نووسین، نەگوتەنییەکان بکات بە ڕەمز و بە خەڵکی بڵێ.. شاعیر دەبێ هەمیشە بە دەنگی بەرز

بانگەوازی (انا الشعر) بکات و دنیا بکات بە چراخانێك ئەوسەری دیار نەبێت.. بەڵام ئەمە مانای وا نییە هەرشیعارێك بە شیعر بزانرێت. چونکە ئەمجۆرە شیعارانە نە بایەخی هونەرییان دەبێت و نە کاریگەریی ڕۆشنبیریی، ئەگەرچی ڕەنگە لە هەندێ قۆناغدا بایەخێکی ڕەوتەنی کۆمەڵایەتی هەبێت.. هەر شیعارێك بگریت هەوێنی مەرگی خۆی لە ناو خۆیدا هەڵگرتووە..

شیعرییەت و حەساسییەتی شیعری ناسنامەی ڕاستەقینەی هەر شیعرێکی زیندوو- و نەمرەو هەر شیعرێکی ڕەسەنیش بگری خۆ بە خۆ پەیامی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی لە خۆ دەگرێت و لەوە دوور دەکەوێتەوە کە ببێ بە دەهۆڵ و زوڕنای هیچ دەسەڵات و دۆزێك، ناچێتە سایەی هیچ تەقسیم بەندییەکی سیاسییانەو دەستکردەوە: شاعیر سایەنشینی کەس قەبووڵ ناکات، چونکە بە خۆی خودان عەرشە، خودانی جوانترین عەرشە، ئەویش عەرشی عەزیمی بێ هاوتای شیعرە، گەر شاعیر بە هەر عەرشۆکەیەکی دیکەی بگۆڕێتەوە، خودای شیعر دەیگرێت..

"٣"

جەلال، بە شیعر پێمان دەڵێت کە شیعر تەنیا بەهرە نییە، بەڵکو هونەریشە. بۆیە شاعیر هەر بەوەندەوە ناوەستێ کە گوزارشت لە کەڵکەڵە و سۆزوگودازی ناخی خۆی بکات، بەڵکو چۆنییەتی گوزارشتکردنەکە زۆر گرینگە.. بۆیە چەندێتی و چۆنییەتی وتن لە یەکەیەکی یەکپارچەی هونەریدا یەکانگیر دەبێت و پێی دەگوترێت (شیعرییەت)، شیعرییەت بەوە چێ دەبێت کە خۆت لە لاسایی کردنەوەی نموونەکانی پێش خۆت بپارێزیت و خۆت لە شتە باوەکانی واقیع دووربگریت.. یانی مامەڵەیەکی هونەرییانە دەگەڵ دیوی ناوەوە، یانی کەشفکردنی نادیارەکان، ڕوونکردنەوەی ونگە تاریکەکان، یانی وشە بە مانا باوەکانی بەکار نایەت، بەڵکو هەر وشەیەك بە چەندین ماناو ئەگەران ئاوسە..

یانی دامەزراندن و بناغە ڕشتنی سەرەتایەکی تازە.. شاعیری ڕەسەن و چاك ئەوەیە نۆڕین و جیهانبینی تایبەتی بۆ دنیا هەبێت.. شێوازی تایبەتی هەبێت بۆ گوزارشت کردن لەو جیهانبینییەو بەرجەستە کردنی ئەو نۆڕین و خەونانە. چونکە شیعر بە تایبەتمەندییە هونەرییەکەی هەڵدەسەنگێنرێت.. یانی ناسنامەی هەر شیعرێك تایبەتمەندییەکەیەتی نەك شتێکی دیکە. بۆیە لە شیعری جەلالدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە شیعر ئەوەندەی دیاردەیەکی هونەرییە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە..

بەهای ئیستاتیکی هەر دەقێکی شیعری لەوەدایە تا چەند ئیحات دەداتیێ، هەستت دەجولێنیێ، چ هزرینێکی تازە کەشف دەکات، چ پرسیارێك دەوروژێنیێ.. هەر هەموو ئەمانە لە شیعری زەنگابادیدا بەدی دەکرێت..

ئەوەی مایەی سەرنجە زەنگابادی لە شیعرەکانیا بە ئاشکرا هەوڵ دەدات لە نێو دەریای زماندا، شەپۆلێکی تایبەت بێت، لە هیچ شەپۆلێکی تر نەچێت، تەنیا لە خۆی بچێت. جەلال تا هەستی بەوە نەکردبێت کە شتێکی تازەی جیاوازی پێیە بۆ گوتن، پەنای بۆ شیعر نەبردووە، واتە شیعر بەرۆکی ئەوی گرتووە نەك بە پێچەوانەوە، شیعر لە لای جەلال هێندە ئازیزە کە زۆرجار حەزدەکات بلاَوی نەکاتەوە، وەکو ئەوەی منداڵێکی یەجگار جوان بێت و بترسێت بە چاوەوە بێت.. یانی شیعر گوزارشتە لە شتێك کە گوزارشی لێ ناکرێت..

یانی ئەوەی بە شیعر دەگوترێت جیایە لە هەر وتن و گوتارێکی دیکە. بۆیە لە ناو زماندا، زمانێکی تازەی بۆ خۆی دروستکردووە، کۆمەڵێك دەستەواژەی تازەی بۆ خۆی چێ کردووەو ڕەگەزەکانی زمانی بە شێوەیەکی تازە بەکارهێناوەو شیعر  بە لای جەلالەوە پرۆسەیەکی کەشفکاری یەجگار هەستیارەو کاری هەر ئیدیعاچییەك نییە. شیعر لە لای زەنگابادی چەلەنگی و چالاکییەکی ئەستاتیکی بە گۆڕان ئاوسە.. بۆیە زمانی شیعر لە نك وی، بارگاوییە بە وزەیەکی تازەو دەیەوێت سنووورداری زمان ببەزێنیێ و لە بێ سنووری زماندا ئەوە بلێت کە ناوترێت یان  بە زمانی ئاسایی ناگوترێت.. و خۆی لە قەرەی شتە دیارەکان نادات، بەڵکو زیاتر خۆی لە قەرەی نادیاران دەدات..

"٤"

جەلال، شاعیرو نووسەرو وەرگێڕێکی زۆر بە تواناو کارامەیە، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت، شارەزاییەکی زۆر باشی لە شێوە زارە کوردییەکاندا هەیە، دەیان بەرهەمی لە کوردییەوە بۆ عەرەبی و لە عەرەبییەوە بۆ کوردی پاچڤە کردووە. دەیان بەرهەمی لە زمانانی فارسی و ئینگلیزی و ئەسپانی و ئازەرییەوە بۆ کوردی و عەرەبی وەرگێڕاوە.. جگە لە ناوی جەلال وەردە و جەلال زەنگابادی بە چەندین ناوی خوازراوی دیکەوە بەرهەمی بلاْوکردووەتەوە.. هەر لە نۆلاوییەوە ڕمودەی دنیای ڕۆشنبیریی بووە، وەکو کەسایەتییەکی ڕادیکالی سەربەخۆ ڕێگەی خەباتی ڕۆشنبیری گرتووەتەبەر..

لە سالْی ١٩٥١دا لە گوندی قەلاْی زەنگاباد لەدایك بووە، لە سالْی ١٩٦٩دا خانەی مامۆستایانی کەرکوکی تەواوکردووە. نزیکەی بیست دانە سالْ لە دێهاتە دوورە دەستەکاندا، وەکو دوورخراوەو نیمچە دوورخراوە، مامۆستایەتی کردووە. لە سالْی ١٩٩٢دا وازی لە مامۆستایەتی هێناوە، وەکو ڕۆژنامەنووس لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی کوردستان دامەزراوە. لە سالْی ١٩٧٧وە وەکو نووسەر لە گۆڤاری (کەلتوور)ی دکتۆر سەلاْح خالْس کاری ڕۆژنامەوانی کردووە.. بابی، لەبەر هەلْوێستی نیشتمانپەروەرانەی لە سالْی ١٩٦٠دا تیرۆر کراوە. ئیدی جەلال بۆ بژێوی خۆی و کەسوکارەکەی هەر بە منداڵی ملی بە زۆر کارەوە ناوەو سەرفرازانە ژیاوە..

لە سالْی ١٩٦٣وە دەستی داوەتە نووسین و لە سالْی ١٩٦٧وە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمەکانی بلاْودەکاتەوە.. ئیدی سەدان بەرهەمی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی عێراق و دەرەوەی عێراق بلاْو بوونەتەوەو بە شێکی یەجگار کەمیان لە کتێبدا بلاْوبوونەتەوە، کە ئەگەر کۆبکرێنەوە خۆیان لە پتر لە پەنجا کتێب دەدەن. وەکو نووسەرو سەرپەرشتیاری زمانەوانی و سکرتێری نووسین و سەرۆك و جێگری سەرۆکی نووسین لە چەندین گۆڤار و بلاْوکراوەی هەرێمی کوردستاندا کاری کردووە. لە چەند بۆنەیەکی ڕێزلێنانی

دەستەجەمیدا، لە لایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان(١٩٩٣,١٩٩٨) و وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان (٢٠٠٣) و بنکەی گەلاوێژ (٢٠٠٥) ڕێزی لێ نراوە..

مامۆستا جەلال زەنگابادی، لە زۆر بواری ڕۆشنبیریدا قەڵەمڕانی کردووەو سەرکەوتنی بەرچاوی تیا بەدەست هێناوە. بەڵام ماشوقە هەرە ئازیزەکەی هەر شیعرەو تا ئێستا مەیلی شیعری بە هیچ کایەیەکی ڕۆشنبیریی دیکە نەداوە.. دیوانێکی شیعری زۆر گەورەی هەیە بە نێوی (جەلالستان ) کە لە ئەنجامدا هەموو شیعرەکانی کە دەیانیان لە ڕۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕاندا بلاو بوونەتەوە لە خۆ دەگرێت.. تا ئێستا دوو دیوانی شیعری بە نێوی: (قصائد تأبى أي عنوان ) لە لایەن وەشانخانەی الرعد للانتاج الطباعی-٢٠٠٩، و (هاهی معجزتی)، لە لایەن منشورات الجمل -٠ ٢٠٠٩ بلاوبوونەتەوە. هەروەها کتێبێکی بە نێوی: ( دیوان عمر الخيام/دراسه وترجمه منتومه/ترجمه وتقديم جلال زەنگابادی، لە لایەن منشورات الجمل، لە ساڵی ٢٠١٠دا بلاو کراوەتەوە.. هەروەها کتێبێکی دیکەی بە نێوی : (ڤل الصوت وقصص اخری) کە کۆمەڵە چیرۆکێکی حەمەکەریم عارف - ە لە لایەن دەزگای شەفەقەوە بلاوکراوەتەوە. کۆمەڵە شیعرێکی برای ئەدیبمان کاك فەرهاد شاکەلی کردووە بە عەرەبی و لە لوبنان چاپ بووە و بیرەوەرییەکی خاتوو مەهاباد قەرەداغی- شی بە نێوی: (سنه في الجحيم )کردووە بە عەرەبی و لە هەولێر بە کتێب بلاوبوەتەوە.

بە هەرحاڵ گوتمان مامۆستا جەلال شاعیرەو هێشتا مەیلی شیعری بە هیچ ژانرێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دیکە نەداوە.. بگرە شاعیرانەش دەژی.. پێی وایە شاعیر نابێت شتێکی دیاریکراو بڵێ، بەڵکو لە نەگوتنی شتە دیاریکراوەکەوە هەموو شتێك نیشان بدات و بڵێت، بەڵام نەك نیشان دان و گوتنێکی بازاڕی و چەنە بازانە، بەڵکو نیشاندان و گوتنێك تەنیا هێماو ئاماژەو ڕەمزی کورت و خێراو بلەز بێت.. بە کورتی کێردێکی تیژ بە نێو زامی مرۆڤدا بگێڕێت و توێ توێ خوێی پێوە بکات تا خۆی لە بیر نەکات، چونکە ئەمە شیعرییەت بە شیعر دەبەخشێت، بە ئەفسانەی دەسپێرێت و دەق لە خوێنەری تەمەڵ

دەپارێزێ. مخابن گرفتی گەورەی خوێنەری ئێمە تەنیا ئەوە نییە کە شیعر ناناسن، بەڵکو شتێك بە شیعر دەزانن کە لە بنەڕەتدا شیعر نییە. جا کڵۆڵ خۆت شاعیری کورد !!..

شیعر زمانی خودایە، بۆیە شاعیر لەسەریێتی جۆرە خوایەتییەك بخوڵقێنێ کە تەنیا موریدی یاخی، یاخی بەو مانایەی کە هەمەوو خەمێکی کەینوونە پەیداکردن بێت، قەبووڵ بکات. نەك بچێت ڕەخنە لە وەزع و حاڵێکی تایبەتی بگرێت- کە ئەمە کارو ئەرکی شیعر نییە- چونکە کە خوایەتییەکە دروست بوو، هەنگینێ چ نارەوایی و بێدادییەك خۆی لە بەردەمیدا ناگرێت..

بە هەرحاڵ وەکو گوتم تەوتەمی جەلال، ماشوقەی جەلال شیعرە، ئەم پیاوە پڕ بە مانای ئەشق، ئاشقێنی دەگەڵ شیعردا دەکات، ئەشق دەشیعرێنێ و شیعر دەئاشقێنێ.. بۆیە مامۆستا جەلال شاعیرێکە تەنیا وەکو خۆیەتی و لە کەس ناچێت و تا ئێستا خۆی لە هەر شیعربازییەك پاراستووە، جەلال ئەو شاعیرەیە کە لە کانگای دڵەوە دەڵێم: خۆزی زۆری وامان هەبوایە..

لە کۆتاییدا سوپاس بۆ بەرپرس و ستافی هەفتەنامەی بارزان نیوز کە لەم دەست پێشکەرییە متەوازیعەدا، مامۆستای ئەدیب و شاعیری بە توانا جەلال زەنگابادیان بەسەر کردووەتەوە، کە بەڕاستی شایستەی هەمەوو ڕێزێکە و مخابن دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانی کوردستان بەرانبەر بەم ئەدیبەو زۆرکەسی دیکە یەجگار کەمتەرخەمن..

تێبینی:

هەفتەنامەی بارزان نیوز لە ٢٠١١/٤/٣دا لە شاری هەولێر لە کۆڕێکی چکۆلەی جواندا ڕێوڕەسمێکی ڕێزلێنانیان بۆ مامۆستا جەلال زەنگابادی سازکرد و ئەم وتارە بەو بۆنەیەوەو لەو بۆنەیەدا پێشکەش کراوە.

## ٤٣- له یادی سابیری دا

یادو یادکردنەوەی پیاوچاکان و قارەمانان و ڕۆشنبیران و ئەدیبان و هونەرمەندانی ڕەسەن و کاریگەرو جێ پەنجە دیارو مێژووساز، ئەرکێکی نەتەوەیی بێ چەندوچوون و حاشا هەڵنەگرە. هەر میللەتێك نەگاتە ئەو ئاستە هوشیارییەی کە شانازی بە کێلی گۆڕی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی خۆیەوە بکات، بەردەنووسێکی خۆی، بەیازە شڕێکی خۆی میناکی گلێنەی چاوی بپارێزێت و لە ژیانا گوڵی ڕێزوحورمەت و قەدرزانی لە بەرۆکی ڕۆڵە ئەمەکدارەکانی بدات، با دەست لە ڕزگاری بشوات.. ئەوانەی لە کاری پڕشانازی میللەتی خۆ بێخەبەرن، ناتوانن لە ویژدان و مێشکی خۆیاندا ئاڕمانجی پێشخستنی میللەتی خۆ پەروەردە بکەن.. بێ ئاگایی لە ڕابردوو دەبێتە مایەی فەرامۆشکردنی ئاییندە.. چونکە ڕابردوو ئیلهامبەخشی ئێستایە و ئێستا تۆو ماکی داهاتووی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. بە هەرحاڵ ئەم زەمەنانە بە جۆرێ ئاوێتە دەبن و دەکەونە حاڵی کارلێکەوە، ئەگەر جیاکردنەوەیان مەحاڵ نەبێت ئەوا یەجگار ئەستەمە..

چونکە بە هەموویان یەکەیەکی یەکپارچە دروست دەکەن کە پێی دەگوترێت دیرۆك و مێژوو.. مێژووش پرۆژەیەکی بەردەوامە و لە گەشەکردن و گۆڕانی هەمیشەییدایەو زیندوویەتی لە ڕووداو و دیاردە زیندووەکانی شوێن و زەمەنانەوە وەردەگرێت و ڕەهەندو مەودای مێژوویی پێ دەبەخشێت. واتە مێژوو هەموو زەمەنەکانە لە حاڵی کارلێکی تەواودا، ئەمڕۆ تازەی دوێنێ و کۆنەی سبەینێیە. هەر ئەم پرۆسەی ئەزموون و دۆخەگۆڕکێیەش، ئەگەر تۆمارکرابێ تا خەڵکی سوودی لێ وەرگرن، جۆرە مانایەك بە ژیانی مرۆڤ دەبەخشێت و دەوڵەمەندی دەکات. چونکە کەلتووری زارەکی و لێڤکی و

تۆمارنەکراو، چەند کاریگەرو ڕەسەن و بە هەرمێن و بە بڕشت بێ، ڕەوتی ڕۆژگارو چەرخی گەردوون بە جێی دێڵێ و دەشێوێ و دەمرێت و دەکەوێتە فەرامۆشخانەی بیرچوونەوەو وەکو پێویست سوود ناگەیەنێ.

کاتێك مەرگ کۆتایی بە ژیانی زەمەنی هونەرمەندێك دەهێنێ، ژیانی مەعنەوی یان هونەری ئەو هونەرمەندە لە کەلەپورەکەیدا دەمێنێ و ئەم نەسل بەو نەسلی دەسپێرێت و بە گوێرەی سەنگ و ڕەسەنایەتی خۆی بەشداری لە پێکهاتەو دەوڵەمەندکردنی یادگەو تۆمارودیرۆکی میللەتدا دەکات. بۆیە کۆکردنەوەو پاراستن و خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەران ئەرکێکی نەتەوەییە.

یەکێك لە گرفتە گەورەکانی ئێمە ئەوەیە کە تا ئێستا نەمانتوانیوە ڕابردووی خۆمان بە ئێستاوە گرێ بدەین و بە گوێرەی پێویستییەکانی ئەمڕۆ بیخوێنینەوەو، هەموو جارێك هەر لە سفرەوە دەستمان پێ کردووەتەوە.. ڕاستە مێژوو گەلان دروست دەکات و گەلان لە جەرگەی بونیادە مێژووییەکانەوە چێ دەبن، لێ گەلانیش وەکو قەوارەو بوونی کۆمەڵایەتی زیندوو دەتوانن لە نوێ مێژوو دروست بکەنەوەو بە شێوەیەکی مرۆڤانی ئاڕاستەی بکەن.. بۆیە پێویستە مێژوو بە هەردوو باری ئاسۆیی و ئەستونیدا بخوێنینەوەو بیکەین بە فاکتەری هەرەکارای یەکخستنی نەتەوەکەمان. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە تەنێ ئیلهام لە مێژووەوە وەربگرین و واقیع فەرامۆش بکەین و هیچی لێوە فێر نەبین، چونکە بە ئاستەم لاسەنگی بکەوێتە بەینی ئەو دووانەوە لە هاوکێشەی پێشکەوتن دەکرێینە دەرێ و هەنگێ بە ناچاری پەنا بۆ ڕابردوویەکی خەیاڵی نەزۆك دەبەین و لە هەر سەیرووڕەیەك دادەبڕێین و بە ئەقڵییەت و هزرینێکی میتافیزیکییەوە مامەڵەی لە تەکدا دەکەین و ئەمەش مێژوو دەکات بە خورافاتخانەیەکی ئەقڵکوژو لەبری ببێ بە فاکتەری پێشکەوتن، دەبێ بە کۆسپ و تەگەرە..

بێگومان داهێنەرانی ڕاستەقینە مایەی شانازی میللەتی خۆن و بەشێکی بنەڕەتی ناسنامەی نەتەوەیی پێکدێنن.. کە یادی داهێنەرێك دەکرێتەوە دەبێ ئەو یادە بۆنەیەك بێ

بۆ خوێندنەوەیەکی واقیعییانەو بابەتیانەی ئەو داهێنەرە، بۆنەیەك بێ بۆ ئەوەی پایەی شایستەی خۆی بدرێتێ، بۆ ئەوەی داهێنان و بەرهەمەکەی ببێ بە خشتێك لە کۆشی مێژووی میللەتەکەیدا..

بە هەرحاڵ سابیری وەکو زۆر شاعیری سەردەمی خۆی و پێش خۆشی زەنگی خەتەری سەردەمی خۆی بووە، ئەگەر لە سەردەمی خۆیدا گوێی لێ نەگیرابێ، ئەوا هاوارو گازی ئەو و ئەوانی دیکەش بۆ ئەمڕۆی میللەتەکەمان هەمان تین و تاوی ئەوسای هەیە، هەرکەسێ گوێیان لێ نەگرێ یا نەفامە یا لە مێژوو ناترسێ کە ئەمەیان لە نەفامی خراپترە.. لە کۆتاییدا جێی خۆیەتی لێرەوە هەزار درووددو سڵاو بۆ گیانی سابری بنێرین کە ئەمڕۆ لەم شارە بێ نازەدا، لە کەرکوکی شاری گەورەی کوردستاندا ئێمەی کۆکردووەتەوە، کە بە داخەوە تاکو ئەمڕۆش ئەوەندەی کۆڕی مەرگ و مردن کۆمان دەکاتەوە، کۆڕی ژین و ژیان کۆمان ناکاتەوە.

٢٠٠٩/١١/ ٨

کەرکوك

## ٤٤- نووسەران پارێزەری دیموکراتییەتن

**حەمەکەریم عارف**
**سەرۆکی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد**

"١"

یەکێتیی نووسەرانی کورد، یەکێکە لە دەسکەوتە نەتەوەییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد. ئەمەش بەڵگەیە کە هەردوو بزووتنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد هەڤبەندی یەکدی بوون و لە کارلێکی تەواودا بوون. بزووتنەوەی ڕۆشنبیری بە گوێرەی هەڵکشان و داکشانی تەڤگەری ڕزگاریخوازی سیاسیمان هەڵکشان و داکشانی بە خۆوە دیتووە. ئیدی لە میرنشینەکانەوە بیگرە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ. لە بۆتان خانی و جزیری و ئەو قوتابخانە ئەدەبییەی هەبوو. لە بابان نالی و سالم و کوردی و قوتابخانەکەیان. تا سالآنی هەفتایەکانی سەدەی بیستەم لەگەڵ هەڵکشانی باری سیاسیماندا، یەکێتیی نووسەرانی کورد وەکو لایەنێك لە لایەنەکانی هەڵکشانی بزاڤی ڕۆشنبیریمان، وەکو زادەو بەرەنجامی ئاوێتە بوون و کارلێکی هەردوو بزاڤی سیاسی و ڕۆشنبیری کورد دامەزراو توانا ئەدەبییەکانی ئەو قۆناغەی بە نەفەسێکی کوردانەوە لەخۆ گرت. چالاکییەکانی خۆی لە شێوەی کۆڕ و گۆڤارو کتێباندا پێشکەش بە جەماوەری ڕۆشنبیرانی کورد دەکردو بە موو لە هەڵوێستی کوردانەو واقیعییانە لای نەداوە و تەنانەت بۆشاییە کۆمەلآیەتی و سیاسییەکانیشی لە کاتی پێویستدا پڕکردووتەوەو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردەوارییان خزمەت و دەوڵەمەند کردووە. ئەمە جگە لە بەرهەمهێنانی

دەیان دەقی ئەدەبی شۆڕشگێڕانە کە دەکرێت بە بەڵگەنامەی مێژوویی هەستی مرۆڤی کورد ابنرێ..

"٢"

لە پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کۆنگرەیەکی یەکێتیی نووسەران سازدرا، لقەکان دامەزرانەوە. هەڵبژاردن شەرعییەتی بە قەوارەی ڕێکخراوەیی نووسەران بەخشی.. بەڵام زروفی نالەباری ناوخۆ، حیزباوی کردنی خەڵکی کوردەواری!!..شەڕۆ و ئەوجا شەڕی مەیدانی حیزبی و دەرهاویشتە سەقەتەکانی لە لایەك و سووربوونی زۆربەی نووسەران لەسەر ئەوەی یەکێتیی نووسەران وەکو ڕێکخراوێکی دەستە بژێرو بەرگوزیدە، بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، یەکێتیی نووسەرانی لە کار وەستاند. دیارە ئەمە باجی هەڵوێستی شەریفی نەتەوەیی بوو- و نووسەران دایان.

"٣"

دوای نزیکەی بیست ساڵ، وا ئێستا بە زۆر درەنگەوە بڕیاری کۆنگرەی نووسەران دراوە، لقەکان لە هەردوو مانگی پێنج و شەشی ئەم ساڵدا (٢٠١٠) لە کەش و هەوایەکی دیموکراتییانەدا نوێنەری خۆیان بۆ کۆنگرە هەڵبژارد.. لێ مەخابن حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم، کۆمەڵێك نووسەری دیکەیان، بێ ئەوەی لە کۆنفرانسی لقەکاندا بەشدارییان کردبێ و خۆیان بۆ کۆنگرە کاندید کردبێ و دەنگیان پێ درابێ، ناونووس کردووەو گەرەکیانە بە تۆبزی بەسەر کۆنگرەیاندا بسەپێنن، کە ئەمە لەگەڵ هیچ بنەماو پرەنسیپێکی دیموکراتییانەدا تێك ناکاتەوە.. گەلۆ ئەم ماستە نەك موو، بەڵکو گوریسێکی تیایە، چما ئەندامانی دیکەی نووسەران لە ژنە عارەبەکەن؟!!.. ئەمە جگە لەوەی حیزبەکان دەیانەوێ سەرۆك و جێگری سەرۆکی نووسەران دەسکە گوڵی دەستی ئەوان بن و هەروەها لە کۆنگرەدا لیستی خۆیان هەبێ!!

نازانم کورد چ خێرێکی لە ئەزموونە سەقەتەکەی پەنجا بە پەنجا بینیوە وا ئێستا گەرەکیانە ئەم کالاٚ جوانە بە بەری نووسەرانیشدا ببڕن، مەیموون زۆر جوان بوو ئاوڵەشی دەردا!!.. من ڕێزم بۆ حیزب هەیە، هەر نووسەرێك ئەندامی هەر حیزبێك بێت، هەقی خۆیەتی و ئازادی ئازادە، لە سەنگەری حیزبایەتیدا هەر قوربانییەکی گەورە لە پێناوی حیزبی خۆیدا بدات و جێگەی ڕێزیش بێت، بەلاٚم هەرگیز ئەوە قەبوڵ نییە، لە سەنگەری نووسەراندا حیزبایەتی بکات و نووسەران بخاتە خزمەتی حیزبایەتییەوەو بیکات بە پاشکۆ. با چاوێك لە مەکسیم گۆرکی بکەین، خۆ قیامەت ڕانابیٚ!!

جا گەلۆ، نووسەران وەکو ڕێکخراوێکی بژاردەی بەرگوزیدەی نوخبەوی بە حوکمی پێکهاتە ئاسایی و سروشتییەکەی خۆی شەقڵێکی تەواو دیموکراتییانەی هەیە، بۆیە پێویستە بە کەرەستەو ئەوزارو ئەداتێکی تەواو دیموکراتییانە مامەڵەی لە تەکدا بکرێت، خۆیان خاوەنی بەرنامەو بڕیارەکانی خۆیان بن.. دەنا هەموو بایەخێکی خۆی وەکو ڕێکخراوێکی نوخبەوی لەدەست دەدات... هەڵبەتە بابەتی بەرو دوای نووسەر مرۆڤ و ئازادی مرۆڤە، بۆیە ڕێکخراوی نووسەران هەرگیز نابێتە مەترسی بۆ سەر هیچ دەسەلاٚتێکی دیموکراتی و پارێزەری ڕاستەقینەی دیموکراتییەت لە سەرانسەری دنیاداو بە درێژایی مێژوو هەر نووسەران بوون.. هیوادارم ئەم کۆنگرەیە ئەگەر گیرا!! کۆنگرەی بوژانەوەو تازەبوونەوەی نووسەران بێت، نەك کۆنگرەی لە گۆڕنانی نووسەران!!..

۲۰۱۰/٦/۲۹

## ٤٥- حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بە ناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) ڕۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر، یان بەڕێوەبەری نووسین، یان سکرتێری نووسین، یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکوك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بە ناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ — ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزلۆم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- له هه‌شتاكانه‌وه تا ٢٠١٠/٨/٢٠ڕاسته‌وخۆ سه‌رپه‌رشتی و سه‌رۆكایه‌تی لقی كه‌ركوكی یه‌كێتیی نووسه‌رانی كوردی كردووه.
- زۆر به‌رهه‌م و كتێبی چاپ و بڵاو كردووه‌ته‌وه، لیّ زۆربه‌ی هه‌ره زۆریان، به تایبه‌تی ئه‌وانه‌ی له چیادا چاپ بوون به نوسخه‌ی هێنده كه‌م بڵاوبوونه‌ته‌وه، له نرخی نه‌بوودان و هه‌ر ئه‌وه‌نده‌یه كه له فه‌وتان ڕزگار بوون. هه‌ندێك له‌وانه:

١- تیرۆژ، كۆ چیرۆك، چاپی یه‌كه‌م ١٩٧٩.

٢- كۆچی سوور، ڕۆمان، چاپی یه‌كه‌م، ١٩٨٨، چاپی سێیه‌م ٢٠٠٧.

٣- به‌یداخ، چیرۆك، چاپی یه‌كه‌م ١٩٨٨.

٤- داوه‌تی كۆچه‌رییان، كۆ چیرۆك ،چاپی دووه‌م ٢٠٠٥.

٥- له خۆ بێگانه بوون، كۆمه‌ڵه چیرۆك، چاپی یه‌كه‌م (١٩٩٩) ده‌زگای گوڵان.

٦- كوچ سرخ، كۆ چیرۆك، به فارسی، وه‌رگێڕان چاپی یه‌كه‌م ١٩٨٧ شاخ.

٧- نینا، ڕۆمان، سابت ڕه‌حمان، چاپی یه‌كه‌م، شاخ، ١٩٨٥ چاپی سێیه‌م ٢٠٠٥.

٨- نامۆ، ڕۆمان، ئه‌لبیر كامۆ، چاپی یه‌كه‌م، شاخ١٩٨٧چاپی چواره‌م ٢٠٠٩ وه‌شانخانه‌ی سایه، سلێمانی.

٩- ڕێبه‌ر، ڕۆمان، مه‌هدی حسین، چاپی یه‌كه‌م (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووه‌م، ٢٠٠٧.

١٠-شكست، ڕۆمان، ئه‌لكسانده‌ر فه‌دایه‌ف، چاپی شاخ (راه كارگر)، چاپی دووه‌م، ٢٠٠٩ خانه‌ی وه‌رگێڕان.

١١- هاوماڵه‌كان، ڕۆمان، ئه‌حمه‌د مه‌حمود، چاپی دووه‌م ٢٠٠٠ ده‌زگای گوڵان.

١٢ –بێناسنامه‌كان، ڕۆمان، عه‌زیز نه‌سین، چاپی سێیه‌م ٢٠٠٦.

١٣- قوربانی، ڕۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یه‌كه‌م ٢٠٠٤ ده‌زگای شه‌فه‌ق.

١٤- دووره وڵات، ڕۆمان ع. قاسموف، چاپی یه‌كه‌م٢٠٠٠ ده‌زگای گوڵان.

١٥- ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨.
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر.
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥.
١٨- ئەو ڕۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦، نووسەرانی کەرکوك.
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف، چ١، دەزگای موکریانی.
٢١- چیرۆکستان، کۆمەڵێك دەق و ڕەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥، نووسەرانی کەرکوك.
٢٢-دیدارو دەقو ڕەخنە، چ١، ٢٠٠٥.
٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ١، ٢٠٠٥.
٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ، چ١، ٢٠٠٨نووسەرانی کەرکوك.
٢٥- میوان، چیرۆك، ئەلبێر کامۆ.

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا، عەزیز شەریف، چاپی دووەم ٢٠٠٥.
٢٧- مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١، ١٩٩٨١.
٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێ کراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤.
٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦.
٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا، کریس کۆچرا، چاپی شەشەم ٢٠١١.
٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا، چاپی یەکەم ١٩٩٨.

٣٢- چینی کۆن، چ١ ، دەزگای موکریانی.

---

٣٣- دلێریی خۆڕاگرتن، ئەشرەفی دەهقانی.

٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە.

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر.

٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ: ١٢)

٣٧- جولەکەکەی مالّتا، شانۆنامە، کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٣٩- بەد حالّی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولاّم حسەینی ساعیدی).

٤١- ڕیچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر. چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بلاّوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوللاّ ئەلبوسێری..

---

٤٣- مندالّە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ مندالاّن.

٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ مندالاّن، یەڵماز گۆنای.

٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینییە بۆ مندالاّن.

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالاّن).

٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یۆنانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە).

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم ٢٠٠٨.

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و ڕۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر.

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١، دەزگای سەردەم ٢٠٠٩.

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی — کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨) دەزگای موکریانی.

٥٢-چۆنییەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١.

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی ڕوس.

٥٤- چایکۆفسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی.

٥٧- گۆگۆل، نووسەری ڕیالیست.

٥٨- یەڵماز گۆنای، ژیان و بەرهەمی.

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی.

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی.

---

٦١- ڕاگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان.

٦٢-ڕاگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنیدا، حەمە کەریم عارف، چ(١)، ٢٠٠٥.

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین). چاپی یەکەم٢٠٠٨.

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی ڕێنیسانسەوە تا ئێستا). چاپی یەکەم٢٠٠٨.

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا). چاپی یەکەم٢٠٠٨.

٦٦- ڕیالیزمو دژە ڕیالیزم لە ئەدەبیاتدا، سیروس پرهام، چ١، ٢٠٠٤، دەزگای سپیرێز.

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان، ڕەزا سەید حسەینی، چ١، ٢٠٠٦دەزگای موکریانی.

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی ڕوسی، سەعیدی نەفیسی.

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ، لویس ریی، چ٢، ٢٠٠٦.

٧٠- هونەرو ژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی.

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١، یانەی قەڵەم ٢٠٠٦.

٧٢- ڕێبازە هونەرییەکانی جیهان.

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، (چ١) ٢٠٠٦.

٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ١، ٢٠٠٧.

٧٥- دەربارەی ڕۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف، چ١، ٢٠٠٨.

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدەبی-ڕۆشنبیری، حەمەکەریم عارف، چ١، ٢٠٠٥ نووسەرانی کەرکوك.

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی، ٢٠٠٩.

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم().

٧٩- پەڵکە ڕەنگینە، حەمە کەریم عارف، چ١، ٢٠٠٤.

٨٠- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف.

٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی.

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی.

٨٣-ڕیوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی.

٨٤-وقفات فی رحاب الثقافة الكوردية، حەمە كەریم عارف.

٨٥-هەژاران، ڕۆمان، دۆستۆیفسكی.

٨٦-دەیڤد كۆپەرفیلد، (ڕۆمانی كورتكراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیكنز.

٨٧-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس.

٨٨-ڤل الصوت و قصص اخرى، تقديم و ترجمە جلال زنگابادی.

٨٩-شازادە و گەدا، ڕۆمان، مارك توین.

٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی.

٩١-سفرەی فەقیران حەمە كەریم عارف.

٩٢-باڵندەكەی من، ڕۆمان، فریبا وفی.

٩٣- نامەكانی تۆلستۆی.

٩٤- جەمیلە، ڕۆمان، جەنگیز ئایتماتۆف.

٩٥- حەفتا چیرۆكی چینی بۆ منداڵانی كورد.

٩٦- الرحيل الدامی.... تقديم وترجمە: جلال زنگابادی.

٩٧- كڵاو سوور... كۆ چیرۆك بۆ منداڵان.

٩٨- ئەو پیاوەی سێبەرەكەی خۆی فرۆشت .. ڕۆمان.. شامیسۆ.

٩٩- دكتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ.

١٠٠- خەیام...